عەبدوڵلا غەفور

جوگرافیای کوردستان

چاپی چوارەم

کوردستان - هەولێر
٢٠٠٥

ناوی کتێب: جوگرافیای کوردستان

- نووسەر: عەبدوڵلا غەفور
- ئاپێک (APEC)
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: سەیوان
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ١٥٠
- تیراژ: ٢٠٠٠
- نرخ: ٥٠٠٠
- چاپ: چاپی چوارەم ٢٠٠٥
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب -٣٩ - (١٤٢)

ناونیشان
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
هەولێر - پشت رۆژنامەی خەبات
پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@maktoob.com
ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٦٠٣١١
www.mukiryani.com

ئەم بەرهەمە پێشکەش بێ بە:

- یادی دایکی ئازیزم "سەنیە" کە لە ١٦-١١-١٩٥٨ دا ماڵاوایی لێ کردین.

- گەلاوێژی خوشکم.

پێرست

پێشەکی

لە ڕاستیدا، دەربارەی جوگرافیای کوردستان، گەلێ شت نووسراووە، بەڵام بەشی هەرە زۆری، لە چوارچێوەی ئەو باسانەدا دەخولێتەوە، کە لەسەر جوگرافیای تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا ئەوەندەکەی دیکەش دەربارەی هێندێ نێوچە لە کوردستاندا نووسراون. واتا هەتاکوو ئێستا جوگرافیزانان، بابەتێکی تایبەتیی جوگرافیی سەربەخۆیان، لەسەر کوردستان وەکوو یەک وولات و یەک خاک نەنووسیووە. بۆیە دەتوانم بڵێم، لەم ڕووەوە ئەم پەرتووکە، لەوانەیە یەکەم هەنگاو بێ.

هەر نووسەرێ بیەوێ، لەسەر هەر بابەتێکی دیاریکراوی جوگرافیی بنووسێ، لە هەر وولاتێکدا بێ، یاخود لە هەر هەرێمێکی دیاریکراودا بێ، گیروگرفتی تایبەتیی لەبەر دەمدا قووت دەبێتەوە و تووشی چەندین تەنگوچەڵەمە دەبێ، بە تایبەتیی ئەگەر وولاتێک، وەکوو کوردستان داگیر و دابەشکراو بێ، ئەوا گیروگرفتەکان چەندین جار زیاد دەکەن. تاکوو ئەوڕۆ، کوردستان وەکوو وولاتێ، سنوورێکی دەسنیشانکراو و چەسپاو و دانپێدانراوی نییە. لە ئەنجامدا، چەندین دید و بۆچوونی جیاواز پەیدا دەبێت. نووسەری ئەم پەرتووکە لەسەر جوگرافیای ئەو وولاتەی نووسیووە، کە بە بڕوای خۆی، بە خاکی کوردستانی دادەنێ.

سەرچاوە ڕەسەنەکانی جوگرافیای کوردستان، هەموویان بە زمانەکانی تورکی، فارسی و عەرەبی نووسراون. بۆ ئەوەی سوود لەم سەرچاوانە وەربگیرێت باش بوو گەر نووسەر شارەزاییەکی تەواوی لەو سێ زمانەدا هەبێت. نووسەری ئەم پەرتووکە، جگە لە زمانی تورکیی، کە ئاشنایەتییەکی کەمی لەتەکدا هەیە، هەردوو زماناکەی دیکە تاڕادەیەک دەزانێت. لە کاتی بەکارهێنانی سەرچاوە تورکییەکانیشدا، پەنای بۆ بەر وەرگێڕاوە ڕووسییەکانیان بردووە.

کۆکردنەوە و وەرگرتنی کەرەسەی ئاماریی لە سەرچاوە ڕەسەنەکانیانەوە، جگە لەوەی کاتێکی زۆری هەر نووسەرێ دەگرێ، لە هەمان کاتیشدا خۆی لە خۆیدا، بە کارێکی ورد و گرنگ دادەنرێ و بە گیروگرفتێکی مەزن لە قەڵەم دەدرێ. بۆ نموونە، ئەگەر لێکۆڵەر بیەوێ، لەسەر کۆی دیاردەیەکی جوگرافیی کوردستان بنووسێ، وەکوو ژمارەی گشتیی دانیشتووان، بەرهەمی سالانەی بەروبوومێکی کشتوکاڵیی دیاریکراو، بەرهەمی سالانەی نەوت، بەرهەمی سالانەی یەکێ لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان ... هتد، ئەوا لەو کاتانەدا، دەبێ نووسەر زانیاری لەسەر (٣٠) سی پارێزگای کوردستان، کۆ بکاتەوە و شییان

بکاتەوە. پارێزگای واش هەیە، هەموو قەزایەکانی ناکەونە نێو خاکی کوردستانەوە، یان بە پێچەوانەوە، تا ژمارەی ئەو یەکەئیداریانەش، لەگەڵ ژمارەی سەرجەمی پارێزگاکاندا کۆ بکاتەوە، یاخود لێی دەربکا . ئەم کارەش هەرگیز بۆ کەس سەرناگرێ، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە ئامارە پێویستانە، لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەت، وەکوو پێویست بڵاو ناکرێنەوە و دەست ناکەون.

تاکوو ئێستا لە کوردستاندا، ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردیمان نییە. هەندێ دەنگ لە ناوە جوگرافییەکاندا هەن، ئەگەر بە پیتی لاتینی نووسرابن، ئەوا بە پیتی عەرەبی نانووسرێنەوە، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، چونکە جاری وا هەیە، ناوی جێگایەک یاخود کەسێک، بە زیاتر لە ڕێنووسێک نووسراوە. بۆ نموونە، بدلیس، بەدلیس، بیتلیس. سلیمانی، سلەیمانی، سولەیمانی، سولێمانی، سلێمانی. ئادیەمان، ئادیەمان... تاد. لێرەدا نووسەر زۆر هەوڵی داوە، کە یەک ڕێنووسی یەکگرتوو، بۆ نووسینەوەی هەموو ناوەکان پەیڕەو بکات.

بۆ هەندێ سەرچاوە و کەرەسەی ئاماریی جوگرافی، لەسەر دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، جاری وا بووە، هەتاکوو دەست کەوتووە، پێنج ساڵی خایاندووە، کە ئەوانەش هەندێ جار ناتەواو بوون.

هەموو ئەم زانیاریانەی لە دوو توێی ئەم پەرتوکەدا جێیان بۆتەوە و لەبەر دەستتان دان، لە سێ دەستە سەرچاوەوە وەرگیراون و شی کراونەتەوە و پاشان بەکار هێنراون. بۆ پڕکردنەوەی هەموو ئەو کەموکوڕیانەی لە سەرچاوەکاندا هەبوون، پەنامان بۆ بەر کاری مەیدانی و پرسیارکردن لە خەڵکی نێوچە جیاوازەکانی کوردستان کردووە. سەرچاوەکانیش ئەمانەن :

١/ دەزگا ئامارییەکانی دەوڵەت تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی وڵات زانیاری هەمەچەشنە بڵاو دەکەنەوە. ئەوانەی زیاتر بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵکیان هەبووە، وەکوو سەرژمێری گشتیی دانیشتووان، سەرژمێرە کشتوکاڵییەکان، سەرژمێرە پیشەسازییەکان، هەروەها ساڵنامەی ئاماریی، لێرەدا جێمان کردونەتەوە. بەڵام ژمارەکانمان بەبێ چەند و چوون و گومان وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە زانیارییانە، بە شێوەیەکی گشتیی لەو وڵاتانەدا، ئەو کەرەسانەی پەیوەندیشیان بە کوردستانەوە هەیە بە تایبەتی، کەموکوڕییان زۆر تێدایە. بۆیە ژمارەکانی

نێو ئەم پەرتووکە، وێنەیەکی تەواویی ڕاستەقینەی ئاماری کوردستان نادەن بە دەستەوە، بەڵام چار نییە و هەرچی چۆنێ بێ، لەمە باشتر نییە و بەم زوانەش لەمە باشتر نابێت.

٢/ بەپێی پێویست و بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە، کەڵک لە نووسینی نووسەران و شارەزایان وەرگیراوە، بە تایبەتی ئەوانەی نووسینەکانیان پەیوەندیی بە جوگرافیا و مێژوو و باری ئابووریی و ئایینی کوردستان و تورکیا و ئێران و عێراق و سووریاوە هەیە. هەندێ لەو سەرچاوانە، بۆ نووسینی هەندێ پەرەگرافی باسەکان، زۆر بە فراوانی بەکار هێنراون، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بووە، کە سەرچاوەی دیکە لەسەر ئەو بابەتە نەبووە، یا هەبووە و دەست نووسەر نەکەوتووە.

٣/ بڵاوکراوەی دەزگا نێونەتەوەییەکان، لە پێش هەموویانەوە، ئەو کەرەسانەی لە لایەن بەشی دانیشتووان، لەسەر دانیشتووانی جیهان بڵاو کراونەتەوە، سوودیان لێ وەرگیراوە. لێرەدا پێویستە بەو بۆنەیەوە بڵێین، ئەو فۆرمولەیەی بۆ دەرهێنانی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، لەم سەدەیەدا بەکار هێنراوە، سەر بەم دەزگایەیە.
هەرچەندە ئەم پەرتووکە لە هەندێ جێگادا، لە لایەکەوە زیاتر پێویستیی بە ڕوونکردنەوە و لەسەرنووسین هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە، پێویستیی بە بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی جوگرافیی گونجاوتر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەو شێوەیەی کە هەیە و لەبەر دەستان دایە، ئەز لەو بڕوایەدام، ئەو کەلێنە گەورەیە لە نامەخانەی کوردیی و جوگرافیای کوردستادا پڕ دەکاتەوە، کە تاکوو ئەورۆ بە بۆشی مابۆوە. بە دڵنیاییشەوە دەیڵێم، هەتاکوو ئەم پەرتووکە چاپ نەکرێ و بڵاو نەکرێتەوە و پێشکەش بە خوێندەواران نەکرێ، نە لەمە باشتر دەنووسرێ و نە هەنگاوی دووەمیش لەم بوارەدا دەهاوێژرێ،
لە کۆتاییدا، پڕ بە دڵ سوپاسی بێئەندازەم، پێشکەش بە دوکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز دەکەم، کە بە چەند سەرنجێکی تایبەتیی خۆی، باسەکەی دەوڵەمەندتر کرد و بە زمانی نووسینەکەدا چووەوە و لە داڕشتنەوەی بابەتەکەدا، دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردم، هیوادارم وێنەی زۆر بێ و هەر سەرکەوتووبێت.

عەبدوڵلا غەفور
١٩٩٦ /٦/٤
Nynäshamn, Sweden

بەرگی یەکەم

جوگرافیای سروشتی

بەشی یەکەم: شوێنگەی جوگرافی

کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە. سنوورەکەی لە باکوورەوە، لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا دایە. لە باشوورەوە، ئێران و کەنداوی (فارسی – عەرەبی). لە ڕۆژهەڵاتەوە، ئێرانە. لە ڕۆژئاواشەوە، عێراق و سووریایە. تەماشای نەخشەی ژمارە (١) بکە.

١. شوێنگەی فەلەکی و ڕێژەیی

شوێنگەی فەلەکی

واتا شوێنگەی وڵات بەگوێرەی تۆڕی هێڵەکانی درێژیی و پانی. کوردستان لە نێوان هێڵی پانی ٣٩,٤٠ ی باکوور و ٣٠,٦١ ی باکوور، (واتا ٩,٧٨ هێڵ) و لە نێوان هێڵی درێژی٥٢,٦١ ی ڕۆژهەڵات و ٣٦,٠٠ ڕۆژهەڵاتدا (١٦,٦١ هێڵ) ڕاکشاوە. درێژایی خاکی کوردستان لە باکوورەوە تاکوو باشوور، نزیکەی ١٣٠٠ کیلۆمەترە.. پانایی‌یەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، خۆی لە ٥٥٠ کم دەدات. ئەو پانایی‌یە لە هەموو لایەکەوە، وەکوو یەک نییە. لە لای باکوورەوە، پانایی‌یەکەی دەگاتە ٥٧٨ کم و لە ناوەڕاستدا کەم دەبێتەوە، تا دەگاتە ٢٣٢ کم. هەتا بەرەو باشووریش بڕۆین، ئەو پانایی‌یە تەسکتر دەبێتەوە. لە بەشی کۆتایی باشووردا، لە ١١٢ کم زیاتر نابێ.

لە شوێنگەی فەلەکی کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم وڵاتە کەوتۆتە بەشی باشووری نێوچەی سازگاری باکوورەوە، واتا شوێنی کوردستان لە نێوان ئاووهەوای بیابانی گەرم و زەریای ناوەڕاست دایە.

شوێنگەی ڕێژەیی

ئەم شوێنگەیە، لە ئەنجامی گۆڕینی بارودۆخی مرۆیی و ئابووری و مێژوویی‌یدا، بە بەردەوامی لە گۆڕان دایە. لە کاتی شیکردنەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا، بایەخی شوێنگەی ڕێژەیی کوردستانمان بە تەواویی بۆ ڕوون دەنێتەوە.

شوێنگەی ئاویی

لە دەوروپشتی خاکی کوردستاندا، زەریای خەزەر و ڕەش و ناوەڕاست و سوور و

نەخـشـەی ژمـارە (١)



کەنداوی عەرەبی و کەنداوی ئەسکەندەرون هەن. لەمانە تەنیا زەریای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی نەبێ، ئەگینا ئەوانی دیکە هەموویان، لە کارتێکردنی ئاووهەوای بترازێ، کارێکی ئەوتۆ لە شوێنگەی ڕێژەیی کوردستان ناکەن.

کەنداوی عەرەبی لە باشوورەوە و ئەسکەندەرون لە باکووری ڕۆژئاواوە، بایەخیان بۆ کوردستان گەلێک زۆرە. لەو ڕێگایانەوە دەتوانرێ، بە ئاسانی پەیوەندی هاتوچۆ لەگەڵ وولاتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەند و جیهاندا ببەسرێت. هەرەکوو دەزانین، هاتوچۆکردن بە ڕێگای ئاویدا و هێنان و بردنی شتومەک، لەچاو ڕێگاکانی دیکەی زەمینیی و ئاسمانیدا، زۆر هەرزانتر دەکەوێ.

شوێنگەی ئاسمانی

ئاسمانی کوردستان بۆی هەیە، لە نێوان ئەوروپای ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیادا، ببێ بە ڕێگەیەکی گرنگی هاتوچۆی ئاسمانی . بەلاّم بە داخەوە، لەبەر ئەوەی فڕۆکەخانەیەکی نێونەتەوەیی لەسەر خاکی کوردستان دروست نەکراوە، ئەم کارە تاکوو ئەوڕۆ بە ئەنجام نەگەیەندراوە و سوودی لێ وەرنەگیراوە. لە هەمان کاتیشدا، فڕۆکەخانەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، لەو جۆرە فڕۆکەخانانە نین، کە هاتوچۆیان زۆر لەسەر بێت. هەروەها کۆمپانییە ئاسمانییەکانی ئەوڕۆ، ئەوەندەی ژمارەی سواربووەکان و پۆستە و بارگواستنەوە و ئاسانکردنی کاری کۆمپانیاکان لەبەر چاو دەگرن، لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە فڕۆکەکانیان لەسەر خاکەکانیان لێ دەنیشێتەوە، ئەوەندە دوور و نزیکی لەبەر چاو ناگرن.

شوێنگەی زەمینی

خاکی کوردستان بەشێک لەو خاکە پێک دەهێنێ، کە ڕێگەی زەمینی نێوان وولاتەکانی ئەوروپا لە لایەکەوە و دەوڵەتەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا لە لایەکی دیکەوە، پێیدا تێپەڕ دەبێ. ئەم خەسڵەتە تایبەتییە، توانای سوود لێ وەرگرتنی زیاتر دەبوو، ئەگەر بهاتایە جادەی پانوبەرین و قیرتاوی هەبووایە و باری ڕامیاری هێمن بووایە. هەروەها لەسەر ڕێگاوبانەکاندا، کاری خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی باش بەڕێوە بڕۆشتایە. بەلاّم کوردستان ئەوڕۆکە، لە هەموو ئەو شتانە بێبەشە، بۆیە هەڵکەوتی ڕێگای زەمینیش، ڕۆڵی گەورە لە ژیانی دانیشتووانی ئەم وولاتەدا نابینێ..

٢ . كارتێکردنی شوێنگەی ڕێژەیی لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا

کارتێکردنی شوێنگەی ڕێژەیی، کە لەسەرەوە بە کورتی باسمان کرد، لەسەر ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی، خەڵکی کوردستان زۆر گەورەیە. دەتوانین بڵێین، ئەم وولاتە لەم قۆناغەی ئەوڕۆیدا، بە بەرهەمی ئەو سێ فاکتەرە گرنگە دادەنرێت، کە لە خوارەوە باسیان دەکەین.

ژیانی ئابووری

ڕۆڵی شوێنگەی فەلەکی کوردستان، لە ژیانی ئابووریدا، بە تایبەتی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ گەلێ گەورەیە. هەروەکوو لە پێشدا بۆمان دەرکەوت، ئەم وولاتە دەکەوێتە باشووری نێوچەی سازگاری باکوور ئەو نێوچەیەوە، کە زۆربەی بارانەکەی لە کەژی زستاندا دەبارێ و هاوینیشی جگە لە پانتاییەکی زۆر کەم، بارانی لێ نابارێ و وشکە. ئەم سیستەمی بارانبارینە لە کوردستاندا کارێکی کردووە، کە زۆربەی کشتوکاڵەکان لە زستاندا بکرێ و لەسەر باران ڕابوەستێ. وەکوو دەزانین، ئەو نێوچانەی لە کشتوکاڵدا تەنیا پشت بە ئاوی باران دەبەستن، بەرهەمی سالانەی کشتوکاڵیان، بە شێوەیەکی توند بە چەندایەتی ئەو بارانەوە بەسراوەتەوە، کە لە کەژی زستاندا دەبارێ. ئەو سالانەی کە باران زۆر ببارێ و لە کاتی پێویستی خۆیدا ببارێ، ئەوا داهاتێکی باش بە دەست دەهێندرێ و ژیانی هەموو لایەکیشی پێ دەگەشێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەو سالانەی کە باران کەم بێ، یا لە کاتی پێویستی خۆیدا نەبارێ و پەڵە نەدات، بەروبوومی کشتوکاڵ کەم دەبێ و ژیانی خەڵکیش دەکەوێتە تەنگوچەڵەمەوە.

ژیانی ئابووریی دانیشتووانی کوردستان، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئێستادا، گەلێک باشتر دەبێت، ئەگەر بێتو لە پاشەڕۆژدا، ئەو نێوچانە وەک هاوینەهەوار بەکار بهێنرێ و گرنگی بە جوڵانەوەی گەشتگوزاری بدرێ و هەموو جۆرە پێویستییەکانی بزووتنەوەی توریزم دابین بکرێ. بەڵام ئەوڕۆ لەبەر باری نالەباری ڕامیاریی کوردستان، نەوەک بە هیچ شێوەیە جوڵانەوەی توریزمی تێدا نییە، بەڵکوو دانیشتووانی ئەو نێوچانە خۆشیان، ناتوانن تێیدا بژین و بمێننەوە.

ژیانی کۆمەڵایەتی

هەر لە کۆنەوە، کوردستان سەرەڕێ و جێگەی پێکگەیشتن و شوێنی ژیانی، هەموو ئەو شەپۆلە مرۆییانە بووە، کە لە نێوچە جیاجیاکانی ئاسیا، یاخود لە نیمچە دوورگەی

عـەرەبی، یاخـود لە وولاتـەکـانی ئەورووپاوە تێـپـەڕیوون و هاتوون و هەندێکیـشـیـان لێ نیشتـەجێ بوون. واتا هەنـدێکیـان تەنیا پێیدا تێپـەڕیوون، هەندێکی دیکەیان بۆ مـاوەیەک تێیدا ژیاون و فەرمانڕەواییان تێدا کردووە، لە دواییدا دەسەلاتی فەرمانڕەواییان لە دەست دەرچووە و کۆمەڵێکی دیکە دەستی بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتدا گرتووە. ئەم خەسلەتی هاتنە بە بەردەوامی بۆ کوردستان، بۆتە هۆی ئەوەی، چەند نەتەوەی جیاواز بە ڕەچەڵەک و زمـان و مێژووی نـەتەوەیی و دابونەریتی تایبـەتی، لە کوردسـتـاندا پەیدا ببن و بە تەواویی جێگیر ببن، کە هەتاکوو ئەوڕۆش هەندێکیان، تایبەتمەندێتی نەتەوەیی خـۆیان پاراستووە و هەر ماون، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا.

ژیانی ڕامیاری

شوێنگەی جوگرافی کارێکی یەکجا زۆر گرنگ، لە ژیانی ڕامیـاری کوردسـتـان دەکات، بۆیە دەتوانین بڵـێین، مـێـژووی ئەم وولاتە، بە بەرهـەمی ئەم فـاکـتـەرە دادەنرێ. ئەو بارە نالـەبارەی بـەسـەر ئـەم خـاکـەدا هـاتووە، بۆ هـەلکەوتـی وولاتەکـە دەگـەڕێتـەوە، کـە لە #نێـوچەیەکی تخـوبی ‹تامـپـۆنی› دیارنـەبووی نـێـوان دەوڵەتـی تورکـیـا و ئێـران پێک هـاتووە"(١٩،ل٤٥١).

کـوردسـتـان لە سـەدەی شـازدەیەمـەوە، هـەتا جـەنگی یەکـەمی جـیـهـانـی، گـۆڕەپانی پێکدادانی هێـزەکانـی هەردوو ئیـمـپراتـۆرییـەتی سـەفـەوی (ئێـران) و عـوسـمـانـی بووە. گەورەترین جـەنگێ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا ڕووی دابێ، جەنگی (چاڵدێران)ی ساڵی ١٥١٤ی زایینی بوو، ئەنجامـەکەشـی ئەوە بوو، #یەکێتی جوگرافی خاکی کوردسـتـان، بە تەواویی تێک چوو" بەشی ڕۆژهـەلاتی کـەوتە بندەسـتی سـەفـەوییـەکـان و بـەشـەکـەی ڕۆژئاواشی کـەوتە ژێر دەسـەلاتی عـوسـمـانییـەکـانەوە. پاشـتـریش ئەم بەشـە، دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕوخاندنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، جارێکی دیکە دابەش کرایەوە. بـەشێ هەرە گەورەی بەر تورکیای تازە کەوت و بەشـێکی دیکەشی خرایە سـەر سـووریا. ئەوەی کە مـاشـەوە (ولایەتی مـوسڵ)، لەگـەڵ ولایەتەکانی بـەغدا و بەسرەدا، دەوڵەتی عێراقی ئەوڕۆیان لێ دروست کرد.

بەشی دووەم: سترکتوری جیۆلۆجی

١. جوڵانەوەی تکتۆنی

کوردستان لە چەرخی یەکەمی جیۆلۆجیدا، بەشێک بوو لە کیشوەری گۆندوانالاند، کە لە کوردستان و ئێران و عێراق و نیمچە دوورگەی عەرەبی و ئەرمینیا و باکووری هیندستان و نیوەی باکووری کیشوەری ئەفەریقا و هەروەها نیوەی باکووری کیشوەری ئەمەریکای باشوور پێک هاتبوو.

لای باشووری ڕۆژئاوای کوردستان، لە چەرخی یەکەمدا، لەچاو بەشەکانی دیکەدا کەمێک نزمتر بوو. لە باشووری ڕۆژئاواشدا، تەپۆڵکەی نیمچە دوورگەی عەرەبی هەڵ کەوتبوو. لەو کاتەوە ئاوی زەریای تیس زیادی کردووە، هەموو کوردستانی لەگەڵ خۆیدا ڕامالیوە، هەروەها زۆربەی نێوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێک لە باشووری ئەورووپا و باکووری ئەفەریقاش، هەموو لە ئاوی زەریای تیسدا نقوم بوون.

زەریای تیس بە درێژایی سەدەی دووەم و سێیەم (جۆراسی، تیریاسی و کریتاسی) و لە سەرەتای چەرخی سێیەمدا (ئیاسۆن)، هەموو باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا بە کوردستانیشەوە، خستبووە ژێر ئاوەوە. لەو ماوەیەدا گەلێ مەتیریای جۆراوجۆر لەسەر ئەو پارچە زەمینە نیشت، کە زۆربەی زۆریان لە لم و زیخ و بەردی (تەفەل) پێک هاتبوو، دیارە ئەم مەتیریایانەش، لە بەرزاییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە، بە هۆی شەپۆل و جوڵانەوەی ئاوەکەوە دەهاتن و لە بنی زەریاکەدا دەنیشتن.

ئاوی زەریای تیس، لە سەرەتای سەدەی ئۆلوگسیندا، لەبەر بەرزبوونەوەی زەوییەکەی بن ئاوەکە و پەیدابوونی چەند چینێکی نیشتوو، بەرەبەرە کەم دەبووەوە، هەتا وای لێ هاتووە، لە زەریایەکی گەورەی فراوانەوە، بووە بە زەریایەکی تەسکی نێوخۆ.

گرنگترین ئەو مەتیریایانەی لە سەردەمی مێوسیندا، لە زەریای تیسدا نیشتوون، بریتی بوو لە لم، کێچ و ئەنهەندایت ... هتد لە کۆتایی ئەو سەدەیەشدا، مەتیریا نیشووەکان زیاتر لم و قوڕ بوون.

٢ . پێکهاتەی جیۆلۆجی

لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی لە کوردستاندا، بۆ دوا ساڵەکانی چەرخی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. زۆربەی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانە، لە لایەن کۆمپانیاکانی نەوتی ئەوروپاوە، بە تایبەتی ئینگلیزیی و ئەڵمانیی و فەرەنسیی و ئەمەریکیی و ڕووسییەوە بە ئەنجام گەیەندراوە. لە دوای ئەمانیش، کۆمپانیاکانی تورکیی و ئێرانیی و عێراقیی و سووری دێ. لە ئەنجامی هەموو ئەو کارانەی کە کۆمپانیا جۆراوجۆرەکان پێی هەستاون، ئەوڕۆ زانیارییەکی زۆر دەربارەی پێکهاتەی جیۆلۆجی لەبەر دەست دایە. بەڵام زۆر لەو کارانە، هەتاکوو ئەوڕۆ بڵاو نەکراونەتەوە،

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەست دان، بە کورتی لە خوارەوە باسی پێکهاتەی جیۆلۆجی کوردستان دەکەین. تەماشای نەخشەی ژمارە (٢) بکە.

یەکەم: سەردەمی کامبری و بەر لە کامبریی

بەردەکانی ئەم قۆناغە جیۆلۆجیە، بە شێوەیەکی گشتی لە میکاشیست و گرانایت و ئەردواز... پێک هات بوون، هەمووشیان لەو جۆرە بەردانە بوون، کە لە ئاگر دروست بووبوون و (ئاگردەر). ئەو بەردانە لە نێوچەکانی ورمێ و هەکاری و دەریک ڕۆژئاوای ماردین و هەندێ شوێنی دیکە دوزراونەتەوە. بەردەکانی قۆناغی کامبریش، لە نێوچەکانی هەکاری و خۆی و حاجی ئۆمەران و مالکیە دۆزراونەتەوە، بەڵام ژێر بەردی کێچی کەوتوون.


دووەم: سەردەمی یەکەم - پالیوزویک

٠١ ئۆردۆڤیسیان: لێکۆڵینەوەکانی جیۆلۆجی ، بەدەگمەن نەبێ، بەردەکانی ئەم چەرخە نیشان نادەن. تاکوو ئێستا بە تەواویی نازانرێ، ئەم جۆرە بەردانە لە چ نێوچەیەک هەن، لە چی پێک هاتوون و چۆنن.

٠٢ سیلوریان: بەردەکانی ئەم چەرخە، ئەگەرچی لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستان دەبێ هەبن، بەڵام هەتا ئەوڕۆکە، لەبەر نەبوونی پشکنین و هەڵکۆڵینی جیۆلۆجی تەواو، نازانرێ لە چ شوێنێک هەن.

٠٣ دیڤونیان: پشکنینە جیۆلۆجییەکان نیشانی داوە، بەردەکانی ئەم چەرخە جیۆلۆجییە، لە نزیک شاری مەلاتیە و لە چیای بیگاگی و چیاکانی هەکاری هەن. دیڤونی ژێری بریتییە لە بەردی ڕەش، کە تێکەڵاوە لەگەڵ بەردی ڕیتحۆنیل.

نەخـــشـــەی ژمـــارە (٢)



پێکهاتەی جیۆلۆجیای کوردستان **نەخشەی ٢**

٠٤ کاربونیفیر: لە نێوچەی ماکۆ و لە هەندێ شوێن لە چیای زاگرۆس و هەروەها لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر، بەردەکانی ئەم چەرخە جیۆلۆجییە دۆزراونەتەوە. ژێرکاربونی بریتییە لە مەتیریاڵە نیشتووەکانی کیشوەرە.

٠٥ پیرمیان: بەردەکانی پیرمیان لە نێو چینەکانی ژێرەوەی زەوی کوردستاندا هەیە. پشکنین و هەڵکۆلینە جیۆلۆجییەکان، هەتا ئەوڕۆکە، لە نێوچەکانی سلێمانی و ڕواندز و ئامێدی و کولی و سندی و گەلێ شوێنی دیکە، بوونی ئەم جۆرە بەردەیان سەلماندووە.

سێیەم: سەردەمی دووەم - میزۆزۆیک

بەردەکانی سەردەمی میزۆزۆیک، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا هەن و ڕۆڵی سەرەکییان لە دروسکردنی زنجیرە چیاکاندا وازی کردووە. بۆ نموونە، زیاتر لە نیوەی بەردەکانی چیاکانی، کە لە بەرزایی ٧٠٠ مەتر و بەرزترن، لەم جۆرە بەردە جیۆلۆجییانە پێک هاتوون.

٠١ ترسیاس: پێکهاتەی ترسیاس لە کوردستان، لە نێوچەکانی هەڵەبجە و تەپۆڵکەکانی چەمی گوگسەر و لە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی سورداش و باکووری ڕانیە و لە هەندێ شوێن لە ڕواندز و لە باکووری ئاکرێ و لە بەرزاییەکانی دەوروپشتی ئامێدی و لە باکووری نێوچەی نێروە و ڕێکان و لە سندی و لە چیای کورد دۆزراونەتەوە.

٠٢ کریتاسیۆس: بەردەکانی سەردەمی کریتاسۆس، لە لم و مارن و دۆلومیت و فۆسفۆر ... هتد پێک هاتووە. پێکهاتەی مەتیریالەکانی ئەو سەردەمە، کە لە هەندێ نێوچەی سلێمانی و کۆیە و ڕواندز و زێبار و چیای کورد دۆزراونەتەوە.

چوارەم: سەردەمی سێیەم - ساینۆزیک

زۆربەی بەردەکانی خاکی کوردستان، بۆ سەردەمی ساینۆزۆیک دەگەڕێتەوە و نزیکەی دوو لەسەر سێی پانتایی ئەو وولاتە دەگرێتەوە.

٠١ ئۆلیگۆچین: مەتیریاڵە نیشتووەکانی ئۆلیگۆچین، لە نێوچەکانی گازی ئانتەب و فورات و هەندێ شوێنی دیکە دۆزراوەتەوە.

٠٢ پالیۆگین: چینەکانی پالیۆگین لە ژێر زەویدا، لە نێوچەی عەفرین، بە قولایی چەند مەترێک (١ – ١٠ مەتر) بە نێو چینەکانی زەویدا بلاو بووەتەوە. بەڵام لە نێوچەی چیای

کورد ئەم چینە تەنکترە. بەردەکانی پالیۆگین بریتییە لە لم و مارن و شیست. زۆربەی نەوتی کوردستان ، لەم چەرخەدا دروست بووە.

٠٣ نیۆگین: بەردەکانی نیۆگین لە کوردستاندا، بە زۆری بریتین لە لم و مارن و کۆنگلۆمیرا و کێچ و هەندێ بەردی دیکە. لە نێوچەی عەفرین و هەندێ شوێنی دیکەش، ئەم جۆرە بەردە دۆزراوەتەوە.

پێنجەم: سەردەمی چوارەم - چارەکی

بایەخی بەردەکانی سەردەمی چوارەم لەوەدایە، کە رۆڵێکی گرنگ لەسەر دۆزی مرۆیی و ئابووریی دەگێڕێ. هەروەها لە دروسکردنی پانتاییشدا گرنگە. مەتیریاڵە نیشتووەکانی سەردەمی چوارەم، لە بەردەزورگ و کونگلومیەرەکان پێک دێ. هەروەها لم و زیخ، زۆربەی نێوچەکانی کوردستان بە تایبەتی نێوچە دەشتایەکان دادەپۆشن.

بەشی سێیەم: تۆپۆگرافیای کوردستان

تۆپۆگرافیای هەر وولاتێ، لە فاکتەرەکانی ناوەوە و دەرەوە دروست دەبێ. پەیدابوونی چیاکان بۆ ئەو پێچ و لۆچانە دەگەڕێتەوە، کە لە توێکڵی زەویدا دروست دەبن. دەشتاییەکانیش زۆربەیان لە خواروخێچییە فراوانەکانی زەوی پەیدا دەبن، کە لە دوایدا بە مەتیریاڵی نیشتووی ڕوبار و دۆڵەکان پڕ بوونەتەوە.

تۆپۆگرافیای کوردستان، لە ڕووی بەرزیی و نزمییەوە، لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە. نێوچەی باکوور و ڕۆژهەلات، بە چیای بەرز داپۆشراون، کە بەرزایی هەندێکیان ، لە چوار هەزار مەتر زیاتر دەبێ. لە نێوان ئەو چیایانەدا، چەند دەشتاییەکی تەخت هەن. نێوچەی باشوور و ڕۆژئاوا، نزمن و چیایان کەمە و بە زۆری لە دەشتایی پێک هاتوون. لە نێوان ئەم دوو دیاردە سروشتییەدا، چەندین تەپۆلکە هەن. بە شێوەیەکی گشتی، تۆپۆگرافیای کوردستان لە سێ بەشی جوگرافی جیاواز پێک هاتووە.

یەکەم: چیاکان

زیاتر لە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان، لە چیا پێک هاتووە. ئەم چیایانە، لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی زۆر بەهێزی ناوەوە و دەرەوە، کە بە بزووتنەوەی ئالپی ناسراوون، دروست بوون. ئەم بزووتنەوەیە لە کۆتایی چەرخی ئۆلوگسین و بە درێژایی چەرخی مێوسین و هەتاکوو سەرەتای چەرخی بلیۆسین، زۆر توند بووە و فشاری بۆ سەر چینە نەرمەکانی ژێر زەریای تیس بردووە. جا لەبەر ئەوەی ئەم چینانە، کەوتبوونەتە نێوان تەپۆلکەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە ڕۆژئاوا و تەپۆلکە ڕەقەکانی ئێران لە ڕۆژهەلاتەوە، هەروەها تەپۆلکەکانی ئاسیای گچکە لە باکوور، ئەمانە هەموویان پێکەوە، بە هۆی یەکەمی بەرزبوونەوەی چیاکان دادەنرێن، کە شێوەیەکی قوڵی چەماوە وەردەگرێ و لە ئەنجامی پەیدابوونی چیاکانی ڕۆژهەلاتی نێوەند، بە تایبەتی چیاکانی کوردستاندا دروست بوون. لە لایەکی دیکەوە، بزووتنەوەی ئالبی بۆتە هۆی دروسبوونی مەتیریای بازڵتی، کە زۆربەی نێوچەکان دادەپۆشن.

سەمتی بزووتنەوەی سەرهەڵدانی چیاکان، هەتاکوو ئێستاکە بە باشی نەزاندراوە. بە بڕوای هەندێ لە زانایان، سەمتەکە لە باکوورەوە بۆ باشوور بووە، واتا لە تەپۆلکەکانی ئێرانەوە بەرەو میسۆپۆتامیا دەستی پێ کردووە. هەندێکی دیکەش لەسەر ئەو باوەڕەن، کە لە باشوورەوە بەرەو باشوور بووە.

دوای سەرهەڵدانی چیاکان لە کوردستاندا، لە لایەن ئەو ئاوانەی لە چیاکانەوە بەرەو خوار هاتوون، جوڵانەوەیەکی ڕووتاندنەوەی زۆر توند دەستی پێ کردووە. ئەو ئاوانە گاشە بەرد، بەرد، چەگل، زیخ و للمیان، لەگەڵ خۆیاندا ڕاماڵیوە و بەرەو شوێنە نزمایییەکان هێناویانن و بەجێیان هێشتوون. وا لێرەدا، هەندێ لە خەسڵەتەکانی چیاکانی کوردستان دەخەینە ڕوو:

٠١ چیاکان، بە زۆری ڕوویان لە باکووری ڕۆژئاواوە، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتن. تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێ، لەم یاسایە دەردەچن و سەمتیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوایە، یاخود بە پێچەوانەوەیە.تەماشای نەخشەی ژمارە (٣) بکە،. سەمتی دیکە لە باری کوردستاندا چاوەڕان ناکرێ، چونکە لە ڕۆژهەڵاتدا تەپۆڵکەی ڕەقی ئێران هەیە، لە ڕۆژئاواشدا نیمچە دوورگەی عەرەبی هەیە، کە بە هەمان شێوە ڕەقە. بزووتنەوەی ناوەوە هەر چەند بەهێز بێ، ناتوانێ کارێکی وا لەو دوو تەپۆڵکە ڕەقە بکات، کە سەمتی چیاکان بگۆڕێ.

٠٢ چیاکان لە بەرزایی ٥٠٠ مەتر لەسەر ئاستی زەریا دەست پێ دەکەن و بەرە بەرە زیاد دەکەن، هەتا دەگەنە پێنج هەزار مەتر. لەم ڕووەوە کەم نێوچەی دیکە هەیە، لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا، بەرزاییەکەی بگاتە ئەوەی کوردستان.


٠٣ لەبەر توندی بزووتنەوەی ناوەوە، چینەکانی چیاکان زۆر ئاڵۆزن. ئەوەش بووەتە هۆی تێکدانی یەک لە دوای یەکی چینەکانی زەوی، بەپێی چەرخی جیۆلۆجی، لە هەندێ شوێنی چیاکاندا، قاتی چەرخی هەرە مێژووی لەسەر لوتکەکانن. لە هەمان کاتدا چینەکانی چەرخی نوێ کەوتوونەتە ژێرەوە.

٠٤ لوتکەی چیاکان زۆر بڵند و قەدەکانیان زۆر ڕکن و پێچاوپێچن. لە هەندێ شوێنیشدا زۆر لە یەکدی نزیک دەکەونەوە و دۆڵی زۆر قوڵیان پێک هێناوە، کە قووڵایی هەندێکیان لە سەدان مەتر زیاتر دەبێ.

٠٥ پرۆسێسی ڕووتاندنەوەی زەوی لە چیاکاندا، زۆر بە توندی ڕووی داوە، هۆکەشی بۆ بەفر و بارانێکی زۆر دەگەڕێتەوە، چونکە لەو کاتانەدا هێشتا بە تەواوی چیاکان خۆیان نەگرتووە.

تاکوو ئێستا بە تەواوی، ژمارەی هەموو چیاکانی کوردستان نازاندرێ. سەرچاوەکان ژمارەیەکی زۆری جیاوازیان تۆمار کردووە. بۆ نموونە، پەڕتووکێک لە قەزای سنە، ناوی ٢٢٠ چیای هێناوە. لە هەمان قەزادا سەرچاوەیەکی دیکە، ناوی ١٢٢ چیای تۆمار کردووە. هەروەها درێژایی چیاکانیش لە یەکدی ناچن. کەبیرکوە لە سەرچاوەکاندا، ٢٦٠

نەخـشـەی ژمـارە (٣)



کیلۆمەترە، ١٦٠ کیلۆمەترە، ٢٠٤ کیلۆمەترە. هۆکانی ئەو جیاوازییە، لە لایەکەوە بۆ ناتەواویی لێکۆڵینەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ناونانی یەک چیای دیاریکراوەوە بە ناوی جیاجیاوە، لە شوێنی جیاجیادا دەگەڕێتەوە.

کوردستان چیای وای تێدایە، کە بڵندییەکەی زیاتر لە پێنج هەزار مەتر دەبێ. هەندێ چیای دیکەشی لێ هەن، لە یەک هەزار مەتر کەمترە، بۆ ئاسانکردنی باسەکە، بەسەر چوار دەستەدا دابەشیان دەکەین:

٠١ چیا هەرە بەرزەکان (٤ هەزار مەتر و بەرەو ژوور)

ئاگری گەورە (ئارارات) – ٥١٣٧ مەترە. دینار – ٤٤٠٩ مەترە. زەردەکوە – ٤٢٢١ مەترە. ئولودۆروک (لوتکەی ڕەشکۆ) – ٤١٣٥ مەترە. بوزوی (جیلۆ) – ٤١١٦ مەترە. سیپان – ٤٠٥٨ مەترە. ئۆشترانکوە – ٤٠٥٠ مەترە. لێرەدا یەکە یەکە لەو چیایانە دەدوێین، کە زانیاریمان لەبەر دەست دایە.

چیای زاگرۆس: ڕشتەی (کوهستان) هەرێمی چیای زاگرۆس، گەلێ پان و بەرینە. لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. درێژاییەکەی لە سنووری باکوورەوە، کە چیاکانی باشووری زەریاچەی ورمێیە، هەتاکوو سنووری باشووری، کە تەنگەی هورمز دەکات، ١٤٠٠ کیلۆمەترە. پانابیەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە نێوان ١٠٠ هەتاکوو ٣٠٠ کیلۆمەترە. ڕووبەرەکەی ٣٣٢ ٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

ڕشتەی زاگرۆس، ئەگەر بە تەواوی تەماشای چۆنێتی باری ساختمانی و پانایی و پەیوەندی چیاکان لەگەڵ یەکدیدا و چەشنی ئاو بەخشینەوە بکەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نێوچەکانیدا هەیە. جوگرافیزانەکان ئەو ڕشتەیەیان بەسەر سێ نێوچەی جیاییدا دابەش کردووە، زاگرۆسی باکوور و زاگرۆسی ناوەند و زاگرۆسی باشوور. وا لە خوارەوە باسی یەکەم دووەمیان دەکەین و سێیەمیشیان پشگوێ دەخەین، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی خاکی کوردستان هەڵکەوتووە: (٤٩, لاپەڕە ٢٧٨–٢٨١).

زاگرۆسی باکوور: زاگرۆسی باکوور، لە باکوورەوە لەگەڵ چیاکانی دامێنی باشووری زەریاچەی ورمێ و دەرەی ڕووباری گدار، یاخود چەمی دورود و ڕووباری سیاه (قەرەسوو) (سنووری خولگەی ٣٧ پلەی پانی باکوور). لە ڕۆژئاواوە، لە سەرەتاوە بە دەرەی ڕووباری لاوین، یاخود ڕووباری کلاس لە دوایدا بە دەرەی ڕووباری چۆمان

بەسراوە. (ڕووباری کلاس و چۆمان، چیاکانی زاگرۆسی باکوور لە چیاکانی باشووری کوردستان جیا دەکاتەوە.)، پاشان لەگەڵ دەرەی شلیرکە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە و بە چیاکان و دەشتەکانی هەڵەبجە و خورماڵدا تێپەڕ دەبێ. لە پاشان بە چیاکانی قەزاکانی پاوە و سەرپێڵی زەهابدا دەڕوا، هەتا لە ئەنجامدا دەگاتە دامێنی ڕۆژئاوای کەبیرکوە. لە باشوورەوە، بە دامێنی چیاکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی دەشتی خۆزستان و لە دوایدا بە دامێنی چیاکانی کەناری باکووری دەشتەکانی کەناری کەنداوی فارس و تەنگەی هورمز کۆتایی دێ. لە ڕۆژهەڵاتەوە، کەناری باشووری زەریاچەی ورمێ و ڕووباری زەرینەرود و ڕێگەی نێوان سەقز و سنە و ڕێچکەڕۆی نێوان سنە و هەمەدان، لە دوایدا بەرەو باشوور دەکشێ، هەتاکوو دەگاتە ئاوەڕۆی باکووری ڕووباری دز.

بەرزایی زاگرۆسی باکوور، لەچاو بەرزایی زاگرۆسی ناوەندا کەمترە. لای باکووری ئەم بەشەی زاگرۆسەوە بەرزە و تێکڕایەکەی نزیکەی ٢٠٠٠ مەتر دەبێ، لای باشووریشییەوە، لە دەشتاییەکی پانوبەرین پێک هاتووە و بە یەکێ لە ئاوەدانترین نێوچەکانی کوردستان دادەنرێت.

زاگرۆسی باکوور، لە سەدان چیای گەورە و گچکە پێک هاتووە، بەرزایی هەموشیان هەتا بەرەو باشوور بڕۆین، بەرە بەرە کەم دەبێتەوە، بڵندترین لوتکە چیایان، چیای گەرینە، کە بڵندییەکەی ٣٦٤٥ مەتر دەبێ و ٢٨ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای بروجەرد و ٥٣ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی خوڕەم ئابادەوە دوورە. چیای میش پەرڕۆیش، کە بڵندییەکەی ٣٦٠٦ مەتر دەبێ، ٤٢ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی خوڕەم ئابادەوە دوورە.

لە زاگرۆسی باکوور، ڕووبارێکی گەلێ زۆر سەرچاوە هەڵ دەگرن، کە هەندێکیان بەرەو ڕۆژئاوا دێن و هەندێکیشیان بە ڕووبارەکانی کەرخە و کارون تەواو دەبن، وەکوو: مهاباد، تالاهو (سیمینەرود)، زرینە رود، خوڕخوڕە، ئاوی سیروان، زیمکان، قرەسوو، گاماسیاب، سیمەرە و بە دەیانی دەیکەش.

بەڵەنسی بارانی ساڵانەی زاگرۆسی باکوور، لە قەزایەکانی سەردەشت و سەقز و بانە و مەریوان و سنە، لە نێوان ٦٠٠ هەتاکوو١٠٠٠ ملیمەتر دایە. لە نێوچەکانی پاوە و کرماشان، لە نێوان ٦٠٠ هەتاکوو ٨٠٠ ملیمەتر دایە. لە شوێنەکانی دیکەی ٣٠٠ هەتاکوو ٦٠٠ ملیمەتر دەبێ.

تێکڕای گەرمایی ساڵانەی ئەو بەشەی چیای زاگرۆس، لە شوێنە بەرزاییەکاندا، لە ٥ هەتاکوو ١٠ پلەی سانتیگرادە. لە نێوچەی کرماشان و لە نێوچە نزمەکانی دیکەی لە ١٠

هەتاکوو ١٥ پلەی سانتیگرادە. لە پارێزگای ئیلام و نێوچەکانی باشووری لوڕستان، ١٥ هەتاکوو ٢٥ پلەی سانتیگرادە.

زاگرۆسی ناوەندیی: زاگرۆسی ناوەند، کە لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، لە باکوورەوە بە ڕووباری دز دەست پێ دەکات، لە باشوورەوە بە کەویری مەروەست (سنجەمروست) و باکووری زەریاچەی بەحێگان و سنووری تەوەری کازرون و ڕووباری شاهپور یاخود دالکی تەواو دەبێت. ئەو بەشەی ڕشتەی چیای زاگرۆس، کە تێکڕای بڵندییەکەی، لە دەوروبەری ٢٥٠٠ مەتر دەبێ، بە بڵندترین بەشی ئەم ڕشتە چیایە دادەنرێ و لە ژمارەیەکی زۆر لە چیای بەرز بەرز پێک هاتووە، بەرزترینیشیان کوەدنا (دینار) ە و بەرزاییەکەی ٤٤٠٩ مەترە و بە ٣٧ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای یاسوجەوە هەڵ کەوتووە، لە دوای ئەو چیایە، زەرد کوە دێ، بەرزاییەکەی ٤٢٢١ مەترە و ٧٣ کیلۆمەتر لە شەهری کوردەوە دوورە، پاشان ئۆشتۆران کوە دێ، بەرزاییەکەی ٤٠٥٠ مەتر دەبێ و ٢٩ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دورودەوە دوورە.

زنجیرە چیای زاگرۆسی ناوەندی، سەرچاوەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕووبارە مەزنەکانی کوردستان پێک دەهێنێ، کە هەندێکیان لە ڕێگەی ڕووبارەکانی کارون و جراحی و زەهرە و شوور و دالکی، لە کەنداوی فارس بە یەک دەگەنەوە، هەندێکی دیکەشیان، بە دەشتەکانی نێوخۆ کۆتاییان پێ دێت.

بەڵەنسی بارانی ساڵانەی نێوچە بڵندەکانی ئەو زنجیرە چیایانە، لە نێوان ٦٠٠ ملیمەتر هەتاکوو ١٢٠٠ ملیمەتر دەبێت، لە دامێنی چیاکاندا لە نێوان ٣٠٠ ملیمەتر هەتاکوو ٦٠٠ ملیمەتر دەبێت. لەبەر ئەوەی لەو نێوچانەدا بارانێکی زۆر دەبارێ و شێدارە، بە شێکی زۆر لە نێوچەکانی زاگرۆسی ناوەندی، بە گژوگیا و دارودرەخت داپۆشراوە.

تێکڕای گەرمیی ساڵانەی زاگرۆسی ناوەند، لە بەرزاییەکاندا لە نێوان ٥ هەتاکوو ١٠ پلەی سانتیگرادە، لە جێگا نزمەکاندا لە نێوان ١٠ هەتاکوو ١٥ پلەیە. لە شوێنەکانی حەوارەی کەنداو،ی فارس لە نێوان ١٥ هەتاکوو ٢٠ پلەی سانتیگرادە.

دینار: دینار یاخود دناکوهستانیکە کەوتۆتە قەزایەکانی بروجەن، بوێر ئەحمەدی سەردەسیر. پانتاییەکەی ٢٢٠٠ کچگ دبێ، لە چیاکانی میمەند (٢٨٥٠ مەتر)، کەڕە (Kerih) (٢٥٥٠ مەتر)، زەنگویی (٣١٥٠ مەتر)، مەل (٢٥٥٠ مەتر)، هجال (Xical)

(٣٤٣٠ مەتر)، ئاب نەهر (٣٢٢٠ مەتر)، دومازە (Dumazix) (٢٩٥٠ مەتر)، چال کەلاغ (٣٥٣١ مەتر)، ... هتد پێک هاتووە. بڵندترین لوتکەی کە بە ناوی دینارەوەیە، ٤٤٠٩ مەتر بەرزە، لە باکووری ڕۆژئاوای شاری یاسوچدا هەڵ کەوتووە. ڕووبارەکانی ماربر، ڕیگان، تل گردل و ڕووباری قر، لە دامێنی باکووری ئەم چیایەوە سەرچاوە هەڵ دەگرن. ڕووبارەکانی ئابزا، بنرو، کهگول، سریس، مهریان، لە دامێنی باشوور و ڕووبارەکانی خالە، کال شوور، تیزئاب، لە دامێنی ڕۆژهەڵاتی ئەم چیایەوە، سەرچاوە هەڵ دەگرن.

دامێنەکانی باشوور و باشوری ڕۆژئاوای ئەم کوهستانە، تا دەرەی ڕووباری بشار کشاوە، دامێنەکانی باکووری گەیشتۆتە دەرەی ڕووباری مارنر و دامێنەکانی ڕۆژئاوای لەگەڵ ڕوباری خۆراساندا سنوور دارە. دامێنەکانی ڕۆژهەڵاتی بە دەرەی ڕووباری مهریان و سەرچاوەی ڕوباری ماربر و دەوروبەری یاسوچ کۆتایی پێ دێت.

بەڵەنسی بارانی ساڵانەی ئەم کوهستانە، لە نێوان ٦٠٠ هەتاکوو ١٢٠٠ ملیمەتر دایە. تێکڕای گەرمایی ساڵانەی، لە نێوان ٥ هەتاکوو ١٥ پلەی سانتیگراد دایە. لوتە بەرزەکانی، بە درێژایی ساڵ بەفریان لێ ناچێتەوە (٤٩، لاپەڕە ٢٦٨).

زەردەکوە: کوهستانی زەردەکوە، لە چیاکانی لەم لەمی (٢٩٣٥ مەتر)، تورەک (٣٣١٩ مەتر)، گەڵلە سەگا (٣١٥٠ مەتر)، کورە (٢٢٥٠ مەتر)، شەنگی (٢٦٥٠ مەتر)، گرد(٢٦٢٠ مەتر)، کەمەر بێکەس (٢٥٥٠ مەتر)، دالانەک (٣٤٠٢ مەتر)، میلی (٢٩٠٣ مەتر)، حەفت کەرتان (٢٩٤٩ مەتر)، چری (٣١٦٣ مەتر)، قەیسەری (٢٣٥٠ مەتر)، چهل خشت (٣٢٢٠ مەتر) و کەهنو (٣٥٥٠ مەتر) پێک هاتووە. درێژایی ئەو چیایەی لە نێوان دەرەلاوە و گوندی برد شەمشیر (١٢٨ کیلۆمەترە باکووری ڕۆژئاوای شەهری کورد) هەتا گوندی کاج (٤٠ کیلۆمەتر باشووری ڕۆژئاوای شەهری کورد)ی نزیکی دەرەئابی کوهرەنگ، ١٢٣ کیلۆمەترە و تێکڕای پانایی ٢٠ کیلۆمەترە و لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە.

کوهستانی زەردەکوە، چەند لوتکەیەکی هەیە، کە بڵندییەکانیان لە ٣٠٠٠ مەتر کەمتر نییە، لە ناو ئەوانەشدا لوتکەی کلوچی (٤٢٢٥ مەترە) لە هەموویان بڵندترە. لوتکەکانی دیکەش ئەمانەن: شاە شەهیدان (٤١٥٠ مەتر)، پنبە گال (٤٠٠٠ مەتر)، میش چال، زەردە، چری و هەفت تنان. زەردەکوە، بە بڵندترین ڕشتەی زاگرۆس دادەنرێ.ژمارەیەکی زۆری ڕووبارەکانی ئەم نێوچەیە، لەم چیایەوە هەڵ دەقوڵن. بەڵەنسی بارانی ساڵانەی لە

نێاون ٨٠٠ هەتاکوو ١٨٠٠ ملیمەتر دەبێ، تێکڕای گەرمایی لە نێوان ٥-١٥ سانتیگرادە (٤٩، لاپەڕە ٢٨٦).

ئۆشترانکوە: ئەم چیایە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باشووری شارۆچکەی ئەلیگودەرزەوە. بەرزاییەکەی دەوروبەری ٤١٥٠ مەتر دەبێ. ئۆشترانکوە، کە بە یەکێ لە بڵندترین چیاکانی کوهستانی زاگرۆس دەژمێردرێ، لە باشووری ڕۆژئاوای دورود دەست پێ دەکات و تا باشووری گوندی چڤاگرگ بە درێژایی ٥٠ کیلۆمەتر و پانایی لە نێوان ٢ – ١١ کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە. هەندێ لە لوتکە بەرزەکانی ئەم چیایە ئەمانەن: گلگل ٤٠٥٠ مەتر، سنبران ٤١٥٠ مەتر، پیارەدرە تەخت ٣٨٠٠ مەتر.

٠٢ چیا بەرزەکان (٣ - ٤ هەزار مەتر)

ئاگری گچکە ٣٨٩٦ مەتر، مۆر ٣٨٠٧ مەتر، سامدی ساتسیڤر یسی ٣٧٩٤ مەتر، قەرەداغ ٣٧٥٢ مەتر، باشتەق ٣٦٨٤ مەتر، یسپیرین ٣٦٦٨ مەتر، تەندورەک ٣٦٦٠ مەتر، گەرین ٣٦٤٥ مەتر، بەردە ڕەش ٣٦٠٨ مەتر، دەرەرەش ٣٦٠٨ مەتر، سومبول ٣٦٠٧ مەتر، هەڵگورد ٣٦٠٧ مەتر، سیاە کوە ٣٥٧٨ مەتر، موارت باش ئالاداغ ٣٥١٠ مەتر، شاهۆ ٣٣٩٠ مەتر، قەندیل ٣٤٥٢ مەتر، پەررۆ ٣٣٥٧ مەتر... هتد.

گەرین: یەکێ لە چیاکانی پارێزگای لوڕستانە، کەوتۆتە دێستانی دەرەحمەی قەزای خوڕەم ئاباد و ٥٣ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری خوڕەم ئابادەوە دوورە. بەرزاییەکەی ٣٦٤٥ مەترە. سەرچاوەی ڕووباری کەهمان. دەکەوێتە ئەو چیایەوە. گەرین لە باشووردا گەیشتۆتە چیای میش پەروار ٣٦٠٦ مەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری خوڕەم ئاباد و بە بەشێک لە کوهستانی زاگرۆس دەژمێردرێ (٤٩، لاپەڕە ٤٧٤).

بەردەڕەش: بڵندترین چیای ئازەربایجانی غەربیە. ئەم چیایە دەکەوێتە دێستانی تەرگەوەڕی قەزای ورمێیە و ٣٦ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای باشووری شاری ئورمێوە دوورە. بەرزییەکەی ٣٦٠٨ مەتر دەبێ. چەمی نازلو سەرچاوەکەی لەم چیایەوە هەڵ دەقوڵێ.

شاهو: ئەم چیایە بە یەکێ لە بەرزترین چیاکانی کوهستانی زاگرۆس دەژمێردرێ. بەرزاییەکەی ٣٣٩٠ مەتر دەبێ. شاهو سەرچاوەی چەمەکانی پاوە و دووریسانە. ئەم چیایە لە باکووری ڕۆژئاواوە گەیشتۆتە چیای گاول ٢٤٢٥ مەتر، لە ڕۆژهەڵاتەوە چیای قەلاگۆر(٢٧٥٠ مەتر). شاهو لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات هەتاکوو

باکووری ڕەوانسەر درێژ دەبێتەوە. درێژاییەکەی ٥٥ کیلۆمەترە وپانایییەکەی لە ١٠ – ١٥ کیلۆمەتر دەبێ. بڵندترین لوتکەی بە ناوی شاهو (شاکر)، کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندی شەمشیرەوە.

ڕووباری تەنگور یاخود تەنگەبەر، لە نێو دامێنی ئەو چیایەدا سەرچاوە هەڵ دەگرێ، لە پاشان تێکەڵ بە ئاوی سیروان دەبێت. لە ڕاستیدا، چیای شاهو دەکرێ بە کوهستانی بژمێرین، لەبەر ئەوەی لە چەندین چیای جیاواز پێک هاتووە، وەکوو گاول، قەلاگور، قەلای نانەوێژە (٢٣٢٠ مەتر)، هۆل ئاوەر (١٨٩٩ مەتر)، تاقە سەفید (٢٠٥٠ مەتر)، شور (٢٠٢٠ مەتر). پانوپۆڕییەکەی ٨٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێ. بەشێکی گچکە لە کوهستانی زاگرۆسی مەزن پێک دەهێنێت.

پلەی گەرمایی ئەو کوهستانە، لە نێوان ١٠ – ١٥ سانتیگرادە، بەڵەنسی تێکڕای بارانی ساڵانەی، لە بەشەکانی باکووریدا، لە دەوروبەری ٨٠٠ ملیمەتر دایە، لە بەشەکانی باشووریش لە نێوان ٥٠٠ – ٦٠٠ ملیمەتر دەبێ (٤٩، لاپەڕە ٣٥٧).

پەررۆ: پانوپۆڕی کوهستانی پەررۆ یاخود پەرۆ یاخود بێستونی قەزای کرماشان، لە دەوروبەری ١٠٢٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە دایە و لە ڕۆژهەڵاتی گوندی دارچیمانی باکووری ڕۆژئاوای کرماشان، بە ٤٥ کیلۆمەتر دەست پێ دەکات و بە گوندی سەنقور ئاباد و بێستوونی ڕۆژهەڵاتی باکووری کرماشان بە ٣٦ کیلۆمەتر تەواو دەبێت. درێژایی ئەو کوهستانە، لە باکووری ڕۆژئاواوە هەتاکوو باشووری ڕۆژهەڵات، ٦٢ کیلۆمەتر دەبێ و پانایییەکەشی لە باکوورەوە هەتاکوو باشوور، لە پانترین شوێنیدا ٢٦ کیلۆمەترە.

کوهستانی پەررۆ لە چیاکانی قراڵ (Kıral) (١٩٥٨ مەتر)، دوقراڵ (Dü kıral) (٢٤٥٠ مەتر)، ڕاق چەرمی (٢٨٥٠ مەتر)، داربید (٢٨٥٠ مەتر)، بێستون (٢٨٠٥ مەتر)، نوچ بەران (٢١٠٠ مەترە) پێک هاتووە و بەرزترین لوتکەی پەررۆیە کە بەرزاییەکەی (٣٣٥٧ مەترە) و بە ناوی شێخ عەلی خانەوە ناو براوە. هەندێ لە لوتکە بەرزەکانی دیکەی ئەو چیایە ئەمانەن: شاە ئاودالان (٣٢٠٠ مەتر)، سەکل (٣١٠٠ مەتر)، سیرولە (٣٠٠٠ مەتر)، قتە چەرمی، ماسی، کل بازرگان. ئەشکەوتی پەررۆ (٥٧٢ مەتر قووڵە). قووڵترین ئەشکەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست، کەوتۆتە دامێنی باشووری لوتکەی قتە چەرمییەوە. تێکڕای گەرمایی ساڵانەی ئەو کوهستانە، لە دەوروبەری ٥ – ١٠ پلەی سانتیگراد دایە و بەڵەنسی بارانی ساڵانەی، لە نێوان ٥٠٠ – ٨٠٠ ملیمەتر دایە (٤٩، لاپەڕە ١٣١).

٠٣چیا ناونجییەکان (٢ - ٣ هەزار مەتر)

لێرەدا ناوی هەندێ لە چیا ناونجییەکان دەهێنین، وەکوو: ئایدن (٢٩٧٣ مەتر)، شەوانت (٢٩٧٠ مەتر)، چوتەلە (ئاقچە قەرە)(٢٩٤٠ مەتر)، کومانا حاسان (٢٩٢٧ مەتر)، شایتان (٢٩١٣ مەتر)، کاڤاکی (تۆسیک) (٢٩٠٤ مەتر)، زیارەت (٢٨٨٧ مەتر)، شەق شەق (٢٨٥٨ مەتر)، کەبیرکوە (٢٧٩٠ مەتر)، کونە کۆتر (٢٦٩٢ مەتر)، پیرەمەگرون (٢٦٢٠ مەتر)، کاروخ (٢٥٦٠ مەتر) و مانشت (٢٤٢٩ مەتر)... هتد.

شەوانت: ئەم چیایە، ٣٩ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تکاب لە قەزای میاندوئاوەوە دوورە. بەرزاییەکەی دەوروبەری ٢٩٧٠ مەتر دەبێ. ئەم چیایە لە باکوورەوە بە کوەشەوەند (٢٨٥٠ مەتر) و لە باکووری ڕۆژئاواوە بە کوەپەڕۆخان (٢٩٤١ مەتر) و لە ڕۆژئاواوە بە کوەقوش دانی (٢٨٥٠ مەتر) و لە باشوورەوە بە کوە سندوق سندران (Senduk Sindiran) (٣٢١٤ مەتر) دەورە دراوە.

کەبیرکوە: ئەم کوهستانە لە باشووری دەرەی ڕووباری ئاب ئافتاب و چەمی کەنجانەوە (قەزای مهران) دەست پێ دەکات و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەکشێ، هەتاکوو بە دەرەی ڕووباری کەرخە (قەزای خوڕەم ئاباد) کۆتایی پێ دێ. دامێنی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی بە دەرەی ڕووباری سیمەرە و کەرخە و دامێنی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا، بە ڕێگەی نێوان مەهران بۆ دێهلۆران کۆتایی پێ دێت.

درێژایی چیای کەبیرکوە، لە دەرەی چەمی کەنجانەوە هەتاکوو دەرەی ڕووباری کەرخە (١٥ کیلۆمەتر ڕۆژئاوای حوسەینییە) ١٧٥ کیلۆمەترە. پانایییەکەی لە نێوان ڕووباری سیمەرە و یاخود کەرخە، هەتاکوو نێوچەکانی میهران و موسیان لە نێوان ٤٥ هەتاکوو ٨٠ کیلۆمەترە، پانوپۆڕییەکەی ٩٥٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

کوهستانی کەبیرکوە، لە چیاکانی مۆواز (١٩٧٠ مەتر). سیاەکوە (١٤٠٨ مەتر)، دینارکوە (١٩٥٥ مەتر)، سەمەند (١٦٥٠ مەتر)، تەختی پیران (١٧٢٠ مەتر)، ئەناران (١٤٣٥ مەتر)، ئابادان (١٢٠٠ مەتر) هەندێکی دیکەش پێک دێت. بەرزایی بڵندترین لوتکەی کە ناوی کەبیرکوەیە، ٢٧٩٠ مەترە و لە ڕۆژهەڵاتی گوندی ئەرکەوازی بە ١٨ کیلۆمەتر هەڵ کەوتووە.

ڕووبارەکانی ئاب ئافتاب، چنگولە، میمە، خروزان، ئابدانان، ئاوی هلیوە و چەندین ئاوی دیکە، سەرچاوەکانیان لە کەپیرکوەوە هەڵ دەگرن.

بەڵەنسی بارانی ساڵانەی ئەم کوهستانە، لە بەشەکانی تێکڕای لە دەوروبەری ٣٠٠ ملیمەتر دایە و لە بەشەکانی دیکەشدا لە نێوان ٢٠٠ – ٣٠٠ ملیمەتر دایە. تێکڕای پلەی گەرمایی ساڵانەی، لە بەشەکانی باکووری لە ١٠ – ١٥ پلەی سانتیگرادە و لە بەشەکانی ناوەند و باشووریشدا، لە ١٥ – ٢٥ پلەیە (٤٩، لاپەڕە ٤٢٢).

مانشت: ئەم چیایە، یەکێ لە چیاکانی قەزای ئیلامە و لە باکووری ڕۆژئاوای شاری ئیلامەوە ٦ کیلۆمەتر دوورە. بەرزاییەکەی ٢٤٢٩ مەترە. سەرچاوەکانی ئاوی زەنگان و ڕووباری مورتە لەم چیایەوە هەڵ دەقوڵێن. مانشت لە باکووری ڕۆژئاواوە بە کوەبانکول (٢٣٠٤ مەتر) و لە باشووری ڕۆژئاواشەوە بە کوەگاوە دەگاتەوە.

٠٤ چیا نزمەکان (١ - ٢ **هەزار مەتر**)

قەرەجە (١٩٣٨ مەتر)، زۆزگ (١٨٢٩ مەتر)، بەمۆ(١٨٢٨ مەتر)، داڵاهۆ (١٨١٠ مەتر)، کوەدرا (١٧٠٦ مەتر)، ئەزمەڕ (١٧٠٢ مەتر)، گۆیژە (١٥٢٤ مەتر)، قەرەقاش (سۆڤ داغ) (١٤٩٦ مەتر)، ڕامان (١٢٦٠ مەتر) و گەلێکی دیکەش...

داڵاهۆ: کەوتۆتە دێستانی پشت تەنگ، لە قەزای قەسری شیرین، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی قەسری شیرینەوە ٣٣ کیلۆمەتر دوورە. بەرزاییەکەی لە دەوروبەری (١٨١٠ مەتر) دایە. سەرچاوەی چەمی پۆل زەهاب دەکەوێتە ئەم چیایەوە. ئەم چیایە لە لای باکووری ڕۆژئاواوە، بە کوەبەندزەردە (١٣٥٠ مەتر) و لە لای باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە بە کوەگولبان (٢٠١٠ مەتر) دەگاتەوە.

ئەناران: چیای ئەناران کە بەرزاییەکەی ١٤٣٥ مەتر دەبێ، لە دەرەی ڕووباری چنگولەی باشووری گوندی تیماوە دەست پێ دەکات و لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. درێژاییەکەی ٥٠ کیلۆمەتر دەبێت. پانایییەکەشی ١٠ کیلۆمەتر دەبێت. سەرچاوەی ڕووبارەکانی میمە، شەکر ئاب، سەگلال، درازبیشە و هەندێکی دیکەش، لەم چیایە دان. ئاناران یەکێ لە چیاکانی قەزای دهلرانە و ٥٥ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی دهلرانەوە دوورە.

کوەدرا: ئەم چیایە، ٣٦ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای نورئابادەوە دوورە.

بەرزاییەکەی ١٧٠٦ مەترە. ئەم چیایە بە درێژایی ٥٠ کیلۆمەتر و بە پانایی ١٢ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. ڕووباری شەکشان لە دامێنی باکووری ئەم چیایەدا سەرچاوە هەڵ دەگرێ.

٠٥ چیا هەرە نزمەکان (لە یەک هەزار مەتر کەمتر)

لەوەند (٤٧٠ مەتر)، تاسڵوجە (٩١١ مەتر)، یانارسو (گارزان) (٨٦٥ مەتر)، ئارات (٨٤٠ مەتر)، سوسو (٨٠١ مەتر)، تەقتەق (٧٤٩ مەتر)، کوەزیرزەردی (٧٥٠ مەتر)، جودی (٦٢٧ مەتر)، لیراک (٩٤٦ مەتر) و گەلێکی دیکەش..

چیای حەمرێن: ئەم چیایە ٣٥ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی دهلران و باشووری گوندی نەهرعەنبەرەوە دوورە. بەرزاییەکەی ٢٤٢ مەترە.

چیای حەمرێن: ئەم چیایە کە بەرزاییەکەی ١٧٥ مەترە، لە لای ڕۆژئاواوە دەگاتەوە کوە قەڵاوێزان (١٥٠٠ مەتر)، لە لای ڕۆژهەڵاتیشەوە بە کوە قەڵا ئاوێزان (٢٦٠ مەتر) و لەوێشەوە بە کوە چکە موسی (Cıkkıx mûsa) (٣٩٠ مەتر) کۆتایی پێ دێت.

چیای حەمرێن: ئەم چیایە، لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلییەوە، بە چەند کیلۆمەترێک دەست پێ دەکات و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە و بە نێوچەی (فەتحە) کۆتایی پێ دێت. درێژاییەکەی بە دەیان کیلۆمەتر دەبێت.

لیراک: بەرزایی ئەم چیایە، ٩٤٦ مەتر دەبێت.لیراک ٤١ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی دێزفولەوە دوورە. دامێنەکانی باکوور و ڕۆژئاوای ئەم چیایە، بە زەریاچەی ئاوبەندی دز کۆتایی پێ دێت.

دووەم: گردەکان (تەپۆڵکە)

گردەکانی کوردستان بە زۆری لە زنجیرەیەکی خواروخێچی چەماوە پێک هاتووە. لەچاو چیاکانی دەوروبەریان، زۆر بەرز نیین، بەڵام ئەگەر لە نزیک ئەو چایانەوە نەبوونایە، ئەوا هەر یەکەیان بۆ خۆی چیایەک دەبوو. ئەم گردانە کەڵکیان زۆرە، لە لایەکەوە بۆ چاندنی دەغڵودان بەکاردەهێنرێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە دەیان مێگەلی مەڕوماڵاتی لێ دەلەوەڕێندرێ. هەندێ لەو گردە بەناوبانگای کوردستان، ئەمانەن:

بایەزید: لە باکووری ئەم گردەوە، چیاکانی ئاگری (ئارارات) گەورە و گچکە و لە باشوورەوە چیاکانی تەندروک هەیە. لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ماکۆ و خۆی درێژ دەبێتەوە، جادەی نێوان کوردستان و ئێران و تورکیا، بە نێو ئەم گردانەدا تێپەڕ دەبێ.

بەرزنجە: لە باکووری ئەم گردەوە، چەمی قەڵاچوالان و لە ڕۆژهەڵاتەوە چیاکانی هەورامان و لە باشوورەوە دەشتی شارەزوور هەڵ کەوتوون. لە تەنیشت گردی بەرزنجەوە، کۆمەڵە چیایەکی بڵند هەیە، کە بەرزایی هەندێکیان لە ڕووی زەریاوە، خۆی لە ٢٢٠٠ مەتر دەدات، وەکوو چیاکانی کورەکاژاو، کالاکرە.

پاسینلەر: پاسینلەر دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیایەکەوە. لە باکوورەوە بە چیاکانی کارگابازار و لە باشوورەوە بە چیای پالاندۆگین (٣١٢٤ مەتر) و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە پشتە چیاکانی تالا (٣١٣٤ مەتر)، چواردەورە دراوە. گردی پاسینلەر، لە هەندێ سەرچاوەی جوگرافیدا، بە گردی ئەرزەڕۆم تۆمار کراوە. ئەم گردە بایەخی ئابووری بۆ کوردستان زۆرە، بە تایبەتی لە سایەی بەرهەمهێنانی دەغڵودانادا، وەکوو گەنم و جۆ، ئەمەش دوای ئەوەی هێڵی ئاسنینی نێوان ئەرزەڕۆم و ئەنقەرە ڕاکێشرا، بە تەواویی بایەخی ئابووریی ئەم گردە زیادی کرد. بەرزایی گردی پاسینلەر لەسەر ئاستی زەریاوە، دەگاتە ١٧٥٠ مەتر. ڕۆژهەڵاتی ئەم گردە، لەچاو ڕۆژئاوایدا بەرزترە و چەمی. ئارپاچای بە نێو ئەم گردەدا دەڕوات.

پشدەر: ئاوەی سیروان لە باکوورییەوە، دۆڵی سیوەیل لە باشوورییەوە، قەڵاچولان لە ڕۆژئاوایەوە هەڵ کەوتوون. چەند چیایەک لە نێو ئەم گردەدا قوت بوونەتەوە، لە هەموویان گرنگتر، چیاکانی کەنێو (٢٣١٦ مەتر) و سەرشو (٢١١٦ مەتر).

پێنجوین: گردی پێنجوین، لە هەر چوار لاوە بە زنجیرە چیایەکی ئاڵۆز دەورە دراوە،

وەکوو چیاکانی قایە و هەرزەلە و یاسمال ... تاد. بەرزایی ئەو چیایانە لە نێوان ١٥٠٠ – ٢٠٠٠ مەتردا دەبێ. لە ڕووی ئابوورییەوە، گردی پێنجوین بە زۆری بۆ لەوەڕگا بەکاردەهێندرێ.

چوارتا: لە نێوان دۆڵی سیوەیل و قەڵاچولاندا هەڵ کەوتووە. چیای سەرسیر (١٥٨٩ مەتر)، بە یەکێ لە چیاکانی ئەو گردە دەژمێردرێ.

کەرکووک: گردی کەرکووک لە نزیک ڕووباری دیالەوە دەست پێ دەکات و بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، هەتاکوو دەگاتە دەشتی هەولێر. بەرزاییەکەی لە ڕووی زەریاوە، لە نێوان ٦٠٠ – ١٠٠٠ مەتر دایە. ئەم گردە لای ڕۆژئاوای (٥٠٠ مەتر)، لەچاو ڕۆژهەڵاتیدا (٣٠٠ مەترە)، بەرزترە. پەیدابوونی گردی کەرکووک، بۆ بەرزبوونەوەی زەوی دەگەڕێتەوە. چیاکانی ڕۆژئاوایان، زۆربەیان لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی پێچاوپێچی چەماوەدا دروست بوون، کە لەم چیایانە پێک هاتوون: تساق، خەڵخالان و... هتد. چیاکانی ڕۆژهەڵاتیش، وەکوو باسکی زەنور و ئۆمەردەلی... هتد.

زێی گەورە و لقەکانی ڕووباری عوزێم (خاسە، تاوغ و ئاوەسپی) گردی کەرکووکیان لە زۆر جێگادا بڕیوە و بوونەتە هۆی پەیدابونی چەندین گرد و شیو. لە نێوان ئەم گردانەدا، چەند دەشتێکی تەسک هەن، وەکوو دەشتی ئاوەسپی.

کواندە: کەتۆتە باکووری شاری دهۆکەوە. بەرزاییەکەی لە سەر ڕووی زەریاوە، لە نێوان ٢١٠٠ – ٢٤٣٠ مەتر دایە. گردی کواندە بەردەڵانە و بە چیای بڵند و ڕک دەورە دراوە، کە لە زستاناندا بەفرێکی یەکجار زۆریان،لێ دەبارێ.

گەوەر: بەرزایی ئەم گردە لە ڕووی زەریاوە، ٢٠٠٠ مەتر دەبێ. ڕووبەرەکەی ٢٥٠ کچگە، کە لە ١٥٪ی زەلکاوە. چیای جیلو (٤١٦٨ مەتر) لە باکوورییەوە هەڵ کەوتووە. بەرزترین چیای ئەو نێوچەیەیە و بە درێژایی ساڵ، بەفر لەسەر لوتکەکانی ناتوێتەوە.

مەلاتیە: لە باشووری چیای بۆزەوە (٢٥٨١ مەتر) هەڵ کەوتووە، زەوییەکەی بە زۆری لە قوڕ و زیخ پێک هاتووە. لە هەندێ شوێنیدا کشتوکاڵی لێ دەکرێت، بە تایبەتی گەنم و جۆ. هەندێ شوێنی دیکەش بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات زۆر باشە.

مەلازکیرت: چیای بینگۆڵ (٣١١١ مەتر) دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای و چیای سیپان (٤٠٥٨ مەتر) لە باشووری ڕۆژهەڵاتییەوەیە. ئەم گردە، بەرزاییەکەی ١٥٠٠ مەتر لە ڕووی زەریاوە دەبێ. خاکەکەی لە مەتیریاڵە نیشتووەکانی زەلکاوی بازیلت پێک هاتووە. لە باشووری مەلازگرددا، دوو گۆمی گچکە هەن، یەکەمیان پێی دوترێ هاچلی (١٦کچگ)، بەرزاییەکەی ١٥٨٣ مەترە و دووەمیشیان ناوی نازیکە (٤٨ کچگ)، کە بەرزاییەکەی ١٨١٦ مەتر دەبێت.

موسڵ: لە ڕۆژهەڵاتیەوە زێیی گەورە و لە ڕۆژئاواوە چیاکانی شەنگار، برایم و عەتەشانە. بەرزاییەکەی لە نێوان ٣٠٠ – ٤٥٠ مەتر دایە. ڕووبەرەکەی نارێکە و گەلێک چیا و گردی نزمی تێدایە، بەڵام بەرزاییەکانیان لە ٣٠٠ مەتر لەسەر ئاستی زەریاوە، زیاتر نین، جگە لە چیای مەقلوب، کە بەرزاییەکەی ١٠٥٧ مەتر دەبێت.

موش: لە باکوورەوە پشتە چیاکانی بینگۆڵ (٣١١١ مەتر)، لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە چیای نەمرود (٢٨٢٨ مەتر). تێکڕای بەرزایی گردی موش ١٤٠٠ مەترە. ڕووبەرەکەی ١٦٠٠کچگە. خاکەکەی زۆر بە پیت و برشتە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا لە مەتیریاڵە نیشتووەکان پێک هاتووە، کە ئەستوورایییەکەی لە نێوان ٨ – ١٠ مەتر دایە. لە ڕۆژهەڵاتی ئەم گردەدا، نێوچەیەکی زەلکاو هەیە، کە ڕووبەرەکەی ٦٠ کچگ دەبێ.

سێیەم: دەشتەکان

دەشتـەکانی کوردسـتـان وەکوو سەلمێندراون، بە زۆری لە پێچـاوپێچی چەمـاوە پێک هـاتوون، هەندێکیشـیان وەکوو بیری لێ دەکرێتـەوە، هـەر لە بنەڕەتدا دۆڵ بوون، لە پاشاندا بەرە بەرە بە مەتیریاڵی نیشتووی ڕووبارەکان پڕ بوونەتەوە.

ڕێژەی دەشتاییەکان بە لە ١٥٪ی گشت ڕووبەری خاکی کوردستـان دادەنرێت. هـەندێ لەو دەشتاییانەی کوردستان، ئەمانەن:

ئەمیـر ئاباد: ڕووبەرەکـەی بە دەیان کـچگ دەبێ و دەکـەوێتـە نێـوچەی کـامـیـارانەوە. تێکڕای بەرزایی لە ڕووی زەریاوە، ١٦٠٠ مـەتر دەبێت. ڕووباری ئەمـیـر ئابادی بە نێـودا تێـپـەڕ دەبێت و تەنیـا ڕووباریشــە کـە بە درێژایی سـاڵ وشک ناکـات، ئەوە جگە لەوەی ژمارەیەک لە شیو و دۆڵی تێدەکەوێ، کە بە زستانان و بەهاران ئاویان تێدا ڕادەوەستێ.

ئیغدیر: یەکێکە لە دەشتە بەپیت و بڕشتەکانی کوردستان. بەرزاییەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە لە نێـوان ٧٠٠ – ٨٠٠ مەتر دەبێت. ئەم بەرزاییـە زیاد دەکات، هەتا بـەرەو ڕۆژئاوا بڕۆین، تا دەگاتە ١٢٠٠ مەتر لە ڕووی زەریاوە.

بیجار: تێکڕای بەرزایی دەشتی بیجاڕ، لەسەر ئاسـتی زەریا لە دەوروبەری ١٧٥٠ مەتر دایە. ڕوبەرەکەی دەگاتە ١٤ کچگ.

.تاڵ: دەکـەوێتـە نێـوچەی بانـەوە. بەرزاییـەکـەی لە ڕووی زەریاوە، لە نێـوان ١٤٠٠ — ١٤٥٠ مەتر دایە. ڕوبەرەکەی چەندین کچگ دەبێ.

جیـزرە: سنووری ئەم دەشـتـە لە باکوورەوە ماردین و ئورفـەیە، لـە باشـوورەوە سنووری نێـوان کـوردسـتـان و تورکـیـایە، لە ڕۆژهـەڵاتـەوە چیـای شـەنگارە و لە ڕۆژئاواشـەوە بە ڕووباری فوڕات کۆتایی دێت.

لێژایی ئەم دەشتـە، بە شێـوەیەکی گشـتی، لە باکوورەوە بەرەو باشـوورە. بەرزاییـەکەی لە ڕووی زەریاوە ٣٥٠ مـەترە. سـەمـتی جـزیرە لە نێـوچەی دەریک لە باکـووری ڕۆژهـەڵات بەرەو باشـووری ڕۆژئـاوایە، بە نیـشـانـەی ئەوەی کـە ئاوەکـانی نێـوچەی دەریک، ڕوو لە ڕووباری خـابور دەکـەن . سەمـتی ئەم دەشـتـە، لە نێوچـەی ماردین و قـەرەچوغ لە باکووری ڕۆژئاوا، بەرەو باشـووری ڕۆژهـەڵاتە، بەڵگەش بۆ ئەمـە، ڕووبارەکـان بـەرەو ڕووباری دیجلە دەڕوات.

حەویجە: دەشتێکی فراوانە و دەکەوێتە نێوان زێی گەورە و ئاوی سیروان. لێژاییەکەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوایە، واتا بەرەو ڕووباری زەغەیتون دەڕوا. خاکەکەی لە قوڕ پێک هاتووە.

ڕانیە: لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە. درێژاییەکەی ٣٠ کم دەبێت. ڕووبەرەکەی لە نێوان ٢٠ ــ ٣٠ کچگ دایە. ڕووباری سیروان بە ناویدا تێپەڕ دەبێت و دەیکات بە دوو بەشەوە. بەشی ڕۆژهەڵاتی بە دەشتی پشدەر بەناوبانگە، بەشەکەی ڕۆژئاواشی بە دەشتی بیتوێن ناو دەبرێ. بەرزایی دەشتی ڕانییە، بە شێوەیەکی گشتی، لە نێوان ٥٠٠ ــ ٦٠٠ مەتر دایە.

شەنگار: ئەم دەشتە لە ئەستێلکێکی گەورە پێک هاتووە. ڕووی زەوییەکەی لەبەر پرۆسێسی ڕووتاندنەوەی زەوی، هەمووی دادراوە. دەشتی شەنگار لەگەڵ چیای شەنگار، بەرەو نێوچەی دەریک دەرێژ دەبێتەوە. ڕووبەرەکەی لە دەوروبەری ١٨٠ کچگ دایە. لە نێو ئەم دەشتەدا، کۆمەڵێ شیو هەن، کۆمەڵێ چەمیشی پێدا تێپەڕ دەبێت، کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبنەوە، هەمووشیان دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە.

ساحب: دەکەوێتە نێوچەی سەقزەوە. ڕووبەرەکەی لە نێوان ٣٠٠ ــ ٤٠٠ هێکتار دایە. لەم دەشتەدا، چەندین جۆر دەغڵودانی لێ دەچێندرێ، بە تایبەتی گەنم و جۆ.

سلێمانی: درێژاییەکەی لە دەوروبەری ٦٥ کم دایە. پانایییەکەی لە نزیک شاری سلێمانییەوە، ١٥ کم دەبێ. بڵندی لە ڕووی زەریاوە، بە سەدان مەتر دەبێت. لای باشووری نزمە و زەلکاوییە. ڕووباری تانجەرۆ لەگەڵ چەندین ڕووباری دیکەدا، بە نێو ئەم دەشتەدا تێدەپەڕن. دەشتی سلێمانی لەگەڵ دەشتی شارەزوور، پێک دەگەنەوە.

سندی: پانایی دەشتی سندی (زاخۆ)، لە دەوروبەری ٦ کم دایە. درێژاییەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ٦٠ کم دەبێت. تێکڕای بەرزایی لە ڕووی زەریاوە، لە نێوان ٤٠٠ – ٦٠٠ مەتر دایە. چیای بەرواری بالا (مەتینە)، دەکەوێتە باکووری و چیای بەرواری ژێرێش (گارە)، لە باشوورییەوە هەڵ کەوتووە. ڕووباری خابور ئەم دەشتە ئاو دەدات.

شارەزوور: چیای چوارتا لە باکووری دەشتی شارەزور هەڵ کەوتووە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بە چیای هەورامان دەورە دراوە، لە باشوورەوە چیای بالامبور هەیە. درێژاییەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، نزیکەی ٤٥ کم دەبێت. ڕووبەرەکەی لە نێوان ١٥ – ٢٥ کچگ دەبێت. تێکڕای بەرزایی لە نێوان ٤٥٠ – ٦٠٠ مەتر دەبێت.

دەشتی شارەزوور، بە بۆچوونی هەنێک لە شارەزایان، چەماوەیەکی دەرپەڕیوە. بە

بڕوای دەستەیەکی دیکەش چەماوەیەکی قوپاوە، کە لە دواتردا پڕ بووە لە مەتیریاڵی ڕووبارەکان. ئەم دەشتە زۆر بەپیت و بڕشتە، چەندین ڕووباری بە نێودا تێپەڕ دەبێت، لە هەموویان گرنگتر ڕووباری تانجەرۆیە. باشووری ئەم دەشتە، لەبەر نزمی لە زستانان و بەهاراندا، دەبێتە زەلکاو.

شوێ: دەکەوێتە نێوچەی بانەوە. ڕووبەرەکەی لە نێوان ١٥٠٠ – ٣٠٠٠ هێکتار دایە. بەرزاییەکەی لە ڕووی زەریاوە، لە دەوروبەری ١٤٥٠ مەتر دایە. ڕووبارەکانی شوێ و نژو، بە نێو ئەم دەشتەدا تێدەپەڕن و کەڵکی زۆریان بۆ ئاودانی دەغڵودان لێ وەردەگیرێ، وەکوو گەنم و جۆ و چەوەندەر و نۆک و تووتن.

قەراج: لە بنەڕەتدا نوشتاوەیەکی قوپاو بووە، لە دوایدا بە زیخ و تەفەل پڕ بۆتەوە، کە ئاوەڕۆکان لە بەرزایی چیاکانەوە، لەگەڵ خۆیاندا هێناویانن. بەرزاییەکەی لە نێوان ١٨٠ – ٢٣٥ مەتر لە ڕووی زەریاوە دەبێ.دەشتی قەراج لە بناری چیای قەرەچوغەوە، بەرەو گردی کەرکووک و توزخورماتوو درێژ دەبێتەوە.

قروە: ڕووبەرەکەی نزیکەی ٥٩ هەزار هێکتار دەبێت. بەرزاییەکەی ١٨٠٠ مەتر لە ڕووی زەریاوەیە.. چەمی شۆر بە نێویدا تێپەڕ دەبێت.

کەندیناوە: ئەم دەشتە درێژاییەکەی ٨٠ کم و پانایییەکەی ١٦ کم دەبێت. بەرزاییەکەی لە ڕووی زەریاوە ٢٧٥ مەترە. دەشتی کەندیناوە لە نێوان زورگەزراو چیای قەرەچوغدا هەڵ کەوتووە. لێژایی لای باکووری ڕۆژئاوای، بەرەو زێی گەورەیە و ئەوەی لای باشووری ڕۆژئاواشی بەرەو زێی گچکەیە.

کامیاران: بەرزاییەکەی لە ڕووی زەریاوە، خۆی لە ١٤٠٠ مەتر دەدات. ڕووبەرەکەی لە دەوروبەری ١٨ هەزار کچگ دەبێت. دەشتێکی بەپیت و بڕشتە، چەندین جۆر بەرهەمی لێ دەچێندرێ، بە تایبەتی گەنم و جۆ. هەروەها لەوەڕگەیەکی زۆریشی لێ هەیە.

ماردین: ئەم دەشتە لە باشووری شاری ماردین دایە. درێژاییەکەی لە باکوورەوە بۆ باشوور، لە دەوروبەری ٢٥ کم دایە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، ٣٠ کم دەبێت. گردی ماردین کە بەرزاییەکەی لە ڕووی زەریاوە، ١٠٠ مەتر دەبێت، کەوتۆتە باکووری ئەم دەشتەوە. بەرزایی دەشتی ماردین لە باکورەوە ٦٠٠ مەترە و لە ناوەڕاستەوە ٥٠٠ مەترە و لە باشوورەوە ٤٥٠ مەترە.

مەریوان: لە باکووری دەشتی مەریوان، پشتە چیاکانی پشت شەهیدان هەڵ کەوتووە، لە باشوور و ڕۆژئاواوە، کێوەکانی وەیسە و میرحاج، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە گردەکانی ڕووباری گارانە. تێکڕای بەرزایی لە ڕووی زەریاوە، لە نێوان ١٢٦٠ – ١٣٥٠ مەتر دایە.

هەولێـر: درێژایی دەشـتی هەولێـر، لە باشـووری ڕۆژهەڵاتەوە هـەتاکـوو باکـووری ڕۆژئاوای، لە دەوروبەری ٣٠ کم دایە. پانییەکەشـی نزیکەی ٤٢ کم دەبێت. ئەم دەشـتـە لە بنەڕەتەوە، چەمـاوەیەکی قـوپاو بووە، لە دوایدا بە مـەتریاڵی نیشـتـووی ڕووبـارەکـان پڕ بۆتەوە، کە لەگەڵ خۆیان ڕایانداوە. ڕووبەرەکەی بەرز و نزم هەڵ کەوتووە و چەندین دۆڵی تێدایە، کە لەو ڕێگایانەوە، ئاوەکەی دەڕژێتە نێو زێی گچکە و گەورەوە.

بەرزاییـەکـەی لە ڕووی زەریاوە، لە لای ڕۆژهەڵاتیـیـەوە خـۆی لە ٤٦٠ مـەتر دەدات، لە هەندێ شـوێنیـشـدا بۆ ٥٥٠ مـەتر بەرز دەبێتـەوە. بەڵام بەرزایی ڕۆژئاوای لە ٣٠٠ مـەتر زیاتر نابێ. چیای دیدەوان لە ڕۆژئاوای و زورگەزراو لە باشووری هەڵ کەوتوون.

ئورفە: ئەم دەشـتـە دەکەوێتە باشـووری شـاری ئورفەوە. درێژاییەکەی لە باکوورەوە بۆ باشـوور، نزیکەی ٥٠ کم دەبێت. پانایـیـەکـەی لە ڕۆژهەڵاتـەوە بۆ ڕۆژئاوا، ٣٠ کم دەبێت. تێکڕای بـەرزایی لە ڕووی زەریاوە، لە نێـوان ٦٠٠ – ٧٠٠ مـەتر دایە. بەڵام لای ڕۆژهـەڵاتی لە تێکڕای بەرزیی گشتی کەمێک نزمترە و لە نێوان ٥٠٠ – ٦٠٠ مەتر دایە.

دەشتاییەکانی نێوان بەرزاییەکانی ئەڵوەند لە ڕۆژهەڵات و چیای بیدسورخ و سەحەنە

پانایی ئەو دەشتە، نزیکەی ٥٥ کچگ دەبێت. لە باکوورەوە بەرزە، لەبەر ئەوە هاتوچۆی خـۆش نییـە. بەڵام لای باشـووری بـە تەواویی ئاواڵە و ڕێکە، هـەر لەبر ئـەم هۆیەشـە، ڕێگای نێوان قەزای نەهاوەند و تویسـرکان بەم لایەدا کێشـراوە. ئەم دەشـتـە بەپیتـە و کشـتوکاڵی جۆراوجۆری تێدا دەکرێ.

دەشتی نێوان سەحنە و کرماشان: ئەو دەشتە لەبن پای بەرزاییەکانی بید سورخەوە دەست پێ دەکات و بە بەرزاییەکانی نەعلشکن کۆتایی پێ دێت. پانتایی نزیکەی ٩٠ کیلۆمەترە و بارزاییـەکانی پەررۆ و شـاهـۆ کەوتوونەتە باکوورییـەوە. دەشـتی ناوبراو بـەپیتـە و چەندین ڕووباریشی پێـدا تێـدەپەڕێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووبارەکـان قـوڵن، نـاتوانرێ هـەروا بە ئاسـانی ئاوەکانیـان بگەیـەندرێتە ڕۆخی زەوییە کشـتوکاڵییـەکان، لەبەر ئەوە، ئەم کـەرتە ئابوورییە لەو دەشتەدا، زۆر سەرکەوتوو نییە (٣٦، لاپەڕە ١٠٧).

دەشـتی مـاهی دەشت: ڕۆژهەڵاتی ئەم دەشـتـە بەرزاییـەکـانی نەعلشکن و ڕۆژئاوای بەرزاییەکانی حەسەن ئاباد و چەهار زەبەر دەریدەیە. پانایيەکەی نزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر دەبێت و لە دوو لاوە کراوەیە. لەبەر ئەوەی ئەم دەشـتە ئاوی زۆرە و خـاکەکەشی بەپیتـە، لە نێـوچەی کرمـاشـاندا، بە یەکێ لە دەشـتـە سـەرەکییـەکانی کشـتوکاڵ دادەنرێت (٣٦، لاپەڕە ١٠٧).

دەشتەکانی ئیسلام ئاباد و کەرەند: ئەم دەشتانە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە چیاکانی دالاهۆ وفەرح دەورەیان گیراوە. دامێنی لایەنەکانی بە دار داپۆشراون و خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ بەپیتە. دەشتی ئیسلام ئاباد، پانایییەکەی نزیکەی ٤٥ هێکتار دەبێت و دەشتی کەرەندیش نزیکەی ١٠ هەزار هێکتارە.

دەشتی نێوان بەرزاییەکانی پاتاق و خەسەروی: پانایی ئەم دەشتە، لە نێوان ٢٠ – ٧٠ کیلۆمەتر دایە. بەرزاییەکەی لە ڕووی زەریاوە کەمە و ئاووهەواشی گەرمە.

بەشی چوارەم: ئاووهەوا

سەرەتای تۆمارکردنی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە کوردستاندا، بۆ کۆتایی ساڵەکانی بیست دەگەڕێتەوە. ئێسگەی ئاوی دەوڵەتی و ئێسگەی میترولوژی دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٢٩دا و ئێسگەی تۆمارکردنی پلەی گەرما و بارستایی بارانیان، لە سەنتەری پارێزگاکانی دیاربەکر، گازی ئانتەب، ئورفە، سیرت و لە ساڵی ١٩٣٩دا، لە سەنتەری ماردین دامەزراند. لە دوای ئەم ساڵەش، دەزگا ناوبراوەکان سەرەڕای دەزگاکانی تۆمارکردنی پلەی گەرما و بارستایی باران، ئێسگەی ئاووهەوایی دیکەیان، وەکوو ئێسگەی فشار، با، تەم، تۆز، لە سەنتەری پارێزگاکان و هەندێ شوێنی دیکەیان دامەزراند. ئێستا زیاتر لە ١٥٠ ئێسگەی هەمەچەشنەی ئاووهەوایی لە کاردان.

زانیاری ئاووهەوایی لە کوردستاندا، بێ کەموکوڕی نییە، لەبەر ناشارەزایی، یەک لایەنی ئیستگەکان (تەنیا باران یاخود تەنیا گەرما)، ناتەواوی لە هەڵبژاردنی شوێنەکاندا، لە کارکەوتنی هەندێ لەو مەکینە و ئیسگانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و جاری واش هەیە تا سەر بە خراپی دەمێنێتەوە و چاکیان ناکەن، کەمی ژمارەیان لەچاو ڕووبەری کوردستاندا، کۆبوونەوەی زیاتر و تەنیا لە سەنتەری پارێزگاکاندا، بێئاگایی لە بایەخی ئێسگەی ئاووهەوایی و دژواری باری ڕامیاری... هتد.

٠١ هۆکانی کارلێکردنی ئاووهەوا

ئاووهەوای کوردستان، بە هۆی ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە دواکەوتووە:

پانایی جوگرافی

بە یەکێ لە هەرە هۆ گرنگەکانی دیاریکردنی ئاووهەوا دادەنرێ، لەسەر ڕووی زەویدا. ئەو شوێنانەی دەکەونە نێوان هێڵی پانی ٤ -٥، ئاووهەوایان لە کەژەکانی ساڵدا زۆر لێک دەچێ و ماوەی تیشکی خۆر و ڕووناکی یەکسان دەبێ، بەڵام چەند بەرەو هێڵەکانی پانی دیکە بڕۆین، ئەم دیاردەیە دەگۆڕێ.

کوردستان هەر وەکوو لەمەو پێش باسمان کرد، دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی ٤٠,٣٩ هەتاکوو ٣٠,٦١ باکوور. ئەم نێوچەیەش کەوتۆتە باشووری نێوچەی سازگاری باکوورەوە، ئاووهەوای ئەم پانایییە جوگرافییە، لە نێوان بیابانی گەرم و ئاووهەوای زەریای ناوەند دایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی لە نێوان نێوچەکانی کوردستاندا، زۆر هەیە، بە

تایبـەتی لە پلەی گەرمـا و بارسـتـایی باران و جۆرە بارینـەکانی دیکەدا، بۆ نمـوونە، پلەی گەرما لە باکووردا، لەچاو پلەی گەرمای باشووردا، سێ کەڕەت نزمترە. هەتا لە باکوورەوە بەرەو باشـوور بڕۆین، بارسـتـایی باران بـەرەو کـەمـی دەڕوات. هەروەها جـۆر و شـێـوەی بارینەکـانیش دەگـۆڕێ، ئـەگـەر هاتوو لـە باکـووردا، بەفـرێکـی ئاسـایی ببـارێ، ئـەوا لە باشووردا بەدەگمەن نەبێ، بەفر ناباری، بە تایبەتی لە باشووری ڕۆژئاوادا.

دووری و نزیکی لە زەریاکانەوە

کـوردسـتـان بـە زەریاکـانی خـەزەر و ڕەش و ناوەندیی و سـوور و کـەنداوی عـەرەبی و ئەسکەندەرون دەورە دراوە. لە ڕووی ئاووهـەواوە، زەریای نـاوەند بە پلەی یەکەم و کـەنداوی فارسـی بە پلەی دووەم، کاریخـۆیان لەسر ئاووهەوای ئەم وولاتە دەکـەن. بەشـی هـەرە زۆری باران سـەرچاوەکەی تۆفـەکانی زەریای ناوەندە. هـەروەهـا سیستـەمی بارانبارین، زستـانی تەڕە و هاوین وشکە، لە سیستـەمی هـەمان زەریاوە وەرگیراوە.

کەرتی وشکی ئاسیا

کـەرتـی ئاسـیـا، بە گـەورەترین بـەشـی وشکانی سـەر ڕووی زەوی دەژمـێـردرێ. لـەسـەر ڕووەکـەی هـەمـەچەشنە دیاردەی ئاووهـەوا ڕوو دەدات، نەوەکـوو هـەر کـار لە دروسـبـوونی ئاووهەوای خـۆی دەکات، بەڵکوو لە هـەندێ کاتیـشـدا، کار لە بـەشـەکانی دیکەی جیـهـانیش دەکات. ئاووهـەوا لـە کوردسـتـاندا، تا ڕادەیەکی زۆر، لە ئەنجامی کارلێکردنی کـەرتی ئاسیا پەیدا دەبێ، لە پێش هەمووشیانەوە با، لە دوایشدا پلەی گەرما و بارستایی باران.

ڕوو

بـەرزی ڕووی زەوی لە سـەر ئـاسـتـی زەریاوە، لـە هـەنـدێ نێـوچەکـانی بـاکـووری کوردستـاندا، لە پێنج هـەزار مـەتر زیاترە. بەڵام ئەم بەرزییە، هـەتا بـەرەو باشـوور بڕۆین،نزم دەبێتـەوە، هـەتا وای لێ دێت، بەرزییەکە لە چەند مەترێک زیاتر نابێت، واتا پلەی گەرما لە باکوورەوە بەرەو باشـوور زیاد دەکات. لە گوێرەی بارانیشەوە، دەتوانین هـەمان شت بڵێین، واتا بارسـتـایی باران لە باکوورەوە بۆ باشووری کـوردستـان، بەرەو کەمی دەڕوات. سـەمتی چیاکان و بەرزاییان، کارێکی زۆر لە سـەر سەمتی با و تۆفی ئەندامەکانی دیکەی ئاووهـەوا دەکەن.

٠٢ ڕەگەزەکانی ئاووهەوا

پلەی گەرما، بارستایی باران، فشار و با، بەفر، شەختە، هەور، تەم، شێداری ڕێژەیی، ڕەگەزەکانی ئاووهەوا پێک دەهێنن. لێرەدا بەپێی توانا، باسیان دەکەین:

گەرما

گەرمای هەوا، ئەو قەبارە گەرمایەیە کە ڕووی زەوی لە تیشکی ڕۆژەوە پێی دەگات. بە یەکێ لە بە بایەخترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دادەنرێت. لە ڕاستیشدا، هەموو ڕووداوەکانی ئاووهەوا، بەرهەمی گەرمان. قەبارەی گەرما، ئەو فاکتەرەیە کە پۆشەکی ڕووەکی و جۆرەکانی ئاژەڵ و ژیانی ئاسایی مرۆڤ، لە قوژبنە جیاوازەکانی گۆی ئەم زەوییە پێک دەهێنێت.

تێکڕای پلەی گەرمای ساڵ

تێکڕای پلەی گەرمای ساڵ لە کوردستاندا، لە دەوروبەری ١٥ پلەی سانتیگراد دایە، واتا ئاووهەوا لە ڕووی گەرمییەوە فێنکە (مامناوەندی). ئەمەش بۆ شوێنگەی جوگرافی نێوچەی فێنکی باکوور دەگەڕێتەوە. ئەم ژمارەیە لە هەندێ ساڵدا، ٣ – ٤ پلە زیاد دەکات، لە ساڵی واشدا هەیە، ١ – ٢ پلە کەم دەکات.

تێکڕای گەرمای ساڵانە، لە هەموو قوژبنەکانی کوردستاندا،هەمان شت وەکوو یەک نییە، ئەویش لەبەر جیاوازی بەرزیی و نزمی لە ڕووی زەریاوە و دوور و نزیکی لە هێڵی یەکسانی و شوێنگە بەگوێرەی باتۆفی زەریای ناوەڕاست و دوور و نزیکی لە زەریاوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

بەرزترین پلەی گەرما وەکوو لە ژمارەکانی ناو خشتەی ژمارە (١) دا دەردەکەوێ، لە شارەکانی ئورفە، خورەم ئاباد، ئیلام دان، نزمترینیشیان لە شارەکانی ئەرزەڕۆم و وان دان.

خشتەی ١ **تێکڕای پلەی گەرما (سانتیگراد) لە ئێستگەکانی سینوپتیکدا**

ئێستگەی سینوپتیک	بڵندی لە ڕووی دەریا (م)	لە ماوەی ساڵ	پلەی گەرما سانتیگراد
دیاربەکر	٦٦٠	٦٢	١٥,٨
ئەرزنجان	١٢١٥	٥٨	٥,٩
ئەرزەڕۆم	١٨٦٩	٦٢	١٠,٩
گازی ئانتەب	٨٠١	٦٢	١٣,٦
مەلاتیە	٩٩٨	٦١	١٥,٩
سیرت	٨٩٥	٤٩	١٨,١
ئۆرفە	٥٤٧	٥٩	٨,٧
وان	١٧٢٥	٥١	١٣,٣
ورمێ	١٣١٣	٤٦	١٦,٤
ئیلام	١٣٦٣	١٠	١٧,٤
خورەم ئاباد	١١٢٥	٤٦	١٣,٣
سنە	١٣٧٣	٣٧	١٢,٨
شەهری کورد	١٩٩١	٤١	١٤,٠
کرماشان	١٧٥٤	٥٣	١٤,٧
یاسوچ	١٨٨٠	١٠	١٥,٨

مەودای پلەی گەرمای ساڵانە

تێکڕای پلەی بەرزی گەرما، ٣٠ پلە لەسەرو سفرەوەیە، تێکڕای پلەی نزمی، ٢٠ پلە لە ژێر سفرەوەیە. واتا جیاوازی نێوان بەرز و نزمی پلەی گەرمای ساڵانە، ٥٠ پلەیە، ئەم جیاوازییەش لە نێوان ئێسگەکانی کوردستاندا، گەلێ ڕوون و ئاشکرایە. تەماشای خشتەی ژمارە (٢) بکە.

جیاوازی پلەی گەرما، وەکوو لە ژمارەکانی نێو خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێ، دەگاتە ئەو پەڕی بەرزی، لە گازی ئانتەب (٨٦ پلە)، قەرەکۆسە (٨١ پلە)، وان (٧٦ پلە) ... هتد. ئەوپەڕی پلەی نزمیش لە ئێسگەی سەلاحەدین (٧ پلە)، بەکرەجۆ (١٣ پلە)، دێزفول (١٦ پلە).

تێکڕای پلەی گەرمای وەرزەکانی ساڵ

تێکڕای پلەی گەرما لە وەرزەکانی ساڵدا، لەبەر جیاوازی قەبارەی گەرما، کە زەوی لە تیشکی ڕۆژەوە وەری دەگرێت، سەمتی تیرۆژی ڕۆژ و درێژ و کورتی تیرۆژی ڕۆژ و شوێنگەی زەوی بە ڕێژەی ڕۆژەوە ... هتد، هەموویان وەکوو یەک نین. بەرزترینپلەی گەرما لە وەرزی هاویندایە و بە شێوەیە بەرز دەبێتەوە، تا دەگاتە ٢١ سانتیگراد. ئەمش زیاتر لەبەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی هەوا و لە دەسدانی ئەو شێیانەی کە تەوژمی زەریاکان لەگەڵ خۆیان هەڵیان دەگرن، پێش ئەوەی بگەنە سەر خاکی کوردستان و هاتنی بای وشک بە تایبەتی لە لای باشوورەوە. ئەم بایانە هەموو کاتێک وشکن، چونکە خۆیان لە شوێنی وشکەوە هەڵ دەکەن. بە پێچەوانەوە لە وەرزی زستاندا، پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە، هەتا دەگاتە پلەی ، ١٥ ئەوەش بە پلەی یەکەم، بۆ هاتنی بای ساردی سیبریایی دەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەکەی زۆر سارده و ڕێ لە بای وشکی باشوور دەگرێ، بە هۆی ئەوەوە کە فشار لەسەر خاکی کوردستان زۆر بەرزە.

تێکڕای پلەی گەرمای وەرزی بەهار – ١٧ سانتیگراد و پاییز – ١٥ سانتیگراد، زۆر گەورە نییە، لەبەر وێکچوونی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بە تایبەتی گەرما.

هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان، لە ڕووی تێکڕای پلەی گەرمای وەرزی هاوینەوە، زۆر لە یەک دەچن. ئەم دیاردەیە لە باکوور – ٢٠ پلەیە، لە باشوور– ٢١ پلەیە، لە ڕۆژهەڵات – ٢١ پلەی و لە ڕۆژئاواش – ٢٢ پلەیە. بە هەمان شێوەش لە زستاندا، باکوور – ١١ پلە، باشوور – ١٢ پلە. ڕۆژهەڵات – ١١ پلە و ڕۆژئاواش – ١٤ پلەیە.

خشتەی ٢ **جیاوازی نێوان بەرزی و نزمیی پلەی گەرمای ساڵانە لە ئێستگەکانی میترۆلۆژیدا (سانتیگراد)**

ئێستگە	پلەی گەرما		لە ماوەی ساڵ
	بەرز	نزم	
بەکرەجۆ	٢٤	١١	١
خۆی	١٨	٥	٢٢
خوڕەم ئاباد	٢٦	١٠	٢٢
دێزفول	٣٢	١٦	٢٢
دێرک	٤٦	٦	١٨
دیاربەکر	٢١	-٢٤	٤٢
سنە	٤٣	٥	٢٢
سیرت	١٩	-١٩	٢٩
سەقز	١٩	٤	٢٢
سەلاحەددین	١٩	١٢	٤
شەهری کورد	٢١	٤	٢٢
شەنگار	٢٠	١١	١٨
عەینولعەرەب	٣٠	٥	١٨
گازی ئانتەب	٤٣	-٤٣	٢٤
قەحتانیە	٣٠	٦	١٨
قامشلی	٣٢	٧	١٨
قەرەکوسە	٢٨	-٤٣	٢٤
کرماشان	٢٢	٧	٢٢
کەرکووک	٢٨	١٥	٣٠
مەلاتیە	٤٢	-٢٥	٤٢
وان	٤٧	-٢٩	٣١
ورمێ	١٨	٥	٢٢
ئەرزنجان	٤١	-٣٣	٣٨
ئەرزەڕۆم	٣٤	-٣٠	٤٢
ئورفە	٤٧	-٢٩	٣١
موسڵ	٢٧	١٤	٣٠

تێکڕای پلەی گەرمای مانگەکان

پلەی گەرما لە مانگی یولدا، کە گەرمترین مانگی ساڵە، بەرز دەبێتەوە و لە هەندێ ئێسگەدا، دەگاتە ٣٤ پلە. لە مانگی ژەنیوەریدا کە بە ساردترین مانگ دادەنرێت، نزم دەبێتەوە بۆ یەک پلە و هەندێ جاری واش هەیە، بۆ کەمتریش نزم دەبێتەوە، واتا جیاوازی لە نێوان گەرمای ئەم دوو مانگەدا، یا لە نێوان بەرزترین و نزمترین پلەدا – ٣٣ پلەیە. تەماشای خشتەی ژمارە (٣) بکە.

پلەی گەرما وەکوو لە ژمارەکانی نێو خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێ، لە مانگی مایدا زیاد دەکا و وردە وردە بەرز دەبێتەوە، هەتا دەگاتە لوتکە لە مانگی یولدا، بگرە لە ئۆگەستیشدا هەر بەردەوام دەبێت، لە پاشان لە مانگی ئەکتۆبەردا، بەرە بەرە نزم دەبێتەوە، هەتا دەگاتە نزمترین پلەی لە مانگی ژەنیوەریدا.


گەرمای مانگی یول – بە گەرمترین مانگی ساڵ دەژمێردرێ، تێکڕای پلەی گەرما ٣٠ پلەیە (بەرواری – ٢٦ پلە، جزیرە – ٣٤ پلە). لەبەر ڕوونی ئاسمان، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی، گەرماییەکی زۆر بگاتە سەر ڕووی زەوی، تیشکی ڕۆژ بە شێوەیەکی ستونی، گەیشتنی بای زەریاکان بەبێ شێدارەکانیان، نەهاتنی بای سیبریای سارد.

گەرمایی مانگی ژەنیوەری – پلەی گەرما لەم مانگەدا، تەنیا ٣ پلەیە (بەرواری – سفر، ئورفە – ٥ پلە). هۆکانی ئەم نزمی پلەی گەرمایە، بۆ گەیشتنی گەرماییەکی کەم لە تیشکی ڕۆژەوە بۆ سەر ڕووی زەوی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی لەو مانگەدا، هەورێکی زۆر لە ئاسماندا بەری تیشکی ڕۆژ دەگرێ. هەروەها لەو مانگەدا بایەکی ساردی سیبیری هەڵ دەکات، لە نێوچە شاخاوییەکانیشدا فشار بەرز دەبێتەوە... هتد.

تێکڕای پلەی گەرمای شەو و ڕۆژ

دوایٔ ئەوەی خۆر هەڵ دێت، هەوا دەست بە گەرمبوون دەکات، هەتا وای لێ دێت، لە کاتژمێری یەکی پاش نیوەڕۆدا، دەگاتە ئەوپەڕی گەرمی، لە پاشان بەرە بەرە نزم دەبێتەوە و لە نیوە شەودا دەگاتە نزمترین پلە.

پلەی گەرمایی ڕۆژ، لە دەوروبەری ٢٥ پلەدا دەبێت (لە هاویندا – ٤٣ پلە، لە زستاندا – ٤ پلە) هی شەویش لە١٠ پلە نزیک دەبێتەوە (لە هاویندا ـ ١٤ پلە، لە زستاندا ـ ٤ پلە) واتا جیاوازی نێوان گەرمای شەو و ڕۆژ، ١٥ پلەیە. هۆکانی ئەم جیاوازییەش، بۆ ڕوونی ئاسمان و بارستایی ئەو گەرماییەی کە زەوی لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا وەری دەگرێ و سەمتی تیشکی ڕۆژ ... هتد دەگەڕێتەوە.



شوێنی کوردستان لە تۆفەکانی دەریای ناوەڕاست

باران

باران ڕەگەزێکی دیکەی گرنگی ئاووهەوایە، ئەو شوێنانەی بارانی باشی لێ دەبارێ، بە شوێنەوارێکی باش بۆ ڕووەکە و گیانلەبەرە هەمەچەشنەکان دادەنرێ. بەپێچەوانەی ئەو نێوچانەوە، کە بارانیان کەمە و وشکن. باران ڕۆڵێکی گەورە، لە دیاریکردنی چالاکی ئابووری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دیاری دەکات.

تێکڕای سالآنەی باران

تێکڕای سالآنەی باران لە کوردستاندا، ٦٠٠ ملیمەترە. سەرچاوەی ئەم بارانەش، بە پلەی یەکەم بۆ تۆفەکانی زەریای ناوەڕاست دەگەڕێتەوە سەیری گرافی ژمارە (١) بکە.. هەرچەندە ژمارەی تۆفەکان زیاتر بێت، ئەوەندە باران زیاتر دەبارێت و بەپێچەوانەشەوە کەمبوونی ژمارەی تۆفەکان، تێکڕای بارانی سالآنە کەم دەبێتەوە،واتا بارستایی باران لە سالێکەوە بۆ سالێکی دیکە جیاوازە.

باران بە شێوەیەکی گشتی، لە نێوچەکانی باکوور و ناوەڕاستدا، لەچاو نێوچەی باشووردا زیاترە و لە باشووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوادا، لەچاو نێوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەلآت کەمترە. لە نێوچە شاخاوییەکاندا، لەچاو نێوچە دەشتاییەکاندا، دوو تا سێ جار زیاترە. واتا جیاوازییەکی گەورە لە ڕووی بارستایی بارانەوە، لە نێوان نێوچەکانی کوردستاندا هەیە. تەماشای خشتەی ژمارە (٤) بکە.

جیاوازی نێوان بەبارانترین و بێبارانترین ئێسگەدا، وەکوو لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێ، لە ١٠٠ ملم زیاترە (ساسۆن – ١٢٥٩ ملم، خۆی – ٢٥٨ ملم). هۆی ئەم جیاوازییەش، بۆ شوێنی ئێسگەکە لە تۆفانەکانی زەریای ناوەڕاستەوە و بەرز و نزمی لە ڕووی ئاستی زەریاوە و چەشنی تۆپۆگرافی خاکەکە دەگەڕێتەوە.

ئێستگە	تێکڕای بارانی ساڵانە ملم	لە ماوەی ساڵ	ئێستگە	تێکڕای بارانی ساڵانە ملم	لە ماوەی ساڵ
کیلیس	١٠٥٠	٤٧	بوجاق	٦٥٢	٥
گازی ئانتەب	٥٥٦	٤٦	چونگوش	١٠٥٥	١٤
ئەل بەیلی	٤٠٥	١٢	سیڤەرەک	٥٤٨	٤٨
یاوز ئەلی	٥١٤	١٢	چەرمیک	٨٢٢	٢٣
عارەبان	٥٢٥	١٧	قەرەکاچی	٣٧٦	٩
نیزیب	٤٥٤	٢١	قەرەجەداغ	٣٦٨	١٠
خالفەتی	٤٦١	١٥	بۆغوتلەن	٣٧٨	١١
بیرەجیک	٣٧٣	٢٥	بۆزۆڤا	٤٠٧	١٩
بەراک	٣٤٠	١٣	ئاقچەقەڵا	٣١٨	٢٣
یاییلاق	٣٩٠	٧	داغ باشی	٤٩٢	١١
سەمسات	٥٠٨	١٥	ئەرغانی	٧٧٩	٢٠
مورشید پینار	٢٨٤	١١	مەعدەن	١٠١٣	١٨
ئادیەمان	٧٩٧	٤١	وێرانشەهر	٥٤٠	٢٧
دوتلوجە	٣٨٤	١٤	دەمیرجی	٥٨٧	١٠
سوروج	٣٦٠	٢٤	جەیلان پینار	٣٣٣	٢٣
ئاق پینار	٥٥٤	١٥	دیجلە	٨٨٦	٢١
کەحاتە	٦٦٠	٢١	ئاری جاک	١٢٠٢	١٣
نارینجە	٨٤٢	١٣	قۆچەتەپە	٣٧٤	٩
ئورفە	٤٧٠	٤٦	دیاربەکر	٤٨٨	٤٩
ئاق زیارەت	٣٧٩	١١	دەریک	٧٠٧	١٥
تەپەخان	٧٨٩	١١	هانی	١٠٥٠	١٥
ئاقینجیلەر	٦٥٧	١٢	مەرمەڕ	٧٢١	٩
حیلڤان	٤٧٤	١٥	چنار	٣٨٠	١٢
گەرگەر	١٠٠٤	١٤	نوسەیبین	٤٨٥	٢٥
یاردیمجی	٣٠٦	٢	بەشیری	٥٩٧	٢١
ئالتین بەشاق	٣٨٢	٦	میدیات	٥٩٠	١٥
چاملی دەرە	٣٨٨	١٣	گەرجوش	٧٠٤	١٥
گوڵ جوک	٤٣٧	١٣	ساسۆن	١٢٥٩	١٨

ئێستگە	تێکڕای بارانی ساڵانە ملم	لە ماوەی ساڵ
یانارسوو	٨١٥	٥
خەبەرلی	٩٠٨	١١
کورتەلان	٦٤٥	٢١
دارگەجیت	٧٠٩	١٣
سیرت	٧٣٤	٤٧
ئیروھ	٨١٩	٢٠
ئیدیل	٧٥١	١٧
ئایدینلەر	٦٤٨	١٤
دۆغانجە	٦٢٩	٨
جیزرە	٧٠٣	٣٨
شیرناق	٨٠٥	٢٣
بەرواری	٦٨١	٢٢
سلێمانی	٧٠٦	١٧
ئامێدی	٨٨٢	٢٢
موسڵ	٣٩٢	٣٠
حەویجە	٢٥٨	٢٨
خانەقین	٣٠١	٣٠
چەمچەماڵ	٥٦٢	١٨
هەڵەبجە	٥٦٣	١٨
شەقلاوە	٩٥٢	٢٤
زاخۆ	٦٩٧	٢٠
سەرسەنگ	٩٢٧	٢٠
دهۆک	٦٢٤	٢٦
ئاکرێ	٩٣٥	٢٤
دیانا	٨٧٢	١٢

ئێستگە	تێکڕای بارانی ساڵانە ملم	لە ماوەی ساڵ
سەلاحەدین	٨١٣	١٩
ڕواندز	٩٨٠	٢٣
تەلعەفەر	٦٥٨	٣٠
شەنگار	٤٠٤	٢٩
هەولێر	٤٧٤	٢٠
دوکان	٦٧٩	١٤
مەخموور	٣٦٣	٧
خۆی	٢٥٨	٢١
ورمێ	٣٥٥	٢١
کرماشان	٤٨٦	٢١
دێزفول	٣٦٨	٢١
سەقز	٤٨٦	٢١
سنە	٤٧٨	٢١
شەهری کورد	٣٤١	٢١
خوڕەم ئاباد	٥١٧	٢١
قەحتانیە	٣١٩	١٧
عەینولعەرەب	٣٢٨	١٧
قامشلی	٣٨٤	١٧
ئەرزنجان	٣٦٧	٤٦
ئەرزەڕۆم	٤٥٢	٥٢
قەرەکۆسە	٥٢٩	٢٩
مەلاتیە	٣٨٧	٥١
سیرت	٧٣٠	٤٩
وان	٣٧٧	٥٠

تێکڕای باران لە وەرزەکانی ساڵدا

زۆربەی باران لە وەرزی زستاندا دەبارێ، چونکە تۆفانەکانی زەریای ناوەڕاست، لەبەر نزمبوونەوەی پلەی گەرما، لەم وەرزەدا بە تەڕی دەگەنە کوردستان. وەرزی بەهاریش بارانی تێدا دەبارێ، بەڵام لە وەرزی زستان، دوو تا سێ جار کەمترە. بارستایی باران لە وەرزی پایزدا، لە چەند ملیمەترێک زیاتر نییە. وەرزی هاوین لە کوردستاندا وشکە و بەدەگمەن نەبێ، ئەویش لە نێوچە شاخاوییەکاندا بارانی تێدا نابارێ، بەڵام هەندێ نێوچەی دیکە هەن، لەو ڕێڕەوە دەردەچن، وەکوو نێوچەکانی باکووری شاری قەرەکۆسە، کە بە هۆی هاتنی تۆفی تەڕەوە لە زەریای ڕەشەوە، باران لێ دەبارێ.


تێکڕای باران لە مانگەکانی ساڵدا

لە کوردستاندا، لە مانگی نۆڤەمبەرەوە باران دەبارێ، بەرە بەرەش لە مانگەکانی دواییدا، بارستاییەکەی زیاد دەکات، هەتاکوو دەگاتە لوتکە لە مانگی دێسەمبەر و ژەنیوەریدا. پاشان ئەم لوتکەی بارانە، وردە وردە لە مانگەکانی دوایدا نزم دەبێتەوە، هەتاکوو دەگاتە ئەو پەڕی نزمی لە مانگی یوندا. بەڵام لە مانگەکانی یول و ئۆگەستدا، بەدەگمەن نەبێ باران نابارێ، لە زۆربەی نێوچەکانیشدا بە تەواوی باران نابارێ.

وا دیارە پەیوەندییەکی توند، لە نێوان بارستایی باران و پلەی گەرمیدا هەیە. ئەم دیاردەیە لە مانگەکانی ساڵدا، زیاتر دەردەکەوێ. هەتا پلەی گەرما نزم بێتەوە، ئەوەندە باران زیاتر دەبارێ و بەپێچەوانەشەوە، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە، کە گەرما شێی هەوا دەکاتە هەڵم و ڕێگەی یەککگرتنی پێ نادات (تەماشای گرافی ٢ بکە).

جیاوازیی بارستایی باران لە مانگێکدا، لە نێوان ئێسگەکانی باراندا، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێ. تەماشای خشتەی ژمارە (٥) بکە. هەموو ئەو ئێسگانەی، کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای تۆفانەکانی زەریاکانی ناوەڕاست و خەزەر و ڕەش، ساڵ دوازدەی مانگ بارانیان لێ دەبارێ، بۆ نموونە، دیاربەکر، گازی ئانتەب و کیلیس... تاد. بەڵام ئەو نێوچانەی لە ژێر کارتێکردنی ئەم تووفەدا نین و دوورن، لە مانگەکانی مای و یون و یول و ئۆگەستدا، بە تەواوی وشکن، بۆ نموونە، مەخموور، شەنگار و چوارتا ... هتد.

خشتەی؟؟ گرافی ٢



پلەی گەرما و بارستایی باران لە هەندێ
ئێستگەی ئاو و هەوای کوردستان

خشتەی ٥

خشتەی ٥

تێکڕای باران لە ڕۆژەکانی ساڵدا

ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە لە ساڵێکدا، بارانی تێدا دەبارێ، لە هەموو ئێسگە باران پێوەکان، لە نیوەی ڕۆژەکانی ساڵ کەمترن. هەمان دیاردە، بە ڕێژەی بارانبارین لە مانگەکانیشدا، بە ڕاشکاوی دەبینرێ. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

خشتەی ٦ تێکڕا ڕۆژانی بەباران لە مانگێکدا

مانگ	ئێستگە				
	دیاربەکر	ئەرزەڕۆم	کەرکووک	موسڵ	دوکان
ژەنیوەری	١١,٨	١,٢	١١,٣	٩,٩	٨,٩
فێبروەری	١٢,٢	١٢,٢	١٢,٦	١٠,٩	٨,١
مارس	١١,١	١٢,٧	١٠,٦	٩,٣	٥,٨
ئەپریل	٨,٤	١٤,٩	٥,٩	٤,٩	٣,٤
مایی	٢,٤	١١,٢	—	—	—
یونی	٠,٦	٦,٩	—	—	—
یول	٠,٣	٤,٨	—	—	—
ئوگوست	١,١	٥,٣	—	—	—
سەپتەمبەر	٥,٨	٨,٨	٤,٩	٢,٥	١,٩
ئوکتۆبەر	٨,٨	٩,٤	٨,٦	٧,٠	٦,١
نۆڤەمبەر	١٢,٦	١٠,٤	٩,٧	٨,٤	٦,٣
دێسەمبەر	١٣,٤	١١,٢	١١,٥	١١,٦	٨,٠
کۆ	٨٨,٥	١١٩,١	١٣٦,٢	٧٥,١	٤٨,٥

مانگەکانی مای، یون، یول و ئۆگەست، وەکوو لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، لە ئێسگەکانی کەرکووک و موسڵ و دوکان وشکە، بەڵام لە دیاربەکر و ئەرزەڕۆم تەڕە. مانگەکانی دیکەش هەموویان، کەم و زۆر بێباران ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــن.

چەشنەکانی باران لە کوردستاندا

لە کوردستاندا، چەند جۆرە بارانێ دەبارێ، کە هەر یەکەیان بە ناوی ئەو شتەوە ناو دەبرێ، کە دەبێتە هۆی باران بارینەکە. گرنگترین چەشنەکانی باران ئەمانەن:

بارانی سەر بە کلاو

هەر وەکوو لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، زۆربەی بارانی کوردستان، لە وەرزی زستاندا دەبارێ و سەرچاوەکەشی تۆفەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسییە. دوای ئەوەی ئەو تۆفانە، دەگەنە سنووری زەریای ناوەڕاست، دووبارە هێز پەیدا دەکەنەوە و ڕووەو ڕۆژهەڵات دەڕۆن. هەندێکیان دەگەنە کوردستان و دەبنە هۆی بارانی سەر بە کلاو.

بارانی هەڵتان (بارانی ڕووبەر)

چیاکانی کوردستان، هۆیەکی زۆر گەورەن بۆ زیادکردنی باران. ئەم چیایانە، ڕێ لە باکان دەگرن و ناچاریان دەکەن بەرز ببنەوە، بۆ ئەوەی درێژە بە ڕۆیشتنیان بدەن. لە هەمان کاتدا، ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرمایان و یەکگرتنی ئەتۆمەکانی هەڵم، کە لە ئەنجامدا، بە شێوەی بارانی هەڵتان دێنە خوارێ.

بارانی بەرزەیی

بارانی بەرزەیی لە کوردستاندا، لەبەر نەبوونی ڕووگەی ئاوی گەورە، زۆر کەمە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی هەڵم لە ڕووبارەکان و بەستەڵەکان پەیدا دەبێت و بەشێک لە باران دەبارێ، زۆربەشی لە وەرزی بەهار و سەرەتای هاویندا ڕوو دەدات. هۆکەشی بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و شێداربوونی زەوی، لە ئەنجامی بارانی زستان و بەهاردا دەگەڕێتەوە.

با و فشار

تێکڕای فشاری ئەتمۆسفێری ساڵانە لە کوردستاندا، لە دەوروبەری ١٠٠٠ میلیبار دایە. بەڵام ئەم ژمارەیە بەپێی بەرزیی و نزمی پلەی گەرما دەگۆڕێ. لە هاویناندا، لەبەر ئەوەی هەوا گەرم دەبێت، ئەم ژمارەیە کەم دەکات، هەتاکوو دەگاتە ٧٥٠ میلیبار. لە زستاناندا، ئەم ژمارەیە بەرز دەبێتەوە، هەتا دەگاتە ١٣٥٠ میلیبار. ئەم بەرزیی و نزمییە، زیاتر لە مانگەکانی ساڵدا دەردەکەوێ، وەکوو چاوەڕوانیش دەکرێ، لە مانگە هەرە

گەرمەکاندا، کە مانگی یول و ئۆگەستە، فشار لەو پەڕی نزمیدا دەبێت. لە مانگە هەرە ساردەکانیشدا (دێسەمبەر و ژەنیوەری)، فشار دەگاتە ئەو پەڕی بەرزی.

با لە کوردستاندا، لە ڕووی سەرچاوەی هەڵکردن و پەیدابوونییەوە، بەسەر دوو دەستەی سەرەکیدا دابەش دەکرێ، کە هەر دەستەیەکیشیان بەجیا، لە چەند جۆرێکی تایبەتی پێک دێن، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

با گشتییەکان

مەبەست لە با گشتییەکان، هەموو ئەو بایانەن کە لە دەرەوەی کوردستانەوە هەڵ دەکەن و بەسەریدا دێن و تێپەڕ دەبن، وەکوو:

شەماڵ

بای شەماڵ، لە زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵدا دێت، لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلات دەست پێ دەکات. ئەمەش لە لایەکەوە، لەبەر ئەوەیە کە چیاکانی کوردستان بە هەمان شێوەی ڕەوتی باکان هەڵ کەوتوون و بە ناچاری پەیڕەویان دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر ئەوەی لە نێوچە جیاجیاکانی کوردستاندا، جیاوازییەکی زۆر لە فشاردا هەیە. بنکەی فشاری نزمی کەرتی ئاسیا، لە هاویناندا لە باکووری ڕۆژئاوای هیندستان دایە، لەبەر ئەوە بای شەماڵ، بەرەو ئەو نێوچە فشارە نزمە دەچێت و ناتوانێ بۆ نێوچەکانی دیکە بڕوات، لەبەر ئەوەی لەو نێوچانە، بنکەی فشاری بەرز هەیە، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا. بای شەماڵ لە کەژەکانی پایز و زستان و بەهار هەڵ دەکات و هەمان سەمتیشی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە بنکەی فشاری نزم لە کەنداوی عەرەبی دایە و بنکەی فشاری بەرزیش، لە نێوچە شاخاوییەکان دایە.

هورە (بای پێچەوانە)

هورە لە زستاناندا، لە زەریای ناوەندەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلات دێت. ئەمەش لە لایەکەوە لەبەر ئەوەیە، کە بنکەی فشاری نزم لە کەنداوی فارسیدا کۆ بۆتەوە و بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێت، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر ئەوەیە کە ڕووی چیاکان لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلاتە.

بای هورە باران لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ، چونکە ئەو شوێنەی لێوەی هەڵ دەکات، وشکانییە، هەر بۆیە کە لە هاویناندا هەڵ دەکات، گەرم و وشکە و لە زستانانیشدا، سارد و وشکە.

با خۆماڵییەکان

مەبەست لە با خۆماڵییەکان، هەموو ئەو بایانەن کە لە زستاناندا یاخود لە هاویناندا، لە یەکێ لە نێوچەکانی کوردستانەوە هەڵ دەکەن. هۆکەشی بۆ جیاوازی پلەی گەرما و فشار دەگەڕێتەوە. ناوی باکانیش، بە ناوی ئەو شوێنانەوە ناودەنرێن، کە باکەیان لێوە دێت. هەندێ لەو با خۆماڵییانەش ئەمانەن:

قەهرە: ئەم جۆرە بایە بە تایبەتی لە گوندەکانی سەر بە نێوچەی مامەسێنەوە هەڵ دەکاتو بە درێژایی ڕووباری فەهلیان دێت. لە ڕووی کاتی هەڵکردن و پلەی گەرما و زیانبەخشینیدا، زۆر لە بای میترالی فەڕەنسا دەچێت.

سام: ئەم بایە لە نێوچەی مێشانەوە هەڵ دەکات. بەرەو باکووری ڕۆژهەلات دەڕوات. ئەم بایە یەکێکە لە با گەرمە خۆماڵی.

ئاشوب: ئەم بایە لە سەر ڕوودی بوێری ئەحمەدی ژووروەوە هەڵ دەکات. بۆ پوش و خواردەمەنی گیانلەبەران، بایەکی زۆر زیانبەخشە.

ئاب درەخت بو: ئەم بایە لە بەهاراندا پەیدا دەبێت، لە نێوچەی سەر ڕوودی بوێر ئەحمەدەوە هەڵ دەکات.

کوێرە با: لە لای باکووری ڕۆژهەلاتی نێوچەی بەهمەئی ئەحمەدییەوە دێ و لە سەرەتای پایزدا هەڵ دەکات.

بەر ڕۆژ: ئەم بایە لە ڕۆژئاواوە، بەرەو نێوچەی بەهمەئی ئەحمەدی دێ و لە وەرزەکانی بەهار و هاوین و پایزدا هەڵ دەکات.

گردلیلە: نێوچەی بوێر ئەحمەدی ژێرێ، کانگای هەڵکردنی ئەم بایەیە. سەمتێکی دیاریکراوی نییە. بە بڕوای خەڵکی نێوچەکە، هەڵکردنی ئەم بایە، شەڕ لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

بای مەیدان: بایەکی خۆماڵی گەرمە، لە نێوچەی بوێر ئەحمەدی گەرمەسێرەوە هەڵ دەکات.

بای چۆغان: بە دژوارترین بای نێوچەی بوێر ئەحمەدی ژێرێ دادەنرێت. بە زۆری لە زستاناندا بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ هەڵ دەکات، بایەکی زۆر بەهێزە و توانای لەنێوبردنی مرۆڤی هەیە.

ڕەشەبا: ئەم بایە لە زستانان و هاویناندا، بە شەو و بە ڕۆژ، لە نێوچەکانی سلێمانی، کۆیە، ڕانیە، هەڵ دەکات، بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەردەوام دەبێت. لە زستاناندا سەرما و

لە هاوینانیشدا گەرما لەگەڵ خۆی دێنێ. ئەم بایە لە هەندێ نێوچەدا، بە (زریان) بەناوبانگە.

هەوەنوو: بایەکی ساردە، لە نێوچەی کوردستاندا هەڵ دەکات. سەمتەکەی لە ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاواوە، بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات.

بای ڕووس: لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزدا، لە نێوچەی قروە هەڵ دەکات. بایەکی ساردە.

بای چەپ: لە هاویناندا بەو نێوچانەی بەسەریاندا تێدەپەڕێ، فێنکایی لەگەڵ خۆی دێنێت. ئەم بایە بۆ گیا سوود بەخشە. بەڵام لە زستاناندا ساردە. ئەم بایە بە تایبەتی لە نێوچەی قرووەوە هەڵ دەکات.

بای بزن کوژ: بایەکی ساردە. لە پایز و زستاناندا لە نێوچەی پارێزگای کوردستانەوە هەڵ دەکات.

جگە لەو باخۆماڵیانەی لە سەرەوە باسمان کردن، هەندێ بای دیکەش هەن، وەکوو بورجی پیرێژن، بای دارئاوس... هتد.

بەفر

ساڵانە بە دەیان سانتیمەتر بەفر دەکەوێت. هەندێ ساڵ، لە هەندێ نێوچەدا، بارستایی بەفر لە یەک مەتر زیاترە. گەلێ شوێن هەن، بە درێژایی ساڵ بەفریان لێ ناچێتەوە. وەکوو لوتکەی چیاکانی ئارارات، قەندیل، کوەڕەنگ، کەبیرکوە و هەڵگورد ... هتد.

بەفر لە مانگی نۆڤەمبەرەوە، هەتاکوو مانگی مارس دەبارێ، واتا ماوەی بەفربارین پێنج مانگە. لەم ماوەیەدا، ژیان زۆر سەخت دەبێت، بە تایبەتی لە گوندەکاندا، ئەویش لەبەر نەبوونی پێویستییە هوێکانی ژیانە. لە نێوچە شاخاوییەکانیشدا، ڕێگەوبان بە تەواوی دەگیرێ.

هەموو ساڵێ بە لانی کەمەوە، ٤٣ ڕۆژ بەفر دەبارێ. ئەم ژمارەیە لە ئەرزەڕۆم زیاد دەکات و دەگاتە ١١٣ ڕۆژ، لە ئورفە کەم دەبێتەوە و دەبێ بە سێ ڕۆژ. تەماشای خشتەی ژمارە (٧) بکە.

ڕۆژەکانی ژەنیوەری و فێبروەری، لە ڕۆژەکانی مانگەکانی دیکە، زیاتر بەفری تێدا دەبارێ، چونکە کوردستان لەو دوو مانگەدا، زیاتر کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی بای ساردی سیبریاوە. هەروەها تۆفە گەرمەکانی کەنداوی فارسی، لەبەر ئەوەی بنکەی فشاری بەرز، لەم مانگانەدا کۆ دەبنەوە و ناتوانن بگەنە ناوەڕاست و باکووری ووڵات.

خشتەی ٧ ژمارەی ئەو ڕۆژانەیلە مانگەکانی ساڵدا بەفریان تێدا دەبارێ

مانگ	ئێستگە						
	دیاربەکر	ئەرزنجان	ئەرزەڕۆم	مەلاتیە	سیرەت	ئورفە	وان
ژەنیوەری	٥,٦	١٤,٨	٢٩,٢	١٣,٣	٧,٥	١,٦	٢٢,٠
فێبروەری	٤,٦	١٣,٤	٢٦,٢	١٢,٥	٦,٠	١,٠	٢٢,٧
مارس	٠,٨	٤,٨	٢٤,١	٣,٣	١,٧	–	١٤,٨
ئەپریل	–	٠,٢	٤,٧	٠,١	–	–	٢,٢
مایی	–	–	٠,٢	–	–	–	–
یونی	–	–	–	–	–	–	–
یول	–	–	–	–	–	–	–
ئوگوست	–	–	–	–	–	–	–
سەپتەمبەر	–	–	٠,١	–	–	–	–
ئوکتۆبەر	–	٠,١	٠,٨	–	–	–	–
نۆڤەمبەر	٠,١	٠,٩	٥,٢	٠,٥	٠,٣	–	–
دیسەمبەر	١,٨	٧,١	٢٢,٧	٤,٥	٢,٥	٠,٣	٠,٢
کۆ	١٣,٠	٤١,٣	١١٣,٢	٣٣,٢	١٨,٢	٢,٩	٧٩,٠

شەختە

لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، بە درێژایی زستان شەختە دەبێت. لە ئەنجامدا ئاو دەیبەستێ و هاتوچۆ لەبەر خلیسکاندن ناخۆش دەبێت. شەختە لە هەندێ شوێندا، پاش نیوەڕوان دەست پێ دەکات، هەتا چێشتەنگاوێکی درەنگ لە ڕۆژی دوایدا بەردەوام دەبێت. پەیدابوونی ئەو دیاردە ئاووهەواییە، بۆ نەبوونی هەور لە ئاسماندا دەگەڕێتەوە، واتا لە شەوانی سایەقەدا دروست دەبێت. هەروەها لەو کاتانەشدا ڕوو دەدات، کە با پێش تۆفەکان دەکەوێ و لە چیاکانەوە بەرەو دۆڵەکان دێنە خوارەوە.

هەور

هەور لە دێسەمبەر، ژەنیوەری، فێبروەری و مارسدا، لە ئاسمانی کوردستاندا پەیدا دەبێت. ئەمەش بە دەوری خۆی، لە ژمارەی کاتژمێرەکانی گەیشتنی تیشکی خۆر، بۆ سەر ڕووی زەوی کەم دەکاتەوە. ئەم دیاردەیە کار لەسەر بارستایی باران و پلەی گەرما و هەروەها ماوەی ڕووناکی ڕۆژ دەکات. بۆ نموونە، درێژایی ڕۆژ لە شارۆچکەی قامیشلی – ٧,٧ کاتژمێرە. لە شاری دیاربەکر – ٨,١ کاتژمێرە. لە ئەرزنجان – ٧,١ کاتژمێرە. لە ئەرزەڕۆم – ٧,٢ کاتژێرە. لە گازی ئانتەب – ٨,٢ کاتژمێرە. لە مەلاتیە – ٧,٥ کاتژمێرە. لە سیرت – ٧,٥ کاتژمێرە. لە ئورفە – ٨,٤ کاتژمێرە. لە وان – ٧,٤ کاتژمێرە.

تەم

تەم بە زۆری لە نێو دۆڵ و شیوەکان و هەندێ جاریش لە دەشتاییەکاندا ڕوو دەدات. ژمارەی ئەو ڕۆژانەی تەم دروست دەبێت، لە دەوروبەری دە ڕۆژە لە ساڵێکدا. بەڵام لە زستاناندا دوو ئەوەندە دەبێ و لە بەهار و پایزاندا، نیو ئەوەندەیە و لە هاوینانیشدا بەدەگمەن نەبێ ڕوو نادات. بۆ دیاریکردنی ڕۆژە تەماوییەکانی ساڵ، سەرنجی خشتەی ژمارە (٨) بدە.

تەم لە مانگی ژەنیوەرییەوە دەست پێ دەکات و هەتاکوو ئەپرێل، لە دوایدا دووبارە لە نۆڤەمبەرەوە هەتاکوو کۆتایی دێسەمبەر پەیدا دەبێتەوە. واتا ساڵی شەش مانگ، لە ئاسماندا تەم دەبیندرێ. بوونی ئەم دیاردە ئاووهەواییە، دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرما، چونکە تەمەکە بەری تیشکی خۆر دەگرێ و لێ ناگەڕێ، بگاتە سەر ڕووی زەوی.

خشتەی ٨ ژمارەی ڕۆژە تەماوییەکان

مانگ	ئێستگە				
	ئەرزەڕۆم	ئورفە	کەرکووک	موسڵ	خانەقین
ژەنیوەری	٣,٠	١,٠	١,٠	٥,٠	٠,٦
فێبروەری	٣,٠	٠,٣	٠,٢	٣,٠	٠,٣
مارس	٣,٠	٠,٢	–	٢,٠	٠,٢
ئەپریل	٠,٣	–	–	١,٠	–
مایی	–	٠,٢	–	–	–
یونی	–	–	–	–	–
یول	–	–	–	–	–
ئوگوست	–	–	–	–	–
سەپتەمبەر	١,١	–	–	–	–
ئوکتۆبەر	–	–	–	–	–
نۆڤەمبەر	٠,٨	٠,٥	٠,٢	٣,٠	٠,٣
دێسەمبەر	٢,٠	١,٠	٠,٦	٠,٦	٠,٦
کۆ	١٢,٢	٣,٢	٢,٠	١٤,٦	١,٨

شێداری ڕێژەیی

ڕێژەی شــێــداری ڕێژەیی، لە ئەتمۆســفــێــردا نــزیکەی لـە ٥٣٪ یە. ئـەم ڕێژەیە لـەبەر جیاوازی پلەی گەرمیی و کارتێکردنی زەریاکان و بەرز و نزمی ڕووبەر و بارستـایی بەفر، لە هەموو نێوچەکاندا، وەکوو یەک نییە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٩) بکە.

شـێدارترین نێـوچە، شـاری قـەرەکوسـەیە، هـۆکـەشی بـۆ بـەرزی لە ڕووی زەریا و بوونی نێـوچەی بەفـرێکی هـەمـیـشـەیی لە چیـای ئـارارات و بارانبـارینێکی زۆر لە هاویناندا دەگەڕێتەوە. کـەمـترین شێداریش لە شـارۆچکەی حـەویجە دایـە، ئـەویش لـەبەر بەرزی پلەی گەرما و نەبوونی ئاو لەسەر زەوی.

خشتەی ٩ تێکڕا شێی ڕێژەیی

ئێستگە	شێی ڕێژەیی	ئێستگە	شێی ڕێژەیی
قامشلی	٥٠	کرماشان	٥٠
دیاربەکر	٥٣	موسڵ	٥١
ئەزرنجان	٥٩	خوڕەم ئاباد	٤٥
ئەرزەڕۆم	٦٣	خۆی	٦٧
گازی ئانتەب	٦١	ورمێ	٦٢
قەرەکۆسە	٦٧	سنە	٥١
مەلاتیە	٥٣	دوکان	٤٧
سیرت	٦٥	حەویجە	٣٢
ئۆرفە	٤٨	کەرکووک	٤١
وان	٥٩	هەولێر	٤١
شەهری کورد	٤٧	سلێمانی	٣٣
دێزفول	٤٥	–	–

شێداریی ڕێژەیی لە مانگەکاندا

ڕێژەی شێداری ڕێژەیی، بە نزمبوونەوەی پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە. بەپێچەوانەشەوە، بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما نزم دەبێتەوە. واتا شێی ڕێژەیی لە مانگەکانی زستاندا، لەچاو مانگەکانی هاویندا زیاترە. تەماشای خشتەی ژمارە (١٠) بکە.

٠٣ چوار وەرزی ساڵ

چوار وەرزی ساڵ، بە تەواوی لە یەکدی جیا دەکرێتەوە و هەست بە خەسڵەتەکانی هەر یەکێ لەو وەرزانە دەکرێت، وەکوو باران و پلەی گەرما و پۆشەکی ڕووەکی.

بەهار

یەکەم وەرزی ساڵە. هەموو ساڵێ لە ٢١ی مارسدا دەست پێ دەکات و لە ٢١ی یونیدا تەواو دەبێت. پلەی گەرما لە بەهاردا ١٥ – سانتیگرادە. بارستایی باران ١٧ – ملیمەترە و زۆربەشی تۆفانییە و بۆ ماوەیەکی کەم دەبارێ و بە تەواویی زەوی دادەپۆشێ، هەندێ جار زیانی گەورە بە کشتوکاڵ دەگەیەنێت. ڕێژەی شێی بەرزە، لەبەر ئەوەی جار وبار باران دەبارێت و زەویش بە ئاوی بارانی زستان و ئاوی بەفری چیاکان لە کاتی تواندنەوەیدا، تەواو تەڕ و پاراو دەبێت. لە بەهاردا لەوەڕگەکان بە تەواوی زۆر دەبن و سەوز دەبن. لە سەرەتاوە لە دەشتاییەکان و دواتریش لە کوێستانەکانەوە دەست پێ دەکات.

هاوین

وەرزی هاوین لە ٢٢ی یونەوە دەست پێ دەکات و لە ٢٢ی سەپتەمبەردا تەواو دەبێت.پلەی گەرما لە چلەی هاویندا، بۆ ٤٢ سانتیگراد بەرز دەبێتەوە. باران جگە لە نێوچەیەکی تەسکی وەکوو ئاگری ناباری. شێی ڕێژەیی زۆر نزم دەبێتەوە. درێژی ماوەی ڕۆژ لە نێوان ١٢ – ١٤ کاتژمێردا دەبێت. هەور لە ئاسماندا نابێت. پلەی گەرما لە نێوان کاتژمێری ١٢ – ١٥دا بەرز دەبێتەوە، کە خەڵکی بە زەحمەت خۆیان لەبەردا ڕادەگرن، بە تایبەتی لە دەرەوە.

خشتەی ١٠ شێی ڕێژەیی لە مانگەکانیساڵدا، ١٩٨٠

مانگ	ئێستگە						
	حەویجە	کەرکووک	ئەرزەڕۆم	ئورفە	وان	شەهری کورد	ئیلام
ژەنیوەری	٥٤	٧٥	٧٦	٧٨	٧٠	٥٥	٧١
فێبروەری	٥٩	٦٥	٧٥	٦٧	٧١	٥٢	٧٠
مارس	٤٩	٥٩	٧٤	٦٥	٦٩	٥٥	٥٦
ئەپریل	٤١	٤٩	٦٥	٥٣	٦٤	٥٠	٦٠
مایی	٢٦	٣٢	٦٠	٤٣	٥٧	٦٠	٥٥
یونی	١٦	٢٠	٦٥	٣٠	٥٠	٥٥	٤٥
یول	١٥	١٩	٥٠	٢٧	٤٤	٤٢	٣٦
ئوگوست	١٦	١٨	٤٦	٢٨	٤١	٣٢	٣٢
سەپتەمبەر	١٣	٢١	٤٩	٣٢	٤٣	٣٠	٢٩
ئوکتۆبەر	٢٥	٢٩	٦٠	٤٢	٥٨	٣٧	٤٧
نۆڤەمبەر	٣٣	٤٩	٧١	٥٨	٦٧	٤٥	٥٥
دێسەمبەر	٤٢	٦٩	٧٥	٦٩	٧٠	٥١	٥٦
کۆ	٣٢	٤٨	٦٣	٤٨	٥٩	٤٧	٥١

پاییز

سێیەم وەرزی ساڵ، لە ٢٣ سەپتەمبەرەوە دەست پێ دەکات و ٢١ دێسەمبەر کۆتایی پێ دێت. لەم وەرزەدا، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، پلەی گەرما نزم دەبێتەوە. کەمێکیش باران دەبارێ. بە شێوەیەکی ئاسایی، وردە وردە هەور لە ئاسماندا پەیدا دەبێت.

زستان

دوا وەرزی ساڵە و لە ٢٢ دێسەمبەردا دەست پێ دەکات و لە ٢٠ مارسدا کۆتایی پێ دێت. لە زۆربەی نێوچەکاندا، پلەی گەرما نزم دەبێتەوە تا دەگاتە ژێر سفر. بەفر و باران دەبارێن. هەور بەری ئاسمان دەگرێت. شێی ڕێژەیی لە ئەتمۆسفێردا زۆر دەبێت. سەختترین کاتی زستان چلەیە، کە لە ١٦ی ژانیوەرییەوە دەست پێ دەکات و لە ٢٤ی ژەنیوەریدا تەواو دەبێت. چلەش بەپێی توندوتیژی سەرماوە، بەسەر هەشت بەشدا دابەش کراوە: بێدرخە، بێلندە، مێرەم، ئۆغەن، پیت، پاڵۆز، خدر، ئەلیاس. هەریەکێ لەم بەشانە ، ماوەی پێنج ڕۆژ دەخایەنن.

٠٤ هەرێمەکانی ئاووهەوا

دوای ئەوەی بە درێژی، باسی ڕەگەزەکانی ئاووهەوامان کرد، بۆمان ڕوون بۆوە، کە جیاوازییەکی زۆر، لە ڕووی پلەی گەرما و بارستایی باران و بەفر، لە نێوان نێوچەکاندا هەیە. واتا هەر نێوچەیەک، تا ڕادەیەک ئاووهەوای تایبەتی خۆی هەیە. هەرێمە سەرەکییەکانی ئاووهەواش ئەمانەن:

هەرێمی وشکی کەناری گەرم

ئەم هەرێمە ئاووهەواییە، لە نێوچەیەکی گچکەی باشووری کوردستان دایە، کە لە نێوان بەندەری ڕیگەوە، هەتاکوو باشووری بەهبەهان، لەسەر کەنداوی فارس هەڵ کەوتووە. ئەو هەرێمەیە لە بیابان پێک هاتووە و پلەی گەرما لە هاویندا، بۆ ٥٠ پلەی سانتیگرادە بەرز دەبێتەوە. لە زستانیشدا، ڕەنگە گەرمترین نێوچەی کوردستان بێت. بارانی زۆر کەم لێ دەبارێت، لەبەر ئەوەی لە ژێر کارتێکردنی تۆفەکانی وشکی نیمچە دوورگەی عەرەب دایە.

هەرێمی بیابانی وشکی گەرم

ڕووبەری ئەم هەرێمە ئاووهەواییە، لەو نێوچەی پێشوو فراوانترە و تایبەتە بە باشووری پارێزگای ئیلام و قەزاکانی دێزفول و مەسجیدی سلێمان... هتد. پلەی گەرما لە هاویندا دەگاتە ٤٠ سانتیگراد. لە زستاناندا نزیکەی ٢٠ پلەی سانتیگراد دەبێت. تێکڕای بارستایی باران – ١٥ سانتیمەترە. ئەم هەرێمە لە ژێر کاری تۆفەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب و تۆفەکانی زەریای ناوەند دایە.

هەرێمی نیمچە بیابانی گەرم

نێوچەیەکی فراوان لە کوردستاندا، لە ژێر کاری سیستەمی ئاووهەوای ئەو هەرێمەدایە، وەکوو پارێزگای ئیلام و قەزاکانی دێزفول و ئەندێشمک و ئیزە و شوشتەر. پلەی گەرما لە مانگە هەرە گەرمەکاندا – ٣٥ پلەی سانتیگرادە، لە ساردترین مانگیشدا – ١٥ پلەیە. تێکڕای بارستایی بارانی سالانە – ١٧ سانتیمەترە و تۆفەکانی زەریای ناوەند دەگەنە ئەم هەرێمە.

هەرێمی کوێستانی سارد

زۆربەی نێوچە شاخاوییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەی ئەم هەرێمە ئاووهەواییە دان. پلەی گەرما لە زستاندا، زۆربەی شەوەکان و بگرە لە زۆربەی ڕۆژەکانیشدا، لە ژێر سفرەوەیە و دەگاتە ١٠ پلەی سانتیگراد. لە هاویناندا، پلەی گەرمی لە دەوروبەری ١١ سانتیگراد دایە. لە زستاناندا بەفرێکی زۆر دەبارێ و لە هەندێ شوێنیش، بە درێژایی ساڵ بەفری لێ ناچێتەوە. بارستایی باران – ٨٠٠ ملیمەترە.

هەرێمی زەریای ناوەند

بە پانترین نێوچەی ئاووهەوا دادەنرێت لە کوردستاندا. پلەی گەرما لە هاویناندا بەرز دەبێتەوە، هەتا دەگاتە ٣٠ پلەی سانتیگراد، لە زستانانیشدا پلەکە نزم دەبێتەوە، بۆ پێنج پلەی سانتیگراد، لە هەندێ شوێنیشدا بۆ ژێر سفر. بارانی بە زۆری لە زستاناندا لێ دەبارێ و لە هاویناندا وشکە.

بەشی پێنجەم: سەرچاوەکانی ئاو

هەروەکوو کوردستان بۆ خۆی لە ئاودا دەوڵەمەندە، بەو چەشنەش بە سەرچاوەیەکی گەورە و گرنگی، ئاوی وولاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیاش دەژمێردرێ. سامانی ئاوی ساڵانە، بە هەزاران ملیۆن مەتری سێگۆشە دادەنرێت، کە بەداخەوە، بەشی هەرە زۆری بە خۆڕایی دەڕوا و لە ڕێگەی ڕووبارەکانەوە دەڕژێنە کەنداوی عەرەبی و ئەسکەندەرون و زەریای خەزەر و ڕەش و زەریاچەکانی ورمێ و وانەوە.

ڕۆڵی ئاو لە ژیانی دانیشتووانی ڕۆژهەلاتی نێوەندا بە گشتی، وولاتەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا بە کوردستانیشەوە بە تایبەتی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دایە. لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە، ژمارەی دانیشتووانی ئەو وولاتانە، بە بەردەوامی لە زیادبوون دایە، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر ئەوەی پانتایی زەوییە بەراوە کشتوکاڵییەکان، لە فراوانبوون دایە.

٠١ ئاوی سەر ڕووی زەوی

ئەم ئاوانە لە ئاوی ڕووباراکان و زەریاچەکان پێک هاتوون، وەکوو لە خوارەوە باسیان دەکەین:


ڕووبارەکان

کوردستان خاوەنی ڕووبارێکی زۆرە، دەتوانین لە ڕووی درێژیی و قەبارەی ئاوەوە، هەندێکیان لەگەڵ ڕووبارە مەزنەکانی جیهاندا بەراورد بکەین، هەندێکی دیکەشیان لەبەر کورتییان، تاکوو ئێستا شوێنیان لەسەر نەخشەکان دیاری نەکراون. تەماشای نەخشەی (٤) بکە.

ڕووبارەکان، زۆر بە خراپی لەسەریان نووسراوە، ئەو زانیارییانەی کە لەبەر دەست دایە، بێئەندازە ئاڵۆزن و هێشتا بە تەواوی ساغ نەکراونەتەوە، بەڵکوو ساغکردنەوەیان پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە.

لە ڕووی لۆجیکەوە، ڕووبار وەکوو ناوێک یەک ناوی هەیە. بەڵام ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا دەیبینین، بە تەواوی بەپێچەوانەوەیە، چونکە هەر ڕووبارێک لە سەرچاوەکەیەوە تاکوو دوا ڕێژگەی، چەند ناوێکی هەیە، ئەمەش بەپێی ئەوەی، بە لای هەر گوندێکدا تێپەڕ بوو، یا بە بناری هەر چیایەکدا، یا بە نێو هەر دۆڵێکدا ڕەت بوو، جۆرە ناوێکی تایبەتی لێ دەنێن.

نەخشەی (٤) ڕووبارەکان



درێژایی ڕووبارەکان لە سەرچاوەکانیانەوە تا ڕێژگەکانیان، وەکوو یەک نیین. لە هەندێ حاڵەتدا جیاوازییەکە، خۆی لە دەیان کیلۆمەتر دەدات.

بۆ ئاو، لە نێوچە جیاجیاکانی کوردستاندا، زاراوەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە: لە باکوور – دەرە، چای، سوو، نەهـر. لە ڕۆژهەڵاتدا – دەرە، ئاب، ڕوودخانە،ڕود. لە باشـــووردا – جـــۆگـــە، ئاو، چەم (چۆم)، ڕووبـار، زێ. لـە ڕۆژئـاوادا – وادی، نەهـر. زاراوەکان بە تەواوی سنووریان دیار نییە.

سیستەمی ڕووبارەکان، سیستەمێکی چیاییە، واتا لەسەرچاوەکانیانەوە زۆر بە تیژی دێن و بە هەمان هێز دەڕژێنە ڕووباری لە خۆیان گەورەترەوە. ئاوەڕۆکەکانیشیان زۆر قوڵ و تەسک و بە کۆسپن.

ئەو ڕووبارانەی کە سەرچاوەکانیان لە بەفر و کانی هەڵ دەگرن، ئاویان هەمیشە نابڕێ، بەڵام ئەو ڕووبارانەی کە سەرچاوەکانیان ئاوی بارانە، ئەوا دوای باران بڕان، ئەوانیش وشک دەکەن.

لافاوی ڕووبارەکان لە مانگەکانی ئەپریل و مای دایە، چونکە بەفری سەر چیاکان لەم دوو مانگەدا دەتوێنەوە.

ڕووبارەکانی کوردستان، لەبەر قوڵی دۆڵەکان و تیژ ڕۆیشتنیان، بۆ هاتوچۆی ئاوی دەست نادەن. بەڵام لە ڕووی سامانی ئاوەوە، زۆر دەوڵەمەندن، بە تایبەتی ماسی.

ڕووبارەکان لە ڕووی ڕێژگەیانەوە، بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکرێن، کە بە ڕەوبەر و قەبارەی ئاو لێک جیاوازن. تەماشای نەخشەی ژمارە (٥) بکە.


ا – ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە حەوزی کەنداوی فارسەوە.

ب – ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە حەوزی کەنداوی ئەسکەندەرونەوە

ج – ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە دەریای خەزەرەوە.

د– ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە زەریاچەکانەوە.

نەخشەی (٥) حەوزی ڕووبارەکان



١ - ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە حەوزی کەنداوی فارسەوە

کەنداوی فارس ئاوەکەی گەرم و شۆرە. ڕووبەرەکەی لە دەوروبەری ٢٣٣ هەزار کچگ دەبێت. لەگەڵ زەریای عومان، لە ڕێگەی تەنگەی هورمزەوە یەک دەگرنەوە. درێژاییەکەی لە ڕێژگەی ڕووباری ئاروندەوە لە باکووری ڕۆژئاواوە، هەتاکوو تەنگەی هورمز - ٢٨٨ کیلۆمەترە. پانایییەکەی لە نێوان ٥٦ - ٢٨٨ کیلۆمەتر دەبێت. قولاییەکەی لە هەموو لایەکەوە، وەکوو یەک نییە. قوڵترین شوێنی دەگاتە - ١٨٢ مەتر، لە سەری مسەندەم کەمترین قولایی (٣٠ مەترە)، کە دەکەوێتە ڕێژگەی ڕووباری ئاروندەوە.

کەنداوی فارس یەکێ لە زەریا هەرە گەرمەکانی سەر ڕووی زەوی پێک دەهێنێت. پلەی گەرمی ئاوەکەی، لە پلەی گەرمی گشت ئاوەکانی نێوچەکە زیاترە. توندی گەرمای با لە مانگی ئۆگەستدا، دەگاتە - ٦٥ سانتیگراد. پلەی گەرمی ڕووی ئاو لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا، دەگاتە - ٣٠ سانتیگراد.. ئاووهەوای کەنداوی فارس لە زستاندا لەبارترە. لە مانگی ژەنیوەریدا، کە ساردترین مانگی ساڵە، پلەی گەرمی کەم دەبێتەوە، تا دەگاتە ١٤ سانتیگراد، بە تایبەتی لە ڕۆژئاوادا.

شۆری ئاوی کەنداوی فارس، لەو وەرزانەدا کە ئاو کەمە، واتا وەرزی زستان، (٤٨ لە هەزار) لە شۆری ئاوی ئۆقیانووسی هیندی (٣٥ لە هەزار) زیاترە. زەریای خەزەر (١٤ لە هەزار)، بەڵام کە ئاو زیاد دەکات لە بەهاراندا، ڕێژەی سوێری ئاو کەمتر دەبێتەوە.

کەنداوی فارس لە ڕووی سامانی نەوتەوە، زۆر دەوڵەمەند. ئەوڕۆ لە زۆر شوێنیدا، نەوت دەردەهێندرێت. هەروەها بایەخی ستراتیژیی و بازرگانیشی کەم نییە. بەشەکەی کوردستان لە کەنداو، لە گناوەوە دەست پێ دەکات و بە چەند کیلۆمەترێک لە باکووری بەندەری دەیلەم کۆتایی پێ دێت.

ڕووباری فورات

درێژایی ڕووباری فورات، لە سەرچاوەکەیەوە هەتاکوو لەگەڵ ڕووباری دیجلەدا تێکەڵ دەبێت، ٢٨٠٠ کم. درێژاییەکەی لە نێو خاکی کوردستاندا، لە دەوروبەری ٢١٧٠ کم دایە، واتە درێژترین ڕووباری وولاتە. ڕووباری فورات، لە تێکەڵاوبوونی ڕووباری قەرەسوو (٤٦کم) و موورات (٦١٥ کم)، دوای ئەوەی لە ئاوبەندی قەبان ـ Keban baraji دەڕژێن، پێک هاتووە.

یەکەم: ڕووباری قەرەسوو

ڕووباری قەرەسوو ـ Kara su، سەرچاوەکەی لە ئاوەکانی چیای دوملوەوە ـ Dumlu Daq هەڵ دەقوڵێ. دوای ئەوەی هەموو ئەو ئاوانە، لە باکووری شارۆچکەی ئیلچە ـ Ilica ، تێکەڵاو دەبن، بە ناوی ڕووباری قەرەسووەوە دەناسرێت. ڕێڕەوی ئەم ڕووبارە، لە.ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، لە دوایدا بەرەو باشوور هەتاکوو لە ئاوبەندی قەبان دەڕژێ. هەندێ لە لقەکانی ڕووباری قەرەسوو، ئەمانەن:

۰۱ چەمی باشی .Bas. C

سەرچاوەی ئەم ئاوە دەکەوێتە نێو چیاکانی بۆزان ـ Bozan Dagı و ئاکبابا ـ Akbaba Dagı و یەشل چال ـ Yesilcal Dagı و دوملو ـ Dumlu Dagı ، پاشان، دوای چەند کیلۆمەترێک، لە باشووری شارۆچکەی ئاش قەڵا، دەڕژێتە ڕووباری قەرەسووەوە.

۰۲ ئاوی ئۆمەر تەپە ـ .Omertepe S

ئەم ڕووبارە، لە ئەنجامی تێکەڵابوونی چەندین ئاوی پچکۆلە پێک هاتووە، کە سەرچاوەکانیان دەکەونە باکووری ڕۆژئاوای چیاکانی پالان دوکەن ـ Palan doken Dagı ، لە دوایدا، لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ئیلچە، بە چەند کیلۆمەترێک دەڕژێتە ڕووباری قەرەسووەوە.

دووەم: ڕووباری مورات ـ Murat Nehri

ڕووباری مورات، لە تێکەڵاوبوونی ئاوی چیاکانی ئالا ـ Ala Dagı و تەندروک ـ Tendurek Dagı پێک دێت. سەمتی ڕووباری ناوبراو، لە سەرەتاوە بۆ ڕۆژئاوا دەڕوات و لە پاشان بەرەو باشوور دێت. پاشان درێژە بە ڕۆیشتنەکەی دەدات، هەتاکوو لە باشووری شارۆچکەی پالو ـ Palu، بە چەند کیلۆمەترێک. لە ئاوبەندی قەبان دەرژێ. ئەم ڕووبارە، لە چەپ و ڕاستەوە، چەندین ڕووباری دیکەی تێدەڕژێ، کە هەندێکیان، لەمانەی خوارەوەدا خۆیان دەبینن:

۰۱ دەرەی شێخ ئیبرایم ـ.Seyhibrahim D

ئەم دەرەیە. لە ڕۆژهەڵاتی چیای قاندل (Kandil Dagı) سەرچاوە هەڵ دەگرێت و لە باشوورەوە بەرەو باکوور دەڕوات، هەتاکوو لە ڕۆژئاوای گوندی گەچیتواران ـ Gecitvren، لە ڕووباری فورات دەڕژێت.

٠٢ دەرەی گەلوتان ــ .Gelutan D

ئاوی ڕۆژئاوای چیای قاندل، سەرچاوەی ئەم دەرەیەیە. درێژاییەکەی چەند کیلۆمەترێک دەبێت. لە لای ڕاستەوە دەڕژێتە ڕووباری فوراتەوە.

٠٣ دەرەی قەرەکایە ــ .Karakaya D

ئەم دەرەیە ئاوێکی درێژە. لە ئاوەڕۆی سەروو کە ناوی بە دەرەی دەرین ــ .Drein D ناسراوە.دوای ئەوەی لە باشووری ئاوەدانی پاتون ــ Paton ، لەگەڵ چەندین ئاوی دیکەدا، تێکەڵ دەبێت، ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە قەرەکایە. لە دوایدا لە باشووری ڕۆژئاوای گوندی قەرەکایەوە، لە ڕووباری مورات دەڕژێت.

٠٤ چەمی قوپکیران ــ .Kupkiran C

ئەم چەمە بە نێو شاری قەرەکوسەدا دەڕوات. بە چەند کیلۆکەترێک لە باشووری ئەم شارەدا، دەڕژێتە ڕووباری موراتەوە.

٠٥ چەمی چوما ــ Cume C

سەرچاوەکەی لە ئاوەکانی ڕۆژئاوای چیای قزکازیا ڕەت ــ Kızıkazıyart هەڵ دەگرێت. دوای چەند کیلۆمەترێک ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە تاشل چای – .Tasl C و لە باشووری ڕۆژئاوای شاری قەرەکۆسەوە، دەرژێتە ڕووباری موراتەوە.

٠٦ چەمی شەییار – .Serıyar C

ئەم چەمە، سەرچاوەکەی دەکەوێتە باکووری چیای چاکماک – .Cakmak C و بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات، هەتاکوو لە ڕووباری مورات دەڕژێت.

٠٧ دەرەی باشمە – .Basıma D

ئاوێکی زۆر درێژە. سەرچاوەکەی دەکەوێتە باشووری چیای قیلیچ – Kılıc Dagı. ئەم دەرەیە لە دوو ئاو پێک دێت. پێش ئەوەی بگاتەوە ڕووباری مورات. چەند ئاوێکی دیکەی تێدەڕژێت. دەرەی باشمە، لە ئاوەڕۆی ناوەڕاستدا بە ناوی دەرەی ئەلمالییەوەیە – Elmaı .D و لە ئاوەڕۆی خوارەوەی بە ناوی قەسیک چای – .Kesik C ناسراوە.

٠٨ ئاوی حەسەناوا – .Hasanova S

ئەم ئاوە لە تێکەوڵابوونی ئاوەکانی دەرەی چایۆنو – .Cayönu D، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە ڕۆژئاوای چیای ئاق دۆغان – Akdogan Dagı و زەریاچەی ئاق دۆغان – Akdogan Gölu و ئاوەکانی چیای بینگۆل – Bingol Dagı پێل دێت و دوایی بە چەند کیلۆمەترێک، لە ڕووباری مورات دەڕژێت.

٠٩ چەمی گەن – .Gen C

ئەم چەمە لە گوینک چای – .Goynuk C، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی چیای سەیتان – Seytan Dagı و دەرەی بایرام –.Bayram D ، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە باشووری چیاکانی قارا بۆغا – Karaboga Dagı پێک هاتووە.

ڕووباری فورات، جگە لەو ڕووبارانەی باسمان کردن، چەندین لقی دیکەی هەیە. وەکوو ئاوی گەڤلوک – .Gevluk S و ئاوی توزلە – .Tuzla C و چەمی گولان – .Gulan C و چەمی قورو – .Kuru C و چەمی قەدکی باشی – .Kedikbasi C و چەمی چالتی – .Calti C و بە دەیان ئاوی دیکەش.

ڕووباری دیجلە

ئەم ڕووبارە لە زەریاچەی گولچوک – Gölcük Golu سەرچاوە هەڵ دەگرێت و لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوور دەڕوات، هەتاکوو لە ئاوەدانی (فەتحە)ی نێوان چیای حەمرین و مکیحل، لە خاکی کوردستان دەردەچێتە دەرەوە. درێژایی ڕووباری دیجلە، لە سەرچاوەکەیەوە هەتاکوو لەگەڵ ڕووباری فوراتدا تێکەڵاو دەبێت – ١٩٠٠ کم، درێژاییەکەی لە نێو خاکی کوردستاندا لە دەوروبەری ٨٤٧ کم.. هەندێ لە لقەکانی ئەم ڕووبارە، ئەمانەن:

٠١ چەمی بەرکیلین – .Berkilin C

سەرچاوەی چەمی بەرکیلین دەکەوێتە ڕۆژئاوای چیای ئاکچاقارەوە– Akcakara Dagi، لە باکوورەوە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، هەتاکوو لە ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی ئەغیل، دەڕژێتەوە نێو ڕووباری دیجلە.

٠٢ چەمی ئەمبار – .Ambar C

سەرچاوەی چەمی ئەمبار، دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی چیاکانی ئینجە بوروم – Inceburum Dagı، لە باکوورەوە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، هەتاکوو لە ڕۆژهەلاتی گوندی ئەمبار – Ambar، دەڕژێتە نێو ڕووبای دیجلەوە.

٠٣ چەمی قورو – .Kuru C

ئاوی نێوچەی شارۆکەی مەرمەڕ – Mermer، سەرچاوەکەی لە چەمی قورووە و لە باکوورەوە بەرەو باشوور دەڕوا، هەتاکوو لە ڕۆژئاوای شارۆکەی بیسمیل، دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلەوە.

٠٤ چەمی پامبوخ – .Pamuk C

ئاوی باراناو و بەفری باشووری ڕۆژئاوای چیای ئوزون جاسەکی – Uzuncaski Dagı، سەرچاوەکەی چەمی پامبوخە. ئەم ڕووبارە لە ڕۆژهەڵاتی شارۆکەی بیسمیلەوە، دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە.

٠٥ چەمی سەلات – .Salat C

ئاوەکانی باشووری چیای ئوزون جاسەکی، دوای ئەوەی تێکەڵاو دەبن، چەمی سەلات پێک دەهێنن. ئەم چەمە پێش ئەوەی بڕژێتە نێو ڕووباری دیجلەوە، چەند ئاوێکی دیکەی تێکەڵاو دەبێت.

٠٦ چەمی باتمان ـ .Batman C

یەکێکە لە لقە گەورەکانی ڕووباری دیجلە(١٧٠ کم). ئەم ڕووبارە، لە ئاوەکانی چەمی ساریم – .Sarim C و چەمی قولّپ – .Kulp C و چەمی سورکان – .Sorkan C و چەمی ئاید ینلک – Aydinlik C پێک دێت. سەرچاوەی ئەم ئاوانە دەکەوێتە، چیاکانی ئاقچەقەرە – .Akcakara C و موش گونایی – Musgüneyi و ئنجە بوروم وبولاک ... تاد.

٠٧ چەمی کارزان ـ .Garzan C

ئاوی ڕۆژهەڵاتی چیای بولاک – Bulak Dagı و ئاوی ڕۆژهەڵاتی چیای موش گونایی، هەتاکوو لە باکووری شارۆکەی مەیدان تێکەڵاو دەبنەوە، بە ناوی چەمی ئوروسەوە – Uruc .C ناسراون. لە پاشاندا، لە ڕۆژهەڵاتی شارۆکەی کوزلوس ، ناوەکەی دەبێتە چەمی پانارسوو – .Panarsu C. دوای گوندی ئیکی کۆپرو – Ikiköprü، ناوەکەی دەبێتە چەمی گارزان (١٢٢ کم) پاشان، دوای چەند کیلۆمەرێک، هەر بەو ناوەوە، دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە.

٠٨ چەمی بۆتان

دوای ئەوەی ئاوی چیاکانی ساری – Sarı Dagi و داملا– Damla Dagi و گوکی – Gok Dagi و قارا –Kara Dagi تێکەڵاو دەبن، پێی دەوترێ چەمی چاتاک – .Catak C. بەو ناوەوە بەرەو ڕۆژئاوای گوندی ئۆمورلی – Umuru دەڕوات، لە دوای ئەم گوندە، ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێ بە چەمی بۆتان.(٢٨٦کم).لە پاشاندا، دوای چەند کیلۆمەترێک دەڕژێتەوە ڕووباری دیجلە.

چەمی بۆتان لە سەرچاوەکەیەوە، هەتاکوو ڕێژگەکەی لەسەر ڕووباری دیجلە، چەند ئاوێکی تێکەڵاو دەبێت. هەندێ لەوانە، ئەمانەن: دەرەی کەندۆڵان ، چەمی زاراقە، باخچە سارای، چەمی قازار.

٠٩ دەرەی قاواجیک – Kavacik D.

سەرچاوەی دەرەی قاواجیک دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چیای شێخ هۆمەرەوە –^eyhomer Dagi، لە دوای چەند کیلۆمەترێک، دەرژێتە ڕووباری دیجلەوە.

٠١٠ دەرەی ئینلی ـ Inli D.

ئاوی باشووری چیای یاسسی – Yassı Dagi و باکووری چیای قوپەلی – Küpelı Dagi، سەرچاوەی دەرەی ئینلین.ئەم دەرەیە، لە چەند ئاوێک پێک دێت و لە دوای چەند کیلۆمەترێک، دەرژێتە ڕووباری دیجلەوە.

٠١١ چەمی قزل – Kizilsu C.

سەرچاوەی چەمی قزل دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی چیای یاسسی و باکووری قایا ئونو – Kaya onu Dagi و ڕۆژئاوای ناماز – Namaz Dagi. دوای ئەوەی ئەو ئاوانە تێکەڵاو دەبن، بە چەند کیلۆمەترێک دەڕژێنەوە نێو ڕووباری دیجلە.

٠١٢چەمی چاغلان – Caglayan C.

چەمی چاغلان لە ئاوەڕۆی سەرووییەوە، چەند ئاوێکە، دوای تێکەڵابوونەوەیان، بەرەو ڕووباری دیجلە دەڕۆن و دەرژێنە ناوییەوە.

٠١٣ ئاوی نەزیل – Nezil S،

ئاوی نەزیل لە سەرچاوەکەیەوە لە چەند ئاوێک پێک هاتووە. لە هەموویان گەورەتر دەرەی بەهرانجی – Behranci D. و چەمی ئۆرتە – Ortasu C.، دوای تێکەڵاوبوونیان، بە چەند کیلۆمەترێک دەڕژێنەوە نێو ڕووباری دیجلە.

٠١٤ ڕووباری خابور – Nahr al Khabur،

ڕووباری خابور لە ئاوەڕۆی سەرووییەوە، بە ناوی چەمی یەزیلوز – Yesilöz C. ناسراوە. دوای گوندی ئۆرتالی – Ortalı، ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە ڕووباری خابور. لە پاشان بە ناو شارۆچکەی زاخۆدا دەڕوات و لەگەڵ نەزیل سوو تێکەڵاو دەبن، ئینجا لە ڕووباری دیجلە دەڕژێ.

ڕووباری خابور، لقێکی گەورەی هەیە، ناوی هیزیلە، کە ئەویش لە ئاوەکانی شرانش، چۆمی، بیجو، سرار، سابنە گوروکەرم پێک دێت.

٠١٥ زێی گەورە

زێی گەورە، لقی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیە و سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیاکانی ییگیت – Yigit Dagı، مەنگەنە Mengene Dagi ، لە باکوورەوە بەرەو باشوور دێت، هەتا

دەگاتە ئاوبەندی بێخمە، لە دویدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتا لە باشووری شاری موسڵ ، دەرژێتە نێو ڕووباری دیجلەوە.

درێژایی زێی گەورە نزیکەی ٣٩٢ کیلۆمەتر دەبێت. حەوزی ئاورێژی لە ٢٦ هەزار کچگ زیاترە.تێکڕای ئاوڕۆیشتنی لە نێوان ٤٠ – ٧٠ مەتری سێگۆشەیە لە چرکەیەکدا. ڕووباری دیجلە ساڵی ٣٣٪ی ئاوەکەی لە زێی گەورەوە بۆ دێت.

زێی گەورە، وەکوو ڕووباری دیجلە لە ئاوەڕووی سەروو ناوەندیدا، چەند ڕووبارێکی دیکەی تێکەڵاو دەبێت، لەوانە:

دەرەی خەشکان – kan D._Ha

ئەم دەرەیە، سەرچاوە لە ئاوەکانی چیای مۆر – Mor dag هەڵ دەگرێت و بەرەو ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا دێت، هەتا لە نزیک گوندی ڕەزیوک، دەڕژێتە نێو زێی گەورەوە. ئەم دەرەیە، بە هەمان شێوە چەند ئاوێکی تێکەڵاو دەبێتەوە،

ڕووباری شین – Rûbarî Sîn

ئەم ڕووبارە لە تێکەڵابوونی ئاوی چەمی شەمدینلی – .Semdinli C. کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیاکانی بایاز – Bayaz dag وئیکیالی – Ikiyalca dag و چەمی بەیدەرەسی – Beyderesi Cay، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیاکانی هەکاری، بە تایبەتی چیای بوزول – Buzul dag پێک دێت. دوای ئەوەی لە باشووری گوندی سوتونی – Sutuni تێکەڵاو دەبن. لە دوایدا لە زێی گەورە دەڕژێ.

ڕووکوچوک

ڕووباری حاجی بەگ و چۆمی بەرازگرد، لە باکووری ڕۆژئاوای گوندی خێرەزوک تێکەڵاو دەبن و ڕووکوچوک پێک دەهێنن و لە نزیک گوندی ڕێزانەوە، بە زێی گەورە کۆتایی پێ دێت.

ڕووباری ڕەواندوز

ئاوی چیاکانی نێوچەی حاجی هۆمەران و دەوروپشتی، بە سەرچاوەی ئاوی ڕووباری حاجی هۆمەران دەژمێردرێ. ئەم ڕووبارە لە سەرەتاوە لەم دوو لقەی خوارەوە پێک دێت:

٠١ ڕووباری حاجی هۆمەران – ئەم ڕووبارەش، لە دوو ئاو پێک هاتووە: یەکەمیان، لە نێوچەی شیوە ڕەشەوە دێت. دووەمیشیان، بە ئاوی سییەرە بە ناوبانگە و لە نێوچەی کوێستانەوە دێت. پاش ئەوەی ئەم دوو ئاوە، لە باکووری حاجی هۆمەران تێکەڵ دەبن، ناوەکەی دەبێتە ڕووباری حاجی هۆمەران. ئەم ئاوە لە پاشان، بە گوندی ڕایاتدا تێپەڕ دەبێت و لەگەڵ ڕووباری ئارانە، لە نزیک گوندی بابەکراوە یەک دەگرن. لەوێشەوە بەرەو

گوندی دەربەند دەڕوات، هەتا لەگەڵ ڕووباری گوندەژوور، کە لە نێوچەی کوێستانی بن هەڵگوردەوە دێت، تێکەڵ بە یەک دەبن، پاشان ناوەکەی دەبێتە ڕووباری دەربەند. لە پاشان ئەم ئاوە، لەگەڵ ڕووباری ناوەندە، لە نزیک گوندی گرکەنجیر یەک دەگرن و دەڕوات، هەتا لە پاشان ناوەکەی دەبێتە ڕووباری چۆمان و بە ناوپرداندا تێپەڕ دەبێت، هەتا دەگاتە ڕووباری باسا (ڕووباری دۆڵی سەکران) ئەوەی دواییش لە ئاوی حەساری سەکران وێزێ پێک دێت، کە سەرچاوەکانیان دەکەوێتە کوێستانی سەکران و وێزێوە. پاشان ڕووباری چۆمان بە گوندی کەوەرتێدا تێپەڕ دەبێت، هەتا دەگاتە پردی گەلاڵە، لەوێ لەگەڵ ئاوێکی گچکەدا تێکەڵ دەبێت، بە ناوی ئاوی گەلاڵەوە، کە سەرچاوەکەی کانیاو و ئاوی باران و بەفراوی نێوچەی مەرزەیە. لە دواییدا ڕووباری چۆمان، بە گوندەکانی پردی زەرد و ڕێزان و ئۆمەراوا و ناوکێلان و پاشگۆزی و ڕێزانۆک تێپەڕ دەبێت و لە گوندی دواییدا لەگەڵ لقەکانی دیکەی ڕووباری ڕەواندوز تێکەڵ دەبێت.

٠٢ ڕووباری دوورماوان (ڕەژی کەریان) – لە دوو ئاوی سەرەکی پێک دێت. یەکەمیان، لە نێوچەی خوارتریشەوە دێت و بە گوندی زێوەی وەرتێدا تێپەڕ دەبێت، هەتا دەگاتە لقی دووەم لە گوندی خانەقا، ئەوەی دوایی، لە ئاوەکانی دەوربەری گوندی زەنگرین و چۆمە پێک دێت. پاش ئەوەی یەک دەگرنەوە، ناوەکەیان دەبێتە ڕووباری بارێ (دۆڵی بارێ) ئەو لقەی دوایی بە گوندەکانی ماونان قەرات و سانێ و چومە سارک و دیلمان و بەرتگرتکەدا تێپەڕ دەبێت و لە نزیک گوندی خانەقا، لەگەڵ ڕووباری وەرتێدا یەک دەگرنەوە. لە دواییدا ئەو گوندە ناوەکەی دەبێتە دیلمان و لە پاش چەند کیلۆمەترێک، ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە دورماوان (ڕەژی کەریان). پاش گوندی ڕێزانۆک، یاخود دوای ئەوەی ئاوی حاجی هۆمەران و دورمان تێکەڵ بە یەک دەبن، بە گوندەکانی بەرسرین و وارکەون و میراجیا و جنیراوە و بێشوک و ڕەواندوزدا تێپەڕ دەبن و دەڕژێنە زێی گەورەوە.

٠١٦ زێی گچکە

زێی گچکە لە ئاوەکانی دەشتی لاهیجانی ڕۆژئاوای شاری مهاباد پێک دێت. لە سەرەتاوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلات و لە دوییشدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات و لە ڕێگایا، ژمارەیەک لە چیا ڕەقەکان دەبڕێ و بە دۆڵی قوڵدا تێپەڕ دەبێت. ئەم ڕووبارەش، لە دوو ئاو پێک هاتووە:

چەمی بانە – سەرچاوەکەی دەکوێتە چیاکانی سنە، دوای ئەوەی لەگەڵ چەند ئاوێکی دیکە تێکەڵ دەبێت، لە دواییدا دەڕژێتەوە زێی گچکەوە. ڕوباری بانەش هەندێ لقی هەیە،

وەکوو: ئاوی ئەحمەد ئاباد کە لە چیاکانی جانەرەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت، ئاوی شاجو، کە سەرچاوەکەی لە چیاکانی بابوسە، چەمی کانی گوێزە، کە لە چیاکانی چی چۆران دێت، دل هەرزن کە لە چیاکانی دل هەرزن هەڵ دەقوڵێت و نێوچەکانی سەردەشت و بانە ئاو دەدات. جگە لەو ئاوانەی باسمان کردن، ئاوی چەند کانی پڕ ئاو بەروباری بانە کوتاییان پیدیت، وەک کانی دوکانیان، کە دەکەوێتە باکووری شارۆچکەی بانە بە سێ کیلۆمەتر و کانی مام خوا، کە لە چیای ئاربابای باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بانە هەڵ کەوتووە و کانی هەفرەی باشووری بانە.

چەمی ماوەت – ئەو چەمە بە چەمی قەڵاچوالانیش ناو دەبرێ. لە بنەڕەتەوە لە دوو چەمی جیاواز پێک هاتووە: یەکەمیان، پێی دەوترێ چەمی سیوەیل، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە نێوچەی مەریوان. ئەو چەمانەی لە دوییدا، لەگەڵ ئەم ئاوە یەک دەگرنەوە، هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن: قازیاوا، کامولا، میرەباسک، گۆماوان، کەنکی، بالغانین و برز ... تاد. ئاوی دووەمیان: بە چەمی گوگە سوور بە ناوبانگە. ئەم ئاوەش لەگەڵ چەندین ئاوی دیکە تێکەڵ دەبن، وەکوو چەمی ماوەکان، ئاوی هەزارکانیان ... هتد. ئاوی سیوەیل و گۆگە سوور، لە نزیک گوندی بەردەسین ، تێکەڵ بە یەکدی دەبن و ڕووباری ماوەت پێک دەهێنن.

زێی گچکە، ژمارەیەک ئاوی جیاوازی تێکەڵ دەبێت، کە هەندێکیان ئەمانەن: قەڵادزێ و ژاراوە و چەمی سوڵتانە دێ و چەمی بەستەسیش و شەهیدان و گافرین و ڕووباری باسلم و تایین و گەلێ شیویش، وەکوو شیوی بایزئاغا و شیوە ئاشان و سورداش و چەمی قەمچوغە و شیوە سوور و شەواسەر و چەمی بابلان و جۆلان و ... تاد.

درێژایی زێی گچکە، لە هەندێ سەرچاوەدا ٤٠٠ کیلۆمەترە، واتا بە درێژترین لقی زێی دیجلە دەژمێردرێ، پانتایی حەوزەکەی لە ٢٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاترە. داهاتی ساڵانەی ئاوی، لە ٧ ملیار مەتری سێگۆشە زیاترە و تێکڕای ئاو ڕۆیشتنی، لە ئێسگەی پردێدا، لە یەکێ لە ساڵەکاندا، گەیشتۆتە ٢١٦ مەتری سێگۆشە. لە دوکان نزیکەی ١٨٠ مەتری سێگۆشە بوو لە چرکەیەکدا. ڕووباری دیجلە، ساڵی لە ١٧٪ی ئاوەکەی لە زێی گچکەوە بۆ دێت.

٠١٧ ئاوی سیروان

ئاوی کێوی پیر مەحموود و کێوەکانی دەوروبەری، لە چەند جۆگایەکدا کۆ دەبنەوە. لە دوایدا لە باشووری گوندی سیاسوانی ژێری تێکەڵاو دەبنەوە. پاشان بە ناوی ڕووباری قشلاقەوە دەناسرێ و بەرەو ئاوبەندی قشلاق دەڕوات. لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە

هەتاکوو نزیکی گوندی بزلادە دەبێتەوە، هەر لەوێشەوە ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە ئاوی سیروان.

ڕووباری قشلاق لە لای ڕاست و چەپییەوە، لەگەڵ چەند ئاوێکی دیکەدا تێکەڵ دەبێت. هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن:

چەمی شۆر

ئەم چەمە لە ئاوی کێوەکانی سوڵتان و شاخە، سەرچاوە هەڵ دەگرێ. لە ڕۆژئاوای حوسێن ئابادەوە، لەگەڵ ڕووباری قشلاق دەڕژێتەوە.

ڕووباری سەلەوات ئاباد

سەرچاوەی ئەم ڕووبارە لە کێوەکانی کوز و حنسروکیش هەڵ دەقوڵێ. دوای ئەوەی ئاوەکان تێکەڵاو دەبن، بەرەو ڕووباری قشلاق دەڕوا و لە باشووری گوندی بەهەشت محەمەدی تێکەڵاو دەبنەوە.

ڕووباری گاوە

ئاوی کێوەکانی خاڵ بەفر، کانی کۆتر، چەقچەقە، تێکەڵاو دەبن، لە پاشان دوای چەند کیلۆمەترێک، لە ڕۆژئاوای گوندی تویلانی ژێری، بە ڕووباری گاوە ناو دەبرێ و بەرەو ئاوی سیروان دەڕوات، هەتاکوو لە باکووری گوندی بزلانە تێکەڵاو دەبنەوە. ئەم ڕووبارە چەند ئاوێکی تێکەڵاو دەبێت، کە هەندێکیان ئەمانەن: چەمی شینە، چەمی میر ئاباد، ڕووباری گردگانە، چەمی ڕەش، دەربەندی گوهاجان ... هتد.

چەمی سەراب گامێش

ئەم چەمە لە تێکەڵاوبوونی چەمەکانی قلوزە، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە نێو کێوەکانی توکلان و کانی سەفید و سرسیوک و چەمی دویسە، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە کێوەکانی زەرد ئاباد و چاڵ موش، پێک دێت.

چەمی سۆفیان

سەرچاوەی ئەم چەمە لە کێوی دوییسەوە هەڵ دەقوڵێ. لە دەوروبەری گوندی ئارندان، لەگەڵ چەمی ئارندان تێکەڵاو دەبن. لە دویدا لە باکووری گردی برنان، لەگەڵ ڕووباری قشلاق تێکەڵ دەبنەوە.

هەندێ لە ئاوەکانی ڕووباری گاوە ئەمانەن: زیار گرجو، ئاوی دەروێشان، چەمی گردەلان، چەمی گران، چەمی شوشە، ڕووباری دوو تاق.

ئاوی ئەڵوەند

ئەم ئاوە سەرچاوەکەی لە کێوی تەختی گرِ دایە. لە پاشان، دوای چەند کیلۆمەترێک، لەگەڵ ئاوی سیروان تێکەلاو دەبێت.

چۆمی هەورامان

چۆمی هەورامـــان، لە تێکەلابوونی چەند ئاوێک پێک دێت، کە سەرچاوەکانیان لە چیاکانی هەورامانەوە هەڵدەقوڵێ. ئەم چەمە لە ئاوەرِۆی سەرووییەوە، بە چەمی رِەزاو ناسراوە. چۆمی هەورامان، دوای چەند کیلۆمەترێک لە ئاوی سیروان دەرِژێت.

رِووباری مەریوان

سەرچاوەی ئەم رِووبارە، بە گۆمی زرێبار (زرێوار) دادەنرێت. دوای چەند کێلۆمەترێک، دەرِژێتە نێو ئاوی سیروانەوە.

ئاوەکانی دیکەی ئاوی سیروان، هەندێکیان ئەمانەن: داری گەلال، لەیلا، زیمکان، زەرەشک، قورەتو، گەیلانی رِۆژئاوا، چانرِۆ ... تاد.

۱۸. رِووباری عوزێم

ئاوی باران و بەفری تەواوەی نێوچەی سلێمانی و کەرکووک، لە چەند دۆڵێکدا، کە هەر یەکە ناوی خۆی هەیە، کۆ دەبنەوە و لە پاشان تێکەلاو دەبنەوە و پێی دەوترێ رِووباری عوزێم، لە دوایدا بەرەو رِووباری دیجلە دەرِوات و بە چەند کیلۆمەترێک لە باشووری بەغداوە، دەرِژێتە دیجلەوە. هەندێ لە لقەکانی ئەمانەن:

ئاوە سپی

سەرچاوەی ئاوی سپی (ئاق سوو)، لە چیاکانی توزخورماتووەوە هەڵدەقوڵێ. دوای ئەوەی لەگەڵ رِووباری نارین تێکەلاو دەبێت، بەرەو رِووباری عوزێم دەکشێ، هەتاکوو لەگەڵیدا تێکەلاو دەبێت. ئاوەسپی لە نێوچەی زەنگنەوە بە ئاوی زغێتون ناسراوە.

ئاوی داقوق

دوای ئەوەی ئاوەکانی نێوچەی سلێمانی تێکەلاو دەبن، بە ناوی رِووباری تایالان دەناسرێ و لە نزیک گوندی دێلێژەشەوە، بە ناوی باسەرەوە و لە دوایشدا بە رِووخانە (تاووق چای) و لە نێوچەی حەویجەش بە ناوی زەرگە دەناسرێ. پاشان بەرەو ئاوە سپی دەرِوات، هەتاکوو لە باکووری گوندی عەبد حوسێن، تێکەلاو دەبنەوە و بەرەو رِووباری عوزێم دەرِوا و دەرِژێتە نێوی.

ڕووباری گاماسیاب

ئەم ڕووبارە لە نێوچەیەکی زۆر فراوانەوە ئاوی بۆ دێت. یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی ناوی ئاوی نەهاوەندە، کە لە نێوچەی نەهاوەندەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت. پاشان لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئاوی گچکە و سەرچاوەکاندا، بەرە بەرە ئاوەکەی زیاد دەکات. لە دوایدا بەرەو لقە سەرەکییەکەی دیکەی ڕووباری گاماسیاب دەڕوات، کە لە نێوچەی مەلایرەوە دێت و لە نزیکی نەهاوەندەوە تێکەڵ بەو ئاوەی پێش خۆی دەبێت. لقێکی سەرەکی دیکەی ڕووباری گاماسیاب، ئەو ئاوەیە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بناری کوە ئەڵوەند سەرچاوە هەڵ دەگرێت و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تویسرکان، لە دەرەی تویسرکان بە ناوی تویسرکان دەناسرێ و پاشان دەڕژێتە ئاوی نەهاوەندەوە، دوای ئەمەش، ئاوەکە بە ناوی ڕووباری گاماسیابەوە ناو دەبرێت.

ڕووباری گاماسیاب، لقی دیکەی زۆرن. بەڵام ئەوەندە بە ئاو نیین. لەو لقانەش: ڕووباری خورەم ئابادە، ئەم ڕووبارە لقێکی گەورەی هەیە پێی دەوترێ کنگاوەر، کە سەرچاوەکەی لە بەرزاییەکانی کنگاوەرەوە هەڵ دەقوڵێت، لقێکی دیکەی ڕووباری گاماسیاب، ئاوێکە بە ناوی جامیشان کە لە سەرچاوەکەیەوە، هەتاکوو بێستوون، بە ناوی دینەوەرەوە ناسراوە.

ڕووباری گاماسیاب، دوای بێستوون بەرەو باشوور دەڕوا و لە نزیک جامە شۆران، لەگەڵ قەرەسوو لێک دەدەن. ڕووباری قەرەسوو خۆشی لە تێکەڵابوونی ڕووباری مرگ، رازئاور و کانی ڕوانسەر پێک دێت. سەرچاوەی ڕووباری مرگ، چیاکانی سەبزعەمە و نسارە، ئەوەی کانی ڕوانسەریش، شا کوە و کوە ئاورە. ئەوەی راز ئاوریش بەرزاییەکانی چهار چالاب و شێخ میرزا و گورگانە(٣٥، لاپەڕە ٥٤).

ڕووباری سیمەرە

ڕووباری گاماسیاب، لە باکووری گوندی کوردشت، هەتاکوو دەوروبەری گوندی چەمی کەلان، بە ڕووباری سیمەرە ناسراوە. ئەم ڕووبارە، دوایی تێکەڵبوونی بە ڕووباری قەرەسوو، لقەکانی دیکەی وەکوو ڕودماهی دەشت، هەلیلان و کەرەند، بە دۆڵی قوڵ و تەنگدا دەڕوا و بە بناری کەبیرکوەدا دێت و پاش ئەوەی لقەکانی وەکوو کەشکان، زال، غەزال ڕوو، هەرو ... هتد تێکەڵاو دەبن و بە دۆڵی قوڵتر و تەسکتردا دەڕوات و لە پل تەنگ تاڤگەیەکی بە بەرزایی ٤٣ مەتر و پانایی ٣ مەتر دروست دەکات. لە پاشان چەندین لقی دیکەی تێدەڕژێتەوە، وەکوو چنارە، سەرچاوەی کلان، سەرچاوەی زنجیرە و گرد و گەنجە و کلم و سیگان ... هتد.

ڕووباری کەرخە

ڕووباری سیمەرە دوای گوندی چەمی کلان، بە ناوی کەرخە بەرەو سنووری باشووری کوردستان دەڕوات. پاشان بە ڕۆژئاوای شارۆکەی شوشدا، بەرەو هێڵی پانی ۳۲ی باکوور تێدەپەڕێ. لە پاش چەند کیلۆمەترێک، دەگاتە خاکی ئێران، ئینجا زەلکاوی عەزیم و لە دوایدا بەرەو دیجلە و شەتی عەرەب، تا دەڕژێتە کەنداوی فارسەوە.

درێژایی ڕووباری گاماسیاب – سیمەرە – کەرخە، لە سەرچاوەکەیەوە هەتاکوو ڕێژگەکەی لە زەلکاوی عەزیم، ۷۵۵ کیلۆمەترە. خەرجی ساڵانەی ٤٥٠٠ ملیۆن مەتری سێگۆشەیە. ئاوەکەی لە زۆر شوێندا، بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵکردن بەکار دەهێندرێت.

ڕووباری گەدارخوش

ڕووباری گەدارخوش، لە ڕۆژئاوای ئیلامەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات. لقە سەرەکییەکانی ڕووباری گەدارخوش، لە ڕووبارەکانی مدرن و چواراند رودا، گال کورکیز، گلال چینا جام، لە کانی دول، لە دواییدا شیوی مورتەزا عەلی پێک دەگەنەوە و ڕووباری گەدارخۆش پێک هاتووە

لقە سەرەکییەکانی بە درێژایی ڕۆشتنیان، بۆ کشتوکاڵ سوود لە ئاوەکانیان وەردەگیرێت، بەڵام دوای ئەوەی کە تێکەڵ دەبن و ڕووباری گەدارخوش پێک دەهێنن، ئاوی ئەو ڕووبارە، لەبەر ئەوەی بە دۆڵی قوڵدا دەڕوات، توانای بەرزکردنەوەی ئاوی نییە، سوودی بۆ کشتوکاڵ کەم دەبێتەوە. لە لقە سەرەکییەکانی دیکەی ئەم ڕووبارە، چەمێکە بە ناوی چەم ئابەوەیە، کە لە حەوزی ئاوڕێژی ئیلامەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت و بۆ ئاودانی دەشتەکانی بناری کوە سامور بەکار دێت. دوایەمین لقەکانی دیکەی ڕووباری گەدارخوش، لە چیاکانی چکر و سرکور سەرچاوە هەڵ دەگرن. بەرزایی ڕۆخەکانی ئەو ڕووبارە، هەتا ڕۆخەکانی سەر زەوی ۳۲۰ مەترە. لەبەر ئەوە، تەنیا ڕێگایەک بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوەکەی، بەکارهێنانی پەمپی ئاوە، بۆ ئەوەی بە فراوانی لە کشتوکاڵدا بەکار بهێندرێ. خەرجی ساڵانەی ئەم ڕووبارە، ١٦٠ ملیۆن مەتری سێگۆشەیە (۳۵، لاپەڕە ٥٥).

ڕووباری کەنجان چەم

ڕووباری کەنجان چەم، لە چیاکانی سیوان کە کەوتۆنەتە باشووری ئیلامەوە، سەرچاوە هەڵ دەگرن و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتاکوو لە نزیکی میهرانەوە لە ڕووباری گاوی می دەرژێت. سەرچاوەی ئەم ڕوبارەی دوای چیاکانی

چنگینە، عەلی بەگ، چیای ملاشەیە، ڕووباری گاوی لەگەڵ ئاب ئافتاب، کە لە میشخاسەوە دێت، تێکەڵاو دەبێت. ڕووباری چەشمە مەلک، کە لە چیای شاەنخجیرەوە سەرچاوە دەگرێت، بە ڕووباری ئاب ئافتاب دەگاتەوە. ئەو ڕووبارە دوای ئەوەی ناحیەی ساڵح ئاباد و قەزای میهران دەبڕێت، لە ڕووباری دیجلە دەڕژێت. ساڵانە ١٥٠٠ هێکتار لە زەوی چاندراو، بە ئاوی ڕووباری گەنجان چەم ئاو دەدرێت. خەرجی ساڵانەی ئەم ڕووبارە ٢١١ ملیۆن مەتری سێگۆشەیە (٣٥، لاپەڕە ٥٥).

ڕووباری گاوی

ئەم ڕووبارە لە بناری کەبیرکوەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت. ئەو لقانەی ئەم ڕووبارەیان لێ پێک دێت، بریتین لەمانە: چەشمەدەرە، بالشک ئاب میر محەمەد (ڕووباری میر محەمەد). ئەم ڕووبارە لە ڕۆژهەڵاتەوە، بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتا دەگاتە دەشتاییەک بە ناوی بردول. پاشان بە گوندی ڕۆستەم ئاباد و قەزای میهراندا دەڕوات، هەتا دەگاتە ڕووباری گەنجان چەم. ئەم ڕووبارە، بۆ ئاودانی پانتاییەکی نزیکەی ١٠ هەزار هێکتار، لە دەشتی موسین ئاب بەکار دەهێنرێت. خەرجی ساڵانەی ئەم ڕووبارە، نزیکەی ٣٥ ملیۆن مەتری سێگۆشەیە (٣٥، لاپەڕە ٥٥).

ڕووباری چنگولە

ئەم ڕووبارە، سەرچاوەکەی لە ئاب بیوەرەوە هەڵ دەگرێت، کە کەوتۆتە ٤٠ کیلۆمەتر باشووری ڕۆژئاوای ئیلامەوە. لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات. لە ڕێگا چەندین ئاوی دیکەی تێکەڵاو دەبێت، وەکوو ئاوەکانی ئاب کنات و تاتسمورت و فرئاورد بەو ڕووبارە دەگەنەوە. لە دوایدا درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە دیجلە. ئاوی ڕووباری چنگولە کەمێک شۆر و گوگرد دارە (٣٥، لاپەڕە ٥٥).

ڕووباری دویرج

ئەم ڕووبارە لە سەرچاوەی ئابدا ئان سەرچاوە هەڵ دەگرێت، کە بە ٣٨ کیلۆمەتر کەوتۆتە باکووری دیهلۆرانەوە. ئاوی گل گل و ڕووباری درەشور، بە ڕووباری دویرج دەگەنەوە. ئەم ڕووبارە دوای ئەوەی ماوەی ١٨ کیلۆمەترێک، بە نێو خاکی قەزای دیهلۆراندا دەڕوات، لە پاشاندا دە نێو خاکی ناحیەی موسیاندا دەڕوات، لەو شوێنەدا ناوی دەگۆڕێت و پێیدەوترێ ڕووباری عەنبەر. لقێک لە ڕووباری مورموری کە ناوی

جیخابه، لەگەڵ ئەم ڕووبارە یەک دەگرنەوە. ڕووباری دویرج کە لە باکوورەوە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، دوای ئەوەی بە نێو خاکی موسیاندا تێپەڕ دەبێت، بە ڕووباری دیجلە دەگاتەوە. ئەم ڕووبارە لە هەندێ نێوچەدا، بە ڕووباری ئابدانان و ڕووباری تالەزێ ناسراوە (٣٥، لاپەڕە ٥٦).

ڕووباری سەدە

ڕووباری سەدە لە بەرزاییەکانی بولییەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت. ڕووبارێکی هەمیشەییە و لە ڕۆیشتنەکەی خۆیدا، بە گەلێ زەوی کشتوکاڵیدا تێپەڕ دەبێت. ئەم ڕووبارە لە تێکەڵاوبوونەوەی چەندین ئاو پێک دێت. لە دەشتاییەکاندا بەرزایی ئەم ڕووبارە، لە ڕووی دەریاوە ٢٢٥ مەترە. ئاوی ڕووباری سەدە، لە زۆر شوێندا بۆ کشتوکاڵ، سوودی لێ وەردەگیرێت.

ڕووباری میمە

ئەم ڕووبارە لە کەبیرکوەوە، لە شوێنێکدا بە ناوی سەراب میمەوە، سەرچاوە هەڵ دەگرێت، کە ٧٢ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی مێهرانەوە دوورە. هەروەها ئاوی کانی لالەش لەم ڕووبارە دەڕژێت. ڕووباری میمە بەرەو باشوور دێت و لەگەڵ چەندین ڕووباری دیکەدا تێکەڵاو دەبێت، وەکوو ئاب تەختان، گرازان و کانییەکانی ئاب گوگردی.

ڕووباری کارون

ڕووباری کارون، لە دەوروبەری گوندی نافجی باکووری شەهری کوردەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت و بەرەو باشوور دێت. پانایی ئەم ڕووبارە لە نێوان ٢ – ٣ مەتردا دەبێت. دوای ئەوەی بە نێوچەی لیلی سریدا تێپەڕ دەبێت، بە ڕووباری کیار یاخود ئاب جهان دەگاتەوە.

ڕووباری کیار لە چیاکانی دەهنوەوە، کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتەوە، لە نزیک بروجەنەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت. دوای ئەوەی لەگەڵ ئاوەکانی ئەو نێوچەیەدا یەک دەگرن، بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێ، هەتاکوو دەگاتە ڕووباری شەهری کورد. پاش تێکەڵاوبوونی ئەو دوو ڕوبارە (کیار و شەهری کورد)، دەبن بە یەک ڕووبار، ئینجا لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتاکوو دەگاتە ڕووباری سراب، لە دواییدا لەگەڵ ڕووباری دەرکش و ورکشدا تێکەڵاو دەبێت.

ڕووباری سـراب لە باکـووری ڕۆژئاوای گـوندی بابا حـەیدەرەوە، لە دێسـتـانی مـیـزدج سـەرچاوە هەڵ دەگـرێت و لە باکـووری ڕۆژئاواوە بـەرەو باشـووری ڕۆژهـەلات دەڕوات. لە نێوان گوندی بیدنە، هەتاکوو بابا حەیدرە، قولایی ڕووباری سراب دەگاتە ٣٠ مەتر.

ڕووباری دەرکش و ورکش، کـە قـولاییـەکـانیـان لە دەوروبەری ٦٠ مـەتردا دەبێت، لە نزیکی دوپلان بە لقە سـەرەکـییـەکـەی کـارون دەگەنەوە، کـە لە چەندی ئاوی جیـاواز پێک هاتووە و سەرچاوەکانیان لە باکووری ڕۆژهەلات هەڵ کەوتوون.

لقی سـەرەکی ئاوی کـارون، کە دیسـانەوە بە نـاوی مـاربرە و دروغـونەوە نـاسـراوە، لە ڕۆژهەلاتی زەردەکوە، دەرە ئەشکەفتە، لە دێستانی بازفتـەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت و لە باکووری ڕۆژئـاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلات دەڕوات. لە پاشـاندا، لە نزیکی دوپلانەوە بە ئاب کوە زەرد یاخـود ڕووباری دەرکش و برکش دەگاتەوە. لە باشووری گوندی مـەعدەن، بە لقێکی دیکە بە ناوی لوردگان ەوە دەگاتەوە، لە دوییدا بەرەو ڕۆژهـەلات دەڕوات.

ڕووباری لوردگـان لە بەرمی لوردگانی نێوچەی دێسـتـانی خـان میرزاوە سـەرچاوە هەڵ دەگرێت و چەندین ئاوی دیکەی تـێدەڕژێتەوە. پێش ئـەوەی بگاتە ڕووباری کـارون، لە پشت پل مـەعـدەن، کـە کـەوتۆتە باشـووری گـوندی مـەعـدەن، لەو شـوێنەدا، پانـایی لوردگـان لە ڕێژگەکەیەوە ٤ مەتر دەبێت.

ڕڕووباری کـارون لـە ڕۆیشـتـنەکـەیدا بەرەو ڕۆژئـاوا، لەگـەڵ ڕووباری خـەرەسـان، کـە سـەرچاوە لـە ڕۆژهەلاتی لوردگـانەوە هەڵ دەگـرێت، تـێکەڵ دەبێت، لە دوایدا لـەگـەڵ ئاب بازفتدا کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە بەرزاییەکانی زەردەکوەوە یەک دەگرنەوە.

لقـەکانی دیکەی ڕووباری کارون لە خـاکی کـوردسـتـاندا، هەندێکیـان ئەمـانەن: ئـاوی گەرم، ئاوی ڕەنگ، سەبزە کوە، سەرخون.

درێژایی تەواوەتی ڕووباری کـارون ٨٥٥ کیلۆمـەترە، کە دوو لەسـەر سـێی ئەم ڕووبارە، بە نێو خاکی کوردستاندا دەڕوات. تێکڕای ئاو لەبەرڕۆشتنی سـالانەی، لە دەوروبەری ٦٢٨ مەتری سێگۆشە لە چرکەیەک دایە. پانایی ئاوی کارون وەکوو یەک نییە.

ڕووباری کـارون لە سـەرچـاوەکـەیەوە، هەتاکـوو شـوشـتـەر، هـەمـوو خـەسـڵـەتەکـانی ڕووبارێکی چیایی لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، واتـە بە دۆڵی قوڵ و تەسکدا دەڕوات و بە تیـژیی و بە خـێرایی هـاژە دەکات. ئەم ڕووبارە لەبەر تواندنەوەی بەفر، لە سەرچاوەی لقـەکانیـادا، لە بەهـار و سـەرەتای هـاویندا، پڕ لە ئـاوە. بەلام لە سەرەتای پایزدا، بە شێوەیەکی گشـتی کەم دەبێتەوە.

ڕووباری دز

ئەم ڕووبارە، لە چیای کینوەی باکووری ڕۆژهەلاتی بەختیارییەوە، سەرچاوە هەڵ دەگرێت. دوای ئەوەی بە جێگای ناهەموار و دەرەی تەنگدا تێپەڕ دەبێت، دەڕوات هەتاکوو دەگاتە دورود. لە ڕۆژهەلاتی دوردەوە، لەگەڵ .ڕووباری بروجەردا تێکەلاو دەبن. لە دوایدا بە چیاکانی هارون، بیشە، سەفد دەشت، کشوەر، تەنگ هەفت تەنگ، تلە زەنگ، شەهباران، بالاروددا تێدەپەڕێ و بەرەو گوندی چقاز بیل دەڕوات. دوای ئەم گوندەش بە چەند کیلۆمەترێک، لە خاکی کوردستاندا تەواو دەبێت. ئەم ڕووبارە چەند لقێکی هەیە، یەکێک لەوانە ئاب بالارودە.

ڕووباری جەڕاحی

ڕووباری جەڕاحی، کە لە یەککگرتنی هەردوو ڕووباری زاڵ و مارون پێک دێت، لە چیاکانی ڕۆژهەلاتی دێزفولەوە، وەکوو کوەنیل، سەرچاوە هەڵ دەگرێت. ئەم ڕووبارە لە دوو لق پێک دێت: یەکەمیان ناوی شادگانە، کە دەڕژێتە نێو ڕووباری کارونەوە. دووەمیشیان، لە کەنداوی خورموسەوە دەڕژێتە زەریای فارسەوە. ئاوی ڕووباری جەڕاحی، لە مانگی ئەپرێلدا هەڵ دەستێ. تێکڕای ئاو لەبەرڕۆشتنی سالانەی، نزیکەی ٦٠٠ مەتری سێگۆشەیە لە چرکەیەکدا.

ڕووباری زوهرە

ڕووباری فەهلیان Rud–e Fahliyan کە سرچاوەکەی لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی نورئابادەوە هەڵ دەگرێت و لە چەندین ئاو پێک هاتووە، بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات. لە دوایدا لە ژێر ناوی ڕووباری زوهرەدا، بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەچێت و لە ڕۆژئاوای شارۆکەی سەردەشت، ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە هەندیجان Rudhane -ey Hendigan، لە باکووری گوندی موللا بەرەو باشوور دەبێتەوە، هەتاکوو لە ڕۆژئاوای باغەل یۆلاند، لە کەنداو دەڕژێت و تەواو دەبێت.

ڕووباری زەرد

ئەم ڕووبارە، لە بناری چیاکانی منگشتەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت. لە ڕێڕۆشتنەکەیدا، تووشی چەندین کانی دەبێت، کە ئاوەکانیان لە تواندنەوەی بەفری لوتکەی چیاکانەوە دێن. ڕووباری زەرد لە دەرەی مال ئاقا گەورەوە ئاوا دەبێ و بەرەو شارۆکەی باغ مەلیک دەڕوات. لەوێشەوە بەرەو میداود و لە دوای میداودیش، ڕەنگی ئاوەکەی زەرد دەبێت، لەبەر ئەوەی بەسەر بەردی جۆراوجۆر و خوێی مەعدەنیدا دەڕوات. ئەم ڕووبارە بەرەو باشوور دەڕوات و لە خەڵەف ئابادەوە، بەرەو کەنداوی فارس دەبێتەوە و لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت.

ب - ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە نێو کەنداوی ئەسکەندەرونەوە

ئەسکەندەرون، یەکێ لە کەنداوەکانی زەریای ناوەڕاستە. ئەو زەریایە بە زەریایەکی نێوخۆی ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیک دادەنرێت، دەکەوێتە نێوان کیشوەرەکانی ئەورووپا و ئاسیا و ئەفەریقاوە. لە ڕۆژئاواوە بە هۆی تەنگەی جەبەل تاریقەوە، لە ئۆقیانووسی ئەتڵەنتی دەڕژێ و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕێگەی تەنگەی دەردەنیل و مەرمەرە و بسفۆڕەوە، دەگاتە زەریای ڕەش و لە باشووری ڕۆژهەلاتەوە، بە هۆی کەناڵی سویس لەگەڵ زەریای سور تێکەڵاو دەبنەوە. پانتایی زەریای ناوەڕاست، ٢٥٠٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بارستایی ئاوی ٣٧٥٤ هەزار کیلۆمەتری سێگۆشەیە و تێکڕای قوڵایی ١٤٩٨ مەترە.

کەنداوی ئەسکەندەرون، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی زەریای ناوەڕاستدا هەڵ کەوتووە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای کوردستانەوە. درێژاییەکەی ٧٤ کیلۆمەترە و پانایییەکەی ٤٦ کیلۆمەترە و قوڵاییەکەیشی لە ڕۆژئاوادا، دەگاتە ٩٩ مەتر. کەناری ڕۆژهەڵاتی چیایە و کەناری ڕۆژئاواشی دەشتاییە. گرنگترین ڕووبارەکانی کوردستان، کە بە کەنداوی ئەسکەندەرون کۆتایی پێ دێت و دەڕژێتە نێو زەریای ناوەڕاستەوە، ئەمانەن:

ڕووباری جەیحان

سەرچاوەی ڕووباری جەیحان، دەکەوێتە چیاکانی ئیشق – Isik و حەزانلی – Hezanli و تاحتالی – Tahtali و قیزیل – Kizil و چیاکانی بینبۆغا – Binboga. بەشی سەرەوەی، کە لە چیای تاحتالییەوە دێتە خوارەوە، بە دەرەی شۆهێل – Suhul دەناسرێ. ئەو ئاوەش بە دەوری خۆی، لەگەڵ چەندین ئاوی دیکەدا تێکەڵ دەبێت، وەکوو چەمی گوکسون – Goksun دەرەی چاتەغان – Catagan D. و چەمی خورمان – Hurman C. و گەلێکی دیکەش. سەرچاوەی ئەو چەمانە، هەموویان دەکەونە نێو خاکی تورکیاوە. ڕووباری جەیحان، لە باکووری گوندی لزگین – Lzgin ە و دێتە نێو خاکی کوردستانەوە، سەمتی ئەو ئاوە. جارێک بەرەو ڕۆژئاوا و جارێکی دیکەش بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات، لە دواییدا بەرەو باشوور دێتە خوارێ و لە ڕۆژهەڵاتی گوندی تۆمباک – Tombak، ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە ڕووباری جەیحان. لە دوای ئەو گوندە، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات و دوایی باشووری ڕۆژئاوا، هەتاکوو لە باکوور دەڕژێتە عەماراوی مەنزەلەت – Menezelet Baraji، لە پاشان لە باشووری ئەو عەمارەوە بەرەو باشوور دێتە خوارەوە، بەڵام لە پاشان بەرە بەرە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە، هەتا دەگاتە عەماراوی ئەسلانتاس – Aslantas Baraji، لەوێشەوە بەرەو باکوور دێتە خوارەوە و بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی کە

سککەلی – Kesikkli، کـە دەکـەوێتـە سـەر هێـڵی درێژی ٣٦ی ڕۆژهەڵات و لە پاش ئەو گوندەش لە خاکی کوردستان دەچێتە دەرەوە.

ڕووباری جەیحان، چەند ئاوێکی لە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە تێدەڕژێت. گرنگترینیان ئەمانەن:

چەمی سوغوتلی – Sögütli C.: ئاوی چیای نورهەق – Nurhak dag، سـەرچاوەی ئەو چەمە پێک دەهێنێت، کە لە باشوورەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، لە پاشان بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، دوای ئـەوەی بە باکـووری شـارۆچکەی ئەلبیسـتـاندا – Elbistan تێدەپەڕێت، هەتاکوو دەگاتە ڕووباری جەیحان.

چەمی گـوکسـون – Göksun C.: لەوانەیە ئـەم چەمـە، درێژترین و پڕئاوترین لقەکـانی ڕووباری جـەیحـان بێت. سـەرچاوەکـەی دەکـەوێتـە باشـووری چیـاکـانی ئەنگزەکـەوە – Engizek Dagı. هـەر لە سـەرەتاوە لە دوو ئاو پێک هاتووە، دوای ئـەوەی لە ڕۆژهـەڵاتی گـوندی جاکـارکـایا – Cakarkaya ، بە چەند کـیلۆمـەترێک تێک دەڕژێن، لە پاشـان بەرەو باشوور دەبێتەوە و لە دوای دا باشووری ڕۆژئاوا و لە پاشان عەمباراوی قارتاکایا – kar-takaya Baroji، بە نـاوی چەمـی ئاق سـوو – Aksu C. ەوە دەناسـرێ، لە پاشـان بەرەو باشـووری ڕۆژئاوا درێژە بە ڕۆشـتنەکـەی خـۆی دەدات، دوایی بـەرەو ڕۆژئاوا و دوای ئەو پێچکردنەوەیەش، ناوەکەی دەگـۆڕێ و دەبێتـە چەمی گوکـسون، کە لە ڕۆژئـاوای گـوندی جوجەل – Cucel، بە چەند کیلۆمەترێک، لە ڕووباری جەیحان دەڕژێت.

ئاقـار سـوو – Akar su : ئاوی چیـای نور – Nur dag، بە سـەرچاوەی ئاوی ئاقـار سـوو دادەنرێت. ئەو ئاوە، هـەر لە سـەرچاوەوە لە دوو ئاو پێک دێت، دوای ئەوەی تێکەڵاو دەبنەوە، بـەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و لـە دوای بـاشـووری ڕۆژئـاواش، جـارێکی دیکە بەرەو ڕۆژئـاوا دەڕوات، هەتاکوو بە ڕووباری جەیحان دەگات.

ڕووباری عەفرین

ڕووباری عـەفرین لە چیـاکـانی کـارتاڵەوە – Kartal dag، سـەرچاوە هەڵ دەگرێت و لە تێکەڵابوونی دوو ئاو پێک دێت، پاشـان بـەرەو باشـوور و دوای کـەمـێک بـەرەو باشـووری ڕۆژئاوا دەڕوات و پێـی دەگـوترێ ئاوی ئاڵتـون – Altin suyu، لە دوایدا بەرەو ڕۆژهەڵات پێـچ دەکـاتەوە، ئینجـا بەرەو ڕۆژئاوا، پاشـان بەرەو بـاشـوور دەڕوات و بە شـارۆچکەی عـەفـریندا تێـدەپەڕێت و لە دوایدا نـاوی عـەفـرێنـی بەسـەرا دەبرێت و لـە باشـووری ئەو شـارۆچکەیەوە، بە چەند کـیلۆمـەترێک، بەرەو ڕۆژئـاوا دەبێـتـەوە و لـە ڕۆژئاوای گـوندی حەویجەوە بە چەند کیلۆمەترێک، لە خاکی کوردستان دەردەچێتە دەرەوە.

ڕووباری عەفرین چەند ئاوێکی تێدەڕژێت، لە هەموویان گرنگتر، ئاوی سابونە – Sabun suyu، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیای کارتاڵەوە، ڕووەکەشی لە باکوورەوە بۆ باشوورە، لە پاشاندا لە ڕۆژئاوای گوندی دێرسوان، دەڕژێتەوە نێو ئاوی ئاڵتونەوە.

ج - ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە زەریای خەزەرەوە

زەریای خەزەر (قەزوین، کەسپی، مازندەران) گەورەترین گۆلی سووری سەر ڕووی زەوییە و هیچ ڕووبارێکی لەبەر ناڕوات. درێژایی زەریای خەزەر لە باکوورەوە هەتاکوو باشوور، ١٢٠٠ کیلۆمەترە. تێکڕای پانی لە دەوروبەری ٣٠٠ کیلۆمەتر دایە و دەکەوێتە ٢٨ مەتر ژێر ڕووی ئۆقیانووسەکانەوە و لە نێوان کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئاسیادا هەڵ کەوتووە. بەشێکی سەر بە ڕووسیایە و بەشەکەی دیکەشی سەر بە ئێرانە. پانایی خەزەر لە چەند ساڵیکەوە بۆ چەند ساڵێکی دیکە، کەم دەبێتەوە (١٩٣٠ – ٤٢٤ هەزار مەتری چوارگۆشە، ١٩٥٢ – ٣٩٣ هەزار مەتری چوارگۆشە، ١٩٥٧ – ٣٧١ مەتری چوارگۆشە بوو.) چەند ڕووبارێک دەڕژێنە زەریای خەزەرەوە، هەرە گرنگەکانیان، ئەوانەی بە کوردستاندا تێدەپەڕن، ئەمانەن:

ڕووباری ئاراس ـ .Aras N

سەرچاوەی ڕووباری ئاراس، دەکەوێتە باشووری چیای کارگا بازاڕ – Karga pazare و چیاکانی شاهوالاتەوە – Sahvalet،.بە واتایەکی دیکە، مەڵبەندی ڕۆژهەلاتی شاری ئەرزەڕۆم، ڕووباری ئاراس، لە ئاوەڕۆی سەرروویەوە، لە دە ئاو زیاتر پێک هاتووە، هەمووشیان لە باشووری شارۆچکەی چۆباندەدەوە – Cobandede تێک دەڕژێن و بەرەو ڕۆژهەلات دەڕۆن هەتاکوو باشووری شارۆچکەی قاراکورت – Karakurt، لەوێشەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلات دەڕوات، هەتاکوو ڕۆژهەلاتی گوندی چایاراسی – Cayarasi. لە پاشان جارێکی دیکە بەرەو ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژهەلات دەبێتەوە و لە باکووری شارۆچکەی کاغیزمانەوە – Kagisman، بەرەو ڕۆژهەلات دەبێتەوە، لە دوایدا بەرەو باشووری ڕۆژهەلات دەڕوات، هەتاکوو دەگاتە زەریای خەزەر ڕووباری ئاراس لە دواییەوەی لەگەڵ ئاق چایدا تێکەڵ دەبێت، ئیدی خاکی کوردستان بەرەو ئێران، بەجێ دەهێڵێت.

درێژایی ڕووباری ئاراس، لە سەرچاوەکەیەوە هەتاکوو دەڕژێتە زەریای خەزەر، ١٠٧٢ کیلۆمەتر دەبێت، نیوەی ئەو درێژییە، لە خاکی کوردستان دایە. پانی ڕووباری ئاراس، لە

نێوچەی پلدشت لە نێوان ٩٠ – ١٠٠ مەتر دایە و قوڵاییەکەشی لە هەمان شوێندا، دەگاتە دوو مەتر. حەوزی ئاوی لە دەوروبەری ١٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دایە و زۆربەشی دەکەوێتە نێو خاکی کوردستانەوە. گرنگترین لقەکانی ڕووباری ئاراس، لە نێو خاکی کوردستاندا ئەمانەن:

چەمی ئارپا – Arpa C.: لە تێکەڵاوبوونی چەمی کاس – kass Cayi و دەرەی قەرەخاناخ چارچی – Karahang carci D. پەیدا بووە، کە سەرچاوەکانیان دەکەوێتە نێو چیاکانی کسهەرەوە – Kishir و ئاق بابە – Akbaba،دوای ئەوە لە عەماراوی ئاریا دەڕژێت، پاشان لە باکوور سەر دەردەهێنێ و بەرەو باشوور دەڕوات، هەتاکوو دەگاتە ڕووباری ئاراس. چەمی دیگۆر – Digor C.، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیای دومانلەوە – Dumanli، یەکێ لە لقە گرنگەکانی ئاوی ئارپا پێک دەهێنێت.

دەرەی ئاساغ – Asag D. : ئەم دەرەیە لە ڕۆژهەڵاتی چیای ئاراس قۆینی – Arasqûneyi و چیای قزل چازیا ڕەت – Kızılcazıyarat پەیدا دەبێت و لە باشوورەوە بەرەو باکوور دەڕوات، هەتاکوو لە باکووری گوندی ێینی کۆی – Yeniköy لە ڕووباری ئاراس دەڕژێت.

زنگمار: ئەم ئاوە لە تێکەڵاوبوونی ئاوی ساری و قزل پێک دێت. ئەو دوو ئاوە، لە دەوروبەری شارۆچکەی ماکۆ پێک دەگەن و بەرەو ڕۆژهەڵات بە ناوی زەنگمارەوە دەڕۆن و لە نزیک شارۆچکەی پلدەشتەوە لەگەڵ ئاراسدا، بە یەک دەگەنەوە.

چەمی ئاق: لقی ڕۆژهەڵاتی (زنور چای)، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە کێوەکانی قازان و عەلەمدارەوە، لەگەڵ لقی ڕۆژئاوای (ئاق چای) لە باشووری گوندی مارکات پێک دەگەن و بە ناوی ئاق چای لە .ڕووباری ئاراس دەڕژێن.

چەمی قوتور: ئاوی کوە محەمەد ئاق – ٣٣٤٥ مەتر و دەوروپشتی، هەمووی لە دۆڵێکدا کۆ دەبێتەوە و بە ناوی ئاوی قوتور چای بەرەو باکوور دەڕوات و لە دەوروبەری گوندی ئاوئوغلی لە زنور چای دەڕژێت.

د - ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە زەریاچەکانەوە

هەندێک لە ڕووبارەکان، ڕێڕەوەکەی خۆیان بە زەریاچەکانی وەکوو وان، ورمێ و هەندێکی دیکە کۆتایی پێ دێنن. ڕووبارەکان بە زۆری کورت و کەم ئاون و هەندێکیشیان لە هاویناندا، لەبەر وشککردنی سەرچاوەکانیان، دەبنە کەندی بێ ئاو.

١/ ئەو ڕووبارانەی دەچنەوە سەر گۆمی وان

زیاتر لە سی چای، دەرە و سوو قۆناخی دوای ڕێڕەویان زەریاچەی وانە، کە گرنگەکانیانئەمانەن:

چەمی دەلی – Delı C.

ئەم چەمە سەرچاوە لە ئاوەکانی چیای ساری چیجکەوە – Sarıcicek dagı هەڵ دەگرێت و لە باکوورەوە بەرەو باشوور دێ. لە دوایدا لە ڕۆژئاوای گوندی چۆتوکلی – Cotuklu، سەمتەکەی دەگۆڕێ و بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات و چەندین جۆگە و سەرچاوەی تێدەڕژێنەوە. لە پاشان لە ڕۆژئاوای شارۆکەی دەلی چایەوە، لە زەریاچەی وان دەرژێن.

دەرە ئۆروچ – Oruc Dere

باشووری چیای ئالا – Ala dagı، ڕۆژئاوای چیای ساری چیجک – Sarıcıcek dagı، مەڵبەندی هەڵقولینی ئەم دەرەیەن. دەرە ئۆروچ لە چەند ئاوێک پێک دێت، کە هەموویان لە باکوورەوە بەرەو باشوور دێن و لە ڕێگایاندا، چەند ئاوێکی دیکەیان بەسەردا دادەبرێت، هەتاکوو هەموویان پێکەوە، لە لای باکوور و ڕۆژهەڵاتی چەلەبی باغی – Celebe Bagı، لە زەریاچەی وان دەڕژێن.

چەمی یەنیکو پرو – Yeniköpıu Cay

ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی چیاکانی بیلیجان – Bilican Dag و دەوروپشتی، لە دوو ئاوی جیاوازدا کۆ دەبنەوە، پاشان بە یەک دەگەن و ئەم چەمە پێک دەهێنن. چەمی بەنیکوپرو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندی پەنیکوپرو، لە زەریاچەی وان دەڕژێتەوە.

ئاوی گوزال – Güzel sü

ئاوی باران و بەفراوی باشووری چیای ئەرەک – Erek Dagı ، لە ڕێی ئەم ڕووبارەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، دەگەنە زەریاچەی وان.

چەمی مەرمیت – Mermit Cay

یەکێ لە ڕووبارە هەرە گەورەکانی زەریاچەی وانە. سەرچاوەکەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو زەریاچەوە. لە سەرەوە لە چەند ئاوێک پێک هاتووە، کە هەموویان لە باکووری گوندی ئاکسۆرگوچەوە – Aksorgus تێک دەرژێن، پاشان لە ژێر ناوی مەرمیت چایدا، بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، دوایی بەرەو ڕۆژهەڵات و بە زەریاچەی وان کۆتایی پێ دێت.

چەمی بەندماها – Bendmaha Cay

لە ڕۆژئاوای چیای ئەسەنجەل – Esengel، ڕۆژهەڵاتی چیای ساری چیجک –

Sarıcicek و باشـــووری چیـــای تەندیورەک – Tandürek، ســـەرچاوە هەڵ دەگــرێت و لە ڕۆژئاوای شـــارۆچکەی مـــورادیە – Murediye، بە چەند کـیلـۆمـــەترێک، لە زەریـاچەی وان دەڕژێت.

٢/ ئەو ڕووبارانەی دەچنەوە سەر گۆمی ورمێ

زیاتـر لە پانـزە ڕووبار لە ڕووبـارەکـانی کـــوردســـتـــان و ژمـــارەیەک لە ڕووبارەکـــانی ئازەربایجان، ئاو بۆ زەریاچەی ورمێ دەبەن. گرنگترین ڕووبارەکانی کوردستان، ئەمانەن:

چەغەتوو

ئاوی چیـاکـانی قـادرکـژیا و دوبرا و سـولّتـان ئاغـزتو و شـاخـەڕەشـە و بازاین و قەرەئەلیاس و چاڵە ڕەشـە و هەندێکی دیکەش، سەرچاوەی ڕووباری چەغەتوو (زێڕن چۆم) پێک دەهێـنن، دوای ئەوەی ئەو ئاوانە تێکەڵاو دەبن، ئاوی چەغـەتو ڕوو لـە ڕۆژئاوا دەکات و دوایی بەرەو باکوور دەڕوا و بە ڕۆژئاوای چیای بەردرخناویدا تێپەڕ دەبێت و پاشان بەرەو ڕۆژئاوای گوندی کانعمت دەکشێ، لە دوای ئەم گوندەوە، ناوەکەی دەبێتە چەغەتوو. پاشان ئەو ئـاوە بەرەو باکـووری ڕۆژئـاوا دەڕوا و لە نزیک ڕۆژئاوای گـونـدی ڕێزان، ڕووی خـۆی دەگۆڕێ و بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات دەڕوات، ئینجا ڕۆژئاوای شارۆچکەی سائین قەڵا و لە دوایدا شـــارۆچکەی مـــیـانـدواو دەبڕێ و لەوێشـــەوە بەرەو زەریاچـەی ورمێ دەڕوات، دوای ئەوەی بە زەلکاوەکانی باشـووری ئەو زەریاچەیەدا تێدەپەڕێ. درێژایی چەغـەتوو نزیکەی ٢٤٠ کیلۆمەتر دەبێت.

ژمـارەیەکی زۆر لە ئـاوی جیـاواز، لە لای چەپ و لە لای ڕاسـتـەوە، دەڕژێنە نێـو ئاوی چەغەتووەوە، ڕەنگە هەرە گرنگەکانیان، ئەمانەی لای خوارەوە بن:

ا – خوڕخوڕە

ڕووباری خـوڕخوڕە، لە تێکەڵاوبوونی ئاوەکانی دەرە سلێمان ئاباد و کـانی خەسـرەو و ڕووباری هـەنگانە و چەمـی نێـرگـسـلە و گــوڵ بـەگ و ڕووباری کلە ئاباد پێک دێت، کــە سـەرچاوە لە کێوەکانی بەردوش و ســەنگ سـەفـید و قەڵەم دەروێش و مـەسـجـید مـیـرزا و ســولّتـــان ئـاغـزتو و دوبرا و قـــادرکـــژیا و کـــانـی مـــیـــران ... تاد هەڵ دەگــرن. ئەو ئـاوانە هەمـوویان، لە باشووری گوندی توکەلان بە چەند کیلۆمەترێک لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵاو دەبن و پاشان بە ناوی چۆمی خوڕخوڕەوە ناو دەبرێت.

چۆمی خـوڕخـوڕەش، دوای ئـەوەی پێک دێت، لە بـاشـوورەوە بـەرەو باکـوور دەبێـتـەوە،

هەتاكوو دەوروبەری ڕۆژهەلاتی گوندی عەزیز ئاباد دەڕوات، ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەكاتەوە، هەتاكوو نزیک گوندی مەولان ئاباد دەبێتەوە. لەوێشەوە بەرەو باكوور دەڕوات، دوایی بەرەو باكووری ڕۆژهەلات دەبێتەوە، هەتاكوو دەگاتە دەوروپشتی گوندی دالو، لەوێشەوە جارێكی دیكە، بەرەو باكووری ڕۆژئاوا دەبێتەوە، هەتاكوو لە نزیک گوندی قیشلاق ڕەزا، لە چەغەتوو دەڕژێت. لقەكانی خوڕخوڕە ئەمانەن:

چەمی پیر سلێمان – سەرچاوەكەی دەكەوێتە كێوەكانی چاركە و دەروێش. ئەو ئاوە بەرەو باكووری ڕۆژئاوا دەڕوات و لە ڕۆژهەلاتی گوندی ڕوستەمان، بە چەند كیلۆمەترێک لە چۆمی خوڕخوڕە دەڕژێت.

ئاوی ئیراب – لە سەرەتاوە ژمارەیەكی زۆر لە ئاو، كە سەرچاوەكانیان دەكەوێتە كێوەكانی حاجی سەید و كونە كشک و قەلا سولّتان و هەندێكی دیكەوە، بە جیا جیا دەڕۆن، پاشان تێكەلاو دەبن. دوای ئەوەی ئەو ئاوانە، لە ڕۆژئاوای گوندی تیمان قەلا تێكەلاو دەبن، ناوەكەی دەبێتە ئیراب. پاشان ئاوی ئیراب بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتاكوو لە ڕۆژئاوای گوندی چنارەوە، پاش چەند كیلۆمەترێک، دەڕژێتە چەمی خوڕخوڕەوە.

ڕووباری زایدە – ئەم ڕووبارە، لە ڕۆژهەلاتی گوندی قەرەگۆل، دەرژێتە نێو ئاوی خوڕخوڕەوە. لە سەرەتاوە لە ژمارەیەكی زۆر لە ئاو پێک دێت، كە هەموویان لە ڕۆژهەلاتی گوندی سپەورەتیک دەڕژێنەوە و بە ڕووباری زایدە دەناسرێن.

ڕووباری خانە شورتی – لە كێوی بەردەر خەناوییەوە هەڵ دەقولّێت و لە باشوورەوە بەرەو باكوور دەڕوات، هەتاكوو لە باشووری گوندی هەولان ئاباد، دوای چەند كیلۆمەترێک، دەرژێتە چەمی خوڕخوڕەوە. ڕووباری خانە شورتی، لە لای چەپ و لە لای ڕاستەوە، ژمارەیەكی ئاوی تێدەڕژێت.

ئاوی ڕەغجەر – سەرچاوەكەی دەكەوێتە كێوی نینەوە. لە باشووری ڕۆژئاواوە بەرەو باكووری ڕۆژهەلات دەڕوات، هەتاكوو لە نزیک گوندی خوڕخوڕەوە، پاش چەند كیلۆمەترێک، دەرژێتە چەمی خوڕخوڕەوە.

ب – كورە قەلا

ئەم ئاوە، لقێكی دیكەی چەمی چەغەتووە و لە ئاوەكانی چەمی كەسنەزان و چەمی سماقلو و چەمی دەرەئاب و چەمی جەوشن پێک دێت و پاشان بەرەو ڕۆژهەلات دەڕوات، هەتاكوو لە باشووری گوندی قیشلاق پول دەرژێتە نێو ئاوی چەغەتووەوە.

ج – چەمی سەقز

ئەم چەمە، بە گرنگترین لقی لای چەپی ئاوی چەغەتوو دادەنرێت. سەرچاوەكەی

دەکەوێتە کێوی هەوارە بەرزن (٢٢٦٠ مەتر) و دووسەرە و بەردەسیر، پاش ئەوەی ئاوی ئەو کێوانە کۆ دەبنەوە و دەبنە یەک ئاو، بە ناوی چەمی میرگە نەخشینەوە، لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات. لە دوایدا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە و ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، هەتاکوو دەگاتە باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندی مێرگە نەخشینە. دوای ئەم گوندە، بە ناوی چۆمی شێخ چۆپان دەناسرێ و لە باکوورەوە بەرەو باشوور دەڕوات، هەتاکوو دەگاتە گوندی شێخ چۆپان و لە باشووری ئەم گوندەشەوە، ئاوەکە سەمتی خۆی دەگۆڕێت و بەرەو ڕۆژهەڵات و لە پاشان بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات دەڕوات. لەو ماوەیەدا چەند جارێک پێچ دەکاتەوە، هەتاکوو بەرەو باکووری گوندی کویرە کویز دەبێتەوە، لە دوایدا ناوەکەی دەبێتە چەمی سەقز. پاشان بە ڕۆژهەڵاتی کێوی وەرزمەدا، بەرەو باشوور دەڕوات، ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵات، هەتاکوو نزیک گوندی خدر دەبێتەوە، لەوێشەوە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات و دوایی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی سەقز و گوندی ئاق تەپە درێژەی پێ دەدات، هەتاکوو لە ڕۆژهەڵاتی گوندی داش ئالوجە، دەڕژێتە چەمی چەغەتووەوە. لقە گرنگەکانی چەمی سەقز، ئەمانەی لای خوارەوەن:

٠١ چەمی خان - لە کێوەکانی گردە (٢٦٣٠ مەتر) و نەکرزە (٢٦٤٠ مەتر) و غەزەب (٢١٦٠ مەتر) و نێگروز و هەندێکی دیکەش پێک دێت. ئەم ئاوە، ڕێڕەوەکەی لە باشوورەوە بەرەو باکوورە. لە بەشی سەرەوەی بە ناوی چەمی قەبغلوچەوە دێتە خوارەوە و پاش چەند کیلۆمەترێک ناوەکەی دەگۆڕێو پێی دەوترێ چەمی تەموتە. دوای ئەم گوندە، بەرەو ڕۆژهەڵات قەفێکی گەورە دەخوا و دوایی ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکات و جارێکی دیکەش بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە. پاشان لە دەوروبەری ڕۆژئاوای گوندی مازوجدار، بە چەمی خان دەناسرێ و بەرەو چەمی سەقز دەڕوا و لەوێ یەک دەگرنەوە. چەمی خان، چەند لقێکی هەیە، لەوانە چەمی مێردە، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە کێوی کزارە (٢٢٢٧ مەتر) و سەرتون (٢٦٢٢ مەتر) و قەڵا گاە ... هتد.

٠٢ چەمی ئاڵتون - لە ئاوەڕۆی سەرەوەی، لە ئاوەکانی چەمی مەرخوز، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە کێوی ئەستاد مستەفا (٢٢٥١ مەتر) و چەمی ئاخ کەند و چەند ئاوێکی دیکە پێک دێت. هەموو ئەو ئاوانە، لە دەوروبەری گوندی ئاخ کەند تێکەڵاو دەبنەوە و ناوەکەی دەبێتە چەمی ئاڵتون و پاشان بەرەو باشووری گوندی ئاڵتونی ژێری دەڕوات، هەتاکوو دەڕژێتە چەمی سەقزەوە.

تەتەهوو

لە کێوەکانی کابری (٢٤١٧ مەتر) و خەسرەو و قالات و دووسەرە (٢١٥٦ مەتر) و هەندێکی دیکەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت. ئاوەڕۆی سەرەوەی لە کۆمەڵە ئاوێک پێک هاتووە، دوای ئەوەی ئەو ئاوانە، لە باشووری گوندی زاوەکوە تێکەڵاو دەبن، ناوەکەی دەبێتە چەمی زاوەکوە. پاشان ئەو ئاوە لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات، هەتاکوو دەگاتە باشووری گوندی پیر بەهادین، دوایی بەرەو باکوور دەبێتەوە وناوەکەشی دەگۆڕێ و پێی دەوترێ ڕووباری گلولان، هەروەها درێژە بە ڕۆشتنەکەی خۆی دەدات، هەتاکوو باشووری گوندی قازانتا، لە دوای ئەم گوندە، بە ناوی تەتەهوو دەناسرێ و بەرەو زەریاچەی ورمێ دەڕوات.

لە لای ڕاست و چەپەوە، ژمارەیەک ئاو لە تەتەهوو (سمینەرود) دەڕژێت، کە قروچایە لە هەموویان ئاوی زیاترە و سەرچاوەکەشی دەکەوێتە باشووری کێوی خەلو (٢١٦٦ مەتر)، لە ئاوەڕۆی سەرەوەی بە چەمی ئاچوتان دەناسرێ و بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات، هەتاکوو لە باشووری گوندی قروچای ژێری، دەڕژێتە نێو ئاوی تەتەهووەوە.

سەرەڕای ڕووبارەکانی چەغەتوو، تەتەهوو و لقەکانیان، کە لەسەرەوە باسمان کردن، چەند ڕووبارێکی دیکەش هەن، کە دەڕژێنە زەریاچەی ورمێوە، بەڵام بایەخیان لەوانەی پێشوو کەمترە، وەکوو زولاچای و نازلوچای و شەهر چای و باراندوز و گدار چای و جان درە و گەلێکی دیکەش.

زەریاچەکان

لە ئەنجامی ڕۆچوون و جموجۆڵی تەکتۆنی چینەکانی ژێر زەوی و جوڵانەوەکانی سەر ڕووی زەوی و تا ڕادەیەکیش ڕووتاندنەوەی زەوی، کۆمەڵە زەریاچەیێ لە کوردستاندا دروست بوون.

خەسڵەتە گرنگەکانی ئەم زەریاچانە لەوە دایە، کە ئاویان لەبەر ناڕوات، واتا زەریاچەی داخراون، لەبەر ئەوە زۆربەیان ئاوەکانیان سوێرە و بۆ کشتوکاڵ و پێویستییەکانی ڕۆژانە، بەکار ناهێنرێن، بەڵام ئەوەی هەیە، لە هاویناندا وشک ناکەن، چونکە ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە نێو ئەو زەریاچانەوە، سەرچاوەکانیان یا لەو شوێنانە هەڵ کەوتوون، کە ساڵ دوازدەی مانگ بەفریان لێ ناچێتەوە، یاخود لە کانێک سەرچاوە هەڵ دەگرن، لە هەندێکیاندا پاپۆڕ هاتوچۆی پێدا دەکات، کە ساڵانە بە سەدان کەس و بە سەدان تەن شتومەک دێنن و دەبەن. دەسکەوتی ساڵانە لە سامانی ئاو بە تایبەتی ماسی، دەگاتە

چەندین تەن، بەڵام گۆشتی ماسییەکان کەمێ سوورە، ئەویش لەبەر سووری ئاوەکانە. ڕۆخی زەریاچەکان بە ئاوەدانییەکانی شار و گوند چواردەورە دراوە. لەو نێوچانەدا، لەبەر نەبوونی هۆیەکانی هاتوچۆ و خراپی خزمەتگوزاریی و نەبوونی ئوتێل، جوڵانەوەی تووریستی تێدا کەمە. زەریاچەکان لە زستاندا، بە مەڵبەندی دەیان جۆر باڵندەی نێوچە ساردەکانی سەر ڕووی زەوی دادەنرێن.

زەریاچەی وان

بە گەورەترین زەریاچەی کوردستان دادەنرێت. بەرزاییەکەی لە سەر ڕووی زەریاوە، ١٦٤٦ مەترە. پانتاییەکەی ٣٧١٣ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. بەشی هەرە فراوانی کەوتۆتە نێوچەی شارۆچکەی تاتوانەوە. جێگا هەرە قوڵەکانی لە سەد مەتر زیاترە دەبێت. زەریاچەی وان لە هەموو لایەکەوە ئاوی تێدەڕژێت، لە هەموویان گرنگتر، لە ڕووی زۆری ئاوەوە، چەمی قەرەسوو و خۆشابە و بەندی ماهییە. ئاوی زەریاچەی وان سوورە، چونکە ئاوی لەبەر ناڕوات. ڕووی ئاوەکەی لە بەهار و هاویندا، پان دەبێت، چونکە لەو دوو کەژەدا، ئاوی زۆری تێدەڕژێت. بەڵام لە پایزدا، ئەم ئاوە پانایییەکەی لە ٣٠ – ٥٠ مەتر کەمتر دەبێتەوە. شەپۆلەکانی زەریاچەی وان، لە نێوان دوو تاکوو سێ مەتر دایە. شەپۆلەکان، بە تایبەتی لە کاتی زیادبوونی ئاودا، گەلێک بڵند دەبنەوە.

دیارە زەریاچەی وان، بە هۆی بزووتنەوەی تەکتۆنییەوە، لە شوێنی دەشتی موش و چیای نەمرودی ئێستاکە، لە نیوەی دووەمی چەرخی سێیەمدا پەیدا بووە و سەرەتا چاڵێکی گەورە دروست بووە و پاشان ئەو چاڵە، وردە وردە پڕ بووە لە ئاو و لە ڕێگەی دۆڵی مورادەوە، ئاوەکەی لەبەر ڕۆشتووە. لە سەدەی چوارەمدا، لەنێو جەرگەی زەویدا بومەلەرزەیەک ڕووی داوە، بە شێوەیەک بووە، کە چیای نەمرود بەرز بۆتەوە، کە بە دەوری خۆی کاری لە ڕۆشتنی ئاوەکەی دۆڵی مورادی کردووە و ڕێی لە ڕۆشتنی ئاوەکەی گرتووە، پاشان ئەوەکە لەو چاڵەدا، لە شوێنە هەرە قوڵەکانیدا کۆ بۆتەوە، کە ئەوڕۆ زەریاچەی وانی پێ دەڵێن. ئەو جێگایانەشی کەمتر قوڵ بوون، دەشتی موشیان لێ دروست بووە.

ئاوی زەریاچەی وان، کلۆریدی کاربۆن و سولفاتی تێدایە. هەروەها ئاوەکەی زۆر سوورە و سۆدەشی تێدایە. ڕێژەی مەتیریا کیمیاوییەکان، لە ئاوی واندا بەم شێوەیەیە: کاربۆناتی سۆدیۆم – ٥,٩٪، کلۆریدی سۆدیۆم – ٣,٨٪، کلۆریدی مەنغەنیز – ٠,٤٪، سولفاتی مەنغەنیز – ٠,٣٪، سولفاتی کالیسیۆم – ٠,١٪ و گەلێ مەتیریای کیمیاوی

دیکەشی تێدایە.

ڕۆخەکانی زەریاچەکە پێچاوپێچە، ئەمەش لە ئەنجامی هەڵکشان و داکشانی ئاوەکەدا دروست بووە. کە ئاوی زەریاچەکە زیاد دەکات، دەگاتە شوێنە نزمەکانی دەوروپشتی زەریاچەکە، لە پاشان کە ئاو دەنیشێتەوە و کەم دەکات، ئاوەکە بۆ شێوەی پێشووی خۆی دەگەڕێتەوە. لە ئەنجامی ئەو هەموو هەڵکشان و داکشانەدا، کاری ڕنین لە ڕۆخەکان پەیدا بووە، بە دووبارەکردنەوەی ئەو کارە، شوێنە نەرمەکان لە شوێنە ڕەقەکان، زیاتر دەخورێن و ئاو شوێنەکانیان پڕ دەکاتەوە و شوێنە ڕەقەکانیش وەکوو خۆیان دەمێننەوە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسێسە بەردەوامەدا، ئەو پێچانە لە کەناری زەریاچەکەدا پەیدا بوون. هەروەها لە ئەنجامی نیشتنی ئەو قوڕ و لیتانەی، کە ڕووبارەکان لە ڕێژگەکانیانەوە، لەگەڵ خۆیان بۆ نێو زەریاچەکە دەیانهێنن، زەوییەکە زیاد دەکات، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە، ئەم زیادبوونە نییە.

لە نێو زەریاچەی واندا، ئەم دوورگانە هەن: ئاقدامار، چارپاناک، گادیر. ئەوانە لە کاتی خۆیدا، هەموو نیمچە دوورگە بوون، بەڵام لەبەر پرۆسێسی هەڵکشان و داکشانی ئاوی زەریاچەکە، پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆخەکان بڕاوە و بوونەتە دوورگەی تەواو.

لە زەریاچەی واندا، ساڵانە لە نێوان ١٠٠ – ١٥٠ تەن ماسی ڕاو دەکرێت. لە مانگی ئەپرێل و مایدا، ماسییەکان بۆ گەرا دانان، پەنا بۆ بەر ڕێژگەکان دەبەن، چونکە ئاوی ئەو جێگایانە، لە ئاوی ناوەڕاستی زەریاچەکە شیرینترە. بە نێو زەریاچەی واندا، بۆ گواستنەوەی خەڵک و کەلوپەل، پاپۆڕ هاتوچۆ دەکا.

زەریاچەی ورمێ

پەیدابوونی زەریاچەی ورمێ، بۆ جوڵانەوەیەکی تەکتۆنی دەگەڕێتەوە، کە لە ژێر سنکلینال ڕووی داوە. ڕووبەری زەریاچەکە ٤٨٦٨ کچگە (لەو شوێنانەدا کە ئاوی زۆرە دەگاتە شەش هەزار کچگ، لەو شوێنانەشدا کە ئاوی کەمە چوار کچگ دەبێت). نزیکەی دوازدە ملیار مەتری سێگۆشە، ئاو دەگرێت.

زەریاچەی ورمێ دەکەوێتە، نێوان ٣٧,١٠ پلە هەتاکوو ٣٨,٢٠ پلەی درێژی ڕۆژهەڵات و نێوان ١٠,٤٠ پلە هەتاکوو ٤٦,٠٠ پلەی پانایی باکوورەوە. بەرزایی لە ڕووی زەریاوە ١٢٧٥ مەترە. تێکڕای قوڵایی لە نێوان ٥ – ٦ مەتر دایە. قوڵترین شوێن لە زەریاچەی ورمێدا دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاواوە و نزیکەی دوازدە مەترێک دەبێت (لە شوێنە کەم ئاوەکاندا، ١٢ مەتر دەبێت، لە شوێنە پڕ ئاوەکاندا، دەگاتە بیست مەتر).بەشی سەرەوەی

ئاوەکـە، بە شـێـوەیەکی بەردەوام لە جـوڵە دایە. بەرزایی شـەپۆلەکـانی لـە کـاتـی بەفـر تواندنەوەدا، یاخـود لە کـاتـی زیادبوونی ئاوی زەریاچەکـەوە، کـە ئاوی ڕووبارەکـانی تێـدەڕژێت، دەگـاتە دوو مـەتر و زیاتر. بەڵام لە وەرزەکـانی دیکەدا، واتا ئـەو وەرزانەی، نە بەفـریان تێدا دەتوێتـەوە و نە بارانیـان تێـدا دەبارێت، ئاوی سـەر ڕووی زەریاچەکـە، زۆر هێمنە و بێ شەپۆلە.

بارستـایی بارانی سـاڵانەی، نزیکەی ٥٥٠ ملیـمـەترە، زۆربەی لە نێوان مانگەکانی مـارس و ئەپرێلدا دەبارێ. دوای ئەوەی باران دەبڕێت و پلەی گـەرمـا بـەرز دەبێـتـەوە و وەرزی وشکی دەست پێ دەکات، ڕووبەری زەریاچەکە پچووک دەبێتەوە، لە دەوروبەرەکەی زەلکاو پەیدا دەبێت، لەو زەلکاوانە، خەڵکی بۆ دەرمان کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئاوی زەریاچەی ورمێ سـوورە و ڕێژەی خـوێ لە دەوروبـەری ٢٣٪ دایە، زۆربەی زۆری خـوێیـەکـە، بریتـییـە لە کلۆریدی سـۆدیۆم، ئەمـەش بۆتە هۆی ئـەوەی، زیندەوەری گـەورە نەتوانێ لەو ئاوەدا بژی، وەکوو مـاسی. بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، هـەندێ زیندەوەری پچـووک، لە نێو ئاوەکەدا دەژین. پلەی سوێریی لە وەرزی تەقینەوەی ئاودا، دەگاتە ٢٦٠ گرام لە یەک لیتر ئاودا، لە وەرزی کـەم ئاو و هاویناندا زیاد دەکات و دەگاتە ٢٨٠ گرام لە یەک لیتردا. ئاوی زەریاچەی ورمێ لە زستاناندا نایبەستێ.

زەریاچەی ورمێ، نزیکەی ٥٦ دوورگەی گـەورە و گچکەی تێدایە، لە هـەموویان گەورەتر شاهییە، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهـەڵاتەوە، لە دەوروپشتەکەی دەشتایی و گردۆڵکە هـەیە، کـە لە هـەندێ کـاتـی سـاڵدا، کـشـتـوکـاڵی لێ دەکـرێت. هـەروەهـا ژمـارەیەک لە کـانیـاو و دەرماناوی تێدایە.

زەریاچەی زرێبار

ئەم زەریاچەیە دەکەوێتە باکووری دەشـتـی مەریوانەوە و لە شارۆچکەی مەریوانەوە سێ کـیـلۆمــەتـر دوورە. هەروەهـا دەکــەوێتــە بـاکــووری ڕۆژئاوای شـــاری سنەوە بـە ١٢٨ کـیـلۆمــەتـر.ڕووبەرەکـەی بـەپێی زۆر و کــەمی ئاوەکـەی دەگـۆڕێ. لـە کـاتـی ئـاو زۆریدا، ڕووبەرەکـەی دەگـاتە بیـست کـچگ و لە کـاتی کـەم ئاویشـدا، ڕووبـەرەکەی تـەنیـا هـەشت کـچگە. درێژایی زەریاچەی زرێبـار، لە دەوروبەری شـەش کـیلۆمـەتر دایە. پانایـیـەکـەی نزیکەی سێ کـچگە. ئەو درێژیێ و پانییـە، بە شـێوەیەکی بەردەوام، لـە زیاد و کەمی دایە، بەپێیێ زیاد و کەمکردنی ئاوەکە.. قـولایی زەریاچەی زرێبـار، لە نێوان دوو هـەتاکوو شـەش مـەتردا دەبێت. قـەوارەی ئاوەکەی لە نێوان ٣٢ – ٤٧ ملیـۆن مـەتری سێگۆشـە دایە. زەوی

دەوروپشتەکەی لە زەلکاو پێک هاتووە و لە ژێریشەوە، پەیوەندییان بە زەریاچەکەوە هەیە.

زەریاچەی زرێبار لە ڕووی زەریاوە، دەکەوێتە بەرزایی ۱۲۸۳ مەتر. لە نێوان ٤٦,٧ – ۳٥,۳۲ پلەی پانالییدا هەڵ کەوتووە. ڕووبەری حەوزەکەی لە دەوروبەری ۱۳۸ کچگ دایە. تێکڕای بارانبارینی ساڵانەی، خۆی لە ۱۲۲ ملیۆن مەتری سێگۆشە دەدات. لەو قەوارەیە نزیکەی ٦۳ ملیۆن مەتری سێگۆشەی دەبێتە هەڵم، ئەوەشی دەمێنێتەوە بریتییە لە ٥۹ ملیۆن مەتری سێگۆشە، بەشێکی بە عەرزەوە وەردە وەردە بێ و ناگاتە زەریاچەکە، بەشەکەی دیکەی لە ڕێگەی ڕووبارەکانەوە دەڕژێتەوە نێو زەریاچەکەوە.

دەوروبەری زەریاچەی زرێبار بە دار و سەوزایی داپۆشراوە، ئەمەش بۆتە هۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرما لەو نێوچەیەدا، کە لە ئەنجامدا، پرۆسێسی بوون بە هەڵم کەم دەکاتەوە. ئاوی زەریاچەی زرێبار، لە زستاناندا بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ بە تەواویی دەیبەستێ. ئەستورایی شەختەکەی دەگاتە یەک مەتر ئاوی زەریاچەی زرێبار شیرینە. لە ڕووی کیمیاوییەوە بۆ خواردنەوە دەست دەدات. هەروەها ماسی و باڵندەی زۆرە.

زەریاچەی تەنگە سوور

ئەم زەریاچەیە دەکەوێتە نێوان جادەی شوش و ئەردیگان، کە بۆ یاسوچ دەچێت. ۲٥ کیلۆمەتر لە شارۆچکەی ئەردیگانەوە دوورە. نێوچەی تەنگە سوور لە شێوەی سێگۆشە دایە. لە باکورەوە کێوی (تۆپ عەبدوڵلا) و لە باشوورەوە کێوی (گەنجگون) و لە باکووری ڕۆژئاواوە کێوی سوور هەڵ کەوتووە.

بەرزایی تەنگە سوور لە ڕووی زەریاوە، سێ هەزار مەترە و ڕووبەرەکەی لە دەوروبەری نیو کچگ دایە. قوڵایی ئاوەکەی لە نێوان دوو هەتاکوو سێ مەتر دایە. قەوارەی ئاوەکەی دەگاتە بیست ملیۆن مەتری سێگۆشە.

زەریاچەی مورزەرد

ئەم زەریاچەیە، لە لای خەڵکی بە (بەرم) ناوی دەرکردووە. سێ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی دلی رون و یەک کیلۆمەتر لە کوە شورم یا شورانەوە دوورە. درێژایی یەک کیلۆمەترە و پانایییەکەی دوو کیلۆمەترە. لە نێو ئاوی ئەم زەریاچەیەدا، ماسی، بۆق، ماری ئاوی، مارماسی و باڵندەی ئاوی وەکوو مریشکی ماسیخۆر دەژین.

زەریاچەی هەپر

ئەم زەریاچەیە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای زەریاچەی مورزەردەوە و لەویش گچکەترە. ئاوی ئەم زەریاچەیە، لە ڕێگەی تەنگەی زەریاچەکەوە دەگاتەوە بە ڕووباری ڕیش، کە کەوتۆتە نێوچەی سادات شا غالبییەوە، لە نێوچەی کوهگیلویە. لە دوایدا بەرەو ڕووباری کارون درێژ دەبێتەوە و دەڕژێتە نێوی.

زەریاچەی ئالمان

ئەم زەریاچەیە دوو کیلۆمەتر، لە ڕۆژهەڵاتی گوندی شیلابە و سێ کیلۆمەتریش لە باشووری ڕۆژئاوای گوندی سەر ئاسیابەوە دوورە. پانایییەکەی ١٥ مەتر و درێژاییەکەشی دوو هەزار مەتر دەبێت. گیناندارى ئاوی و باڵندە و گیانلەبەری خشۆکەکانی ئەم زەریاچەیە، هەمان ئەو چەشنانەی زەریاچەی مورزەردن. لەبەر ئەوەی دەوروبەرەکەی لە بەردە گەچ پێک هاتووە، ئاوی زەریاچەکە لێڵ و شۆرە.

زەریاچەی مان گشت

ئەم زەریاچەیە دەکەوێتە نزیکی کوەمان گشت و سێ کیلۆمەتر لە گوندی واجل سەردەرەوە دوورە. ئاوەکەی شیرینە. پانایییەکەی نزیکەی ١,٥ کیلۆمەتر دەبێت.

زەریاچەی بەرم شوور

ئاوی ئەم زەریاچەیە، لە چیاکانی کە لە گەچ پێک هاتوون دێت، لەبەر ئەوە ئاوەکەی شۆر و لێڵە، هەر بۆیە ناویشیان لێ ناوە، گۆمی شوور. ئەم گۆمە ٣٥ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای بابامونیرەوە دوورە. درێژاییەکەی یەک کیلۆمەتر دەبێت، پانایییەکەی ٥٠٠ مەترە.

زەریاچەکانی دیکەی کوردستان ئەمانەن:ئەرجەک، هەزار، نازک، بالیک، هاجلی، ئارین، نەمروت، ئاقدۆغان، ئاکتاش، گیلدیر، کویو چوک، میشک، حەسەن تەیموور، سوبحان، توز، ساز، گۆل یوزو، ئاخ، سەکی، باتمس، ئاق گۆل، تورنا، ئاوگیر. ئەم گۆمانە هەموویان کەوتوونەتە باکووری کوردستانەوە. لە زەریاچەکانی دیکە ئەمانەن: هەفت بەرم (نێوچەی مەمسەنی). گۆمی کرمە سوور (پارێزگای سلێمانی) ئەم گۆمانە گچکە و کەم ئاون و بایەخی ئابووریشیان زۆر نییە.

٢. ئاوی ژێر زەوی

بەفـر و باران، کـە دوو سـەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی پێک دەهێنن، دوو لەسـەر سـێی دەبێتە هەڵم و بە ئاسماندا دەچێ. بەشەکەی دیکەشی، هەندێکی لەسر زەوی دەڕوات و لە دواییدا لە ڕێگەی ڕووبارەکـانەوە دەڕژێنە نێـو زەریاکـانەوە. هەندێکی دیکەشی زەوی هەڵیـان دەمـژێ و ئـاوی ژێر زەوی پێک دەهێنن و لە دواییـشـدا، لە شـێـوەی کـانی و سەرچاوەدا، لە بناری چیاکانەوە یا دەشـتاییەکانەوە، جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر زەوی. یاخـود بە شـێوەیەکی مـیکانیکی، واتە بە لێدانی ناعـور و بیـر لە لایەن خـەڵکەوە، ئاوەکە دەردەهێنرێ و بەکار دەهێنرێت.

بارسـتـایی ئـاوی ژێر زەوی، بە پلەی شـاشـە بەردەکـانی ژێر زەوییـەوە بەسـراوە. هەرچەندە بەردەکـان شـاش بن، ئـەوەندە زیاتـر ئاو لە قـوڵایی زەویدا کـۆ دەبێـتـەوە، بە پێـچـەوانەشـەوە، چەند چڕ بن، ئەوەندە کـەمـتـر ئاو دەگـاتە ژێر زەوی. وەکـوو زانراوە، کوردستان لە ڕووی سامانی ئاوی ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندە، چونکە زۆربەی بەردەکانی لەو بەردانەن، کە ڕێگە بە ئاو دەدەن، بۆ چینەکانی ژێر زەوی بڕۆن و لە بنەوە حەوزی ئاو پەیدا بکەن. هەرچەندە تاکوو ئێستا، زانیارییەکی تەواو مان لەسەر ئاوی ژێر زەوی کوردستان و بارسـتـایی و شـوێنی حەوزەکـانی نییە، بەڵام وا لە خـوارەوە، باسی هەندێ لەو حەوزە ئاوانەی ژێر زەوی دەکەین، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستمان د ان:

ئاوی ژێر زەوی دەشتەکانی میهران، موحسن ئاباد و حوسێن ئاباد

بارسـتـایی ئـاوی ئەو نێوچانـە، لە دەشـتـاییـەکـانی سـەرەوە لە دەوروبەری سی ملیـۆن مەتری سێگۆشـە دایە لە سـاڵێکدا. ئەو ئاوە بە هۆی چۆڕانەوە و ئاوڕۆیشـتنی سـاڵانەیەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیادبوون دایە.ساڵانە نزیکەی پێنج ملیۆن مەتری سێگۆشە، لەو ئاوە بۆ ئاودانی زەوی کشـتوکاڵی و دابینکردنی ئاو بۆ شارۆچکەی مـیهران سەرف دەبێت. ئەوەشی دەمـێنێـتـەوە، دەتوانرێ لە ڕێگەی بیـری ئـیـرتیـوازییـەوە دەربـهـێندرێ و بۆ فراوانکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەکار بهێندرێ (٣٥، لاپەڕەی ٥٩).

ئاوی ژێر زەمینی دەرەشەهر

کاربەدەستانی ئاو، لەم ساڵانەی دواییدا، چەندین بیریان بۆ تاقیکردنەوە لێ داوە، تا بتوانن بارستایی ئاو لەو دەشتەدا دیاری بکەن. پاشان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئاوی ژێر زەوی، نزیکەی سەد ملیۆن مەتر سێگۆشە دەبێ، کە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی فراوانکردنی زەوی کشتوکاڵ و زیادبوونی بەرهەم (٣٥، لاپەڕەی ٦١).

١/ هەڵقوڵینی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی سروشت

أ - کانی

کانی یاخود ئەو ئاوە ژێر زەمینییەی کە لە بناری چیاکان و گردەکان و دەشتاییەکانەوە هەڵ دەقوڵێ و دێتە دەرەوە، زۆربەیان هەر لە شوێنی خۆیاندا گۆمێک دروست دەکەن.

ژمارەی کانییەکانی کوردستان، خۆیان لە چەند هەزار کانییەک دەدەن. بۆ نموونە، تەنیا لە ئوستانی بەختیاری (ساڵی ١٩٨٨ ز – ١٠٩٣ کانی)، لە ئوستانی ئیلام (ساڵی ١٩٨٢ ز – ٦٧ کانی)، لە ئوستانی کوهگیلویە (ساڵی ١٩٩٢ز – ١٢٨ کانی) هەیە. بەڵام بە داخەوە، لەبەر هەندێ هۆ، لەوانە وشکبوونی کانییەکان لە ئەنجامی کەم بارانی و نەبارینی بەفر لە هەندێ نێوچەدا، یاخود وێرانکردن و داپۆشینی ژمارەیەکی زۆر لە کانییەکان ئەو ژمارەیە نەوەکوو هەر زیاد ناکات، بەڵکوو ساڵ لە دوای ساڵ کەم دەکات.

تێکڕای لەبەرڕۆشتنی ئاوی کانییەکان، بە سەدان ملیۆن مەتری سێگۆشە دەبێت. بۆ نموونە، ئەو پرۆسێسە لە ئوستانی بەختیاری لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینیدا، ٥٨٥ ملیۆن مەتری سێگۆشە بوو. لە ئوستانی ئیلام لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا، ٢٠ ملیۆن بوو.

کانییەکان لە ڕووی سازگاریی و تامی ئاوەکانییان، بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێن:

١. کانی شیرناو

ئەو کانیانەی ئاوەکانیان سازگار و سوک و شیرینە، لە زۆر شوێنی کوردستان هەن. هەندێ لەو کانیانە ئاوەکانیان زۆرە و لە شوێنێکی وادا هەڵ کەوتوون، کە بە ئاسانی مرۆڤ دەتوانێ، لێیان بژی. بۆیە خەڵکی ئەو توانایایان قۆزتۆیەوە و خانوبەرەیان لە دەوروبەری ئەو جۆرە کانیانە دروست کردووە و ئاوەدانیان کردۆتەوە و لێی نیشتەجێ بوون.

٠٢ کانی گۆگردی

ئاوی هەندێ لە کانییەکانی کوردستان، شۆر و لێڵە و گۆگردی تێدایە، لەبەر ئەوەی لە کاتی هاتننیاندا لە سەرچاوەکانیانەوە، بەسەر هەندێ جۆر لە بەرد و خۆڵی وادا تێپەڕ بوون، کە مەتیریاڵی کیمیاوی جۆراوجۆریان تێدا بووە و تام و ڕەنگی ئاوەکەیان گۆڕیوە. ئاوی ئەو جۆرە کانیانە، لە لایەن خەڵکەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست و باداری (ڕۆماتیزم) بەکار دەهێنرێن. هەندێ لەو کانیانە ئەمانەن:

کانی ڕیزە – ئەم کانییە کەوتۆتە بەرزاییەکانی ڕیزە و سارەوەن، لە نێوان جوانرۆ و باباجان.

کانی با – ئەم کانیە کەوتۆتە بەرزاییەکانی کوەتاتەشگاه لە سەنتەری ناحیەی شارستانی پاوە و چوار کیلۆمەتریش لە شارۆچکەی پاوەوە دوورە.

کانی گول هویج – ئەم کانییە ٢٥ کیلۆمەتر لە شارۆچکەی سونقورەوە دوورە و کەوتۆتە بناری چیای نزیک گوندی گول هویجەوە. ئەم کانییە لە نێوچەکەدا، بە ئاوی (گولی) یەوە بە ناوبانگە.

کانی ئایس سوو – ئەم کانییە کەوتۆتە نێوان ورمێ و سەلماسەوە لە نزیک گوندی ئایس سوو. گەرمایی ئاوەکەی لە دەوروبەری ١٧ سانتیگراد دایە. قەوارەی لەبەرڕۆشتنی ئاوی لە یەک چرکەدا، ١٧ , ٠ لیترە. لە شوێنێکدا هەڵ کەوتووە، کە بەرزاییەکەی ١٣٥٠ مەتر دەبێت. مەتیریاڵەکانی ئۆکسید و کالیسیۆم و کلۆر و سولفاتی تێدایە.

کانی محالی باراندوز – ئەم کانیە کەوتۆتە نزیک گوندی هەفت ئاباد و کەناری ڕووباری باراندوز چای پڕ ئاوە. ئاوەکەی لە نێوچەی دل ئاب زال دەکوڵێ.

کانی کوە زەنبیل – ئاوەکەی پڕە لە فۆسفاتی جۆراوجۆر. چوار فەرسەخ لە شاری ورمێوە دوورە و لە کەناری زەریاچەی ورمێ هەڵ کەوتووە.

ب - سەرچاوە

سەرچاوەش وەکوو ئاوی کانییەکان، لە بناری چیاکان و گردەکان و دەشتاییەکانەوە هەڵ دەقوڵێ و دێتە دەرەوە. ئاوی هەندێکیان سازگار و بە تام و خۆشن و هەندێکی دیکەشیان ئاوەکانیان ناخۆشن. جیاوازیان لەگەڵ کانیەکاندا، لە قەوارەی ئاو لەبەرڕۆشتنی ساڵانەیان دایە. سەرچاوە هەمیشە ئاوی لە ئاوی کانییەکان زیاترە و بە بەردەوامیش لەبەریان دەڕوات.

سەرچاوە لە کوردستاندا زۆرن، بۆ نموونە: لە ئوستانی کرماشان (ساڵی ١٩٨٨ ز – ٣٢ سەرچاوە) هەبوو. بە ئاوەکانیان دەتوانرێ، بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆریان پێ ئاو بدرێ. هەروەها هەندێ لەو سەرچاوانە، بۆ دابینکردنی ئاوی ڕۆژانەی دانیشتووانی، هەندێ لە ئاوەدانییەکان، بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێن. لە سەرچاوە گرنگەکان، ئەمانەی لای خوارەوەن:

قەنبەر – ئەم سەرچاوەیە، دەکەوێتە باشووری شاری کرماشان و بناری کوە سەفید. بە سەرچاوەیەکی گرنگی بەشێک لە ئاوی خواردنەوەی شاری کرماشان دەژمێردرێت.

خدری زیندە و خدری ئەلیاس – ئەم سەرچاوەیە، ٢٢ کیلۆمەتر لە باکووری شاری کرماشانەوە دوورە و دەکەوێتە نێوان جادەی کرماشان و شاری سنەوە.

ڕەوانسەر – سەرچاوەی ڕووباری قەرە سوو کە٩٠ کیلۆمەتری بە نێو خاکی ئوستانی کرماشاندا تێدەپەڕێت.

ڕیجاب – سەرچاوەی ڕووباری ئەڵوەندەوە کە بە خاکی سەرپۆڵی زەهاب و قەسری شیریندا تێدەپەڕێت و لە نێوچەی خانەقین تەواو دەبێت. هەندێ ڕووباری دیکە لەو سەرچاوەیەوە دێنە دەرێ، بۆ نموونە: وەلاش، زرین جوب، قۆرەتوو.

هەندێ لە سەرچاوەکانی دیکەی کوردستان، ئەمانەن: بێخاڵ، سەرسەنگ، دەرماناوا، ئاوی بن بەردی و ئەحمەدئاوا ...

٢/ دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی میکانیکی

کارێز

دانیشتووانی نێوچە بێئاوەکانی سەر ڕووی زەوی، لە سەردەمی کۆن و ئێستاشدا، لە ڕێگەی کارێز لێدانەوە، ئاویان لە شوێنە بە ئاوەکانی ژێر زەمینەوە، بۆ شوێنە بێئاوەکانی سەر ڕووی زەوی ڕاکێشاوە، ئەمەش بۆ ئەوەی، ئاو بۆ پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و ئاژەڵ و بۆ ئاودانی بەروبوومەکانی کێڵگەی کشتوکاڵی مسۆگەر بکەن.

کارێز بریتییە لە کۆمەڵە بیرێک، کە یەک لە دوای یەک لێ دەدرێن، قوڵایی هەر یەکەیان لەوەی پێشوتر کەمترە. بیرەکان لە بنەوە، لە ڕێگەی تونێلێکەوە بە یەک دەگەیەندرێن. بیری یەکەم لە سەرچاوەی ئاوی ژێر زەمینەوە لێ دراوە، شوێنی ئەم بیرە، بە زۆری لە بناری چیاکاندا هەڵ دەکەوێت. قوڵاییەکەی لە نێوان ١٥٠ – ٢٠٠ مەتر و پانایيەکەشی لە نێوان

١- ٢ مەتر دایە. لە دوای ئەم بیرە، بیری دووەم بە ماوەی سەد مەتر لە بیری یەکەمەوە لێ دەدرێ. قوڵایی بیری دووەم لە قوڵایی بیری یەکەم کەمتر دەبێت. پاشان بە هەمان شێوە، بیری سێیەم و چوارەم و پێنجەم، هەتا دوا بیر لێ دەدرێت، بە شێوەیە وای لێ دێت، کە ئاوی بیری یەکەم، بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەکەوێتە سەر زەوی. بیرەکان سەریان دەگیرێن، بۆ ئەوەی بە تۆز و خۆڵ پیس نەبن و مرۆڤ و ئاژەڵیش نەکەونە ناوی.

کارێزەکان لە ڕووی درێژاییانەوە، لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی دیکە جیاوازن. لەو نێوچانەی کە ئاوی ژێر زەوی، لەسەر ڕووی زەوییەوە نزیکە، ئەوا درێژایی کارێزەکان لە چەند کیلۆمەترێک زیاتر تێپەڕ ناکەن و ژمارەی بیرەکانیش کەم دەبن. بەڵام لەو نێوچانەی کە ئاوی ژێر زەوی لە سەر ڕووی زەوییەوە دوورە، ئەوا کارێزەکان درێژتر دەبن و ژمارەی بیرەکانیش زیاد دەکات، بە شێوەیە لە هەندێ نێوچە، درێژایی کارێزەکان خۆی لە سەد کیلۆمەتر دەدات.

تێکڕای لەبەرڕۆشتنی ئاوی ساڵانەی کارێزەکانی کوردستان، چەندی ملیۆن مەتری سێگۆشە دەبێت. بۆ نموونە، لە کارێزەکانی ئوستانی بەختیاری (ساڵی ١٩٨٨ ز - ٢٣٢ مەتری سێگۆشە)، لە ئوستانی کرماشان (ساڵی ١٩٨٣ ز - ١٢٠ ملیۆن مەتری سێگۆشە)، لە ئوستانی ئیلام (ساڵی ١٩٨٨ ز - ٨ ملیۆن مەتری سێگۆشە ٨، لە شارستانی بروجەرد و ئەلیگودەرز (ساڵی ١٩٨٣ ز - ١٢٠ ملیۆن مەتری سێگۆشە) بوو.

تاکوو ئێستا ژمارەی تەواوی گشت کارێزەکانی کوردستانمان لەبەر دەستدا نییە. بەڵام دەتوانین، ژمارەی کارێزەکانی هەندێک نێوچە بخەینە ڕوو. بۆ نموونە:

ئوستانی کرماشان (ساڵی ١٩٨٨ ز - ٢٥٠ کارێز)، ئوستانی بەختیاری (ساڵی ١٩٨٨ ز - ٥٠٢ کارێز)، ئوستانی ئیلام (ساڵی ١٩٨٨ ز - ١١ کارێز)، شارستانی بروجەرد و ئەلیگودەرز (ساڵی ١٩٨٣ ز - ٤٩٠ کارێز) بوو. بەڵام بە داخەوە، ژمارەی کارێزەکان نەوەک هەر وەکوو خۆیان نەماونەتەوە، بەڵکوو ساڵ لە دوای ساڵیش کەمیان کردووە. ئەمەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، لەوانە: لێنەدانی کارێزی نوێ، دوا کارێز لە پارێزگای هەولێر، ٧٠ ساڵ لەمەو پێش بوو، لە ئوستانی ئیلام، ٣٠ ساڵ لەمەوبەر دوا کارێز لێ دراوە. دیارە پەیدابوونی ڕێگەی هاتوچۆی تازە و دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی و دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی، بە شێوەیەکی ئاسان، کارێکی زۆری لەسەر ژمارەی کەمبوونی کارێزەکانی کوردستان کردووە. هەروەها کارێز لێدان، لە چاو هەڵکەندنی بیری ئیرتوازیدا، پارەیەکی زۆری تێدەچێت، کە لە توانای تاکە کەسێکدا نییە. جگە لە خاوێن نەکردنەوەی بیرەکان و تونێلەکانیان لە لم و قوڕی ساڵانە، لەبەر

گرانی و ماندووبوون و وشکبوونیان بە هۆی گۆڕانی ئاووهەواوە، بە تایبەتی کەمی باران و بەفر نەبارین، داپۆشین و وێرانکردنی هەندێکی دیکەیان

ناعور

یەکێ لەو شێوە کۆنانەیە، کە دانیشتووانی نێوچە جیاجیاکانی جیهان، بە هۆیەوە کەڵکیان لە سامانی ئاوی ژێر زەوی وەرگرتووە، چ بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی خۆیان، چ بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن و ئاودانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان بوو بێ. ناعور بریتییە لە بیرێک، کە لە بیری ئاسایی گەورەترە و کەمەرەکەی دوو مەتر و قوڵاییەکەی پێنج مەتر زیاتر دەبێت. ئاوی ناعور بەم شێوانە هەڵ دەهێنجرێت ؛

۱. دەولک – کوندەیەک دوو تا سێ تەنەکە ئاو دەگرێ، بە پەت بۆ نێو ناعورەکە شۆڕ دەکرێتەوە. پەتەکە لەسەر بەکریەک هاتوچۆ دەکات، کە بە دارێکی دوو سێ مەترییەوە بەسراوە.ئەم سەر و ئەو سەری دارەکە، لەسەر ئەم بەر و ئە بەری دوو دیوار دانراوە، کە بەرزاییەکەی لە دوو مەتر زیاتر دەبێت و لە دەوروبەری ناعورەکە بانراوە. ئاژەڵیش پەتی ناعورەکە ڕادەکێشێت. مرۆڤێکیش لە بەردەم ناعورەکەدا وەستاوە، هەر کە دەولکەکە دەگاتە دەرەوە، وەری دەگرێ و بە تاڵی دەکات، بەم شێوەیە کارەکە دووبارە دەبێتەوە، هەتا ئەو ئاوەی پێویستە دەری دەهێنن.

۲. چەرخ – بریتییە لە چەرخێک، کە کەمەرەکەی سێ مەتر دەبێت. چەرخەکە دەولکی چینکۆیی پێوە کراوە و ئاژەڵیش چەرخەکە دەسوڕێنێتەوە. بە دووبارەکردنەوەی پرۆسێسی سوڕاندنەوەکە، دەولکەکان یەک لە دوای یەک پڕ دەبن لە ئاو. دوای ئەوەی دەولکەکان دەگەنە سەرەوە، خوار دەبنەوە و ئاوی نێو دەولکەکان دەڕژێن و دەچنە نێو جۆگەیەکەوە، لەوێشەوە بۆ شوێنی مەبەست دەڕوات.

پەمپی ئاو

لەو ساڵانەی دوایدا، خەڵک لە جیاتی دەولکە و چەرخ، بۆ بەرزکردنەوەی ئاو لە ناعورەکاندا، پەمپی ئاو بەکار دەهێنن. پەمپی ئاو، لەچاو ڕێگاکانی دیکەی ئاو دەرهێناندا، گەلێ ئاسانترو خۆشتر و بێ عەزێتترە.

بیر

لە نێوچە بێئاوەکانی سەر ڕووی زەویدا، هەروەها لەو نێوچانەی بۆری ئاویان بۆ ڕانەکێشراوە، دانیشتووانی ئەو نێوچانە هەر لە کۆنەوە، بە هەڵکەندنی بیر، پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆیان لە ئاو، دابین دەکەن. بیر چاڵێکە، کە قوڵاییەکەی لە هەندێ نێوچەدا، پێنج مەتر دەبێت و لە هەندێکی دیکەشدا، خۆی لە پانزە مەتر دەدات، کەمەرەکەشی لە دوو مەتر کەمتر نابێت. دوو جۆرە بیر هەیە:

٠١ بیری ئاسایی – ئەم جۆرە بیرانە، لە لایەن خەڵکییەوە لێ دەدرێن. قوڵاییەکەیان لە نێوان ٥ – ٥٠ مەتردا دەبێت. کەمەرەکەیان لە یەک مەتر زیاترە. دەولکەیەک کە بە پەت بەسراوە، بۆ نێو بیرەکە شۆڕ دەکرێتەوە، پاشان بە دەست ڕادەکێشرێتە دەرەوە. لە کوردستاندا، بە دەیان هەزار بیر هەیە.

٠٢ بیری ئیرتوازی – دەوڵەت لە کۆتایی پەنجاکانەوە، دەستی بە هەڵکەندنی بیر بە مەکینەی تایبەتی بیرهەڵکەندن کردووە. قوڵایی ئەم جۆرە بیرانە، لە هەشتا مەتر و بەرەو ژوورترە. ئاوی ئەم بیرانە، بە پەمپی ئاو بەرز دەکرێنەوە و لە حەوزێکی تایبەتی دەکرێن، کە لە تەنیشت بیرەکانەوە دروست کراون. ئەم حەوزانەش سەریان گیراوە و لە بۆرییەکی تایبەتییەوە، ئاوەکانیان لە کاتی پێویستدا، بەهۆی بەلوعەیکەوە بەردەدرێتەوە و بەکار دەهێندرێ.

٠٣ پرۆژەکانی ئاو

لەسەر ڕووبارەکانی کوردستان، بە مەبەستی ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە کاتی پێویستدا، بە دەیان پرۆژەی ئاو دروست کراون. قەوارەی ئاوی داکراو لە ساڵێکدا، بە ٤٥ ملیار مەتری سێگۆشە دەخەمڵێندرێ. کەڵکی ئەم پرۆژە ئاوییانە، زیاتر لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- بەرهەمهێنانی دەیان ملیۆن کیلۆوات لە کارەبا، بە نرخێکی هەرزان.
- زیادکردنی چەندایەتی سامانەکانی ئاو، بە تایبەتی ماسی.
- دروسکردنی ڕێگەی ئاویی لە نێوان نێوچە جیاوازەکانی وڵاتدا.
- پاراستنی ئاوەدانی و زەوییە چاندراوەکان، لە مەترسییەکانی لافاو و هەڵچوونی ڕووبارەکان.
- دابڕینی نێوچەکانی جیاجیاکانی کوردستان، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنیان.

عەماراوەکان

ئەوڕۆ لە کوردستاندا، چەند عەماراوی گەورەی جیاوز بۆ ئاو هەڵگرتن هەیە. لە بارەی درێژی و پانی و بەرزی و کەرەسەی دروسکردن و نەخشەکێشان و بەرنامە و چارەسەری گیروگرفتەکان و شوێنگەی جوگرافییانەوە، جودان.

عەماراوی دوکان:

ئەم عەماراوە، لە دەربەندی دوکان لەسەر ڕووباری زێی گچکە دروست کراوە و دەکەوێتە ڕۆژئاوای دەشتی ڕانیەوە و لە ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە ٦٠ کیلۆمەتر دوورە. عەماراوی دوکان بریتییە لە عەماراوێکی کۆنکرێتی کەوانەیی، درێژاییەکەی لە ڕۆخی لای ڕاستەوە، بۆ ڕۆخی لای چەپ، ٣٦٠ کیلۆمەتر دەبێت، بەرزاییەکەی ١١٦,٥ مەترە. لە لای ڕاستی عەماراوەکە، تونێلێک بە قوڵایی ١٢,٥ مەتر هەڵ کەندراوە، دەرگایەکی ئاسنیان تێخستووە، بۆ ئاو بەردان و ئاو گرتنەوە بەکاری دەهێنن. هەروەها پێنج کونیشی تێدایە،کەمەرەکانیان ٣,٦٥ مەترە و لە پێش هەر کونێکدا، تۆڕبینێکی گەورە دانراوە، بۆ دروسکردنی کارەبا. مەبەستی هەرە گەورە لە دروسکردنی عەماراوی دوکان، کۆ کردنەوەی ئاوی ڕووباری زێی گچکەیە، بە تایبەتی لە کاتی بوژاندنەوە و زیادبوونی ئاودا، بۆ ئەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان ژێر ئاو نەکەون. بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەش، چاڵێکی یەکجار زۆر گەورە، لە پشت دیواری عەماراوەکە دروست کراوە، کە پانتاییەکەی ٢٦٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ٦,٨ – ٨,١ ملیار مەتری سێگۆشە ئاو دەگرێت.

عەماراوی دەربەندیخان

لەسەر ئاوی سیروان هەڵ کەوتووە، لەو شوێنەدا کە ڕووباری تانجەرۆ لەو ڕووبارە دەرژێتەو لە نێوچەی دواوان. ئەم عەماراوە لە دیوارێکی کۆنکرێتی پێک هاتووە، کە درێژاییەکەی لەم بەرەوە بۆ ئەو بەرەکەی دیکەی، ٤٧٥ مەتر دەبێت و بەرزاییەکەی ١٣٥ مەترە. لە پێش عەماراوەکەدا چاڵێکی گەورە دروست کراوە، کە جێگەی زیاتر لە سێ ملیار مەتری سێگۆشە، ئاوی تێدا دەبێتەوە. ئامانجی سەرەکی لە دروسکردنی عەماراوی دەربەندیخان، کۆ کردنەوەی ئاوی نێوچەکەیە، بە تایبەتی لە کاتی بوژاندنەوەی ئاو و زۆربوونیدا، تا خاک، لە مەترسی و زیانی لافاو و ژێرکەوتنی گوندەکان ڕزگار بکات و

هەروەها بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی ئەو نێوچەیەش، لە هاویندا بە چاکی ئاو بدات و بۆ پەیداکردنی وزەی کارەباش بەکار بهێندرێت.

عەماراوی بێخمە

چەند ساڵێ لەمەوبەر، دەست بە دروسکردنی ئەو پرۆژە ئاویە کراوە. ئەم عەماراوە دەکەوێتە سەر ڕووباری زێی گەورە (بادینان) بەڵام هەتاکوو ئەوڕۆکە هێشتا تەواو نەبووە و لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەوەشی هەبوو تێک درایەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیە، نەک هەر ئاوەدانکردنەوەی نێوچەکە و پەیداکردنی سەرچاوەیەک بۆ وزەی کارەبا، یا بنەبڕکردنی مەترسییەکانی لافاو نەبوو، بەڵکوو زیاتر پرۆژەیەکی سەربازی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بوو، تا بە تەواوی نیوچەی بادینان لە نێوچەی سۆران، لە باشووری کوردستان دابپچڕێ. بۆیە پێویستە بە تەواویی دەست لە دروسکردنی هەڵ بگیرێت.

عەماراوی مهاباد

دەکەوێتە سەر ڕووباری مەهاباد. لە ساڵی ١٩٧٠دا دروست کراوە. بارزایی دیواری عەماراوەکە ٤٦,٥ مەتر دەبێت. درێژاییەکەشی خۆی لە ٧٠٠ مەتر دەدات. لەو چاڵەی لە پشت دیواری عەماراوەکە هەڵ کەندراوە، جێگەی ٢٣٠ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی تێدا دەبێتەوە. عەماراوی مەهاباد بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی شاری مهاباد و بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان و پەیداکردنی سەرچاوەیەک بۆ وزەی کارەبا دروست کراوە.

عەماراوی ئاراس

دەکەوێتە باکوری شارۆچکەی قەرەزیائەدین و لەسەر ڕووباری ئاراس دروست کراوە. بەرزایی عەماراوەکە ٣٨ مەتر و درێژاییەکەشی ٩٤٥ مەتر دەبێت. چاڵەکەی پشت عەماراوەکە، جێگای ١٣٥٠ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی تێدا دەبێتەوە. هۆی دروسکردنی ئەم عەماراوە، زیاتر بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەو نێوچەیە و بەدەسهێنانی وزەی کارەبایە.

عەماراوی زێڕن چەم (جەغەتوو یا زرینەرود)

ئەم عەماراوە لەسەر ڕووباری زێڕن چەم دروست کراوە. مەبەستی سەرەکی لە

دروسکردنی ئەم عەماراوە، بۆ ئاودانی هەموو ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەیە، کە دەکەوێتە نێوچەکانی میاندواو و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بۆکاندا هەڵ کەوتووە. بەرزایی دیواری عەماراوەکە، پەنجا مەترە و درێژاییەکەشی ٧٢٠ مەتر دەبێت. توانای کۆکردنەوەی ئاوی ٦٥٠ ملیۆن مەتری سێگۆشەیە. ئەم عەماراوە لە ساڵی ١٩٧١ دا تەواو بووە.

ئاوبەند

ئاوبەندەکان، نە ئەوەندەی عەماراوەکان بەرزن و نە ئەوەندەی ئەوانیش ئاو دەگرن. ئامانجی هەرە گەورە لە دروسکردنیان، بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ڕووبارەکانە، تا بە شێوەیەکی ئاسان، لە هەردوو بەری ڕووبارەکانەوە، ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکان بدرێت. لە ئاوبەندە گرنگەکانی کوردستان، هەتاکوو ساڵی ١٩٩٥، ئەمانەن:

ئاوبەندی چەغلەوەندی

نێوچەی چەغلەوەندی لە لوڕستان، بە نێوچەیەکی بەپیت و بڕشت دەژمێردرێت لە کوردستاندا. ئەم نێوچەیە زەوی کشتوکاڵی زۆرە و لە هەمان کاتدا ڕووباری هەرودی پێدا تێپەڕ دەبێت، بۆ ئەوەی ئاوەکەی بە خۆڕایی نەڕوات و بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵ زیاد بکات، ئەو ئاوبەندیان لەسەر ئەو ڕووبارە دروست کردووە. ئەم ئاوبەندە لە ساڵی ١٩٥٥دا تەواو بووە. بەرزایی دیواری ئاوبەندەکە ٣,٢ مەترە.

ئاوبەندی ئەسەد خان (میسیوەندی)

کشتوکاڵ لە نێوچەی ئەسەد خان پێش ساڵی ١٩٥١، بە زۆری لەبەر باران دەکرا. لەم نێوچەیەدا کانییەک بە هەمان ناوەوە هەیە، کە ئاوەکەی هەمووی بە خۆڕایی دەڕۆیشتە ڕووباری (هەرود) ەوە. بۆ ئەوەی بە تەواوی کەڵک لەو ئاوە وەربگیرێ و ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکانی نێوچەکە بدات، لە لایەن دەزگای کشتوکاڵییەوە، ئاوبەندی ئەسەد خانیان دروست کرد. ئەوڕۆکە ئەو ئاوبەندە، نزیکەی ١٢٠ هەزار هێکتار لە زەوی کشتوکاڵی هاوینە ئاو دەدات.

ئاوبەندی دز

ئەم ئاوبەندە، لەسەر ڕووباری دز Rud-e Dez دروست کراوە. ئاوبەندەکە بە شێوەیەکی کەوانەیی دروست کراوە و چوار تۆڕبین گەورەیان لەسەر داناوە. لە ساڵی

١٩٦٢ دا، دەست بە دروسکردنی کراوە و لە ساڵی ١٩٦٩ دا تەواو بووە. ئاوبەندەکە لە بەرد دروست کراوە و دوو کەوانەییە، شوێنەکەی لە تەنگەی کێوان، لە شاری دێزفولەوە٢٥ کیلۆمەتر دوورە. بەرزایی ئاوبەندەکە ٢٠٣ مەترە و درێژییەکەشی ٢١٢ مەتر دەبێت. چاڵی پشت دیواری ئاوبەندەکە، ٣,٣٨ ملیار مەتری سێگۆشە ئاو دەگرێ و توانای ئاودانی ١٢٨ هەزار هێکتار زەوی چاندراوی هەیە. بەرهەمی وزەی کارەبای ٥٢٠ هەزار کیلۆواتە. ئاوبەندی دز، دوو ئاوبەندی خواربووەوەی گچکەی هەیە، کە درێژاییەکەی ٣٠٤ مەتر و بەرزاییەکەی چوار مەتر دەبێت. هەروەها ئاوبەندێکی ڕێکوپێکی هەیە، کە درێژاییەکەی ١٣٦ مەتر و بەرزاییەکەی بیست مەتر دەبێت. تۆڕی ئاودانی ئاوبەندی دز، لە ٣٠٥ کیلۆمەتری سەرەکی و لقەکانی و ١٨١ کیلۆمەتر جادە و ١٦١ کیلۆمەتر با و لە ٢٠٢٥ کیلۆمەتر ساختمان ئاودان، پێک هاتووە.

ئاوبەندی کارون

ئەم ئاوبەندە لەسەر ڕووباری کارون، لە شوێنێکدا بە ناوی گدار بردقمچییەوە دروست کراوە، کە سی کیلۆمەتر لە شارستانی ئیزەوە دوورە. لە ساڵی ١٩٧٧دا تەواو بووە. ئاوبەندەکە لە بەرد دروست کراوە و شێوەکەی کەوانەییە. درێژاییەکەی ٣٨٠ مەتر و بەرزاییەکەشی ٢٠٣ مەتر دەبێت. عەماراوەکە ٣,٣ ملیارد مەتری سێگۆشە ئاو دەگرێت و توانای بەرهەمهێنانی وزەی کارەباشی، یەک ملیۆن کیلۆواتە.

ئاوبەندی کارون ٣٨٠ هەزار هێکتار زەوی کشتوکاڵی نێوچەی گۆتوەند و عەبباسی ئاو دەدات و ئاوبەندێکی خاکی بۆ ئاودانی زەوییەکانی گۆتوەند دروست کراوە، کە درێژاییەکەی ٢١٠ مەتر و بەرزاییەکەشی ٢٣ مەترە و کەوتۆتە باکووری گۆتوەندەوە بە ٣,٥ کیلۆمەتر. درێژایی کەناڵی ئاودانی ١٠٠٤ کیلۆمەترە.

ئاوبەندی کەرخە

لەسەر ڕووباری کەرخە دروست کراوە. لە ئاوبەندێکی نزم پێک هاتووە. بەرزاییەکەی تەنیا ٥,٥ مەتر و درێژاییەکەشی ١٩٢ مەتر دەبێت. ئەو ئاوبەندە دوو کەناڵی لە لای ڕاست و لە لای چەپەوە هەیە. لەبەرڕۆشتنی ئاوی کەناڵی لای ڕاست، کە درێژاییەکەی سی کیلۆمەترە، هەشت مەتری سێگۆشە دەبێت. ئەوی لای چەپیشی کە درێژاییەکەی یانزە کیلۆمەترە، نزیکەی پەنجا مەتری سێگۆشە دەبێت. ئەو ئاوبەندە لە ساڵی ١٩٥٥دا تەواو بووە و توانای دابینکردنی ئاودانی نزیکەی ٣٦ هەزار هێکتار زەوی کشتوکاڵی هەیە.

ئاوبەندی ئەڵوەند

ئەو ئاوبەندە، بەرزایییەکەی هەشت مەترە و لەسەر یەکێ لە ڕووبارەکانی نێوچەی قەسری شیرین ، بە ناوی ئەڵوەندەوە دروست کراوە. مەبەست لە دروسکردنی ئەم ئاوبەندەش، بۆ دابینکردنی ئاوە، کە نزیکەی ٤٦٠ هەزار هێکتار زەوی چاندراوی ئەو نێوچەیە ئاو دەدات.

ئاوبەندی گەنجانەجم

ڕووباری گەنجانەجم، ساڵی ١٧٣ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی لەبەر دەڕوات. ئەم ڕووبارە، بە یەکێ لە هەرە گرنگترین ڕووبارەکانی نێوچەی کرماشان دەژمێردرێت. بۆ ئەوەی کەڵک لە ئاوەکەی وەربگیرێت، دەزگای کاروباری ئاو، لە ساڵی ١٩٤٩دا، دەستیان بە دروسکردنی ئەو ئاوبەندە کرد و لەم ساڵانەی دوایدا تەواو بوو. لە ئەنجامدا، ڕووبەری زەوی چێندراو، لە ٨٠٠ هێکتارەوە بۆ ٦٠٠٠ هێکتار زیادی کرد.

ئاوبەندی دەرکە ئاسن (بابی حەدیەد یا دەمیر قەبۆ)

لە تەنیشت گوندی دەرکە ئاسنی ناحیەی جەوادییەوە هەڵ کەوتووە. توانای کۆ کردنەوەی ئاوی، لە دەوروبەری ٢٣ ملیۆن مەتری سێگۆشە دایە و ئاو بۆ ٢٢٥٠ هێکتار زەوی چاندراو دابین دەکات. ئەم ئاوبەندە لە دوو کەناڵی جیاواز پێک دێت، یەکەمیان درێژاییەکەی ٤٦٩ ١٢ مەترە و دووەمیشیان ٢٦٩ مەتر دەبێت. ئەو ئاوبەندە، لە ساڵی ١٩٨٠دا تەواو بووە.

ئاوبەندی جەوادیە

ئەم ئاوبەندە دەکەوێتە باکووری جەوادییەوە، لە نزیک ئاوبەندی دەرکە ئاسن هەڵ کەوتووە. توانای کۆکردنەوەی ئاوی هەشت ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی هەیە و ٨٠٠ هێکتار زەوی چێندراو ئاو دەدات. لە ساڵی ١٩٨٠دا تەواو بووە و کار دەکات.

ئاوبەندی جەراحی

توانای کۆکردنەوەی ٢١,٥ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی هەیە. لە دوو کەناڵ پێک هاتووە. یەکەمیان درێژاییەکەی ٣٦٤ ٢٠ مەترە و ئەوی دیکەشیان ١٨٥ ٢٢ مەتر دەبێت. لە

ساڵی ١٩٨٣ دا تەواو بووە و ئاو بۆ ١٩٠٠ هێکتار زەوی دابین دەکات. ئاوبەندی جەراحی دەکەوێتە سەر ڕووبارێک، کە هەمان ناوی هەیە و لە ناحیەی (قەحتانیە) هەڵ کەوتووە.

پرۆژەی ئاودێری

دەوڵەت لەو سالانەی دواییدا بایەخی بە دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری داوە، بە مەبەستی داکردنی ئاو، ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و زیاد کردنی سامانی نێو ئاو وەک ماسی. لە نموونە ئەو جۆرە پرۆژانە:

ئاوبەندی موسڵ

دەکەوێتە نزیک شاری موسڵەوە. بەرزاییەکەی ١٣٥ مترە و درێژاییەکەشی ٣٥٠٠ مەتر دەبێت و توانای کۆکردنەوەی ١٠,٧٣ ملیار مەتری سێگۆشە ئاوی هەیە و شەش کونی تێدایە، کە کەمەرەی هەر یەکەیان ١٨ مەتر دەبێت.

مەبەست لە دروسکردنی پرۆژەی موسڵ ئەوەیە، کە مەترسی پەنگخواردنەوە و زیادکردنی ئاوەکە نەهێڵێ و شارەکان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان لە مەترسی لافا و زیانەکانی ڕزگار بکات. هەردوو ڕۆخی کەناری دیجلە لە نێوچەی موسڵدا ئاو بدات. هەروەها کۆکردنەوەی ئاوی ئەو نێوچەیە و پارێزگاریکردنی و کەڵک لێ وەرگرتنی لە کاتی بێئاویدا لە وەرزی هاویندا، تا زەوییە کشتوکاڵییەکانی نێوچەکەی پێ ئاو بدرێت. هەروەها بۆ ڕێکخستنی ڕێگای ئاویی و هاتوچۆکردن لە نێوان کوردستان و عێراقدا و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و بەخێوکردنی ماسی ... هتد.

ئاوبەندی کەرکووک

ئەم ئاوبەندە، دەکەوێتە سەر ڕووباری زێی گچکە، لە نزیک شاری کەرکووکەوە، ئاوەکەی بە کەناڵێکی گەورە، دەگاتە زەوییەکانی نێوان زێی گچکە و عوزێم. پرۆژەی کەرکووک، بۆ دابینکردنی ئاودانی ١٩١ هەزار هێکتار، لە زەوی چاندراو لە نێوچەی کەرکووک دروست کراوە، بۆ ئەوەی ڕێژەی کشتوکاڵ بە ڕێگای بەراو، لەسەر حیسابی کشتوکاڵ بە شێوەی دێم، زیاد بکرێت.

ئاوبەندی سەنگەسەر

لەسەر ڕووباری گافرێن، یەکی لە لقەکانی زێی گچکە هەڵ کەوتووە و لە شارۆچکەی

سەنگەسەرەوە نزیکە. مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم پرۆژەیە، ئاودانی نزیکەی بیست هەزار هێکتار زەوی چێنراوە، کە وەرزێرەکانی ئەو دەوروبەرە و لەگەڵ ئەو وەرزێرانەشدا، کە زەوییان وەرگرت، لە دوای دروستکردنی ئاوبەندی دوکان، کاروباری کشتوکاڵی تێدا دەکەن.

ئاوبەندی دوبز

ئەم ئاوبەندی، لە باشووری شارۆچکەی پردێوە هەشت کیلۆمەتر و ٣٥ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژئاوای شاری کەرکووکەوە دوورە. ئەو پرۆژەیە بۆ گەیاندنی ئاو لە زێی گەورەوە، لە کاتی هەڵسان و پەنگخواردنەوەیدا، بۆ پرۆژەی ئاوی کەرکووک دروست کراوە. بۆ ئەو مەبەستەش، چاڵێکی گەورە هەڵکەندراوە، کە جێگەی هەشت تاکوو سێ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی تێدا دەبێتەوە. هەروەها بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا، بۆ شاری کەرکووک و دەوروپشتەکەی کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

پرۆژەی خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ GAP

ئەم پرۆژەیە، بە یەکێک لە پرۆژە هەرە گەورە و گرنگەکانی کوردستان دەژمێردرێت. لەسەر ئاوەرۆی ژووروو هەردوو رووباره گەورەکەی کوردستان (دیجلە و فورات) دروست کراوە. رووبەرەکەی ٧٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت. زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی پارێزگاکانی ئورفە و ماردین و گازی ئانتەب و ئادیەمان و دیاربەکر و سیرت ئاو دەدات و کەڵک لەم پرۆژەیە دەبینن. پرۆژەی خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ، لە دوانزە پرۆژە و سیازدە ئاوبەند و ئێستگەی وزەی کارەبا و سی و دادومەزگاگای ئاو پێک هاتووە.

توانای ئاودانی پرۆژەی ناوبراو، ٩ ملیۆن و ٧٦٥ هەزار دۆنم زەوی چاندراوە. بەرهەمی وزەی کارەبایشی، ٢٤ ملیار و ٤٠٢ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

١. پرۆژەی ئاوەرۆی ژووروو فورات

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی قاراکایا، کە بەرهەمی ٧,٥ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە.

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی ئەتاتورک، کە بەرهەمی ٨,١ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە.

ئاودانی دەشتاییەکانی ئورفە – حەڕان، ماردین – جەیلان پینار، سیڤەرەک – حیلڤان، کە ڕووبەرەکەی ٧,٣ ملیۆن دۆنم دەبێت.

٠٢ پڕۆژەی تخوبی فورات

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی بیرەجیک (فینکلی)، کە بەرهەمی ٢,٣ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە.

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی قارکامیش، کە بەرهەمی ٨٠٠ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

٠٣ پڕۆژەی سوروچ – بازیکی، کە ١ ملیۆن و ٤٦٥ هەزار دۆنم زەوی ئاو دەدات.

٠٤ پڕۆژەی ئادیەمان – کەحاتە.

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی ئادیەمان، کە بەرهەمەکەی ٤٠٠ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

– ئاوبەندی کەحاتە.

– یەک ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دۆنم، لە زەوی دەشتی ئادیەمان و کەحاتە ئاو دەدات.

٠٥ پڕۆژەی گازی ئانتەب – عارەبان: ٢٣٣ هەزار دۆنم لە زەوییەکانیان ئاو دەدات.

٠٦ پڕۆژەی گازی ئانتەب: ٨٩٠ هەزار دۆنم لە زەوییەکانیان ئاو دەدات.

٠٧ پڕۆژەی دیجلە – قیرا لکیزی.

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی قیرالکیزی، کە بەرهەمی ١٤٥ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی دیجلە، کە بەرهەمی ٢٢١ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

– یەک ملیۆن و ٢٦٠ هەزار دۆنم، لە زەوییەکانی دیجلە و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

٠٨ پڕۆژەی باتمان

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی باتمان، کە بەرهەمی ٤٦٠ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

– ٣٧٧ هەزار دۆنم لە دەشتی باتمان و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

٩. پڕۆژەی باتمان – سیلڤان

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی سیلڤان، کە بەرهەمی ١,٥ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە.

– دوو ملیۆن و ١٣٠ هەزار دۆنم، لە دەشتی دیجلە و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

١٠. پڕۆژەی گازی ئانتەب

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی گارزان، کە بەرهەمی ٣١٥ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

– دوو ملیۆن و ١٣٠ هەزار دونم، لە دەشتی دیجلە و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

١١. پڕۆژەی یلیسوو

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی یلیسوو، کە بەرهەمی ٣,٧ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

١٢. پڕۆژەی جیزرە

– ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی جیزرە، کە بەرهەمی ١,٣ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

– یەک ملیۆن و ٢١٠ هەزار دۆنم، لە دەشتی نوسەیبین – جیزرە و سلۆپی ئاو دەدات.

بەشی شەشەم: گڵ

گڵ چینی یەکەمی سەر ڕووی زەوییە و لە ئاکامی کارتێکردنی بیۆسفێر و ئەتمۆسفێر، لە لیتۆسفێر دروست دەبێت.مەرجەکانی دروسبوونی گڵ زۆرن، هەندێ لەوانە، ئەمانەن: ئاووهەوا، وردوخاشبوونی بەردی جیاکان، ڕزاندنی پۆشەکی ڕووەکی و میکرۆئۆرگانیزم ... هتد.

ئەرکی سەرەکی گڵ، لە هەڵمژینی ئاو و ئاودانی ڕووەکەکانی سەر ڕووی زەوی پێک هاتووە. پلەی بەپیتی و بێپیتی هەر خاکێک، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چەشنی ئەو مەتیریا کیمیاوییەکانەوە هەیە، کە لە خاکەکەدا لەگەڵ گردیلەکانی خۆڵەکەدا تێکەڵ بوون. گڵ بنەمای سەرەکی بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە بەروبوومێکی کشتوکاڵییە.

١- خەسڵەتەکانی گڵ

گڵ لە هەر نێوچەیەکی سەر ڕوی زەویدا، خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بەو فاکتەرانەوە هەیە، کە بونەتە هۆی دروسبوونی، بە تایبەتی ئاووهەوا، جۆری بەردەکان. جا لەبەر ئەوەی ئاووهەوا و بەرد لە کوردستاندا جۆراوجۆرن، هەر وەکوو لە بەشەکانی پێشوشدا باسمان کردن، بۆیە گومان لەوەدا نییە، کە خەسڵەتەکانی گڵ، هەر جۆراوجۆرن. وا لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

٠١ گڵی نێوچە شاخاوییەکان، لەچاو گڵی نێوچە دەشتاییەکاندا، قەبارەکانیان درشتترە، هۆکەشی بۆ چۆنێتی مەتیریاڵە نیشتووەکانی نێو ئاوی چەمەکان و ڕووبارەکان دەگەڕێتەوە. ئەو مەتیریالانەی کە قەبارەکانیان گەورەیە و لە ئاوەڕۆکەکانی سەرووی ڕووبارەکان دان، بە زۆری لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەنیشن. ئەو مەتیریالانەی کە قەبارەکانیان ناونجین و لە ئاوەڕۆکانی ناوەندی ڕووبارەکان دان، لە خاکی نێوان نێوچە شاخاوییەکان و دەشتاییەکاندا دەنیشن. بە پێچەوانەشەوە، ئەو مەتیریالانەی کە قەبارەکانیان وردن و لە ئاوەڕۆکانی خوارووی ڕووبارەکان دان، لە دەشتاییەکاندا دەنیشن. ئەم سیستەمەی نیشتنی مەتیریاڵەکان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە توانا و هێزی ئاوەکانەوە هەیە.

٠٢ گڵی کوردستان بە زۆری لە سەدەی چوارەمی جیولۆجیدا دروست بووە، واتا تەمەنیان کەمە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە گڵ لە سەدەکانی پێشوودا، بە تایبەتی

سەدەی سێیەم لە کوردستاندا نەبووە، هۆی دەرنەکەوتنیشیان، زیاتر بۆ داپۆشینیان بە گڵی سەدەی چوارەم دەگەڕێتەوە.

٠٣ چینەکانی گڵ لە نێوچە شاخاوییەکاندا تەنکە، بە تایبەتی لە قەدپاڵی چیاکاندا، چونکە گڵی ورد ناتوانێ، لەو نێوچانەدا خۆی بەرانبەر هێزی ئاو ڕابگرێ. بە پێچەوانەشەوە، لە نێوچە دەشتاییەکاندا، چینەکانی گڵ ئەستوورە، لەبەر ئەوەی لە هەندێ گردیلەی ورد ورد پێک هاتووە و ڕووبارەکانیش ئەو هێزەیان نەماوە، تا ڕایان بدەن.

٠٤ زۆربەی هەرە زۆری مەتیریاڵە کیمیاوییەکان، لە گڵەکانی کوردستاندا هەن، وەکوو کلس، زیخ، قوڕ، لیتە، فۆسفات، مەتیریاڵی ئۆرگانیکی و قیر ... هتد. بەڵام ڕێژەی مەتیریاڵی کلس لە هەموویان زیاترە، لەبەر ئەوەی بنەمای سەرەکی گڵی کوردستان، لە بەردی کلس پێک هاتووە. بۆ نموونە، ڕێژەی ئەو مەتیریاڵە کیمیاوییە لە گڵی نێوچەی سەنگەسەردا – ٨٪، لە گڵی نێوچەی دوکاندا – ١١٪ و لە گڵی دەشتەکانی شارەزوور و ڕانیە و سندیدا – ٩٪ یە.

٢- پۆلێنکردنی گڵ

دابەشکردنی گڵ، لەبەر ڕۆشنایی چەند خەسڵەتێکی تایبەتیدا دەبێت، وەکوو مەتیریاڵی کیمیاوی، چەشنی ئاووهەوا، جۆرەکانی ڕووەک. جا ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێت، ئەوەیە کە یەک شێوازی یەکگرتووی تایبەتی، بۆ دابەشکردنی گڵ لە کوردستاندا نییە. لە نێوچەی باکوور شێوازی تێکەڵاو لە ئینگلیزی و فەڕەنسی ئەڵەمانی، لە ڕۆژهەڵات – فەڕەنسی، لە باشوور – ئینگلیزی و لە ڕۆژئاواش – فەڕەنسی و ڕووسی پەیڕەو دەکرێت. ئەمە بە یەکەم گیروگرفتی پۆلینکردنی گڵی کوردستان دادەنرێت.

چەشنەکانی گڵ لە کوردستاندا – هەندێکیان لە مانەی خوارەوە پێک هاتوون:

قەسپۆک، ڕەشۆک، زەردە، سوور. بە داخەوە لەبەر ئەوەی، زانیاری تەواومان نییە، ناتوانین شوێنەکانیان لەسەر نەخشە دەسنیشان بکەین، یاخود ناوی شوێنەکانیان بخەینە ڕوو.

٣- گیروگرفتی گڵ

گڵ تووشی چەند گیروگرفتێک دەبێت، هەندێکیان بە تەواوی دەبنە هۆی لەنێوبردنی، هەندێکی دیکەشیان، کەڵکیان لێ دەبڕێ و بۆ کشتوکاڵ بێسوود دەبن. گرنگترین گیروگرفتەکانی گڵ ئەمانەن:

ڕووتاندنەوە: گیروگرفتی ڕووتاندنەوە، زیاتر لە نێوچە شاخاوییەکاندا ڕوو دەدات. هەندێ لەو هۆیانەش دەگەڕێنەوە بۆ:

– کێلانی چەوت: کێلانی زەوی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، پێویستە تیواوتیو (لە باری پانی) بێت، نەوەکوو شاقولی بێت. بەلام جوتیارەکان، بە زۆری ئەو یاسایە ڕەچاو ناکەن، زەوییەکە چۆن بوو، وای دەکێڵن.

– وێرانکردنی دارستان: بڕینی داری قەدپاڵی چیاکان و دەرهێنانی ڕەگەکانیان، سوتاندنی دارستانەکان، بە دوو هۆی سەرەکی دادەنرێن، بۆ ئەوەی گردیلەکانی گڵ یەک نەگرن، کە زۆر بە ئاسانی بە هۆی ئاوی بارانەوە، پرۆسێسی ڕووتاندنەوە ڕوو دەدات.

– شێوازی لەوەڕاندن: شوانەکان، بە شێوەیە مێگەلەکانیان لە لەوەڕگاکاندا دەلەوەڕێنن، هەتاکوو بە تەواوی لە بنی دێنن. پۆشەکە ڕووەکیەکان ماوەیان پێ نادرێ، سەرلەنوێ سەوز ببنەوە، لەبەر ئەوەی هەر بە ساوایی دەخورێن. لە ئاکامی ئەم لەوەڕاندنە نارێکەدا، ڕێگە بۆ ڕووتاندنەوە خۆش دەکات.

گڵ خزاندن: چینەکانی گڵی سەر بەردەکان، لە جێگا سەرەو لێژەکان و لە دەوکەندکاندا، بە ئاسانی دەخزێن، ئەگەر هاتوو باران بە گوڕ بباریٔ و زەوییەکە بە پۆشەکی ڕووەکی دانەپۆشرا بێت. ئەم دیاردەیە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، ڕوو دەدات.

نەبوونی زەوی کشتوکاڵی: زەوی کشتوکاڵ لە نێوچە شاخاوییەکاندا کەمە. جوتیارەکان بۆ دابینکردنی پارچە زەوییەک بۆ کشتوکاڵ، دەست بە بڕینەوەی داری جێگایەکی دیاریکراو دەکەن و لە جێگەکەیدا دەغڵودان دەچێنن. بەلام داهاتی ئەو جۆرە زەوییانە، دوای یەک دوو ساڵ، ئەوەندە کەم دەبێتەوە، کە بایی ماندووبوونەکەی ناکات. لەبەر ئەوە جوتیارەکان واز لەو زەوییە دەهێنن و لە شوێنێکی دیکە، زەوی بۆ چاندن ئامادە دەکەن، تا لە ئاکامدا، ڕێگە بۆ نەهێشتنی دارستانەکان و ڕووتاندنەوە، خۆش دەکەن.

بەشی حەوتەم: پۆشەکی ڕووەکی

پۆشەکی ڕووەکی (ڕووەکی سروشتی). بەو ڕووەکانە دەوترێ، کە بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر ڕووی زەوی دەڕوێن. ئەگەرچی ڕووەکی سروشتی بەرهەمی ئاووهەوا و ڕووی زەوی و خۆڵە، بەڵام وا دیارە کاریگەری فاکتەری یەکەمیان، لە دوو فاکتەرەکەی دیکە زیاترە.

خەسڵەتی پۆشەکی ڕووەکی کوردستان لەوە دایە، کە خۆیان لەبەر بەرزی پلەی گەرما و وشکیدا ڕادەگرن. هەتا لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە، بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بڕۆین، چڕیی پۆشەکی ڕووەکی زیاد دەکات، هۆکەشی بۆ جیاوازی قەوارەی بارانبارین دەگەڕێتەوە. پۆشەکی ڕووەکی لەمانەی خوارەوە پێک هاتووە:

٠١ دارستان

دارستان و دار و دەوەن، نزیکەی پانزە ملیۆن هێکتاریان (١٥٠ هەزار کچگ) لە زەوی کوردستان داگیر کردووە. لەوانە دارستانە دەست لێ نەدراو و باشەکان - سێ ملیۆن هێکتار، دارستانی تەنک - حەوت ملیۆن هێکتار، دارستانی وێرانکراو و خراپ - پێنج ملیۆن هێکتار. زۆربەی دارستانەکان، لە سەرەتای شەستەکانەوە تاکوو ئەوڕۆ، لەبەر ئاگر تێبەردان و بڕینەوەی بێئەندازەیان، حاڵیان بە تەواویی شڕ بووە، چونکە پێ ڕاناگەن جارێکی دیکە چرۆ بکەن و گەورەببن و کە لە ئەنجامدا سەدان هێکتار دارستان لە ساڵێکدا تێدا دەچێت. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم زیانە گەوریە، دەوڵەت لە هەندێ شوێن، یاسای پاراستنی دارستانەکانی دەرکردووە. هەرچەندە ئەو یاسایانە، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا دەستی دەوڵەتی ناگاتێ، بە هیچ شێوەیەک جێبەجێ ناکرێ. ئەو هۆیانەی کە ئەو گیروگرفتانەشی دروست کردووە، زیاتر خۆیان لە جەنگ و نەبوونی کەرەسەی دیکە بۆ سوتاندن و خۆگەرمکردنەوە و نەبوونی ئالیکی تەواو بۆ ئاژەڵەکاندا دەنوێنێ، کە دیارە ئەو گیروگرفتانە، تاکوو ئەوڕۆش، بێ چارەسەر ماونەتەوە.

چەشنەکانی دار

دارەکانی دارستانەکانی کوردستان، لە ٦٥٪ یان لە خێزانی داربەڕوون، لە ٢٠٪ یان لە خیزانی بنە (پوستی و حشی. ف)(پیتی ف: - لێرە بەدواوە، واتا ناوەکە فارسییە، چونکە کوردییەکەیمان نەزانییەوە) و لە ٥٪ەکەی دیکەشی لە خێزانی بادامی کێوین (ئەرژن ف).

ئەوەی کە دەشمێنێتەوە، لە پۆشەکی دارستانی جۆراوجۆر پێک هاتووە. لە کوردستاندا نزیکەی حەفتا جۆرە داری بەردار و بێبەر هەیە. لێرەدا باسی هەندێکیان دەکەین:

٠١ بەلاڵوک: دیمەنی بەلاڵوک، لە داری ئاڵوباڵو و گیلاس دەچێت. بەرەکەی زۆر خۆش و مزرە. ڕەنگەکەی سوورێکی تۆخە. دەنکەکانی لە دەنکەکانی ئاڵوباڵو پچووکترە. باڵا و لقەکانی گەورە و بەرین. ڕەنگی دارەکەی سوورێکی بریقەدارە.

٠٢ هەنجیر: دار هەنجیر زۆر جۆری هەیە. قەدەکەی ٣ – ١٠ مەتر بەرزە و لقەکانیشی بڵاوە. گەڵاکانی پان و کەمێک ئەستوور و درە. لە بنەڕەتدا میدیترانییە، بەڵام ئەوڕۆکە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا دەڕوێت.

٠٣ ئوجـــا (ف): داری ئوجـــا، گل پردار (ف)، ســـمـــد (ف)، وج ولی (ف) دارێکە توێکڵەکەی ڕەق و ئەستوورە. ئەم دارە لە دامێنی دارستانەکانی نێوچە کوێستانییەکان و قەراغ جادەکان دەڕوێت. بەرزایی قەدەکەی لە نێوان ٢ – ٢٠ مەتردا دەبێت. لە کۆتایی مانگی ئەپریلەوە، هەتاکوو سەرەتای مانگی مای بەر دەدات. درێژایی بەرەکە سێ سم و پانایییەکەی ١,٥سم.

٠٤ بادام وەحشی (ف): داری بادام وەحشی، یاخود ئەرژن (ف) لە نێوچە ناوەندی و ساردەکانی کوردستان دەڕوێت. بەرەکەی ڕوون نییە و کەمی تەڵخە، بەڵام ناوکەکەی شیرینە و بۆ خواردن بەکار دەهێنرێت.

٠٥ بەڕوو: دار بەڕوو یاخود مازوو یاخود بەلوانە، بە شای دارستان ناسراوە. لە نێوچە ناوەندییەکاندا دەڕوێت. دارێکی بە شکۆ و بڵندە. بەرزاییەکەی ٣٥ – ٤٠ مەتر دەبێت. ماوەی ٥٠٠ – ٢٠٠٠ ساڵ دەژی. گەڵاکانی سەوز و بە ڕەونەقن. لە مانگەکانی ئەپرێل و مایدا گوڵ دەکات. بەرەکەی هێلکەییە و لە نێو گەڵایەکی نیمچە ڕەق دایە، کە وەکوو کڵاو وایە. لە کوردستاندا چەند جۆرە داربەڕوویەک هەیە، کە باشترینیان بەڕووی خاسەیە. دار بەڕوو سوودی زۆرە،، گەڵاکەی بۆ خواردنی مەڕ و ماڵات بەکار دەهێندرێ، بەرەکەی کە بە برا مازوو (گەلوان) ناسراوە، بۆ پیشەسازی پێستە خۆشکردن بەکار دەهێندرێت، داربەڕوو هەروەها بۆ سوتاندن و کەرەسەی خانوو و بەرە و کەلوپەلی نێوماڵ بەکار دەهێنرێت.

٠٦ دار توو: ئەم دارە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا دەڕوێت. بەرەکەی شیرین و خۆشە و بە تەڕی و وشکی دەخورێت. گەڵاکەی بۆ خواردنی مەڕ و ماڵات بەکار دەهێندرێت. داری توو، لەو شوێنانەدا کە ئاویان زۆرە، هەتا بیست مەتر بەرز دەبێتەوە و ئەستوراییەکەشی دەگاتە یەک مەتر.

٠٧ دار هەنار: دارێکی زۆر جوانە. گەڵاکانی شیلانی و مەیلەو سەوزە. بەرەکەی لە قولایی دەست گەورەترە. هەندێکیان توێکڵیان تەنکە و هەندێکی دیکەیان توێکڵەکانیان ئەستوورن. دەنکەکانی کە لە نێو ئەو توێکڵانە دان، سوورێکی تاریکن و بە پێستێکی تەنک داپۆشراون.

٠٨ دار چنار: داری چنار قەدەکەی باریک و بڵند و جوانە و گەڵایەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە دانیشتن لە بن سێبەرەکەیدا خۆشە. بەرەکەی خڕە و کەمەرەکەی ٣ – ٤ سم دەبێت. ئەم دارە، لە نێوان بەرزایی ١٥٠٠ – ٢٥٠٠ مەتردا دەڕوێت.

٠٩ دارسماق (دارترش) : یەکێکە لەو دارانەی، کە لە هەرێمە بە ئاووهەواکانی زەریای ناوەڕاستدا دەڕوێت. دار ترش لە زۆر شوێنی کوردستاندا دەڕوێت، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا بە باشی گەورە دەبێت. بەرەکەی هێشوویی یە و دەنکە دەنکەیە. پێستی دەرەوەی سەوزە و تامەکەشی مزرە. لەگەڵ خواردن و هەندێ لە سەوزەواتدا دەخورێ و تامێکی ترش بە خواردنەکە دەبەخشێ. گەڵاکەشی پێستەی پێ خۆش دەکرێت.

٠١٠ سنەوبەر: سنەوبەر دارێکی بەرزە و زۆر خێرا گەورە دەبێت و ٣٠ – ٤٠ جۆر سنەوبەر هەیە.

هەندێ لە دارەکانی دیکەی کوردستان، ئەمانەن: شەهن، سپون، گزک، سربنچک (سیجک، سرنجک،) سنجو(سەنجینە)، هو (یوول)، وێوڵ، دمکانا، بناوچ، تەلووک، شیلان (عەناب) ئەرخەوان، گۆیژە زەردە (بلچی زەرد)، گویژە سوورە (بلچی سوور)، گلاسگانە (گوڵباخن ، گوڵباخی، گوڵە شارەزووری، گوڵە سەگانە)، تەمشک (توورک، توودزیە، تووترک، تووڕک)، گەڵە زەردە، گۆیژە ڕەشە، سورەچی، پەرەک، تەورێزی، پەلەبی (بی)، بیمشک، ڕەشەبی، یترو (تەردانە)، توی، گەز، تایلە (تاووت)، مەو (ڕەز) ... هتد.

هەرێمەکانی ڕووەکە سروشتییەکان

کوردستان لە پێنج هەرێمی ڕووەکی جۆراجۆر پێک هاتووە. وا لە خوارەوە، بەپێی توانا باسی هەر یەکێکیان دەکەین:

هەرێمی کوێستان (ئالبی)

ئەم هەرێمە لە شوێنە هەرە بەرزەکانی چیاکاندا هەڵ کەوتووە، لەو شوێنانەی کە پلەی گەرما، نەوەکوو هەر لە زستاناندا، بەڵکوو لە هاوینانیشدا، زۆر نزمە و بەفرێکی زۆریشی لێ دەبارێت، بە شێوەیەک پێ ڕاناگات بە تەواویی بتوێتەوە، هەتاکوو ساڵێکی دیکە، سەرلەنوێ بەفر دەبارێتەوە، واتا لەو نێوچانەدا، شوێنی بەفری هەمیشەیی پەیدا دەبێت.

ڕووەکەکانی ئەم هەرێمە، لە هەندێ گیا و دەوەنی قەد باریک پێک هاتوون، لەبەر نزمی پلەی گەرمی ، داری لێ ناڕوێت. لەبەر ئەوەی هەرێمە کوێستانییەکان، بە لەوەڕگای جۆراوجۆر دەوڵەمەندن، ئەو گوندنشینانەی مەڕ و مالات بەخێو دەکەن، دوای تەواوبوونی لەوەڕ لە نێوچە دەشتاییەکاندا، لە وەرزی بەهار و سەرەتای هاویندا، بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و مالاتەکانیان، ڕوو لەو شوێنانە دەکەن و نزیکەی سێ مانگ و پێش ئەوەی پلەی گەرما، بە تەواویی نزم بێتەوە چۆڵی دەکەن و بەرەو گەرمیانەکان دەگەڕێنەوە.

هەرێمی دارستان

ئەم هەرێمە لە باکوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە و دەکەوێتە چوارچێوەی نێوچەی ئاووهەوای زەریای ناوەڕاست. بارستایی بارانی سالانەی، خۆی لە سەد ملم دەدات. لەو هەرێمەدا داری جۆراوجۆر دەڕوێت، بەلام پلەی چڕییان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە. ئەو جێگایانەی کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای بای زەریای ناوەڕاست، واتە ئەو شوێنانەی ڕووبەڕووی باکانن، لەچاو شوێنەکانی دیکەدا، ئەوا داریان زیاتر لێ دەڕوێت.

هەرێمی دەوئاوان

دەوئاوان جێگای ڕواندن و سەوزبوون و گەورەبوونی داری سوورە چنار و چنار و ئەسپیندار و دەردار و دەلفە و گوێزە... تاد. سوودی ئەم جۆرە دارانە، لە لایەکەوە لە بەرەکانیان دایە و لە لایەکی دیکەشەوە لە بەکارهێنانیان دایە، بۆ دروسکردنی خانوو و سووتەمەنی و ئەوانەی لەسەر ڕێگاکانیشدا دەڕوێن، بۆ پشوودان و حەواندنەوەی خەڵکی لە هاویناندا، کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

هەرێمی ئیستبس

ئەم هەرێمە بە شێوەیەکی گشتی، لە باشووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای کوردستاندا هەڵ کەوتووە. ڕووەکەکانی بە زۆری لە هەندێ گیاوگۆڵ و ڕووەکی پیازی و حوشترخۆر پێک هەتوون.

ڕووەکەکانی هەرێمی ئیستێبس، لەبەر جیاوازی گڵ و ئاووهەوا، بە تایبەتی بارستایی بارانی ساڵانە و پلەی لەوەڕاندن و چەشنی کشتوکاڵ، هەمەچەشنەن. ڕووەکەکانی ڕۆژئاوای تەنک و کورتە باڵا و کەم تەمەنن و لەو جۆرە ڕووەکانەن کە لە بیابانەکان دەڕوێن، واتا توانای خۆڕاگرتنیان، بەرانبەر پلەی بەرزیی گەرما و بێئاویی و وشکی زۆرە. بەڵام ڕووەکەکانی لای ڕۆژهەڵاتی، لەو جۆرە ڕووەکانەن، کە لە هەرێمی دارستانەکاندا دەڕوێن و پڕتریشن.

هەرێمی بیابانەکان

ئەم هەرێمە لە نێوچەیەکی تەسکدا .و لە باشووری کوردستان هەڵ کەوتووە، ڕووەکەکانی لەوانەن کە لە هەرێمی بیابانەکاندا دەڕوێن. لەو هەرێمەدا، پلەی گەرما بەرزە و بارانی کەم لێ دەبارێت. بۆ ئەوەی ڕووەکێکی دیاریکراو بتوانێ، بە تەواویی بڕوێ و داکۆکی لە مان و بوونی خۆی بکات، پێویستە خاوەنی کۆمەڵە ڕەگێکی درێژ بێت، تا بە ناخی زەویدا قوڵ دابچێت و بە ئاسانی لە چینەکانی خوارەوەی ژێر زەوییەوە، ئاو هەڵ بمژێت. هەروەها دەبێت گەڵاکانی پان نەبن و تیژ بن، تاکوو پرۆسێسی ئاودەردان کەمتر ببێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، دابەشبوونی ڕووەکەکان لەسەر ڕووی زەوی هەرێمەکاندا، پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە فاکتەرەکانی دابەشبوونی ئاوی ژێر زەوی و ئاستی قوڵاییان و بارستایی باران و جۆری گڵەوە هەیە.

٠٢ گیاوگوڵی سروشتی

گیا و گوڵی سروشتی لە کوردستاندا زۆرن، وەکوو ئەوانەی بۆ ڕەنگ و کاری پزیشکی و سەمغ و بۆن و خۆراک، بەکار دەهێندرێن.

گیا و گوڵی ڕەنگ: گیا و گوڵی ڕەنگ، وەکوو نیل (ف)، ڕووناس (ف)، خەنە، مازی، کافشە (ف) و سیاچەهرە (ف)، کە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا دەڕوێن.

گیا و گوڵی دەرمان: بە دەیان گیا و گوڵی دەرمان، لە نێوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دەڕوێن. هەندێ لەوانە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

ئانچوچک (ف)، کڵ، سماق (ف)، ئەسپند (ف). ئاب ئەندول (ف)، سەهلب، گوش برە (ف)، قنترون (ف)، مرورش (ف)، تغنە یامج کورە (ف)، دلونی (ف)، شای کوهی (ف)، شاهترە (ف)، گوڵە وەنەوشە، خاراشتر (ف) گل گاوزیان (ف)، باد ئاورد(ف)، پیازی گورستانی، گیاە تریاق (ف)، ئاونیشن (ف)، ئەفسنتین (ف)، بابائادم (ف)، بو مادران (ف)، گەچەنەک، گل پنیرک (ف)، ڕێواس، پونگی دەشتایی، ترەکوهی (ف)، شاترە (ف).

گیا و گوڵی سەمغ: گرنگترین گیا و گوڵی سەمغ، بریتییە لە سەمغی زەرد، مازوچ وزدو (ف)، سقز (ف)، سرێش (ف). لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین:

کەتیرە – گیایەکی سەمغییە و سەربەخۆشین دەبێت. لەو نێوچانەی کە ئاووهەوایان وشک و نیمچە وشکە و کوێستانین دەڕوێت. فاکتەری ئاووهەوا، کارێکی زۆر گەورە لە ئەندازەی دروسبوون و جۆری بەرهەمەکە دەکەن. گەون لە کاتی گەورەبوونیدا، پێویستی بە بارانی بەهار و تواندنەوەی بەفری زستان هەیە، لە کاتی بەردانیشدا، پێویستی بە ئاووهەوای وشک و تیشکی خۆر هەیە.کەتیرە لە زۆر پیشەسازیدا بەکار دەهێندرێت و یەکێ لەو کەرەسە خاوانەیە، کە ساڵانە کوردستان، بۆ دەرەوەی دەنێرێت.

سەمغی زەرد – لە چیاکانی کوردستان دەڕوێت. دوای ئەوەی خۆش دەکرێ، لە هەندێ پیشەسازی جۆراوجۆردا بەکار دەهێندرێت.

مازوج (ف) – لە کۆمەڵێ گیا و گوڵی سەمغی پێک دێت، کە لە پیشەسازی پێستە خۆشکردندا بەکار دەهێندرێت. مازوج هەر لە کۆنەوە، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا ناسراوە.

سقز – گیایەکی سەمغییە، لە دارستانەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی سروشتی دەڕوێت و سێ جۆری هەیە: سپی، زەرد و ڕەش.

سرێش – گیایەکی ڕەگدارە و لە زۆربەی چیاکانی کوردستان دەڕوێت. کەرەسەیەکی

خاوی سەرەکییە بۆ دروسکردنی چەسپ.

گیا و گوڵی بۆندار: هەندێ گیا و گوڵ، بە شێوەیەکی سروشتی بۆنێکی خۆشیان لێ دێت. هەندێکی دیکەشیان دوای وشککردنەوە و تێکەڵکردنیان لەگەڵ هەندێ گیا و گوڵی دیکەدا، یاخود تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ هەندێ مەتیریاڵی کیمیاویدا، بۆ دروسکردنی گوڵاو بەکار دەهێندرین. لە گیا و گوڵە بۆندارەکان، ئەمانەن: گوڵی شەوبۆی کێوی ...هتد.

گیاوگوڵی خۆراک: ئەم جۆرە گیاوگوڵە، لە بەهاراندا زۆرن. هەندێکیان وەکوو خواردنی ڕۆژانەی خەڵکی بەکار دەهێنرێن، وەکوو کنگر، تۆڵەکە، کاردو، گندم گینە (ف)، دومەڵان، کوارگ، سینەکبکی (ف)، زول (ف)، پونگە، ڕێواس، پیفۆک، شیلمشاق، زارگەزەوی، گندل (ف)، تورۆکە و ترشۆکە.

٠٣ لەوەڕگە

کوردستان بە لەوەڕگەی سروشتی دەوڵەمەندە. ڕووبەرەکەی تاکوو ئێستا نازاندرێ. بەڵام بە دەوروبەری ٣٦ ملیۆن هێکتار دەخەمڵێندرێت. کوردستان لەبەر ئەوەی شوێنگەیەکی جوگرافی تایبەتی هەیە و دوو چەشنە ئاووهەوای جیاواز لە یەکتر، گەرم و ساردی هەیە، خاوەنی لەوەڕگەیەکی جۆراجۆرە، وەکوو:

لەوەڕگە کوێستانییەکان

ئەم لەوەڕگایانە، لە نێوچە شاخاوییە بەرزەکاندا هەڵ کەوتووە. پۆشەکی ڕووەکی ئەم نێوچەیە، بە زۆری لە پۆشەکی هەرێمی ئەلبی دەچێت، لەبەر ئەوەی لەو نێوچانەدا، گەلێ چیای بەرز هەن و بارستایی بارانی ساڵانەی ٣٥٠ – ٥٥٠ ملم. پۆشەکی ڕووەکی هەمەچەشنەی هەیە. زۆربەی ئەم نێوچانە، ئاویان زۆرە، لەبەر ئەمە فشاری لەوەڕاندن، دیار نییە..

ڕووەکەکانی لەوەڕگە کوێستانییەکان، لە خێزانی گرامینە و لیگیۆمینۆزە، کە بە زۆری لە مەتیریای پرۆتین پتک هاتوون. هەندێکیان قەدەکانیان زۆر گەورەیە، کە مەڕ و ماڵات لە توانایاندا نییە، بۆ خواردن بە کاریان بهێنێت، لەبەر ئەوە خاوەن مەڕ و ماڵاتەکان، دەیان بڕنەوە و وشکیان دەکەنەوە و ئالیکێکی تایبەتییان لێ دروست دەکەن، کە زستانان دەرخواردی ئاژەڵەکانیان دەدەن. هەندێ لە ڕووەکە جۆربەجۆرەکانی ئەم نێوچەیە، ئەمانەن: لالە داغدار (ف)، کبر خاردار (ف)، قەنتریون (ف)، پونگە، گەون، ئەسپرس.

لەوەڕگەی گەرمیانەکان

ئەم لەوەڕگـایانە، لەو نیـوچانە هەڵ کەوتـوون، کە بەرزاییـان لە ڕووی زەریاوە، لە ٣٠٠ مـەتر کـەمـتـر نابێ. بارسـتـایی بارانی سـاڵانە لـەم نێـوچـەیەدا، لە نێـوان ٢٥٠ – ٤٠٠ ملیمەترە. خاکەکەی بە زۆری لیتوسل و تا ڕادەیەک شاشە.

پۆشـەکی ڕووەکی ئەم نێـوچـەیە، بە زۆری وەرزییـە و قـەدیشـیـان کـورتە و ڕووەکی هەمیشـەییشـی بە دەگمـەن لێ دەڕوێت.هەندێ لەو ڕووەکانەی لـەو لەوەڕگایانەدا دەڕوێن، ئەمـانەن: شـیـدر و حـەسـەن (ف)، گـەون، ئەسـپرس، کعب ئەلغـەزالی (ف)، بومـادرن (ف)، گـاوزیـان (ف)، پێنج ئەنگوسـت، بارهنگ نیـزەئای (ف)، بارهنگ، شـورک، فرفـیـون (ف)، جودروغین (ف)، شنبلیله (ف)، کنگر و گاسن (ف).

پۆلێنکردنی لەوەڕگاکان

لەوەڕگـاکـانی کـوردسـتـان بـەپێی بایەخـیـان، بەسـەر ئەم بەشـانەی خـوارەوەدا دابەش دەکرێن:

١. ئەو لەوەڕگایانەی بەرزاییەکانیان ١٨٠٠ مەتر و زیاترە

بەرهـەمی ئـالیکی وشکی لە یەک هـێکتـاردا، لە دەوروبـەری ٥٥٠ کـیلۆگـرام دایـە. ئەو ڕووەکانەی لەم لەوەڕگایانەدا دەڕوێن، زۆربەیان لە خـێزانی گرامینە و لیگیـۆمـینۆز..قەد و گەڵاکانیان پڕن لە پرۆتین. بە درێژایی ماوەی ژیانیـان، ئالیکی سێ سەر ئاژەڵی گچکە، بۆ سەد ڕۆژ دابین دەکەن.

٢. ئەو لەوەڕگایانەی بەرزاییەکانیان ١٦٠٠ مەتر و زیاترە

ئەم جۆرە لەوەڕگـایە، بە یەکێ لە لـەوەڕگا بـاشـەکان دەژمـێردرێت. بەرهـەمـی ئالیکی لە هێکتـارێکدا، ٤٠٠ کیلۆگرام دەبێت. ڕووەکـەکانی لە خـێزانی گرامینە و لیگیـۆمـینۆز. ئەم لەوەڕگایانە هـەمـیشـەیی نین و دەدورێنـەوە. بە درێژایی مـاوەی ژیانیـان، ئـالیکی دوو سـەر ئاژەڵی گچکە بۆ سەد ڕۆژ دابین دەکەن.

٣. ئەو لەوەڕگایانەی بەرزاییەکانیان ٥٠٠ مەتر و زیاترە

لەوەڕگایەکی مـام ناوەندین و بەرهـەمی ئالیکی وشکی لە هێکتارێکدا، ٢٠٠ کیلـۆگرامە. لە ڕووەکی هـەمـیـشـەیی و یەک سـاڵی تێـدا دەڕوێت. ئالیکی یەک سـەر ئـاژەڵی گـچکە، بۆ ماوەی سەد ڕۆژ دابین دەکات.

٤. ئەو لەوەڕگایانەی بەرزاییەکانیان لە خوار پێنج سەد مەترەوەیە

ئەم جۆرە لەوەڕگایانە هەژارن. بەرهەمی ئالیکی لە یەک هێکتاردا، ١٠٠ کیلۆگرامە. زۆربەی ڕووەکەکانی تەنیا ساڵیک دەژین. هەر لە دوو هێکتاردا، یەک سەر ئاژەڵی گچکە، بۆ ماوەی سەد ڕۆژ دابین دەکات.

٥٠ لەوەڕگا زۆر هەژارەکان

بەرهەمی ئالیکی لە یەک هێکتاردا، پەنجا کیلۆگرامە. پۆشەکی ڕووەکی تەنیا یەک وەرز دەژی. هەر لە چوار هێکتاردا، ئالیک بۆ یەک سەر ئاژەڵی گچکە، بۆ ماوەی سەد ڕۆژ دابین دەکات.

بەشی هەشتەم: ژیانی زیندەوەران

٠١ خشۆکەکان

دەربارەی پەیدابوونی خشـۆکـەکـان، بۆچوون و بیـروڕای جـۆراوجـۆر هـەیە. بـەپێی ئەو لێکۆڵینـەوە و توێژینەوانەی، تاکوو ئێسـتـا کراون، ئەم گیـانلـەبەرانە بە سـەد ملیـۆن سـاڵ، پێش دەرکـەوتنی گـیـانلەبەرە شـیـردەرەکـان، لەسـەر ڕووی زەوی هـەبوون. بەڵام شـوێن و شێوەی پەیدابوونیان، بە تەواویی ڕوون نییە..

کوردسـتـان لە ڕووی بوونـی خشـۆکـەکانەوە، لەبەر سروشـتـی هـەرێمـایەتی لە کـەرتی ئاسـیـا و باری جـوگـرافـی و ئاووهەوا و پۆشـەکی ڕووەکی و تۆپۆگـرافـیـای جـۆراوجـۆر، وولاتێکی تا ڕەدەیەک دەوڵەمەندە.

هـەندێ لە خـشـۆکـەکـانی کـوردسـتـان ئـەمـانـەن: مـارمـووزک، مـارمێلکـە، بزن مژە (سـپی، زەرد و ڕەش)، کیسـەڵ، مار، مارکتکی (مـاری زەنگی)، مـاری سـوچەی سوور، ماری شینی گائەنگێو، ماری ئاوی، تیژەمار، ماری ڕەش، توولەمار.

٠٢ باڵندەکان

ژمارەیەکی زۆر لە باڵندەکان، لە دارستان و چیاکانی کوردسـتـان دەژین. ئەو باڵندانە، بە شـێـوە و ڕوخـسـار و گـەورە و گـچکـەیی و ڕەنگ و دەنگ و ڕەچەڵـەک، لە یەکـدی جـیـا دەکرێنەوە. هـەندێکیـان لەبەر ئەوەی لە لایەن مـرۆڤەوە ڕاو دەکرێن، بەرە بەرە بەرەو نـەمـان دەچن. باڵندەکـان بەگوێرەی شـوێـنی ژیان و نیـشـتـەجێبوونیـان، دوو بەشن: یەکـەمـیـان – باڵندە نیشتەجێبووە هەمیشـەییەکان، وەکوو بولبول، پۆپنەکی، پۆڕ، چرگ، جوڕە، گەڵوازە، چۆلەکە، دارکونکەرە، دالاش، زیقاوە، سرورە ڤانگ، ڕیشۆڵە، قاژوو، قەشقەڕە، قەلەباچکە، کاسـەڵە، شینکە، کلک هـەڵـتـەکێنە، کۆتر، کوڕکوڕە، هـەوێردە، هـەڵۆ. دووەمـیشـیـان – باڵندە کۆچەرەکـانن، وەکوو پەڕەسـێلکە، لەقـلـەق، پێ بە قـونەی سـەر بە کـلاو، دەنوک بێـڵـە، ڕەش بەشـە، ڕەوڕەوە، قورینگ، قوڵە شینکە، قەل مراوی، کەڵک، مـاسی خۆرکە، مـاسی گرە.

٠٣ شیردەرەکا

زیندەوەرە شـیـردەرەکـان، لە هـەمـوو شوێنە وشکەکـانی سـەر ڕووی زەوی هـەیە، جگە لە هـەندێ نێـوچـەی هـەردوو تـەورگە، کـە لە ژێر مـەرجی ژیانی جـۆراوجـۆردا دەژین، وەکـوو ئاو،

وشکانی، ژێر زەوی، لەسەر دار، چیا بەرزەکان، نێوچە سارد و بەفراوییەکان، بیابانە گەرم و وشکەکان. ئەم زیندەوەرانە لەهەر شوێنێک بن، بە خێرایی زاووزێ دەکەن.
هەندێ لە زیندەوەرە شیردەرەکانی کوردستان ئەمانەن: سنجابی، زەمبینی، مشکی دوو پای پێنج پەنجەی گچکە، مشکی دوو پای پێنج پەنجەی گەورە، کەروێشکی دەشتی، کەروێشکە مشک، مشکە کوێرە، مشکی ئاوی، مشکی موغان، گوزنی زەرد (ف)، ئاسک، ئاهو، بزنەکێوی.

٠٤ گۆشتخۆرەکان

گۆشتخۆرە شیردەرەکان دڕەندەن و خواردنی خۆیان لە ڕێگەی ڕاوکردن گیانداری زیندووی کێوی دیکەوە دابین دەکەن. هەندێ لەو گۆشتخۆرانەی کوردستان ئەمانەن: گورگ، چەقەڵ، ڕێوی ئاسایی، ورچی قاوەیی، قەبر هەڵکەنە، پڵنگ، بەراز، کەمتیار، سەگاو ... هتد.

٠٥ ماسی

لە کوردستاندا بە سەدان سەرچاوە و ڕووبار هەن. لە نێو ئەو ئاوانەدا، بە دەیان جۆر ماسی دەژین. بەڵام بە داخەوە لەبەر چاودێری نەکردنی یاسای ڕاوکردن، بەشێکیان بەرەو نەمان دەڕۆن و هەندێکی دیکەشیان، بە تەواوی لەنێوبراون.
ڕاوە ماسی بە قولاپ و تۆڕ و ژەهر و بۆمبا، هەروەها بەستنی ڕێگەی گەڕانەوە لە ماسییەکان بۆ نێو ئاوە قوڵەکان، دوای ئەوەی ماسییەکان گەراکانیان لە ئاوە تەنکەکاندا دادەنێن. ڕاوکەری ماسی و ئەوانەی هیوایەتی ماسی گرتنیان هەیە، ساڵانە بە سەدان تەن ماسی ڕاو دەکەن. لە ئوستانی کرماشان، ڕۆژانە بە ڕێگەی یاسایی، پێنج تەن ماسی ڕاو دەکرێت. بەڵام لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بەبێ پرس و بە قاچاغی ڕاوە ماسی دەکەن، ئەم ژمارەیە دوو ئەوەندەی دیکە زیاد دەکات. هەندێ لەو جۆرانەی لە کوردستاندا هەن، ئەمانەن: ماسی قەرەجی، ماسی ڕەش، سس ماهی (ف)، ماسی زێڕی (کەپور)، پشیلە ماسی ... هتد.

بەرگی دووەم

جوگرافیای دانیشتووان

بەشی یەکەم: ژمارە و دینامیک و ڕەوتی سروشتی دانیشتووان

٠١ ژمارە و دینامیکی دانیشتووان

دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، لە پێش کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، بە شێوەیەکی ڕەسمی هیچ جۆرە ژمارەیەکمان لەبەر دەستدا نییە. ناتوانین بە تەواوییش ئەو ژمارەیە بخەمڵێنین، چونکە لە لایەکەوە زانیارییەکی تەواویی ستاتیستیکیمان لەبەر دەستدا نییە، لە لایەکی دیکەشەوە بە کارێکی ناڕاست دادەنرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ژمارەیەی پێش چاو دەخرێ، مەودای هەڵەکردنی زۆر تێدا دەبێ. بەڵام هەرچی چۆنێ بێ، ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، پێش ساڵی ١٨٣١ی زایینی، لە چەند هەزار کەسێ زیاتر نەبووە، تا بەرەو دواوەش بگەڕێینەوە، ژمارەکە کەمتر دەبێتەوە.

سەرژمێری دانیشتووان

سەرەتای دەسپێکردنی پرۆسێسی سەرژمێری دانیشتووانی کوردستان، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. یەکەم سەرژمێر، لە ساڵی ١٨٣١دا لە لایەن فەرمانبەرانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە کرا. ئەم سەرژمێرییەش بۆ دوو مەبەست بەجێ گەیەنرا، یەکەم، لەسەر داخوازی دەوڵەتەکانی ئەوروپا، چونکە تاکوو ئەو کاتە، هیچ جۆرە زانیارییەکیان بە ڕەسمی لەسەر دانیشتووانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە نەبوو. دووەم، عوسمانییەکان خۆشیان پێویستیان بە هەندێ زانیاری هەبوو، تا بزانن ژمارەی ئەو کەسانەی دەتوانن، چەک هەڵ بگرن، چەند کەس دەبن. هەروەها دەیانویست ژمارەی هەموو ئەو خاوەن زەویی و زارانە بزانن، کە پێویست بوو، باج بدەن بە دەوڵەت، تا کۆی گشتی ساڵانەی باجی دەوڵەت بزانن. یەکێ لە کەموکورییەکانی ئەم سەرژمێرییە ئەوە بوو، سەرژمێرەکە بۆ هەموو کوردستان گشتیی نەبوو، چونکە بەشەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ژێردەستی فارسە سەفەوییەکاندا بوو، سەرژمێری نەکرا، بۆیە دیاریکردنی ژمارەی گشتیی دانیشتووانی کوردستان، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ناکرێ، بەڵام بە خەمڵاندن، ژمارەکە لەو سەردەمەدا، لە دەوروبەری یەک ملیۆن کەسدا بووە.

دوای ئەوەی دە ساڵ بەسەر سەرژمێری یەکەمدا تێپەڕ بوو، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی سەرژمێری دووەمیان، لە ساڵی ١٨٤١دا، بۆ گشت دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەتەکە بەجێ گەیاند. لە ئەنجامی سەرژمێرییەکەدا دەرکەوت، کە ژمارەی دانیشتووانی ڕۆژئاوای

کوردستان، چەند هەزار کەسێکیان زیاد کردووە. ژمارەی دانیشتووانی کوردستان لەو ساڵەدا، زیادی کرد بوو، بە نزیکەی ١,٥ ملیۆن کەس دادەنرا.

دوای ئەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لە ئەنجامی کۆتایی پێ هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤ – ١٩١٨) ڕوخا، نەخشەی ڕامیاری نێوچەکە بە تەواویی گۆڕا، میراتی ئیمپراتۆرییەتەکە لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جەنگدا دابەش کرا، بەو پێیەش ڕۆژئاوای کوردستان، جارێکی دیکە دابەش کرایەوە، کۆمەڵێ دەوڵەتی نوێ لە نێوچەکەدا دروست بوو، وەکوو تورکیای نوێدا، عێراق، سووریا. پاشان لە هەر یەکێ لەو وولاتانەدا و لە سەردەمی جیاجیادا، دەستیان بە سەرژمێری گشتی دانیشتووان کرد.

یەکەم سەرژمێری دانیشتووان، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە باکوور و باشووریی کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٢٧ دا بوو. لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٥٦ و لە ڕۆژئاوا لە ١٩٦٠ دا کران. ئیدی لە دواییدا، درێژە بەو کارە درا، بە شێوەیە لەو ڕۆژەوە تاکوو ئەوڕۆ (ساڵی ١٩٩٠)، ٢٧ سەرژمێری بە ئەنجام گەیەندراوە، واتە هەر دوو سێ ساڵێ جارێ، سەرژمێری لەو وولاتەدا کراوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا، بە کارێکی ناتەواو و بە دەرکەوتەیەکی نائاسایی دادەنرێ، چونکە هیچ دەوڵەتێ نییە، لەو ماوە کەمەدا یەک لە دوای یەک سەرژمێری دانیشتوان بکات. لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە پێویست ناکا، لە لایەکی دیکەشەوە پارەیەکی زۆری تێدەچێ. لەبەر ئەوە دەوڵەتەکان وا ڕاهاتوون، هەر ٥ تا ١٠ ساڵ جارێ بەم کارە هەستن، دیارە هۆکەشی بۆ لەدەسدانی سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێتەوە.


ئەنجامی سەرژمێرەکان: لەگەڵ ئەو هەموو سەرژمێرانەشدا، بۆ دیاریکردنی ژمارەی گشتیی دانیشتووان و دیاردەکانی دیکەی دیمۆگرافی، بەکەڵک نایەن، چونکە هەریەکەیان، یەک دوو ساڵ لەگەڵ ئەوی دیکەیان پێش و پاش کەوتووە. لەبەر ئەوە ناچار دەبین، بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، پەنا بۆ بەر دانان و خەملاندن بەرین. بۆ ئەم مەبەستەش، فۆرمولەی ئاماری دانیشتووان، کە لە لایەن دامودەزگای دانیشتووانی سەر بە ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کراوە، تێکڕای زیادەی ساڵانەی سروشتیی دانیشتووانی وولاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا لەبەرچاو گیراوە، هەروەها باری ئابووریی، کۆمەلایەتیی، ڕامیارییش لێک دراوەتەوە. تەماشای خشتەی ژمارە (١١) و گرافی ژمارە (٣) بکە.

خشتەی ١١ **ژمارەی دانیشتووانی کوردستان و هەرێمەکانی (هەزار) ١٩٢٥-٢٠٠٠ (خامڵاندن)**

ساڵ	کوردستان	هەرێم			
		باکوور	باشوور	ڕۆژهەڵات	ڕۆژاوا
١٩٢٥	٤٣٨٦	١٩٦٥	٧٧٢	١٥٨٦	٦٣
١٩٣٠	٥٥١٠	٢٧٤١	٨٨١	١٨٠٧	٨١
١٩٣٥	٦٢٠١	*٣٠٣٥	١٠٠٥	٢٠٥٩	١٠٢
١٩٤٠	٦٨٢٣	*٣٢٠١	١١٤٧	٢٣٤٦	١٢٩
١٩٤٥	٧٤٤٥	*٣٣٠٠	١٣٠٩	٢٦٧٣	١٦٣
١٩٥٠	٨٥٠٤	٣٧٦٠	١٤٩٣	٣٠٤٦	٢٠٥
١٩٥٥	٩٧٥٠	*٤٤١٢	١٧٠٣	٣٣٧٦	٢٥٩
١٩٦٠	١١٤٣٣	*٥٠٨٠	١٩٤٣	٣٩٨٧	*٤٢٣
١٩٦٥	١٢٩٨٦	*٥٨٢٤	*٢٢١٧	٤٤٨٨	٤٥٧
١٩٧٠	١٥١١١	*٦٧٨٦	٢٦١٢	٥٢٢٠	*٤٩٣
١٩٧٥	١٧٥٠٥	٧٧٧٩	٣٠٧٧	٦٠٧٢	٥٧٧
١٩٨٠	٢٠١٨٦	*٨٦١٩	٣٥٨٣	٧٣٥٢	٦٣٢
١٩٨٥	٢٣٥١٩	*٩٨٦٤	٤١٤٠	٨٨٥٦	٦٥٩
١٩٩٠	٢٦٧٩١	*١٠٩٦٠	٤٧٨٥	١٠٣٦٠	٦٨٦
١٩٩٥	٣١٠١٥	١٢٩٠٩	٥٥٢٩	١١٨٦٤	٧١٣
٢٠٠٠	٣٥٢٤٧	١٤٧٤٨	٦٣٩٠	١٣٣٦٨	٧٤١

* سەرژمێر.

گرافی ژماره ٣



ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، لە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا، نزیکەی ٢٧ ملیۆن کەسیان زیاد کردووە، دوو لەسەر سێی ئەم زیادکردنە، لە ئەنجامی زیادکردنێکی سروشتییدا بووە، ک لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٠,٠٢٧ (٢٧ لە ١٠٠٠ کەس) بووە. بەشێکی دیکەشی لە دەرەوە بۆ کوردستان کۆچیان کردووە.

تێکرای زیادبوونی سەدیی ساڵانەی دانیشتووانی کوردستان، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٥ – ١٩٧٥ دا، ٢,٦ بوو. ئەم ژمارەیە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٥ – ١٩٩٥ بۆ ٢,٩ بەرز بۆتەوە. ئەگەر زیادبوونەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا ژمارەی دانیشتووانی کوردسان، دوای پێنج ساڵی دیکە، واتا لە ساڵی ٢٠٠٠ هەزاردا، دەبێتە ٣٥ ملیۆن کەس.

ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەکانی کوردستان لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە، هەتا کۆتایی نەوەدەکان، دەتوانین لەبەر ڕۆشنایی سەرژمێرە گشتییەکاندا دیاری بکەین. بەڵام ئەو ژمارانە بە شێوەیەکی گشتی، هەندێ ناتەواویی تێدایە. هەموو ئەو کەموکوڕییانەش، لە ئەنجامی ئەم چەند هۆیانەی خوارەوە دروست بوون:

١٠ ژمارەی دانیشتووان لە هەندێ نێوچەی وڵاتدا، لەبری ئەوەی بە کردەوەسەرژمێری گشتیی تێدا بکرێ، بە خەمڵاندن کراوە، چونکە لە هەندێ لەو نێوچانەدا، دەسەڵاتی دەوڵەتیی تێدا نەمابوو. بۆ نموونە، سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ لە باشووری کوردستان.

٢٠ خەڵکێکی زۆر لە دانشتووانی کوردستان، بە دەستی ئانقەست خۆیان ناونووس نەکردووە، بۆ ئەوەی لە سوپادا نەبن بە سەرباز. یاخود بۆ ئەوەی لەسەر نەتەوەی سەردەست حسێب نەکرێن، هەروەکوو لە باکووری کوردستاندا ڕووی داوە. لەم هەرێمەدا ئەوەی ناوی تۆمار بکرێ، تەنیا بە تورک دەنووسرێ.

٣٠ لە هەندێ نێوچەی کوردستاندا، بە بیانووی ئەوەی هەندێ کەس، دەکومێنتی تایبەتییان نییە، دەزگاکانی سەرژمێرکردنی دەوڵەت، ڕێگە بەو کەسانە نادەن، تا ناوی خۆیان تۆمار بکەن. وەکوو لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستاندا ڕووی داوە.

٤٠ تۆمار نەکردنی دانیشتووانی ئەو نێوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیدا نەماون. هەروەها تۆمار نەکردنی هەموو ئەو کەسانەی چەکیان هەڵ گرتووە و لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا دەجەنگن.

٥٠ بە شێکی زۆر لە کۆچەرەکان ناونووس ناکرێن، لەبەر ئەوەی لە کاتی سەرژمێرکردندا، جێگایەکی دیاریکراوی تایبەتیی و نەگۆڕیان نییە، هەمیشە لە گەرمیان و کوێستان کردندان و دەستی لیژنەکانی سەرژمێری گشتییان، پێدا ناگات.

٠٦ دانیشتووانی هەندێ گوندی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، لەبەر ئەوەی لای دەوڵەت نەزاندراون، بە هۆی فاکتەری تایبەتی شوێنی ژیانیانەوە، یا لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بوو بێ، تۆمار نەکراون.

٠٧ ژمارەیەک لە کاربەدەستانی سەرژمێری گشتی (ژمێردەرەکان)، شارەزایی تەواویان لە پڕکردنەوەی لیستی (بلانکێت) سەرژمێرییەکەدا نییە، دانیشتووانی ئەو شوێنانەی تۆماریان دەکەن، بە تایبەتی لە گوندەکان، بێ ئەوەی بیانبینن و لە بوونیان یاخود نەبوونیان دڵنیا بن، بە پرسیارکردن لە خەڵکی دیکە، ناویان دەنووسن.

هەرێمی باکوور

سەرەتای سەرژمێری گشتی دانیشتووان لە هەرێمی باکووردا، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. لەم هەرێمەدا، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، دوو سەرژمێری کراوە، یەکەمیان لە ساڵی ١٨٣١ و دووەمیشیان لە ساڵی١٨٧٦ دا بووە، لە دواییشدا درێژە بەو کارە دراوە. یەکەم سەرژمێری گشتیی لە چوارچێوەی کۆماری تورکیای نوێدا، لە ساڵی ١٩٢٧ دا کرا. لە پاشان هەر پێنج ساڵ جارێ، ئەم کارە لە لایەن دامودەزگاکانی ئامارییەوە دووبارە کراوەتەوە. ژمارەی سەرژمێرییەکان تا ساڵی ١٩٩٠، گەیشتە ١٣ سەرژمێری گشتیی، کە لە خشتەی ژمارە (١٢) دا نیشان دراوە.

دانیشتووان لە هەرێمی باکووری کوردستاندا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٧ – ١٩٩٠دا، ٨ ملیۆن و ٨٤٥ هەزار کەسیان زیاد کردووە، واتا، ١١٦٪ یاخود پێنج کەڕەتیان زیاد کردووە. تێکڕای زیادبوونی ساڵانە لەم هەرێمەدا، بە ڕێژەی ٢,٦٪ بووە، کە وەکوو تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی سەرەتایی کوردستان. زیادەکەش بە پلەی یەکەم، بۆ زیادبوونی سروشتیی دەگەڕێتەوە.

زیادبوونی ڕووت و ڕێژەیی لە پارێزگاکانی هەرێمی باکووردا، جگە لە دەرسیم (تونجەلی) ئەنجامێکی باشی هەبوو، بەڵام زیادبوونەکە لە هەموو پارێزگاکاندا وەکوو یەک نەبوو. بەرزترین ڕێژەی زیادبوون، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ – ١٩٨٥ دا، بەر پارێزگاکانی ئورفە (١٩٢ هەزار کەس) و گازی ئانتەب (١٥٨ هەزار کەس) و دیاربەکر (١٥٦ هەزار کەس) کەوت. هۆکەشی بۆ چەند فاکتەرێ دەگەڕێتەوە، لەوانە: زیادکردنی بەرهەمی ساڵانەی بەروبوومی کشتوکاڵ لە یەک هێکتار زەویدا، بەهێزبوونی توانای چاندن، گۆڕینی سروشت و شێوەی چاندن لە کشتوکاڵکردن بە شێوەیەکی فراوان، بۆ

خشتەی ١٢ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی باکوور ١٩٢٧-١٩٩٠

سەرژمێر	دانیشتووان هەزار	زیادبوون هەزار	زیادبوون ٪
١٩٢٧	٢١٤٤	–	–
١٩٣٥	٣٠٣٥	٨٩١	٤,٤
١٩٤٠	٣٢٠١	١٦٦	١,١
١٩٤٥	٣٣٠٠	٩٩	٠,٦
١٩٥٠	٣٧٦٠	٤٦٠	٣,٢
١٩٥٥	٤٤١٢	٦٥٢	٢,٧
١٩٦٠	٥٠٨٠	٦٦٨	٢,٩
١٩٦٥	٥٨٢٤	٧٤٤	٢,٨
١٩٧٠	٦٧٨٦	٩٦٢	٣,٤
١٩٧٥	٧٧٧٩	٩٩٣	٢,٦
١٩٨٠	٨٦١٩	٨٤٠	٢,٣
١٩٨٥	٩٨٦٤	١٢٤٥	٢,٧
١٩٩٠	١٠٩٦٠	١٠٩٦	٢,١

کشتوکاڵکردن بە شێوەیەکی چڕتر، واتا چاندنی بەرهەمی پیشەسازیی و ئالیکی بۆ ئاژەڵ، لە جیاتی گەنم و جۆ، کۆچکردن لە هەندێ پارێزگای دیکەوە، بۆ ئەم یەکە ئیدارییانە.

دەرسیم تاکە پارێزگایەکە لەم هەرێمەدا، کە ژمارەی دانیشتووانی نەک هەر زیاد ناکا، بەڵکوو بەردەوام لە کەمبوونیش دایە. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ – ١٩٨٥ دا، لە ١٥٨ هەزار کەسەوە بوون بە ١٥٢ هەزار کەس، واتا، شەش هەزار کەسیان کەم کردووە. هۆکەشی لە لایەکەوە بۆ تۆمارنەکردنی ئانقەستی هەندێ لە دانیشتووان لە سەرژمێرەکاندا دەگەڕێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی نە بە تورک و نە بە هاونیشتمانییانی تورکیا لەقەڵەم بدرێن. هەروەها هەندێ لە دانیشتووانی ئەو شارە، لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا تێکەڵ بوون، کە ناکرێ ناونووس بکرێن.

دیارە ئەم ژمارەیە گەلێ زیاتر دەبوو، ئەگەر ئاشتێی و ئاساییش و هێمنی لە وولاتدا هەبووایە و خەڵکی ئەو نێوچەیەیان لە ئەنجامی جەنگی نێوان هێزەکانی تورکیا و کوردستاندا، دەربەدەر و دوور نەخستایایەتەوە و نە کوژرانایە. بۆ نموونە، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٤ – ١٩٩٥دا، بەپێی هەواڵی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، ١٧ هەزار کەس کوژراوە.

هەرێمی ڕۆژهەڵات

یەکەم سەرژمێری گشتیی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا، لە ساڵی ١٩٥٦دا کرا. لە دواییدا هەر دە ساڵ جارێ ئەم کارە ئامارییە دووبارە کراوەتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا، ژمارەی سەرژمێرییەکان گەیشتۆتە چوار سەرژمێری. دەربارەی ئاکامەکانیان، سەیری خشتەی ژمارە (١٣) بکە.

خشتەی ١٣ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی ڕۆژهەڵات، ١٩٥٦-١٩٨٦

سەرژمێر	دانیشتووان هەزار	زیادبوون	
		هەزار	٪
١٩٥٦	٣٥٦٣	–	–
١٩٦٦	٤٦٢٦	١٠٦٣	٢,٦
١٩٧٦	٦٢٥٨	١٦٣٢	٣,١
١٩٨٦	٩٢٠٠	٢٩٤٢	٣,٩

ئاکامی سەرژمێرەکان لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا، پیشانی دەدەن، کە زیادبوونی دانیشتووان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٦ – ١٩٨٥ دا، ٥ ملیۆن و ٦٣٧ هەزار کەس زیادی کردووە، تێکڕای زیادبوونی ساڵانە، ٣,٢٪ بووە. ئەم ژمارەیەش ٠,٦٪ لە تێکڕای زیادبوونی سەرەتایی کوردستان زیاترە. هۆکەشی وەکوو ئەوەی دەردەکەوێ، بۆ بەرزی زیادبوونی سروشتی (٣,١٪) و هەروەها بۆ گەشەکردنی هۆکانی تۆمارکردنی دانیشتووان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە کۆپۆنی دەوڵەت بێبەش نەبن، هەروەها ئەو کەسانەش تۆمار دەکران، کە لە سەردەمی خۆیدا لەبەر دووریی و کۆچکردن ناونووس نەدەکران.

ژمارەی ڕووت لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی ڕۆژهەڵات، لە نێوان ٥٦٤ هەزار کەس(ئازەربایجانی غەربی) و ١٣٦ هەزار کەس (ئیلام) بوو. واتە ڕێژەی زیادبوونەکە، هەموو پارێزگاکانی گرتۆتەوە، هەروەها بەسراوەتەوە بە بپێشکەوتنی کەرتی پیشەسازیی و سافی ڕەوکردنی دەرەوە و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە یەک یەکەی ڕووبەری زەویدا.

هەرێمی باشوور

سەرەتای ناونووسکردنی دانیشتووانی ئەم هەرێمە، بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە. یەکەم سەرژمێر لە ساڵی ١٨٣١دا کرا. بەپێی ئاکامەکانی ئەم سەرژمێرییە، ژمارەی دانیشتووان چەند سەد هەزار کەسێ دەبوون. سەرژمێری دووەم لە ساڵی ١٨٧٦دا بە ئەنجام گەیەندرا. سەرئەنجامەکەی وای نیشان دەدا، کە ژمارەی دانیشتووان دوو تا سێ هەزار کەسێکی زیاد کردووە.

یەکەم سەرژمێر لە هەرێمی باشووردا، لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینیدا بوو. لەو کاتەوە تاکوو ئەوڕۆ، شەش جاری دیکە سەرژمێری گشتی کراوە. بڕیاریش دراوە کە هەر دە ساڵ جارێ، دووبارە بکرێتەوە، بڕیارەکەش بە شێوەیەکی گشتیی پەیڕەو کراوە، جگە لە سەرژمێری گشتی پێنجەم نەبێ، کە دەبوایە لە ساڵی ١٩٦٧دا بە ئەنجام بگەیەندرایە. بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ڕامیاریی، سەربازیی، بە تایبەتی بە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١١ سەپتەمبەر ساڵی ١٩٦١ و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، نەتوانراوە بە تەواویی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەکە دیاری بکرێ، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان دەسنیشان بکرێ، لەبەر ئەوەی سەرژمێرییەکەیان دوو ساڵ پێش خست، واتا لە ساڵی ١٩٦٥دا ئەنجامیان دا. تەماشای خشتەی ژمارە (١٤) بکە.

خشتەی ١٤ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی باشوور، ١٩٢٧-١٩٨٧

سەرژمێر	دانیشتووان هەزار	زیادبوون: هەزار	زیادبوون: ٪
١٩٢٧*	٨١٤	–	–
١٩٣٥*	١٠٠٥	١٩١	٢,٧
١٩٤٧	١٣٨٣	٣٧٨	٢,٧
١٩٥٧	١٨٢٢	٤٣٩	٢,٨
١٩٦٥	٢٢١٧	٣٩٥	٢,٥
١٩٧٧	٣٣٠٣	١٠٨٦	٣,٤
١٩٨٧	٤٣٦٠	١٠٥٧	٢,٨

* خەمڵاندن.

ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی باشووری کوردستان، لە شەست ساڵی ڕابردوودا (١٩٢٧ – ١٩٨٧)، ٣ ملیۆن و ٦١٥ هەزرا کەسی زیاد کردووە، تێکڕای زیادبوونی ساڵانەش ٢,٩ بوو. هۆی ئەم زیادبوونەش زیاتر بۆ هەموو ئەو هۆیانە دەگەڕێتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن. گومانیش لەوەدا نییە، کە ئەم ژمارەیە گەلێ زیاتر دەبوو، ئەگەر بهاتایە ڕەوشی ڕامیاریی هێمن بووایە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان دەربەدەر و ئاوارەی دەرەوە نەکرانایە و بۆ عێراق ڕانەگوێزرانایەتەوە و بێسەروبن نەکرانایە، خەڵکی بە کۆمەڵ نەکوژرانایە و چەکی کیمیاوییان دژی دانیشتووان بەکار نەهێنایە.

دانیشتووانی موسڵ، زیاتر لە دانیشتووانی نێوچەکانی دیکەی هەرێمی باشوو زیاد دەکەن. ژمارەی زیادبوونی ڕووت لەم پارێزگایەدا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٧ – ١٩٨٧دا، ٤٠١ هەزار کەس بوو. ئەم ژمارەیە ٩,٥ کەڕەت، لەچاو ژمارەی زیادبوونی دانیشتووانی پارێزگای دهۆکدا زیاترە (٤٢ هەزار کەس) و ٣,٨ کەڕەت لە ژمارەی دانیشتووانی کەرکووک و نزیکەی دوو کەڕەتیش لەچاو هەولێر و سلێمانیدا زیاتر بوو. هۆکەشی دیسانەوە بۆ پێشکەوتنی ئاستی پیشەسازیی دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی پارێزگای موسڵ، بە ناوەندێکی گەورەی خوێندن و بازرگانیی و ڕێگای هاتوچۆ دادەنرێ و لە ڕووی جوگرافییەوە شوێنێکی گرنگ ی هەیە، سافی ڕەوکردنی دەرەوەشی بەرزە.

هەرێمی ڕۆژئاوا

دامودەزگاکانی ئاماریی لە ساڵی ١٩٦٠دا، بۆ جاری یەکەم لە هەرێمی ڕۆژئاوادا سەرژمێری گشتییان کرد. لە پاشاندا، هەر دە ساڵ جارێ ئەو کارەیان دووبارە دەکردەوە. واتا هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦، تەنیا سێ جار سەرژمێرییان کردووە، تەماشای خشتەی ژمارە (١٥) بکە.

دانیشتووانی هەرێمی ڕۆژئاوا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ – ١٩٨١دا، ٣٠٧ هەزار کەسیان زیاد کردووە، تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی ٢,٣٪ بووە، واتە کەمێکی لە تێکڕای گشتیی زیاترە. هۆی زیادبوونی دانیشتووانیش لەم بەشەی کوردستاندا زیاتر دەگەڕێتەوە، بۆ هەندێ لەو هۆیانەی لە بەشەکانی دیکەدا پەنجەمان بۆ ڕاکێشاوون. گومانی تێدا نییە، ئەگەر دەوڵەتی سووریا، ڕێگەی بە خەڵکی بدایە، بە سەربەستی ناوی خۆیان و پێناسەی نەتەوەیی خۆیان تۆمار بکردایە، بیانووی ڕەگەزنامەی سووریی و بیانییان بە کوردەکان نەگرتایە، لەو ژمارەیە گەلێ زیاتر دەبوو.

قامیشلی لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەوە، لە پێش هەموو قەزایەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە بوو، زیادەکەشی ٥٣ هەزار کەس بوو، واتە لە بەشەکەی مالکیە بە ٢,١ کەڕەت و لە ڕەئسولعەین ٢,٦ کەڕەت و لە عەینولعەرەب ٢,٣ کەڕەت و لە عەفرین ٣,٣ کەڕەت زیاتر بوو.

خشتەی ١٥ ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژاوا، ١٩٦٠-١٩٨١

سەرژمێر	دانیشتووان هەزار	زیادبوون هەزار	زیادبوون ٪
١٩٦٠	٤٢٣	–	–
١٩٧٠	٤٩٣	٧٠	١,٥
١٩٨١	٦٣٤	١٤١	٢,٣

٠٢ ڕەوتی سروشتی دانیشتووان

ڕەوتی سروشتیی یاخود زاوزێکردنی دانیشتووان، لە جیاوازیی نێوان ژمارەکانی لەدایکبوون و مردن دا دەردەکەوێ، واتا لە هەر هەزار کەس، ساڵانە چەند لە دایک دەبێ و چەندیان لێ دەمرێ. ئەگەرچی لەدایکبوون و مردن، بە دوو دەرکەوتەی جیاوازی بایۆلۆژی دادەنرێن، بەڵام وا دیارە فاکتەرەکانی باری ئابووریی (پێشکەوتن یا دواکەوتنی پیشەسازیی و جۆری کشتوکاڵ) و کۆمەڵایەتیی (بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی، ڕێژەی نەخوێندەوارون، شوێنی ژیان واتە شارنشین یا گوندنشین) لە هەر نێوچەیەکدا، کارێکی یەکجار گەورە، لە ڕێژەی زیادبوون یا کەمبوونی ژمارەی دانیشتووان دەکات، پاشان زیادکردنی سروشتی دێ.

ڕێژەی لەدایکبوون لەساڵی ١٩٨٥دا ٠/٠٠٤٨ بوو (واتا ٤٨ کەسی تازە لە دایک بوو، لە نێو هەزار کەسدا). ڕێژەی مردنیش ٠/٠٠٢٧ بوو (واتا ٢٧ کەسی مردوو لە هەزار کەسدا). بەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە زیادەی سروشتی لە ٠/٠٠٢١ بوو. تێکڕای تەمەندرێژیی ژیان لە هەمان ساڵدا، نزیکەی ٤٥ ساڵ بوو.

هەموو توێژینەوەیەکی لەدایکبوون و مردن، لەسەر ئاستی نێوچەکان و دەوڵەت، پێویستی بە ئاماری زیندوو هەیە، بەڵام ئەم چەشنە ئامارانە، لە شارە گەورەکان نەبێ، ئەویش نەک لە هەموو شارەکاندا، لە گشت کوردستاندا دەست ناکەون، هۆکانیشی بۆ ئەم چەند خاڵانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١/ بە شێوەیەکی گشتیی، زۆربەی زۆری ژنان، لە ژێر سەرپەرشتی دکتۆردا منداڵیان نابێ، واتا دایکان لە کاتی منداڵبوونیاندا، لە نەخۆشخانە منداڵەکانیان نابێ، لە ئەنجامی ئەم کارەشدا، منداڵەکان بە تەواویی تۆمار ناکرێن، ئەگەر بە زیندوویی دەرباز ببن.

٢/ لەبەر ئەوەی دەوڵەت کۆمەک بە منداڵان ناکات، منداڵەکان دوای لەدایکبوونیان و تا ئەو ساڵەی دەچنە قوتابخانە و تەمەنیان دەگاتە شەش ساڵان، پێویستیان بە هیچ جۆرە شوناسنامەیەک نابێ. ئەوانەشی دەمرن، بە هیچ جۆرێ بە ڕەسمی تۆمار ناکرێن.

٣/ ناشتنی مردوو، پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی دەزگایەکی تایبەتی کۆمەڵایەتیی نییە، چونکە شاردنەوە و ناشتنی مردوو، لە زۆربەی زۆری نێوچەکاندا بە خۆڕاییە، تەنانەت ئەو پارچە زەوییەی بە گۆڕیش ناو دەبرێ، هەر بە خۆڕاییە.

٤/ ئەو دایکانەی کە لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کار ناکەن و ژنی ماڵەوەن، لە کاتی سکپڕبوون و منداڵبوونیاندا، پیویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن نییە، چونکە دەوڵەت تاکوو

ئێستا، هیچ جۆرە یارمەتییەکی مانگانە یا ساڵانەی بۆ ئەو جۆرە دایکانە تەرخان نەکردووە.

٥/ دایکانی سکپڕ، چ لە پێش لە دایکبوون و چ لە پاش لەدایکبوون، نە خۆی و نە منداڵەکەی، لە ژێر چاودێری دکتۆردا نابن، بۆیە ئەو دایکانەش، بە پێویستی نازانن، تا لە لایەکەوە ناوی منداڵەکانیان تۆمار بکەن.

٦/ نەبوونی هیچ جۆرە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی نیوچەکاندا، بە تایبەتی لە گوندەکاندا، وا لە دایکان و باوکان و خاوەن مردووەکان دەکەن، کە چ ئەوانەی تازە لەدایکبوون و چ ئەوانەی دەمرن، پشگوێیان بخەن و ناویان تۆمار نەکەن، مەگەر لە هەندێ حاڵەتی پێویستدا نەبێ، وەکوو چوونە قوتابخانە، دابەشکردنی میرات، چونکە پەنابردن بۆ ئەو دەزگایانە، لە زۆربەی شارەکاندا و لە لایەن زۆربەی خەڵکییەوە، بە کار و خەرجییەکی زیادە دادەنرێ.

٧/ لەو کوردستانادا، دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەتیی تەندروستی نییە، تا لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، هۆکانی تەمەنکورتی و تەمەندرێژی و مردن بکۆڵنەوە و کەسیش پێویستی بەو جۆرە دەزگا زانستانە نییە.

ئا) لەدایکبوون

لەدایکبوون لایەنی نەرێتی خۆی لە زیادبوونی سروشتیدا پێک دەهێنێ و هەتاکوو ئێستاش ئەو ئاستە بەرزەی خۆی لە دەست نەداوە. بەو هۆیەوە کوردستان، بەگەڵ ئەو دەوڵەتاتە دەکەوێ، کە بە تەواویی قۆناغی داپەقینەوەی دانیشتووانیان نەبڕیووە.

ڕێژەی لەدایکبوون لە نێو دانیشتووانی کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٠/٠٠٤٨ بوو. ئەم ڕێژەیە لە ڕێژەی هەموو دەوڵەتەکانی باشووری – ڕۆژئاوای ئاسیادا، وەکوو تورکیا (٠/٠٠٢٨) و ئێران (٠/٠٠٤٢) و عێراق (٠/٠٠٤٣) و سووریا (٠/٠٠٤٤) زیاترە و بە یەکێ لە بەرزترین ڕێژەی لەدایکبوون دادەنرێت لە جیهاندا.

پاراستنی ئاستی بەرزی لەدایکبوون لە کوردستاندا، بۆ چەند هۆیەکی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و بگرە ڕامیارییش دەگەڕێتەوە، هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن:

ژنهێنانی زوو

ژنهێنان و شووکردن لە کوردستاندا، لە تەمەنێکی زووی مێردمنداڵیدا دەست پێ دەکات. کوڕان لە هەژدە ساڵیدا ژن دەهێنن و کیژان لە شازدە ساڵییەوە مێرد دەکەن. ئەو کوڕانەی تەمەنیان لە ٢٢ ساڵ زیاترە و هێشتا ژنیان نەهێناوە، پێیان دەوترێ پیرەکوڕ.

ئەو کچانەشی تەمەنیان لە بیست ساڵ و بەرەوژورترە و هێشتا شوویان نەکردووە، پێیان دەوترێ گەورەکچ یا قەیرەکچ. ئەگەر هاتوو هۆی دواکەوتنی ژنهێنان و شووکردن، بایۆلۆژیی و دەسکورتی نەبێ، ، خەڵکی بە چاوی گومانەوە لەو جۆرە کەسانە دەڕوانن. ژنهێنان و شووکردن لە تەمەنێکی پچووکدا، واتا زووتر ئەو ژن و مێردە، دەست بە پرۆسێسی منداڵبوون دەکەن.

هەڵوێستی کۆمەڵ

ئەو خێزانانەی منداڵیان زۆرە، بە تایبەتی ئەگەر کوڕ بوون، ئەوا لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵدا بە شێوەیەکی دیکە سەیر دەکرێن، وەکوو ئەوەی لە خێزانێکی دیکە کە منداڵیان کەم بێ، یا منداڵیان هەبێ، بەڵام زۆربەیان کچ بن، ڕێزیان زیاتر دەگیرێ و خەڵکی زۆر خۆیان لە قەرەیان نادەن.

مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژ

کارمەندانی دەوڵەت، دوای خانەنشین کردنیان مانگانەیان بۆ دەبڕدرێتەوە، بۆیە لە دواڕۆژدا کەمتر پێویستیان بە یارمەتی منداڵەکانیان دەبێ. بەڵام ئەو دایک و باوکانەی کە بە درێژایی تەمەنیان خەریکی کاری ئازادی خۆیانن، ئەوا بێگومان دوای پیربوونیان و لە کارکەوتنیان، پێوۆستیان بە دەسگیرۆیی منداڵەکانیان دەبێ، تا ئەو چەند ڕۆژە کورتەی لە ژیاندا ماویانە بەسەری بەرن، لە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە پەکیان نەکەوێ. لەبەر ئەوە ئەوەندەی بۆیان بکرێت، درێغی لە منداڵ دروسکردن ناکەن، تا ئەگەر هەمووشیان بە کەڵکی دایک و باوکیان نەهاتن، یەک دووانێکیان بە دەنگیانەوە بێن.

ڕیکخستنی خێزان

کۆنترۆڵکردنی منداڵبوون و دیاریکردنی ژمارەی منداڵ لەنێو خێزانەکانی کوردستاندا، تاکوو ئێستا باو نەبووە، بەڵکوو هەموو خێزانێ پەیڕەوی دروشمی (ئەوەندەی خوا بیدا) یان کردووە، لەو بڕوایەشدان، هەر کەسە (ڕسقی خۆی لەگەڵ خۆیەتی)، خوداش کەس لە برسا ناکوژێ.

بەکارهێنانی دەرمان

زۆربەی زۆری ژنان، دەرمان دژی منداڵبوون ناخۆن، لاسیکی تایبەتیش بەکار ناهێنن، تا خۆیان لە منداڵبوونی زیاد بپارێزن. چونکە ئەم جۆرە کردەوانەلای ئەوان، بە کارێکی خراپ لێک دەدرێتەوە، بەوەی دادەنێن گوایە دەسکاری ئیشی خوا دەکەن و بەپێی شەریعەت بەکارهێنانی دەرمان حەرامە، ئەوانەی بەکاریشی دەهێنن، ئەوا لە ڕۆژی زیندووبوونەوەدا، یەزدان سزایان دەدا.

دڵەڕاوکە و گومان

زۆربەی دایک و باوکان، لەبەر نەخۆشی زۆر و مردنی چاوەڕوان نەکراو و بە هیلاکچوون و دابڕانی ژن و میرد لە یەکدی وکوشتن و جەنگی کوردستان، لە گەورەبوون و مانەوەی منداڵەکانیان دڵنیا نین. بۆیە ئەوەندەی بۆیان بکرێ، ڕێگای منداڵبوون ناگرن و هەموو ساڵێ لە کاتی پێویستی خۆیدا منداڵ بە بەرهەم دێنن.

ڕێژەی منداڵبوون لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە نێو دانیشتووانی شارەکاندا – ٠/٠٠٤٧,٨ و لە نێو دانیشتووانی گوندەکاندا – ٠/٠٠٤٨,٢ بوو، واتا نزیکەی وەکوو یەک بوون.ئەمەش لە لایەکەوە بۆ یەکبوونی هەڵوێستی هەردوو لایان بەرامبەر هۆیەکانی بەرزی منداڵبوون لە نێویاندا دەگەڕێتەوە، کە لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، لە لایەکی دیکەشەوە هۆی شارستانێتی و زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ لەسەر زەوی، لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بیری لێ نەکراوەتەوە، وەکوو لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دیکەی جیهاندا، بیری لێ دەکەنەوە و چارەسەری بۆ دادەنێن.

لە ڕووی منداڵبوونەوە، لە پارچەکانی کوردستاندا. جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. لە هەموو هەرێمەکاندا ڕێژەی لەدایکبوون وەکوو یەکن (لە دەوروبەری – ٠/٠٠٤٨دا بوو)، ئەمەش بۆ لە یەکچوونی باری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی دەگەڕێتەوە.

ب) مردن

ڕێژەی مـــردن لە کـــوردســـتـــاندا، لە ســـاڵی ١٩٨٥دا ٠/٠٠٢٧ بـوو. ئەم ڕێژەیە بـە بەراوردکـردن لەگـەڵ ڕێـژەی وڵاتەکـانی دیکەی باشــووری - ڕۆژئاوای ئاســیـادا، وەکـوو تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، سێ جار زیاترە. گرنگترین هۆکانیشی ئەمانەن:

- کەمی خزمەتگوزاریی تەندروستی

خزمـەتگوزاریی تەندروسـتی لە کوردسـتـاندا، لە نزمـتـرین ئاست دایە. ئەوەشـمـان لە شـیکردنەوەی ژمـارەی دکـتـۆرەکان و نەخـۆشـخـانەکان و جێگای نەخـۆشـەکاندا، بۆ ڕوون دەبێتەوە.

- ژمارەی دوکتۆر

لە سـاڵی ١٩٨٥دا، نزیکەی ٢٥٠٠ دکـتـۆر لە نەخـۆشـخـانەکانی کـوردسـتـاندا کـاریان دەکـرد، لەوانـە ٧١٪ پزیشـکی گـشـتـی و لە ٢٩٪ پزیشـکی شـــارەزا و تایبـەت بـوون. ئەم ژمارەیە چەند جار لەچاو ژمـارەی دکتۆرەکانی تورکیا (١٧ هـەزار) و ئێران (١٦ هـەزار) و عێراق (٣ هەزار) و سـووریا(٤ هـەزار) دا کەمترە. واتا هـەر یەک دکـتـۆر خزمەتی ٩٥٠٠ کەس دەکات. ئەم ژمـارەیە دوو تا سێ کەڕەت لەو ووڵاتانەی لەسـەرەوە ناومان هێـنـان، کەم دەبنەوە. (تورکـیـا - ٥ هەزار کەس، ئـێـران - ٣ هـەزار کـەس، عـێـراق - ٤ هـەزار کـەس، سووریا - ٦ هەزار کەس).

- ژمارەی نەخۆشخانەکان

لە سـاڵی ١٩٨٥دا، نزیکەی ٩٠ نـەخـۆشـخـانەی جـۆراوجـۆر لە کوردسـتـاندا هـەبوو. ئەو ژمـارەیە لە نیـوەی ژمـارەی نەخـۆشـخـانـەکـانی تـورکـیـا (١٩٨٥- ٥٧٤)وئـێـران (١٩٨٩- ٦٢٥)و عــێــراق (١٩٨٠- ٢٠١)و ســـووریا (١٩٨٦- ١٨٩) کـــەمـــتـــرە. واتا هـەر یـەک نەخـۆشـخـانە، بەرامبـەر ٢٦١ هـەزار کەس بوو. تـەنیا بۆ بەراوردکردن دەڵێین، ئەم دیاردەیە چەندین جـار لەچاو هی تورکـیـا (١٩٨٥- ٧٦ هـەزار کـەس)و ئـێـران (١٩٨٩- ٧٩ هـەزار کەس و عێراق (١٩٨٠- ٦٦هـەزار کەس)و سووریا (١٩٨٦- ٦٥ هـەزار کەس) زیاترە.

- ژمارەی جێگای نەخۆشەکان

نەخـۆشـخـانەکـانی کوردسـتـان لە سـاڵی ١٩٨٥دا، نزیکەی ١١ هـەزار قەرەوێڵەیان تێدا بوو. ئەم ژمارەیە لەچاو ژمـارەکانی تورکیا (١٩٨٥ - ٧٣ هـەزار قەرەوێـڵـە)، ئێران (١٩٨٩

- ٧٨ هەزار قەرەویڵە) و عێراق (١٩٨٠ - ٢٥ هەزار قەرەویڵە) و سووریا (١٩٨٦ - ٢٤ هەزار قەرەویڵە) زۆر کەمترە، واتا هەر یەک قەرەویڵە، بۆ ٢١٠٠ کەس تەرخان کراوە.

٠٢ نەخۆشی

جۆری نەخۆشییەکان لە مردنی خەڵکیدا، ڕۆڵی جیاواز دەبینن. بۆ نموونە، نەخۆشی پیس و کرم: ١٢٪ی گشت نەخۆشییەکان، ڕووداوی کتوپڕیی و ژەهر و خۆکوشتن: ١٢٪، گەڕانی خوێن: ١١٪، شێرپەنجە و تومورەکانی دیکە: ٨٪، هەناسە: ٤٪، منداڵبوون: ٣,٨٪، گوارشکردن: ٣,٤٪، نەخۆشییەکانی دیکەش: ١١,٣٪ و ئەو نەخۆشیانەی دەسنیشانیش نەکراوون: ٣٤,٥٪ پێک دەهێنن.

٠٣ جۆری خواردن

جۆری خواردەمەنی دانیشتووانی کوردستان، بە لانی کەمەوە لە ڕادەی ئاسایی (٢٢٢٠ کالۆری) کەمترە. تێکڕای کالۆری ساڵانەی یەک کەس بۆ پیاو و ژن و گەورە و گچکە، لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە دەوروبەری ١٦٥٠ کالۆریدا بوو، کە نزیکەی چارەک و نیو لەچاو کالۆریای وولاتەکانی تورکیا (٣١٨٠ کالۆری) و ئێران (٢٥٠٠کالۆری)، کەمترە.

بە شێوەیەکی گشتی، جۆری خواردنی خەڵکی کوردستان وەکوو یەک نییە. لە بەیانیاندا زۆربەی کات، نان وچا و هەندێ کاتیش پەنیر و ماست و هێلکە و نۆک و لۆبیا، نیوەڕوانیش نزیکەی هەمان خواردن و ئێوارانیش ساوەر و نیسک و بروێش، هەندێ جاریش برنج و ساڵی چەند جارێکیش گۆشت دەخۆن، ئەویش زیاتر لە ئاهەنگ و جەژنەکاندا گۆشت دەکڕن.

ناتەواویی لە ژمارەی کالۆری ڕۆژانە بە درێژایی ساڵ، دەبێتە هۆی بێهێزکردنی توانای لەش و کەمکردنەوەی بەرگری لەش لە نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان و لە ئەنجامدا تووشی نەخۆشی دەبێ، کە لەو بارودۆخەی کوردستاندا، لەبەر نەبوونی داوودەرمان، چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتە، چونکە لە دواییدا نەخۆشییەکە لێی پیس دەکا و هێز لە مرۆڤ دەبڕێ و بۆ مردن ئامادەی دەکات.

٠٤ جۆری خانووەکان

چەشنی خانووبەرە لە ڕووی باش و خراپییەوە بۆ تەندروستی، لە زیادکردن یا کەمکردنی ڕێژەی مردندا، ڕۆڵی تایبەتی خۆی وازی دەکات. ژمارەی هەموو خانووەکانی

کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە دەوروبەری ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار خانوودا بوو. لە هەمان ساڵدا، نزیکەی چوار ملیۆن خێزان هەبوو، واتا هەر خانوویەک بۆ ١,٢ خێزان بوو.

لێرەدا گیروگرفتەکە لە ژمارەی خانووەکاندا نییە، بەڵکوو لە چەشنی خانووەکان و ئامێرەکانی ژیان و تەسکی ژوورەکان و گەورەیی خێزان و نەبوونی پەنجەرەی پێویست لە ژوورەکاندا، بۆ ڕووناکی و ئاڵوگۆڕکردنی هەوا و نزمی سەربانەکان لەبەر نزمی دیوارەکان کە دەبێتە هۆی گڵمخاندنی هەوای ژوورەکان و نەبوونی ئاودەسخانەی پاک و موبەق و گەرماو و گەلێ پێویستی دیکەش دایە. سەرباری ئەمانەش لە گوندەکان نەوەک هەر مرۆڤ لە نێو خانووەکاندا دەژین، بەڵکوو ئاژەڵەکانیشیان هاوبەشی ژیانیان لە هەمان خانوودا دەکەن، هەندێ جار لە یەک ژووردا و هەندێ جاری دیکەش لە ژوورێکی تەنیشتدا دەژین.ئەمانە هەموویان پێکەوە، نەخۆشی جۆراوجۆر پەیدا دەکەن و لە نێو خێزانەکاندا بڵاو دەکەنەوە، لە ئەنجامدا ڕێژەی مردنی پێشوەخت زیاد دەکات.

٠٥ کارەساتی سروشتی

سالانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە ئەنجامی کارەساتی سروشتی وەکوو بەفربارینێکی زۆر، ڕەنوو، ڕۆچوونی چیاکان، لافاو، بومەلەرزە... ژیانیان لە دەست دەدەن. بۆ نموونە، لە مانگی فێبروەری ساڵی ١٩٩٢دا، ٦٠٠ کەس لە ئەنجامی بومەلەرزە و ٢٧٠ کەسیش بەهۆی هاتنی ڕەنوو، لە نێوچەی ئەرزنجاندا ژیانیان لە دەست دا.

٠٦ مردنی بایۆلۆژی

ڕێژەی مردنی بایۆلۆژی لە نێو دانیشتووانی کوردستاندا، لە ١٠٪ گشت هەموو شێوە مردنەکانی دیکەدا کەمترە، ئەویش لەبەر بەرزی ڕێژەی هۆیەکانی مردن، کە لەوە پێش باسمان کردن. مردن لە باری ئاساییدا، بە زیادبوونی تەمەن (تەماشای خشتەی ژمارە – ١٦ بکە)، زیاد دەکات، واتا هەر چەندێ تەمەن زۆر بێ، ئەوەندە ڕێژەی مردن بەرزتر دەبێتەوە. ئەویش تا ڕادەیەک، ئەوانەی تەمەنیان دەگاتە ٦٥ ساڵ و بەرەو ژوورتر، بەپێی یاسای سروشت، بۆ ماوەیەکی کورت کەسیان لە ژیاندا نامێنن.

خشتەی ١٦ ڕێژەی مردن بەپێی دەستەی تەمەن، لە ساڵی ١٩٨٥- خەملاندن

دەستەی تەمەن	مردن ٪	دەستەی تەمەن	مردن ٪
١ ساڵ کەمتر	٦,٣	٢٥-٢٩	٢,٩
١-٤	١٤,٢	٣٠-٣٩	٥,٨
٥-٩	٧,٢	٤٠-٤٩	٦,٢
١٠-١٤	٣,٦	٥٠-٥٩	١١,٩
١٥-١٩	٣,٤	٦٠ ساڵ زیاتر	٣٤,٩
٢٠-٢٤	٣,٦	کۆ	١٠٠,٠

ڕێژەکانی نێو خشتەکەی سەرەوە، تەنیا پەیوەندی بەو مردووانەوە هەیە، کە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا تۆمار کراون، لەو ڕووەوە کەمێ لەگەڵ ڕاستیدا نارێکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ ڕاستیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە، لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا، ڕێژەی مردن زیاد دەکات. بۆ نموونە، ڕێژەی مردن لە تەمەنی شەست ساڵی و زیاتردا، چەندین جار لە گروپی تەمەنی پیشەخۆیی زیاترە.

٠٧ جەنگ

جەنگ بەرفراوانترین و گەورەترین ڕۆڵی سەرەکی، لە ڕێژەی مردنی بە کۆمەڵی خەڵکیدا دەبینێ، بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستای کوردستاندا، ئەوەندەی خەڵک بە کوشتن دەڕوا و لە جەنگدا دەکوژرێ، نیو ئەوەندە بە نەخۆشی و بە مردنی خوا نامرن. جەنگیش لەم شێوانەدا خۆی دەنوێنێ:

- جەنگی کوردستان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان

جەنگی نێوان کوردستان و تورکیا و ئێران و عێراق، لە ساڵی ١٩٦١ەوە تاکوو ١٩٩٥ی زایینی، نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسی تێدا کوژراوە.

– جەنگی نێوخۆ

بە هۆی جەنگی نێوخۆ یا جەنگی نێوان هێزە ڕامیارییەکانی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٦٤ەوە هەتاکوو ١٩٩٥ی زایینی، چەندین هەزار کەس گیانیان لە دەست داوە،. بۆ نموونە، لە جەنگی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە مانگی مای – ئۆگەستی ساڵی ١٩٩٥، دەوروبەری ٣ هەزار کەسی تێدا کوژرا.

٠٨ کوشتن

کوشتنی خەڵکی بە بیانووی جیاجیای وەکوو دژی دەوڵەت، جیاوازیی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیی، تۆڵەسەندنەوە، بە دەستی کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بە دەستی هێزە ڕامیارییەکانی نێوخۆی کوردستان، کارێکی ڕۆژانەی زۆر ئاساییە، ڕۆژانە چەندین کەس بەو ڕووداوانە، گیان لە دەست دەدەن.

٠٩ ئەنفالکردن

لە ئەنجامی ئەنفالکردنی دانیشتووانی هەندێ نێوچە لە باشووری کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینیدا، لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، زیاد لە ١٨٣ هەزار کەس بۆ عێراق ڕاپێچ کران و دوایی هەموو بە کۆمەڵ کوژران.

٠١٠ بەرزیی ئاستی مردنی منداڵانی ساوا

بەرزیی ئاستی مردنی کۆرپە ساواکان لە نێو دانیشتووانی کوردستاندا، ڕۆڵێکی یەکجار گەورە، لە زیادکردنی ڕێژەی گشتیی مردندا دەبینێ. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٨٥دا، خۆی لە دەوروبەری ٠/٠٠٣٠٠ دەدا، (واتا ٣٠٠ کۆرپە لە ١٠٠٠ کۆرپە بوو). ئەم ڕێژەیە چەندین جار لەچاو ڕێژەی مردنی کۆرپەکانی تورکیا (٠/٠٠٧٦) و ئێران (٠/٠٠٦٣) و عێراق (٠/٠٠٦٩) و سووریا (٠/٠٠٤٨) زیاترە.

هۆکانی مردنی کۆرپە ساواکان: جگە لەو هەموو هۆیانەی پێشتر، لە باسی مردنی گشتییدا باسمان کردن، هەندێکی دیکەیان ئەمانەن: نەبوونی پزیشکی منداڵان لە شارەکاندا وەکوو پێویست و نەبوونیان بە شێوەیەکی بنەبڕی لە گوندەکاندا. خراپی تەندروستی دایکان، وەکوو نەخۆشی، برسێتیی، ماندووبوونی لە ڕادەبەدەر بە تایبەتی لە کاتی سکپڕیدا. نەبوونی گەلێ ڤیتامینی پێویست لە شیری دایکاندا لەبەر خراپی خۆراک.

ڕێژەی مردن لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە نێو شارنشینەکاندا – ٠/٠٠١٥ کەمتر بوو لەچاو

گوندنشینەکاندا – ٠/٠٠٢٠ لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری کارەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، وەکوو دکتۆر، نەخۆشخانە، دەرمانخانە، لە شارۆچکە و شارەکاندا کۆ بوونەتەوە.شارنشینەکان زیاتر سەر لە دکتۆر دەدەن، دەرمانی دروسکراوی میللی، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانییان کەمتر بەکار دەهێنن، توانای دارایی شارنشینییەکان زیاترە، وەکوو گوندنشییەکان ڕێگایەکی دوور بۆ سەردانی دکتۆر نابڕن، پاکوخاوێنی شارنشینییەکان، لەبەر هەبوونی ئاو و خزمەتی شارەوانی، لەچاو گوندنشینییەکاندا کەمتر تووشی نەخۆشی دەبن. هەروەها سروشتی ژیان لە شارەکاندا وا لە خەڵکی دەکات، زیاتر لە گوندنشینییەکان بایەخ بە پاکوخاوێنی خۆیان و تەندروستییان بدەن، جگە لەوەی کارەکانی شارەکان لە ئەوانەی گوندەکان گەلێ خاوێنترن.

لە نێوان هەرێمەکانی کوردستاندا، جیاوازییەکی لەبەرچاو لە ڕێژەی مردندا بەدی دەکرێ. ڕێژەی ئەم دیاردە دیمۆگرافییە لە باشووری کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٥دا لە ٠/٠٠٢٩ و لە باکوور – ٠/٠٠٢٨ و لە ڕۆژهەڵات – ٠/٠٠٢٧ و لە ڕۆژئاوا – ٠/٠٠٢٦ بوو. ئەمەش لە ئاکامی چەند خاڵێکی جیاوازی وەکوو ڕادەی توندوتیژی جەنگەکە لە لایەکەوە لەگەڵ سوپاکانی تورکیا و ئێران و عێراق، لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر جەنگی نێوخۆی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بوو.

بەشی دووەم: پێکهاتەی دانیشتووان

زانینی پێکهاتەی دانیشتووان لە ڕووی تەمەن و توخم، ئیتنی، ئایین، خوێندەواری، ژمارەی کارکەران، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و دانانی پلان بۆ لەنێوبردنیان، بایەخی زۆری هەیە، یاخود کەمکردنەوەی کارتێکردنیان، هەروەها بۆ زانینی ڕێڕەوی ئابووریی دوارۆژی وولات و باری کۆمەلایەتی دانیشتووان.

۰۱پێکهاتەی تەمەن و توخم

جۆری ئاوێتەی تەمەن و توخم، واتا ژمارەی دەستەیەکی تەمەن، ژمارەی نێرینە و مێینەی لە ناو گشت دانیشتوواندا، سیستەمی زاوزێی خەڵکی دیاری دەکات، کۆمەڵگای کەم تەمەن (گەنج) وەکوو یاسا، لەچاو کۆمەڵگاکانی لە خۆیان بە تەمەنتر، منداڵیان زۆرتر دەبێ. هەروەها ژمارەی کرێکاران (ئەوانەی دێنە مەیدانی کار، ئەوانەی لە مەیدانی کاردان، ئەوانەی لە مەیدانی کار دەردەچن). لە ڕێگەی ئاوێتەی تەمەن و توخمەوە دەتوانین، بزانین چەند شوێنی کار، چەند خواردن، چەند قوتابخانە (سەرەتایی، ناوەندیی، ئامادەیی)، چەند دەزگای لەشساغی (دکتۆر، نەخۆشخانەی گەورە، نەخۆشخانەی گچکە،) پێویستن.

ا. پێکهاتەی تەمەن


دیمگرافیزانەکان، دانیشتووان لە ڕووی تەمەنەوە، بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەش دەکەن، کە هەر دەستەیەکیش لە پێنج ساڵ پێک دێت. واتا ئەوانەی بۆ نموونە، تەمەنیان لە ١ – ٤ ساڵ دەبێ، لە یەک دەستەدان، ئەوانەی تەمەنیان لە ٥ – ٩ ساڵ دەبێ، سەر بە دەستەیەکی دیکەن، بەو شێوەیە ئەو دەستانە، یەک بە دوای یەکدا دێن، هەندێ جار کۆتاییان بە ٦٥ ساڵ و بەرەوژورتر دێ و هەندێ جاری دیکەش درێژی دەکەنەوە بۆ ٨٥ ساڵ و بەرەوژورتر. تەمەنی دانیشتووانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥دا، بەسەر ١٤ دەستەدا دابەش کراوە. تەماشای خشتەی ژمارە (١٧) و گرافی ژمارە (...٤ بکە.

ژمارەی دەستە تەمەنییەکان و ڕێژەیان لە پێکهاتەی گشتی هەموو دانیشتوواندا، بە شێوەیەکی گشتیی تەواو نییە. هۆیەکانیشی هەندێکی بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە:

خشتەی ١٧   پێکهاتەی تەمەن و توخمی دانیشتووان، ١٩٨٥ (خەمڵاندن)

دەستە	تێکڕا	٪	
		نێرینە	مێینە
٠-٤	١٥,٥	١٥,٧	١٥,٣
٥-٩	١٤,٥	١٤,٦	١٤,٢
١٠-١٤	١٢,٢	١٢,٤	١١,٩
١٥-١٩	١٠,٤	١٠,٣	١٠,٤
٢٠-٢٤	٩,٠	٩,٠	٩,٠
٢٥-٢٩	٧,٦	٧,٧	٧,٥
٣٠-٣٤	٦,٤	٦,٢	٦,١
٣٥-٣٩	٤,٨	٤,٨	٤,٨
٤٠-٤٤	٣,٨	٣,٦	٤,٠
٤٥-٤٩	٣,٦	٣,٤	٣,٧
٥٠-٥٤	٣,٥	٣,٦	٣,٠
٥٥-٥٩	٢,٩	٢,٧	٢,٨
٦٠-٦٤	٢,٣	٢,٣	٢,٢
٦٥+	٣,٢	٣,٥	٤,٤
نازانن	٠,٣	٠,٢	٠,٢
کۆ	١٠٠,٠٠	١٠٠,٠٠	١٠٠,٠٠

گرافی ٤



١/ ئەوانەی تازە لەدایکبوون، یەکسەر لە دوای لە دایکبوونیان، لە دەفتەری مەدەنی تۆمار ناکرێن، تا ئەو ڕۆژەی پێویستیان بە دەکومێنتێک دەبێ، بۆ ئەوەی لە یەکێ لە دایرەکانی دەوڵەتدا، کاروبارە تایبەتییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن. ئەو کاتەش لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوێکی سروشتیی وەکوو بارانێکی زۆر، لافاو، گەرما، سەرما، بومەلەرزە، یاخود ڕووداوێکی کۆمەلایەتی وەکوو کوشتنی ناودارێک، بوون بە سەرباز، دەسەلات وەرگرتن، کۆچکردن، تەمەنیان دەخەملێنن.

٢/ پیاو و ژن کە بە ساڵدا دەچن، وەکوو نەریتێکی کۆن خۆیان بە گەورەتر لە تەمەنیان ناونووس دەکەن، لەو بڕوایەوە، کە بەو خۆ گەورەکردنە، پلە و پایەیەکی گەورەی کۆمەلایەتی بۆ خۆیان دەپچڕن.

٣/ ڕێککردنی تەمەن لە نێو پیاوان و ژناندا، کارێکی ئاساییە. بۆ نموونە، ئەو کەسانەی تەمەنیان ٤٨ ساڵ بێ، پێیانخۆشە بە ٤٥ ساڵ یاخود بە ٥٠ ساڵی ڕێک خۆیان تۆمار بکەن، دیارە ژمارەکە لای ئەوان جوانترە.

٤/ هەمیشە تەمەنی ژنان لە تەمەنی پیاوان ناتەواوترە، چونکە ژنان کەمتر پێویستیان بە دەکومێنت دەبێت، لەبەر ئەوەی کەمتر دەچنە قوتابخانە و کەمتر لە دایرەکانی دەوڵەتدا کار دەکەن. هەروەها ژنهێنان و مێردکردن، لە هەموو شوێنێ بۆ سەلماندنی تەمەن پێویستی بە دەکومێنت نییە.

٥/ گەورە و گچکەیی تەمەن، تا ڕادەیەکی زۆر بە بەرژەوەندی خودی تاکە کەسییەوە بەستراوە، بۆ نموونە، ئەگەر تەمەن گەورەیی خێری تێدا بوو، بۆ وەرگرتنی یارمەتی و جێگرتنەوەی باوک لە نێو کۆمەڵدا، ئەوا بێگومان ئەو کەسە تەمەنی خۆی گەورە دەکات، بە پێچەوانەشەوە لەو کاتانەی تەمەن گەورەیی بە خراپ بەسەر ئەو کەسانەدا بشکێتەوە، وەکوو بانگکردن بۆ سەربازی، تەمەنیان پچووک دەکەنەوە.

بۆ شیکردنەوەی تەمەن وا باوە، کە هەموو تەمەنەکان لە سێ دەستەی گەورەدا کۆبکرێنەوە، وەکوو لە خوارەوە نیشانی دەدەین:

ا - تەمەنی گچکە (٠ - ١٤ ساڵ)

ڕێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ١٤ ساڵ کەمترە، ئێستا ٤٩,٨٪ی گشت دانیشتووانی کوردستان پێک دەهێنن، ئەم ڕێژەیە لەچاو ڕێژەی تەمەنی دانیشتووانی وولاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیادا، وەکوو تورکیا (١٩٨٥ - ٣٧,٥٪)، ئێران (١٩٨٦ -

٤٥,٤٪)، عێراق (١٩٧٧ - ٤٨,٩٪)، سووریا (١٩٨٦ - ٤٩,٣٪) زیاتره. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە دانیشتووانی کوردستان زیاتر لە جموجۆڵ دان و خێراتر ژن دەهێنن و نەوە شوێنی نەوە دەگرێتەوە، لەبەر بەرزی ڕێژەی مردن.

ب - تەمەن ناوەنجی (١٥ - ٦٤ ساڵ)

ئەم دەستەیە بە دووەم دەستەی تەمەن دادەنرێ، ئێستا ٤٦,٨٪ی گشت دانیشتووانی کوردستان پێک دێنێ. ئەم ڕێژەیە لەچاو ڕێژەی تورکیا (١٩٨٥ - ٥٨,٣٪)، ئێران (١٩٨٦ - ٥١,٥٪) کەمترە، بەڵام لەگەڵ عێراقدا وەکوو یەکن (١٩٧٧ - ٤٦,٨٪) و لە ڕێژەی سووریا ش زیاترە (١٩٨٦ - ٤٦,٣٪). گومانی تێدا نییا، کە ڕێژەی تەمەن ناونجییەکان زیاتر دەبوو، ئەگەر بە دەیان هەزار پێشمەرگە خۆیان ناونووس دکردایە، کە هەموویان دەکەونە نێو سنووری ئەم دەستەیەوە.

ج - تەمەن گەورە (٦٥ ساڵ و بەرەوژوورتر)

گرووپێکی کەمن، ئێستا ٣,٤٪ هەموو دانیشتووان پێک دەهێنن. بۆ بەراوردکردن دەتوانین بڵێین، ڕێژەی ئەم گرووپە لە ڕێژەی تورکیا (١٩٨٥ - ٤,٢٪)و عێراق (١٩٧٧ - ٤,٣٪) و سووریا (١٩٨٦ - ٤,٤٪) کەمترە، بەڵام کەمێکی لە ڕێژەی ئێران زیاترە (١٩٨٦ - ٣,١٪). ئەم گرووپە، زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە مردنی سروشتیی و میکانیکی دەرباز بوون، بەڵام تەندروستییان لەوەدا نییە، کە دوای ئەم تەمەنە زۆرتر بژین.

ب ـ پێکهاتەی توخم

ژمارەی نێرینەکان، لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا، وەکوو شتێکی سەلمێندراو، لە ژمارەی مێینەکان زیاترە. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە، کە دایکان بە شێوەیەکی سروشتیی کوڕیان زیاتر لە کچ دەبێ (١٠٦ کوڕ بەرامبەر ١٠٠ کچ)، بەڵکوو لەبەر بەرزی ڕێژەی مردنە، بە شێوەیەکی سروشتی مێینەکان زۆرتر و زووتر دەمرن، واتا تەمەنیان لە تەمەنی نێرینەکان کورتترە.

دانیشتووانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥ دا، لە ٥١,١٪ی پیاو بوون و لە ٤٨,٩٪شیان ژن بوون. واتا ڕێژەی پیاوان ٢,٢٪ لە ڕێژەی ژنان زیاتر بوون. هەمان جیاوازی لە تورکیا (ساڵی ١٩٨٥، نێرینە - ٥٠,٧٪ و مێینە - ٤٩,٣٪) و لە عێراق (ساڵی ١٩٨٧، نێرینە - ٥١,٤٪ و مێینە - ٤٨,٦٪) بەرچاو دەکەوێ.

ڕێژەی توخم (ژمارەی پیاو بەرامبەر ١٠٠ ژن)، لە ساڵی ١٩٨٥دا، ١٠٤,٥ بوو. ئەم ڕێژەیە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕێژەی وولاتەکانی دەوروبەری وەکوو تورکیا (١٩٨٥ – ١٠٣ پیاو)، ئێران (١٩٨٦ – ١٠٥ پیاو)، عێراق (١٩٨٧ – ١٠٦ پیاو) و سووریادا (١٩٨٥ – ١٠٤ پیاو) نییە.

٠٢ خوێندەواری

بەو کەسانە دەگوترێ خوێنەوار، کە بە ئاسانی توانای خوێندنەوە و نووسینی دەقێکی ئاساییان هەبێ و تەمەنیشیان لە شەش ساڵ زیاتر بێ. ڕێژەی خوێندەوارانی کوردستان لە نیوەی ژمارەی دانیشتووان زیاترە (١٩٨٥ – ٥٦,٣٪) و لە ڕێژەی خوێندەوارانی هەموو وولاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیا کەمترە، وەکوو تورکیا (١٩٨٥ – ٧٧,٥٪)، ئێران (١٩٨٦ – ٦١,٨٪)، عێراق (١٩٨٧ – ٧٢,٦٪). هۆی نزمی خوێندەواری ئەمانەن:

– نەبوونی قوتابخانە: ژمارەی قوتابخانەکان لەچاو پێویستی دانیشتوواندا، گەلێ کەمترە. زۆربەی گوندەکان، یان هەر قوتابخانەیان تێدا نییە، یان بە چەند گوندێ خاوەنی یەک قوتابخانەی سەرەتایین. سەرەڕای ئەمەش، لەبری ئەوەی ژمارەی قوتابخانەکان زیاد بکەن، ساڵ بە ساڵ کەمتر دەبنەوە، چونکە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا قوتابخانەکان دادەخەن.

– کەمی مامۆستا: زۆربەی قوتابخانەکان مامۆستایان کەمە. وا ڕێک دەکەوێ، قوتابخانەیەک لە چوار پۆل پێک دێ، تەنیا ٢ یا ٣ مامۆستای هەیە. لەو حاڵەتانەدا، مامۆستاکان ناچار دەبن، لە ماوەی چل خولکەدا پۆلەکان تێکەڵ بە یەکدی بکەن و وانەکەی خۆیان بە هەردوو لایان بڵێنەوە، واتا نیو وانە بە هەر پۆلەی دەڵێنەوە.

– زۆریی قوتابیان لە پۆلەکاندا: پۆلی قوتابخانەکان لە ڕادە بەدەر قەرەباڵغن، ژوورێکی ٢٠ کەسی زیاتر لە ٣٠ قوتابی وانەی تێدا دەخوێنن.

– پێویستییەکانی قوتابخانە: پێویستییەکانی خوێندن، هەر لە کورسی دانیشتنەوە و تەختەی ڕەشەوە تا بە قەڵەم و دەفتەر و دەباشیر... دەگات، لە زۆربەی قوتابخانەکاندا کەمە و بەگوێرەی پێویست نییە. لەبەر ئەوە هەندێ جار، دوو قوتابی لەسەر یەک کورسی

دادەنیشن. قوتابخانەی واش هەیە، قوتابییەکان لەسەر زەوی یان تەنەکە دادەنیشن و دەنووسن و دەخوێننەوە.

– پێویستییەکانی خوێندن: قوتابییەکان لە هەندێ قوتابخانەکان، لەبەر کەمی پەرتووکی خوێندن، پێکەوە لە یەک پەرتووکدا دەخوێن، واتا قوتابی دەتوانێ وانەکانی بخوێنێ، تەنیا لەو کاتەدا کە سەرەی دێتە سەر، نەوەکوو لەو کاتانەدا کە خۆی ئارەزووی خوێندنی هەیە.

– پێویستییەکانی نووسین: قوتابییەکان بە تەواویی هەموو پێویستییەکانی نووسینیان نییە، وەکوو پێنووس، دەفتەر، لاستیک، قەڵەمدایەر، چونکە باری ئابووری خێزانەکانیان، بە شێوەیەک نییە، کە ئەو پێویستییانە بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، تا ژمارەی منداڵەکانیشیان زۆرتر بێ، گیروگرفتەکە زیاتر دەبێ.

– سیستەمی دابەشکردن: دوای ئەوەی فەرمانی دامەزراندنی مامۆستایان، دەگاتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە، مامۆستایان بەسەر قوتابخاناکاندا دابەش دەکرێن. بەڵام لەبەر ئەوەی سیستەمێکی دیاریکراو، بۆ دابەشکردنی مامۆستایان نییە، هەندێ مامۆستا لەبەر هەر هۆیە بێ، یەکسەر لە قوتابخانەی شارەکان یاخود لە قوتابخانەی گوندەکانی دەوروبەردا دادەمەزرێن. هەندێ مامۆستای هەن، چەندین ساڵە کاری مامۆستایی دەکەن، بەڵام لە قوتابخانەیەکی دوور لە شارەوە دانراون، کە تەنیا لە کاتی پشوودانی زستان و هاویندا دەتوانن، سەردانی شارەکان بکەنەوە.

– سەختی ژیان: لەبەر نەبوونی هۆیەکانی شارستانی وەکوو ڕاکێشانی ئاو، کارەبا، چایخانە، کەمی هۆکانی هاتوچۆ، نەبوونی بازاڕ و بێدنگی، ژیان لە زۆربەی گوندەکاندا، بە شێوەیەکی سەخت بەسەر دەبرێ، کە ئەمانە هەموویان پێکەوە، کار لە هەست و ئارەزووی مامۆستا دەکەن و بەرهەمی کەمتر دەبێ.

– تێکچوونی قوتابخانە: هەندێ جار لەبەر نەگەڕانەوەی قوتابییەکان بۆ خوێندن، یاخود نەهاتنەوەی مامۆستاکان بۆ وانە ووتنەوە، لەبەر بارودۆخی تایبەتیی ڕامیاریی و ئاڵۆزبوونی ڕەوشی کۆمەڵایەتی، هەندێ لە قوتابخانەکان تێک دەچن.

– تەواونەکردنی خوێندن: لە سەرەتای هەر ساڵێکی خوێندندا، ژمارەیەکی دیاریکراو لە قوتابیان، لە قوتابخانەکانی سەرەتایی، ناوەندیی و ئامادەیی وەردەگیرێن. بەڵام بە داخەوە هەموو ئەوانەی وەرگیراون، بۆیان ناکرێ خوێندن تەواو بکەن. هەندێکیان هەر زوو واز لە خوێندن دێنن، هەندێکی دیکەشیان دوای یەک دوو ساڵ، ڕیزەکانی قوتابخانە بەجێ دەهێڵن. ڕێژەی هەموو ئەوانەی لەسەر خوێندن بەردەوام دەبن و خوێندنەکەیان تەواو دەکەن، لە هەندێ نێوچەدا، لە ژمارەی تێکڕای قوتابییە وەرگیراوەکان کەمترە.

– نائاسایی ژیان: باری نائاسایی ژیان، بە یەکێ لە هەرە گەورەترین گیروگرفتەکانی خوێندن و تەواونەکردنی خوێندن دادەنرێ. بە هۆی ئەو بارە نالەبارەوە، بە شێوەیە سەر لە خەڵکی شێوێندراوە، کە بڕوایان نەک هەر تەنیا بە خوێندن نەماوە، بەڵکوو بڕوایان بە ژیانیش نەماوە و تووشی ڕەشبینییەکی تەواو بوون. هەندێ جار کاری خوێندن، لە نێوچەیەکی دیاریکراودا بە شێوەیەکی باش دەڕوا، بەڵام لە پڕ بە هۆی ڕووداوێکی کتوپڕییەوە، خەڵکەکە ناچار دەبن، ڕوو لە شوێنێکی دیکە بکەن، کە زۆر جار بێ قوتابخانە دەمێننەوە.

– هەڵوێستی کۆمەڵگا: هەتا دوێنێش، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کەم تا زۆر، بە هۆی باری کۆمەڵایەتیی و فاکتەری ئایینەوە، هەندێ جاریش بە هۆی کارکردنەوە، ڕێگەی کچانیان نەدەدا، بچنە قوتابخانە و خوێندن تەواو بکەن، بە بیانووی ئەوەوە، کاری خراپە دەکەن و لە ڕێبازی ئایین لا دەدەن.

– خوێندن بە زمانی بێگانە: دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و سووریا و هەندێ جاریش عێراق، ڕێگە نادەن، منداڵانی کورد بە زمانی زکماکی خۆیان بخوێنن، بەڵکوو خوێندن بە شێوەیەکی گشتیی لە کوردستاندا، بە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبییە. ئەمە وا لە قوتابیانی کورد دەکات، لە سەرەتادا لە زۆربەی بابەتەکانی خوێندن نەگەن و لە نیشتمانەکەی خۆیاندا، هەست بە کەموکوڕییەکی نەتەوەیی تەواو و بەشخوراویی بکەن.

– ڕێژەی نەخوێندەوارە گەورەکان: بە زیادبوونی تەمەن، ڕێژەی نەخوێندەواری بەرز دەبێتەوە. واتا بە تەمەنەکان زیاتر نەخوێندەوارن وەک لە گچکەکان. نەخشەی نەخوێندەواریش بە شێوەیەکی گشتی، لە ساڵی ١٩٨٦دا بەم شێوەیە بوو:

له نێو ١٩ ساڵ و کەمتر – ٣٤٪ نەخوێندەوار هەبوو. ١٩ تا ٢٩ ساڵ – ٤٩٪ نەخوێندەوار بوو. ٢٩ تا ٤٤ ساڵ – ٧٥٪ نەخوێندەوار هەبوو. ٤٤ تا ٦٤ ساڵ – ٨٦٪ هخوێندەوار هەبوو. له ٦٤ ساڵ بەرەوژورتر – ٩٢٪ نەخوێندەوار هەبوو.

ڕێژەی خوێندەواری لە نێو ڕیزی شارنشینەکاندا، لە ساڵی ١٩٨٦دا، لە ٥٨٪ بوو، لەوانە پیاو ٦٩٪، ژن ٤٦٪ بوون. ئەو ڕێژەیە لە نێو گوندنشینەکاندا، ٢٥٪ بوو، لەوانە پیاو ٣٨٪ و ژن ١١٪ بوون. ئەم جیاوازییە گەورەیە (٣٣٪) لە نێوان ڕێژەی پیاوان و ژنانی خوێندەوارانی شار و گوندەکاندا، بۆ چڕبوونەوەی دەزگاکانی خوێندن لە شارەکاندا دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی ئارەزووی خوێندن لە نێو شارنشینەکاندا بەرزترە، کارەکانی بازرگانیی، پیشەسازیی، بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت لە شارەکاندا، لەچاو گوندەکاندا زیاتر پێویستیان بە خوێندن و کادیری خوێندەوار هەیە، هەروەها لە شارەکاندا، بەبێ ئەوەی گوێ بە جیاوازی نێوان کوڕ و کچ بدەن، منداڵان بۆ قوتابخانەکان دەنێرن، منداڵە شارنشینەکان زیاتر لە منداڵە گوندنشینەکان، توانای خوێندن و درێژەدان بە خوێندنیان هەیە، چونکە شوێنی ژیانیان زیاتر هێمنترە و بەجێشی ناهێڵن.

٠٣ هێزە کارکەرەکان

دواکەوتن یا پێشکەوتنی ئابووریی وولاتانی جیهان، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە پلەی شارەزایی و لێهاتوویی و ناشارەزایی کارکەرانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە زۆر و کەمی ژمارەی، ئەو کادێرە شارەزا و ناشارەزایانەوە هەیە، بە بەراوردکردن بە ڕێژەی گشتیی ژمارەی دانیشتووان.

دیاریکردنی ژمارەی هێزە کارکەرەکان، بە یەکێ لە کێشە ئاڵۆزەکانی جوگرافیای ئابووری دادەنرێ، چونکە هەر دەوڵەتێ، بەپێی باری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی خۆی، ساڵی دەست بەکارکردن و وازهێنان لە کارکردن دیاری دەکات. بەپێی یاسای کارکردن، ساڵی دەست بەکارکردن لە زۆربەی وولاتەکانی ئەوروپادا، بە ١٨ ساڵ دادەنرێ و لە ٦٤ ساڵیشدا تەواو دەبێ. پیاوان لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا و ژنانیش لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا خانەنشین دەکرێن. ئەو دیاریکردنە، لەگەڵ دیاریکردنی بیرۆی کاری نێودەوڵەتیدا یەک دەگرنەوە.

بەپێی یاسای کار، خەڵکی لە کوردستاندا، لە ١٠ ساڵییەوە دەست بە کارکردن دەکەن و لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا کۆتایی پێ دێنن. تەمەنی دەست بەکارکردن لە تورکیادا – ١٢ ساڵە، لە ئێران – ٦ ساڵ، لە عێراق – ١٠ ساڵ، لە هەموو ئەو وولاتانەشدا، لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا، کۆتایی بە کارکردن دەهێنن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، خەڵکی نە لە کوردستان و نە لەو دەوڵەتانەدا، زۆر گوێ بە یاسای کارکردن نادەن، بەڵکوو لەو ڕۆژەوە دەست بە کار دەکەن، کە پێیان دەکرێ و درێژەی پێ دەدەن، هەتا ئەو ڕۆژەی تاقەتیان دەچێ.

ڕێژەی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٠ – ٦٤ ساڵیدایە، واتا ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە ، لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە دەوروبەری ٦٧٪ی گشت دانیشتووانی پێک دەهێنا . ئەمە وا پیشان دەدات، کە کوردستان لە ڕووی هێزی کارگەرەوە دەوڵەمەندە. بەڵام بە داخەوە لە وانە تەنیا ٣٩٪ی دانیشتووانی چالاکی ئابووری پێک دەهێنن. واتا لە پرۆسێسی بەرهەمهێناندا هاوبەشی دەکەن (لە شارەکان – ٣٨٪، لە گوندەکان – ٤٠٪)، لە ٦١٪ەکەی دیکەشی چالاک نەبوون (لە شارەکان – ٦٢٪. لە گوندەکان – ٤٠٪)، واتا لە پرۆسێسی بەرهەمهێناندا هاوبەشی ناکەن، لەبەر ئەوەی یا دەخوێنن، یا دەوڵەمەندن، یا خاوەن موڵکن.


دانیشتووانی چالاکی ئابووری، لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە ٨٥٪ی کاریان دەکرد، واتا بەرهەمیان هەبوو (لە شارەکان – ٨٣٪، لە گوندەکان – ٨٧٪). لە ١٥٪ەکەی دیکەشیان بێکار بوون (لە شارەکان – ١٧٪، لە گوندەکان – ١٣٪).

دابەشبوونی دانیشتووانی چالاکی ئابووریی، بەسەر کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووریدا، لە ساڵی ١٩٨٥دا، بەم جۆرە بوو، کە لە خشتەی ژمارە (١٨) ە گرافی ژمارە (٥) دا هاتووە. بە شیکردنەوەی ژمارەکاندا، ئەم ڕاستییانەی لای خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێ:

خشتەی ١٨ دابەشبوونی دانیشتووانی چالاکی ئابووری بەسەر کەرتەکانی ئابووریدا، ساڵی ١٩٨٥

کەرتی ئابووری	٪
کشتوکاڵ، ڕاوکردن، دارستانداری، ڕاوەماسی	٥٥,٩
دەرهێنانی کانزا	٠,٢
پیشەسازی گۆڕین	٥,٠
ئاو، کارەبا، گاز	٠,٣
بیناکردن	٨,٧
فرۆشتنی تاک و جوت، ڕێستۆران، هوتێلداری، بار، گواستنەوە، پەیوەندی عەمبارکردن	٣,٣
کارەکەری و تەئمین و عەقاری	٠,٥
خزمەتکردنی گشتی، کۆمەڵایەتی، تایبەتی	١٩,٣
دابەش نەکراو و نادیار	٦،٨
کۆ	١٠٠,٠

گرافی ژماره ٥



ا – مەیدانی سەرەکی کارکردنی دانیشتووانی چالاکی ئابووری، لە کەرتی یەکەمدا (کشتوکاڵ، ڕاوکردن، داربەخێوکردن و پەروەردەکردنی دارستاناکان، ڕاوەماسی)یە. لەم کەرتەدا، ٥٦٪ی دانیشتووانی چالاکی ئابووری کار دەکەن (لە هەرێمی باکووردا ٧٣٪، لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا ٣٨٪). هۆکەشی بۆ دواکەوتوویی ئاماری کشتوکاڵ، فراوانی پانتایی زەوییە کشتوکاڵییەکان، لەباری ئاو و هەوا، نەبوونی بواری دیکەی کارکردن لە لقەکانی پیشەسازیی تازەدا، ڕاهاتن و بەرزی داهاتی ساڵانە دەگەڕێتەوە.

ب – کەرتی سێیەم (فرۆشتن بە تاک و بە کۆمەڵ، ڕێستۆران، میوانخانە، بارگواستنەوە، پەیوەندی عەمارکردن، کارکردن لە ماڵاندا، تەئمینی عەقاری و کارکردن لە دوکانەکان و دەزگا تایبەتییەکانی دەوڵەتدا) لە ٣٠٪ دانیشتووانی چالاکی ئابووری بۆ خۆی ڕاکێشاوە، (لە هەرێمی باکووردا – ١٩٪، لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا – ٤١٪)، هۆکەشی بۆ ئاسانی کارکردن و کەم خوێندن و بێ ئەزموونی و سەربەخۆیی دەگەڕێتەوە.

ج – ڕێژەی ئەوانەی لە کەرتی دووەم (دەرهێنانی کانزاکان، پیشەسازیی گۆڕین، ئاو و کارەبا و گاز، خانوو دروسکردن) کار دەکەن، تەنیا لە ١٤٪ی دانیشتووانی چالاکی ئابووری پێک دەهێنن (لە هەرێمی باکووردا – ٧٪، لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا – ١٦٪). ئەم ڕێژەیە، لەچاو توانای ئابووریووڵاتدا زۆر کەمە، هۆکەشی بۆ نەبوونی پیشەسازی تازە و ترادیسیای ئابووری دەگەڕێتەوە کە زۆربەی خۆی لە بواری کشتوکاڵدا دەبینێ.

بەشی سێیەم: پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دانیشتووان

١. پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان

کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە، وڵاتێکی یەکجار ئاڵۆزە، کەم نەتەوەی ئاسیا و ئەوروپا هەیە، کە نوێنەریان لەم وڵاتەدا نەبێ، هۆیەکانیشی هەندێکی ئەمانەن:

– هەڵکەوتی جوگرافی: کوردستان وەکوو مەڵبەندێکی ناوەندی ڕێگەی هاتوچۆکەرانی نێوان ئاسیا و ئەوروپا وابووە وایە، هەندێ لەم هاتوچۆکەرانە، لەبەر هۆکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، تێیدا جێگیر و نیشتەجێ بوون، دابونەریت و شوناسنامەی خۆیان پاراستووە.

– پەنابردن: باری سروشتیی کوردستان لە چیا و دۆڵ و دارستان و ئاو و زەویی کشتوکاڵی... تاد، بۆ خۆشاردنەوە هەڵکەوتێکی زۆر باشی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە سروشتییە، لە لایەن نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، ئەوانەی لە ژێر باری چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئایینیدا ناڵاندویانە، قۆزتراوەتەوە، لە کاتی تەنگانەدا ڕوویان تێ کردووە.

– پاکسازیکردنی کورد: پاکسازیکردنی کورد، پلانێکی داگیرکەرانەی دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریایە و هەمیشە بە بەردەوامی پەیڕەویان کردووە. هەر کاتێک سەرانی ئەو دەوڵەتانە ویستبێتیان، بۆ هەر شوێنێ مەبەستیان بوو بێ، نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارسیان هێناوە و نیشتەجێیان کردوون و کوردیشیان، لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆی دەرپەڕاندووە و ئاوارە و دەربەدەریان کردوون.

– گۆڕینی داگیرکەر: کوردستان بە درێژایی مێژوو، لە نێوان داگیکەراندا ئەم دەست و ئەو دەستی پێ کراوە، جارێک یۆنانییەکان و جارێکی دیکەش عەرەب فەرمانڕەواییان تێدا کردووە، دەمێ تورکە سەلجوقییەکان و دەمێکی دیکەش مەغۆلەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، سەردەمێ تەتەرەکان و سەردەمێکی دیکەش سەفەوییەکان و عوسمانییەکان داگیریان کردووە. دوای کۆتایی پێ هاتنی دەسەڵاتی ئەم فەرمانڕەوایانە، هەموویان وڵاتیان چۆڵ کردووە و بەجێ هێشتووە، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان ماونەتەوە و بە تەواویی جێگیر بوون و دواتریش بوون بە بەشێک لە دانیشتووانی کوردستان.

دانیشتووانی کوردستان، لە چەندین نەتەوە پێک هاتووە، کە هەر یەکەیان بۆ سەر گروپە زمانێکی جیاواز دەگەڕێنەوە، وەکوو ئێرانی، تورکی، سامی... هتد. لە ڕووی پێکهاتەی ژمارە و ڕێژەیان، بە بەراوردکردن لەگەڵ گشت دانیشتووواندا، بە داخەوە


ناتوانین لەو سەردەمەدا، چەند ژمارەیەک بە ڕەسمی پێش چاو بخەین، بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانی کوردستان، پەنا بۆ بەر خەملاندن دەبم. تەماشای خشتەی ژمارە (١٩) و نەخشەی ژمارە (٦) و گرافی ژمارە (٦) بکە.

خشتەی ١٩

پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان ١٩٨٥، ١٩٩٥
(خاملاندن)


نەتەوە	١٩٨٥		١٩٩٥	
	هەزار	٪	هەزار	٪
کورد	١٧٩٢١	٧٦,٢	٢٣٥٤١	٧٥,٩
تورک	١٢٢٣	٥,٢	١٦٤٤	٥,٣
عارەب	٨٠٠	٣,٤	١١١٧	٣,٦
عەجەم	٧٢٩	٣,١	٩٦١	٣,١
فارس	٦٥٩	٢,٨	٨٩٩	٢,٩
ئاسووری	٥٤١	٢,٣	٦٨٢	٢,٢
ئەرمەن	٣٥٣	١,٥	٤٦٥	١,٥
تورکمان	٣٢٩	١,٤	٤٣٤	١,٤
نەتەوەی دیکە	٩٦٤	٤,١	١٢٧٢	٤,١
کۆ	٢٣٥١٩	١٠٠,٠	٣١٠١٥	١٠٠,٠

نەخشەی ٦



نەخشەی ٦ **پێکهاتەی نەتەوەیی، ١٩٨٥**

گرافی ٦



کورد

کورد واتە کرمانج و لوڕ (لوڕ، بەختیاری، کوهگیلویە، مەمەسەنی) و کەلهوڕ و گۆران بە گەورەترین نەتەوە دادەنرێ، ڕێژەکەی لە ساڵی ١٩٩٥دا، نزیکەی ٧٦٪ی گشت دانیشتووانی کوردستان بوو. بۆ بەراوردکردن دەتوانین ئەم ژمارانە نیشان بدەین: ڕێژەی تورک لە تورکیا لە ساڵی ١٩٨٥دا – ٦٩٪ بوو. ڕێژەی فارس لە ئێراندا لە ساڵی ١٩٨٦دا – ٥٤٪ بوو. ڕێژەی عەرەب لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٨٧دا – ٧٣٪ بوو. ڕێژەی عەرەب لە سووریا لە ساڵی ١٩٨٠دا – ٨٦٪ بوو.

ڕێژەی کورد لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥ – ١٩٩٥دا، لەبەر ڕەوکردن بۆ دەرەوە و نکولیکردن لە بوونی کورد و خۆتۆمارکردن بە نەتەوە سەردەستەکان (تورک و عەرەب و فارس) و لەبیرچوونەوەی زمانی دایک و فێرنەبوونی و دانانی زمان بە بنەما و نیشانەکانی نەتەوەیی، کەمێکی کەم کردووە.

پارێزگاکانی کوردستان، لە ڕووی ڕێژەی کوردەوە بۆ گشت دانیشتووان، وەکوو یەک نین. لە ساڵی ١٩٨٥دا، ئەم یەکە ئیداریانە بەم شێوەیە ڕێزیان بەستبوو: سلێمانی ـ ٩٤٪، بەختیاری ـ ٨٨٪، هەولێر ـ ٨٦٪، ئیلام ـ ٨٥٪، کوردستان ـ ٨٥٪، کوهیگیلویە ـ ٨٤٪، هەکاری ـ ٨٤٪، کرماشان ـ ٨٣٪، لوڕستان ـ ٧٨٪، سیرت ـ ٧٨٪، دهۆک ـ ٧٦٪، بدلیس ـ ٧٥٪، ماردین ـ ٧١٪، دیاربەکر ـ ٧١٪، وان ـ ٧١٪، ئاگری ـ ٦٩٪، دەرسیم (تونجەلی) ـ ٦٧٪، بینگۆڵ ـ ٦٥٪، ئورفە ـ ٤٨٪، ئادیەمان ـ ٤٦٪، ئەلازیغ ـ ٣٩٪، کەرکووک ـ ٣٨٪، ئازەربایجانی غەربی ـ ٣٤٪، ئەرزنجان ـ ٣٣٪، مەلاتیە ـ ٢٥٪، موش ـ ١٥٪، ئەرزەڕۆم ـ ١٣٪، موسڵ ١٣٪، گازی ئانتەب ـ ١٠٪، مەرعەش ـ ٩٪.

تورک

دووەمین گرووپی ئیتنی، لە ڕووی ژمارە و ڕێژەیان بۆ گشت دانیشتووانی کوردستان، کەمەنەتەوەیی تورکە. مێژووی پەیدابوونیان، بۆ پێش چەند سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بە بۆچوونی هەندێ لە نووسەران، تورک بە ڕەچەڵەک بۆ سەر تیرەی ئۆغز و سەلجوقییەکان دەگەڕێنەوە، وەکوو نەتەوەش کە دروست بوو بن، بۆ سەدەی دەیەم دەگەڕێنەوە. بەڵام ئەم بۆچوونە، لای هەندێ لە نووسەرانی دیکە پەسەند نییە، چونکە تیرەکانی ئۆغوز، لە ماوەی چەند سەد ساڵێکدا، لەگەڵ تیرەکانی دەوروبەریدا تێکەڵاویان بووە، وەکوو کورد، یۆنانی، ئەرمەن، گورجی،، عەرەب، ئاسووری و هەندێکی دیکەش.

پەیوەندی ئۆغزەکان لەگەڵ دراوسێکانیاندا، لە هەموو سەردەمەکاندا باش نەبووە. بە بەردەوامی لەگەڵیاندا تووشی هەراوئاژاوە و جەنگ بوون.لەو جارانەی کە سەرکەوتوون، ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی ئەو نەتەوانە بە دیل گرتووە. ئەوانیش لە ترسان بوون بە ئیسلام. لە دواییشدا بە تەواویی تێکەڵ بە تورک بوون، بۆیە بۆمان هەیە بڵێین: تورکەکانی ئێستا، لە بەرهەمی ئەو تێکەڵاوبوونە پێک هاتوون، کە لە نێوان تورک و نەتەوەکانی دیکەدا ڕوویان داوە (٥٩). ئەو نەتەوەیە بەرە بەرە قاڵبی نەتەوایەتی خۆی گرتووە تا لەم دوو سەد ساڵەی دواییدا، نەتەوەی تورکی ئەم سەردەمە پەیدا بووە.

ووشەی تورک، وا دیارە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، تەنیا بە جووتیارەکانی ئاسیای گچکە گوتراوە، کاربەدەستانیش بە خۆیان دەگووت عوسمانی، ئەم نازناوەشیان لە باپیرە گەورەکەیانەوە وەرگرتووە. بەڵام ئەم ووشەیە لە دواییدا پەرەی سەند و بەو شێوە کۆنەی پێشووی نەما، هەتا وای لێ هات، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، زاراوەی تورک بە هەموو ئەو کەسانە بوترێ، کە بە ڕەچەڵەک تورک بوون.

بەرزترین ڕێژەی تورک لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە پارێزگای گازی ئانتەب بوو (٩٠٪). یەکە ئیدارییەکانی دیکەش بەو جۆرە ڕیزیان بەستووە: مەرعەش ــ ٨٩٪، ئەرزەڕۆم ــ ٨٦٪، موش ــ ٨٣٪، مەلاتیە ــ ٦٨٪، ئەرزنجان ــ ٦٣٪، ئەلازیغ ــ ٥٩٪، ئادیەمان ــ ٤٧٪، ئورفە ــ ٣٧٪، بینگۆڵ ــ ٣٠٪، ئاگری ــ ٢٩٪، وان ــ ٢٨٪، دیاربەکر ــ ٢٧٪، دەرسیم ــ ٢١٪، ماردین ــ ٢٠٪، بدلیس ــ ٢٠٪، هەکاری ــ ١١٪، سیرت ــ ٧٪.

عەرەب

عەرەب بە ژمارە و ڕێژەیان لە نێو دانیشتوواندا، لە دوای کەمەنەتەوەیی تورکەوە دێن. پەیدابوونیان بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زایینی دەگەڕێتەوە. عەرەب لە بنەڕەتدا، دانیشتووی نیمچەدوورگەی عەربین.لە دوای پەیدابوونی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی لە نێوچەکەدا، بە هەموو ووڵاتانی نێوچەکەدا بڵاو بوونەوە.

ڕێژەی عەرەب لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، کەمێکی زیاد کردووە، هۆیەکەشی بۆ پەیڕەوکردنی بەرنامەی بە عەرەبکردنی هەندێ نێوچە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە باشووردا.

ڕێژەی عەرەب لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە نێو دانیشتووانی پارێزگای موسڵدا٨٥٪ بوو، کە لە ڕێژەی گشت پارێزگاکانی دیکە زیاترە. لە پارێزگاکانی دیکەدا بەم شێوەیە بوو: کەرکووک ــ ٤٤٪، دهۆک ــ ١٩٪، ئورفە ــ ١٥٪، سیرت ــ ١٤٪، هەولێر ــ ١٠٪، دیاربەکر ــ ١٪.

عەجەم

عەجەم بەشێ لە دانیشتووان پێک دێنن، بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕێژەی گشتیی دانیشتوواندا، ڕێژەیان لە ڕێژەی تورک و عەرەب کەمترە.

هەتاکوو ئێستا، دەربارەی ڕەچەڵەکی عەجەم، شتێ بۆ مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوەکان بە تەواویی یەکلایی نەبۆتەوە. بە بۆچوونی هەندێ لە نووسەران، بۆ سەر هەمان ڕەگەزی تورک دەگەڕێنەوە. ئەم ڕایەش لای خۆیان زۆر باوە و بە بەردەوامیش هەوڵی چەسپاندنی دەدەن.

لە ڕووی ڕێژەی عەجەم لە پارێزگاکاندا، بۆ گشت دانیشتووان، لە ساڵی ١٩٨٥دا، بەم شێوەیە بوو: ئازەربایجانی غەربی ــ ٥٦٪، کرماشان ــ ٥٪، لوڕستان ــ ٣٪، کوردستان ــ ٢٪.

فارس

فارس لە ڕووی ژمارە و ڕێژەوە، دوای عەجەمەکان دێن. بە زۆری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین. ڕێژەیان لە هەموو پارێزگاکاندا، لە ١٥٪ی گشت دانیشتووان کەمترن. لە ساڵی ١٩٨٥دا، پارێزگاکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە، یەک لە دوای یەک دەهاتن:

لوڕستان ــ ١٥٪، ئیلام ــ ١٣٪، کوهگیلویە ــ ١٢٪، کرماشان ــ ١٢٪، بەختیاری ــ ١١٪، کوردستان ــ ١٠٪، ئازەربایجانی غەربی ــ ٨٪.

ئاسووری (سورایا)

مەبەسمان لە زاراوەی ئاسووری، لەو دیانانەن کە خۆیان بە ئاسووری، کلدانی، یاقوبی دەزانن. بە لای یەکەمیانەوە، جیاوازی نەتەوەیی لە نێوان ئەو سێ دەستەیەدا نییە، هەموویان بە ئاشووری دادەنرێن. بەڵام کلدانییەکان و یاقوبییەکان، ئەم بۆچوونەیان لا پەسەند نییە، بەڵکوو خۆیان بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ دادەنێن، با لەگەڵ ئاسووریەکانیشدا، لە زۆر ڕووەوە لە ئاینەکەیاندا هاوبەش بن.

بۆ ساغکردنەوەی ڕەچەڵەکی ئاسوورییەکان، کێشە و باسی زۆر لەسەرە. هەندێک پێیان وایە، ئاسوورییەکانی ئەوڕۆ لە نەوەی ئاشوورییەکانی سەر بە نێوچەی موسڵن، کە لە کاتی خۆیدا میدییەکان (مادەکان) لە ساڵی ٦١٢ی پێش زاییندا، موسڵیان داگیر کرد و ئیمپراتۆرییەتەکەیان تێک دا و خەڵکێکی زۆریان لێ کوشتن. ئەوانەی لەم کوشتارە خۆیان

ڕزگار کرد، ڕوویان لە چیاکان کرد و خۆیان شاردەوە، بەو شێوەیە خۆیان لە دەست مردن قوتار کرد. بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونەش ئەوەیە، کە هەردوو زاراوەی (ئاشووری) و (ئاسووری) زۆر لە یەکدیەوە نزیکن. ئەوڕۆش ئاسوورییەکان هەوڵی چەسپاندنی ئەو بیروڕایە دەدەن. بەڵام هەندێ سەرچاوە و ژمارەیەک لە نووسەران، ئەو بۆچوونەیان لا ڕاست نییە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئاشوورییەکان و ئاسوورییەکاندا نییە، تەنانەت یەکێ لە نووسەرەکان دەڵێ: (لە ڕاستیدا، ئاسوورییەکان کۆمەڵێکی ئەتنۆگرافین، زیاتر لەوەی کۆمەڵێکی ئەتنۆلۆژی بن. لە تێکەڵاوبوونی چەند نەتەوەیەک پێک هاتوون، کە لە سەردەمی خۆیدا لە نێوچەی موسڵدا ژیاون، بە زمانی سریانی قسەیان کردووە و بە ئایینیش سەر بە دیانەکان بوون) (٢٤).

بە بۆچوونی هەندێ نووسەری دیکە، بەشێ لە ئاسوورییەکانی ئەوڕۆ، ئەو کوردانەن کە کاتی خۆی چوونەتە سەر ئایینی دیانەکان. لەو بارەیەوە نووسەرێ دەڵێ: (ڕاست نییە، ناوی ئاسووری لە تەیاریەکانی دانیشتووانی چیاکانی هەکاری بنێین، ئەوان بە ڕەچەڵەک کوردن و هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاشوورییەکانەوە نییە.) (٢٥).

ئەرمەن

ئەرمەن ئەو نەتەوەیەیە، کە زۆر لە کۆنەوە نەتەوەی کورد لەگەڵی تێکەڵاو بووە و لە زۆر نێوچەی کوردستاندا پێکەوە ژیاون. ئەوڕۆ ڕێژەیان لە ٠,٥ ١٪ی گشت دانیشتووانی هیچ یەکێ لەو یەکە ئیداریانەی کوردستاندا، زیاتر پێک ناهێنن.

ئەرمەن لە لای هەندێ لە شارەزایانی مێژوو، بە نەوەی بەختیاکان دادەنرێن و باپیرە گەورەیان لە پشتی سێزدەیەمی ئیمپراتۆرییەتی فارس بووە. بە قسەی دەستەیەکی دیکە لە نووسەران، دەبێ ئەرمەن لە هەمان گرووپی چەرکەس و گورجی بن.

ئەوڕۆ ئەرمەنەکان بە خۆیان دەڵێن، "های" و وواڵتەکەیان بە: هایستان ناو دەبەن، کە بەپێی هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکانی خۆیان، لە ناوی "هایک"ەوە هاتووە، کە یەکەمین پاشای ئەو نەتەوەیە و هەمان کەس بووە، کە لە ساڵی ٢٢٠٠ی پێش زاییندا، شاری هایکاشی (هایک) دروست کردووە، یەکەمین پایتەختی ئەرمەن، ئەو شارە بووە.

تورکمان

تورکمان ژمارەیەکی کەم لە دانیشتووانی کوردستان پێک دەهێنن. تاکوو ئێستا دەربارەی ڕەچەڵەکیان بە تەواویی ڕوون نەبۆتەوە. بە بیروڕای هەندێ لە نووسەران، تورکمانەکان دەبێ لە نەوەی ئەو سەربازانە بن، کە عوسمانییەکان لەشکریان لێ دروست کرد بوون و بۆ سەندنەوەی عێراق لە دەست سەفەوییەکان هێنابوویان. هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدان، کە ئەو کەسانەن لە کاتی خۆیدا لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، لە کوردستان فەرمانبەر بوون، هەر کەسێکیش بیەوێ ببێ بە فەرمانبەر، دەبێ تورکی بزانێت. لە دوای ڕوخاندنی ئیمپراتۆرییەتەکەش، هەر مایەوە و بە تورکمان ناویان دەرکرد.

٠٢ پێکهاتەی ئایینی دانیشتووان

پێکهاتەی ئایینی، هەر وەکوو پێکهاتەی نەتەوەیی گەلێ ئاڵۆزە... جگە لە ژمارەیەک ڕێبازی جیاجیای سۆفیگەریتی، پەیڕەوکەرانی زۆربەی ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکانی تێدایە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بەرچاوی بخەین، نەبوونی ژمارەی تازە و سەرژمێرێکی تەواوی نەک هەر یەکێ لەو ئایینزایانەدا، بەڵکوو بۆ ئایینە سەرەکییەکانیش، ئەمەش زیاتر بۆ بڵاونەکردنەوەی ئاماری پێکهاتنی ئایینی دانیشتووان دەگەڕێتەوە. لە دوای شەستەکان ژماردنی پەیڕەوانی هەندێ ئایینی خۆجێیی بە ئیسلام ئاشکرا نەکردنی بڕوای دڵ و دەروون، لە ترسی ئازار و ئەشکەنجە. بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستاندا، ئەم چەند ئایینانە هەن. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، بە گوێرەی سەردەمی پەیدابوونیان، باسی هەر یەکێ لەو ئایینانە دەکەین و ڕیزیان دەکەین.

زەردەشتی

بە کۆنترین ئایین لە کوردستاندا دادەنرێ. سەرەتای پەیدابوونی بۆ چەند سەدەیە پێش زایین دەگەڕێتەوە. ڕابەرەکەی مرۆڤێکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە، لە دایک و باوکێک بووە. کە ناویان دوغز و پاوڕست بووە.

زەردەشت هەر لە منداڵییەوە، نیشانەی بلیمەتی پێوە دیار بووە، کاری وای کردووە، بە شێوەیە جادوگەرەکانی ئەو سەردەمە، سەریان سوڕ بمێنێ و بە تەواوی بیر لە لەنێوبردنی بکەنەوە. ژیانی ئایینی زەردەشت، لە ٣٠ساڵی تەمەنییەوە دەستی پێ کردووە. پێش ئەو تەمەنەی بە ١٠ ساڵ، خۆی لە خەڵکی دوور خستۆتەوە، خەریکی ئەشکەنجەی دەروونی خۆی بوو. لە پاشاندا لە گوێی کەناری ڕووباری (دایئئی پا)، کە هەندێ کەس بە ئاوی

(ئاراس)ی دادەنێن، خەڵکی بۆ سەر ئایینەکەی خۆی بانگ کردووە. دوای ئەوەی ناو و ناوبانگی دەرکردووە، خەڵکی بڕوایان پێ کردووە، #جاودایی پیرۆز" ی بۆ ئاهۆرامزدا بردووە، دواتریش هەر لەسەر کارەکان و بانگەوازەکانی خۆی بەردەوام بووە، بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی توران و کسلستاندا، بەڵام وا دیارە ئەم کارەی بۆ نەچوبێتە سەر، چونکە موغەکانی ڕێگەیان پێ گرتووە.

ئاهۆرامزدا لەسەر زەردەشت دەکات،. دوای ئەوەی لە نێو خەڵکیدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا، پەنا بۆ بەر #گشتاسب" پاشای باختەر ببا، ئەویش لە قسەی دەرنەچووە، هەرچەندە پاشا پاش دوو ساڵ، ئایینەکەی زەردەشت پەسەند دەکا، ئیدی بە بڕواهێنانی پاشا، هەموو لایەک بڕوایان بە زەردەشت هێناوە و بوون بە زەردەشتی.

گشتاسب ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی ئایینی زەردەشتیدا، لە نێو خەڵکی توران و کوردستان و ئاسیای پچووکدا، وازی کردووە. زەردەشت لەسەر بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی خۆی بەردەوام بووە، تا بە دەستی ئەرجاسب، سەرلەشکری نەتەوەی هیون کوژراوە.

بە گوێرەی ئایینی زەردەشتی، دەبێ جیهان لە ڕووناکی و تاریکی پێک هاتبێ. ئەو دوو هێزە بە بەردەوامی لەگەڵ یەکدیدا لە شەڕدان و جیهانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە. بەشی یەکەمیان کە ڕابەرەکەی ئاهۆرامزدایە، بە دەست ڕووناکییە. بەشی دووەمیان کە ئەهریمەن پێشڕەوایەتی دەکات، لە ژێر دەسەڵاتی تاریکی دایە. ئاهۆرامزدا حەوت فریشتەی هەیە، ئەهریمەنیش تەنیا سێ فریشتەی هەیە.

گیان لە ئایینی زەردەشتدا، لە ناو ناچێ و دوای مردن، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکات. لە دواییدا بەرەو ڕووی دادگا و لێپرسینەوە دەبێتەوە و لەبەر دەم سێ قازیدا دادگایی دەکرێ. لەو دادگایەداچاکە و خراپەی دەخرێتە تەرازووەوە و بڕیاری لەسەر دەدرێ. بۆ ئەوەی گیان بە بەرزترین پلە و شێوە بگات، دەبێ بە قۆناغی (**بیری چاک و ووتەی چاک و کردەوەی چاک**) دا تێپەڕ ببێ.

ئەهریمەن، بە بەردەوامی لەگەڵ ئاهۆرامزدادا لە شەڕ دایە و خەڵکی لە ڕێگەی ڕاست دوور دەخاتەوە. بەڵام هەرچەند درێژە بەو کارە بدات، لە ئەنجامدا هەر دەبەزێ و لە کۆتاییدا سەرکەوتن هەر بۆ ئاهۆرامز دەمێنێتەوە.

ئەورۆ زەردەشتییەکان، کەمتر لە ١٪ی ژمارەی دانیشتووانی هەموو کوردستان پێک دەهێنن، زۆربەشیان لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی غەربی و کرماشان دەژین.

ئایینی جوو

موسا پێغەمبەر، لە چەرخی ١٤یَ پێش زایینەوە، لە نێو خەڵکی ئۆرشەلیم و شارەکانی دیکەی دەوروبەریدا، دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی خۆی کردووە. نەبوخودنەسر لە ساڵی ٥٨٧ی زایینیدا، کۆمەڵێکی لە جووەکانی ئۆرشەلیم بە دیل گرتووە و هەمووشیانی هێناوە بۆ بابل. وا دیارە ژمارەیەکیش لەو دیلانە، پەڕیونەتە کوردستان.

جـووەکـانی کـوردسـتـان، لەسـەر ئایینزای ئـەشکەندی و سـەفـاری و کـارایمـەیی و دنیمـەیی... هتد بوون. دنیمـەییەکان (جولەکایەتی بـە نـهێنی) لە نیوەی دووەمی سـەدەی حـەڤدەدا بوون بـە ئیسـلام. بەشێکیـان بە تورکی و بەشـەکەی دیکەشیـان بە ئیسـپانولی ئاخافتن دەکەن.

جــووەکـان لـەبەر ئـەوەی کـۆچیـان بـۆ ئیـسـرایل و ئەوروپا کـردووە، ژمـارەیـان لە کوردستـانـدا زۆر کـەمـە. ئەوانەشی کۆچیـان نەکردووە و مـاونەتەوە، زۆربـەیان لە خورەم ئاباد و کرماشان دەژین.

دیانەکان

پێـغـەمبـەری دیانەکـان، ناوی عـیسـا کـوڕی مـریـەمـە، لە شـاری بەیتـوللەحم لە دایک بووە.عــیـســا نزیکەی ٣٣ ســاڵ ژیاوە. دوای ئەوەی بووە بـە پێــغــەمــبــەر، لە ڕێگەی حەوارییـەکانەوە، دەستـی بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی خۆی کردووە. شـاری ئورفە (ڕوها)، بە بنکەی یەکـەمی بڵاوکـردنەوەی ئایینی دیان دادەنرێ، یەکـەمین کـڵـێـســە لە چەرخی یەکـەمی زایینـیـدا، هـەر لەوێ دروست کـراوە. پاشــان ئایینی دیان بەرە بـەرە بە نێــوچەکــانی دیکەی کــوردســتـــانـدا بڵاو بـۆتەوە، هـەروەها وردە وردە بۆ شــارەکــانی مـیـسـۆپۆتـامـیـا (نێـوان دوو زێ) و ئێـران و خـۆراسـانیش تەنیـوەتەوە (سـوودم زۆر لە سەرچاوەی ژمارە ٦٠بینیوە).

پەرتوکی پیرۆزی دیانەکان، ناوی ئینجیلـە، واتا (مزگێنـی)، کە لە ئامۆژگارییـەکان و دەسـتـوورەکان و مێـژووی عیسـا کوڕی مـریەم و باسـی تەورات پێک هـاتووە. خـەلیفـەکانی عیسـا لە چەرخی یەکەمی زایینیدا، دەستیـان کرد بە کۆکردنەوەی ئینجیل و هـەموویان نووسییەوە. ئەوڕۆ چوار جۆر ئینجیل هـەیە: ئینجیلی لۆقا، مەرقۆس، مەتی و یۆحەنا.

ژمارەی دیانەکان لە ساڵی ١٩٨٥دا، دەوروبـەری ٢٠٪ گشت دانیشتووان بوو، زۆربەیان لە باکوور و باکووری ڕۆژهـەڵات دەژین و بەشێکی کەمیشیان لە شارە گەورەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەژین.

دیانەکانی کوردستان، زۆربەیان ئارسۆدۆکسین و یەک خودا (مۆنۆفیس)ین، بەشەکەی دیکەیان لەسەر ئایینزاکانی کڵێسەی ڕۆژهەڵاتین و سەر بە کڵێسەی ڕۆمای کاسۆلیکە (ئوونیاتەکان) و نەستۆری و کاسۆلیکی و پرۆتستانتی و ئینجیلکانی و... هتد.

١/ ئارسۆدۆکس

بەشی هەرە زۆری ئارسۆدۆکسەکانی کوردستان، سەر بە کڵێسەی قوستەنتەنییەن. ئەو کڵێسەیە، لە هەموو کڵێسەکانی دیکەی جیهانی دیانەکان، بە ناوبانگتر و دەوڵەمەندترە، ڕۆژ بە ڕۆژیش لە پێشکەوتن دایە. تا ڕادەیەکی زۆر کاردیناڵەکانی، بە گەورەی کاردیناڵەکانی کڵێسەکانی ئەسکەندەرییە و ئەنتاکییە و ئۆرشەلیم دادەنرێ. کڵێسەی ئارسۆدۆکس، لە هەموو کاتێکدا، دەستێکی باڵای لە دامەزراندنی ئمپراتۆری بێزەنتییەدا هەبووە، لە ڕووی دەسەڵات و خاوەنداریێتی زەویوزارەوە، لە سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەدا، کڵێسەی ئارسۆدۆکس بە گەورەترین دەزگا دادەنرا.

دیانەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما، لە ساڵی ١٠٥٤ی زایینیدا، لەسەر کێشەی لێکدانەوەی ئینجیل و هەڵوێستیان بەرانبەر حەزرەتی عیسا، لێک جیا بوونەوە. ئەوانەی ڕۆژهەڵات بە ناوی کڵێسەی کاسۆلیکی – گریگۆری ناویان دەرکرد. ئەوانەی ڕۆژئاواش لە ژێر ناوی کاسۆلیکی ڕۆمیدا کاریان دەکرد. لە ئەنجامی ئەو دووبەرەکی و ناکۆکییەشدا، ئیمپراتۆرییەتەکەش بوو بە دوو بەشەوە: ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژهەڵات بە ناوی بێزەنتییەوە، ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژئاوا بە ناوی ڕۆماوە.

ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی، لەسەردەمی خاچهەڵگرەکاندا، واتە لە کۆتایی چەرخی ١١ هەتا سەرەتای چەرخی ١٣، تووشی گەلێ جەنگی گەورە بوو. لە ڕۆژئاوا کاسۆلیکەکانی ڕۆما، هێرشیان دەکردنە سەر، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە خێڵە سەلجوقییەکان، کە تازە ئیسلام بوو بوون، پەلاماریان دەدان، کە ئەو خێڵانە، تا کۆتایی چەرخی یازدەیەم توانیان، هەموو ئاسیای پچووک داگیر بکەن، کە دانیشتووانی ئەو نێوچانە، بە زۆری لایەنگری کڵێسەی کاسۆلیکی گریگۆری و هەندێ ئایینزای دیکەبوون. دواتر بەشی هەرە زۆریان، لەبەر ترس و لە ناچاریدا، لە ماوەی چەرخی یازدە و سیازدەدا، وازیان لە بیروباوەڕی ئایینی خۆیان هێنا و بوون بە ئیسلام و زمانی تورکیش بوو بە زمانی زۆربەیان.

تاکوو ئێستا، ژمارەی ئارسۆدۆکسەکانی کوردستان بە تەواویی نەزاندراوە، بەڵام هەرچی چۆنێ بێ، لە چەند هەزار کەسێ زیاتر تێپەڕ ناکەن و بە زۆریش لە باکووری

ڕۆژئاوای کوردستاندا دەژین، لە دەوروبەری کەنداوی ئەسکەندەرون و هەندێ لە ئاوەدانییەکانی دیکەی وەکوو قامیشلی... تاد.

٢/ یەک خودا (مۆنۆفیس)

ژمارەیەکی زۆر لە دیانەکانی کوردستان، سەر بە ئایینزای یەک خودان. لەوانەیە ژمارەکەیان دوو ئەوەندەی ژمارەی ئارسۆدۆکسەکان ببێ. یەک خوداییەکان، سەر بە دوو کڵێسەن:

ا - ئەرمەنی - گریگۆریی

پەیدابوونی ئەم ئایینزایە، بۆ چەرخی یازدەیەمی زایینی و چەرخەکانی دوایی دەگەڕێتەوە. ئەم ئایینزایە بە زۆری لە نێوچەکانی باکووری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و لە چەرخی حەڤدەدا بووە بە ئایینی ڕەسمی.

ژمارەی ئەرمەنییە گریگۆرییەکان، چەند هەزار کەسێک دەبن و بە زۆری لە ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و وان و بینگۆڵ و موسڵ و هەولێر و ورمێ دەژین.

ب - سوریانی - ئارسۆدۆکس (یەعقوبییەکان)

ئەمانەش دووەمین گروپی ئایینزای یەک خودا پێک دەهێنن. بە زۆری لە نێوچەکانی باکووری کوردستان دەژین، بە تایبەتی لە شارەکانی ماردین و دیاربەکر و گازی ئانتەب و مەلاتییە... هتد. یەعقوبییەکان زۆربەیان لە دانیشتووانی شارەکانن. تاکوو ئێستا بە تەواویی ژمارەیان نازاندرێ، بەڵام لەوانەیە دەوروبەری چل هەزار کەسێ بن.

یەعقوبییەکان لە کوردستاندا، سەر بە سێ ئەبریشەن (ماردین، میدیات، ئورفە و دیاربەکر). هەر یەکێ لەوانە مەترانی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەمانەش هەر سێکیان لە ڕووی ئیدارییەوە، سەر بە مەترانی یەعقوبییەکانن، کە لە دیمشق دادەنیشێ. ئەو مەترانە لە ماردینەوە چووە بۆ ئەوێ. ئەوڕۆ ژمارەیەک لە مەناستیری یەعقوبییەکان کار دەکەن، وەک بەرسوماس و زافازان لە ماردین.

٣/ ئوونیاتی

ئوونیاتی یا دیانەکانی سەر بە ئایینزای کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی سەر بە کڵێسەی ڕۆمای کاسۆلیکی، لە کوردستاندا لە چوار تایەفە پێک هاتوون:

ئەرمەنی کاسۆلیکی، کلدان، کاسۆلیکی گریگۆری و کاسۆلیکی سوریانی. ئەمانە هەموویان بە تێکڕایی، نزیکەی لە ٧٠٪ی هەموو دیانەکانی کوردستان دەبن و بە زۆری لە شارە گەورەکاندا دەژین.

ئەرمەنی کاسۆلیکی:

ئەرمەنە کاسۆلیکەکان، نزیکەی لە ٢٠٪ گشت ئەرمەنەکانی کوردستان دەبن. لە ڕووی ئیدارەی کڵێسەییەوە، ئەو تایەفە ئەرمەنانە سەر بە چەند ئەبرەشیەن و لە هەمووشیان بە ناوبانگتر، ئەسقۆفیای ماردینە، کە لە ساڵی ١٧٠٨ی زایینیدا دامەزراوە. واتا کۆنترین ئەبرەشییەی ئەرمەنە کاسۆلیکەکانە. ئەم تایەفەیە، ژمارەیەکی زۆر لە کڵێسە و خوێندنگا و نەخۆشخانە و مەنەستیرییان، لە زۆر جێگەی کوردستاندا هەیە.

کلدان:

دووەمین تایەفەی ئوونیاتی کلدانەکانن. کڵێسەی ئەو تایەفەیە، لە ئەنجامی تێکچوونی کڵێسەی نەستۆرییەکاندا، لە چەرخی حەڤدەی زایینیدا دروست کراوە. ژمارەی کلدانەکان بە تەواویی لەبەر دەستدا نییە، بەڵام نزیکەی شەست هەزار کەسێک دەبن. هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی بە زۆریی لە باکووری کوردستاندا دەژیان. بەڵام لە کاتی جەنگەکەدا و لە دوای جەنگەکە، ڕوویان لە نێوچەکانی دیکەی کوردستان کرد، وەکوو شارەکانی مەسڵ و هەولێر و کەرکووک. لە کوردستاندا چەند ئەبرەشییەکیان هەیە: دیاربەکر ، کە لە ساڵی ١٥٥٣ی زایینیدا دروست کراوە، ماردین کە لە هەمان ساڵدا دروست کراوە. سیرت کە لە ساڵی ١٨٥٨دا دروست کراوە. بەڵام ئەوڕۆ تەنیا یەکەمیان کار دەکا.

سووریانی - کاسۆلیکی (سووریانی)

ئەوڕۆ چەند هەزار سووریانییەک لە کوردستاندا دەژین. بە زۆری لە نێوچەکانی ماردین و دیاربەکر لەو دوو شارە ئەبرەشییەیان هەیە، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ئەبرەشییەی دیمشقن.

گریگۆری کاسۆلیکی

ژمارەیەکی زۆر کەم لە دیانەکانی کوردستان، لەسەر ئەم ئایینزایەن. تاکوو ئێستا ژمارەیان بە تەواویی نازاندرێ. بەڵام هەر دەوروبەری هەزار کەسێک دەبن.

٤/ کاسۆلیک

بزووتنەوەی کاسۆلیکەکان لە کوردستاندا، بۆ سەردەمی خاچهەڵگرەکان دەگەڕێتەوە. لە نێوان ساڵەکانی ١٠٩٨ هەتا ١٢٦٨ی زایینی، میرنشینییەکیان لە شاری گازی ئانتەب دروست کرد. قەشەکانیان کە لە کاتی خۆیدا، لەگەڵ شا ڕیچاردا بۆ ئەو نێوچەیە هاتبوون، زەویوزارێکی زۆریان پێ درا و ژمارەیەکی زۆر لە وەرزێرەکان کاریان تێدا دەکرد. ژمارەی کاسۆلیکەکان لە کوردستاندا، لە چەند هەزار کەسێ زیاتر تێپەڕ ناکەن.

٥/ پرۆتستانت

ڕێژەی پڕۆتستانتەکان، لەوانەیە لە ١٪ی گشت دیانەکانی کوردستان بن. ژمارەیان لە زیادبوون دایە. زۆربەشیان ئەوروپایین و بە شێکیشیان ئەرمەن و ئاسوور و عەرەبن. زۆربەی پڕۆتستانتەکان لە شارە گەورەکان دەژین. ئەم تایەفەیە ژمارەیەکیان لە بنکەی میسۆنێریان هەیە، وەک بۆ سەری و ئینگلیزی... تاد.

میسیۆنێرەکان ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر لە کوردستاندا پەیدا بوون. کۆنترینیان میسیۆنێری ئەمریکایە، کە لە کاتی خۆیدا، چوونە نێو نەستۆرییەکان. میسیۆنێرەکان قوتابخانە و بنکەی دەرمانکردن و چاپخانە و زۆر شتی دیکەیان دامەزراند. هەندێکیان زمان و وێژە و مێژووی نەتەوکانی کوردستانیان خوێند و ڕێزمان و فەرهەنگیان بۆ هەندێ لەو نەتەوانە دانا.

ئیسلام

ئیسلام تازەترین ئایینی دانیشتووانی کوردستانە. پەیدابوونی ئایینی ئیسلام، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زایینی دەگەڕێتەوە، واتە ساڵی ٦٣٧ی زایینی (١٦ کۆچی). ژمارەیەک لە مێژوونووسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن، کە گوایە دانیشتووانی کوردستان بەبێ جەنگ و داگیرکردن و بە خۆشی خۆی، ئەم ئایینە نوێیەیان پەسەند کردووە. بەڵام ئەم بۆچوونە، بە بڕوای هەندێ مێژوونووسانی دیکە، لەگەڵ ڕاستیدا یەک ناگرنەوە. چونکە دانیشتووانی کوردستان، هەرگیز ئامادە نەبوون، بە خۆشی خۆیان، واز

له بیروباوەڕ و ئایینی کۆنی باو و باپیرانیان بهێنن، گەلێ ڕاپەڕینی خوێناویان، دژی سوپای داگیرکەری عەرەب بەرپا کردووە. تەنانەت تاکوو ئێستاش له زۆر جێی کوردستاندا، شوێنەواری ئەم جەنگانه له یاد و بیر و هۆشی خەڵکیدا هەر به زیندوویی ماون. عەرەبە موسوڵمانەکان، بۆ ئەوەی ئایینه نوێکەی خۆیان، بەسەر دانیشتووانی کوردستاندا بسەپێنن، دەستیان له هیچ جۆره کارێکی نارەوا نەگەڕاندۆتەوه. بۆ نموونه، له ساڵی ٦٣٩ی زایینیدا، له نێوچەی شارەزوور، سێ شەو و سێ ڕۆژ، دەستیان له کوشتن و بڕینی کورد هەڵ نەگرتووه(٥ لاپەڕه ٢٤) به هەزاران کەسی بێتاوانیان کوشتووه تەنیا لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو نێوچەیه، ئامادە نەبوون، ئایینه نوێکەی عەرەب پەسەند بکەن.

موسوڵمانان، لەسەر مردن و شوێنی شاردنەوەی پێغەمبەر، له "مەکه" یا له "مەدینه" هەموو لەسەر یەک بڕوا نین. هەروەها لەسەر ئیمامەتی و میراتی پێغەمبەر که دوای خۆی کێ جێی بگرێتەوه و هەڵوێست بەرامبەر کەسانێ که زەکات نەدا و کاروباری شورا و ڕووداوی سەردەمی سەرداری موسوڵمانان (عەلی کوڕی ئەبو تالیب)، پاش پێکهاتن و باوەڕپێکردن (بەیعەتکردن) ناکۆکیی لەگەڵ (معاویه)دا. لەبەر هەموو ئەم هۆیانه، موسوڵمانان، بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێن:

یەکەم: سوننه

بەشێکی زۆر له دانیشتووانی کوردستان سونین. سوننه له ئایینزاکانی شافیعی، حەنەفی، مالیکی و حەمبەلی پێک هاتووه. هەر یەکێ لەم ئایینزایانه، بیروباوەڕ و پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیه، که به ژماره و پلەی بڵاوبوونەوەی، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا جیاواز.

١. شافیعی

دامەزرێنەری ئەم ڕێبازه، محەمەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی یه (٧٦٧ – ٨٢٠ زایینی). ئەم ئایینزایه، له نێو خەڵکی کوردستاندا، به بەربڵاوترین ئایینزای سوننه دادەنرێ و بەشی زۆری کورد لەسەر ئەم بیروباوەڕه بەڕێوه دەڕۆن.

٢. حەنەفی

له لایەن ئەبو حەنیفەی کوڕی نەعمانی سابتەوه (٧٠٠ – ٧٦٧ زایینی) دامەزراوه. ئەم ئایینزایه به زۆری له نێو پارێزگاکانی ئاگری، بینگۆڵ، دەرسیم، موش و کەرکووکدا بڵاوه.

٠٣ حەنبەلی

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (٧٨٠ – ٨٥٥ زایینی)، بە دامەزرێنەری ئایینزای حەنبەلی دادەنرێ. ژمارەیان لە نێو دانیشتووانی کوردستاندا زۆر نییە.

٠٤ مالیکی

دامەزرێنەرەکەی مالیکی کوڕی ئەنەسە (٧١٥ – ٧٩٥ زایینی)، ژمارەی پەیڕەوکەرانی لەچاو ژمارەی پەیڕەوکەرانی ئایینزاکانی دیکە، لە کوردستاندا کەمە.

جگە لەم ئایینزایانە، لە کوردستاندا گەلێ ڕێبازی ئایینی جیاوازی سۆفیگەرێتیشی تێدایە، کە سەر بە بیروباوەڕی سوننین، هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن:

١/ ڕێبازی قادری

دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە، شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، کە خەڵکی گوندی گەیلانی نێوچەی کرماشان بووە. لە ڕێگەی عەبدولکەریمی گەیلانی نەوەی شێخ عەبدولقادر، بیروباوەڕەکانی ئەم ڕێبازە، بە نێوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە.

شێخەکانی سەر بە ڕێبازی قادری، بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان، بگرە بۆ بەرزکردنەوەی پایەی کۆمەڵایەتیشیان، هەمیشە ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ سەر محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا (پێغەمبەری ئیسلام) و عەلی کوڕی ئەبو تالیب (یەکێ لە چوار خەلیفەکەی ڕاشدین) بردۆتەوە. بەڵام لە نێو خۆیاندا لەسەر ئەم بیروباوەڕە، یەک نین.

ئەورۆ ڕێبازی قادری، بە یەکێ لە ڕێبازە گەورە و بەربڵاوەکان دادەنرێ و پەیڕەوانیشی (دەروێش) لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا هەن. بەڵام ژمارەیان لە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی نەقشبەندی کەمترە.

لە نێو ڕێبازی قادریدا، چەندین ڕێبازی دیکە هەیە، وەکوو ئەشرەفی، نابولسی، کەهلوسی. ئەم ڕێبازە بە زۆری لە نێو کوردا بڵاوە، پاشان عەرەب دێ و کەمێکیش لە نێو تورکەکاندا بڵاو بۆتەوە.

٢/ ڕێبازی نەقشبەندی

مێژووی پەیدابوونی بۆ سەدەی چواردەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە. ئەم ڕێبازە لە شاری بوخارە سەری هەڵ داوە. بە بیروڕای زۆربەی مێژوونووسان، لە ساڵی ١٨١١دا، لە لایەن شێخ زیائەدینی کوڕی خالیدی نەقشبەندی (مەولانا خالید)، ئەم ڕێبازە هاتووەتە

کوردستان. سەرەتا لە شاری سلێمانی و پاشان لە هەولێر و لەوێشەوە بڵاو بۆتەوە. هۆی بڵاوبوونەوەشی بەو خێراییە، زیاتر بۆ هەڵوێستی جیاوازی لەگەڵ ڕێبازی قادری، سەبارەت بە کێشەی دەسەڵاتداریێتی میرانی بابان و فەرامۆش نەکردنی لایەنی دونیایی لە ژیانی مرۆڤدا، لە پێناوی ئاییندا دەگەڕێتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەمان بڕوایان بەوەیە، کە دەڵێ: چۆن دینت دەوێ، بەو شێوەیەش دونیات بوێ. ڕێبازی نەقشبەندی، بە پلەی یەکەم لە نێو کورد و لە دواییدا لە نێو تورک و پاشان لە نێو ژمارەیەکی کەم لە عەرەبدا بڵاوە.

٣/ ڕێبازی ڕفاعی

ژمارەیەکی کەم لە موسوڵمانەکانی کوردستان، پەیڕەوی ئەم ڕێبازە دەکەن. تەکیەکانیان لە شارە گەورەکان دایە. بە زۆری لە نێو تورک و تورکمانەکاندا بڵاوە.

٤/ ڕێبازی هەقە

داهێنەری ڕێبازی هەقە لە کوردستاندا، بە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دادەنرێ، کە لە نێوچەی سورداش، شێخی ڕێبازی نەقشبەندی بوو، بۆیە شێخی ناوبراو، وەکوو ڕێبازێکی ئاینی ڕووت و ووشک، سەیری ڕێبازی نەقشبەندی نەکردووە، کە بەهۆی ئەو ڕێگەیەوە، لە خواپەرستیدا خۆی بتوێنێتەوە، بەڵکوو بەم شێوەیە و لە ڕێگەی ئەم ڕێبازەوە ویستوویەتی، ئامۆژگاری و پرینسیپەکانی ڕێبازە ئایینییەکەی خۆیان، بە شێوەیەکی گشتیی لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە نێو پەیڕەوکەرانیدا بڵاو بکاتەوە و باوەڕیان بە "یەکسانی" پێ بهێنێ، کە هەزاران ساڵ بوو، ئیدیاڵی ئاین و ئایینزای شۆڕشگێڕانی جیهان بوو، هەر لەو پێناوەشدا بۆی تێدەکۆشان (٢ لاپەڕە ٦٦). ڕێبازی هەقە لە سەردەمی مامەڕەزادا، تووشی گەلێ هەڵکشان و داکشان بووە و شێخیش لە بەندیخانەدا گیراوە.

٥/ بەکتاشی

پەیدابوونی بەکتاشی بۆ سەدەی سیازدەی زایینی دەگەڕێتەوە، ئەم ڕێبازە، ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ڕامیاری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا وازی کردووە و زۆر لە یەنچارەکانەوە (جۆرە سوپایەک بووە) نزیک بوون. بەکتاشی بە زۆری لە نێو تورک و کەمێکیش لە نێو کوردا بڵاو بووە.

جگە لەو هەموو ئەو ڕێبازانەی، کە لەوەو پێش باسمان کردن، چەند ڕێبازێکی دیکەش

له کوردستاندا هەن، وەکوو مەولەوی، خەڵوەتی، تیجانی، سەعدی، شاهەدەلی، سەهرەوەردی و... هتد. بەڵام بە ژمارە کەمن و لە نێوچەیەکی بەرتەسکی تایبەتیشدا بڵاو بوونەتەوە و زانیاریشمان لەسەریان زۆر نییە.

دووەم: شیعە

لە نێو دانیشتووانی کوردستاندا، پەیڕەوکەرانی تایەفەی شیعە هەن. بەڵام ڕێژەیان چەندین جار، لە ڕێژەی پەیڕەوکەرانی سوننەدا کەمترە و بە لە ٢٤٪ی گشت دانیشتووانی کوردستان دەخەمڵێندرێن. زۆربەی شیعەکان لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی غەربی، کرماشان، لوڕستان. ئیلام. بەختیاری. دەرسیم، کەرکووک و هەندێ شوێنی دیکە دەژین.

شیعەکان لە نێو خۆیاندا، بەسەر چەندین دەستەدا دابەش بوون، کە لەگەڵ یەکدیدا لە ڕووی بڕوا و هەڵوێست لە ئیمامی عەلی و ژمارەی پەیڕەوکەران، جیاوازییەکی کەمیان هەیە، گرنگەکانیان ئەمانەن:

١. عەلی ئیلاهی

بە گەورەترین ئایینزای شیعە دادەنرێ و لە زۆر نێوچەی کوردستاندا بڵاوە. عەلی ئیلاهییەکان بڕوایان وایە، کە گیانی خوا هاتۆتە نێو لەشی ئیمامی عەلی، لەبەر ئەوە هەندێ کەس یەکجار زۆر ڕێزی لێ دەگرن و تا ڕادەیەک بە خواشی دەزانن.هەروەها دەڵێن، گیانی ئیمامی عەلی پاش مردنی بەرز بۆتەوە و چۆتەوە نێو ڕۆژ، بۆیە ڕۆژپەرستن بە پێویست دەزانن، هەروەها دەڵێن، محەمەد پێغەمبەری ئیسلام، لە لایەن عەلییەوە ڕەوانە کراوە و قورئانەکەی بۆ نێردراوە، بڕواش بەو قورئانە ناکەن، کە ئێستا لە نێو موسوڵمانان‌دا باوە، چونکە لایان وایە کە قورئانە ڕەسەنەکە، کاتی خۆی سوتاوە و ئەوەی هەیە خەلیفەکانی ئیسلام کۆیان کردۆتەوە و دەسکردی ئەوانە. ئەمە وای لێ کردوون، کە هەر قورئانێکیان بەردەست کەوێ، یەکسەر بیسوتێنن. عەلی ئیلاهییەکان بڕوایان بە دۆنادۆن (کۆپیکردنی گیان) هەیە.

عەلی ئیلاهی ناوێکی گشتییە بۆ هەموو ئەوانەی، کە ئیمامی عەلییان لا زۆر پیرۆزە، بۆیە کارێکی چاک بوو، ئەگەر بە درێژی لەسەر ئەم بیروباوەڕە ئاڵۆزەمان بنووسیایە، بەڵام لەبەر ئەوەی عەلی ئیلاهی (یاخود وەک بە خۆیان دەڵێن: ئەهلی هەق)، لە ژێر ناوی جیاجیادا ناسراوون، بۆیە بە باشمان زانی ناوە نێوخۆییەکان بەکار بهێنین، بۆ ئەوەی لێکیان جیا بکەینەوە، تا بزاندرێ باسی کام تایەفەی عەلی ئیلاهی دەکرێ و لە کوێ؟

ا – کاکەیی

کاکەییەکان سەر بە ئایینێکی کوردی کۆنن (دێوپەرستی)، ئەوانە لەو ڕووەوە هاوبەشی یەزیدییەکان و گەلانی هیندۆئەورووپایی دیکە دەکەن. بۆ نموونە، مردووشتن و بە پیرۆز زانینی حەوت فریشتەکە (یەزەث).

کاکەییەکان ڕێزێکی یەکجار زۆر لە ئیمامی عەلی دەگرن، گوایە گیانی خوا چۆتە نێو لەشی ئیمامی عەلییەوە، هەروەها قورئانیان زۆر لا پیرۆزە و بڕوایان وایە کە لە لایەن خواوە بۆ محەمەد نێردراوە. ڕۆژو دەگرن، بەڵام تەنیا سێ ڕۆژ بە ڕۆژو دەبن، ئەویش لە سەرەتای مانگی دێسەمبەری ڕۆمییەوە دەست پێ دەکات و لە ئێوارەی چوارەمدا جەژن دەکەن. نوێژ ناکەن، لەبەر ئەوەی کاکەیی نییازین نەک نمازی، بە واتایەکی دیکە، ئەوان خەڵکی پاڕانەوەن، نەک نوێژ کردن. کاکەییەکان سمێڵێکی گەورە دەهێڵنەوە و بەرسمێڵکردن لایان حەرامە، ئەمەش لەو بڕوایەوە هاتووە، کە گوێزان ناتوانێ موویەک لە مووەکانی ئیمامی عەلی ببڕێ. ژنوژنخوازی لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن،واتا ژن لە تایەفەکانی دیکە دەهێنن و کچیش بە خەڵکی دیکە بە شوو دەدەن. لە ناویاندا مەیخواردنەوە حەرامە. ئەگەرچی هەندێ کەس لەو بڕوایەدان، شوورەیی و نامووس لە نێویاندا هەیە، بەڵام ڕاست نییە.

کاروباری ئایینی و دنیایی لە نێو کاکەییەکاندا، وەک یەزیدییەکان لە ڕێگەی سەیدەکان و باوە (بابا) و مام و دەروێشەوە بە ڕێوە دەبرێ، هەر یەکەشیان لە نێو کۆمەڵگەی کاکەییدا، پایەی تایبەتی خۆی هەیە، کاری تایبەتی خۆشیان پێ دەسپێردرێ. کاکەیی لە نێوچەکانی داقوق و مەندەلی و خانەقین و کرند و ئازابایجانی غەربی و گەلێ شوێنی دیکەشدا دەژین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامارێکی تایبەتی نییە، ژمارەیان بە تەواویی نازانین.

ب – شەبەک

بیروباوەڕی شەبەک، یەکێکە لەو بیروباوەڕانەی کە ڕێزێکی یەکجار زۆر لە ئیمامی عەلی و نەوەکانی دەگرن. لە هەمان کاتدا بیروباوەڕێکی شاردراوەیە، لەبەر ئەوەی پەیڕەوکەرانی لە مێژوودا، لە لایەن ئیسلامەکانی دیکەوە، زۆر جار تووشی ئازار و ئەشکەنجە بوون. شەبەکەکان لەبەر ئەوەی بیروباوەڕەکەیان نهێنییە، زۆر قسەیان بۆ هەڵ بەستراوە، وەک ئەوەی گوایە، پێنج فەرزە نوێژ ناکەن، لە مانگی ڕەمەزاندا، بەڕۆژو نابن، بەڵکوو لە مانگی موحەڕەمدا، دە ڕۆژ بەڕۆژو دەبن. خواردنەوە لایان حەرام نییە، جەژنی لەدایکبوونی عیسا دەکەن و سەر لە پیاوە ئایینییەکانیان دەدەن و داوای لێخۆشبوونیان

لێ دەکەن لە گوناهەکانیان. بەڵام شەبەکەکان خۆیان دەڵێن، ئەمانە ڕاست نییە و ئێمە ئیسلامی تەواوین و هیچ کردەوەیەکی خراپە ناکەین، کە لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا نەگونجێ.

پەرتوکی پیرۆزی شەبەکەکان مەناقبەی پێ دەڵێن، بوریورق یا بەرخ. ئەو پەرتوکە باسی چۆنێتی خواپەرستی و چاکە کردن و خراپە نەکردن و خۆبەستنەوە بە (ئەهلی بەیت) و هەروەها لەسەرکردن و ڕێپیشاندان و پاڕانەوە و سەڵەوات و هەندێ شتی دیکە دەکات.

بیروباوەڕی شەبەک، وەک هەر بیروباوەڕێکی دیکە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەندێ شتی خۆی لە دەست داوە، لە هەمان کاتیشدا هەندێ شتی تازەی هاتۆتە ناوەوە و لە بیروباوەڕەکانی دیکەی دەوروپشتی خۆی وەرگرتووە، بە تایبەتی لە یەزیدی و سارەلی و باجەلانی و ئایینی دیانەکان... تاد.لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین، بیروباوەڕی شەبەکی ئەوڕۆ، لەگەڵ بیروباوەڕی شەبەکی دوێنی، جۆرە جیاوازییەکی هەیە.

ئەتنۆگنیزی شەبەکەکان، هەتاکوو ئەوڕۆ کێشەی زۆری لەسەرە، ئەگەرچی بەڵگە مێژوویی و زانستییەکان، گومانی لە کوردبوونیان نەهێشتووە، ئەو بیروڕایانە لە لایەن زۆربەی زۆری شەبەکەکانەوە چەسپێندراوە. شەبەکەکان خۆیان لەو بارەیەوە دەڵێن: ئێمە لە باشووری کوردستانەوە هاتووین و بە ڕەچەڵەک دەچینەوە سەر هۆزی شوانکارە و زمانەکەشمان کوردی ساغ بوو، بەڵام لەم دواییەدا ووشەی بێگانەی وەکوو عەرەبی و فارسی و تورکی کەوتە ناوی، زمانەکامان سەر بە دیالێکتی گۆرانە، کە لە هۆزەکانی هەورامی و باجەلان و لەک و ڕۆژبەیان و بالانی و جەباری و قەرەگولوس قسەی پێ دەکەن. لە هەمان کاتدا مینۆڕسکی و محەمەد ئەمین زەکی و ئابونە کەرمەلی و شپازنیکۆف و گەلێکی دیکەش، ئەو دید و بۆچوونانەیان لا تەواوە. بەڵام نابێ ڕای ئەو کەسانەش لە بیر بکەین، کە شەبەکەکان بە تورکمان دەزانن، وەکوو سەراف... و(٢٤،ص١٥؛١٦،ص..

ڕۆژهەڵاتی نێوچەی شەبەکەکان، ڕوباری خازەرە و ڕۆژئاوای نێوچەی تلکێفە و باکووری نێوچەی شێخانە (عەینسفنی) و باشووریشی نێوچەی موسڵە. زۆربەی گوندەکانی شەبەکەکان، لە رووی ئیدارییەوە سەر بە نێوچەی حەمدانیە و تلکێفن. ژمارەی شەبەکەکان بە تەواویی نازاندرێ، بەڵام لە سەرەتای حەفتاکاندا، هەندێ کەس بە بیست هەزار و بەرەوژوورتر، لە قەڵەمیان دەدان.

ب – قەڵەم حاجی

دانیشتووانی گەڕەکی قەڵەم حاج، لە شارۆچکەی مەندەلی، بە قەڵەم حاج بە ناوبانگن، واتە کاکەیی. وا دیارە زۆریان لا گرانە، ئەگەر بە هەر ناوێکی دیکە بانگیان بکەن.قەڵەم حاجەکان بڕوایان وایە، کە گەرەکی قەلای میر حاج و قەلای بالی، لە لایەن دوو براوە دروست کراون. برای گەورە ناوی لە قەلای خۆی ناوە بالا، لە دوییدا بۆتە بالی و برا پچووکەکەشیان قەلاکەی بە ناوی خۆیەوە(میر حاج) ناو ناوە، لەبەر ئەوەی خۆی حاجی بووە (١، لاپەڕە ٢٨).

بە قسەی هەندێ لە نووسەران، نوێژکردن لە لای قەڵەم حاجییان نییە.گوایە ئیمامی عەلی، ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئەوان لابردووە و خۆی جێبەجێی دەکات. شێخەکانیان دەربارەی ڕۆژو دەڵێن، ووشەکە بە کوردی سێ ڕۆژە، نەک سی ڕۆژ، وەکوو هەندێ لە موسوڵمانەکان بە هەڵە تێیگەیشتوون (٢٧، لاپەڕە ٢٠٩). ژمارەی قەڵەم حاجییەکان بە تەواویی نازاندرێ، بەڵام ئەگەر هاتوو، ژمارەی ساڵەکانی شەست بە هەزار کەس دابنێین، وەکوو هەندێ کەس دەڵێن، ئەوا ئەوڕۆ ژمارەیان، سێ ئەوەندە زیادی کردووە.

ج – بەلورییەکان

ئەمانە دەستەیەکن لە ئەهلی هەق، لە گوندی بەلور دەژین. ئایینزاکەیان بە ناوی گوندەکەیانەوە ناو ناوە، بۆیە پێیان دەڵێن بەلورییەکان. بیروباوەڕی ئەم دەستەیەی ئەهلی هەق، لە ڕووی بڕوا و جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانی سەرشانیان و بڕوایان بە ئیمام، لەگەڵ دەستەکانی پێشوودا کەمێ جیاوازە.

بەلورییەکان لەو بڕوایەدا، کە ئیمامی عەلی خودا نییە، بەڵکوو لە تیشکی خوا دروست بووە. بەلورییەکان لە تەکیەی نورئاباد (دەم ئایزە)، بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و سەرنجڕاکێش، زیکر و تەهلیلە و کۆبونەوەی خۆیان دەکەن. بەلورییەکان هەموو ساڵێ، بە گەورە و گچکەوە، لەسەر کوەقەلعە کۆ دەبنەوە. بەو دارانەی کە هەر یەکێ لە بەلورییەکان، لەگەڵ خۆی هەڵی دەگرێ، ئاگرێکی زۆر گەورە دەکەنەوە. ئەو ژنانەی کە سکیان پڕە، لە سەریان پێویست بوو، کە بەشی خۆیان و منداڵەکەی نێو سکیشیان دار هەڵ بگرن. دوای ئەوەی ئاگرەکە هەڵ دەکرێ و بە تەواویی خۆش دەکرێ، ئینجا یەکێ لە پەیڕەوەکانی بەلورییەکان (خەلیفە)، دەست بە خوێندنەوەی هۆنراوە دەکات، کە هەموو هۆنراوەکانیان، بە ئیمامی عەلیدا هەڵ دەدات. خەڵکەکەش لە دەوری ئاگرەکە کۆ دەبنەوە و لەسەر چۆک بازنە دەبەستن و دەڵێن، (هەق هەق عەلی هەق)، ئەوەندە ئەم ڕستەیە دووبارە دەکەنەوە، تا

بە تەواویی گەرم دادێن و حاڵیان لێ دێ و لە دواییدا بە لادا دەکەون.

ئەو ئاهەنگە هەموو ساڵێ بۆ ماوەی چوار تاکوو حەوت ڕۆژ ساز دەکرێ. ڕاگەیاندنی کۆتایی پێ هێنانی ئاهەنگەکە، لە دوا ڕۆژدا دەبێ، ئەو ڕۆژە لای بەلورییەکان بە جەژن دادەنرێ، ئەم ڕاگەیاندنەش لە دەسەڵاتی ڕابەری گەورەی ئەم ئایینزایە دایە. هەریەکە لە شەوەکان، ناوی تایبەتیی خۆی هەیە. یەکەم ناوی ڕۆژی کامەریژانە – Kamerijan، دووەم ناوی شیرخوتییە – Skirghoti، سێیەم ناوی شا عەلییە – Sha Ali، چوارهەمیش ناوی پیرموس – Pirmusi. نانی ئەو چوار ڕۆژە، دەبێ تایبەتی بێ و جیاوازی لەگەڵ خواردنی ڕۆژەکانی دیکەدا هەبێ. خواردنی ئەو چوار ڕۆژە، بە زۆری گۆشت و برنجە. دەبێ خواردنی هەموو خەڵکەکە وەکوو یەک بێت. هەروەها بەپێی توانا، دەبێ هەموو کەس جلی نوێ لەبەر بکەن. هەر کەسێکیش هەژار بوو، توانای کڕینی جلی نوێی نەبوو، ئەوا دەبێ جلەکانی خۆی پاک بشوا، تا بە پاکیی و خاوێنی بچێت بۆ ئاهەنگەکە.

هەموو گەڕەکێ لە ئاوایی بەلوریان، ڕەهبەری تایبەتی خۆی هەیە. ئەم ڕەهبەرانە لە لایەن خەڵکییەوە، بۆ ماڵەوە بانگ دەکرێن، تا دوعایان بۆ بخوێنن، ئەمەشیان کردۆتە نەریتێک، هەر ماڵێ زوو بانگیان بکەن، ئەو ڕەهبەرانە پێشتر سەر لەوان دەدەن، واتە لەسەر سیستەمی سەرەگرتن دەڕۆن بە ڕێوە.

ئەم دەستەیەی ئەهلی هەق، چەند جێژنێکیان هەیە، لە هەموویان بە ناوبانگتر جەژنی غەلان داشە (Ghelan das)، ئەم جەژنەش لە ١٠ مانگی دێسەمبەردا دەست پێ دەکات و لە ٢٠ی هەمان مانگدا تەواو دەبێ. ڕەهبەرەکان لەو جەژنەدا، هۆنراوەی شێخەکانیان بۆ خەڵکی دەخوێننەوە، بە تایبەتی هۆنراوەکانی خان ئەلْماس، کە بە دیالێکتێکی لەکی نووسراون، هەروەها هۆنراوەکانی تورک ئەمیر – Tork amir و عەلادین و مەلا نیاز و...تاد.

دروشمی ئەو دەستەیەی ئەهلی هەق، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خەڵکی دیکەشدا، لە ڕاسگۆیی و کارکردنی ڕاست و دروست و پەیڕەوی چاکە و دەست درێژنەکردن بۆ سەر ناموسی خەڵکی پێک هاتووە. بلوورییەکان لەو بڕوایەدان، هەر کەس ئەو گوناحانە بکات، ئەوا تەنیا خۆی توش دەبێ و گوناهێکی زۆر گەورە دەکات و هەرگیز جێگەی پڕ نابێتەوە.

ئاگر لە نێو ئەم دەستەیەی ئەهلی هەقدا، ڕێزێکی تایبەتی هەیە و بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە تەماشا دەکرێ. ئاو بە ئاگردا کردن، لە لایان بە گوناهێکی گەورە دادەنرێ. بلورییەکان سەری هەموو مانگێ، بە جێژن لە قەڵەم دەدەن و دوا ڕۆژی مانگیش، بە ڕۆژی

مەرگی ئەو مانگە دادەنێن. هەروەها ڕۆژی یەکەمی هەموو وەرزێ، بە جەژن حیساب دەکەن. جەژنی سەرەتای پایز، کە بە ناوی تیل تکۆ – Ti l Tiko ناسراوە، لە نێو خەڵکیدا ڕێزێکی تایبەتی هەیە.

لە جەژنی نەورۆزدا (جەژنی سوڵتان یا جەژنی شاە)، خەڵکی خۆیان بۆ ئەو جەژنە، بە بەرگی نوێ و خواردنی باشەوە ئامادە دەکەن. دوا چوارشەمە لە هەموو ساڵێکدا، کە بە چوارشەمە سوورە بە ناوبانگە، لە ژیانی بەلورییەکاندا بە ڕۆژێکی تایبەتی دەناسرێ. لەو جەژنەدا ڕێوڕەسمی تایبەتی هەیە، ئاگر دەکرێتەوە و دوعا دەخوێنرێت. هەموو کەسێ پێویستە لەسەری، بۆ کردنەوەی ئاگری چوارشەمە سوورە، دار لەگەڵ خۆی بەرێ، کە ئاگرەکەش دەکرێتەوە، خەڵکەکە دەست بە هاویشتنی دارەکانیان دەکەن بۆ نێو ئاگرەکە. بلورییەکان لەو بڕوایەدان، لەگەڵ هاویشتنی ئەو دارە بۆ نێو ئاگرەکە، هەر نەخۆشییەکیان هەبێ، هەمووی دەشەڕێ، هەر گوناهێکیان کرد بێ، هەمووی پاک دەبێتەوە، هەر نەگبەتییەکیان لە ڕێگەدا بێ، هەمووی لەنێو دەچێ و لەگەڵ دارەکەدا دەسووتێ، هەروەها بە دەم پاڕانەوە و داواکردن و دوعا خوێندنەوە، بە دەوری ئاگرەکەدا دێن.

ڕۆژانی پێنج شەمە لە هەر هەفتەیەکدا، بە ڕۆژێکی پیرۆز دادەنرێ. خەڵکەکە لەو ڕۆژەدا، نەزر لە خۆی دەگرێ. هەر کەسێ بیەوێ نەزر بکات، دەبێ بە چەند ڕۆژێ پێش پێنج شەمە، ڕەهبەری گەڕەکەکەی ئاگادار بکات، کەوا نەزر دەکات. لەو ڕۆژەدا خاوەن نەزرەکە، ئاژەڵێ سەر دەبڕێ و خەڵکی داوەت دەکات. خەڵکەکە لەو ماڵەی کە نەزرەکەی کردووە، لە دەوروبەری چێشتەنگاوان کۆدەبنەوە. ئەوانەی بۆ ئەو داوەتە بانگ کراون، دەبێ خۆیان خاوێن بکەنەوە و جلی تازە یا پاک لەبەر بکەن و بە ڕێکوپێکی و جوانی بچن بۆ ئەو میوانداریە.

ئەو ئاژەڵەی سەردەبڕێ، دەبێ ئاگادار بن پیس نەبێ، نابێ سەگ لە سی مەتر نزیکتر بێ لە کەلەشی ئاژەڵە سەربڕاوەکەوە. هەروەها دەبێ ڕیخۆڵە و پێستی ئاژەڵە سەربڕاوەکە، باش بشاردرێتەوە و بە دزییەوە بخرێتە چاڵەوە و سەگ پێی نەزانێ.

ڕەوشتێکی دیکەی بەلورییەکان ئەوەیە، کە ناو لە منداڵی ساوا دەنێن، بانگی ڕەهبەر دەکەن، ئەویش چەند بەردێ یا چەند دار و چیلکەیە، بە دەستەوە دەگرێ، کە هەریەکە ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە. وا دیارە ناوەکە لە لایەن باوکی منداڵەکەوە هەڵ دەبژێردرێ، لە پاشان ڕەهبەرەکە، یەکێ لەو دارانە یا لەو بەردانە بەردەداتەوە و ناوەکە دەبێ بە ناوی منداڵەکە.

ئەم دەستەیە لە ئەهلی هەق، نوێژیان بە ئەرکی سەرشان لا حیساب نییە. ئەوان لەو

بڕوایەدان، کە ئەوانەی نوێژ دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەیە، خۆیان لە نێو خەڵکیدا نیشان بدەن، تا خەڵکی پێیان بڵێن، ئەمانە پیاوی خودان. بە بڕوای بەلورییەکان، ئەگەر مرۆڤ بە دڵ لەگەڵ خودا بێ، بەسە.

جگەرەکێشان لە نێو بەلورییەکاندا قەدەغەیە. هەر کەسێ جگەرە بکێشێ، ئەوا لە کۆمەڵەکەی خۆی دوور دەخرێتەوە.هۆی قەدەغەکردنی جگەرەکێشانیش، بۆ ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕابەرێکیان ڕووی داوە. دەگێڕنەوە، گوایە گەورەی بەلورییەکان، ڕۆژێک لەبەر جگەرەکێشان، تووشی کۆکە دەبێ و هەناسەی تەنگ دەبێ، لەبەر ئەوە بڕیار دەدا کەس جگەرە نەکێشێ.جگە لەو ڕەوشتانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، هەندێ شتی دیکەشیان هەیە، وەکوو بەرسمێڵ نەکردن و ... هتد.

ج – عەلەوی (قزلباش)

عەلەوییەکان، (ناوەکە لە پەیڕەوکەرانی ئیمامی عەلییەوە هاتووە.) لە کوردستان بە نوسەیری و ئەنساری ناسراون. بیروباوەڕیان لە بیروباوەڕی سمایلییەکان و هەندێ ڕەگەزی دیکەی دیانەکان و خواپەرستی ڕۆژهەڵاتی کۆن پێک هاتووە.

سەرچاوەی بیروباوەڕی عەلەوییەکان، لە سێ شتی گرنگ پێک هاتووە: واتا و ناو و باب، کە هەرسێکیان لە کەسایەتیی عەلی و محەمەد و سەلمانی فارسیدا کۆ بوونەتەوە، بەڵام زیاتر لە ئیمامی عەلیدا خۆی دەنوێنێ. دروشمەکانی ئایینی ڕۆژهەڵاتی کۆن، کە لە بیروباوەڕی عەلەوییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، خۆی لە ڕێزگرتن لە ڕۆژ و مانگ و کازیوە و زەردایی ڕۆژدا دەبینێ. عەلەوییەکان لەو بڕوایە دان، کە گیان نامرێ، بەڵکوو لە شێوەی شتێکی دیکەدا، دووبارە دەردەکەوێتەوە. دەڵێن مرۆڤ کە مرد، گیانەکەی بۆ لای ئەستێرەکانی ئاسمان هەڵ دەکشێ و لەوێ بە ئامادەبوونی (عەلی خوا) لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەو گیانانەی گوناهیان زۆر کرد بێ، لە شێوەی گیانلەبەردا دروست دەبنەوە،. شێوەی پرسەدانان لای عەلەوییەکان، هەندێ دروشمی ئایینی دیانەکانمان وەبیر دێنێتەوە، وەکوو خوێندنی ئینجیل لەسەر مردوو، دابەشکردنی خواردن و شەراب لە گۆڕستان. هەروەها عەلەوییەکان، ناوی مەسیح لە منداڵەکانی خۆیان دەنێن. عەلەوییەکان دەڵێن، بیروباوەڕی عەلەویی زۆر قوڵ و پڕ مانایە، هەموو کەس هەروا بە ئاسانی تێی ناگات. پەرتووکی پیرۆزی عەلەوییەکان، ناوی (پەرتووکی مەجمەعە)، کە لەبەر ڕۆشنایی قورئاندا دانراوە. عەلەوییەکان لە نێو خۆیاندا، بەسەر چەند دەستە و گروپێکدا دابەش

دەکرێن، وەکوو شامی (حەیدەری) و غەیبی و نامیس... هتد.
عەلەوییەکان لە هەندێ نێوچەی باکووری کوردستاندا، بە شێکی زۆر لە دانیشتووان پێک دەهێنن، بە تایبەتی لە دەرسیم و ماردین و دیاربەکر... هتد.

٠٢ ئیسناعەشەریی
ئەم ئایینزایە، لە نێو فارس و عەرەبەکانی کوردستاندا بڵاوە. پەیدابوونی ئیسناعەشەری، واتە ئیمامی یاخود جەعفەری، بۆ نێوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زایینی دەگەڕێتەوە. یەکەم جار لە عێراق و لە دواییدا لە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عەرەبیدا بڵاو بۆتەوە و پەیڕەوانی پەیدا کردووە. دوا ئیمامی ئیسناعەشەرییەکان، واتە ئیمامی دوازدەیەم کە ناوی محەمەدە و بە مەهدی ناوبانگی دەرکردووە، لە کۆتایی سەدەی یازدەدا بزر بووە. بە بڕوای شیعەکان، ڕۆژێ دێ محەمەدی مەهدی پەیدا دەبێتەوە. ئیسناعەشەرییەکان ڕێزیان زۆر بۆ ئیمامی عەلی داناوە و بەو خەلیفەیەی دادەنێن، کە مافی خوراوە.
ئیسناعەشەرییەکان لە ڕووی کاروباری ئایینیی و دونیایی و پلەی پشتبەستن بە قورئان و فەرموودەکانی محەمەد پێغەمبەری ئیسلامەوە، بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێن: ئوسوڵییەکان – سەرەڕای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر، بڕوایەکی زۆر بە تینیان، بە فتواکانی موجتەهیدەکانیان هەیە. ئەخبارییەکان – تەنیا بڕوایان بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر هەیە.
لە نێو ئیسناعەشەرییەکاندا، چەندین ڕێبازی جیاواز هەیە، بە بۆچوونی خۆیان، هەر یەکەیان ڕێز و پایە بۆ ئیمامی عەلی و کوڕەکانی (حەسەن و حوسێن) و هەروەها بۆ بنەماڵەی پێغەمبەریش دادەنێن. هەندێ لەو ڕێبازانە ئەمانەن:

نیعمەتییەکان: ئەم ڕێبازە لە لایەن نیعمەتوڵڵای کرمانییەوە دامەزراوە. زۆربەی مریدانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین. نیعمەتییەکانیش لە نێو خۆیاندا، چەند لق و پۆپێکیان لێ دەبێتەوە، وەکوو گونابادی – لە نێوچەی کرماشان زۆر بڵاوە، دوورییەساتان – لە کرماشان و دەوروبەری زۆرن، سۆفی عەلی شاە – کرماشان، خوڕەم ئاباد بە بەناوبانگترین شوێنی ئەم ڕێبازە دادەنرێ.
ڕێبازەکانی دیکەی ئیسناعەشەری ئەمانەن: حەیدەری (خاکە سەر)، کوبرەوی (زەهابی)، بەهالی... بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە و هەندێکیشیان لە هەزار کەس زیاتر نابن.

کۆمەڵە ئایینیی و بیروباوەڕەکانی دیکە

یەزیدی

یەزیدییەکان، بە ئێزیدیش ناو دەبرێن. لە نێوان زاناکاندا، لەسەر ناوی یەزیدییەکان، مشتومڕێکی زۆر هەیە. هەندێ لەو بڕوایە دان، کە ناوی یەزیدی لە ووشەی یەزدانەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی خودا پایەیەکی دیاریکراوی ڕەمزیی لە ئایینەکەیاندا هەیە. هەندێکی دیکە دەڵێن، ناوەکە لە ناوی مەڵبەندی یەزدی فارسەوە هاتووە، کە یەکەمین شوێنی پەیدابوونی یەزدییە. بە قسەی هەندێکی دیکەش، دەبێ ناوەکە لە ناوی دامەزرێنەری ئەم ئایینەوە هاتبێ، کە یەزیدی کوڕی عونەیزەیە و شێخ عودەی نوێنەرێتی. هەروەها ژمارەیەک لە زانایان لەسەر ئەو بڕوایەن، کە ئەو ناوە لە ناوی یەزیدی کوڕی معاویەوە هاتووە، کە دووەم خەلیفەی ئەمەوییەکان بوو، بەڵام وا دیارە ئەم بۆچوونەیان، جێگەی بڕوا نییە، لەبەر ئەوەی لێکچوونی ناو، بە نیشانەیەکی ڕاست دانانرێ، بەڵام ڕەنگە یەزیدییەکان لە کاتی خۆیدا، ئەو لێکچوونەیان قۆستبێتەوە، بۆ ئەوەی لە دەسدرێژیکردنی ئیسلامەکان، خۆیان بپارێزن. لەوانەیە هەر شیعەکانیش ئەو ناوەیان لێ نابن و مەبەستیشیان، شەرمەزارکردنی یەزیدی کوڕی معاویە بوو بێ، لەبەر ئەوەی لایەنگری ئەو کۆمەڵەی کردووە. هەندێکی دیکەش دەڵێن، ناوەکە لە هۆزی ئازیدییەوە هاتووە و لەسەردەمی یەزیدییەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە یەزیدی. هەندێ جاریش لە سەرچاوە گشتییەکاندا، بە شەیتانپەرستەکان ناو دەبرێن. بەڵام وا پێ دەچێ، کە ناوی یەزیدی لە ناوی یەزدانەوە هاتبێ، واتە خواپەرستیی و لە لای هەندێ کەسی ناکورد، ووشەکە گۆڕاوە و بووە بە یەزیدی.

ئەتنۆسی یەزیدییەکان – چوونەوەی یەزیدییەکان بۆ سەر ڕەچەڵەکی کورد، لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە زانایان پەسەند کراوە. لەو بارەیەوە. ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان دەنووسێ: "یەزیدییەکان بە کوردی دەدوێن و کوردیی زمانی ئایینییانە، بەڵکوو بڕواشیان وایە، کە خواکەشیان بە کوردی دەدوێ". لە لای نووسەرێکی دیکەش، هەمان بۆچوون دووبارە دەبێتەوە و دەڵێ: "گومان لەوەدا نییە، ئەو یەزیدییانە کوردی ساغن و نەک هەر لە ڕووی زمانەوە، بەڵکوو لە ڕووی لەشیان و گشت نیشانەکانی دیکەی بەرچاو و بە تەواوی

له کوردەکانی چیای دەرسیم (٣٣، لاپەڕە ١٨١–١٨٧، ٢٤، لاپەڕە ١٦–١٧) دەچن، ڕەنگە هەر خەڵکی ئەوێش بن، دوای پەیدابوونی تەیموری لەنگ و هێرشە تێکداراکانی بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی، لە وێوە بۆ چیاکانی شەنگار کۆچیان کردووە". هەندێ نووسەری دیکەش هەن و دەنووسن، کە "یەزیدییەکان لە کوردەکانن و لەشساغن و زیاتر لە دوو سەدەیە، لە چیاکانی شەنگار دەژین". پاشان یەکێکی دیکە دەنووسێ "یەزیدییەکان بەشێکن لە کورد و لە کوردەکانی دیکە زیاتر لەسەر ئایینی زەردەشتیی خۆیان سوور بوون و کاروباری ئایینیی خۆیان پاراستووە" گەلێکی دیکەش هەمان بڕوایان هەیە.

بڕوای یەزیدییەکان

له نێوان هەموو ئەو کەسانەی گرنگییان بەم ئایینە داوە، دەمەتەقێیەکی زۆر گەرم پەیدا بووە. هەندێ دەڵێن "یەزیدیەکان لە بنەڕەتدا، دیان بوون و لە دواییدا سەریان لێ شێواوە" بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونە، چەند دروشمێکی دیانەکانە، کە لە ئایینی یەزیدییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. هەندێکی دیکە دەڵێن "یەزیدییەکان لە پەیڕەوانی ئایینی مانەویین، لە دواییدا بوون بە ئیسلام" بەڵگەشیان بۆ ئەوە، بڕوابوونیانە بە تێکەڵابوویی هێزی سەرووە (دووفاقی). هەندێکی دیکەش لەو بڕوایە دان کە "یەزیدییەکان لە بنەڕەتدا زەردەشتین و دوایی لە ناچاریدا بوون بە ئیسلام، بۆ ئەوەی لە دەست ئازاردانی موسوڵمانەکان و دیانەکان ڕزگاریان ببێ" بەڵگەشیان بۆ ئەوە، بڕوای یەزیدییەکانە بە هێزی چاکە و خراپە (خێر و شەڕ). هەندێکی دیکە دەڵێن "یەزیدییەکان ئیسلامی تەواو بوون، بەڵام بیروباوەڕی زەردەشتی و ئایینەکانی دیکە، تێکەڵاوی ئایینەکەیان بووە". بەڵام وا دیارە، ئەو بیروڕایانەی کە بنوبنەچەی ئایینی یەزیدییەکان، بۆ سەر ئایینی زەردەشتییەکان بەباتەوە، زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکن، لەبەر ئەوەی زۆر شتیان لە یەکدی دەچێ.

یەزیدییەکان بڕوایان بە یەک خوایە، کە ناوی "یەزدان" ـە و بە دروسکەری ئەم گەردونە و حەوت فریشتەکە و ئادەمی دادەنێن. یەزیدییەکان هەموو تەورات و ئینجیل و قورئان بە پیرۆز دەزانن. هەروەها ڕێزی عیسا و نیشانەی خاچ دەگرن و ڕێزی تایبەتیان بۆ محەمەد و شاری مەکەی موکەڕەم هەیە. ڕۆژ و مانگ لای یەزیدییەکان پیرۆزە، بە تایبەتی ڕۆژ، کە بە شێخ شەمسەدین ناوی دەبەن و هەموو ساڵێ لە نزیک پەرسگای شێخ شەمسەدینەوە، گایەکی سپی بۆ دەکەنە قوربانی. پیسکردنی ئاو و ئاگر و هەوا، لای یەزیدییەکان دروست نییە. لە هەمان کاتدا دەبێ، ڕێز لە خاک بگیرێ. گەورەی فریشتەکان لە ئایینی یەزیدیدا، پیرۆزترین شوێنی هەیە و پێی دەڵێن "مەلیکە تاووس". یەزیدیەکان لەو

بڕوایەدان، کە "مەلیکە تاووس" یەکەمین فریشتەیەکە لە لایەن خواوە دروست کراوە، پاشان شەشەکەی دیکە دروست کراون. یەزدان لەسەر فریشتەکان دەکات، کە کەسی دیکە نەپەرستن و کڕنوش بۆ کەسی دیکە نەبەن لە خۆی زیاتر. پاش ئەوەی خوا دوای حەوت هەزار ساڵ، ئادەمی دروست کرد، خوا فەرمانی پێ دان، کڕنووش بۆ ئادەم بەرن. ئەوە بوو هەموو فریشتەکان، فەرمانەکەی خوایان بەجێ هێنا، تەنیا "مەلیکە تاووس" نەبێ، لەبەر ئەوەی قسەی ڕابردووی بیر کەوتەوە،لەبەر ئەمە خوا کردووی بە گەورەی فریشتەکانی ئاسمان و ئەوانی دیکەی سزا دا. یەزیدییەکان نکولی لە بوونی ئەهریمەن دەکەن، بە بڕوای ئەوان، هەموو ئەو شەڕوشۆڕەی لە نێو خەڵکیدا ڕوو دەدەن، خەتای ئەهریمەن نییە، بەڵکوو زیتر خەتای دەروونی نەخۆش و شەڕاویی مرۆڤ خۆیەتی. یەزیدییەکان نەفرەت لە ئەهریمەن ناکەن، ئەمە بە دەست هەندێ کەسانی ئایینەکانی دیکەوە، بۆتە بیانوویەک، تا "مەلیکە تاووس" و ئەهریمەن بە یەک چاو تەماشا بکەن، ئەمەش لای یەزیدییەکان بە کفر دادەنرێ و هەرگیز قەبوڵ ناکرێ، لەبەر ئەوە زۆر ڕقیان لە ئەهریمەن دەبێتەوە، بە ڕادەیەک وایان لێ هاتووە، ناوی ئەهریمەن نەبەن و تەنانەت پیتی "ش" ینیش بەکار نەهێنن، ڕقیان لە ڕەنگی شین ببێتەوە، چونکە نیشانەی تورەیی ئاسمانە لە ئەهریمەن. یەزیدییەکان پەیکەری "مەلیکە تاووس" یان (قوتیش) لە بڕۆنز دروست کردووە، کە هەموو ساڵی پیاوێکی ئایینی، بە ناوی (قەواڵ) بەسەر یەزیدییەکانیدا دەگێڕێ.

یەزیدییەکان بڕوایان بە دادگاکردنی گیان هەیە. دوای مردن گیان لەبەردەمی دادگایەکی ڕاستدا ڕادەگیرێ، کە لە حەوت دادگەر پێک هاتوون، ئەو کەسانەی شەڕیان لە خێریان زۆرتر بێ، دەکەونە تاریکاییەوە، یا دەبنە بەراز و مەیمون و مار. ئەوانەی خێر و شەڕیان بەرامبەرە، ئەوە دەیانخەنە شوێنێک بە ناوی (زینەخ)، خۆشی و ناخۆشی دەبینن. ئەوانەشی خێریان زۆرترە، ئەوا دەچنە بەهەشتەوە.

شێوەی خواپەرستیی ئایینی یەزیدییەکان، لە بەیانیان و چێشتەنگاوان نوێژ دەکەن. هەروەها ڕۆژو دەگرن (سێ ڕۆژ ڕۆژو دەگرن، لە ١٢ دیسەمبەرەوە دەست پێ دەکا و لە ١٥ی هەمان مانگدا کۆتایی پێ دێ). جێژنیشیان گەلێ زۆرە، وەلێ جەژنی سەری ساڵی ڕۆژهەڵات، (لە یەکەم چوار شەمەی مانگی ئەپریلدا) و جەژنی ڕۆژو (ڕۆژی چوارەم لە ڕۆژوبوون)، جەژنی چلەی هاوین (لە مانگی یول)، جەژنی چلەی زستان (لە مانگی فێبروەری). هەروەها هاوبەشیکردنی ئیسلامەکان لە جەژنی قوربان و ڕۆژی چوارەم ڕۆژی ئایینیانە. یەزیدییەکان دەچنە سەر گۆڕی شێخ عودەی لە دۆڵی "لالش" لە نزیک شاری مەسڵەوە و حەج دەکەن، ئەوەش لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئەکتۆبەردا، بەپێی

کەلەندەری ڕۆژهەلات، منداڵەکانیان بە ئاوی - لالش تەڕ (تەعمید) دەکەن و لە یەکێ لە شەوەکانی ساڵدا، کە ناوی "شەرەفا مەزن" ـە ئاهەنگ دەگێڕن... هتد.

سیستەمی ئایینی و کۆمەلایەتی یەزیدییەکان

لە کۆمەڵگەی یەزیدییەکاندا، چوار چینی ئایینی هەن:

پیر - بە گەورەترین پیاوی ئایینی دادەنرێ.

شێخ - نوێنەری سەرۆکی ئایینییە.

قەوال - ئەو کەسانەن کە کاری گێڕانی "مەلیکە تاووس" یان لە نێو خەڵکیدا پێ سپێردراوە و هەروەها سەرپەرشتی هەندێ کاروباری ئایینی پلە دوو دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

هەژار - کاری ئەمانەش تەنیا خزمەتکردنی گۆڕەکەی شێخ عودەیە.

چینێکی دیکەش لە نێو یەزیدییەکاندا هەیە، بە مورید ناو دەبرێن، ئەمانە زۆربەی خەڵکی پێک دەهێنن.

لە نێو یەزیدییەکاندا، ژنهێنان لە نێوان چینە ئایینییەکاندا قەدەغەیە، ژن لە ئایینەکانی دیکە ناخوازن و کچیش جگە لە یەزیدی، بە کەسی دیکە نادەن. لەبەر هەندێ لێکدانەوەی ئایینی، یەزیدییەکان لە ژنهێناندا ئازاد نین، بەڵکوو دەبێ لەو هۆز و چینە ئایینییانە ژن بهێنن، کە بۆیان دیاری کراوە.

سەرۆکی ئایینی و دونیایی یەزیەییەکان، بە "میری میران" ناو دەبرێ. دەسەلاتی لە ڕادە بە دەرە و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەسەر خەڵکیدا، چەندین میری لەبەر دەست دایە. پلە و پایەی "میری میران"، لە باوکەوە بۆ کوڕ بە میرات دەمێنێتەوە.

یەزیدییەکان دوو پەرتووکی پیرۆزیان هەیە، یەکەمیان پێی دەوترێ (مەسحەفا ڕەش)، کە باسی شتە حەرام و حەلاڵەکان دەکا لە ئایینی یەزیدیدا. دووەمیشیان پێی دەوترێ (مەسحەفا جەلوە)، ئەم پەرتووکەش زیاتر باسی سەرگوزشتەی دروسبوونی گەردوون و حەوت فریشتەکە دەکات.

حروفییەکان

بیروباوەڕی حروفی لە چەرخی هەشتەمی زایینیدا، لە لایەن فەزڵولا ناوێکەوە دروست بووە. ئەو زانایە بیرورای تەشەیعی لەسەر بناغەی پیت لێک داوەتەوە، لە هەمان کاتداباسی قورئانی بە شێوەیەکی مەجازی کردووە و لێکی داوەتەوە. هەروەها فەرمودەکانی پێغەمبەریشی بە هەمان شێوە باس کردووە، بەلام وای باس کردوون، کە

لەگەڵ بیروڕای تایبەتی خۆیدا بگونجێ و خزمەت بە ڕێبازەکەی خۆی بکات. حروفییەکان دەڵێن، لەبەر ئەوەی واتای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر، هەمووی مەجازیین، کەس لە فەزلوڵلا زیاتر، توانای تێگەیشتنی لە واتاکانی قورئان نەبووە.

مریدەکانی حروفی، ڕێزێکی زۆریان لە شێخەکەی خۆیان گرتووە. بە بڕوای ئەوان، گوایە پیاوێکی ئیشکەر بووە (جامانەی دروووە) و زۆریش سەرڕاست بووە و بێ فرۆفێڵ ناوبانگی دەرکردووە، هەر لەبەر ئەوەش بووە، هەندێ کەس ناویان نابوو (فەزلوڵلای حەلاڵ خۆر).

وا دیارە فەزلوڵلای حروفی، بەپێی هەندێ لە سەرچاوەکان، دەبێ لە ساڵی ٧٨٨ی کۆچیدا (١٣٨٦یزایینی)، دەستی بە ئاشکراکردنی بیروڕاکانی کرد بێ و خەڵکی بۆ سەر بیروباوەڕەکەی خۆی بانگ کردووە، تا ببنە لایەنگری. لە ساڵی ٧٩٦ی کۆچیدا (١٤٩٠ی زایینی)، بیروڕاکانی خۆی لە پەرتووکی (جاوادان نامە)دا نووسیووە

لە بارەی ساڵی لەدایکبوونی فەزلوڵلای حروفی، هەندێ کەس وای بۆ دەچن، کە لە ساڵی ٧٤٠ی کۆچیدا (١٣٣٩ی زایینی) لە دایک بووە. بەڵام ساڵی مردنی یا کوشتنی، بە تەواویی ڕوون نییە. هەندێ کەس پێیان وایە، کە لە سەردەمی کوڕی سێیەمی تەیموری گورگانیدا مردووە. لەو سەردەمەدا نەک هەر فەزلوڵلا بۆ خۆی کوژراوە، بەڵکوو لەبەر دەمارگیریی ئایینزایی، ژمارەیەکی زۆریشیان لە مریدەکانی کوشتووە.

حروفییەکان لە ترسی کوشتن و لەنێوبردن، شوێنەکانی خۆیان چۆڵ کردووە و پەنایان بۆ بەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بردووە. لەوێ گەلێ خۆیان لە بەکتاشەکان نزیک کردۆتەوە. وردە وردە کاریان تێکردوون. تا ڕادەیەک لە ناو زیاتریان پێ نەماوە. وا دیارە بە پشتیووانی بەکتاشییەکان، کە ئەو سەردەمە کاروباری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییان، زۆر لەبن چنگدا بوو، نەک هەر لە سنووری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، بەڵکوو لە ئێرانیشدا، جارێکی دیکە خۆیان گرتبێتەوە و بەهێز بوونەوە. بەڵام ئەم بەهێزبوون و خۆگرتنرووەیە، زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی جارێکی دیکە کوشتاریان لێ کردنەوە، دوای ئەوەی پیاوێکی لوڕی، کە ناوی "ئەحمەد لوڕی" بوو، چەقۆیەکی لە شێخی حروفییەکان (شاروخ) دا و برینداری کرد، بەڵام دەسوەشاندنەکە زۆر کاریگەر نەبوو، بۆیە شێخ نەمرد، ئەمەش لە ساڵی ٨٧٠ی کۆچیدا (١٤٢٦ی زایینی)، لە مزگەوتی هەرات ڕووی دا.

بەشی چوارەم: ڕەوکردن و چڕیی دانیشتووان

٠١ ڕەوکردنی دانیشتووان

ڕەوکەر بەو کەسانە دەوترێ، کە لە شوێنی لەدایکبوونیان و ژیانیانەوە، لەبەر هەر هۆیەک بێ، بەرەو شوێنێکی دیکە دەگوێزنەوە، ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵن و لەوێ نامێننەوە و بۆ نێوچەیەکی دیکە لە چوارچێوەی وولاتەکەی خۆیاندا، یا بۆ دەرەوەی وولات بار دەکەن.

یەکەم: ڕەوکردنی ناوەکی

ساڵی چەند هەزار کەس و جاری واش هەیە، چەند ملیۆن کەس شوێنی لەدایکبوونیان دەگۆڕن. ڕێژەی ڕەوکەران لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە دەوروبەری لە ٣٢٪ی گشت دانیشتووان بوو. ئەم ڕێژەیە بۆ وولاتێکی دواکەوتووی وەکوو کوردستان زۆرە. تەنانەت بە بەراوردکردن، لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەی باشووری - ڕۆژئاوای ئاسیادا، وەکوو تورکیا (١٩٨٥ - ٢٣٪)، ئێران (١٩٨٦ - ٢٢٪)، عێراق (١٩٨٧ - ٢٢٪) زۆر زیاترە.

هۆکانی ڕەوکردنی ناوەکی

هۆکانی ڕەوکردنی ناوەکی، لە فاکتەرەکانی ڕامیاریی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی پێک هاتوون، وا لە خوارەوە بە درێژی لە هەر یەکێکیان دەدوێین:

یەکەم: هۆکارە ئابوورییەکان

باری ئابووری لە ١٩٨٥ دا، بە گەورەترین هۆی ڕەوکردنی ناوخۆ دادەنرێ. زیاتر لە ٧٦٪ی ڕەوکەران، شوێنی لەدایکبوونی خۆیان دەگۆڕن، تا بتوانن کەمی ژیانی ئابووری خۆیان باشتر بکەن. ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی باکوور - ٨٥٪ و لە ڕۆژهەڵات - ٨٣٪ و لە باشوور - ٣٦٪ و لە ڕۆژئاوا - ٨٦٪ بوو. هۆ ئابوورییەکانیش لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

- بێکاریی: زۆربەی زۆری دانیشتووانی چالاکی ئابووریی گوندنشینەکان و بەشێکی گەورەی دانیشتووانی شارۆچکە و شارۆکەکانی کوردستان، بێ کار دەمێننەوە، بە تایبەتی پاش تەواوبوونی وەرزی کشتوکاڵ، لە هەمان کاتدا، کارێکی دیکەش نادوزنەوە، تا خۆیانی پێوە خەریک بکەن. لەبەر ئەوە بەشێک لە کرێکاری گوندەکان و شارۆچکەکان،

لەبەر بێکاری ڕوو لەو شوێنانە دەکەن، کە کاری تێدا دەست دەکەوێ، ئەو شوێنانەش بە زۆری دەکەوێتە شارە گەورەکانەوە.

– جیاوازیی ڕۆژانە: ڕۆژانەی کرێکاری کەرتی پیشەسازیی، خانوو دروسکردن و کرێکاری کڕین و فرۆشتن، دوو کەڕەت لە ڕۆژانەی ئەو کرێکارانە زیاترە، کە لە بەشی کشتوکاڵیدا کار دەکەن. ئەم جیاوازییە لە ڕۆژانە و دەسکەوتی کرێکاراندا، بە فاکتەرێکی هاندەر دادەنرێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی، شوێنی لەدایکبوونیان بگۆڕن.

– پیشەی نوێ: هەندێ کەس لە کاتی سەربازیکردندا، یا لە قوتابخانە پیشەییەکاندا، یا لە ژێر دەستی وەستایەکدا وەک شاگرد کار دەکا، فێری هەندێ پیشەی تازە دەبن. لەبەر ئەوەی لە نێوچەکەی خۆیاندا، بەگوێرەی ئەو پیشەیە کارێ نادۆزنەوە، بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ دەکەن، تا کار پەیدا بکەن و بە ئاسانی بژین.

– دروسکردنی عەمار و ئاوبەند: بۆ نموونە، دروسکردنی هەموو ئەو ئاوبەندانەی، لە کوردستاندا، وەکوو دوکان و دەربەندیخان و ئەتاتورک... تاد دروست بوون، بە دەیان گوندیان لەگەڵ خۆیاندا کاول و نقوم کرد. زەوییەکان لە کار کەوتن. خەڵکەکە ناچار بوون، کۆچ بکەن و لە جێگەیەکی دیکە خۆیان نیشتەجێ بکەن و جۆری ژیانێکی تازە و کارێکی نوێ، بۆ خۆیان پەیدا بکەن.

– بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە کشتوکاڵدا: بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە کشتوکاڵدا، بۆتە هۆی ئەوەی، بە سەدان کەس لەسەر کارەکانی خۆیان دەربکرێن و دەستیان پێ لە کار بکێشرێتەوە، چونکە تراکتۆرێ یاخود کەمباینێک، لە چەند کاتژمێرێکدا، بە تەنیا دەتوانێ، کاری چەندین ڕۆژی سەدان جوتیار بکات. ئەوانەشی بێکار دەمێننەوە، لە ناچاریدا ڕوو لە شارەکان دەکەن.

دووەم: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان

فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی بوونەتە هۆی گۆڕینی شوێنی ژیانی لە ٤٪ی گشت ڕەوکەرانی ناوەکی. هۆکانیشی ئەمانەن:

– درێژەدان بە خوێندن: ئارەزووی درێژەدان بە خوێندن، پاڵ بە زۆر کەسەوە دەنێ، دوای تەواوکردنی قۆناغی یەکەمی خوێندن، لە شوێنی لەدایکبوونیانەوە کۆچ بکەن، بۆ ئەو شوێنانەی قۆناغی دووەم و سێیەمی خوێندنەکەی خۆیانی لێ تەواو دەکەن، بە تایبەتی بۆ شارە گەورەکان، کە پەیمانگا جۆراوجۆرەکان و زانکۆکانی تێدا کۆ بۆتەوە. هەروەها دوای

تەواوکردنی خوێندن، ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانە ناگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان و لە شارەکان دەمێننەوە.

– ژیانی ئاسوودەیی شار: ژیانی ڕۆژانەی شارنشینەکان، لەچاو ژیانی ڕۆژانەی گوندنشینەکاندا، گەلێ ئاسانتر و ئاسودەتر و خۆشترە. دانیشتووانی شارەکان، پێویستیی ڕۆژانەیان لە کارەبا و ئاو و هۆکانی هاتوچۆ و کەلوپەلە پێویستییەکانی ژیان لە بازاڕەکاندا و شوێنی پشوودان و ڕابواردن وەکوو گازینۆ و سینەما و چایخانە و شانۆ و نامەخانەی گشتیی... هتد هەمیشە لەبەر دەست دایە.

– ناکۆکیی لە نێوان بنەماڵەکاندا: هەندێ جار وا ڕێک دەکەوێ، لە گوندکاندا ناخۆشی لە نێوان دوو بنەماڵەدا دروست دەبێ. زۆربەی ئەو ناخۆشییانە، لەسەر منداڵان و ئاشکرابوونی پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ، وێرانکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ، دەمەقاڵێ لەسەر هەندێ شتی ئاسایی... ڕوو دەدەن، کە لە ئەنجامدا، یەکێ لە بنەماڵەکان ناچار دەبن، شوێنی ژیانی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە شوێنێکی دیکە بکەن.

– زەوتکردنی زەوی کشتوکاڵ: بەشی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکان لە گوندەکاندا، بە دەست پیاوە بە دەسەڵاتەکانەوەیە، وەکوو شێخ و ئاغا و میر و بەگزادە و برا گەورە... ئەمانە زەوییەکانیان بە جوتیارەکان بە کرێ دەدەن، پاش تەواوبوونی ماوەکە، جوتیارەکان زەوییەکانیان بۆ خاوەن موڵکەکان دەگێڕنەوە، بۆیە بەشی زۆریان ناچار دەبن. ڕوو لە جێگەیەکی دیکە بکەن، تا زەوی دیکە بە کرێ بگرن.

– کەمی میرات: دوای مردنی باوک، سامانەکەی بەسەر منداڵەکانیدا دابەش دەکرێ. جاری وایە میراتەکە کەمە و بەجیا ژیانی ڕۆژانەی بەشی هەر یەکێ لە منداڵەکان دابین ناکات، لەبەر ئەوە هەندێ لەو منداڵانە، بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە، بۆ جێگەیەکی دیکە بار دەکەن.

– دەسەڵاتی گەورە پیاوان: گەورە پیاوان، لە شێخ و ئاغا و میر و بەگزادە و خان و برا گەورە، دەستیان بەسەر خەڵکی گوندەکاندا دەڕوا، بۆیە هەر جوتیارێ لەگەڵیاندا نەگونجێ و تووشی گیروگرفت ببێ، ناچار دەبێ گوندەکە بەجێ بهێڵێ و بار بکا و بڕوا، ئەگینا سزا دەدرێ.

سێیەم: هۆکارە ڕامیارییەکان

نزیکەی لە ٢٠٪ ڕەوکردنە ناوەکییەکان، بۆ هۆی ڕامیاری دەگەڕێتەوە. ئەم ڕێژەیە لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا جیاوازە، بۆ نموونە لە باکووری کوردستاندا – ١١٪، لە ڕۆژهەڵات – ١٥٪، لە باشوور – ٦٠٪ و لە ڕۆژئاوادا – ١٠٪ی گشت ڕەوکەران پێک دێنێ، هۆکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ:

– چەوساندنەوەی نەتەوایەتی: لەبەر هۆکاری چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بە دەیان هەزار کەسی خەڵکی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، شوێنی لەدایکبوون و ژیانیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان لە چیاکان کردووە و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی یەکانیاندا، چەکیان هەڵ گرتووە.

– مەترسی کوشتن: هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە، هەمیشە پەلاماری خەڵک دەدەن و بە بیانووی پشگیریکردنی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەوە، ڕاویان دەنێن و دەیان کوژن، بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی لە ناچاریدا، بۆ ئەوەی خۆیان لەو دەسدرێژییانەی هێزەکانی داگیرکەر بپارێزن، ڕادەکەن و پەنا بۆ بە نێوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش و چیاکان دەبەن.

– گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانی کوردستان: دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، بە سەدان هەزار کەسیان لە خاکی باوباپیرانیانەوە، بۆ نێوچەکانی بندەستی خۆیان و دەرەوەی کوردستان گواستۆتەوە، لەبری ئەوانە تورک و فارس و عەرەبیان لە شوێندا چاندوون، تا بە خەڵکی بسەلمێنن، ئەو شوێنانە کوردستان نییە.

– بنکەی جەنگی: دروسکردنی هەندێ بنکەی سەربازیی و فڕۆکەخانەی جەنگی، لە دەوروبەری شارەکانی کەرکووک و ماردین... وایان لە خەڵکی ئەو نێوچانە کردووە، بۆ جێگەیەکی دیکە کۆچ بکەن، تا لە گیروگرفتەوە دوور بن.

– پاراستنی بیرە نەوتەکان: کوردستان لە ڕووی سامانی سروشتییەوە، بە تایبەتی نەوت، زۆر دەوڵەمەندە. ئەم دەوڵەمەندییە بە شێوەیەکی، لە هەر شوێنێ بیرێ لێ بدرێ، نەوتی لێ دەدوزرێتەوە. ئەگەر ئەو بیرە نەوتانە لە گوندەکانەوە نزیک بن، ئەوا دەزگاکانی دەوڵەت، دانیشتووانی ئەو نێوچانە، بۆ شوێنێکی دیکە ڕادەگوێزن.

ئەنجامەکانی ڕەوکردنی ناوەکی

لە ئەنجامی ڕەوکردنی ناوەکیدا، کۆمەڵە دیاردەیەکی ڕامیاریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دێتە کایەوە، جا ئەو دیاردانە، چ لەو شوێنانەدا بێ کە خەڵکی کۆچیان لێ دەکات، یا لەو شوێنانەدا بێ کە خەڵکی کۆچیان بۆ دەکات، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ. بە کورتی خۆیان لە مانەدا دەبینن:

- شێواندنی پێکهاتەی تەمەن و توخم

وەکوو دەردەکەوێ، ئەوانەی بۆ شارە گەورەکان ڕەو دەکەن، بە زۆری نێرینەن و تەمەنیان لە نێوان ١٥ – ٢٠ ساڵان دایە. ئەنجامی ئەم کۆچکردنەش، ئەوەیە کە ڕێژەی ئەم دەستەیە لە گوندەکاندا کەم دەکا و لە شارەکاندا زیاد دەکات.

- زیادبوونی بێکاری لە شارەکاندا

زۆربەی ئەو کەسانەی ڕوو لە شارەکان دەکەن، بۆ مەبەستی کار پەیدا کردنە، لەبەر ئەوەی لە شارەکاندا کارێکی زۆر دەست ناکەوێ، پرۆژەی ئابووری زۆری تێدا نییە، بازاڕی شارەکان توانای ئەوەیان نییە، بۆ کرێکارە بێکارە کۆنەکانی شارەکان خۆیان و ئەو کرێکارە بێکارە تازانەی لە گوندکانەوە هاتوون، کاریان بۆ بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوە دەبینین، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارە کۆچکردووەکان، بەبێ کار دەمێننەوە.

- ناشیرینکردنی دیمەنی شارەکان

ئەو پارە و پوڵەی ڕەوکەرەکان پێیانە، تا لەشارەکاندا کارێ دەدوزنەوە و بە تەواویی دادەمەزرێن، بەشی خواردن و کرێ خانوو ناکات.لەبەر ئەوە ڕەوکەرەکان ناچار دەبن، لە دەرەوەی شار و لەو شوێنانەدا کە موڵکی شارەوانی نین، یاخود دەستی دەزگاکانی شارەوانی پێدا ناگات، هەندێ خانوبەرەی خواروخێچ، لە قوڕ و تەنەکە و دار و دەوار دروست دەکەن، تا تێیدا بحەوێنەوە، ئەو خانووانە بە شێوەیەکن، کە دیمەنی شارەکە تێک دەدەن.

- هەرا وئاژاوە

لەو گەڕەکانەی ڕەوکەرەکانی لێ دەژین، لەبەر نەبوونی هێمنی و ئاسایش، لە ژیانی ڕۆژانەدا گەلێ گیروگرفت و هەراوئاژاوە و ناخۆشی ڕوو دەدات. ئەمەش زیاتر بۆ ئەم چەند

فاکتەرانە دەگەڕێتەوە: جیاوازیی دابونەریتی ڕەوکەرەکان، نەبوونی هۆکانی ژیان وەکوو ئاو و کارەبا و جادە و شەقامی قیرتاو و هۆکانی هاتوچۆ، بڵاوبوونەوەی بێکاری لە نێویاندا.

دووەم: ڕەوکردنی دەرەکی

مەبەست لە ڕەوکردنی دەرەکی، ئەو چەشنە ڕەوکردنانەیە کە ڕەوکەران سنووری ڕامیاری دەوڵەت دەبڕن، واتە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە کۆچ دەکەن.

ژمارەی ڕەوکەرانی دەرەکی، واتە ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی کوردستان بەجێ دەهێڵن و ژمارەی هەموو ئەو بێگانانەی دێن بۆی، ئامارێکی تایبەتی لەو بارەیەوە، لەبەر دەستدا نییە. بەپێی بۆچوونی هەندێ کەس، ژمارەی بێگانەکان، لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە دەوروبەری پێنج هەزار کەسدا بوون، (تەنیا لە باکووردا دوو هەزار کەس بوون). بەڵام ئەم ژمارەیە، زۆر زیاترە، ئەگەر ژمارەی هەموو ئەو کەسانەشی لەگەڵدا حیساب بکەین، کە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریاوە، کۆچیان بۆ کوردستان کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون، دەتوانین بڵێین ئەو کاتە، ژمارەیان دەگاتە چەند ملیۆنێک. بەڵام ژمارەی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بەپێی هەندێ سەرچاوەی ڕامیاری، خۆی لە دەوروبەری دوو ملیۆن کەس دەدات. ئەگەر هەموو ئەوانەشیان لەگەڵدا حیساب بکەین، کە لە وڵاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا دەژین، ئەوا ژمارەکە دوو ئەوەندە دەبێ.

هۆکانی ڕەوکردنی دەرەکی

هۆکانی ڕەوکردنی دەرەکی، لە کۆمەڵێ فاکتەری ڕامیاریی و ئابووریی پێک هاتوون. وا لە خوارەوە لێیان دەدوێین:

- سەرنەکەوتنی شۆڕش

دوای کوژاندنەوەی هەر شۆڕشێکی چەکداری، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، زۆر بە شێوەیەکی کێوییانە داخی دڵی خۆیان بە خەڵکی بێتاوانیان ڕشتووە، لەبەر ئەوە گەلێ لە شۆڕشگێڕانی کورد، بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان نەگەڕاونەتەوە و ڕوویان لە یەکێ لە دەوڵەتەکانی نێوچەکە، یا یەکێ لە دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان کردووە، یاخود بە بیانووی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان، یارمەتی شۆڕشیان داوە و چەکیان هەڵ گرتووە، پەلاماری دانیشتووانی گوند و شارۆچکە و شارەکانی کوردستانیان داوە و بەرەو خاکی

دەوڵەتە داگیرکەرەکان ڕاپێچیان کردوون. بۆ نموونە، ئەنفالی سەر و ماڵی خەڵکی لە باشووری کوردستاندا، کە لە لایەن دەوڵەتی داگیرکەری عێراقەوە، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٨ – ١٩٩٠دا کرا، نزیکەی ١٨٣ هەزار کەس گیران و بەرەو بیابانەکانی سەر سنووری نێوان عێراق و عەرەبستانی سعوودییە و ئوردون ڕاپێچ کران و هەمووش لەوێ بە کۆمەڵ گوللەباران کران. هەروەها ڕاگوێزانەوەی زۆربەی گوند و شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و دهۆک، هەزاران گوند لە نێوچەکانی سیرت و دیاربەکر و دەرسیم.

– سەپاندنی دەسەلاتی دەوڵەت

بە بیانووی پارێزگاریکردنی یەکێتی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاک و گەڕانەوەی ئاشتیی و ئاسایش و هێمنی و چەسپاندنی دەسەلات، دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عیراق و سووریا، بە دەیان هەزار سەرباز و پۆلیس و سیخوڕ و چڵکاوخۆر و فەرمانبەری تورک و فارس و عەرەبیان هێناوەتە کوردستانەوە.

– گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستان

هەر لە ساڵەکانی بیستەوە، تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، بە بەردەوامی ژمارەیەکی زۆریان لە تورک و فارس و عەرەب هێناوە و نیشتەجێیان کردوون، تا ڕێژەیان لە نێو دانیشتووانی کوردستاندا زیاد بکا. ئەم بەرنامەیە لە سەرەتادا زیاتر لە نێوچەی سەر سنوورەکان بەگەڕ خراوە، پاشان پەلیان بۆ نێوچە ستراتیژییەکان هاویشتووە، تا لەو ڕێگایانەوە، لە پانتایی خاکی کوردستان کەم بکەنەوە و نێوچە ئیدارییەکانی ئەم وولاتە بەرتەسک بکەنەوە.

– نەبوونی ئاسایش

جەنگ لە کوردستاندا، پاڵی بە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانەوە ناوە، کە وولاتەکەیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان بکەن، تاکوو ژیانێکی ئاسایی و دوور لە چەرمەسەری، بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن و لە ڕاونان و گرتن و کوشتن و بڕینەوە دوور بن.

- گۆڕانکاریی لە ژیانی ئابووریدا

بێکاریی و بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنیی و هەموو پێویستییەکانی دیکەی ژیان و کەم دەرامەتیی، وای لە هەزاران خەڵکی بێچارە کردووە، کە نیشتمانەکەی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە پێناوی پەیداکردنی کار و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیاندا، پەنا بۆ دەوڵەتەکانی جیهان (بە تایبەتی ئەورووپا) بەرن و پەنابەری بۆ خۆیان هەڵ بژێرن، کە دواتر گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر شێوازی ژیانیاندا دێت.

- ڕاهاتن لەگەڵ ژیانی دەرەوەدا

ئەوانەی بۆ خوێندن ڕێیان کەوتۆتە دەرەوەی وولات، هەندێکیان دوای ئەوەی خوێندنەکەیان تەواو دەکەن، تاقەتی ئەوەیان نییە لەو وولاتانەوە، بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، جا لەبەر هەر هۆیەک بێ، لەبەر ژنهێنان بێ یاخود لەبەر ڕاهاتن و کارپەیداکردن و کاریگەرێتی ئەو کلتورە نوێیە بێ لەسەریان، گرنگ نییە.

چڕیی دانیشتووان

وەکوو دەزانین، لە هەندێ نێوچەدا دانیشتووان زۆرن و لە هەندێ نێوچەی دیکەش کەمن، نێوچەی واش هەن، کەسی تێدا ناژی. بۆ ئەوەی بە تەواویی نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیی دانیشتووان بزانین، دەبێ وەک جوگرافیزانێ، باسی چڕی دانیشتووان بکەین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، دەبێ ژمارەی دانیشتووان، لەسەر یەک کیلۆمەتری چوارگۆشە (کچگ) زەوی (بە هەموو جۆرەکانییەوە) دیاری بکەین.

چڕی گشتیی

چڕی گشتیی دانیشتووان لە کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٤٥ کەس بوو لە یەک کیلۆمەتری چوارگۆشەدا. ئەم دیاردەیە لەچاو چڕی دانیشتووانی دەوڵەتەکانی تورکیا (١٩٨٥ - ٦٥ کەس) و سووریا (١٩٨٦ - ٥٠ کەس) کەمترە. بەڵام لە چڕی دانیشتووانی ئێران (١٩٨٦ - ٣٠ کەس) و عێراق (١٩٨٧ - ٣٦ کەس) زیاترە.

هۆکانی دابەشبوونی دانیشتووان

یەکەم: هۆ سروشتییەکان

- دیاردەی ڕووبەر

خانوو دروسکردن، جادە ڕاکێشان، کەناڵ لێدان، هاتوچۆ لە نێوچە تەختاییەکان، لەچاو نێوچە ئاوییەکان یا نێوچە شاخاوییەکاندا، گەلێ ئاسانترە. لەبەر ئەوە خەڵکی زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکەن، لە نێوچە تاختاییەکاندا بژین، وەک لە نێوچانەکانی دیکە.

- سەرچاوەی ئاو

ئاو پێویستییەکی ڕۆژانەی گەلێ گرنگە، بۆیە سەرچاوەکانی ئاو، کانی، بیر، چەم، ڕووبار، ئەم شوێنانە هەموو مەڵبەندی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دیاری دەکەن، بە مەرجێ لە تەنیشت ئەو سەرچاوانەوە، زەوی بۆ کشتوکاڵ کردن هەبێ و ئاووهەواش تا ڕادەیەک لەگەڵ ژیاندا بگونجێ.

- پلەی گەرما

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ هەوڵی داوە، زیاتر لەو شوێنانەدا بژی، کە پلەی گەرمای مامناوەندییە و بارانبارینیشی بەشی ئەوەندە بکات، تا بە ئاسانی دەغڵودانی لێ بچێندرێ و شین ببێ. لەبەر ئەوە، ئەو شوێنانەی لە کوردستاندا ئاووهەوایان خۆشترە، خەڵکیان زیاتر لێ دەژی لەچاو نێوچەکانی دیکەدا.

- بەپیتی زەوی

پانتاییەکی دیاریکراوی زەوی کشتوکاڵ، ئەگەر بەپیت و بەرەکەت بێ، لەو زەوییانەی بێپیتن، توانای بەخێوکردنی خەڵکیان زیاترە. بۆیە دەبینین، ئەو شوێنانەی زەوییەکانیان بەپیتن، دانیشتووانیان زیاتر.

- کاروباری ئیداری

لەبەر ئەوەی سەنتەری یەکە ئیدارییەکان، مەڵبەندی سەرەکی کاروبارە ئیداری و کڕین و فرۆشتن، دەزگاکانی تەندروستی: (نەخۆشخانە، دەرمانخانە، دکتۆر)، خوێندن: (پەیمانگاکان و زانکۆکان و خوێندنی دیکە)، ڕاگەیاندن: (ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، ڕۆژنامەگەری)، شوێنی ڕابواردن: (شانۆ، سینەما، گازینۆ، چایخانە...) ئەمانە هەمووی کارێکیان کردووە، کە خەڵکی زیاتر بۆ ژیان و کارکردن، ڕوویان تێ بکات، بۆیە چڕی دانیشتووان لە یەک (کچگ) دا، لەچاو شوێنە گشتییەکانی دیکەدا، چەندین جار زیاترە، هەرچەندە سەنتەری یەکە ئیدارییەکان گەورەتر بێ، ئەوەندە زیاتر خەڵکی رووی تێدەکات

- دووریان

یەکگرتنەوەی ڕێگاوبانەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا، زیاتر دەبێتە هۆی پەیدابوونی کاری خزمەتگوزاریی و ئاڵوگۆڕکردن و هاتوچۆ، هەندێ جاریش هەندێ پیشەسازیی پچکۆلە، لەو شوێنانەدا دادەمەزرێندرێ، کە بە هۆی هەموو ئەو هۆیانەوە، خەڵکی ڕوولەو نێوچانە دەکەن و زیاتر نیشتەجێ دەبن و بەرە بەرە چڕی دانیشتووان لە یەک (کچگ) دا، زیاد دەکات.

- دەرهێنانی کانزاکان

دەرهێنانی کانزاکان و بەکارهێنانیان لە هەر نێوچەیەکدا، لە ماوەیەکی کورتدا، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێ و کرێکارێکی زۆر بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە، لەو نێوچەیەدا کۆ دەبنەوە و کار دەکەن. ئەمە لە لایەکەوە خۆی لە خۆیدا، قەرەباڵغییەک پەیدا دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە، لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی و هاتوچۆکردن و ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەلدا، جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی و بازرگانیی، بۆ کەسانی دیکە دێنێتە کایەوە.

سێیەم: هۆ ڕامیارییەکان

- کۆکردنەوەی خەڵکی

کۆکردنەوەی دانیشتووانی چەند گوندێ لە شوێنێکی دیاریکراودا، وەکوو ئەو کۆکردنەوە زۆرەملیانەی لە باشووری کوردستاندا، لە دوای ساڵەکانی ١٩٧٠ز دەستی پێ کرد، پلەی چڕی دانیشتووان لە شوێنێکی دیاریکراودا بەرز دەکاتەوە. بۆ نموونە، چڕی دانیشتووانی ناحیەی دیانا، لە ساڵی ١٩٦٥دا، ٣٥ کەس بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧دا ئەو چڕییە زیاەی کرد و گەیشتە ٩٣ کەس لە یەک (کچگ)ەدا، واتا نزیکەی سێ جاری زیاد کردووە.

- بنکەی سەربازیی

دامەزراندنی بنکەی سەربازیی لە هەر شوێنێکدا، بە یەکێ لە ئاکامەکانی زیادکردنی ژمارەی دانیشتووان، لە یەک یەکەی ڕووبەردا دادەنرێ. دیارە لە کوردستاندا، بەرزی چڕی دانیشتووانی هەندێ نێوجە، بە کاریگەرێتی ئەم فاکتەرەوە بەسراوەتەوە.

- بارەگای هێزە ڕامیارییەکان

دامەزراندنی بارەگای هەندێ لە هێزە ڕامیارییەکانی ووڵات، لە نێوچەیەکی دیاریکراودا، وەک فاکتەرێکی بەرزبوونەوەی پلەی چڕی دانیشتووان لەو نێوچانەدا، ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکات. لەو جێگایانەدا بە بەردەوامی، کۆمەڵێ خەڵکی تێدا دەژی، لە هەمان کاتیشدا، ڕۆژانە بەسەدان کەس، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، دێن و دەڕۆن. ئەم جوڵانەوەیەش پێویستی بە خزمەتکردنی جۆراوجۆر هەیە.

جیاوازیی هەرێمەکان لە چڕیی گشتیدا


لەبەر ئەوەی پارێزگاکانی کوردستان، لە ڕووی پانتایی و ژمارەی دانیشتووان و باری پێشکەوتنی پیشەسازیی و بەرهەمی هەمەجۆرەی کشتووکاڵ و گەورەیی و گچکەیی سەنتەرە ئیدارییەکان و شوێنی جوگرافییان، لە یەکدی جیاوازن، پلەی چڕی دانیشتووان لە نێوانیاندا، وەکوو یەک نیین. تەماشای خشتەی ژمارە (٢٠) و نەخشەی ژمارە (٧) بکە.

خشتەی ٢٠

شێی ڕێژەیی لە مانگەکانی ساڵدا، ١٩٨٠

مانگ	ئێستگە						
	حەویجە	کەرکووک	ئەرزەڕۆم	ئورفە	وان	شەهری کورد	ئیلام
ژەنیوەری	٥٤	٧٥	٧٦	٧٨	٧٠	٥٥	٧١
فێبروەری	٥٩	٦٥	٧٥	٦٧	٧١	٥٢	٧٠
مارس	٤٩	٥٩	٧٤	٦٥	٦٩	٥٥	٥٦
ئەپریل	٤١	٤٩	٦٥	٥٣	٦٤	٥٠	٦٠
مایی	٢٦	٣٢	٦٠	٤٣	٥٧	٦٠	٥٥
یونی	١٦	٢٠	٦٥	٣٠	٥٠	٥٥	٤٥
یول	١٥	١٩	٥٠	٢٧	٤٤	٤٢	٣٦
ئوگوست	١٦	١٨	٤٦	٢٨	٤١	٣٢	٣٢
سەپتەمبەر	١٣	٢١	٤٩	٣٢	٤٣	٣٠	٢٩
ئوکتۆبەر	٢٥	٢٩	٦٠	٤٢	٥٨	٣٧	٤٧
نۆڤەمبەر	٣٣	٤٩	٧١	٥٨	٦٧	٤٥	٥٥
دێسەمبەر	٤٢	٦٩	٧٥	٦٩	٧٠	٥١	٥٦
کۆ	٣٢	٤٨	٦٣	٤٨	٥٩	٤٧	٥١

نەخشەی ٧


1 2 000 000
کەس لە یەک کچگ
١٠٠ کەس و زیاتر
٧٥ – ١٠٠
٥٠ – ٧٥
٢٥ – ٥٠
١٠ – ٢٥
١٠ و کەمتر
نەخشەی ٧
چڕیی گشتیی دانیشتووان، ١٩٨٥

- چڕی گشتیی زۆر بەرز (٨٠ کەس و بەرەو ژوور)

بەرزترین چڕی لە پارێزگاکانی موسڵ و گازی ئانتەب دایە، نزیکەی دوو جار لە چڕی دانیشتووانی هەموو وولات زیاترە. ئەمەش لەبەر هەبوونی دوو شاری هەرە گەورەی وولات (موسڵ و گازی ئانتەب) پیشەسازی گەورە و گچکەی جۆراوجۆر بە تایبەتی فیتەرچی، جگە لەوەی ڕێژەی پانتایی زەوی چاندراو گەلێ زۆرە و بەرهەمیشی زۆرە. لە هەمان کاتدا، سەنتەرێکی گەورەی هاتوچۆکردن و پێکگەیشتنی شارەکانی کوردستان و دەرەوە پێک دەهێنێ، بازرگانییەکی گەرموگوڕیشی تێدایە. هەروەها بە مەڵبەندێکی گەورەی کلتوریی و خوێندن دادەنرێ و گەلێ پەیمانگا و زانکۆی لێ کراوەتەوە.

- چڕی گشتیی بەرز (٥٠ - ٨٠ کەس)

پلەی چڕی گشتیی لە پارێزگاکانی مەرعەش و کرماشان و دیاربەکر و ئادیەمان و سلێمانی و مەلاتیە و کەرکووک و ئەلازیغ و هەولێر و ئازەربایجانی غەربی و ماردین، لە پلەی چڕی تێکڕای کوردستان زیاترن. هۆی ئەم زۆرییەش جۆراوجۆرن، لەوانە: هەبوونی شاری گەورە، ژمارەیەکی زۆر لە دەزگای پیشەسازیی بە تایبەتی گۆڕین، ئاستی بەرهەمی سالانەی کشتووکاڵ، لە یەک هێکتاردا بەرزە.

- چڕی گشتیی ناوەندی (٣٠ - ٥٠ کەس)

گەورەیی و فراوانی پانتایی زەوی، لەچاو ژمارەی دانیشتوواندا، کشتوکاڵی فراوان، نەبوونی پیشەسازیی گەورە (١٠ کەس و زیاتر)، ئەمانە هەموویان ئەو فاکتەرانەن، کە بوونەتە هۆی نزمی پلەی چڕی دانیشتووان، بە بەراوردکردن لەگەڵ دوو گرووپەکەی پێشوودا .بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا لە چڕی پارێزگاکانی سەرانسەری وولات زیاترن..

- چڕی گشتیی نزم (٣٠ کەس و کەمتر)

مەبەست لە چڕی گشتیی نزم ئەوەیە، کە لە پلەی چڕی سەرانسەری دانیشتووانی پارێزگاکانی کوردستان کەمترە. ئەم پلەی چڕییەش خۆی لەم پارێزگایانەدا دەبینێ: بینگۆڵ، کوهگیلویە، وان، ئەرزنجان، دەرسیم، هەکاری. هەندێ لەو هۆیانەی ئەم نزمییەیان لەو پارێزگایانەدا هێناوەتە کایەوە، بۆ کەمی زەوی کشتوکاڵ و دواکەوتوویی باری ئابووریی و نائارامی باری ڕامیاریی و ژیانی کۆچ و ڕەوکردن و کەم ئاویی دەگەڕێتەوە.

چڕیی کشتووکاڵی

چڕیی گــشـــتی لـه وولاتێکدا، وێنەیەکی تـەواومـــان ناداتێ، لەبەر ئەوەی لە کـــاتی دابەشکردنی زەوییەکاندا بەسەر دانیشتوواندا، هەموو وەکوو یەک سەیر کراون. بۆ زانینی ژمارەی تەواوی دابەشبوونی دانیشتووان، جوگرافیزانەکان، دانیشتووانی گوندەکان بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکاندا دابەش دەکەن، ئەمەشیان بە چڕی کشتووکاڵی ناو ناوە.

چڕی کشتووکاڵ:- لە ساڵی ١٩٨٥دا، بریتی بوو لە ٥٧ کەس لە یەک کچگ دا. ئەم چڕییەش لەچاو چڕی هەندێ لە وولّاتەکانی باشووری - ڕۆژئاوای ئاسیادا بۆ نموونە - عێراق (١٩٨٧ - ٢٧٨ کەس) زۆر کەمتر بووە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە، کە کوردستان وولاتێکی شاخاوییە.

جیاوازی نێوان نزمترین و بەرزترین دیاردەی چڕی کشتوکاڵی، زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە یەک کچگ دا دەبێ. بەرزترین چڕی کشتووکاڵی لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە پارێزگای ئازەربایجانی غەربی بوو (١٠٣٠ کەس)، نزمترینیشیان لە پارێزگای وان بوو (٢٤ کەس)، هەموو پارێزگاکانی دیکەش، دەکەونە نێوان ئەم دوو چڕییەوە.

بەشی پێنجەم: شارنشین و گوندنشین

کوردستان یەکێ لەو وولاتانەی سەر ڕووی زەمین پێک دەهێنێ، کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تێیدا ژیاوە و بە تواویی نیشتەجێ بووە و ئاوەدانی تێدا دروست کردووە. لەبەر ئەوەی ئاووهەوای بۆ ژیانی کۆمەلآنی خەڵکی سازگار بووە، زەوی بەپیتی زۆری هەبووە و خەڵکی لە دێر زەمانەوە، ئەو زەوییانەیان چاندووە، لە دار و بەرد، کەرەسەی کشتوکاڵیان دروست کردووە، تا وردە وردە خەڵکی پێکەوە کۆ بوونەتەوە و پەیوەندی کۆمەلآیەتیی و ئابووریان لە نێوانیاندا پەرەی سەندووە، لە ئاکامدا دەستیان بە ئاوەدانکردنەوە و دروسکردنی خانوبەرەی خۆیان کردووە. گردی چەرمۆی نزیکی شاری کەرکووک، یەکێ بووە لەو ئاوەدانییانەی، لە سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، واتە چەند هەزار ساڵێ پێش ئێستا مرۆڤ دروستی کردوە، کە ئەورۆ بە کۆنترین ئاوەدانی نێوچەی ڕۆژهەلآتی نێوەڕاست دادەنرێ.

ژیانی ڕامیاریی، ئابووریی و کۆمەلآیەتیی، لە یەک کات و بە یەک شێوە و پلە، وەکوو یەک گەشەی نەکردووە. ئەم پرۆسەیە، لەو ئاوەدانیانەی کەوتبوونە سەر ڕێگە و بانەکان و ئەوانەی لە نێوان دوو نێوچەی بە بەرهەمی جیاوازی (کشتووکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەوە) هەڵ کەتبوون، لەو ئاوەدانیانەی خەڵکەکەی زیاتر بە دروسکردنی کەلوپەلی نێوماڵ و کشتوکاڵ خەریک بوون، هەروەها ئەو نێوچانەی بە سەنتەرێکی خواپەرسی دادەنران، لە هەموو ئەو نێوچانەدا، پرۆسەی گۆڕان و گەشەسەندن، خێراتر و بە تەوژمتر بووە لەچاو نێوچەکانی دیکەدا دەتوانین بڵێین، لە نێو ئەو ئاوەدانیانەشدا، نێوچەی وا هەبووە، لە ئاوەدانیەکانی دیکەی دەوروبەری زیاتر پەرەی سەندووە و خێراتر ئاوەدان کراوەتەوە.

٠١ شارنشین

سەرەتای پەیدابوونی شار لە کوردستاندا، بۆ کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. وەک شارەکانی ئەربائیلۆ (ئەربیل – هەولێر) و ئەرابخا (کەرکووک)... تاد. شاری هەولێر یەکێکە لە کۆنترین شارە مێژوویەکانی جیهان. ئەم شارە نەک هەر توانی وەک سەنتەرێکی شارستانی و هەندێ جاریش وەکوو گەورەترین، شاری باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا بمێنێتەوە، بەڵکوو ناوەکەی خۆشی پاراست، لە کاتێکدا شارە هاوتەمەنەکانی هەولێر، ئەورۆ تەنیا پاشماوە و کەلاوەکانیان ماون.

ژماره و دینامیکی شارنشینەکان

لەبەر ئەوەی کوردستان بەسەر دوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا دابەش کراوە، یەک پێناسەی دیاریکراو بۆ شار نییە. لە باکووری کوردستاندا، بەو ئاوەدانیانە دەڵێن شار، کە سەنتەری پارێزگا (ئیل)، قەزا (ئیلچە)،هەروەها ئەوانەی ژمارەی دانیشتووانیان لە دە هەزار کەس زیاترە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ شار، کە وەزارەتی شارەوانی پلەی شارداری پێ بەخشیوون، ئەمانەش لە سەنتەری پاریزگاکان (ئوستان)، قەزا (شارستان)، ناحیە (بەخش) و هەندێ ئاوایی دیکە پێک هاتوون. لە باشووری کوردستاندا، بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ شار، کە سەنتەری یەکە ئیدارییِن (پارێزگا و قەزا و ناحیە) بێ ئەوەی ژمارەی دانیشتووان و جۆری چالاکی ئابووریی دانیشتوانەکەی تێدا ڕەچاو بکرێ. لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، بەو ئاوەدانیانە دەوترێ شار، کە سەنتەری پارێزگا و قەزان و هەروەها ئاوەدانییەکانی دە هەزار کەس زیاتر.

ڕێژەی شارنشینەکان بەپێی پێناسە ڕەسمییەکان، لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٤٥,٢٪ی (١١ ملیۆن کەس) گشت دانیشتووانی کوردستانی پێک دەهێنا. ئەم ڕێژەیە لەچاو هی ڕێژەی تورکیا (١٩٨٥ – ٥٣,٧٪)، ئێران (١٩٨٦ – ٥٤,٣٪)، عێراق (١٩٨٧ – ٧٠,٢٪) و سووریا (١٩٨٥ – ٥١,٨٪) کەمترە.

ژمارە و ڕێژەی شارنشینەکان، بە بەردەوامی لە زیاد بوون دان، تەماشای خشتەی ژمارە (٢١) بکە.

ژمارەی دانیشتووانی شارەکان لە چل ساڵی ڕابردوودا، ١٣ ملیۆن و ٣١٥ هەزار کەسیان زیاد کردووە. هۆکانیشی بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە:

– کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شارەکان.

– پاراستنی ئاستی بەرزی زیادبوونی سروشتی.

– هاتنی بێگانەیکی زۆر بۆ کوردستان.

– گواستنەوەی دانیشتووانی گوندەکان بۆ شارەکان، یاخود گواستنەوەیان بۆ ئاوەدانییە نوێکان، کە بەپێی پێناسەی تازە، بە شار دادەنرێن.

– گۆڕینی ستاتوسی هەندێ لە ئاوەدانییەکان لە گوندەوە بۆ سەنتەری یەکە ئیدارییەک.

خشتەی ٢١ ژمارە و ڕێژەی شارنشین و گوندنشین لە کوردستاندا، ١٩٥٥-١٩٩٥ (خامڵاندن)

ساڵ	دانیشتووان هەزار	شارنشین هەزار	شارنشین ٪	گوندنشین هەزار	گوندنشین ٪
١٩٥٥	٩٧٥٠	٢٣٧٩	٢٤,٤	٧٣٧١	٧٥,٦
١٩٦٥	١٢٩٨٦	٤١١٧	٣١,٧	٨٨٦٩	٦٨,٣
١٩٧٥	١٧٤٢٨	٦٩٨٧	٤٠،١	١٠٤٤١	٥٩,٩
١٩٨٥	٢٣٥١٩	١٠٦٢٣	٤٥,٢	١٢٨٩٦	٥٤,٨
١٩٩٥	٣١٠١٥	١٥٦٩٤	٥٠,٦	١٥٣٢١	٤٩،٤


پارێزگاکان لە نێوان خۆیاندا، لە ڕووی پلەی شارنشینییەوە، جیاوازییەکی یەکجار زۆریان هەیە. دانیشتووانی پارێزگای هەولێر، لە ٧٧,٤٪ لە شارەکاندا دەژین. تەنیا لە ٢٣,١٪ی دانیشتووانی موش، لە شارەکاندا دەژین. تەماشای خشتەی ژمارە (٢٢) و گرافی ژمارە (٧) بکە.

بۆ ئاسانکردنی شیکردنەوەی پلەی شارنشینی پارێزگاکان (ژمارەی شارنشینەکان بۆ ژمارەی گشت دانیشتووان)، هەوڵ دەدەین، لەم گروپانەی لای خوارەوەدا دەسنیشانیان بکەین:

خشتەی ٢٢ **پایەی شارنشینیەتی لە پارێزگایەکاندا، ١٩٨٥**

پارێزگا	دانیشتووان هەزار	شارنشین		گوندنشین	
		هەزار	٪	هەزار	٪
ئادیەمان	٤٣١	١٥١	٣٥,١	٢٨٠	٦٤,٩
ئاگری	٤٢١	١٤٢	٣٣,٧	٢٧٩	٦٦,٣
بینگۆڵ	٢٤٢	٦٢	٢٥,٣	١٨٠	٧٤,٧
بدلیس	٣٠١	١٢٠	٣٩,٨	١٨١	٦٠,٢
دیاربەکر	٩٣٥	٤٧٢	٥٠,٥	٤٦٢	٤٩,٥
ئەلازیغ	٤٨٤	٢٣٤	٤٨,٣	٢٥٠	٥١,٧
ئەرزنجان	٣٠٠	١١٢	٣٧,٤	١٨٨	٦٢,٦
ئەرزەڕۆم	٦٣٤	٣١١	٤٩,٠	٣٢٣	٥١,٠
گازی ئانتەب	٩٦٦	٦٤٣	٦٦,٥	٣٢٣	٣٣,٥
هەکاری	١٨٣	٥٦	٣٠,٤	١٢٧	٦٩,٦
مەلاتیە	٦٦٦	٣٠٨	٤٦,٢	٣٥٨	٥٣,٨
مەرعەش	٦٣٩	٢٩٤	٤٦,٠	٣٤٥	٥٤,٠
ماردین	٦٥٢	٢٤٤	٣٧,٤	٤٠٨	٦٢.٦
موش	٣٣٩	٧٨	٢٣,١	٢٦١	٧٦,٩
سیرت	٥٢٥	٢٣٧	٤٥,٢	٢٨٨	٥٤,٨
دەرسیم	١٥٢	٤٣	٢٨,٤	١٠٩	٧١,٦
ئۆرفە	٧٩٥	٤٠١	٥٠,٥	٣٩٤	٤٩,٥
وان	٥٤٧	١٨٩	٣٤,٦	٣٥٨	٦٥,٤
ئازربایجانی غ	١٩٧٢	٩٠٣	٤٥,٨	١٠٦٩	٥٤,٢
کرماشان	١٤٦٣	٨٢٢	٥٦,٢	٦٤١	٤٣,٨
کوردستان	١٠٧٨	٤٢٨	٣٩,٧	٦٥٠	٦٠,٣
بەختیاری	٦٣١	٢٢٩	٣٦,٣	٤٠٢	٦٣,٤
لوڕستان	١٣٦٧	٦٣٩	٤٦,٧	٧٢٨	٥٣,٣
ێیلام	٣٨٢	١٥٧	٤١,١	٢٢٥	٥٩,٠
کوهگیلویە	٤١٢	١١١	٢٦,٩	٣٠١	٧٣,١
نەینەوا	١٣٣٠	٩٤٨	٧١,٣	٣٨٢	٢٨,٧
کەرکووک	٦٠١	٤٥٣	٧٥,٤	١٤٨	٢٤,٦
دهۆک	٢٩٣	٢١٩	٧٤,٦	٧٤	٢٥,٤
هەولێر	٧٧٠	٥٩٦	٧٧,٤	١٧٤	٢٢,٦
سلێمانی	٩٥٢	٦٨١	٧١,٥	٢٧١	٢٨,٥

گرافی ٧
شارنشین و گوندنشین



گرووپی یەکەم:

ڕێژەی شارنشینان لەم گرووپەدا، کە پارێزگاکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و دهۆک دەگرێتە خۆی، لە ٧٠٪ی گشت دانیشتووان زیاترن. هۆکانیش بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

- ڕوخاندنی نزیک لە چوار هەزار گوند و گواستنەوەی دانیشتووانیان و نیشتەجێکردنیان لە شارەکان.
- بەرزی ئاستی چالاکی ئابووریی دانیشتووان.
- نیشتەجێکردنی بێگانە لە شارەکاندا.
- کەمبوونەوەی ژمارەی گوندەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ یەکەی شارەکاندا.

گرووپی دووەم:

دانیشتووانی پارێزگاکانی موسڵ، گازی ئانتەب، کرماشان، ئورفە و دیاربەکر، لە نێوان ٥٠٪ تا ٦٨٪ یان لە شارەکاندا دەژین. هۆکانیش بۆ بەرزی چالاکی پیشەسازیی، گەرمی بازاڕ، کاری کشتوکاڵی، دوریان دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی ئەو شارانە بە سەنتەرێکی گرنگی خوێندن دادەنرێن.

گرووپی سێیەم:

ئەم گرووپە لە ڕووی ڕێژەی شارنشینانەوە، دوای دوو گرووپەکەی سەرەوە دێ. ڕێژەی شارنشینان لە پارێزگاکانی ئەرزەڕۆم، ئەلازیغ، لورستان، مەلاتیە، مەرعەش، ئازەربایجانی غەربی، سیرت، ئیلام، بدلیس، ئەرزنجان، بەختیاری، ئادیەمان، وان، ئاگری، هەکاری، لە نێوان ٣٠٪ تا ٤٩٪ی گشت دانیشتووان پێک هێناوە. هۆکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ: لە لایەکەوە تاکوو ئێستا گۆڕانێکی لەبەرچاو لە بواری چالاکی ئابوورییدا ڕووی نەداوە و ژمارەیەکی زۆر بە کاری کشتوکاڵەوە خەریکن، لە لایەکی دیکەشەوە کەرتی چالاکی پیشەسازیی نزمە و کەرتی خزمەتگوزارییش دواکەوتووە.

گرووپی چوارەم:

نزمترین ڕێژەی شارنشینان، لە پارێزگاکانی دەرسیم، کوهگیلویە، بینگۆڵ، موش، دایە. ڕێژەی شارنشینان لە ٣٠٪ی گشت دانیشتووان کەمترە. هۆکانیشی بۆ نەبوونی پیشەسازیی تازە و توانای کشتوکاڵی و پشگوێ خستنی دەوڵەت دەگەڕێتەوە.

دابەشکردنی شارەکان

شارەکان بە دوو شێوە دابەش دەکرێن: یەکەم، بەپێی قەوارەیان، واتا ژمارەی دانیشتووان. بۆ ئەم مەبەستەش زاراوەی ڕیزبەندی (تەرتیب) بەکار دەهێنین. دووەم، بەپێی چەشنی کار. بۆ ئەمەش زاراوەی پۆلێنکردن (تصنیف) بەکار دەهێنین.

ڕیزبەندی شارەکان


کوردستان ساڵی ١٩٨٥، خاوەنی ٣٨٦ ئاوەدانی بوو، کە هەموویان بە شێوەیەکی ڕەسمی بە شار ناسرا بوون. ژمارەی دانیشتووانی هەرە گەورەکەیان، لە نیو ملیۆن کەس تێپەڕی کرد بوو. ژمارەی دانیشتووانی هەرە پچووکەکەشیان، لە سەد کەس کەمتر بوو.

شارەکان بەپێی ژمارەی دانیشتووانیان، بەسەر نۆ دەستەدا دابەش دەکرێن. تەماشای خشتەی ژمارە (٢٣) و نەخشەی ژمارە (٨) بکە. بۆ ئەوەی بە تەواویی لە نەخشەی دابەشبوونی شارنشینەکان بگەین، ئەو شارانەی کە بە ژمارە لە یەکدییەوە نزیکن، کۆیان دەکەینەوە و لە ژێر دەستەیەکی گەورەتردا ڕیزبەندیان دەکەین.

خشتەی ٢٣ ڕیزبەندی شارەکان، بەپێی ژمارەی دانیشتووانیان، ١٩٨٥

چینەکانی شار	ژمارەی شار	دانیشتووان	
		هەزار	٪
٥٠٠ و زیاتر	٢	١٢٢٥	١١,٥
١٠٠-٥٠٠	١٧	٢٩٠٩	٢٧,٤
٥٠-١٠٠	٣١	٢٨٣١	٢٦,٦
٣٠-٥٠	٢٩	١١٣٨	١٠,٧
٢٠-٣٠	٣١	٧٧٦	٧,٣
١٠-٢٠	٥٩	٨١٧	٧,٧
٥-١٠	٨٢	٦٠٤	٥,٧
٢-٥	٧٨	٢٧٤	٢،٦
لە ٢ کەمتر	٥٧	٤٩	٠,٥
کۆ	٣٨٦	١٠٦٢٣	١٠٠,٠

نەخشەی شارەکان ٨



نەخشەی ٨ شارەکان بەپێی ژمارەی دانیشتووان، ١٩٨٥

یەکەم: شار

ئەم زاراوەیە بۆ ئەو ئاوەدانیانە بەکار دەهێنین، کە ژمارەی دانیشتووانیان لە بیست هەزار کەس زیاترە. لە ڕاستیدا هەر لەم ئاوەدانیانەدا، شار وەک تێگەیشتنێکی تەواو پێناسە دەکرێ، ئەمەش بەسەر چەند لقێکی دیکەدا دابەش دەکرێ:

- شارە گەورەکان (١٠٠ هەزار کەس و زیاتر)

ئەوڕۆ لە کوردستاندا، ١٩ شاری لەم چەشنە هەیە. واتە ٤,٩٪ی گشت شارەکان دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ٣٨,٩٪ی شارنشینی تێدا دەژین. هۆیەکانی بریتین لە: کۆبوونەوەی زۆربەی پیشەسازییە تازە و گەورەکان لەم شارانەدا، دوو لەسەر سێی هەموو دەزگا سەرەکییەکانی دەوڵەت و کاروباری ئیداریی زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگاکان و بەشی تەندروستی و نەخۆشخانەکان و جوڵانەوەی بازرگانی کڕین و فرۆشتن لەم شارانەدا خڕبوونەتەوە. لە نێوان هەموو ئەو شارانەشدا، موسڵ (١٩٨٧ - ٦٦٤ هەزار کەس)، کرماشان (١٩٨٦ - ٥٦١ هەزار کەس)، گازی ئانتەب (١٩٨٥-٤٧٦ هەزار کەس)، هەولێر (١٩٨٧ - ٤٤٦ هەزار کەس)، کەرکووک (١٩٨٧ - ٣٩٩ هەزار کەس)، سلێمانی (١٩٨٧ - ٣٦٤ هەزار کەس)، دیاربەکر (١٩٨٥ - ٣٠٦ هەزار کەس)، ئەمانە هەموو بە گەورەترین شاری کوردستان دادەنرێن.

- شارە ناونجییەکان (١٠٠ - ٢٠ هەزار کەس)

ژمارەی ئەم شارانە لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٩١ شار بوو، واتا ٢٣,٦٪ی گشت شارەکانی پێک دەهێنا. ژمارەی دانیشتووانیشیان ٤٤,٦٪ی گشت دانیشتووانی شارنشینان بوو. ئەم شارانە بە زۆری لە سەنتەری پارێزگا و قەزاکان پێک هاتوون. لە ڕووی پیشەسازیی، بازرگانیی و خوێندنەوە لەم شارانەدا، لەچاو ئەو شارانەی پێشووتردا، گەلێک نزمترە. هەروەها چالاکی ئابووری بەشی زۆربەی زۆری ئەم ئاوەدانیانە، لەسەر بناغەی کشتوکاڵ دامەزراوە.گەورەترین شارەکانی ئەم دەستەیە بریتییە لە: ورمێ (١٩٨٦ - ٣٠١ هەزار کەس)، ئەرزەڕۆم (١٩٨٥ - ٢٤٦ هەزار کەس)، مەلاتیە (١٩٨٥ - ٢٤٣ هەزار کەس)، مەرعەش (١٩٨٥ - ٢١٠ هەزار کەس)، خوڕەم ئاباد (١٩٨٦ - ٢٠٩ هەزار کەس)، سنە (١٩٨٦ - ٢٠٦ هەزار کەس).

دووەم: شارۆچکە

باری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی، لەو ئاوەدانیانەی کە ژمارەی دانیشتووانیان لە نێوان ٢٠ – ٥ هەزار کەس دایە، لەچاو ئەو ئاوەدانیانەی پێشوودا (٢٠ هەزار کەس و زیاتر) گەلێک دواکەوتوون،، لەبەر ئەوە بە هەڵەدا دەچین، ئەگەر هەمان زاراوەی شاریان بۆ بەکار بهێنین. بۆیە ئێمە لێرەدا، زاراوەی شارۆچکە پڕ بە پێستی ئەم ناوە دەزانین. شارۆچکەش بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکرێت:

– شارۆچکە گەورەکان (٢٠ – ١٠ هەزار کەس)

ژمارەی ئەم جۆرە لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٥٩ شارۆچکە بوو. ڕێژەی دانیشتووانیان، نزیکەی ٨٪ی گشت دانیشتووانی شارەکانی کوردستان بوو. واتا بە ژمارە و ڕێژە، لە گرووپی پێشوتر گچکەترە.

لەم شارۆچکانەدا جگە لە بەڕێوەبردن، گەلێ خزمەتگوزاری دیکە هەیە، وەکوو قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی کوڕان و کچان، خەستەخانە، دوکانی شتومەک فرۆشتنی هەمەچەشنە، فیترچی و جێگای چاککردنەوەی مەکینەی دیکە. لەگەڵ ئەم هەموو کارە شارییانەشدا، هێشتا کشتوکاڵ بە بناغەی چالاکی ئابووری دانیشتووان دادەنرێ.

گرنگترین شارۆچکەکانی ئەم بەشە، ئەمانەن: دەهدەشت (١٩٨٦ – ٢٠ هەزار کەس)، سایین قەڵا (١٩٨٦ – ٢٠ هەزار کەس)، عەینکاوە (١٩٨٧ – ١٩ هەزار کەس)، قەرەقۆش (١٩٨٧ – ١٩ هەزار کەس)، دەرسیم (١٩٨٥ – ١٨ هەزار کەس).

– شارۆچکە پچکۆلەکان (١٠ – ٥ هەزار کەس)

ئەگەرچی ژمارەی شارۆچکەکانی ئەم بەشە، لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٨٢ شارۆچکە بوو، بەڵام ژمارەی دانیشتووانیان، لە ٦٪ی گشت شارنشینان کەمتر بوو.لەم شارۆچکانەدا مرۆڤ دەتوانێ، پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی، لە خواردن و جلوبەرگ و هەندێ خزمەتگوزاریی وەکوو قوتابخانە و خەستەخانە و کارەبا، هەروەها لە هەندێ کەلوپەلی دەسکرد دابین بکات.

هەندێ لە شارۆچکە گرنگەکانی ئەم دەستەیە، ئەمانەن: بلداجی (١٩٨٦ – ١٠ هەزار کەس)، خانێ (١٩٨٥ – ١٠ هەزار کەس)، قەرەقۆچان (١٩٨٦ – ١٠ هەزار کەس)، لێجە (١٩٨٥ – ١٠ هەزار کەس)، بەرتەللە (١٩٨٧ – ١٠ هەزار کەس).

سێیەم: شارۆکە

ئاوەدانییەکانی ئەم دەستەیە، کە ژمارەیان لە ساڵی ١٩٨٥دا، ١٣٥ دانە بوو، ژمارەی دانیشتووانیشیان لە ٦٪ی لە ژمارەی گشت شارنشینیەکان کەمتر بوو، بە شارۆکە ناویان دەبەین. چونکە باری ئابووریی و کۆمەڵایەتییان، زۆر لە باری ئابووریی و کۆمەڵایەتی، گوندەکانی دەوروبەریان دەچن. لەگەڵ ئەوەشدا، جۆرە جیاوازییەکیان هەر لە نێواندا دەبینرێ. لەبەر ئەو هۆیە، وەک ئەو بەشانەی پێشووتر، بەسەر دوو بەشدا دابەشیان دەکەین:

– شارۆکە گەورەکان (٥ – ٢ هەزار کەس)

بە ژمارە بە یەکێ لە دەستە گەورەکان دادەنرێ، ژمارەیان لە ساڵی ١٩٨٥دا – ٧٨ شارۆکە بوو. ژمارەی دانیشتووانەکانیان، لەچاو ژمارەی شارۆکەکاندا، زۆر کەمە. لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە ٦٪ی ژمارەی گشتێ شارنشینییەکان، کەمتر بوو. ئەم شارۆکانە هەندێکیان بە سەنتەری قەزا و هەندێکی دیکەیان بە سەنتەری ناحیە دادەنرێن. دانیشتووانەکانیان بە زۆری خەریکی کشتوکاڵ کردنن. جگە لە هەندێ خزمەتگوزاریی وەکوو قوتابخانە و خەستەخانە و هەندێ دوکان، هیچ جۆرە کارێکی دیکەی شارییان نییە.

گەورەترین شارۆکەکان، ئەمانەن: شەک (١٩٨٧ – ٥ هەزار کەس)، سیسخت (١٩٨٦ – ٥ هەزار کەس)، ئامێدی (١٩٨٧ – ٥ هەزار کەس)، ئەشترینان (١٩٨٦ – ٥ هەزار کەس)، شیروان (١٩٨٦ – ٥ هەزار کەس).

– شارەدێ

مەبست لە شارە دێ، هەموو ئەو ئاوەدانیە شارانەن، کە ژمارەی دانیشتووانیان لە دوو هەزار کەس کەمترە. ژمارەیان، لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٥٧ شارەدێ بوو، ژمارەی دانیشتووانیشیان لە ١٪ی گشت شارنشینەکان کەمتر بوو.

چالاکی ئابووری شارە دێیەکان، بە هیچ جۆرێ لەگەڵ چالاکی ئابووری گوندەکاندا، جیاوازییان نییە. ئەگەر خەسڵەتی ئیداریی ئەم شارەدێیانە لەبەر چاو نەگرین، ئەوا هیچ دیاردەیەک نامێنێ، تا لە گوندەکانی دراوسێیان جیا بکەینەوە.

هەندێ شارەدێ: ساڵح ئاباد (١٩٨٦ – ١,٥ هەزار کەس)، چوارتا (١٩٨٧ – ١,٥ هەزار کەس)، باقرتە (١٩٨٧ – ١,٥ هەزار کەس)، قەزانیە (١٩٨٧ ١,٤ هەزار کەس).

پۆلێنکردنی شارەکان

بۆ پۆلێنکردنی شارەکانی کوردستان، بەپێی فەرمانەکانیان Function، شوێنگەی جوگرافی ئابووریی، شوێنی شار لە دابەشبوونی کاردا، ژمارەی دانیشتووان و خەسڵەتی ئیداریی، لەبەرچاو گیراوە. گرنگترین فەرمانەکانی شارەکان، ئەمانەی لای خوارەوەن:

- پایتەخت

ئەورۆ شارێکی دیاریکراو نییە، پایتەختی هەموو کوردستان بێ. لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨ – ١٩٢٤دا، شاری سلێمانی بوو. لە ساڵی ١٩٤٦دا، شاری مهاباد بوو. لە یونی ١٩٩٢دا، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی فیدراڵی، بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، شاری هەولێر بوو بە پایتەخت. لە پایتەختدا مەڵبەندی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و هەموو دەزگا سەرەکییەکانی حوکومەتی هەرێم و مەڵبەندی هەندێ لە دەزگاکانی جیهان و بارەگای سەرکردایەتی هێزە ڕامیارییەکان و پەیمانگاکان و زانکۆ و نەخۆشخانەی گەورە و کاروباری بازرگانی و بانکەکان، وەک سەنتەرێکی سەرەکی نێوان شارەکانی دیکەی کوردستان، هەموو ئەم دامودەزگایانە لە هەولێردا کۆ بۆتەوە، کە ئەمانە هەموو پێکەوە، هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکە نیشان دەدەن (١٩٦٥ – ٩١ هەزار کەس بوو، ١٩٧٧ – ١٩٤ هەزار کەس بوو، ١٩٨٧ – ٤٤٦ هەزار کەس بوو، ١٩٩٥ – زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بوو) فراوانبوونی ڕووبەرەوە (١٩٩٥ – نزیکەی ٨٠٠ هەزار هێکتار) زیادبوونی چڕی گشتی (١٩٩٥ – ٤٠٠ کەس لە ١ کچگ دا) بوو. لەم شارەدا هەندێ گەڕەکی نوێ و خانووی تازەی چەند نهۆمی و ڕێکوپێک دروست کراون.

- ئەو شارانەی ئەرکی هەمەچەشنەیان هەیە

شارەکانی ئەم دەستەیە، لە شوێنە سەرەکییەکانی چڕبوونەوەی پیشەسازیی کۆن و نوێ، بازرگانی، بەیەکگەیشتنی ڕێگاکان، خوێندنی باڵا – زانکۆ، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوە، گەلێ دامودەزگای سەرەکی حوکومەت...هتد دیاری دەکرێ. نموونەی ئەو شارە گرنگانەش، وەکوو موسڵ، دیاربەکر، گازی ئانتەب و ورمێ، کرماشان، خوڕەم ئاباد.

- شاری خزمەتگوزاری

پلەی خزمەتگوزاری و قەڵەمڕەوی و چەشنەکانی، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە

دەگۆڕێ. لەبەر ئەوە شارەکان، بەپێی پلەی خزمەتگوزاریی بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکەین:

ا – شارە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان

سەنتەری پارێزگاکان لەم بەشەدا، بە گەورەترین شوێن دادەنرێت. لە چوارچێوەی ئەم بەشە ئیداریانەدا، بۆ خزمەتکردن لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، نەک هەر تەنیا بۆ سەنتەری شارەکان، بەڵکوو بۆ گشت یەکە ئیدارییەکانی دیکەش، کە لە ڕووی ئیدارییەوە بەیەکەوە بەستراون، مرۆڤ دەتوانێ گشت پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەر لە خواردەمەنی و جلوبەرگەوە تا ئامراز و شتومەکی پیشەسازیی و داوودەرمان و پێویستییەکانی تەندروستی و لەشساغی و خوێندن و هۆکانی گواستنەوە بۆ هاتوچۆکردن و دەرهێنانی هەمو جۆرە دەکومێنتێکی پێویست بە مەبەستی بەکارهێنانی لە دەرەوەی وولآت، لە سەنتەری ئەم پارێزگایانە دەستی بکەوێ. لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ، بەرهەمی کشتوکاڵ و کەلوپەلی دەسکردی خۆماڵی، بۆ فرۆشتن بخاتە بازاڕەکانەوە. لەو شارە گرنگانەش ئەمانەن: ئادیەمان، ئەرزنجان، ئیلام، شەهری کورد، قەرەکۆسە، بدلیس، چەولیک، یاسوچ، جۆڵەمێرگ.

ب – شارە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی قەزاکان

ئەم شارانە بە سەنتەری ئیداری خوێندن و لەشساغی و بازرگانی و ڕێگەوبانی گشت ناحیە و گوندەکانی دیکە دادەنرێ. دانیشتووانی نێوچەکە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ڕۆژانەیان و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان، هەموو ڕۆژ دەچنە سەنتەری شارۆچکەکان، لە کوردستاندا ٢١٠ شارۆچکە هەن، کە کارەکانیان لە پێشکەشکردنی خزمەتکردن بە دانیشتووانی قەزاکان پێک هاتووە، لەوانە. بەسنی، دیادین، گەنج، مۆتکی، چنار، پالو، ڕەفاعیە، کیلیس، شەمدینان، گەواش، زاخۆ، چوارتا، ڕەواندز، مەهاباد، سەقز، مەریوان، بڕوجەن، بروجەرد، قامشلی و عەفرین... هتد.

ج – شارە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی ناحیەکان

کاروباری ئیداری و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و خەستەخانە و پۆستە و بازاڕ، لە سەنتەری ئەم ناحیانەدا هەیە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ، ژمارەیەک لە دانیشتووانی ئاوەدانییاکانی دەوروبەری ناحیاکان، بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە

خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەتی ڕۆژانەی خۆیان، ڕوو لە سەنتەری ئەم ناحیانە بکەن. شارۆکە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی ناحیەکان، ژمارەیان ٤٣٢ شارۆکەن، لەوانە: دیبەگە، دیانا، ئەبدانان، دەهدز، سەحنە، کۆتەک، حەسەن کێف، سورگوجو، گول دوزو، داملاجیک... تاد.

- شارە پیشەسازییەکانی دەرهێنان

بەشێوەیەکی گشتی، کوردستان بە کانزای هەمەچەشنە گەلێ دەوڵەمەندە. هەندێ لەو کانزایانەش لە جیهاندا ناویان دەرکردووە، وەکوو نەوت. شارەکانی کەرکووک، مەسجدی سلێمان، خانەقین، باتمان، گەچساران، کراتشوک (قەرەچوغ)، لە کوردستاندابە گەورەترین شاری دەرهێنانی کانزاکان دادەنرێن. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەم شارانە، لە ڕووی چالاکی ئابوورییەوە، خۆیان بەم کارانەوە خەریک کردووە.

- شارەکانی سەر سنوور

پەیوەندی کوردستان لەگەڵ وولاتەکانی دەوروبەر و جیهاندا، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی چەند دەروازەیەکەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێ. بەشێی زۆر لە دانیشتووانی ئەو نێوچانە، بە بازرگانی و کاروباری ئابووریی و چالاکی ڕێکخستنی هۆیەکانی هاتوچۆوە خەریکن.

- شاری هاوینەهەوار

لەبەر سازگاریی ئاووهەوا و جوانی سروشت، گەلێ نێوچەی کوردستان بۆ ئەوە دەست دەدەن، وەک نێوچەیەکی گەشتگوزاری حیسابیان بۆ بکرێ. هەندێ لەو نێوچانە، هەر لە کۆنەوە بوونەتە نێوچەیەکی گەشتگوزاریی و سەنتەرێکی ڕابواردن و کارکردن، بە شێوەیەک کە سەرنجی خەڵکی و دانیشتووانی کوردستان و وولاتەکانی دەرەوەی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. جولانەوەی گەشتگوزاریی، لە سالانی پڕ لە هێمنی و ئاشتی و ئاساییشدا، دەسکەوتێکی دارایی زۆر گەورەی بە خەزێنەی دەوڵەت بەخشیووە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. کار لە پەرەسەندنی ژیانی ئابووری وولات دەکات. لە شارە هاوینەهەوارییە بەناوبانگەکانی ئەوڕۆی کوردستان، شەقلاوە، سەلاحەدینە.

– شارەکانی بنکەی سەربازیی

بنکەی سەربازیی لە زۆر نێوچەی کوردستاندا دروست کراوە. لەو بنکانەدا مەشق بە دەیان هەزار سەربازی بێگانە دەکەن. ئەم سوپا داگیرکەرانە بە شێوەیە ئامادە کراون، کە ئەگەر لە هەر نێوچەیەکی کوردستاندا، دەنگی نارەزایی بەرز بۆوە و راپەرین و شۆرشی چەکداری دژی ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەرپا بوو، ئەوان بە زووترین کات دەگەنە سەری و پالاماری دەدەن و دەنگی شۆرشەکە دەخنکێنن.

– شارە سەکۆییەکان

نەوت بە بۆری دەگەیەندرێتە شارۆچکەی دۆرت یۆل، کە لەسەر کەنداوی ئەسکەندەرونیە. لە ناو ئاو و بەرانبەر ئەم شارۆچکەیە، بە چەند کیلۆمەتر سەکۆی بارکردن دروست کراوە، تا تانکەرە گەورەکان لە نەوتی کوردستان پر بکەن.

– شارە بەندەرییەکان

هەندێ لە دانیشتووانی ئەو شارانەی دەکەونە سەر رۆخی ئاوەکان (کەنداوی ئەسکەندەرون، کەنداوی عەرەبی، گۆلی ورمێ و وان) بە کاروباری بارکردن و سەرخستن و گواستنەوەوە خەریکن، . هەردوو شارۆچکەی دەیلەم و دۆرت یۆل، بە بەناوبانگترین و چالاکترین شارەکانی بەندەریی کوردستان دادەنرێن.

٠٢ گوندنشین

گوند – ئەو ئاوەدانیانەن کە بەر پێناسەی رەسمی شار نەکەون. واتا ئەو ئاوەدانیانەی کە نە سەنتەری یەکە ئیدارییەکانیان هەیە (پارێزگا، قەزا، ناحیە)، نە ژمارەی گشتیشیان دەگاتە دە هەزار کەس

ژمارە و دینامیکی گوندنشینەکان

رێژەی گوندنشینەکان لە سالی ١٩٨٥دا، ٥٤,٨٪ی گشت دانیشتووانی کوردستان بوو. واتا ١٢ ملیۆن و ٨٩٦ هەزار کەس. ئەم رێژەیە لەچاو رێژەی وولاتەکانی رۆژئاوای ئاسیادا، وەکوو تورکیا (١٩٨٥ – ٤٦,٣٪)، ئێران (١٩٨٦ – ٤٨,٢٪)، عێراق (١٩٨٧ – ٢٩,٨٪) و سووریا (١٩٨٥ – ٤٨,٢٪) زیاترە.

ئەگــەرچی ژمــارەی گــوندنشــینەکـان، لە زیـادبوون دایە، بـەڵام ڕێژەیان لـە گـشــتی دانیشتووانی وڵاتدا، بە شێوەیەکی گشتی لـە کەمبوون دایە. تەماشـای خشـتەی ژمـارە (٢١) بکە. هۆکانیشی بۆ چەند خاڵێ دەگەڕێتەوە: گواستنەوەی زۆرەملی دانیشتووانی گوندەکان لە لایەن دەوڵەتەوە، کۆچکردنی هەندێ لە گوندییەکان بۆ شارەکان بە ئارەزوو و ویستی خۆیان، تێکدانی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە.

پارێزگـاکـانی مـوش، بینگۆڵ، کـوهگیلویە و دەرسـیم، لە ڕووی ڕێژەی دانیـشـتـووانی گوندنشینەکانەوە، لە پێش هەموو پارێزگاکانی دیکەوە دێن. پاشان پارێزگاکانی هەکاری، وان، بەختـیـاری، ئەرزنجـان... تـاد و لە دوای ئەمـانەش ئازەربایـجـانی غـەربی، مـەرعـەش، لوڕسـتـان، مەلاتیە دێن. دواتریش هەولێر، کەرکووک، دهۆک، سلێمـانی دێن. هۆکانی ئەم جیـاوازییـەش، بۆ دواکەوتوویی باری پیشـەسـازیی و ئابووری کشـتـوکاڵ و بەرزی ئاسـتی ژیانی شارنشینەکان و گواستنەوەی دانیشتووانی گوندەکان دەگەڕێتەوە.

دابەشکردنی گوندکان

گوندەکـانیش وەکوو شـارەکـان، بەپێی ژمـارەی دانیشـتـووان و چەشنی کـارەکـانیـان دابەش دەکرێن.

ڕیزبەندی گوندەکان

کـوردسـتـان لە سـاڵی ١٩٨٥دا، نزیکەی ٣٠ هەزار گـوندی هەبـوو. تێکڕای ژمـارەی دانیشتووان، لە هەر گوندێکدا ٤٣٠ کەس بوو، واتا هەر ٧٨ گوند بەرانبەر یەک شار بوو. لە هەر ١٠٠ کچگ دا ٥,٦ گوند هەبوو

تێکڕای قەوارەی گوندەکان لە پارێزگاکاندا، وەکوو یەک نییە. لەبەر جیاوازی ژمارەیان و دانیشـتـووانیان و کـەم و زۆری کشـتـوکاڵ لە یەک هێکتاردا، تەمـاشـای خشـتـەی ژمـارە (٢٤) بکە.

لە ڕووی ژمـارەی دانیشـتـووانەوە، جـیـاوازییـەکی زۆر لە نێوان گـوندەکـاندا هەیە. بۆ ئاسـانکردنی باسـەکـەمـان، گـوندەکـان بەسـەر پێنج دەسـتـەدا دابەش دەکەین. تەمـاشـای خشتەی ژمارە (٢٥) بکە.

– کوێرە گوند (١ – ٥٠ کەس)

ئەم جـۆرە گـوندە، چ لە ڕووی ژمـارەیـان و چ لە ڕووی ژمـارەی دانیـشــتـووانی هـەر گوندێکەوە، جێگایەکی دیاریکراو لە نەخشـەی جوگرافی گـوندەکـاندا دیاری ناکـات.

خشتەی ٢٤ ژمارەی گوندەکان لە پارێزگاکاندا، ١٩٨٥-١٩٨٧

پارێزگا	گوندنشین هەزار	گوند	تێکڕا قەوارەی گوند
ئادیەمان	٢٨٠	٣٤٩	٧٩٩
ئاگری	٢٧٩	٥٥٨	٥٠٠
بینگۆڵ	١٨٠	٣١٧	٥٦٨
بدلیس	١٨١	٢٧٧	٦٥٣
دیاربەکر	٤٦٢	٦٩٣	٦٦٧
ئەلازیغ	٢٥٠	٥٧٦	٤٣٤
ئەرزنجان	١٨٨	٥٧٠	٣٣٠
ئەرزەڕۆم	٣٢٣	٦٢٧	٥١٥
گازی ئانتەب	٣٢٣	٥٩٩	٥٣٩
هەکاری	١٢٧	١٤٤	٨٨٢
مەلاتیە	٣٥٨	٥٢٠	٦٨٨
مەرعەش	٣٤٥	٣٤١	١٠١٢
ماردین	٤٠٨	٧٢١	٥٦٦
موش	٢٦١	٣٦٨	٧٠٩
سیرت	٢٨٨	٤٩٩	٥٧٧
دەرسیم	١٠٩	٤٢٣	٢٥٨
ئۆرفە	٣٩٤	٦٩٠	٥٧١
وان	٣٥٨	٥٧٠	٦٢٨
ئازربایجانی غ	١٠٦٩	٣٢٠٦	٣٣٣
کرماشان	٦٤١	–	–
کوردستان	٦٥٠	٢٠٢٢	٣٢١
بەختیاری	٤٠٢	٨٩٥	٤٤٩
ئیلام	٧٢٨	٣٣٦	٢١٧
لورستان	٢٢٥	٩٨٥	٢٢٨
کوهگیلویە	٣٠١	٢٤٦٦	١٢٢
نەینەوا	٣٨٢	–	–
کەرکووک	١٤٨	–	–
دهۆک	٧٤	–	–
هەولێر	١٧٤	١٢٩٠	١٣٥
سلێمانی	٢٧١	١٨٥٤	١٤٦

خشتەی ٢٥ ڕیزبەندی گوندەکان بەپێی ژمارەی دانیشتووان لە هەندێ نێوچەدا، ساڵی ١٩٨٠

چینەکانی گوند	گوند		دانیشتووان	
	ژمارە	٪	هەزار	٪
١-٥٠	١٢٩	١,٦	٤	٠,١
٥١-٣٠٠	٢٧٣٩	٣٤,٨	٥٢٦	١٢,٨
٣٠١-٧٥٠	٣٥٧٦	٤٥,٤	١٧٢٤	٤٢,٠
٧٥١-١٥٠٠	١١٧٧	١٤,٩	١١٨٠	٢٨,٧
١٥٠١ و زیاتر	٢٦١	٣,٣	٦٧١	١٦,٤
کۆ	٧٨٨٢	١٠٠,٠	٤١٠٥	١٠٠,٠

دانیشتووانی ئەم جۆرە گوندانە، بە زۆری لە کەسوکاری یەکدی پێک هاتوون: باوک و کوڕ، مام و برازا، ئامۆزا، پورزا ...تاد. یاخود لەو جۆرە گوندانەن کە لە دوای مردنی باوکیان، منداڵەکانیان بوون بە دوو بەشەوە و هەر یەکەیان لە گەڕەکێکی دوور لەوی دیکەوە دانیشتوون، پاشان هەندێ خەڵکی گوندەکە لە دەوری هەردوو لایان کۆ بوونەتەوە، تا بوون بە دوو گوند، جاری واش هەیە، هەر بە یەک گوندی ماوەتەوە، بەڵام کەمێ لە یەکدییەوە دوور هەڵکەوتوون وەک ئەوەی یەکێکیان لە سەرەوە بێ و ئەوی دیکەیان لە خوارەوە، یاخود یەکێکیان لە ڕۆژهەڵات و ئەوی دیکەیان لە ڕۆژئاوا، کە هەردووکیشیان هەر یەک ناویان هەیە.

- گوندی گچکە (٥١ - ٣٠٠ کەس)

دانیشتووانی ئەم گوندانە، بە زۆری لە چەند بەرە بابێ پێک هاتوون و لەبەر کەمی زەوی کشتوکاڵ و دوورەدەست، توانای گەورەبوونیان نییە.

- گوندی ناوەنجی (٣٠١ - ٧٥٠ کەس)

لە ڕووی ژمارەی گوند و ژمارەی دانیشتووانەوە، بە گەورەترین جۆری گوند دادەنرێ. لە نێو ئەم دەستەیەدا، ئەو گوندانەی ژمارەی دانیشتووانیان لە نێوان (٥٠١ - ٧٥٠ کەس) دایە، ژمارەیان خۆی لە ١٤٦٥ گوند دەدات. ئەمەش لەگەڵ سروشتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا دەگونجێ.

- گوندی گەورە (٧٥١ - ١٥٠٠ کەس)

دووەم دەستە گوندە بە ژمارە و ژمارەی دانیشتووانی هەر گوندێ. ئەم جۆرە گوندانە، لە شوێنی بەئاو و لە زەوی بەپیت و لە نزیکی شارەکانەوە هەڵکەوتوون.دانیشتووانی ئەم گوندانە، زیاتر خەریکی چاندنی ڕووەکی پیشەسازیی و ئالیکی ئاژەڵن، هەندێکیان جگە لە کشتوکاڵ، بازرگانیش دەکەن.

- شارە گوند (١٥٠١ کەس و بەرەوژوور)

گوندکانی ئەم دەستەیە، لە نزیکی شارە گەورەکان هەڵکەوتوون، لە ڕووی کارکردن و خزمەتگوزاری جۆراوجۆرەوە، پەیوەندییان بە شارەکانەوە بەتینە. هەندێ لەم گوندانە بە جێگای دانیشتنی سەرۆک هۆزەکان دادەنرێن. ئەم گوندانە گەلێ گەورەن، بەڵام لەو ئاوەدانیانەن کە پێناسەی شار نایان گرێتەوە، لەبەر ئەوەی ستاتووسی ئیداریان نییە.

پۆلێنکردنی گوندەکان

گوندەکانی کوردستان لە ڕووی فەرمانەکانیانەوە، بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێن:

- گوندە کشتوکاڵییەکان

دانیشتووانی ئەم جۆرە گوندانە، بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریکن. زۆربەی زەوییەکانی ئەم ئاوەدانیانە، بۆ چاندن و بەرهەمهێنانی بەروبوومی کێڵگەی وەکوو دانەوێڵە (گەنم و

جۆ)، پیشەسازی (تووتن، لۆکە، چەوەندەر) و ئالیک (وێنجە و سێپەڕە) بەکار دەهێندرێن و خۆشیان بە بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەوە خەریک دەکەن.

– گوندە تێکەڵاوەکان

بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی جۆراوجۆر، بازرگانی کڕین و فرۆشتن، ناردن و هێنان، چەک هەڵگرتن و پاسەوانی، لە ئەرکە سەرەکییەکانی دانیشتووانی ئەم جۆرە گوندانەن. هەروەها زۆربەی سەنتەری ناحیەکان، دەتوانرێ لەگەڵ ئەم گروپە گوندەدا دابنرێن.

– گوندە ناکشتوکاڵییەکان

دانیشتووانی ئەم جۆرە گوندانە، بە پلەی یەکەم بە ئەرک و ئیشوکاری هێنان و بردن و کڕین و فرۆشتن و چەک هەڵگرتن و پاسەوانییەوە خەریکن و ژمارەشیان زۆر نییە.

نەخشەی گوندەکانی کوردستان

لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکی وەکوو هۆی سروشتی و مێژووی و ترادیسیۆنی نەتەوەیی و فاکتەرەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، باری نەتەوەیی و ڕەوشی ڕامیاری و جەنگ، پلاندانانی گوندەکان هەمە چەشنەن، کە گرنگەکانیان ئەمانەن:

– گوندی هەرمێی

ئەم شێوە گوندە لە نێوچە شاخاوییەکاندا زۆر بڵاوە.ڕیزی لە نێو دۆڵەکاندا دروست دەکرێن. لە سەروی ئەوەوە ڕیزێ خانووی دیکە دروست دەکرێ، لە خوار ئەمیشەوە ڕیزی دووەم و سێیەم... دێ، بەو شێوەیە خانووەکان بە قەد پالی شاخەکانەوە بەرز دەبنەوە، کە لە هەندێ نێوچەدا، بەرزاییان تا ٥٠٠ مەتر دەڕوا و ڕیزەکان بەرە بەرە تەسک دەبنەوە، تا وای لێ دێ، ژمارەی خانووەکانی دوا ڕیز، لە دوو یا سێ خانوو تێپەڕ ناکات. لە زۆر شوێنیش سەربانی پێشەوەی ماڵەکان، دەبنە حەوشە و ڕێگەی هاتوچۆی ماڵەکانی سەروو خۆیەوە، خەڵکی خانووەکانیان بەم شێوەیە دروست دەکەن، تا دەست بە زەوییەکانیانەوە بگرن و بۆ چاندن و کاری کشتوکاڵی بەکاری بهێنن، تا بە کەمترین ماندووبوون، بگەنە سەر سەرچاوەکانی ئاو و لە سەرمای زستان خۆیان بپارێزن، چونکە دۆڵەکان کەمتر با دەیانگرێتەوە.

- گوندی هۆبەیی

خانووەکان گەڕەک گەڕەک هەڵکەوتوون، دانیشتووانەکانیان لە بەرەبابێکەوە کەوتوونەتەوە. ماڵی باپیرە گەورەیان لە ماڵەکانی دیکە گرنگتر و لەبەرچاوترە و شوێنی بەیەکگەیشتنە.

- گوندی ڕشتی

خەڵکی خانووەکانیان زۆر لە نزیک یەکدی و چڕوپڕ دروست دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی داکۆکیکردن لە خۆ و لە سامانەکانیان، تا لە دوژمنانی دەرەوە خۆیان بپارێزن. هەروەها بۆ ئەوەی هەموو لایەکیان، لە سەرچاوەی ئاوی گوندەکانەوە، وەکوو یەک دوور بن.

- گوندی پەرشوبلاو

خانووەکانی ئەم جۆرە گوندانە، تاک تاک و جووت جووت و لێرە و لەوێ و بلاو هەڵکەوتوون. لە نێوانیاندا بۆشاییەکی زۆر هەیە. دانیشتووانی ئەم گوندانە، خزمایەتییان لەگەڵ یەکدیدا یا نییە، یا کەمە. شوێنی گشتی بەیەکگەیشتنیان، تەنیا مزگەوتە.

- گوندی لاکێشەیی

یەکێ لە تازەترین نەخشەی خانوو دروسکردن، ئەم شێوە لاکێشەییە یە. ئەگەر شوێنەکە دەشتایی و تەخت بوو، ئەوا خانووەکان لەم بەر و ئەو بەری جادەکان دروست دەکرێن. ئەگەر شوێنەکە گردۆڵکە و بە قەد چیاکانەوە بوو، لە لای ڕاست و چەپی دۆڵەکانەوە، یاخود لە ڕۆخی هەردوو بەری چەم و ڕووبارەکاندا دروست دەکرێن.

- گوندی شەترەنجی

پەیدابوونی ئەم جۆرە نەخشەیە، بۆ ساڵەکانی حەفتا دەگەڕێتەوە.ئەم جۆرە گوندانە لە سەرەتاوە، بۆ دانیشتووانی گوندە ڕاگوێزراوەکان درەست کراون. خانووەکانی بە شێوەیەکی ئەندازیاریی، بەرانبەر بە یەکدی دروست کراون و جادەکانیش بە نێوانیاندا تێپەڕ دەبێ.

بەشی شەشەم: سنووری کوردستان

کوردستان لە باکوورەوە لەگەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و لە باشوورەوە لەگەڵ عێراق و لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ سووریادا هاوسنوورە. بەڵام سنووری لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، بە شێوەیەکی ڕەسمی دەسنیشان نەکراوە و لە لایەن ئەم چوار دەوڵەتەوە، نە دان بە بوونی خاکی کوردستاندا دەنێن و نە بڕواش بەو سنوورانە دەکەن، بەڵکوو کوردستان بە بەشێک لە خاک و نەتەوەی کوردیش بە بەشێک لە نەتەوەکانی خۆیان دادەنێن.

بەشێک لە سنووری ئێستای دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، بە نێو جەرگەی خاکی کوردستاندا کێشراوە، لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتانیشەوە، بە ڕەسمی دانی پێدا نراوە.

ڕەنگڕشتنی سنوورەکانی چوار دەوڵەتەکەی دەوروبەری کوردستان، مێژووی تایبەتیی خۆیان هەیە. بۆ نموونە، سنووری ڕۆژئاوای ئێران، لە لایەکەوە سنووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و عێراق بووە، لە لایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکەی بۆ سەدەی شازدەیەم دەگەڕێتەوە، ڕوونتر بڵێین، بۆ دوای جەنگی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ی زایینی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی دەگەڕێتەوە، کە یەکێ لە ئاکامە هەرە گرنگەکانی ئەو جەنگە، دەسنیشانکردنی سنووری نێوانیان بوو، پاشتریش بەپێی پەیماننامەی سنووریی ئەرزەڕۆم لە ساڵی ١٦٣٩ی زایینیدا، لەسەر زۆر ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان ڕێک کەوت و ئەم سنوورەش تاکوو ئەورۆ، جگە لە دەسکارییەکی کەم نەبێ، هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە.

سنوری باشووری تورکیا، باکووری عێراق، ڕۆژهەڵات و باکووری سووریا لەگەڵ یەکدیدا، بنچینە سەرەکییەکەی بۆ دوای ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە، سنووری تورکیا و عێراق، بۆ ساڵی ١٩٢٥ و دواتریش سنووری سووریا و عێراق، بۆ ساڵی ١٩٣٦ دەگەڕێتەوە.

لێرەدا نووسەر خۆی لە قەرەی چۆنێتی سنوورکێشانی نێوان دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا نادات، باسی هەموو ئەو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانە ناکات، کە بە هۆی کێشەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئەو چوار دەوڵەتەوە ڕووی داوە، باسی سنوورە دەسکردەکانی ئەو دەوڵەتانەی بە نێو خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ، ناکات. بەڵکوو بە درێژی باسی بۆچوونی نووسەران و مێژوونووسان و جوگرافیزان و پیاوانی ڕامیاری دەکات، کە ئەسپی خۆیان لەو کایایدا تاو داوە. هەروەها بە فراوانی سنوورەکانی

نێوان کوردستان و دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا دەسنیشان دەکەین. باسەکەشمان تەنیا لەو قاڵبەدا خۆی دەنوێنێ، وەکوو نووسەر بۆی دەچێ و بڕوای پێەتی.

٠١ بۆچوونی نووسەران

دیاریکردنی سنووری کوردستان، بە دژوارترین و گەورەترین کێشەی سەردەم دادەنرێ. لەبەر ئەوەی بۆچوونێکی جیاوازی گەلێ زۆر، لەم بارەیەوە هەیە. ئەم بۆچوونانەش تەنیا لە لایەن، لێکۆڵەرەوان و توێژەرەوان و شارەزایان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و دەزگا ڕەسمییەکان و هێزە ڕامیارییەکانەوە نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا، لە نێوان خەڵکی کوردستانیش خۆیدا، جیاوازیی و ناکۆکییەکی گەورە هەیە. بێگومان ئەمەش زیاتر بۆ نەبوونی سەربەخۆیی ڕامیاریی و دانەمازراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی یەکگرتووی کوردستانی دەگەڕێتەوە. بۆیە سنووری کوردستان، چ لە کۆندا و چ لە مێژووی تازەیدا، چەندین جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە ڕادەیەک کە باسی نێوچەیەکی جوگرافی کوردستان دەکرێ، خەڵکی پێش ئەوەی بۆ مێژوو بگەڕێنەوە، بە گومانەوە گوێ لەو باسە دەگرن، یا بە زەردەخەنە و سەرسوڕماوییەوە تێیدەڕوانن.

سنووری کوردستان و شرفخانی بدلیسی

شرفخان لە شاکارە بەناوبانگەکەیدا، شرفنامە کە لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی – ١٥٩٦ی زایینیدا نووسراوە، دەربارەی سنووری کوردسان نووسیوویەتی (سنوور و کەوشەنی وولاتی کوردان کە ناوی کوردستانە، لەسەر لێواری دەریای هورمزەوە، کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە – دەست پێ دەکات و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە و مەرعەش دەبڕێتەوە).

وولاتی فارس و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای باکووری ئەو خەتەوە. عێراقی عەرەب و موسڵ و دیاربەکر دەبنە باشووری ئەو سنوورە) (٣، لاپەڕە ٢٩–٣٠).

سنووری کوردستان و ئەولیا چەلەبی

ئەولیا چەلەبی لە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچی – ١٦٦٥ی زایینیدا، بەم شێوەیە لەسەر سنووری کوردستانی نووسیووە ((ئەم وولاتە سەری لای باکووری دەگاتە: ئەرزەڕۆم و لەوانیشدا هەکاری و جەزیرە و ئامێدی (عەمادیە) و موسڵ و شارەزور و هەریر و

ئەردەڵان و بەغدا و درنە و دەرتەنگ، تا دەگاتە بەسرە خاکێکی حەفتا قۆناغی (٤٢٠ کم – ع.غ.) بە کوردستان و بە بەردەلان، بەڵام پانایی کوردستان بەقەدەر درێژاییەکەی نییە. لای خۆرهەڵاتی سنووری عەجەمە و لە هەریر و ئەردەڵانەوە تا خاکی شام و حەڵەب، بیست – بیست و پێنج قۆناغە (١٢٠ – ١٨٠ کم، ع.غ.). بەشی هەرە تەسکی ئەم پانایییە. پێنج قۆناغە..)) (٣٠کم – ع غ) (١٢ لاپەڕە ٩٠–٩١).

سنووری کوردستان و شەریف پاشا

دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، شەریف پاشا لە ساڵی ١٩١٩دا، سنووری ئەتنۆسی (نەتەوەیی) کوردستانی، بەم شێوەیە پێش چاوی ئەندامانی کۆنفرانسی ئاشتی خست لە پاریس، لەوێدا دەڵێ ((لە باکوورەوە شاری زیڤن(سونگوتاشی ع . غ وێڕاوێڕای سەرسنووری وولاتی قەوقاز، کە درێژ دەبێتەوەبەرەو ڕۆژئاوا،تا دەگاتە ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، کەماخ، عەرەبکیر، بەهسنی، دیڤریگ (ڕاستر بیرەجووگ ع . غ)، لە باشوورەوە حەڕان (ئالتن بەشاک ع.غ.)، تەپۆڵکەکانی سنجار، تەلەعفەر، ئەربیل، کەرکووک، سلێمانی، Akk - el - Man، سنە. لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە ڕەواندز دەست پێ دەکا، باشقەڵا، وەزیر قەڵا، واتا وێڕاوێڕای سنووری وولاتی فارس، تا دەگاتە چیای ئارارت) (٤، لاپەڕە ٦٤).

سنووری کوردستان و سەنتەری لێکۆڵینەوەی کورد

سەنتەری لێکۆلینەوەی کورد لە پاریس، لە ساڵی ١٩٤٦دا، لەسەر سنووری ئەتنۆسی کوردستان، بەم شێوەیە دەنووسێ و دەڵێ (سنووری ئەم خاکەی کوردی لێ دەژی، لە باکوورەوە بە هێڵێک دەست پێ دەکا لە چیای کورد لە سووریا و بەرەو باکوور هەڵ دەکشێ و بە ناوچەکانی کیلیس و مەرعەش و ئەلبیستان و دیڤریکی تێدەپەڕێ هەتا دەگاتە ڕووباری کەلکیت. سنووری ڕۆژهەڵاتی، دەست پێ دەکا بە هێلێک لە فارس، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات وکەناری ڕۆژئاوای زەریاچەی ورمێ دەبڕێ، لە دوای درێژ دەبێتەوەبەرەو سنە و کرماشان، هەتا لوڕستان و ناوچەی بەختیاری. سنووری باشووری ڕۆژئاوا، بە هێڵێک دەست پێ دەکا، لە باشووری لوڕستانەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو ڕۆژئاوا و مەندەلی دەبڕێ و بەرەو ڕۆژئاوای خانەقین تێدەپەڕێ هەتا تەپۆڵکەی حەمرین و هەتا پشتێنەی یەکەم لە چیای شێخان. لە دوایی پێچ دەکاتەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بە

درێژایی قەدی تەپۆڵکەکانی، هەتا فیشخابور (پیشخابور – ع.غ.) لەسەر زێ دیجلە و لە دوای پێچ دەکاتەوە، بۆ ڕۆژئاوا و بەرە و چیای شەنگار و هەتا کۆتایی پێ دێت بە زێی فوڕات لە نزیکی جەرابلس) – (٧٣، لاپەڕە ٣-٤).

سنووری کوردستان و ئەدمۆنس و شاکر خەسباک

سنووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٦دا، لە لایەن پۆلتەلۆگی ئینگلیزی ئەدمۆنسەوە نووسراوە. (لە باکوور، ئەم سنوورە بە گشتی هێڵێکە کە بە یەریڤان، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجاندا تێدەپەڕێ و لەوێوە لار دەبێتەوە و لە مەرعەش ڕوو لە حەڵەب دەکات. لە باشووری ڕۆژئاوا بە بناری چیاکاندا دەچێتە پێش تا دەگاتە دیجلە و لەوێوە شانبەشانی لای ڕۆژهەڵاتی ڕووبار دەچێتە خوارێ، دوایی هێندێک باکورتر بە هێڵی چیای حەمرێن ڕوو لە ناوچەیەکی سنووری ئێران و عێراق لە نزیکی مەندەلی دەکات. لە ڕۆژهەڵات یانی لە ئێران، سنووری کوردەکان بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات لە یەریڤانەوە دەست پێ دەکات و هەرێمەکانی ماکۆ، بەشێک لە خۆیە، ورمێ، مەهاباد (سابلاغ)، سەقز و سنە تا کرماشان لە نێو خۆیی دەگرێ. جادەی ئەسڵی کرماشان بۆ کریند لەوێوە بە هێڵێکی ڕێکدا تا مەندەلی ناوچەیەکە کە کوردەکان لە خزمەکانی لەک و لوڕیان کە جار جارە وەک کورد دەژمێردرێن جیا دەکاتەوە) (٧٤، لاپەڕە ٢) ئەو سنورکێشانە لە لایەن شاکر خەسباکەوە پەسەند کراوە، دوای ئەم چەند تێبینییە (ئەگەر هاتوو لوڕەکانمان بە کورد دانان، کە زۆر بەڵگە ئەوە دەسەلمێنێ، وەکوو نیشانەی مێژوو و زمان، ئەوا سنوری کوردستان درێژ دەبێتەوە هەتا کەنداوی عەرەبی بە درێژایی چیای زاگرۆس) – (٢٣، لاپەڕە ٢٥).

سنووری کوردستان لە لایەن چەندین نووسەری دیکەوە، وەکوو بابەتێ دەمەتەقێیەکی زۆری لەسەر کراوە، لەوانە: مینۆڕسکی، محەمەد ئەمین زەکی، نیکیتین، قاسملو، لازەریف، و گەلێکی دیکەش، کە هەمووشیان لە یەک چوارچێوەی دیاریکراودا دەسوڕێنەوە و جیاوازییان زۆر کەمە.

٢. بیروڕای نووسەر

سنووری کوردستان لە لایەن نووسەری ئەم پەرتووکەوە، لە لاپەڕەکانی داهاتوودا لەسەری دەنووسێ. بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی نووسەریش، زۆربەی هەرە زۆری دید و بۆچوون و نەخشەکانی بەر لەم نووسینە لەبەرچاو گیراوە. هەروەها نووسینە مێژووییەکان، جوگرافییەکان، ڕامیارییەکان، ئاووهەوا، گۆڕانکارییەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی... هتد تێکڕا حیسابیان بۆ کراوە.

سنووری کوردستان – زەمینی و ئاویی – لەگەڵ دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا، چەندین هەزار کیلۆمەتر دەبێ. هەروەها کەنداوەکانی عەرەبی – فارسی و ئەسکەندەروون، لەگەڵ ئەو سنوورەدا تێهەڵکیش دەبن.

سنوری زەمینی کوردستان

سنووری نێوان کوردستان و تورکیا

سنووری باکوور کوردستان لە تێکەڵابوونی ئاوی ئارپاچای Arpacay C ی و ڕووباری ئاراس Aras N ەوە دەست پێ دەکات و لەگەڵ ڕووباری دواییدا، بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە گوندی ئاقچەقەلا Akçakale ، لە دوایدا بەرەو باکووری گوندی شابان کۆیی Sabanköy و باکووری گوندی بوجوکلو Böcüklü شۆڕ دەبێتەوە. لە پاشاندا بەرەو باکووری گوندی پاسلی Paslı دەکشێ و ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە باکووری گوندی ئۆلوکلو Oluklu ، لە دوایدابەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە باکووری گوندی تونج کایە Tunç kaya . لەویشەوە بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، دوای ئەوەی کرکرەی پشتی چیای بالی کلی . Balıklı DA دەبڕێ. لە پاشاندا بەرەو ژوور بۆ لای ڕۆژهەڵاتی گوندی بۆزات Bozat هەڵ دەگەڕێتەوە. لە دوایدا ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی گوندی جاتاک Catak دەکا، ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی یەنی قازی Yenigazi دەکشێ، لە پاشاندا بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، دوای ئەوەی بە باکووری گوندی یایکلیدا Yayıklı تێپەڕ دەبێ. بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی یۆکاری سالا پنار Yukarısalla pınar دەڕوا و لە دوایدا هەر بەرەو باکوور دەکشێ، ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا دەشکێتەوە، دوای ئەوەی بە باکووری گوندی ئاشاغی سالا پنار Asacg salla pınar دا تێدەپەڕێ. لە پاشان بەرەو باشووری – ڕۆژئاوا شۆڕ دەبێتەوە، دوای ئەوەی بە ڕۆژئاوای گوندی بۆیالی Boyalı دا تێدەپەڕێ، درێژە بە ڕێڕەوەکەی خۆی دەدات، هەتا دەگاتە باکوور و باکووری – ڕۆژئاوای چیای سۆغانلی .Soganlı D.A. پاشان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، پاش

ئەوەی بە ڕۆژئاوای گوندەکانی کوێر ئۆغڵۆ Köroglu و یەنی کۆی Yeni koy دا بە دەیان کیلۆمەتر دەڕوا، هەتا دەگاتە باکووری لوتکەی تۆپ یۆلو .Top yolu T . لە پاشاندا بەرەو ڕۆژئاوای گوندەکانی قزلەر قەلا Kızlar kale و مورات باغی Murat bagı و باخچە کۆیی Bahçeköy شۆڕ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە باکووری گوندەکانی یوروکجلتی Yürükcltı و کوچوک قۆناغ Küçükkonak، لە پاشاندا بەرەو ڕۆژئاوای گوندی ئۆرتاکلار Ortaklar شۆڕ دەبێتەوە، ئینجا بەرەو باکووری گوندەکانی ئەسەندەرە Esendere و ئاردنجلی Ardınçlı ، لە دواییشدا بەرەو ڕۆژهەلاتی گوندەکانی دەمیر دۆڤەن Damirdöven و تیمار Tımar دەڕوا، لە ڕۆژهەلاتی ئەم گوندەی دواییدا، بەرەو ڕۆژئاوا دەشکێتەوە، هەتا دەگاتە باکووری گوندی یایلاداغی Yayladagı ، ئینجا بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە، دوای ئەوەی بە ڕۆژئاوای گوندەکانی بویک دەرە Büyükdere و تاش کایناک Taskaınak دا تێپەڕ دەبێ هەتا دەگاتە باکووری گوندی ئۆڤەنلەر Ovenler، لە دواییدا بەرز دەبێتەوە بەرەو باکور هەتا دەگاتە ڕۆژهەلاتی گوندی پۆرسوک Porsuk، لێرەشەوە بەرەو ڕۆژهەلاتی گوندەکانی چۆغەندەر Çögender و کەڤەنلیک Kevenlik درێژ دەبێتەوە، لە دواییدا بەرەو باکوری گوندی قوش کۆیی Kösköy بەرز دەبێتەوە، لە پاشاندا ئاستی خوارەوەی دەگاتەچەمی تۆرتوروم .Tortum C لە ڕۆژهەلاتی گوندی کیرک گوزی Kırkgöze، دواتر لەگەڵ ئاستی ئەم ڕووبارە بە دەیان کیلۆمەتر بەرەو باشووری گوندی قاراگوباک Karagöbek دەکشێ، هەتا دەگاتە ڕۆژهەلاتی چیای دوم .Dumlu DA لە دوایدا لە بڕبڕەی پشتی ئەم چیایەوە، بەرە و ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە باکووری گوندی چاتاک Çatak، پاشان لەسەر ئەو ڕۆشتنەی خۆی بەردەوام دەبێ، هەتا دەگاتە باشووری گوندی ئاغزیاچیک Agzıaçık لە دوایدا دەگاتە ڕۆژهەلاتی چیای بۆزان .Bozan DA پاشان بەرەو ڕۆژئاوای گوندی تاش پنار Taspınar لەگەڵ ئەم زنجیرە چیایەدا درێژ دەبێتەوە، ئینجا بەرەو ڕۆژهەلاتی چیاکانی ئۆتلوبەلی .Otlukbelı DA شۆڕ دەبێتەوە، لەگەل بڕبڕەی پشتی ئەم چیایانەدا بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، هەتا دوای چەند کیلۆمەترێ دەگاتە باشووری گوندی ئاکیاکا Akyaka، لە دوایدا بەرەو لوتکەی خەتابی .Hatabi T شۆڕ دەبێتەوە، ئینجا بەرەو چیاکانی ئەسەنجە Esence DA دێتە خوارێ، لە دوایدا پاش ئەوەی بە باکووری لوتکەی کۆزداغیT Kozdagı و باشووری گوندی یەنی یۆل Yeniyol دا تێدەپەڕێ، بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە باشووری گوندی کوزورەن Közoren و باکووری لوتکەی کیرانچاتما .Kiranҫatma T، لە دوایدا بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای گوندی چات کۆیی Çatkoy ، ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا دەشکێتەوە، هەتا دەگاتە باکووری گوندی

یۆکاری یەمنی کۆیی Yukarıyeni köy. لە دوایدا پاش هەندێ پێچکردنەوە، بەرەو باشوور درێژە بە ڕۆیشتنەکەی خۆی دەدات، هەتا دەگاتە باکووری چیای قاراداغ Karadag و ڕۆژئاوای گوندی یانجابایین Yancabayın و ڕۆژهەڵاتی چیای چەنگەللی Çengellı و ڕۆژئاوای گوندی چاملیک Çamlık و ڕۆژئاوای گوندی ئۆواچیق Ovacık و ڕۆژئاوای گوندی یاغباسان Yagbasan ، ئینجا بەرەو باکووری گوندی کیرکگۆزە Kırkgöze شۆڕ دەبێتەوە، لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا درتژ دەبێتەوە، تا دەگاتە باکووری گوندی گوللوجە Gullüce و ڕۆژئاوای گوندی شێخ یوسف Yusuf seyh، لە پاشان ڕێبازی ڕۆیشتنەکەی خۆی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەگۆڕێ، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای گوندی یالنیز ئۆغۆت Yalnızögut و باکووری چیای یامان Yaman Dagı ، لەگەڵ ئەم چیایەدا بەرەو باشور درێژ دەبێتەوە، تا ناوەڕاستی چیاکە، لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا دەشکێتەوە، هەتا دەگاتە نزیک گوندی ئاقچەماغار Akçamagara . لە پاشان بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی یاشیل قەڵا Yesilkale درێژ دەبێتەوە. لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە، پاش ئەوەی بە باشووری گوندەکانی ئیگدەلیدەرە Igdelidere و کوزیاکە Kuzyaka دا تێدەپەڕێ، جارێکی دیکەش پێچ دەکاتەوە، ئەو جارەیان بەرەو باشوور، پاش ئەوەی بە ڕۆژئاوای گوندی کارک Karık دا تێدەپەڕێ، بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی ئایڤالی Ayvalı دەبێتەوە، ئینجا پێچ دەکاتەوە، پاش ئەوەی بە باکووری گوندی ئاغیلیازی Agılyazı دا تێپەڕ دەبێ، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوا، هەتا دەگاتە چەمی توخمە Tohma C. ، بە چەند کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای گوندی چوکورکایا Çukurkaya ، لە دوایی بەرەو سەرچاوەی دەرەی سارساب Sarsap D. و لە باکووری گوندی قارماغارا Karamagara درێژ دەبێتەوە، لەگەڵ ئاوەڕوویی ئەم دەرەیە دێتە خوارێ، هەتا دەگاتە باشووری گوندی سۆیسالّلی Soysalli بە دەیان کیلۆمەتر، لە دوایدا لەگەڵ ڕووباری جەیحان Ceyhan N بەرەو باشوور دەڕوا، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای گوندی ئیسمایلی Ismailli بە دەیان کیلۆمەتر، لە دوایدا هەر بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەکشێ، تا لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوای گوندی یایلائوستو Yaylaüstü و ڕۆژهەڵاتی گوندەکانی ئالانلی Alanlı و ئەفیراغزلی Efiragızlı شۆڕ دەبێتەوە، لەگەڵ ئاوی ئەو گوندەی دێتەوە خوارێ، هەتا دەگاتە ڕوباری جەیحان Ceyhan N، لە دوایدا لەگەڵ ئەم ڕوبارە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، تا باکووری گوندی باخچە Bahçe کە بە دەیان کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەم ڕووبارەوە، لە پاشان بەرەو باکووری گوندی کوچیوردو Koçyurdu درێژ دەبێتەوە، ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵات دەشکێتەوە، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای گوندی کیرماچلی Kırmacı، لە پاشاندا بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە

ڕۆژئاوای گوندی تویسوز Tüysüz دوایی درێژە بە ڕۆیشتنەکەی خۆی دەدات، هەتا دەگاتە هێڵی درێژی ٣٦ ی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ ئەم هێڵەدا بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە سەر کەنداوی ئەسکەندەرون.

٠٢ سنووری نێوان کوردستان و ئێران

سنووری کوردستان لەگەڵ ئێراندا، لە ڕێژگەی ئاوی گوندی پەهناور، کە دەڕژێتە ڕووباری ئاراسەوە، دەست پێ دەکات و لەگەڵ ڕووباری ئاراسدا بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، هەتا ڕێژگەی ئاق چای، لە دوایدا لەگەڵ ئەو چەمە بەرەو گوندی قاپولیخ دێتە خوارێ. لە دوایدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەو گوندەوە، بە چەند کیلۆمەترێ درێژ دەبێتەوە، لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا و لە پاشاندا بەرەو باشوور و بە ڕۆژئاوای کوەقازاندا تێدەپەڕێ، لە دوایدا بەرەو ڕۆژهەلاتی گوندی قزلجە شۆڕ دەبێتەوە، لە پاشان ڕاست دێتە خوارێ هەتا دەگاتە زەریاچەی ورمێ. لە دوایدا خەتی سنووری زەریاچەی ورمی دەکا بە دوو بەشەوە، ڕۆژهەڵاتی ئێران و ڕۆژئاوای کوردستان، لە دوایدا بەرەو زەلکاوەکانی باشووری زەریاچەی ورمێ درێژ دەبێتەوە. لە دوای ڕێژگەی چغتوچای و لە پاشان لەگەڵ ئەو ڕووبارەی دەرێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە هێڵی پانی ٣٧ی باکوور. لێرەشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا، لە دوایدا بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە ئەو شوێنەی قوری چای لەزرینە رود دەکاتەوە. ئەمەش دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای گوندی چاحلاماز بە چەند کیلۆمەتر، لە پاشان لەگەڵ قوری چای بەرەو ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە هێڵی پانی ٣٧ی باکوور. بە واتایەکی دیکە، چەند کیلۆمەترێ لە ڕۆژئاوای گوندی یاداملو.لە دوایدا ئەو خەتە درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە باشووری گوندی قم تپە، واتا ڕۆژئاوای کوەخالە ئو شاغی، لێرەشەوە درێژ دەبێتەوە و بە بەرزترین شوێنەکانی ئەو چیایەدا بەرەو ڕۆژهەڵات تێپەڕ دەبێ، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای گوندی زەڵم ئاباد، لە دوایدا بەرەو خوار دەبێتەوە، پاشان دەچێتەوە سەر هێلی پانی ٣٧ی باکوور، لە دوایدا بەرەو ئاوی ئەجیرلو درێژ دەبێتەوە. لە دوایدا لەگەڵ ئەو ئاوە شۆڕ دەبێتەوە، تا دەگاتە باکووری کوە قرەداش، لە پاشان بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە،هەتا دەگاتە هێڵی درێژی ٤٧ی ڕۆژهەڵات. لە پاشان بەرەو ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە و بە باکوری گوندەکانی زرەشوان و قینرجەدا تێدەپەڕێ، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای کوە بەلقیس، لە دوایدا بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، هەتا ڕۆژهەڵاتی گوندی بابانەزر لە دایدا بەرەو سەرچاوەی قشلاق چوق درێژ دەبێتەوە، لە پاشان بەرەو باشوور دێتە خوارێ، هەتا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی گوندی چهارتاق و

له دوایدا بەرەو ڕۆژئاوای کوهقرەداغ درێژ دبێتەوە، پاشان بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، هەتا لە خوارووی گوندی قواق تێدەپەڕێ و بەرەو ڕووباری قزل ئوزن درێژ دەبێتەوە، هەتا ڕۆژئاوای گوندی گاریز سیاه مەنسور، لە دوایدا لەگەڵ ئەو ڕووبارە بە خواروی گوندی قواقدا تێپەڕ دەبێ، هەتا دەگاتە ڕووباری قزل ئوزن لە ڕۆژئاوای گوندی کاریز سیاه مەنسوور، لەوێشەوە لەگەڵ ئەو ڕووبارە بەرەو خوار درێژ دەبێتەوە. لە دوایدا لەگەڵ هێڵی درێژی ٤٨ی ڕۆژهەڵات دەڕوا. هەتا دەگاتە سەر هێڵی ٣٦ی پانی باکوور. لە پاشان بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، ئینجا بە ڕۆژهەڵاتی گوندی خورخورەدا دەڕوا، لە دوایدا بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، هەتا دەگاتە چم کچی کرد. لە دوایدا لە هێڵی ٤٨ درێژی ڕۆژهەڵات دەپەڕێتەوە و بە خوارووی گوندی گونایدا تێدەپەڕێ و ئینجا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە باشووری گوندی ئیستی بلاغ، لە دوایدا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەبێتەوە و دەڕوا تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی کوە چنگ ئەڵماس، لە دوایدا بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە. ئینجا بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی قزان قرە تێپەڕ دەبێ. دوایی بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، هەتا دەگاتەوە هێڵی ٤٨ درێژی ڕۆژهەڵات. لە دوایدا بە خوارووی گوندی جانماغیدا دەڕوا و سەردەکەوێتەوە بۆ باکوور، تا دەگاتە چم کچی کرد. لەوێشەوە لەگەڵ ئەو ڕووبارەدا بەرەو خوار دەبێتەوە. ئینجا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات پێچ دەکاتەوە، هەتا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ئەحمەد ئاباد، لەوێشەوە بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە و لە ڕۆژئاوای گوندی سرایجوق تێدەپەڕێ. ئینجا دووبارە دێتە خوارەوە و لە هێڵی ٤٨ درێژی باکوور نزیک دەبێتەوە.. لە باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندی مالوجە، سنووری کوردستان، ئەو هێڵە دەبڕێ. لە دوایدا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، ئینجا بەرەو باشوور و لە دوایدا بە ڕۆژئاوای گوندی نارنجکدا تێدەپەڕێ، لەوێشەوە بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە، هەتا بە ڕۆژهەڵاتی گوندی کنداب بالادا دەڕوا. لە دوایدا بە باکووری تاج پیرملودا تێپەڕ دەبێ، ئینجا بەرەو باکوور هەڵ دەکشێتەوە، تا لە هێڵی ٣٥ی باکور تێدەپەڕێ. ئینجا لە هێڵی درێژی ٤٨ی ڕۆژهەڵات نزیک دەبێتەوە. لە دوایدا لەگەڵ ئەو هێڵە دێتە خوارەوە و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی سوتپە دا تێدەپەڕێ، ئینجا بەرز دەبێتەوە و بەرەو باکوور و لە هێڵی ٣٥ی پانی باکووردا تێدەپەڕێ. لە دوایدا دێتە خوارێ و بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی گلالیدا تێدەپەڕێ.ئینجا جارێکی دیکە دێتەوە خوارێ و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی هزارخاندا دەڕوا. لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، هەتا ڕۆژهەڵاتی ئاب باریک، ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵات دێتەوە و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی تپەدا دەڕوا. لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، هەتا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی گوندی ڕش ئاقبلاق، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا

دەبێتەوە، ئینجا بە باکووری کوەدالاخانی، بەرەو ڕۆژهەڵات دێ. لەوێشەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات، بە چەند کیلۆمەترێک لە ڕۆژهەڵاتی گوندی توشمالانەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، لەوێشەوە بە چەند کیلۆمەترێ بەرەو باکوور دەبێتەوە و بە ڕۆژئاوی گوندی مشدا بەرەو سەرەوە دەڕوا، لە دوایدا لە باشووری گوندی کازم ئابادەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە و درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتەوە بە هێڵی ٤٨ درێژی ڕۆژهەڵات. ئینجا لەوێشەوە بەرەو سەرەوە دەڕوا، لە باکووری گوندی خەسرەو ئابادەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، لە دوایدا بەرەو خواروو درێژ دەبێتەوە و بە نێوان گوندی باقر ئاباد و گودیندا دەڕوا. ئینجا درێژە بە ڕۆیشتنەکەی دەدات و دێتە خوارەوە، هەتا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی گوندی قارلق، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، هەتا جارێکی دیکە خۆی لە هێڵی ٤٨ درێژی ڕۆژهەڵات دەداتەوە. لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوادرێژ دەبێتەوە و بە نێوان گوندی سولتان ئاباد و ئاراندا دەڕوات. لە دوایدا بە باکووری گوندی سراب و ئینجا پێچ دەکاتەوە و بەرەو خوارەوە ە بە ڕۆژهەڵاتی گوندی بیدسرخدا و لە دوایدا لە ڕووباری گاماسیاب دەپەڕێتەوە و بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی گروس دەڕوا، لەوێشەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای کوەگرین. لە دوایدا لە باکوری ئەو شاخەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، هەتا بە چەند کیلۆمەترێ لە باکووری گوندی جان هێڵی ٤٨ درێژی ڕۆژهەڵات دەبڕێ و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، هەتا ڕۆژئاوای گوندی تازەباب. لە دوایدا بە خاکی نێوان ئەو گوندە و گوندی شاە ئابادا تێپەڕ دەبێ و هەتا لە هێڵی ٣٢ی پانی باکورەوە نزیک دەبێتەوە، لەوێشەوە بە باکووری کوەگریندا دەڕوا، (ئەمە ئەو چیایەی پێشەوە نییە، بەڵکوو دوو چیای بەو ناوەوە هەیە) ئینجا بەرەو باکوور بەرز دەبێتەوە و بە نێوان گوندی مگسان و سهراندا تێپەڕ دەبێ. لە دوایدا بە ڕۆژهەڵاتی گوندی میلاب و ئینجا بە باشووری گوندی ئانوچدا تێدەپەڕێ. لە دوایدا بەرەو سەرەوە بەرز دەبێتەوە و تا نزیک گوندی کەهکەدان دەڕوا. ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە و بەرەو ڕۆژئاوای گوندی ئاچمیزان دێ، ئینجا بەرەو خوار دەبێتەوە و تا لە دوایدا لە هێڵی ٣٤ی پانی باکوور نزیک دەبێتەوە. لە دوایدا بەرز دەبێتەوە و بە خوارووی گوندی قەلعەنودا دەڕوا، ئینجا لە هێڵی ٤٩ی درێژی ڕۆژهەڵات نزیک دەبێتەوە، لە دوایدا لە ڕۆژئاوای ئەو هێڵەوە بەرەو خوار دەبێتەوە و بە ڕۆژئاوای گوندی کلەجوبدا دەڕوا، ئینجا لەگەڵ هێڵی درێژی ٤٩ی ڕۆژهەڵات دەڕوا. لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا و ئینجا بە ڕۆژئاوای گوندی بیاتاندا دەڕوا و بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، ئینجا بە نێوان گوندی گوشە و دووخواهرندابەرەو ڕۆژهەڵات تێدەپەڕێ. لە دوایدا بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە و بە ڕۆژئاوای ئاشور ئابادا دەڕوا و بەرەو

سـەرەوە درێژەی پێ دەدات و بە ڕۆژهەڵاتـی گوندی دەئاقـادا دەڕوات، ئینجـا لە باکـووری گوندی پڵنگ درەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە و بە خـوارووی گوندی نورئاباددا دەڕوا و لە دوایدابەرەو سەرەوە بەرز دەبێتەوە، ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتـەوە و بە باکووری گوندی قاقـاندا دەڕوا و بەرەو ڕۆژهەڵات درێژەی پێ دەدات و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی تخماردا دەڕوا و لەوێشـــەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێـتـــەوە و درێژە بە ڕۆیشـــتنەکـەی دەدات تالە دوایدا لە ڕۆژهەڵاتـی گـونـدی خـروسـانـدا، بەرەو باشـووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێـتـەوە. ئینجـا بە ڕۆژئاوای گوندی کازم ئاباددا داڕوا و لو دوایدا باشووری ئەو گوندە دەبڕێ، ئینجا بەرەو سـەرەوە دێ و بەرز دەبێتـەوە، هەتا لە باکووری گوندی سکانە، بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتـەوە، ئینجـا باشـووری ڕۆژهـەڵات دەبڕێ و بە نێـوان گـوندی نشـهـر و گـوندی سکانەدا بەرەو باشـــووری ڕۆژهەڵات دەڕوا. لەوێشـــەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتـی گـوندی نـەسـر ئاباد، درێژە بە ڕۆیشـتنەکـەی دەدا و هـەتا دەگـاتە هـێڵـی درێژی ٥٠ی ڕۆژهەڵات. لە پاشـان ئەو هێڵـەش دەبڕێ و بە ڕۆژئاوای گوندی قـرغندا دێتـە خوارێ. لە دوایدا بە ڕۆژهەڵاتی گوندی هندەدا تێـپـەڕ دەبێ، ئینجـا بەرەو ڕۆژئـاوا دەڕوا، هـەتا دووبـارە دەگـاتـەوە هـێـڵـی درێژی ٥٠ی ڕۆژهەڵات. لە پاشـان بە ڕۆژهەڵاتـی گوندی ڕوکن ئاباددا و گـوندی سـوڵتـاندا تێپەڕ دەبێ، ئینجـا بەرەو باشـووری ڕۆژئاوا دەڕوا، لە دوایدا بەرەو باشـوور درێژ دەبێـتـەوە، هـەتا لە باشـووری گـونـدی خـەلعـەت پوشـان، بەرەو ڕۆژهـەڵات دەبێـتـەوە، لە دوایدا لـە ڕۆژهەڵاتی گوندی فرسش بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتـەوە و دەڕوا و بـە باکووری گوندی ڕاجـەدا تێدەپەڕێ، پاشـان بەرەو باشـووری ڕۆژئاوا و لە دوایدا بـەرەو گـونـدی درەبادام دا تێـدەپەڕێ و بەرەو ڕۆژهەڵات دێتەوە، هـەتا هێڵی پانی ٣٣ی باکوور، ئەو هێڵـە دەبڕێ و لە دویدا پێچ دەکاتەوە و بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، دیسـانەوە پێچ دەکاتەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی کێشـدا تێـدەپەڕێ و بەرەو باشـووری ڕۆژهەڵات دەڕوا، ئینجـا لە ڕۆژهەڵاتی گوندی تـبرە دووبارە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتـەوە و درێژە بە ڕۆیشتنەکەی دەدات، هەتا بە باشـووری گوندی دشـتگرددا تێـدەپەڕێ، لە دویدا بـەرەو باشـوور دەبێـتـەوە، هەتا لە بـاکووری گـوندی لیـرو بەرەو ڕۆژئاوا دەبێـتـەوە، ئینجـا بەرەو باشـــووری ڕۆژهەڵات و بە بەرزتـرین شـوێنەکـانی کـوەمنـاردا دەڕوا و بەرەو باشـــووری ڕۆژهـەڵات بەو لایەدا دەڕوا، هـەتا دەگـاتـە ڕۆژهەڵاتی بازئـاباد، لـەوێشـــەوە بەرەو بـاکـــووری ڕۆژهـاڵات بەرز دەبێـتـــەوە. لە ڕووبـاری دوب ئاب دەپەڕێتـەوە و بەرەو باکـووری ڕۆژهەڵات، ئینجـا بەرەو گـوندی گـوکـان لە خـوارووی ئەو گوندەوە دووبارە بـەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە. پاشـان لە ڕۆژهەڵاتی گوندی تـوف بەرەو خوار دەبێتەوە، لە دوایدا هـەر وا دەڕوا، تا لە باشووری گوندی کوگانک بەرەو سەرەوە دەبێتەوە.

لە ڕووباری زایندرود دەپەڕێتەوە و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندی ئورگان دەڕوا، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە و درێژە بە ڕۆیشتنەکەی خۆی دەدات، هەتا لە دوایدا بە نێوان گوندی حەیدەری و شێخ شەعبان، بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا و لە باشووری گوندی قەلعەحەوز بەرەو باشوور دێتەوە بە ڕۆژهەڵاتی گوندی سوارجاندا دەڕوا، ئینجا گوندی شورئاب دەبڕێ و زۆر لە هێڵی درێژیی ٥١ی ڕۆژهەڵات نزیک دەبێتەوە. لە هەندێ جێگاش لەگەڵ ئەو هێڵەدا دەڕوا، ئینجا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات، پاشان ئەو هێڵە دەبڕێ و درێژەی پێ دەدات، تا بە نێوچەی نێوان گوندی هاردنگ و زردیهادا دەڕوات و بەرەو باشوور و بە چەند کیلۆمەترێک ڕۆژهەڵاتی گوندی سفیددشت دەبڕێ وبەرەو هێڵی پانی ٣٢ی باکوور دێ، ئینجا بە ڕۆژئاوای گوندی نقنەدا بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، لەوێش چەند کیلۆمەترێک بە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی گندمان، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات تێدەپەڕێ، هەتا لە ڕۆژهەڵاتی گوندی ئیمام قەیسەوە تێپەڕ دەبێ، ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، بە ڕۆژئاوای گوندی سولکاندا دەڕوا. لە دوایدا بەرەو خوار دێتەوە و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی گردبیشەدا تێدەپەڕێ و بەرەو ڕۆژئاوی گوندی ونگ و بە بەردەوامی بەرەو خوار دەبێتەوە، دوای ئەوە چەند کیلۆمەترێ بە ڕۆژهەڵاتی گوندی گردابدا دەڕوا و لەوێشەوە بە ڕۆژهەڵاتی گوندی ئەبو ئیسحاقدا دێتە خوارێ، لە دوایدا ڕۆژهەڵاتی مال خلیفە و لە ڕۆژئاوای گوندی سندگان و لەوێشەوە بە خاکی نێوان گوندی ئاب ملخ و گوندی میمنددا دەڕوا و هەتا دەگاتە کوەدنا. لە دوایدا بە شوێنە بەرزەکانی ئەو چیایانەدا دەڕوا، هەتا دەگاتە کوە حجال، لەوێشەوەبەرەو باشوور دەبێتەوە و بە ڕۆژئاوای گوندی وزگدا دەڕوا، لەوێشەوە درێژ دەبێتەوە و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی دەشت ڕۆمدا تێدەپەڕێ، ئینجا بەرەو باشوور دێتە خوارەوە و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی مورکا و لە دوایشدا ئەبشاردا تێپەڕ دەبێ، لەوێشەوە دێتە خوارێ، هەتا دەگاتە گوندی زیررود، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی تلئەنجیر، ئینجا بە ڕۆژهەڵاتی گوندی کرکاندا دەڕوا. لەوێشەوە دێتە خوارێ و بە ڕۆژهەڵاتی گوندی دووسیران و گوندی کندە و گوندی بو ئەلحەیات و گوندی گاوکشکدا درێژ دەبێتەوە، هەتا باکووری گوندی پل ئەبگینە، ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە و بە باشووری گوندی مهرنجاندا تێدەپەڕێ، لە دوایدا بە باشووری گوندی دهلە بەرەو ڕۆژئاوا تێدەپەڕێ. لە دوایدا بە باشووری گوندی بورکیدا تێدەپەڕێ، ئینجا بەرەو سەرەوە دەبێتەوە و بە باکووری گوندی مزراعی و باشووری گوندی سیاە مەنسوور و باشووری گوندی دشت گوڕ، لە دوایدا دێتە باشووری گوندی خیارزار، ئینجا باشووری گوندەکانی خەلیفە و چهار ڕۆستایی و پوزەگاە، ئینجا بەرەو کەنداوی فارس دەڕوا، هەتا بە چەند کیلۆمەترێ

لە باشووری بەندەر گناوە دەگاتە سەر ئاو، لەوێشەوە بە ڕۆخی کەنداوی فارسدا،بەرەو باکووری ڕۆژئاوا هەتا چەند کیلۆمەتر باشووری رگ سفید، لەوێشەوە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی دەڕوا و درێژ دەبێتەوە، هەتا نزیکی شارۆچکەی سەردەشت، لە دوایدا بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا و بە باشووری گوندەکانی گنجەکان و کپیدا دەڕوا. لەوێشەوە بە ڕۆژهەڵاتی گوندی قەلعە کلابدا تێدەپەڕێ و بەرەو باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی گوندی سەرحەد ئاغادا دەکشێ. لەوێشەوە لە باشوری گوندی وەلی ئاباد تێدەپەڕێ، پاشان باشووری گوندی حاجی ملک دەبڕێ و ئینجا باشووری گوندەکانی پازنان و بیلوان و لە دوایی ئەو هێڵە بە باکوری گوندی گدارجیسدا تێدەپەڕێ و بەرەو باکووری گوندی ڕۆژئاوا و بە باشووری گوندی مەیدان جەعفەردا دەڕوا. لە دوایدا بە باشووری گوندەکانی چاه سالم و گوندی ئەمیدیە و لەوێشەوە بە ڕۆژهەڵاتی گوندی باتولیدا تێدەپەڕێ. ئینجا بە باشووری گوندی تەبرە و باشووری گوندی ڕەزواندا دەڕوا، هەتا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی گوندی بۆخامە، ئینجا هەتا نزیک گوندی چم هاشم، لەگەڵ ڕووباری جەڕاحیدا دەڕوا، لەوێشەوە بەرەو باشووری گوندی عین کرە و باشووری گوندی موراد بەگ سەردەکەوێ. پاشان بە باشووری گوندی مربچە و لە دوایشدا بەرەو گوندی شیفە سەردەکەوێ و بە ڕۆژهەڵاتی ئەو گوندەدا بەرەو ڕۆژئاوای گوندی جرە دەڕوات. ئینجا بەرەو ڕۆژئاوای گوندی رودزرد سەر دەکەوێ، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوای گوندی قەلعە تل و ئینجا لەگەڵ ئاوی مرغاب سەردەکەوێ، هەتا ئەو ئاوە لە نزیک گوندی کمبو بە ڕووباری کارون دەگاتەوە، لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە و لەگەڵ هێڵی ٣٢ی پانی باکوور درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە ڕووباری کرخە، ئینجا لەگەڵ ئەو ڕووبارەدا، هەتا باشووری گوندی حەمزە، بەرەو سەرەوە درێژ دەبێتەوە، لەوێشەوە بە ڕۆژئاوای شارۆچکەی شوشدا تێدەپەڕێ و لە دوایدا ڕۆژئاوای گوندەکانی خارکو، قەلعە نەسیر، جریە دەبڕێ و ئینجا دەگاتەوە ڕووباری کرخە، لەو گوندەی دواییشەوە لەگەڵ ڕووباری کرخەدا، هەتا ڕۆژهەڵاتی گوندی لزا سەردەکەوێ، لەوێشەوە بە چەند کیلۆمەترێ بە ڕۆژهەڵاتی گوندەکانی دەشت عەباس و ئەبوغرێب و ئەبو قیردا دەڕوات، پاشان بەرەو خوار دەبێتەوە و بە ڕۆژئاوای گوندی شێخ قندیدا دەڕوا، ئینجا بەرەو باشووری گوندی فکە بادەداتەوە، هەتا دەگاتە سنووری عێراق، پاشان بە چەند کیلۆمەترێک لە خوارووی گوندی شێخ فارسەوە، ئەو هێڵە درێژ دەبێتەوە بەرەو سەرەوە، تا بە باکووری گوندی کویتدا دەڕوا، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی چنە و لە دواییدا بە گوندی شێخ ئەحمەد دا تێپەڕ دەبێ، هەتا لە هێڵی پانی ٣٣ی باکوور بە چەند کیلۆمەترێک نزیک دەبێتەوە.

ئەو سنووره بە هێڵی پانی٣٣ی باکوور دەست پێ دەکات، لە دواییدا بەره بەره بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، هەتا دەگاتە هێڵی درێژی ٤٦ی ڕۆژهەڵات، بە چەند کیلۆمەترێک لە باشووری گوندی سیمامەوە، لە دواییدا لەگەڵ ئەو هێڵەدا دێتە خوارەوە، ئینجا پاش چەند کیلۆمەترێ بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە و لە پاشان بە باشووری شارۆچکەی جەساندا تێدەپەڕێ، لە دوایدا ئەو هێڵە بەرەو باکوور دەبێتەوە، لە پاشان بە ڕۆژئاوای گوندی ئەشان میرز ئابادا تێپەڕ دەبێ. پاشان بە خەتێکی ڕاست بەرەو ڕۆژئاوای گوندەکانی سوڵتان و حاجی محەمەد و عەبدول عەترۆزدا دەڕوا و هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی بەلەدروز. لە پاشان بە ڕۆژئاوای گوندەکانی سەلمانول سەعدون و بەنی باعس و چیچاندا، بەرەو ڕۆژئاوای شارۆچکەی میقدادیە (شارەبان) دا تێپەڕ دەبێ. لە پاشان درێژ دەبێتەوە هەتا دەگاتە ڕووباری سیروان، لە دوایدا لەگەڵ ئەو ئاوەدا تا چەند کیلۆمەترێ بەرەو باکوور دەکشێ، هەتا ڕێژگەی ئاوی چینچال لە ڕووباری سیروان، لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە و پاشان باکووری ڕۆژئاوا دەبڕێ، هەتا دەگاتە چیای حەمرین. پاشان بە بڕبڕەی پشتی ئەو چیایەدا تێدەپەڕێ، هەتا دەگاتە ئاوی داقوق، لە پاشان لەگەڵ ئەو ئاوەدا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕوا، هەتا دەگاتە چیای مەکحول و پاشان مکێحیل، دوای ئەوە بە بەرزترین شوێنەکانیدا تێدەپەڕێ و بەرەو فەتحە درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە زێی دیجلە، لە دوایدا لەگەڵ ئەو زێیەدا بەرەو باکور بە چەند کیلۆمەترێ درێژ دەبێتەوە، هەتا نزیک شاری موسڵ،لە دوایدا بە باشووری ئەو شارەدا تێپەڕ دەبێ، بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە، هەتا دەگاتە باشووری گوندی ئەلبویر. پاشان دەگاتە باشووری شارۆچکەی تەلەعفەر، لە دواییدابە باشووری گوندەکانی تەرمی و ئەبرات و کابێرادا تێپەڕ دەبێ. لە دوایدا بەرەو باکوری گوندی عەین جەسان دەبێتەوە و لە پاشان بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، لە پاشان بەرەو باشووری گوندی قەرەداغ درێژ دەبێتەوە، لە دوایدا بەرەو باکووری گوندەکانی شادوقی ڕۆژئاوا و سەباحیەدا دەڕوا، پاشان بەرەو باشووری گوندی حامرنی درێژ دەبێتەوە، ئینجا بە باکووری گوندەکانی قیکسرۆک و وەردییەدا دەڕوا. لە پاشان باشووری گوندی داله و سەکینیە دەبڕێ، هەتا دەگاتە هێڵی درێژی ٤١ی ڕۆژهەڵات، لە دوایدا بە زنجیرەی چیای جەریبدا، بەرەو سنوورەکانی نێوان کوردستان و سووریادا تێپەڕ دەبێ.

سنووری نێوان کوردستان و سووریا، له‌ باشووری ڕۆژئاوای چیای جه‌ریب ده‌ست پێ ده‌کات. له‌ دوایدا ئه‌و خه‌ته‌ به‌ره‌و باکوور درێژ ده‌بێته‌وه‌، پاشان دوای چه‌ند کیلۆمه‌ترێ به‌ ڕۆژئاوای گوندی خاتوینه‌دا تێپه‌ڕ ده‌بێ و به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵاتی گوندی سه‌فیات ده‌ڕوا، هه‌تا ده‌گاته‌ هێڵی پانی ٣٦,٣٠ی باکوور. له‌ پاش چه‌ند کیلۆمه‌ترێ به‌ ڕۆژهه‌ڵاتی گوندی ته‌ل غولیدا تێپه‌ڕ ده‌بێ. دوایی پێچ ده‌کاته‌وه‌ و به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵات و و به‌ره‌و هێڵی درێژی ٤١,٣٠ی درێژی ڕۆژهه‌ڵات درێژ ده‌بێته‌وه‌.له‌ دوایدا به‌ خه‌تێکی ڕاست داڕوا، هه‌تا ده‌گاته‌ ته‌ل باشی، له‌ پاشان به‌رو باکووری ڕۆژهه‌ڵات سه‌رده‌که‌وێ، هه‌تا ده‌گاته‌ ڕۆژئاوای گوندی ته‌ل ده‌هسراتا، له‌ دوایدا به‌ ڕۆژئاوای گونده‌کانی دلاکی و مشیرفه‌دا ده‌ڕوا، پاشان ده‌گاته‌ باکووری ڕۆژهه‌ڵاتی شارۆچکه‌ی یه‌عروبیه‌،له‌وێشه‌وه‌ به‌ره‌ وباکووری ڕۆژئاوا درێژ ده‌بێته‌وه‌، له‌ پاشاندا به‌ ڕۆژهه‌ڵاتی گوندکانی مه‌سعه‌ده‌ و ته‌ل مه‌سرادا تێپه‌ڕ ده‌بێ. له‌ دوایدا به‌ره‌و باکوور درێژ ده‌بێته‌وه‌، دوای ئه‌وه‌ی چه‌ند کیلۆمه‌ترێ ده‌بڕێ، به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵات ده‌بێته‌وه‌، ئینجا به‌ره‌و هێڵی درێژی ٤٢ی ڕۆژهه‌ڵات و ده‌ڕوا و زۆر لێێ نزیک ده‌بێته‌وه‌. له‌ دواییدا به‌ ڕۆژئاوای گوندی ئه‌لبونه‌دا تێپه‌ڕ ده‌بێ و به‌ره‌و ڕۆژئاوا و به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵاتی گوندی عه‌لی ئاغادا ده‌ڕوا. له‌ پاشان به‌ چه‌ند کیلۆمه‌ترێ به‌ ڕۆژئاوادا شۆڕ ده‌بێته‌وه‌، پاشان له‌وێشه‌وه‌ به‌ره‌و ڕۆژئاوا ده‌ڕوا، ئینجا به‌ باکووری گوندی تل علودا ده‌ڕوا، پاشان سه‌رده‌که‌وێته‌وه‌ و له‌ دوایشدا به‌ره‌و ڕۆژئاوا دێته‌وه‌، له‌ پاش چه‌ند کیلۆمه‌ترێ به‌ باکووری گوندی مشلشه‌دا به‌ره‌و باکووری ڕۆژئاوا تێپه‌ڕ ده‌بێ، ئینجا جارێکی دیکه‌ سه‌رده‌که‌وێته‌وه‌، تا له‌ دوایدا به‌ باکوری گونده‌کانی بزونه‌، خربه‌ سولیه‌دا تێپه‌ڕ ده‌بێ. ئینجا له‌ هێڵی ٤١,٣٠ درێژی ڕۆژهه‌ڵات ده‌په‌ڕێته‌وه‌. له‌ پاشان به‌ره‌و باشوور ده‌بێته‌وه‌ و به‌ ڕۆژئاوای ئه‌و هێڵه‌دا ده‌ڕوا، هه‌تا له‌ باکوری گوندی متلونه‌ی پچووک نزیک ده‌بێته‌وه‌، ئینجا به‌ره‌و باکوور سه‌رده‌که‌وێته‌وه‌ و به‌ ڕۆژهه‌ڵاتی گوندی خربه‌ عریزه‌دا تێپه‌ڕ ده‌بێ. ئینجا له‌وێشه‌وه‌ به‌ ڕۆژئاوای گوندی تل بلیچدا ده‌ڕوا، له‌ پاشان به‌ره‌و باکوور سه‌رده‌که‌وێ، هه‌تا له‌ هێڵی ٣٧ی پانی باشوور نزیک ده‌بێته‌وه‌، له‌ پاشان چه‌ند کیلۆمه‌ترێ به‌ باکووری گوندی حاجیه‌ی گه‌وره‌دا ده‌ڕوا، له‌وێشه‌وه‌ به‌ ڕۆژهه‌ڵاتی گوندی خربه‌ خزنه‌دا تێپه‌ڕ ده‌بێ، ئیجا دێته‌وه‌ خوارێ، هه‌تا ده‌گاته‌ ڕۆژئاوای گوندی توبیل. ئینجا به‌ره‌و ڕۆژئاوا ده‌بێته‌وه‌، له‌ دوایشدا به‌ره‌و باشور ده‌ڕوا، هه‌تا له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی گوندی تل ستیح نزیک ده‌بێته‌وه‌، ئینجا به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵات دێته‌وه‌، هه‌تا چه‌ند کیلۆمه‌ترێ له‌ ڕۆژئاوای گوندی تل عنبر، له‌وێشه‌وه‌ به‌ره‌و باشوور ده‌بێته‌وه‌ و به‌ ڕۆژئاوای گوندی حه‌دادیه‌دا تێپه‌ڕ ده‌بێ،

ئینجا بەرەو خوارەوە دێتەوە، هەتا دەگاتە نزیک باکووری گوندی تەل عەجین، لەوێشەوە بەرەو باکوور سەردەکەوێتەوە، ئینجا بە ڕۆژئاوای گوندی مشیرعەی گەورەدا دەڕوا، لەوێشەوە بە باشووری گوندی باوعەدا تێپەڕ دەبێ، پاشان بەرەو ڕۆژئاوا دێتەوە خوارێ، لە پاشان بە چەند کیلۆمەترێ بە ڕۆژهەڵاتی گوندی غالیدا، بەرەو خوار دەبێتەوە. لە پاشان بە چەند کیلۆمەترێ بە ڕۆژئاوای گوندی ئەلبویردا تێدەپەڕێ. لە دوایدا دێتەوە خوارەوە و بە باکووری گوندی خربە ئەلشێخدابەرەو ڕۆژئاوا، تێدەپەڕێ، هەتا دەگاتە هێڵی ٤١ی درێژی ڕۆژهەڵات، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێ. لە پاش چەند کیلۆمەترێ بە باکووری گوندی کورماتیدا تێپەڕ دەبێ. ئینجا سەردەکەوێتەوە و لە پاش چەند کیلۆمەترێ، بە باشووری گوندی کرعافیشکدا تێپەڕ دەبێ. لە پاشان بە باشووری گوندی بیرپازان و لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوادەبێتەوە و بە چەند کیلۆمەترێ بە باشووری گوندی شاموکە قبلیەدا تێپەڕ دەبێ. ئینجا لە باشووری گوندی خربە ئەلبەیادرەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، هەتا دەگاتە هێڵی ٤٠,٣٠ی درێژی ڕۆژهەڵات. لە دوایدا بە باکووری گوندی حەسنەدا، بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە. ئینجا بەرەو باکوور سەردەکەوێتەوە، لە پاشان بە باشوری گوندی تەل ئەلوەردی ڕۆژهەڵاتدا تێپەڕ دەبێ. لەپاشان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەبێتەوە، ئینجا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕوا و جارێکی دیکە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا و لە دوایدا باشووری ڕۆژهەڵات پێچ دەکاتەوە، هەتا دوای چەند کیلۆمەترێ دەگاتە ڕووباری خابوور، لە خوارووی گوندی تەل عریشەوە. لەوێشەوە شێوی سفیان دەبڕێ و پاشان بەرەو هێڵی ٣٦,٣٠ی پانی باکوور دێتە خوارەوە. ئینجا بە ڕۆژئاوای بکارات ئەلجەبەلدا تێپەڕ دەبێ، لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، ئینجا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات و لەدوایشدا بە ڕۆژهەڵاتی شاخی ئەلسفیاندا، بەرەو باشوور تێپەڕ دەبێ، هەتا دوای چەند کیلۆمەترێ، باکووری ئاوایی سجریە دەبڕێ. لە دوایدا لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی ٤٠ی درێژی ڕۆژهەڵاتەوە، بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەبێتەوە. لەوێشەوە لە ڕۆژئاوای بیری خریفە تێپەڕ دەکا، ئینجا بە ڕۆژهەڵاتی بیری جزیەدا تێپەڕ دەبێ. ئینجا دوایی دەگاتەوە هێڵی ٣٦,٣٠ی پانی باکوور، لەوێشەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بادەداتەوە، لە دویدا لە ڕۆژئاوای دۆڵی ئەلحمار و شعب عدوانی، بەرەو هێڵی ٣٩,٣٠ی درێژی ڕۆژهەڵات تێپەڕ دەکا. ئینجا لەوێشەوە بەرەو باشووری گوندی نسف تەل دێ، لە پاشان بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە و بە باشووری ئێسگەی غوجاردا دەڕوا، لەوێشەوە دوای چەند کیلۆمەترێ بە باشووری گوندی تەل شووردا بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، هەتا دوای چەند کیلۆمەترێ، بە ڕۆژهەڵاتی گوندی جەنداویدا تێپەڕ دەبێ. لەوێشەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە. لە پاشان بە

ڕۆژئاوای بیری لویبدەدا بەرەو خوار تێپەڕ دەكات و زۆر لە هێڵی ٣٩ی درێژی ڕۆژهەڵاتەوە نزیک دەبێتەوە. ئینجا لەو هێڵەوە بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، لەدوایدا بە باشووری گوندی خربەی ڕزدا بەرەو ڕۆژئاوا تێپەڕ دەكا، پاش چەند كیلۆمەترێ، بە باشووری گوندی منكلیدا تێپەڕ دەبێ. لە دوای چەند كیلۆمەرتێک، لە ڕۆژهەڵاتی گوندی واستەوە، بەرو باكوور دەبێتەوە و پاشان بە ڕۆژهەڵاتی گوندی خنیزیردا بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی ئەبو حنیرەدا تێپەڕ دەبێ، ئینجا لە باكووری ئەو گوندەوە، بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە و بە باشوری گوندی بربرەدا، بەرەو باشوری گوندی كتال عەبیددا تێپەڕ دەبێ. لەوێشەوە بەرەو باشوور دەبێتەوە، پاشان بە ڕۆژئاوای گوندی كلجەدا تێپەڕ دەكات. ئینجا ڕۆژئاوای گوندی سەبع جەفار دەبڕێ، هەتا دەگاتە سەر هێڵی ٣٦,٣٠ی پانی باكوور. لەوێشەوە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، پاشان داوی چەند كیلۆمەرێک، بە ڕۆژهەڵاتی گوندی ئەبونیتۆلەدا تێپەڕ دەكات، ئینجا دوایی بەرەو ڕۆژئاوا بادەداتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی گوندی شەهم تێپەڕ دەكات. لە پاشان لە هێڵی ٣٨,٣٠ی درێژی ڕۆژهەڵات تێپەڕ دەبێ. لە دویدا پاش چەن كیلۆمەترێک، بە باكووری گوندی ڕەجم ئەلرحابیەدا تێدەپەڕێ، ئینجا بەرەو باكوری گوندی شەلال دەكشێ و لەوێشەوە دەڕوا هەتا دەگاتە زێی فورات. ئینجا لەگەڵ ئەو زێیەدا بەرەو باكوور، هەتا گوندی زورمغار سەردەكەوێتەوە، پاشان لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە و بە باشووری گوندی یوسلساڵدا دەڕوا. ئینجا دوای چەند كیلۆمەترێ، بە باشووری گوندی هوڵمندا تێپەڕ دەكات. پاشان بە چەند كیلۆمەترێكی دیكە باكووری گوندی زوعر جێ دەهێڵێ. لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە. لە دوایدا بە چەند كیلۆمەترێ بە باشوری گوندی كەنیسەی ئەزیردا، بەرەو ڕۆژئاوا تێپەڕ دەبێ، ئینجا بە باشووری گوندی بیاریدا دەڕوا، هەتا دەگاتە هێڵی ٣٧,٣٠ی درێژی ڕۆژهەڵات و لە پاشان بە باكووری گوندی سەلجەی ڕۆژهەڵاتدا تێدەپەڕێ. ئینجا بە باشووری گوندی سلڤان دەبرێ و لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە و بە باشووری گوندی سیویدا تێپەڕ دەكات. لەوێشەوە بەرەو باكوور دەبێتەوەو بە ڕۆژئاوای گوندی قوزردا دەڕوا. لە پاشان بەرەو ڕۆژئاوای گوندی عومەر جیكدا دەڕوا و لەوێشەوە بە باكوری گوندی قرە بیاكدا تێپەڕ دەبێ.ئینجا بە باشووری گوندی بولاتللی دەڕوا و بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی موسی بیلی دەكشێ، لە پاشان لە ڕۆژهەڵاتی ئەو گوندەوە، بەرەو باشوور دەبێتەوە، هەتا دەگاتە ڕۆژهەڵاتە گوندی مغار چیک، ئینجا بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە. پاشان دوای چەند كیلۆمەترێ، بە باشووری گوندی مردانلیدا تێپەڕ دەبێ، ئینجا بە باشووری گوندی كارتیە و لە دوایشدا بە ڕۆژئاوای گوندی ئاگری كینا و ئینجا كەمێ بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە. تا بە

تەواوی بەرەو هێڵی ٣٧ی درێژی ڕۆژهەلات دەڕوا و لێی نزیک دەکەوێتەوە. لە دوایدا بە ڕۆژئاوای گوندی زاولی و بەرو ڕۆژهەلات پێچ دەکاتەوە، تا پاشان لە ڕۆژئاوای گوندی تاتیە نزیک دەبێتەوە. لەوێشەوە دوای چەند کیلۆمەترێک بە ڕۆژئاوای ئەعزاز، بەرەو ڕۆژئاوای گوندی سیجراندا تێپەڕ دەبێ، ئینجا لە هێڵی ٣٧ی درێژی ڕۆژهەلات دەپەڕێتەوە. لە دوایدا بە دەوروبەری ئەو خەتەدا دێتە خوارەوە، هەتا ڕۆژئاوای تەل عجار بە چەند کیلۆمەترێک. لەوێشەوە چەند کیلۆمەترێک بەرەو ڕۆژهەلاتی گوندی ئابین دەڕوات، ئینجا بە ڕۆژئاوای گوندی دیر حەجالدا تێپەڕ دەکات. پاشان دوای چەند کیلۆمەترێک بەرەو ڕۆژهەلات دەبێتەوە و بە ڕۆژهەلاتی گوندی غەربیەدا تێپەڕ دەکات. ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا بادەداتەوە، لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوای گوندی بنلدا تێپەڕ دەکات. پاشان لە هێڵی ٣٧ی پانی باکوور نزیک دەبێتەوە، هەتا ڕۆژهەلاتی گوندی تنورەش دەڕوات. لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، پاش چەند کیلۆمەترێک. بەرەو سەر دەبێتەوە و لە باکووری گوندی باسوفانەوە دێتە خوارەوە، پاشان بەرەو ڕۆژهەلاتی گوندی سلوە دەڕوا و لەوێشەوە بەرەو باشووری گوندی ئەتمە دەڕوا، تا لە دوایدا بە باکووری گوندی خۆجەدا تێپەڕ دەکات و لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوای گوندی ئەلحەمامدا دەڕوا و بەرەو باکوور دەکشێ، هەتا دوای چەند کیلۆمەترێک، لە ڕۆژهەلاتی گوندی سوجو، بەرەو سەرەوە دەڕوات، هەتا دەگاتە ئاوی قەرە سو. لە دوایدا لە باشووری چیای کوێر ئۆغلۆ کۆی، بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە. ئینجا لە ئاوی موبنیک چای دەپەڕێتەوە، لە دوایدا بە چەند کیلۆمەترێک لە باشووری گوندی ئاقبنەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێ، ئینجا بە ناوەڕاستی چیای نورداغلیدا دەڕوات و بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێ. هەتا دەگاتە سەر کەنداوی ئەسکەندرون، لە خوارووی گوندی ساری سکی بە چەند کیلۆمەترێک.

سنووری ئاویی کوردستان

کوردستان له دوو لاوه سنوورەکەی دەگاتەوه سەر ئاو، ئەوشی له باکووری ڕۆژئاوا و باشووردایه. درێژی سنووری ئاویی، لەچاو درێژایی سنووری زەمینیدا، زۆر کەمە و له چەند سەد کیلۆمەترێک زیاتر نابێ.

سنووری کوردستان لەسەر کەنداوی ئەسکەندەرۆن

له باشووری گوندی ساری سکی به چەند کیلۆمەترێک، ئەم سنووره دەست پێ دەکات و بەرەو باکوور به چەند کیلۆمەترێک دەکشێ. له دوایدا بەرەو باکوری ڕۆژئاوا دەبێتەوه، هەتا دەگاتە هێڵی درێژی ٣٦ی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ ئەو خەتەدا کۆتایی به سنووری کوردستان دێت، له کەنداوی ئەسکەندەرۆن.

سنووری کوردستان لەسەر کەنداوی عەرەبی (فارسی)

له باشووری بەندەری ڕیگەوه دەست پێ دەکات و بەرەو باکووری ڕۆژئاوا هەڵدەکشێ، و بەلای ڕۆژئاوای شارۆچکەی بەندەر گناوه دا تێپەڕ دەکات. له دوایدا بەرەو ڕۆژئاوای گوندەکانی مال سلێمان، چامک، چاه شور، نبگ و له پاشان بەرەو باکوور درێژ دەبێتەوه و به ڕۆژئاوای گوندی ئیمام حەسەن و حەساردا دەڕوات. له دوایدا درێژه به ڕۆیشتنەکەی دەدات وبه ڕۆژئاوای گوندکانی لیلتین، بویرات، به چەند کیلۆمەترێک تێپەڕ دەبێ، هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای بەندەر دەیلەم، لەوێشەوه بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕوا و له دوایدا بەرەو ڕۆژئاوای گوندی ڕگ سەفید، به چەند کیلۆمەترێک درێژه به ڕۆیشتنەکەی دەدات، پاشان هەتا له ڕۆژهەلاتی هێلی درێژی ٥٠ی ڕۆژهەلات به چەند کیلۆمەترێکی دیکه کۆتایی پێ دێت. واته سنووری کوردستان، لەگەڵ ئاستی کەنداودا، له باشووری بەندەری ڕیگەوه، هەتا ڕۆژهەلاتی هێلی درێژی ٥٠ی ڕۆژهەلات درێژ دەبێتەوه.

بەشی حەوتەم: دابەشبوونی ئیداری خاک (تێریتۆریا)

بۆ هەڵسوڕانی کاروبارەکانی ئیداری لە هەموو وولاتەکانی جیهاندا، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئاسان، پێویستە نێوچە جوگرافیەکانی ئەو وولاتانە، بەسەر چەند یەکەیەکی ئیداری جیاوازدا دابەش بکرێن، کە هەر نێوچەیەک بەپێی ڕووبەری خاکەکەی، باری ئابووریی، ڕەوشی کۆمەلایەتیی، گیروگرفتەکانی نەتەوەیی و ڕامیاریی، شوێنی جوگرافیی و دوور و نزیکیی ئەو نێوچانەوە لە پایتەختی دەوڵەتەکەوە، هەروەها بەپێی بارودۆخ و دوور و نزیکیانەوە، لە وولاتەکانی دەوروبەرەوە، ئەو یەکە ئیداریانە دیاری دەکرێن و بەڕێوە دەبرێن.

دابەشبوونی ئیداری خاک لە کوردستاندا، هەر لە کۆنەوە تاکوو بەم قۆناغەی ئەورۆ گەیشتووە، چەندین قۆناغی بڕیوە و گەلێ گۆڕانکاریی گەورەی لە شێوە و ناوەڕۆکدا بەسەردا هاتووە، بۆیە لێرەدا بە کورتی لە هەندێ لەو گۆڕانکارییانە دەدوێین:

دابەشبوونی ئیداری خاک لە پێش ساڵەکانی هەشتادا

لە سەردەمی هەخامەنشیەکاندا (٣٣٠ - ٥٥٩ پێش زایین)

کۆنترین زانیاری لەسەر دابەشبوونی ئیداریی خاک لە کوردستاندا، هەروەها لە وولاتەکانی دەوروبەردا، بۆ سەردەمی دەسەلاتداریێتی داریۆشی یەکەم دەگەڕێتەوە. داریۆش وولاتی هەخامەنشی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش کرد بوو، بەڕێوەبەرێکیشی بۆ هەر بەشێک دیاری کرد بوو، کە نازناوی (خشسراپاون) پێ بەخشی بوون. پاشان یۆنانییەکان لەبری ئەم نازناوە، (ساتراب) یان بەکار دەهێنا. وولاتی هەخامەنشییەکان لە سەردەمی داریۆشی یەکەمدا، لە ٢٠ تاکوو ٢٨بەشی ئیداری پێک هاتبوو، ناوەکانیشیان بەپێی بووسینەکانی نەخشی ڕۆستەم ئەمانە بوون:

مەملەکەتی مادی (ئازەربایجان، کوردستان و عێراقی عەجەم). خۆزستان. پارس (خۆراسان و گورگان). هەرات. باختەر. بەلخ. سەغد (بوخارە و سەمەرقەند). خوارەزم (خیوە). سیستان. ڕەخج (باشووری ئەفغانستان هەتاکوو قەندەهار). پەنجابی هیند. کابول و پیشاور. سەند. ساکها و پشت سەیحون. بابل. ئاسوور. عەرەبستان. میسر. ئەرمەنستان. ڕۆژئاوای ئاسیای پچووک. یۆنانییەکانی ئاسیای پچووک. سکەهای لای

زەریا، مەكەدۆنیا، یۆنانییەكانی سپرداد (توركیای ئەوڕۆ). سۆماڵ و عەدەنی ئەوڕۆ. حەبەشە. كاپادۆكیا (بەشی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای پچووك). بەرقە. قەرتاجنە (٤٤، لاپەڕە, ٢٦٥١).

له سەردەمی ئەشكانییەكاندا (٢٢٦ پ..ز. - ٢٥٠ د.ز.)

ئەشكانییەكان وولاتەكەیان بەسەر دوو بەشی ئیداری جیاوازدا دابەش كرد بوو، یەكەمیان: وولاتە سەربەخۆ گچكەكانی وەكوو (پرسید، لیمائید، مەسن، ماد، ئاترۆپاتین، هیركان و سكستان. دووەمیشیان لە ١٨ ساتراپ پێك هاتبوو كە بە ڕیز ئەمانەن: بابل. ئاپۆلۆنیاتیس. خالونیت. كارینا (شوێنی بە تەواویی نازاندرێ، دوور نییە هەمەدان نەبێ) كامبادان (كرماشان). مادی سەروو (هەمەدان) مادی خواروو یاخود مادی ڕازی (ڕەی) خوئارن (خوار) كەمین (قومیش) نزیكەی دامغانی ئەوڕۆ دەگرێتەوە. وهركان (گورگان) ئاستونین (بە تەواویی ناناسرێتەوە). پارتی تایبەت. ئاپائاوار تاكس (بەشێكە لە پارتی تایبەتی). مەرگیان (مرۆ). ئاریا (هەرات). ئانا ئوئر (بەشێكە لە هەرات). زرنگ (سیستان) . ئاراخوزیا (رخج یا هیندستان). (٥٠، لاپەڕە ١٣١).

له سەردەمی ساسانییەكاندا (٢٢٦ - ٦٥٢ز)

ساسانییەكان لە دابەشبوونی خاكدا، لە ڕوی ئیدارییەوە دوو شتیان لە پێش چاو دەگرت: یەكەمیان – دەسنیشانكردنی تەواوی سنووری ئیدارییەكان و دەسەڵاتداری فەرمانڕەواكان و سەنتەر بوو. دووەمیشیان: باری سەربازیی (سوپایی) بوو. ئیمپراتۆرییەتی ساسانی لەبەر ڕۆشنایی ئەم دابەشكردنەدا، لە چوار بەش پێك هاتبوو:

١. خۆراسان (ڕۆژهەڵات)، خۆراسانی ئەوڕۆ، خوارزم، بوخارا، سەغد، گورگان، سیستان، بلوجستان.

٢. خوربران (ڕۆژئاوا)، عێراق، كرماشان و كوردستان.

٣. باختەر (مەبەست لە باكوورە)، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان، قەفقاز، تەپورستان (مازندەران)، دەماوەند.

٤. نیورۆژ (مەبەست لە باشوورە)، خۆزستان، پارس، كرمان، سگستان، سند. (٥٣، لاپەڕە ٢٦٧).

لە سەردەمی عەرەبەکاندا (٦٣٧ - ١٢٥٨ ز)

عەرەبەکان لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین و ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا، هەتاکوو بەغداش لە لایەن مەغۆلییەکانەوە گیرا و کاول کرا، لە نێوچەیەکی فراوانی ڕۆژهەڵاتدا، بە ناوی ئیسلامەوە فەرمانڕەوایی ئەو نێوچانەیان دەکرد. لەبەر ئەوەی عەرەبەکان پێشتر، خاوەنی هیچ جۆرە سیستەمێکی ئیداری نەبوون، لەگەڵیدا ئاشنایەتییان نەبوو، ناچار بوون، لەو وڵاتانەی داگیریان کرد بوون، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەیڕەوی سیستەمی ئیداری سەردەمی ساسانییەکان بکەن. ئیمپراتۆرییەتەکەشیان بەم شێوەیە دابەش کرد بوو:

١. جەزیرە: دیاری موزیر (ڕقە)، دیاری ڕەبیعە (موسڵ)، دیاری بەکر (ئامێد).

٢. عێراقی (عەرەبی): حەلوان (سەرپێڵی زەهاو).

٣. وڵاتی ڕۆم: مەلاتیە، تۆقات، سێواس.

٤. ئەرمینیا و ئاران و ئازەربایجان: وانە، بەرزەعە، تەبریز، ئەردەبیل، مەراغە.

٥. هەرێمی چیا (عێراقی عەجەم یاخود کوهستان): سوڵتانیە، هەمەدان، قرمەسێن (کرماشان)، هەولێر، شارەزوور (یاسین تەپە). (١٣، لاپەڕە ٨-٩).

لە سەردەمی مەغۆلەکاندا (١٢١٧ - ١٣٨٢ ز)

مەغۆلەکان لە ماوەی فەرمانڕەواییاندا، هەندێ گۆڕانکارییان لە سیستەمی ئیداریدا کرد. ژمارەی بەشە ئیدارییەکانیان لە ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا زیاد کرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڵوێستی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی، بە تەواویی بگونجێ. کوردستان لە سەردەمی مەغۆلەکاندا (١٣٤٠ ز)، لەم بەشە ئیداریانە پێک هاتبوو (٤٥، لاپەڕە ١٠٢-١٠٩):

- **وولایەتی کوردستان:** ئەم وولایەتە لە شانزە یەکەی ئیداری بە ناوی ئیالەتەوە (نێوچە) پێک هاتبوو. وەکوو: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، دەزبیل، دینەوەر، سوڵتان ئاباد، شارەزوور، کرماشان، کەرەند و خۆشان، گەنکاوەر، مایدەشت (واستام - بێستوون)، هەرسین.

- **وولایەتی دیاربەکر و ڕەبیعە:** ئەم وولایەتە لە ٢٩ یەکە ئیداری، بە ناوی ئیالەتەوە (نێوچە) پێک هاتبوو. وەکوو: موسڵ، ئەربیل، ئەرزن، ئامەد، باسەیدە، بازەرنوح، بەرتللی، بوازیج، جەسار، جەزیرە، حانی و سیوان، حەڕان، حەسەنکیف، خابور، ڕەسولعەین، ڕەقە، ڕوها،

ساعرد، سنجار، سوق سەمانین، عەقرە، عەمادیە، قەرقیسیا، کەرمەلێس، ماردین، موش، میافارقین، نەسیبین، موسڵ.

- **وولایەتەکانی عێراقی عەرەبی و خۆزستان:** بەرازی روز (بەلەدروز)، بەندنیچین، (مەندەلی)، حەلوان (سەرپێڵی زەهاو)، خانەقین، داقوق، زەنگ ئاباد، باجسری، شارەبان، قەسری شیرین، دێزفول، سوس، لوڕی بزرگ (نێوچەی بەختیاری)، لووڕی پچووک، لۆردگان، بروجەرد، خوڕەم ئاباد، سەمسا و سێمەرە.

لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا (١٠١٩ - ١١٩٦ ز)

سەلجوقییەکان لە دەوروبەری ساڵی ١٠١٩ هەتا ١١٩٦ی زایینی، لە کوردستاندا فەرمانڕەواییان کردووە. لەو ماوەیەدا، بەپێی سیستەمی ئیداری خۆیان، کاروباری ئیداریان بەڕێوە بردوو. وولاتەکەیان بەسەر چەند یەکەیەکی ئیداری گەورەدا، بە ناوی (ئیالەت) هوە دابەش کردووە و کاربەدەستێکی باڵا سەرپەرشتی کردووە.

کوردستان وەک زاراوەیەکی ئیداری و بگرە وەک زاراوەیەکی جوگرافییش (خاک)، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا بەکار هێنراوە. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، پێش دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، بە تایبەتی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی (١١١٧ – ١١٥٧ ز.)، ئەم زاراوەیە نەبوو. ئەم سوڵتانە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، هەموو ئەو یەکە ئیداریانەی کەوتبوونە، ڕۆژئاوای هەرێمی چیای (کۆهستان – عێراقی عەجەم) لە سەنتەری ئەم هەرێمەی دابڕی و لە بەشێکی ئیداری تازەدا کۆی کردنەوە و ناوی لێ نا (ئیالەتی کوردستان). ئەم بەشە ئیدارییە تازەیەش، لە سەرەتادا لەم نێوچانە پێک هاتبوو: هەمەدان، دینەوەر، کرماشان، شارەزوور، سنجار، قەڵای بەهار لە سەرەتاوە، لە دواییشدا سوڵتان ئاباد (چەمچەماڵ) کرا بە پایتەخت (٧٧، لاپەڕە ١٩٢).

لە سەردەمی سەفەویەکان و عوسمانییەکاندا:

کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا، بەسەر چەند یەکە ئیدارییەکی گەورە، بە ناوی (ئیالات – وولایەت) هوە، دابەش کرا بوو. هەر یەکێ لەم ئیالەتانەش، لە چەند یەکە ئیدارییەکی پچووکتر پێک هاتبوو، پێیان دەگووت (سنجا ق)، کە لە لایەن سنجاقدارێکەوە بەڕێوە دەچوو. ئیالەتەکانی کوردستان لە دەوروبەری ساڵی ١٥١٥ی زایینیدا، ئەمانە بوون:

- **ئیالەتی دیاربەکر**: یەکە ئیدارییەکانی ئەم ئیالەتە، لە ڕووی شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی و هەندێ شتی دیکەوە، بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێن:

ا – سنجاق: ئەم سنجاقانە، یەکسەر لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی عەسمانییەوە بەڕێوە دەبران، بەپێی ئەو سیستەمە ئیدارییەی کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم دەوڵەتەدا هەبون. سنجاقەکانیش ئەمانە بوون ؛ خارپۆت، ئەرغەنی، سێوەرکی، نەسیبین، حەسەنکیف، چەمشکەزەک، سعرد، مفارقین، ئاقچە قەڵای نەسیبین، خابور، سنجار.

ب – سنجاقی خانەدانان: میرە کوردەکان، لە بەڕێوەبردنی کاروبارە نێوخۆییەکانی ئەم سنجاقانەدا، پرسیان بە کاربەدەستانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەدەکرد و بەو شێوەیەی خۆیان دەیانویست، میرنشینییەکانیان بەڕێوە دەبرد، واتە لە ڕووی ئیدارییەوە سەربەخۆ بوون. سنجاقەکانیش ئەمانە بوون: سیغمان، قوڵب، مەهرانیە، تەرجیل، ئەتاق، پرتک، جەپاقچور، چەرمک.

ج – حوکومەتی سەربەخۆ: لە چوارچێوەی ئیالەتی دیاربەکردا، چەند حوکومەتێکی سەربەخۆ هەبوون، لە هەڵسوڕاندنی کاروباری نێوخۆی خۆیاندا سەربەخۆ بوون و لە لایەن سوڵتانەکانی عوسمانییەوە، نازناوی #میری میران" یان پێ بەخشرا بوو. حوکومەتەکانیش ئەمانە بوون: ئەگیل، پالۆ، جەزیرەی ئیبن عومەر، حەزۆ، گەنج، خابور، مالاشکرد.

- **ئیالەتی وان**: ئەم ئیالەتە، بەپێی هەندێ سەرچاوە لە ٤١ یەکە ئیداری پێک هاتبوو: (٣٧ سنجاق و ٤ حوکومەتی سەربەخۆ)، کە هەمان سیستەم و پایەی ئیداری ئیالەتی دیاربەکری هەبووە.

ا – سنجاق: ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لە دانان و لابردنی ئەم یەکە ئیداریانە بەرپرسیار بوو. ناوەکانیان ئەمانە بوون: ئەرجیش، عادیلجەواز، موش، بارگر، گەڕگەڕ، کسانی، هێزان، سعرد، ئاغاکیش، شروی (شیروانی کوردان)، قەتور، قەڵای بایەزید، بەردەع، ئەرەجک، کورلادێک، چۆپانلۆ، شۆرگر، دالەگیر، زریقی، وان.

ب – سنجاقی خانەدانان: ئاباغای، قەرەجەقەڵا، ماکۆ، زیادین، کارنی، سورەکێو، مەکەس، لادیک، ئاقچەقەڵا، شتاق، لاموس، ئوزەجک... هتد.

ج – حوکومەتی سەربەخۆ: هەکاری، بدلیس، مەحموودی، بنیانش.

- **ئیالەتی ڕوها**: ٤/ ئیالەتی موسڵ. ٥/ ئیالەتی کوردستان. ٦/ ئیالەتی لوڕستان.

دووەم: دابەشبوونی ئیداری خاک لە دوای ساڵەکانی هەشتاوە:

باری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی، لە سیستەمی دابەشکردنی ئیداری کوردستاندا، ڕۆڵی گرنگی تایبەتیی خۆی وازی دەکات. گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن:

– چەسپاندنی دەسەڵات: دەوڵەتی ناوەندی، لە کاتی نەخشەدانانی ئیداریدا، زیاتر بایەخ بە لایەنی سەربازیی دەدات، وەک لە لایەنە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی چەسپاندن و درێژەدانە بە دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی نێوچە جیاجیاکانی بندەستییەتی.

– ناوگۆڕین: گۆڕینی ناوە مێژووییەکانی شوێنە جوگرافییەکان، لە کوردییەوە بۆ تورکی و عەرەبی و فارسی، بە مەبەستی سەرلێشێواندنی ناشارەزایان، تا ئەو نێوچە و شوێنانە نەناسنەوە و دروسکردنی بەڵگەی ساختە، تا بیسەلمێنن، ئەو شوێنانە کوردستان نین و دەسەڵاتی حوکومەتی ناوەندی زیاتر تێدا بچەسپێنن، لە لایەکی دیکەشەوە ناوە کۆنەکان لە بیر دانیشتووان بەرنەوە و فێری ناوە تازەکانیان بکەن. نموونەش لەسەر ئەم کردارانە گەلێک زۆرن، وەکوو گۆڕینی ناوی گوند و قەزا و شارەکان. بۆ نموونە، لە باکووردا، تورکیا لە ساڵی ١٩٣٦دا، ناوی دەرسیمیان گۆڕی بە تونجەلی. لە ڕۆژهەڵاتدا، ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، ناوی کرماشانیان گۆڕی بە باختەران. لە باشووردا عێراق، لە ٢٩-١-١٩٧٦ دا، ناوی پارێزگای کەرکووکیان گۆڕی بە تەئمیم.

– سڕینەوە: دەوڵەتی عێراق، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٧ – ١٩٨٧ دا، ٤٣ ناحیەی بە تەواویی سڕییەوە و زۆربەشیانی چۆڵ کرد و دانیشتووانەکانیشی دەربەدەر و ئاوارە کرد، تا مەبەستە سەربازییەکانی خۆی بەدی بهێنێ. ئەمەش ناوەکانیانە:

قوشتەپە، خەبات، کەندیناوە، تەقتەق، شۆڕش، برادۆست، مێرگەسوور، بارزان، خۆشناو، باڵەک، حاجی هۆمەران، بەرواری باڵا، ڕزگاری، قەرەداغ، خورماڵ، بیارە، گەرمک، سیوەیل، ماوەت، هێرۆ، مەرگە، ڕانیە، ئاغجەلەر، سەنگاو، تیلەکۆ، قەرەحەسەن، شوان، یایچی، کەڵەک، وانە، مریبە، مزوری، نەهلە، سورچی، گروەشین، مەیدان، قۆرەتو، جەباری، سەرقەڵا، کۆکس، نەوجۆڵ، قادر کەرەم، زڕباتییە.

– گۆڕینەوەی ناو: هەر ڕژێمێکی تازە دێ، ناوی ئەو شوێنە جوگرافییانەی پێش ئەو گۆڕا بوون، جارێکی دیکە دەیان گۆڕنەوە وبە ناوی ڕووداوە گرنگەکانی ڕژێم و سەرکردەکانییەوە، ناوی تازەیان لێ دەنێن، بە مەرجێ لەگەڵ بیروڕای خۆیاندا بگونجێ. نموونەی ئەمانەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وەکوو گۆڕینی ناوی قەزای سەلماس بۆ

شاهپور و دیسانەوە جارێکی دیکە گۆڕییانەوە بەسەلماس. هەروەها ناوی شاری ورمێیان گۆڕی بۆ ڕەزاییە، پاشان کردیانەوە بە ورمێ. پەهلەوی دژ بۆ نەنور. شاهین دژ بۆ ساین دژ. شا ئابادی ڕۆژئاوا بۆ ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا... تاد.

– لێکداپچڕاندن: باری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و هەندێ جاریش، ڕەوشی ڕامیاریی وا دەخوازێ، کە هەندێ یەکە ئیداری لە یەکە ئیدارییەکانی پێشوو بکرێنەوە و بە یەکە ئیدارییەکی دیکەی تازە یا دراوسێوەی ببەستنەوە. بۆ نموونە قەزای توزخورماتوی لە ساڵی ١٩٧٦دا، لە پارێزگای کەرکووکیان داپچڕی و بە پارێزگای سەلاحەدینیانەوە لکاند. هەروەها ناحیەی ئەبدانانیان لە قەزای دێهلۆران داپچڕی و بە قەزای بەدریانەوە بەستەوە.

– گۆڕینی پلە: زیادبوونی ڕۆڵی هەندێ یەکە ئیداری لە نێوچەکەدا، پێویستی بە گۆڕینی ستاتۆس دەکات، بۆ ئەوەی بە فەرمانە تازەکانی خۆیان هەڵبستن. بۆ نموونە، گۆڕینی ستاتووسی دهۆک، لە کۆتایی مانگی مای ساڵی ١٩٦٩دا، لە سەنتەری قەزاوە بۆ سەنتەری پارێزگا. ، گۆڕینی شیروان و چرداول لە پارێزگای ئیلام، لە سەنتەری ناحیەوە بۆ سەنتەری قەزا. هەروەها هەمان شتیش لە ناحیەی لوردیگان لە پارێزگای بەختیاری ڕووی دا.

– بەرزکردنەوەی پلە: ئەو گوندانەی کە لە شوێنە ستراتیژییەکاندا هەڵ کەوتوون و بە سامانەکانی ژێر زەوی دەوڵەمەندن، ستاتووسی ئیداری بە هەندێکیان دەبەخشن و دەبنە سەنتەری یەکەیەکی ئیداری. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، گوندی ئینزل لە قەزای ورمێ کرا بە ناحیە.

خاکی کوردستان بەگوێرەی دەسەڵات و بەرپرسیاری یەکەم لە نێوچەکەدا، جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەنتەر، ژمارە و چۆنێتی کارکردن و ئەرکەکانی کارمەندان، ڕووبەر و ژمارەی یەکە ئیدارییەکان... هتد بەسەر پێنج پلەی ئیداری جیاوازدا دابەش دەکرێ، پلەکانیش ئەمانەن:

– پارێزگا (ئیل، ئوستان، موحافەزە) – بە گەورەترین یەکە ئیداریی کوردستان دادەنرێ. کاروبارەکانی ئیداریی پارێزگا لە لایەن کاربەدەستێکی دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرێ، بە ناوی پارێزگارەوە (والی، ئوستاندار، موحافیز)

پارێزگار بە فەرمانی کۆماری دادەمەزرێ و دەستیشی لە کار دەکێشرێتەوە. ئەم کارمەندە بەرپرسیاری یەکەمی بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارە ئیدارییەکانی پارێزگایە و هەندێ جاریش کاروباری سەربازیش لە ئەستۆی خۆی دەگرێ. لە هەمان کاتدا بڕیار و

فەرمانەکانی دەوڵەتی ناوەندی جێبەجێ دەکات و بە نامە و ڕاپۆرتی تایبەتیی و سەردان بۆ پایەتەخت، دەسەڵاتی ناوەندی، لە هەموو دەنگوباسەکانی پارێزگاکە ئاگادار دەکاتەوە.

قەزا (ئیلچە، شەهرستان، مەنتیقە) – قەزا لە ڕوی دەسەڵات و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتووانەوە، لە دوای پارێزگاوە دێ. لەسەر هەر یەکێ لەم یەکە ئیداریانە، کاربەدەستێکی دەوڵەت بە ناوی قایمقامەوە (مودیری مەنتیقە، شارستاندار، ئیلچەقایمقامی) دادەنرێ، کە ئەویش بە فەرمانی تایبەتی کۆماری دادەمەزرێ و لادەبرێ. ئەم کاربەدەستە بە زۆری پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پارێزگاردا هەیە، لە هەمان کاتدا لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان و ئاگادارکردنی لایەنەکانی سەروتر لە خۆی، لە هەموو کاروبارەکانی ئیداریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی و سەربازیی، لە چوارچێوەی یەکە ئیدارییەکەی خۆیدا بەرپرسیارە.

– ناحیە (بۆچاغ، بەخش) بە سێیەم پلەی ئیداری دادەنرێ لە کوردستاندا، گەورەترین بەرپرسیاری ئەم یەکە ئیدارییە، کاربەدەستێکە بە ناوی بەڕێوەبەری ناحیەوە (مودیری بۆچاغی، بەخشدار)، کە بە فەرمانی وەزیری ناخۆ دادەنرێ دەستی لە کار دەکێشرێتەوە، هەندێ جاریش بە فەرمانی کۆماری دادەنرێ. ئەرکەکانی سەرشانی مودیری ناحیە، زیاتر خۆی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ئیدارییە لە ناحیەکە و ئاگادارکردنەوەی قایمقام لە بارەی دانیشتووانی ناحیەکەدا دەنوێنێ، هەروەها بڕیار و فەرمانەکانی پارێزگار و قایمقام، بە خەڵکی دەگەیەنێ و جێبەجێیان دەکات.

– دەهستان (موقاتەعە) بریتییە لە یەکە ئیدارییەکی پچووک، لە ژمارەیەک گوندی سەربەیەکەوە پێک هاتووە، لە ڕووی هەڵسوڕاندنی کاروباری ئیداری و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەوە، بە سەنتەری ناحیەوە بەسراونەتەوە.

– گوند – گچکەترین یەکە ئیدارییە لە کورستاندا و لە ژمارەیەکی نادیار لە خێزان پێک هاتووە. کاروباری ڕۆژانەی هەمەچەشنەی گوندەکان، لە لایەن یەکێ لە دانیشتووانی گوندەکەوە، بە ناوی (موختار) ەوە دەبرێ بەڕێوە، کە بە شێوەی هەڵبژاردن یاخود بە شێوەی دیاریکردن لە لایەن بەڕێوەبەری ناحیەوە دیاری دەکرێ. ئەرکی سەرشانی موختار، ئاگادارکردنەوەی سەنتەری ناحیەیە، لە هەموو جۆرە جموجۆڵێکی دانیشتووانی گوندەکان و گەیاندنی هەمو بڕیار و ڕاسپاردەکانی بەڕێوەبەری ناحیەیە بە خەڵکی گوندەکان.

له ساڵەکانی هەشتاوە، کوردستان بەسەر سی (٣٠) پارێزگا و ٢١٠ قەزا و ٤٣٢ ناحیە و نزیکەی سی (٣٠) هەزار گوندا دابەش کراوە. دابەشبوونیان بەسەر هەرێمەکاندا، بەو شێوەیە کە لە خشتەی ژمارە (٢٦) نیشان دراوە.

خشتەی ٢٦ **ڕووبەر و ژمارەی دانیشتووان و یەکە ئیدارییەکانی کوردستان**

هەرێم	ڕووبەر کچگ	دانیشتووان هەزار	ژمارەی یەکەی ئیداری	لەوانە			گوند
				پارێزگا	قەزا	ناحیە	
باکوور–١٩٨٥	٢١٥٨٩٢	٩٨٦٤	٤٠٢	١٨	١٣٢	٢٥٢	٩٣٥٤
باشوور– ١٩٧٧	٨٧١١٧	٣٣٠٣	١٢٩	٥	٣١	٩٣	–
ڕۆژهەڵات–١٩٨٦	٢١٧٧٦٦	٩٢٠٠	١٢٣	٧	٤١	٧٥	–
ڕۆژاوا–١٩٨١	١٥٢٦٤	٦٣٤	١٨	–	٦	١٢	٢٤٧٢
کۆ	٥٣٦٠٣٩	٢٣٠٠١	٦٧٢	٣٠	٢١٠	٤٣٢	–

وا له خوارەوه به درێژیی، ناوی هەموو یەکە ئیدارییەکانی کوردستان، به ڕێنووسی کوردی دەنووسین، هەر وەکوو له سەرچاوه ڕەسمییەکاندا تۆمار کراون. نووسەر له ناچاریدا، ئەم ڕێیەی گرتۆته بەر، لەو بڕوایەدایه ئەگەر وا نەبووایه، زۆر له ناوه جوگرافییەکان نه دەزاندران که کەوتوونەته چ نێوچەیەکەوه. بۆ زانیاری زیاتریش، پاشکۆیەکمان له ناوه ڕەسمی و ناڕەسمییەکانی یەکە ئیدارییەکان نووسیووه. کوردستان، لەم پارێزگا و قەزایانەی خوارەوه پێک هاتووه، تەماشای نەخشەی ژماره ٩ بکه:

ئادیەمان:

١٠سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاق پینار، باغ پینار، کۆچالی، کۆیوجاک.

٠٢ بەسنی. ناحیەکانی: – سەنتەر، چاکیرخویک، قیز یلین (باش یۆڵ)، سوڤار، شام بەیات، توت.

٠٣ چەلیکخان. ناحیەکانی:– سەنتەر.

٠٤ گەرگەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، تاراک سوو (گوڵ یۆرت)

٠٥ گوڵ باشی. ناحیەکانی: – سەنتەر، بەلۆرەن، خەرمانلی.

٠٦ کەحاته. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاقینجیلەر، داملاجیک، نارینجه، سینجیک (یارپوزلو).

٠٧ سەمسات. ناحیەکانی: – سەنتەر.

ئاگری (قەره کۆسه):

٠١ سەنتەر. .ناحیەکانی: – سەنتەر، چومەچای، مورات،

٠٢ دیادین. ناحیەکانی: – سەنتەر.

٠٣ دۆغو بایەزید. ناحیەکانی: – سەنتەر، سولوجام.

٠٤ ئەلەشکیرد.ناحیەکانی: – سەنتەر، تاهیر.

٠٥ خامور. ناحیەکانی: – سەنتەر.

٠٦ پاتنۆس.ناحیەکانی: – سەنتەر، دەدەلی، دۆغان سوو، ساری سوو.

٠٧ تاشلی چای. ناحیەکانی: – سەنتەر.

٠٨ توتاق. ناحیەکانی: – سەنتەر.

نەخشەی ژمارە ٩



نەخشەی ٩

دابەشبوونی ئیداری، ١٩٨٠

بینگۆڵ (چەولیک):

۱. سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاغا چەلی (ئیچ پینار)، سانجاق، یاماچ.

۲. گەنج.ناحیەکانی: – سەنتەر، سۆغوتلی (چای تەپە)، سەرقی، یاییلا، یەنی سوو.

۳. کارلۆڤا. ناحیەکانی: – سەنتەر، گوینیوک.

٤. کیغی. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاداقلی، یاییلادەرە، یەدی سوو.

٥. سۆلحان. ناحیەکانی: – سەنتەر، یەنی باشاک.

بدلیس:

۱.سەنتەر.ناحیەکانی: – سەنتەر، بۆلوک یازی، چوقورِ (گورۆی ماک)، نارلیدەرە، ساری قۆناغ.

۲. عادیلجەواز. ناحیەکانی: – سەنتەر، گۆڵ دوزو.

۳. ئاخلات. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئۆڤاقیشلە.

٤. خیزان. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاق شار، ساغینلی.

٥. مۆتکی. ناحیەکانی: – سەنتەر، گەییک پیناری، کەڤاک باشی، مەیدان.

٦. تاتوان. ناحیەکانی: – سەنتەر، کوچوک سوو، رەشادیە (یەلکەنلی).

دیاربەکر:

۱. سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەغیل، مەرمەرِ، یۆڵ بۆیو.

۲. بیسمیل. ناحیەکانی: – سەنتەر، تەپە، یوکاری سەلات.

۳. چەرمیک. ناحیەکانی: – سەنتەر، باشاری،

٤. چنار. ناحیەکانی: – سەنتەر، کیلوان (ئۆڤاباغ).

٥. چونگوش. ناحیەکانی: – سەنتەر.

٦. دیجلە. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۷. ئەرغانی. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەحمەتلی.

۸. هانی. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۹. حازرۆ. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۱۰. قوڵپ. ناحیەکانی ؛ – سەنتەر، ئەغاچلی، ئەقچەسیر (ئایگون)، هەمزەلی.

۱۱. لیجە. ناحیەکانی: – سەنتەر، کەیاجیک (ساوات).

۱۲. سیلڤان. ناحیەکانی: – سەنتەر، باغ دەرە، چەتەکۆپرو.

ئەلازیغ:

١٠ سەنتەر.: ناحیەکانی: – سەنتەر، خان کەندی، خارپوت، خدر بابە، ئیجمە، مەلا کەندی، پۆیراز.
٢٠ ئاغین. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٣٠ باسقیل. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئایدینلەر (ئەشاغی کولوشاغی)، قوش سارای.
٤٠ قەرەقۆچان. ناحیەکانی: – سەنتەر، باش یورت، چان.
٥٠ کەبان. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٦٠ مەعدەن. ناحیەکانی: – سەنتەر، هەزار(کەڤاک)
٧٠ پالو. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاری چاک، چای باغی، گۆگ دەرە.
٨٠ سیڤریجە.ناحیەکانی: – سەنتەر، گوزەلی.

ئەرزنجان:

١٠ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، چەغلەیان، چەتەل ئەرموت، تان یەری (ئۆجاغ باشی)، ئوزوملو.
٢٠ چای یرلی. ناحیەکانی: – سەنتەر، باش کۆی (یایلا کەند)، ئۆتلوک بەیلی.
٣٠ یلیچ. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئارموتلو (بیوک ئارموتلو)، قوروچای.
٤٠ کەماخ. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئالب کۆی، بۆزغلاک، دۆغان بەیلی، ئۆغوز.
٥٠ کەمالیە. ناحیەکانی: – سەنتەر، باش پینار، دوتلوچە.
٦٠ ڕەفاعیە. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاقار سوو، جەنگەرلی (دۆغان دەرە)، چەتەل چەم، گومو شاکار.
٧٠ تەرجان. ناحیەکانی: – سەنتەر.

ئەرزەڕۆم:

١٠ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، دوملو، ئیلیچە، ئۆڤاجیق (ئوچ کۆسە).
٢٠ ئاش قەڵا. ناحیەکانی: –سەنتەر، چیفتیلیک، کەندیللی.
٣٠ چات. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٤٠ خنس. ناحیەکانی: – سەنتەر، خەلیل چاووش، قەرەکۆپرو.

٠٥ خۆراسان. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاراس.
٠٦ قەرەیازی. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەلما لیدەرە (مەلا عوسمان)، گۆک سوو، سۆیلەمەز (مەسجیتلی)
٠٧ پاسینلەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، چۆپان دەرە (کۆپری کۆیی).
٠٨ تەکمان. ناحیەکانی: – سەنتەر، گۆک ئۆغلان (کیرککخان).

گازی ئانتەب:

٠١ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، بورج.
٠٢ عارەبان. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٠٣ ئیسلاحیە. ناحیەکانی: – سەنتەر، فەوزی پاشا، ساک چاگوزە.
٠٤ کیلیس. ناحیەکانی: – سەنتەر، موسا بەیلی، پولا تەلی (گوڵ دوزو)
٠٥ نیزیب. ناحیەکانی: – سەنتەر، بەراک (کەرگامێش).
٠٦ ئۆغوزەلی، ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەل بەیلی، دۆغان پینار.
٠٧ یاوز ئەلی. ناحیەکانی: – سەنتەر.

هەکاری (جۆلەمێرک):

٠١ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، باغی شلی، گەچیتلی.
٠٢ بەیتوش شەباب. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٠٣ چوقورچا. ناحیەکانی: – سەنتەر، چیغلی.
٠٤ شەمدینلی. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٠٥ ئولودەرە: ناحیەکانی – سەنتەر، ئورتەباغ.
٠٦ یۆکسەکۆڤا: ناحیەکانی – سەنتەر، داغ لیچە، ئەسەندەرە.

مەلاتیە:

٠١سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، چۆلاقلی، ئاسکی مەلاتیە، کالە (باغ لیجە)، یازی خان.
٠٢ ئاقچەداغ. ناحیەکانی: – سەنتەر (ئالیجەری)، کورەجیک (کەپەز)، لەوەنت.
٠٣ عارەبکیر. ناحیەکانی: – سەنتەر، تاشدەلەن..

٤. ئارگوڤان. ناحیەکانی: – سەنتەر، چوبان دەرە (یۆنجەلی)
٥. دارەندە. ناحیەکانی: – سەنتەر، بالابان، کولونجاق.
٦. دۆغان شەهیر. ناحیەکانی: – سەنتەر، سورگو.
٧. حەکیم خان.ناحیەکانی: – سەنتەر، حەسەن چەلەبی، قورشونلو.
٨. پۆتورگە. ناحیەکانی: – سەنتەر، دۆغان یۆڵ، تەپەخان (سینان)
٩. یەشیل یورت. ناحیەکانی: – سەنتەر.

مەرعەش:

١. سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەلی بەیلی (ئاغا بەیلی)، سولەیمانلی، یەنی کۆیە (قەیسلی).
٢. ئەلبیستان. ناحیەکانی: – سەنتەر، گوجوک، نورهەق.
٣. پازارجیک. ناحیەکانی: – سەنتەر، نارلی.
٤. تورک ئۆغڵۆ. ناحیەکانی: – سەنتەر.

ماردین:

١. سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاقینجی.
٢. جیزرە. ناحیەکانی: – سەنتەر، دیجلە.
٣. دەریک. ناحیەکانی: – سەنتەر، قۆچە تەپە.
٤. گەرجوش. ناحیەکانی: – سەنتەر، حەسەن کێف، قایاپپینار.
٥. ئیدیل. ناحیەکانی: – سەنتەر، خەبەرلی، ئۆیالی.
٦. قزل تەپە. ناحیەکانی: – سەنتەر، شان یورت.
٧. مازی داغی. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٨. میدیات. ناحیەکانی: – سەنتەر، دارگەجیت.
٩. نوسەیبین. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاقارسوو، گەرمەلی.
١٠. ئۆمەرلی. ناحیەکانی: – سەنتەر.
١١. ساڤور. ناحیەکانی: – سەنتەر، سورگوچو.
١٢. سیلۆپی. ناحیەکانی: – سەنتەر.

موش:

۰۱ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، قیزیل ئاغاج، کۆرکوت، مەرجیمە قەڵا، یایغین.

۰۲ بولانیک. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەرەن تەپە، قەرەئاغیل.

۰۳ مەلازگیرت. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاق توزلا، قەرە حەسەن (ئاداق سوو)، نورەدین (قۆناغ کوران).

۰٤ ڤارتۆ. ناحیەکانی: – سەنتەر، چای لەر، قەرە کۆی (ئومجەلی).

سیرت:

۰۱ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئایدینلەر.

۰۲ باتمان. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۰۳ بایکان. ناحیەکانی: – سەنتەر، دیلە قەتەپە.

۰٤ بەشیری. ناحیەکانی: – سەنتەر، بەیچایری، ئۆزغوز.

۰٥ ئەروهـ. ناحیەکانی: – سەنتەر، باغ گویزە، فندق.

۰٦ قۆزلوک. ناحیەکانی: – سەنتەر، بەکر خان (ئوزون چایر)، توزلە گویزە.

۰۷ کورتەلان. ناحیەکانی: – سەنتەر، باغ لیجە، باش پینار، یانارسوو.

۰۸ پەرڤاری. ناحیەکانی: – سەنتەر، دۆغان جە.

۰۹ ساسۆن.ناحیەکانی: – سەنتەر، یوجە باغ.

۱۰ شیرناق..ناحیەکانی: – سەنتەر، قزل سوو.

۱۱ شیروان.ناحیەکانی: – سەنتەر، جەویزلیک، ئۆزپینار.

دەرسیم (کەلان):

۰۱ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، چیچکەلی (بوغولو)، قۆچە قۆج، سوتلوجە (تولکو).

۰۲ چەمشگەزەک. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەقچە پینار، گەدیکلەر.

۰۳ خۆزات. ناحیەکانی: – سەنتەر، چاغلەرجە.

۰٤ مازگرت. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاق پازار، داریکەنت.

۰٥ نازمیە. ناحیەکانی: – سەنتەر، بوییوک یۆرت (دەرەئوڤا)، دەللی باخچە.

۰٦ ئۆڤاجیق. ناحیەکانی: – سەنتەر، قەرەئۆغلان، یەشیل یازی.

۰۷ پەرتەک. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاق دەمیر، دەرە، پینار لەر.

٠٨ پولومور. ناحیەکانی: – سەنتەر، بال پەیام، داغ یۆڵو، قرمزی کۆپرو (مەزرەع)، ئوچ دام.

ئورفه:

٠١ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاق زیارەت (جولمەن)، چاملی دەرە، قەرە حەیدەر (قەڵاجیک)، پەیاملی (دۆلونای)، یاردیمجی.
٠٢ ئاقچە قەڵا. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئالتین بەشاق (حەڕان)، شەهید نوسرەتبای.
٠٣ بیرەجیک. ناحیەکانی: – سەنتەر، بۆغوتلەن.
٠٤ بۆزوڤا. ناحیەکانی: – سەنتەر، قانلی ئەفشار، یایلاق،
٠٥ جەیلان پینار. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٠٦ خالفەتی. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٠٧ حیلڤان. ناحیەکانی: – سەنتەر، گوڵ جوک، ئۆڤاجیق.
٠٨ سیڤەرەک. ناحیەکانی: – سەنتەر، بوجاق (بەغدەش)، چای لەر باشی، داغ باشی، قەرەجەداغ، قەرەکاچی، شەکەرلی.
٠٩ سوروچ. ناحیەکانی: – سەنتەر، مورشید پینار (کوچوک کەندیرجی).
١٠ ویران شەهیر. ناحیەکانی: – سەنتەر، دەمیرجی.

وان:

٠١ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەرچەک، گوموش دەرە (سەرمان سوویو)، تیمار (گەدیک بولاق).
٠٢ باش قەڵا. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەلبەیراق.
٠٣ چاتاک. ناحیەکانی: – سەنتەر، نارلی.
٠٤ ئەرجیش. ناحیەکانی: – سەنتەر، دەلی چای، قوجە پینار.
٠٥ گەڤاش. ناحیەکانی: – سەنتەر، باخچە سەرای.
٠٦ گورپینار. ناحیەکانی: – سەنتەر، گوزەل سوو، کیرک گەچیت، یالینجە.
٠٧ مورادیە. ناحیەکانی: – سەنتەر، چاڵدێران.
٠٨ ئۆزالب. ناحیەکانی: – سەنتەر، دوروتاییی، سارای.

* * *

١٠ باخچه. ناحیەکانی: – سەنتەر، هارونیە.
٢٠ عوسمانیه. ناحیەکانی: – سەنتەر، کاپاک، تاجرلی، تۆپراغ قەلا، یارپوز.

* * *

١٠ دورت یۆل. ناحیەکانی – سەنتەر، یاکاجیک، یەشیل کەند.
٢٠ خاسه. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاق تەپە.

* * *

١٠ ئەرالیک. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٢٠ ئیغدیر. ناحیەکانی: – سەنتەر، تاش بوران.
٣٠ کاغزمان. ناحیەکانی: – سەنتەر، کۆتەک.
٤٠ ساری قامیش. ناحیەکانی: – سەنتەر، قەرەقورت، قەرەئورگان.
٥٠توزلوجه. ناحیەکانی: – سەنتەر، قازیلەر.

* * *

١٠ دیقریکی. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەریک باشی (دانیشمەنت)، قەدیک باشی، مورسەل، سینجان.

* * *

دهۆک:

١٠ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، سیمێلی، دۆسکی (مانگیش)، زاویته.
٢٠ ئامێدی. ناحیەکانی: – سەنتەر، سەرسەنگ، نیروەورێکان (بیبۆ)، بەرواری بالا (کانی ماسی)
٣٠ زاخۆ. ناحیەکانی: – سەنتەر (شرانش)، کولی (باتوفه)، رزگاری (برایم خەلیل)، سلیڤانی (عاسی).

سلێمانی:

١٠ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، تانجەرۆ (عەربەت)،بازیان (تەینال)، سەرچنار، قەرەداغ.
٢٠ هەڵەبجه. ناحیەکانی: – سەنتەر، سیروان (کێلە سپی)، خورماڵ، بیارە، شارەزوور (سەید سادق).
٣٠ پێنجوین. ناحیەکانی: – سەنتەر، گەرمک.

٠٤ شارباژێڕ. ناحیەکانی: – سەنتەر (چوارتا)، سیوەیل (باسنێ)، سروچک (بەرزنجە)، ماوەت.
٠٥ پشدەر. ناحیەکانی: – سەنتەر (قەڵادزێ)، هێرۆ. ناودەشت (سەنگەسەر).
٠٦ ڕانیە. ناحیەکانی: – سەنتەر، ڕانیە، (چوارقوڕنە)، بێتواتە، مەرگە (بنگرد).
٠٧ دوکان. ناحیەکانی: – سەنتەر، سورداش، چناران (خەلەکان).
٠٨ دەربەندیخان. ناحیەکانی: – سەنتەر.
٠٩ چەمچەماڵ. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاغجەلەر، سەنگاو (گۆگ تەپە).
٠١٠ کەلار. ناحیەکانی: – سەنتەر، بێباز (باوەنور)، تیلەکۆ.

هەولێر:

٠١ هەولێر. ناحیەکانی: – سەنتەر، عەینکاوە، قوشتەپە، خەبات (هەنجیرۆک)
٠٢ مەخموور. ناحیەکانی: – سەنتەر، گوێر، قەراج (باقرتە)، کەندیناوە (دیبەگە).
٠٣ کۆیە. ناحیەکانی: – سەنتەر، تەقتەق، شۆڕش (دێگەڵە).
٠٤ ڕواندز. ناحیەکانی: – سەنتەر، دیانا، خەلیفان، برادۆست (سیدەکان).
٠٥ زێبار. ناحیەکانی: – سەنتەر (مێرگەسۆر)، بارزان، مزوری باڵا (شێروان مازن)
٠٦ شەقلاوە. ناحیەکانی: – سەنتەر، هەریر، سەلاحەدین، خۆشناو (هیران).
٠٧ چۆمان. ناحیەکانی: – سەنتەر، باڵەک (گەلاڵە)، حاجی هۆمەران.

کەرکووک:

٠١ سەنتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، تازەخورماتوو، داقوق، یایجی، قەرە حەسەن (لەیلان)، شوان (ڕێدار).
٠٢ حەویجە. ناحیەکانی: – سەنتەر، عەباسی (جبور)، ڕیاز.
٠٣ دوبز.. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاڵتون کۆپری.

نەینەوا:

٠١ موسڵ. ناحیەکانی: – سەنتەر، بەعشیقە، زاب (شەک).
٠٢ حەمدانیە.ناحیەکانی: – سەنتەر (قەرەقوش)؛ نەمرود (خزر)، بەرتەللە، کەڵەک (ئاسکی کەڵەک)..

٠٣ تلكێف. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەلقوش، وانە.

٠٤ شەنگار. ناحیەکانی: – سەنتەر، شیمال (سنونی).

٠٥ تەلەعفەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، زومار، عیازیە (ئاڤەگەنی)، ڕەبیعە.

٠٦ شێخان. ناحیەکانی: – سەنتەر (عەین سفنی)، مریبە، مزوری (ئەتروش).

٠٧ عەقرە. ناحیەکانی: – سەنتەر، نەهلە (دینارتە)، عەشایەر سەبعە (بەردە ڕەش)، سورچی (بجێل)، گروەسێن.

* * *

٠١ خانەقین. ناحیەکانی:ڕ سەنتەر، جەلەولا، سەعدیە، مەیدان، قۆرەتو.

. ٢ مەندلی. ناحیەکانی:ڕ سەنتەر، بەلەدروز، قەزانیە.

. ٣ کفری. ناحیەکانی:ڕ سەنتەر، قەرەتەپە، کۆکس، سەرقەڵا، جەبارە.

* * *

. ١ میقدادیە. ناحیەکانی: سەنتەر، مەنسووریە.

* * *

. ١ توزخورماتوو. ناحیەکانی: سەنتەر. ئامیرلی، سلێمان بەگ، نەوجۆل، قادرکەرەم.

* * *

٠١ بەدرە. ناحیەکانی: – سەنتەر، جەسان، زڕباتییە.

* * *

ئازەربایجانی غەربی:

٠١ ورمێ. ناحیەکانی: – سەنتەر (ورمێ)، سۆما و برادۆست (کەنگەچین) سیلوانە، ئینزل (قوشچی).

٠٢ مهاباد. ناحیەکانی: – سەنتەر، بۆکان.

٠٣ خۆی. ناحیەکانی: – سەنتەر، چای پارە (قەرە زیادین).

٠٤ ماکۆ. ناحیەکانی: – سەنتەر، سیاچەشمە، پولدەشت (شائاباد).

٠٥ میاندواب. ناحیەکانی: – سەنتەر، سایین قەڵا، تەکاب.

٠٦ سەلماس. ناحیەکانی: – سەنتەر.

٠٧ نەغەدە. ناحیەکانی: – سەنتەر، شنۆ.

٠٨ سەردەشت. ناحیەکانی: – سەنتەر.

٠٩ پیرانشەهر، ناحیەکانی: – سەنتەر.

کرماشان:

۰۱ کرماشان. ناحیەکانی: – سەنتەر، سەحنە، هەرسین.

۰۲ قەسری شیرین. ناحیەکانی: – سەنتەر، سۆمار.

۰۳ پاوە. ناحیەکانی: – سەنتەر، جوانڕۆ، باباجانی (ئازگەلە)، ڕەوانسەر، بایانکان، نەوسوود.

۰٤ ئیسلام ئاباد. ناحیەکانی: – سەنتەر، کەرێند.

۰٥ سونقوڕ. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۰٦ کنگاوەر. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۰۷ سەرپێڵی زەهاب. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۰۸ گەیلانی غەربی. ناحیەکانی: – سەنتەر.

کوردستان:

۰۱ سەنەندوج. ناحیەکانی: – سەنتەر، دیواندەرە، کامیاران.

۰۲ مەریوان. ناحیەکانی: – سەنتەر، خاوومیرئاباد (خاو)، کەلاتەرزان (تیتژیت)، سەرشیوی مەریوان، سەروئاباد.

۰۳ سەقز. ناحیەکانی: – سەنتەر.

۰٤ بانە. ناحیەکانی: – سەنتەر، نەنور، ئالوت، نەمەشیر.

٥. بێجار. ناحیەکانی:– سەنتەر.

٦. قروە. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئیلاق (دێگولان).

جەهارمەحال و بەختیاری:

۰۱ شەهری کورد. ناحیەکانی: – سەنتەر، کەیار(شەلەمزار).

۰۲ بروجەن. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەردەل، گەندومان.

۰۳ فارسان. ناحیەکانی: – سەنتەر، شوڕئاب.(چلگرد)

۰٤ لوردیگان. ناحیەکانی: – سەنتەر.

لوڕستان:

٠١ خوڕەم ئاباد. ناحیەکانی: – سەنتەر، کوهی دەشت، ئەلیشتەر (قەڵای موزەفەری) دولفان (نور ئاباد)، زاغە، مەلاوی، وەیسیان (ماسوور)، پاپی (سەفیدەشت)، دورەجەگنی (سەراب دورە)، چەغەلەوەندی.
٠٢ بروجەرد: ناحیەکانی: – سەنتەر، ئوشترینان، دورود.
٠٣ ئەلیگودەرز: ناحیەکانی: – سەنتەر، چاپڵق (مامون)، زەزوماهرو(شولە ئاباد).

ئیلام:

٠١ ئیلام. ناحیەکانی: – سەنتەر، چوار، ئەیوان.
٠٢ دێهلۆران. ناحیەکانی: – سەنتەر، موسیان، زەرین ئاباد (میمە).
٠٣ میهران. ناحیەکانی: – سەنتەر، ساڵح ئاباد، ئەرکەوازی (قەڵادرە).
٠٤ بەدرە. ناحیەکانی: – سەنتەر (دەڕە شەهر)، بەدرە (ئەبهەرێ باڵا)، ئەبدانان.
٠٥ شیروان و چرداڵ. ناحیەکانی: – سەنتەر.(لومار)

کوهگیلۆیە و بوێر ئەحمەدی:

٠١ بوێر ئەحمەدی. ناحیەکانی: – سەنتەر(یاسوچ)، دروهان (لوداب).
٠٢ کوهگیلویە.. ناحیەکانی: – سەنتەر(دەهدەشت)، بەهمەیی (سەیدان)، لندە، چرام.
٠٣ گەچساران. ناحیەکانی: – سەنتەر(دۆگوبەندان)، باشت.

* * *

٠١ دێزفول. ناحیەکانی: – سەنتەر، شوش، سەردەشت.
٠٢ بەهبەهان. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئاغا جاری، زەیدون (دەهدەشت).
٠٣ ئیزە. ناحیەکانی: – سەنتەر، دەهدز، جانگی (باغی مەلیک)
٠٤ ڕامهورمز. ناحیەکانی: – سەنتەر، ڕامشیر.
٠٥ شوشتەر. ناحیەکانی: – سەنتەر، گۆتوند.
٠٦ ئەندیمشک. ناحیەکانی: – سەنتەر، ئەلوارگەرمەسێر (حوسێنیەی عولیا).
٠٧ مەسجیدی سلێمان. ناحیەکانی: – سەنتەر، هەفت کل، ئەندیکە (لالی).

* * *

٠١ کازرون. ناحیەکانی: – سەنتەر، خشت و کەمارج (کەنار تەختە)، کوهمەرە

(نودان)

٢. مامەسەنی. ناحیەکانی: - سەنتەر (نورئاباد)، ماهور میلاتی (بابامونیر).

* * *

١. گناوه. ناحیەکانی: - سەنتەر، ڕیگ، دەیلەم.

* * *

١. ڕەسولعەین. ناحیەکانی: - سەنتەر، دەرباسیە.

٢. قامیشلی ناحیەکانی: - سەنتەر، عامودە، قەحتانیە.

٣. مالکیە. ناحیەکانی: - سەنتەر، جەوادیە (چل ئاغا).

٤. عەفرین.ناحیەکانی: - سەنتەر، بولبول، جندرێس، ڕاجۆ، شەران (شەرانلی)، شێخ حەدید، مەعبەتلی.

٥. عەینول عەرەب. ناحیەکانی: - سەنتەر، شیوخ تەحتانی، سەرین (سەرین شیمالی).

٦. تەل ئەبیەز. ناحیەکانی: - سەنتەر.

* * *   * * *

بەرگی سێیەم

جوگرافیای ئابووری

بەشی یەکەم: کشتوکاڵ

دوای نەوت، کشتوکاڵ گەورەترین کەرتی ئابووری پێک دەهێنێ. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، نزیکەی ٤٠٪ی لە بەرهەمی نیشتمانی پێک هێنابوو. ئەم ڕێژەیە لە عێراقدا (١٩٨٦ – ١٩٪) زۆرترە وەک لە سووریا(١٩٨٥ – ١٧٪) و لە تورکیا (١٩٨٥– ٢٢٪).

کشتوکاڵ بە یەکەمین چالاکی ئابووری دادەنرێ. لە ڕووی ژمارەی کرێکارەوە، لە ساڵی ١٩٨٥دا، زیاتر لە نیوەی (٥٦٪) دانیشتووانی چالاکی ئابووری، پەیوەندییان پێوە هەبوو، ئەو پەیوەندییە بە چەشنێ بوو، کە بۆ زۆربەی زۆریان وەک پیشەیەکی هەمیشەیی بوو. ئەم ڕێژەیە لە ڕێژەی تورکیا کەمترە (١٩٨٥ – ٨٥٪) و لە ڕێژەی ئێران (١٩٨٦ – ٢٩٪)، عێراق (١٩٧٧ – ٣١٪)، سووریا (١٩٨٤ – ٢٥٪) زیاترە.

ئەو کەرەسانەی لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە دەنێردرێ، جگە لە نەوت، بە زۆری بریتییە لە بەرهەمی کشتوکاڵ، وەکوو دانەوێڵە بە هەموو جۆرەکانییەوە، تووتن، چەوەندەر، سەوزە، سپیایی، ئاژەڵ، خوری... هتد. پشکی کشتوکاڵ لە ناردنەدەرەوەدا، لە هەشتاکاندا نزیکەی دوو لەسەر سێی هەموو ئەو کەرەسانەی پێک دەهێنا، کە بۆ دەرەوەیان نارد بوون.

دەوڵەت لە پێناوی پێشخستنی کشتوکاڵدا، بایەخێکی زۆری بە کەرتی کشتوکاڵ داوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، پشکی کشتوکاڵ لە پلانی پێنج ساڵەی دەوڵەتدا، لە بودجەی ساڵانەدا ، لە یەک بۆ ئەوی دیکە زیاد دەکات. بۆیە لە زۆربەی ناوچەکان، دەزگای کشتوکاڵی دەکاتەوە وەکوو خوێندنگا، کۆمەڵەی هەرەوەزیی کشتوکاڵی، پڕۆژەی چاندن و ئاوەدانکردنەوە، کێڵگەی تاقیکردنەوە، دابەشکردنی تۆوی چاککراو، هەندێ جاریش ئاژەڵی ڕەسەنیش دابەش دەکەن... هتد.

٠١ فۆند و چەشن و چارەسەرکردنی زەوی

فۆندی زەوی

پانتایی کوردستان کە ٥٣٦ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە،(٥٣ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار هێکتار، یاخود ٢١٤ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆنم)، نزیکەی لە ٣٦٪ لەو زوییانەن کە بۆ چاندن دەست دەدەن، ٦٤٪یشی لەو زەوییانەن لە ئێستادا، کە بۆ چاندن بەکار ناهێنرێن. لەبەر ئەوەی هەندێکیان لە چیا و دۆڵەکان پێک هاتوون، هەندێکی دیکەیان گوند و

شارۆچکە و شارەکانیان لەسەر دروست کراوە و ئاوەدان کراونەتەوە، هەندێکی دیکەیان بۆ ڕێگەوبان تەرخان کراون، هەندێکی دیکەشیان ئاو دایپۆشیوون.

پانتایی ئەو زەوییانەی بۆ چاندن دەست دەدەن، دەوروبەری ١٩٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. (کە دەکاتە ١٩ ملیۆن و ٢٩٦ هەزار هێکتار) ساڵانە زیاتر لە ٩٥٪ دەچێندرێ، واتە زەوی چاندراون. لە ٥٪ ەکەی دیکەشی، زەوی بەیارە.

چەشنەکانی زەوی کشتوکاڵی

سیستەمی زەویداری، بە بەرهەمێکی تەواوی پرۆسێسی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕامیاریی و مێژوویییەکانی، سەدان ساڵی ڕابوردوو لە قەڵەم دەدرێ. ئەورۆ لە کوردستاندا، چوار جۆرە پەیوەندی زەویداری هەیە:

- **زەویداری تایبەتی:**

پانتایی هەموو ئەو زەوییە تایبەتییانە، کەمێ زیاترە لە نیوەی هەموو ئەو زەوییانەی کە بۆ چاندن دەست دەدن. خاوەنەکانیان بە هەموو شێوەیە سەربەستن لەوەی کە بیفرۆشن یا بیچێنن، یا لەقەبەری بکەن، یا دابەشی بکەن... هتد.

ڕێژەی زەویداری تایبەتی لە زۆربەی پارێزگاکانی وولاتدا، لە ٥٠٪ زیاترە. لە بینگۆل (١٩٨٠ – ٨٦٪)، تادیەمان (١٩٨٠ – ٧٨٪)، لە مەلاتییە (١٩٨٠ – ٧٠٪)، لە ئەوانی دیکە بەرزترە. لە هەندێکیشیان کەمترە وەکوو موسڵ (١٩٧٩ – ٤٧٪)، موش (١٩٨٠ – ٤٦٪)، بدلیس (١٩٧٩ – ٤٢٪) و هتد.

- **زەوی ئەمیریی:**

ئەم جۆرە زەوییانە، لە هەموو ئەو زەوییانە پێک هاتوون، کە میراتگریان نییە، یاخود بە تەواوی ساغ نەکراونەتەوە، یاخود لە لایەن دەوڵەتەوە لە خاوەنەکانیان زەوت کراون. بۆ نموونە، زەوی ئەو تیرە و هۆزانەی کە لە دژی زۆرداری ڕاپەڕین و بۆ شوێنەکانی دیکە ڕاپێچ کران، هەروەها زەوییەکانی دەوروپشتی دەزگا سەربازییەکان، نێوچەی چاڵە نەوتییەکان... تاد.

ڕێژەی زەوی ئەمیریی زۆر نییە، بەڵام زۆر جاران، لە لایەن پیاوە دەسەڵاتدار و بە تواناکانەوە، بە ڕێگەی نایاسایی لەسەر خۆیان و کەسانی دیکەیان تاپۆ کردووە.

- **زەوی ئەوقاف:**

زەوی ئەوقاف، ئەو زەوییانەن کە خەڵکی لە ژیاندا، یاخود لە دوای مردنی خۆیان، لەقەبەر مزگەوتەکان، تەکییەکان، شێخەکان، پیاوە ئایینییەکانییان کردووە. ئەم زەوییانە نافرۆشرێن و خاوەنەکانیان ناگۆڕێن. بەڵام لە زۆربەی نێوچەکان، پیاوە ئایینییەکان و بە دەسەڵاتەکان، بەشێک لە ئەم زەوییانەیان لەسەر خۆیان تاپۆ کردووە.

دەزگا ئایینییەکانیش وەکوو مزگەوت، تەکییە، حەوزە، ئەم زەوییانە بە کرێ دەدەن، گوایە پارەکەشی بۆ کاروباری ئایینی تەرخان دەکرێ و خەرج دەکرێ.

- **زەوی گشتی:**

زەوی گشتی، واتە زەوی چیاکان، تەپۆلگەکان. لەم زەوییانەدا، هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە، مەڕوماڵاتی تێدا بلەوەڕێنێ، دار ببڕێ، بەری درەختەکانی بخوا، گیا بدورێتەوە. زەوی گشتییەکان لە هەندێ نێوچەدا، لەو ساڵانەی دواییدا، لە لایەن پیاوە دەسەڵاتدارەکانەوە (ئاغا، میر، شێخ، بەگزادە) دەستی بەسەرەدا گیراوە و بە پارە بە خاوەن مەڕوماڵاتەکان، بۆ ماوەیەکی دیاریکرا و بە کرێی دەدەن.

پانتایی زەوی گشتییەکان، زۆر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ساڵ بە ساڵ کورت دێنێ، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارەکان، لەسەر خۆیان تاپۆی دەکەن.

قەبارەی خاوەندارێتی کشتوکاڵی

خاوەندارێتی کشتوکاڵی، واتە مرۆڤێ یا لایەنێکی دیاریکراو، خاوەنی پارچە زەوییەک بێ، پانتاییەکەی لە نێوان یەک دۆنمەوە بۆ هەزاران دۆنم بێ. خاوەن زەوی ئەو کەسەیە یاخود ئەو کۆمپانیایەیە، کە زەوییەکەی چ لە لایەن خۆیەوە، چ لە لایەن خەڵکییەوە بۆ چاندن بەکار دەهێنرێ.

ژمارەی خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان، لە چەند ملیۆنێک پێک هاتووە. لەوانە نزیکەی ٦٠٪ خاوەن زەوین، ٤٠٪ بێ زەوین. خاوەن زەوییەکان لە ڕووی پانتایی و قەوارەوە، وەکوو یەک نین. تەماشای خشتەی ژمارە (٢٧) بکە.

خشتەی ٢٧ دابەشبوونی موڵکەکانیی کشتوکاڵ بە پێی قەوارەی زەوی ساڵی ١٩٨٠

ڕووبەری موڵکی کشتوکاڵ (دێکار)	موڵکدار		ڕووبەری موڵکی کشتوکاڵ		تێکڕای ... موڵکی کشتوکاڵ
	هەزار	٪	هەزار دێکار	٪	
٠ - ٢٥	٣٦١	٥٢,٧	٤٣٣٥	١١,١	١٢,٠
٢٦ - ٥٠	١٣٣	١٩,٥	٥٠٠٨	١٢,٨	٣٧،٧
٥١ - ١٠٠	١٠٦	١٥,٤	٧٧٦٦	١٩,٩	٧٣,٣
١٠١ - ٢٠٠	٥٦	٨,٢	٧٩٢٣	٢٠,٣	١٤١,٥
٢٠١ - ٥٠٠	٢٢	٣,٢	٦٤١٨	١٦,٥	٢٩١,٧
٥٠١-١٠٠٠	٥	٠,٧	٣٢٨٩	٨,٤	٦٥٧,٨
١٠٠٠ +	٢	٠,٣	٤٢٦٩	١٠,٩	٢١٣٤,٥
کۆ	٦٨٥	١٠٠,٠	٣٩٠٠٨	١٠٠,٠	٥٦,٩

لە شیکردنەوەی ژمارەکانی نێو ئەو خشتەیەی سەرەوە، دەتوانین ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دیاری بکەین:

١/ تێکڕای بارستایی قەوارەی موڵکە کشتوکاڵییەکان، ٥٧ دێکارە. ئەم ژمارەیە زۆر لە هی وولاتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا دەچێت. واتە موڵکداری گچکە لە کوردستاندا باوە. ئەوەش بۆ کەمیی زەوی و زۆری ژمارەی جوتکارەکان دەگەڕێتەوە..

٢/ پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان قەوارەی موڵکی کشتوکاڵی لەگەڵ ژمارەی موڵکدارەکاندا هەیە، واتە چەند قەوارە گەورە بێ، ئەوەندە موڵکدارەکان کەم دەکەنەوە.

٣/ زیاتر لە نیوەی موڵکدارەکان (٥٣٪)، موڵکەکانیان لە ٢٥ دێکار کەمترە و تەنیا ١١٪ی گشت ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن، لەبەر دەستیان دایە.بەرهەمی ئەم موڵکانە، بە زۆری تەنیا بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەی موڵکدارەکان بەکار دەهێنرێ، واتە ئەو موڵکانە کەمن، بە شێوەیەک کە تەنیا پێویستی بە کاری خاوەن موڵکەکان و

منداڵەکانیان هەیە، زۆربەی کاروبارە کشتوکاڵییەکانیش، بە هۆی گا و مانگاوە جووت دەکرێ.

٤/ زۆربەی زۆری ئەو زەوییانەی کە بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن، بە دەست ژمارەیەکی زۆر کەمەوەیە لە موڵکدارەکان. ئەو خاوەن زەوییانەش بە زۆری لە سەرۆک تیرە و هۆزەکان، پیاوە ئایینییەکان، پێک هاتوون. هەندێ لەو موڵکدارانە لە گوندەکان دەژین و سەرپەرشتی موڵکەکانیان دەکەن و هەندێکی دیکەشیان لە شارەکان دەژین و لە کاتی جووتکردن و دروێنەکردندا، دێنەوە بۆ گوندەکان و دوای تەواوبوونی کارەکانیان، دەگەڕێنەوە بۆ نێو شارەکان.

چارەسەرکردنی زەوی

زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، لە چنگی ژمارەیەکی کەم لە موڵکدارەکاندا کۆ بۆتەوە. جوتکارە بێزەوییەکان بەشی زۆربە پێک دەهێنن. بۆ دابینکردنی خواردەمەنییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتییان، بۆ پەیداکردنی بازاڕێک بە شێوەیەکی بەردەوام، بۆ فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی ڕۆژانەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، هەموو ئەم ئامانجانە، وایان لە دەوڵەت کردووە، چەندین یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ دەربکات، کە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن:

١- یەکەمین یاسای چارەسەرکردنی زەوی لە کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٤٣دا دەرچوو. لە دوای ئەم یاسایە، لە ساڵە جیاوازەکانی دیکەشدا، یاسای جۆربەجۆری دیکەش بڵاو کراونەتەوە. هەموو ئەو یاسایانە بۆیە دەرکراوون، گوایە بۆ خزمەتی جوتکارەکانە.

٢- یاسای چارەسەرکردنی زەوی، سنووری بۆ موڵکدارێتی خاوەن زەوییەکان دیاری کردووە، ئەگەر هاتوو موڵکی هەر کەسێ لەو سنوورە تێپەڕی کرد، ئەوا لێیان دەسەندرێتەوە و بەسەر جوتکارە بێزەوییەکاندا، دابەش دەکرێن.

٣- زەوییەکانی دێم و بەراو، لە یاساکانی چارەسەرکردنی زەوی کشتوکاڵدا، بە یەک چاو سەیر ناکرێن. پانتایی ئەو زەوییە دێمانەی کە بۆ موڵکدارەکان دەمێنێتەوە، یاخود بەسەر جوتکارەکاندا دابەش دەکرێ، دوو ئەوەندەی زەوییە بەراوەکان دەبێ، لەبەر ئەوەی داهاتی ساڵانەی زەوییە دێمەکان، لە زەوییە بەراوەکان کەمترە.

٤- ئەو موڵکدارانەی کە زەوییان لێ دەسەندرێتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە زەوییەکانیان لە سنووری یاسا تێپەڕی کردووە، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەدا، پارە وەردەگرن.

دەبێ ئەو جوتکارانەی زەوییەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێ، لە ماوەی چەند ساڵێکدا پارەی ئەو زەوییانە بدەن. واتە گۆڕینەوەی زەوی بە پارە.

٥- بەپێی یاسای چارەسەرکردنی زەوی، لەسەر جوتکارەکان پێویستە، ئەو زەوییانەی وەری دەگرن، بیانچێنن، تا ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن و بەرهەمی کشتوکاڵیش زیاد بکات. بەڵام وا دیارە لە هەندێ نێوچە، لەبەر نەبوونی هەندێ کەرەسەی کشتوکاڵی پێویست، بۆ چاندن و کۆکردنەوەی بەروبوومی ساڵانەی کێڵگە، جوتکارەکان ناچار دەبن، موڵکەکەی خۆیان بە نرخێکی هەرزان بفرۆشن، یا بە موڵکدارێکی لە خۆیان دەوڵەمەندتر، بە کرێی بدەن.

٦- هەندێ بڕگەی یاسای چارەسەرکردنی زەوی، جوتکارەکان ناچار دەکەن، لە یەکێ لە کێڵگە کشتوکاڵییە هەرەوەزییەکاندا، ببنە ئەندام، بۆ ئەوەی سوود لە مەکینەی کشتوکاڵی و ئامۆژگارییەکانی ڕابەرە کشتوکاڵییەکان وەربگرن، تا بەرهەمی کشتوکاڵ پەرە بسێنێ.

٧- دەزگاکانی کشتوکاڵ لە زۆربەی نێوچەکاندا، لەو زەوییانەی لە خاوەن موڵکەدارە گەورەکان وەرگیراونەتەوە، کێڵگەی دەوڵەتی دروست دەکەن، ئەوەش تەنیا بە مەبەستی بەکارهێنانی ئامێری تازەی کشتوکاڵ و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵییە،

٨- یاسای چارەسەرکردنی زەوی کشتوکاڵی، لەبەر ناتەواویی و دروست نەبوونی هەندێ تەنگوچەڵەمە، دەتوانێ خۆی لە جێبەجێکردنی یاساکە بپارێزێ، بە شێوەیە کە تووشی سزادانیش نەبێ. وەکوو ئەوەی موڵکەکە، بەسەر ئەندامانی خێزانەکەدا دابەش بکرێ.

٢. جۆرەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ

ئاو و هەوا (پلەی گەرما و قەوارەی باران)، جۆری خاک لە کوردستاندا، نەک هەر بۆ چاندنی تۆ و سەوزبوون و بەرگەگرتنی ڕووەکەکانی نێوچە فێنکەکان، بەڵکوو بۆ ڕووەکەکانی نێوچە گەرمەکانیش، بە دوو فاکتەری گرنگ و لەبار و گونجاو دادەنرێن.

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆری لێ دەچێندرێ و دێتە بەرهەم. ئەم بەرهەمانە لەسەر بنچینەی چەشن یا جۆر، شێوەی بەکارهێنانی بۆ خواردن (خواردنی مرۆڤ و ئاژەڵ)، پانتایی (زۆر و کەمی) زەوییە چاندراوەکان، بەسەر چوار کەرتدا دابەش دەکرێ:

یەکەم: بەروبوومی کێڵگە Fild Crops

دووەم: میوە Fruits

سێیەم: سەوزە Vegetables

چوارەم: بەروبوومی ئالیک Fodder Crops

یەکەم بەروبوومی کێڵگە

بەروبوومی کـێـڵـگە، نەک هەر لە ڕووی پانتـایی زەوی چێندراو و بەرهـەمی سـالآنە و ژمـارەی کـرێکار (چ مـوڵکدار و چ پاڵە) و دەسـمـایە و قـازانج کـردنەوە، بەڵکوو لە ڕووی بەکـارهـێنانیـشـەوە، لە کـایەی بازرگـانی دەرەوەدا، بە گـەورەترین کـەرتی کـشـتـوکـاڵی دادەنرێ.

بەروبوومی کـێـڵـگە لەبەر ڕۆشنایی زانیـارییـەکـانی پێشـوودا، بەسـەر پێنج دەسـتـەدا دابەش دەکرێن:

١- بەروبوومی دانەوێڵە (دەغڵودان) Cereals Crops

٢- بەروبوومی پاقلەیی Legeomus Crops

٣- بەروبوومی پیشەسازی Industrial Crops

٤- بەروبوومی تۆوە ڕۆنییەکان Oil Seeds Crops

٥- بەروبوومی ڕووەکە بۆندارەکان Tuber Crops

بەروبوومی دانەوێڵە

بەروبوومـی دانەوێڵـە، لە نێـو بەرهەمـەکـانی دیکەی کـێڵـگەدا، شـوێنێکی دیـاریکراوی تایبـەتی هەیە. سـالآنە نزیکەی لە ٧٥٪ لە زەوییە تۆوکراوەکان و لە ٦٥٪ لە بەرهەمـەکـانی کێڵگە و لە ٧٥٪ لە گشت کرێکارانـی کشـتـوکـاڵ، بە بەرهـەمـهێنانی دانەوێڵـەوە خـەریکن، بەشی زۆری ئەم بەرهـەمە بە باران ئاو دەدرێ، واتە دێمییە.

ئامـانجی جـوتکـارانی کـوردسـتـان لە بەرهەمـهـێنـانی دانەوێڵـەدا، بە پلـەی یەکـەم بۆ فرۆشتن دەگەڕێتـەوە، پاشان بۆ بـەکارهێنانی وەک ئالیک بـۆ ئاژەڵەکانیـان دێ. جگە لەوەی خـەرجی و دەسـهـەقی چاندن و تۆوکـردن و دروێنەکردنی لێ دەردەچێ، ئەوی مـاشـەوە بۆ خواردنی خۆیان بەکاری دەهێنن.

ئەو بەرهـەمـانـەی دانەوێڵـە کـە لە کـوردسـتـانـدا دەچێندرێن و دێنە بەرهەم، لەم جـۆرە

دانەویڵانە پێک هاتوون: گـەنم، جـۆ، بـرنج، چەودەر (Rye)، هەرتۆمـان، (Oats)، عـەلەس (Spet)، مازیز (Maziz)، هەرزن، دانی کەناری (Canary Seed)... هتد.

پارێزگاکانی کوردستان بە هۆی جیاوازی فاکتەرەکانی سروشتیی و مرۆیی یەوە، لە ڕووی پانتایی زەوی چاندراو و بەرهەمی ساڵانە و دەسکەوت لە یەک هێکتاردا، چوون یەک نین. بۆ ئەو مەبەستە، تەماشای خشتەی ژمارە (٢٨):

خشتەی ٢٨ زەوی تۆکراو و دروێنەکراو و بەرهەمی دانەوێڵە ساڵی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار چاندراو	زەوی هەکتار دروا و	بەرهەم تەن	کگم لە ١ هەکتاردا
ئادیەمان	١٦٠	١٦٠	٣٢٤	٢٠٢٥
ئاگری	١٩٠	١٨٩	٢٢٨	١٢٠٦
بینگۆڵ	٢٧	٢٧	٣٢	١١٨٥
بدلیس	٦٤	٦٣	٦٩	١٠٩٥
دیاربەکر	٤٠٤	٤٠٤	٧٥٥	١٨٦٩
ئەلازیغ	٧٩	٧٩	١١٨	١٤٩٤
ئەزرنجان	٩٥	٩٥	١٦٥	١٧٣٧
ئەرزەڕۆم	١٩٤	١٩٢	٢٥٩	١٣٤٩
گازی ئانتەب	١٧٧	١٧٧	٤١١	٢٣٢٢
هەکاری	٥	٥	٨	١٦٠٠
مەلاتیە	١٦٩	١٦٩	٢٤٤	١٤٤٤
مەرعەش	٢٤٧	٢٤٧	٥٠١	٢٠٢٨
ماردین	٢٢١	٢٢٠	٣٩٠	١٧٧٣
موش	١٤١	١٢١	١٦٣	١٣٤٧
سیرت	٩٩	٩٩	١٦٢	١٦٣٦
دەرسیم	٤٧	٤٧	٥٠	١٠٦٤
ئۆرفە	٥٧٥	٥٧٥	١١٦٩	٢٠٣٣
وان	١٣١	١٢٦	١٤٣	١١٣٥

گەنم

گەنم یەکێکە لەو بەروبوومانەی کێڵگە، کە بە شێوەیەکی فراوان لە کوردستاندا دەچێندرێ. پانتایی ئەو زەوییانەی بە گەنم تۆو دەکرێ، بەرهەمی ساڵانەی، ژمارەی کارگەرانی، دوو تا سێ جار، لە گشت بەرهەمەکانی دیکەی دانەوێڵە زیاترە. نرخی گەنم لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکیدا، گەلێ گرنگە، چونکە لە لایەکەوە بە خۆراکێکی سەرەکی زۆربەی زۆری دانیشتووانی کوردستان دادەنرێ و لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ بەدەسهێنانی دەسمایە سەرچاوەیەکی باشە.

پانتایی هەموو ئەو زەوییانەی بە گەنم تۆو دەکرێ، خۆی لە چەند ملیۆن هێکتارێ دەدا .(١٩٨٨ – ٤,٥ ملیۆن هێکتار). بەرهەمی ساڵانەی گەنمەکە، لەو پانتاییە زیاترە کە تێیدا دەچێندرێ (١٩٨٨ – ٥,٧ ملیۆن تەن)، بە شێوەیەکی گشتی لە هێکتارێکدا دەسکەوتی نزیکەی ١٥٠٠کگم (١٩٨٨ – ١٥١٠ کگم) بوو.

گەنم لە کوردستاندا لە کەژی زستان و بەهاردا دەچێندرێ، هەر جۆرە گەنمەی بۆ تۆوکردن و دروێنەکردن، کاتی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها لە دوو ئاو و هەوای جیاوازدا دەڕوێن.

یەکەم – گەنمی زستانی:

بەو گەنمانە دەگوترێ، کە لە مانگی سەپتەمبەر یا ئۆکتۆبەردا تۆو دەکرێن و لە مانگی یول یا ئۆگەستدا دروێنە دەکرێن. گەنمی زستانی بەپێی کاتی تۆوکردنی، پێش یا پاش پەرەدان دەکرێتە: وشکاوز، واتە ئەو گەنمانەی پێش پەرەدان تۆو کراون. تەراوز، ئەو گەنمانەن کە دوای پەرەدان تۆو دەکرێن. گەنمی زستانی بە تایبەتی لە دەشتاییەکان و نێوچە گەرمەکاندا لە کوردستاندا دەڕوێن.

دووەم – گەنمی بەهاری:

ئەم چەشنە گەنمە، لە کۆتایی هاویندا تۆە دەکرێ، بە درێژایی زستان و بەهار، لە ژێر زەویدا دەمێنێتەوە. لە کۆتایی مانگی مارسدا، وردە وردە سەر دەردەهێنێ و سەوز دەبێ. لە مانگی ئۆگەستدا کۆتایی بە دروێنەکردنی دێ. گەنمی بەهاری بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەچێندرێ.

چەشنەکانی گەنم لە کوردستاندا ئەمانەن: ئازەر، ڕەشید، سەرداری، قەندەهاری، سوورگوڵ، ڕەش گوڵ، یەقەدادرای، ڕەزاییە، تورکی، هەڕەمە، کوردی، عومێرە، گوڵ ڕووت، ئۆستڕالی، مەندۆڵە، عەجیبە، سابیر بەگ، ئەڵمانی، سورکە، ساقی قوم، گوڵ پەڕشە، تریتیکوم، پۆیڵۆس، تاریس تیس و ئاراس... تاد.

زۆربەی نێوچەکان، کەم و زۆر، گەنمیان لێ دەچێندرێ. فراوانترین زەوی تۆوکراو لە ساڵی ١٩٨٦دا، لە نەسیبی پارێزگای کوردستان، ٤٢٩ هەزار هێکتار بوو. بەرهەمی ساڵانەی پارێزگای ئورفە، لە ساڵی ١٩٨٦دا، نزیکەی ٦١٩ هەزار تەن بوو، ئەو بەرهەمە لە بەرهەمی هەموو پارێزگاکانی دیکە زیاتر بوو. تێکڕای دەسکەوتی ساڵانە لە پارێزگای دهۆک، لە یەک هێکتاردا ١١٣٣کگم بوو، ئەو بەرهەمە لە نێوچەکانی دیکەی کوردستاندا، بەراورد نەدەکرا.تەماشای خشتەی ژمارە (٢٩) بکە.

جۆ

جۆ چاندن لە کوردستاندا زۆر باوە، بە تایبەتی لەو نێوچانەی کە کەمتر بۆ چاندنی گەنم دەست دەدەن. جۆ چ لە ڕووی پانتایی زەوی چێندراوەوە، چ لە ڕووی بەرهەمی ساڵانەوە، چ لە ڕووی بەکارهێنانییەوە بۆ خواردن، چ لە ڕووی دەسمایە و قازانجەوە، لە دوای گەنم دێ.

مەبەست لە جۆ چاندن، پێش هەموو شتێ بۆ دابینکردنی ئالیکە بۆ ئاژەڵە جۆربەجۆرەکان، بە تایبەتی لە کەژی زستاندا، پاشان بۆ مەبەستی پیشەسازی بەکار دەهێنرێ، بە تایبەتی بۆ بیرە دروسکردن. هەروەها لە هەندێ نێوچەدا، وەک خواردن بەکار دەهێنرێ، جا یا بە تەنیا، یاخود بە تێکەڵاویی لەگەڵ گەنمدا(مزاش).

پانتایی هەموو ئەو زەوییانەی ئەوڕۆ، بە جۆ تۆو کراوە، دەوروبەری دوو ملیۆن هێکتار دەبێ (١٩٨٨ – ١,٨ ملیۆن هێکتار). بەرهەمی ساڵانەشی خۆی لە ٣,٥ ملیۆن تەن دەدات (١٩٨٦ – ٣,٢ ملیۆن تەن). بەرهەمی لە یەک هێکتاردا، نزیکەی دوو هەزار کگم دەبێ (١٩٨٨ – ١,٨ هەزار کگم).

جۆ جۆری زۆرە، هەرە بەناوبانگەکانیان ئەمانەن: جۆ ڕەشە، جۆ سپیکە، شەشپەڕ، دووپەڕ... هتد. هەر جۆرێ لەم جۆرانە، لە نێوچەیەکی تایبەتی دیاریکراودا، دەڕوێ و زیاتر بڕ دەکات، وەک لە نێوچەیەکی دیکە.

جوتیارەکان لە هەموو پارێزگاکاندا، بەشێ لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆیان، بۆ جۆ چاندن تەرخان دەکەن. گەورەترین پارێزگا بۆ جۆ چاندن، پارێزگای موسڵیە، (١٩٨٨ – ٢٥٨ هەزار تەن)، بەرهەمیشی (١٩٨٦ – ٨٨٨ هەزار تەن)، لە بەرهەمی هەموو یەکە ئیدارییەکانی دیکە زیاتر بوو. زۆرترین تێکڕای بەرهەمی لە یەک هێکتاردا، لە نەسیبی، (١٩٨٨ – ١٤٤٢کگم). تەماشای خشتەی ژمارە (٣٠) بکە.

خشتەی ٢٩ زەوی تۆوکراو و درویّنەکراو و بەرهەمی سالآنەی گەنم، سالّی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار (هەزار) چاندراو	دروا و	بەرهەم هەزار تەن	کگم لە ١ هەکتاردا
ئادیەمان	١١٦	١١٦	٢٣٩	٢٠٥٤
ئاگری	١٣١	١٣١	١٥١	١١٥١
بینگۆڵ	٢٣	٢٣	٢٥	١١٠١
بدلیس	٦١	٦٠	٦٢	١٠٣٤
دیاربەکر	٢٦٧	٢٦٧	٤٩٧	١٨٦٤
ئەلازیغ	٦٨	٦٨	١٠٠	١٤٧٤
ئەرزنجان	٦٥	٦٥	١١٠	١٦٩٠
ئەرزەڕۆم	١٢٩	١٢٧	١٥٩	١٢٤٩
گازی ئانتەب	١١١	١١١	٢٤٧	٢٢١٨
هەکاری	٤	٤	٦	١٧٢٦
مەلاتیە	١٤٣	١٤٣	٢٠٦	١٤٣٤
مەرعەش	١٩٢	١٩٢	٣٨٣	١٩٩٥
ماردین	١٤٦	١٤٥	٢٤٦	١٦٩٢
موش	١٢٢	١٠٣	١٣٥	١٣١٤
سیرت	٧٢	٧٢	١١٨	١٦٤٧
دەرسیم	٣٥	٣٤	٣٥	١٠٤٠
ئۆرفە	٣٢٩	٣٢٩	٦١٩	١٨٨٢
وان	١١٣	١٠٨	١٢٣	١١٣٧
ئازربایجانی غ	٣١٩	–	٣٢٤	١٠١٧
کرماشان	٢٨٣	–	٢٧٣	٩٦٥
کوردستان	٤٢٩	–	٢٢٦	٥٢٧
بەختیاری	٨٦	–	١٥٢	١٧٦٧
ئیلام	١٠٧	–	٣٢	٢٩٨
لورستان	٣٠٣	–	٢٨٨	٩٥٠
کوهگیلویە	٧٦	–	١٤٢	١٨٦٨
نەینەوا	١٦٧	–	٣٩٥	٢٣٦٥
کەرکووک	٥٣	–	٩٦	١٨١١
دهۆک	١٥	–	٥٠	٣٣٣٣
هەولێر	٣٨	–	٧٧	٢٠٢٦
سلێمانی	٧٥	–	٥٠	٦٦٧

خشتەی ٣٠ زەوی تۆکراو و درویْنەکراو و بەرهەمی سالانەی جۆ، سالی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار (هەزار) چاندراو	دروراو	بەرهەم هەزار تەن	کگم لە ١ هەکتاردا
ئادیەمان	٤٢	٤٢	٨٢	١٩٥٤
ئاگری	٥٥	٥٥	٧١	١٣٠٨
بینگۆل	٢	٢	٣	١٦٧٠
بدلیس	٠,٦	٠,٦	٠,٦	١٠٦٠
دیاربەکر	١٣٤	١٣٤	٢٥١	١٨٧٩
ئەلازیغ	١٢	١٢	١٨	١٥٤٩
ئەزرنجان	٢٤	٢٤	٤٧	١٩٤١
ئەرزەرۆم	٥٨	٥٧	٨٨	١٥٤٠
گازی ئانتەب	٦٤	٦٤	١٦٢	٢٥١٩
هەکاری	٠,٥	٠,٥	٠,٧	١٥١٨
مەلاتیە	٢٥	٢٥	٣٧	١٤٧٣
مەرعەش	٥٢	٥٢	١١٤	٢١٨٢
ماردین	٧٤	٧٤	١٤٣	١٩٢٥
موش	١٨	١٨	٢٦	١٤٤٣
سیرت	٢٧	٢٧	٤٤	١٦٤١
دەرسیم	١٢	١٢	١٤	١١٨٢
ئۆرفە	٢٤٥	٢٤٥	٥٥٠	٢٢٤٢
وان	١٨	١٨	١٩	١٠٩٣
ئازربایجانی غ	١١٩	–	١٣٠	٩٤
کرماشان	٦٣	–	٧٩	١٢٥٧
کوردستان	٤٥	–	٢٢	٤٨٩
بەختیاری	٤٢	–	٥٩	١٤٠٥
ئیلام	٤٣	–	١٩	٤٤٢
لورستان	٢٠٣	–	١٧٤	٨٥٧
کوهگیلویە	٤٠	–	٥٠	١٢٥٠
نەینەوا	٢٥٨	–	٨٨٨	٣٤٤٢
کەرکووک	٤٢	–	٧٢	١٧١٤
دهۆک	١	–	٢	٢٠٠٠
هەولێر	٢٠	–	٤٢	٢١٠٠
سلێمانی	٢	–	٤	٢٠٠٠

برنج

لەبەر ئەوەی برنج، ئەورۆ بە یەکێ لە خواردنە سەرەکییەکانی خەڵک دادەنرێ، بایەخی خواردنی ئەم دانەوێڵە هاوینەیە، لەم ساڵانەی دواییدا زۆر زیادی کردووە، ئەمەش وای لە جوتیارەکان کردووە، کە زیاتر بایەخ بە چاندنی بدەن و پانتایی زەوییەکە فراوانتر بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، برنج لە ڕووی پانتایی زەوی تۆوکراو و بەرهەمی ساڵانەوە، زۆر لە دوای گەنم و جۆوە دێ.

پانتایی زەوی چێندراو بە برنج، لە بیست هەزار هێکتار کەمترە، (١٩٨٦ – ١٦ هەزار هێکتار)، بەرهەمی ساڵانەشی دوو، ئەوەندەی ئەم ژمارەیە دەبێ، (١٩٨٦ – ٣٠ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتاردا، نزیکەی دوو هەزار کگم دەبێ (١٩٨٦ – ١,٩ هەزار کگم).

لە کوردستاندا چەندین جۆر برنج دێتە بەرهەم، ئەوانەی لە هەموویان زیاتر ناویان دەرکردووە، ئەمانەن: چمپا (نێوچەی قەرەزیادین)، بازیان (نێوچەی بازیان).

برنج لە زۆر نێوچەدا دەچێندرێ. بەڵام لەبەر کەمی ئاوی پێویست و ئاووهەوای گونجاو و زەوی بەپیت، ئەو پانتاییانەی بۆ چاندنی برنج بەکار دەهێنرێ، لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی دیکە، جیاوازی هەیە. گەورەترین نێوچەی برنج چاندن، دەکەوێتە پارێزگای موسڵوە، (١٩٨٨ – ٤,٢ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەشی، لە بەرهەمی پارێزگاکانی دیکە زیاترە، (١٩٨٨ – ٧ هەزار تەن). ئەم بەرهەمە لە هیچ پارێزگایەکی دیکەدا وێنەی نەبوو، هەر وەکوو لە خشتەی ژمارە (٣١) دەردەکەوێ.

خشتەی ٣١ **زەوی تۆکراو و دروێنەکراو و بەرهەمی ساڵانەی برنج، ساڵی ١٩٨٨**

پارێزگا	زەوی هەکتار		بەرهەم	کگم له ١ هەکتاردا
	چاندراو	درواو	تەن	
ئادیەمان	١١٤	٨٨	٢١٢	٢٤٠٩
بینگۆڵ	١٧٣	١٧٣	٣٨٥	٢٢٢٥
بدلیس	٨٨	٨٣	٢٠٠	٢٤١١
دیاربەکر	١١٦٣	١١٦٣	٢١١٤	١٨١٨
ئەلازیغ	٣٥	٣٥	١٠٦	٣٠٢٩
گازی ئانتەب	٢٠	٢٠	٤٢	٢١٠٠
هەکاری	٢٩٤	٢٩٤	٣٤٩	١١٨٧
مەلاتیه	٧٠	٧٠	١٦٦	٢٣٧١
مەرعەش	١٩١	١٩١	٣٦٨	١٩٢٧
ماردین	٣٤١	٣٤١	٥٥٥	١٦٢٨
سیرت	٣٥٦	٣٥٦	٨٥٥	٢٤٠٢
ئۆرفه	٤٢٥	٤٢٥	٦٦٠	١٥٥٣
ئازەربایجانی غ	١٢٩٥	–	١٥٣٧	١١٨٧
کوردستان	٣٦	–	٧٢	٢٠٠٠
بەختیاری	٢٩٦٣	–	٧٣٥٠	٢٤٨١
لورستان	١١٥٠	–	٨٠٧٠	٧٠١٧
ئیلام	١٧٠٤	–	٤٣٨٨	٢٥٧٥
نەینەوا	٤٢٥٠	–	١٥٠٠	٣٥٣
هەولێر	٢٥٠	–	١٠٠	٤٠٠
سلێمانی	٢٥٠	–	١٠٠	٤٠٠

بەروبوومی پاقلەیی

بەروبوومی پاقلەیی وەکوو نیسک (سوور و سەوز)، نۆک، پاقلە، بەزالیا، لۆبیا، ماش، هەرتۆمان، کاوڤیج (Kaw vetch)، ویلد ڤیچ (Wild vetch)، نزیکەی لە ١٦٪ی گشت زەوییە چاندراوەکان،بە بەروبوومی کێڵگە و نزیکەی ٦٪ی گشت بەرهەمی کێڵگە دەگرێتەوە. دەسکەوت لە یەک هێکتار زەوی دروێنەکراودا، لە یەک هەزار کگم زیاترە.

پارێزگای ئورفە، دیاربەکر، ماردین، لە ڕووی پانتایی زەوی چاندراو و بەرهەم و دەسکەوتی سالانە لە یەک هێکتاردا، بە گەورەترین نێوچەکانی کوردستان دادەنرێن. ئەوەش بۆ چاکی خاکەکەیی و پلەی گەرما و سەرمای ئەو نێوچانە دەگەڕێتەوە. کەمترین جێیەکیش کە بەرهەمی پاقلەیی لێ بروێندرێ، پارێزگاکانی کەرکووک و هەکاری و بدلیسە. بۆ ئەو مەبەستە تەماشای خشتەی ژمارە (٣٢) بکە.

نیسک

نیسک بەرهەمێکی پاقلەیی زستانەیە، بەهای خواردنی زۆرە، چونکە مادەی پرۆتین و کاربۆهەیدراتی زۆر تێدایە. خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە گوندەکاندا، بە خواردنێکی ڕۆژانەی گرنگی دادەنێن.

پانتایی ئەو زەوییانەی سالانە بە پاقلە دەچێندرێن، خۆی لە ٥٥٠ هەزار هێکتار دەدا، (١٩٨٦ – ٥٣٠ هەزار هێکتار)، بەرهەمی سالانەی لە ٧٠٠ هەزار تەن زیاتر نابێ، (١٩٨٦ – ٦٥٥ هەزار تەن)، تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتاردا، دەگاتە ١٣٠٠ کگم (١٩٨٦ – ١٢٠٠کگم).

بەناوبانگترین نێوچەکانی بەرهەمهێنانی نیسک، پارێزگاکانی ئورفە (١٩٨٦ – ١٦٠ هەزار هێکتار)، ماردین (١٩٨٦ – ١٥١ هەزار هێکتار)، دیاربەکرە (١٩٨٦– ١٠٩ هەزار هێکتار).

بەرهەمی سالانەی نیسک لە پارێزگاکانی ماردین (١٩٨٦– ٢٤٧ هەزار تەن)، ئورفە (١٩٨٦– ١٥٥ هەزار تەن)، دیاربەکر (١٩٨٦– ١٣٧ هەزار تەن)، بەرهەمی ئەو شارانە لە بەرهەمی گشت پارێزگاکانی دیکە زیاترە.

تێکڕای دەسکەوتی بەرهەمی نیسک، لە یەک هێکتار زەوی دروێنەکراودا، دەگاتە ئەو پەڕی پلەی بەرزی بەرهەمهێنان. لە پارێزگای ماردین (١٩٨٦ – ١٦٥٦ کگم)ئادیەمان (١٩٨٦ – ١٢٠٠ کگم)، دهۆک (١٩٨٦ – ١١٨٤ کگم).

خشتەی ٣٢ زەوی تۆکراو و درویّنەکراو و بەرهەمی سالآنەی باقلەیی، سالّی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار چاندراو	دروا‌و	بەرهەم تەن
ئادیەمان	٧٦٣١٤	٧٦٣١٤	٨٩٨٦١
ئاگری	٩١٤٢	٩١٤٢	٦٥١٠
بینگۆڵ	١٢٥٩	١٢٥٩	٧٢٩
بدلیس	٧٤٧	٧٣٥	٩٧١
دیاربەکر	٢٤١٨٣٩	٢٤١٨٣٩	٢٣٥٦٢٨
ئەلازیغ	٨٤٦٧	٨٤٦٧	٨١٥٧
ئەزرنجان	٨٩٠٩	٨٩٠٩	١٠١٧٧
ئەرزەڕۆم	٩٢٨٢	٩٢٨٠	٦٦٦٢
گازی ئانتەب	٨٢٨٢٠	٨٢٨٢٠	٩٨٧٩٠
هەکاری	٣٨٥	٣٨٠	٢٥٠
مەلاتیە	١٦٩٧٥	١٦٩٧٥	١٩٣٣٦
مەرعەش	٨٠٢٩٦	٨٠٢٩٦	٨٤٥٨١
ماردین	١٧٩٩٩٩	١٧٩٩٩٩	١٩١٤٧٨
موش	٤٨١٧٨	٤٧٦١٠	٥٦٢٩١
سیرت	٤٢٩١٣	٤٢٩١٣	٤٧٦٩٣
دەرسیم	٦٧٩٥	٦٧٩٥	٦٢٣٦
ئۆرفە	٢٣٥٩١٩	٢٣٥٨١٤	٣٠١٣٩٤
وان	١٦٥٠	١٦١٦	١٥١٤
ئازربایجانی غ	٨١٦٨٠	–	٣١٤٤٩
کوردستان	٢٣١١٠	–	٧٠٦٧
بەختیاری	٣٧١٥	–	٢٤٩٣
لورستان	٦٣١٦٣	–	٣٧٧٩٨
ئیلام	٥٦٥٢	–	٢٣٩٠
نەینەوا	١٠١٨٦	–	٧٦٢٧
کەرکووک	٩	–	١
دهۆک	٢٩٥٦	–	١٩٢١
هەولێر	٢٩٧	–	٨٢٩
سلێمانی	١٦٦٧٤	–	٢١٧٨

نۆک

نۆک لەو بەرهەمە پاقلەییانەیە، کە توانایەکی سەیری چەکەرەکردن و گەورەبوونی، لە زەوییە کەم پێز و ناوەندی پێزەکاندا هەیە. تەنیا لە زەوییە سوور و زیخاوییەکاندا، خراپ دەڕوێ. بەهای خواردنی گەلێ بەرزە، لەبەر ئەوەی مادەکانی پرۆتین، چەوری، سیلیلۆز، خوێی مەعدەنی، گەلێ تێدایە، هەروەها نرخی پلەی گەرما بەخشینیشی بەرزە.

پانتایی ئەو زەوییانەی بە نۆک دەچێندرێن، چەند هەزار هێکتارێ دەبێ، (١٩٨٦ – ٢٥٢ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەشی، بە تایبەتی لەو ساڵانەی کە ئاو و هەوا خۆش دەبێ، سەر لە چەند هەزار تەنێک دەدا (١٩٨٦ – ٢٨٩ هەزار تەن)، تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتاردا، لە هەندێ ساڵدا دەگاتە ١٢٠٠کگم (١٩٨٦ – ١١٥٠ کگم).

نۆک لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، لە زستاندا دەچێندرێ. بەرهەمی ساڵانەی لە پارێزگای مەرعەش (١٩٨٦ – ٤١ هەزار تەن)، ئادیەمان (١٩٨٦ – ٤٠ هەزار تەن)، گازی ئانتەب (١٩٨٦ – ٢٩ هەزار تەن)، موش (١٩٨٦ – ٢٤ هەزار تەن). لەو ٤ جێیە، لە نێوچەکانی دیکە زۆر زۆرترە.

تێکڕای دەسکەوتی ساڵانەی لە یەک هێکتار زەوی درووراوەدا، لە پارێزگاکانی هەکاری (١٩٨٦ – ٢ هەزار کگم)، ماردین (١٩٨٦ – ١,٧ هەزار کگم)، مەلاتییە (١٩٨٦ – ١,٥ هەزار کگم)، لە ئەم جۆرە بەرهەمە، لەگەڵ بەرهەمی نێوچەکانی دیکەدا بەراورد نەدەکرا.

بەرهەمە پاقلەییەکانی دیکە، وەکوو بەزالیا، فاسۆلیا، لۆبیا، ماش، هەرتۆمان، کاوڤیچ، ویلدڤیچ، چ لەڕووی زەوی تۆوکراو و چ لە ڕووی بەرهەمی ساڵانە و چ لە ڕووی دەسکەوتی یەک هێکتار، لە هەموو بەرهەمە پاقلەییەکانی دیکەی پێشوو کەمترە و جێگایەکی تایبەتی دیاریکراوی ئەوتۆش، لە پێکەوەنانی دەسمایەی جوتیارەکاندا، بۆ خۆیان داگیر ناکەن.

بەروبوومی پیشەسازی

بەروبوومی پیشەسازی، نزیکەی لە ٦٪ هەموو زەوییە چاندراوەکان داگیر دەکات. بەرهەمی ساڵانەشی نزیکەی سەدان تەن دەبێ. ژمارەیەکی زۆریش لە کرێکاری کشتوکاڵ، ڕۆژانە کاری تێدا دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە ڕووەکانە، ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، بەڵام دەسکەوتی جوتیاران، لە یەک هێکتار زەوی چاندراودا، لە چاو زەوییە چاندراوەکان بە بەروبوومی دانەوێڵە و پاقلەیی، دوو تا سێ کەڕەت زیاترە. دەوڵەت بە زۆری پانتایی زەوی ناوچە، نرخی یەک کگم لە بەرهەم دیاری دەکا.

بەرهەمی پیشەسازی لە پارێزگای مەرعەش، ئورفە، ئادیەمان، گازی ئانتەب زۆر

بەرزە، بەپێچەوانەوە بەرهەمی هەکاری، دەرسیم، بینگۆڵ، نزمە، ئەمەش بۆ جیاوازی ئاو و هەوا و جۆری خاکەکەی دەگەڕێتەوە. تەماشای خشتەی ژمارە (٣٣) بکە. گرنگترین بەرهەمە پیشەسازییەکان لە کوردستاندا ئەمانەن: تووتن، لۆکە، چەوەندەری شەکر.

خشتەی ٣٣ زەوی تۆکراو و دروێنەکراو و بەرهەمی، سالآنەی پیشەسازی، ساڵی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار		بەرهەم تەن
	چاندراو	دروا و	
ئادیەمان	١٨٠٩٩	١٨٠٩٩	١٣٦١٠
ئاگری	٤١٥٣	٤١٥٣	٨٦٤٤٥
بینگۆڵ	٣٨١	٣٤٨	٨٣١٩
بدلیس	٢٥٥٠	٢٥٠١	١٨٧٧٢
دیاربەکر	٢٧٧٨١	٢٧٧٨١	٢١٣٨٥
ئەلازیغ	٦٢٣٦	٦٢٣٣	١٩٢٦٥١
ئەرزنجان	٥٦٣٥	٥٦٣٢	٢٠١٣٧٤
ئەرزەڕۆم	٥٨١١	٥٨١١	١٤٠١٦١
گازی ئانتەب	١٢٧٢٥	١٢٧٢٥	١٠٥٣٧
هەکاری	١١٠	٩٢	١٠٧٤
مەلاتیە	٤٦٦٢	٤٦٣٠	١٢٩٨٣٥
مەرعەش	٤١١٩٢	٤١٠٤١	٣٠٣٥٣٠
ماردین	١٥٠٤٥	١٥٠٤٥	١١١٧٦
موش	٧١٣٩	٦٨٨٦	١٣٣٦٢٤
سیرت	١٠٥٢٤	١٠٥٢٤	١٢٢٧١
دەرسیم	١٧٤	١٧٤	٤٧١٦
ئۆرفە	٥٢١٦٠	٥٢١٦٠	٣٨٩٧٧
وان	١٩٩٢	١٩٩٢	٥٣١٢٧

تووتن

تووتن بە یەکێ لە ڕووەکە پیشەسازییە هەرە بەربڵاوەکانی کوردستان دادەنرێ. سالانە بە دەیان هەزار هێکتـــار زەوی چێندراو، تووتنی تێـــدا دەڕوێندرێ (١٩٨٦ – ٢٩ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەی دەگاتە، دەیان هەزار تەن (١٩٨٦ – ٣٠ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتاردا، خۆی لە ١١٠٠ کگم دەدا (١٩٨٦ – ١٠٥٠ کگم).

جۆرەکانی تووتن:

لە کوردستاندا زیاتر لە دە جۆر تووتن دەڕوێندرێ. هەرە بەناوبانگەکانیان ئەمانەن:

– پەلکەبێ: تووتنێکی زۆر باشە، پەلکی زۆر دەردەکات، بەڵام لە کێشدا سووکە، لەبەر ئەوە تووتنەوانەکان، ئەگەر بۆ خۆیان نەبێ یاخود لە لایەن کەسێکی دیاریکراوەوە، بەرادان نەدرێ، نایچێنن.

– مـیـرزا ئەحـمـەدی: لە تووتنە هەرە بەناوبانگەکانە. بە شـێـوەیەکی زۆر فـراوان دەچێندرێ. گەڵاکانی پانە، هەر بنە تووتنێک لە ٢٥ – ٣٠ گەڵا دەردەکات.

– ڕەشۆکی: گەڵای تووتنی ڕەشۆکی مەیلەو شینە. ئەمە وای لە تووتنەوانەکان کردووە، کە خۆیان لە چاندنی ئەو جۆرە تووتنە ببوێرن، چونکە لە کاتی تەماشاکردن و قەبلاندنی نرخەکەیدا. لە دایەرەی ئینحیساری تووتن، بە چاوێکی باش سەیر ناکرێ و بە نرخێکی هەرزان لێیان وەردەگرن.

– بافرە: گەڵای تووتنی بافرە، زۆر تەنکە، بۆیە لە کێشاندا سوکە، لەبەر ئەوە تووتنەوانەکان نە خۆیان و نە زەوییەکانیان، بە چاندنی ئەم جۆرەوە خەریک ناکەن.

– سێرەمۆ: گەڵای تووتنی سێرەمۆ، بەرەو ژوور هەڵدەکشێ و لە هەر چوار لای قەدی ڕووەکەکەوە، دێنە دەرێ.

– زەردە: ڕەنگی گەڵای ئەم جۆرە تووتنە زەردە. گەڵاکانی وەکوو گەڵای تووتنی سێرەمۆ، بەرەو ژوور هەڵدەکشێن.

– عەلی کەسافی: گەڵاکانی پانە، هەمیشە گەڵاکانی بەرەو ژوور هەڵدەکشێن. ڕەنگیشی کەمێ تەڵخە. لەبەر ئەو هۆیانە، لەچاو جۆرەکانی دیکەدا، کەمتر دەڕوێندرێ.

– بێشەما: لە کۆنەوە لە کوردستاندا دەچێندرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی لە کێشاندا سوکە و ڕەنگی گەڵاکانی کەمێ تەڵخە، تووتنەوانەکان بە زۆری نایچێنن.

نێوچەکانی چاندنی تووتن:

جۆری گڵ و ئاو و هەوای زۆربەی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆ ڕواندنی تووتن دەست دەدەن. بەڵام بە تەواوی کەڵک لەم بارودۆخ و هەلومەرجە، وەکوو پێویست وەرناگیرێ. لەبەر ئەوەی ئەو پانتاییانەی بۆ ڕواندنی تووتن، لە لایەن فەرمانگاکانی کشتوکاڵی دەوڵەتەوە دیاری دەکرێ، لەم کۆی هەموو پانتایی زەوییە چێندراوەکان، بۆ هەر نێوچەیەک زۆر کەمە و جوتیارەکان ناتوانن لە سنووره زیاتر تێپەڕ بکەن، کە ئەو لایەنانە بۆیان دادەنێن. پانتایی ئەو زەوییانەی کە ڕێی دراوە، تووتنی تێدا بچێنن، لە ئێستادا نزیکەی چەند هەزار هێکتارێ دەبێ (١٩٨٨ – ٤٣ هەزار هێکتار)، هەروەها بەرهەمەکەشی (١٩٨٨ – ٤٢ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوتی ساڵانەی لە یەک هێکتاردا، پتر لە ١٠٠٠ کگم دەبێ (١٩٨٨ – ١٠٥٢ کگم).

گەورەترین و بەرفراوانترین ئەو زەوییانەی بۆ چاندنی تووتن تەرخان کراون، دەکەوێتە پارێزگاکانی ئادیەمان، سیرت، دیاربەکر. بەرهەمی ساڵانەی ئەم یەکە ئیدارییانە، نزیکەی بەرهەمی هەموو کوردستان پێک دەهێنن. تێکڕای دەسکەوتی هەر یەکێ لەو پارێزگایانە، لە یەک هێکتاردا، لە ١٥٠٠ کگم زیاترە. تەماشای خشتەی ژمارە (٣٤) بکە.

گیروگرفتەکانی تووتن:

ڕووەکی تووتن لە کوردستاندا، تووشی چەندین گیروگرفتی هەمەجۆرە دەبێ. هەندێ لەو گیروگرفتانە سروشتین و هەندێکی دیکەشیان مرۆیین.

گیروگرفتی سروشتی

نەخۆشی:

ترسناکترین گیروگرفتێکی سروشتی، کە تووشی تووتن دەبێ، چ لە کێڵگە و چ لە ناو عەمارەکاندا، نەخۆشییە. هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن:

پچڕێنە: ئەم نەخۆشییە تووشی ڕەگەکانی ڕووەکی تووتن دەبێ. تا وا لە ڕووەکەکان دەکا، بێهێزیان دەکا و سیسیان دەکا و لە شوێنی خۆیاندا ووشک دەبن. هۆکەشی بۆ کرمێکی ورد دەگەڕێتەوە، کە دوای ئاودان شەوانە بەکاردەکەوێ و دەست بە قرتاندن و خواردنی ڕەگە تووتنەکان دەکا. چارەسەری ئەم نەخۆشییە کوشندەیەش، بە هۆی بەکارهێنانی مادەی کروسیاید، یاخود دیدیتی DDT وە دەکرێ.

خشتەی ٣٤ زەوی تۆکراو و درویێنەکراو و بەرهەمی ساڵانەی تووتن، ساڵی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار چاندراو	زەوی هەکتار دراو	بەرهەم تەن	کگم لە ١ هەکتاردا
ئادیەمان	١٨٠٩٩	١٨٠٩٩	١٣٦١٠	٧٥٢
بینگۆڵ	١٦	١٦	١٩	١١٨٨
بدلیس	١٦٨٣	١٦٨٣	٢١٨٠	١٢٩٥
دیاربەکر	٢٢٨٦	٢٢٨٦	٣٣٦٨	١٤٧٣
ئەلازیغ	٣	٣	٢	٦٦٧
گازی ئانتەب	٤٠	٤٠	٥٧	١٤٢٥
هەکاری	٢٦	٢٦	٣٤	١٣٠٨
مەلاتیە	١١٩٧	١١٩٧	١١٣٧	٩٥٠
ماردین	٨٩	٨٩	١٨٢	٢٠٤٥
موش	١١٦١	١١٦١	١٧٥٩	١٥١٥
سیرت	٦١٣١	٦١٣١	٩٠١٩	١٤٧١
دەرسیم	٢	٢	٢	١٠٠٠
وان	٢	٢	٢	١٠٠٠
ئازەربایجانی غ	٢٠١٨	–	١٨٤٨	٩١٦
کوردستان	٧٩٥	–	٦٤٥	٩١١
لورستان	٣٥	–	٢٠	٥٧١
ئیلام	٨٧	–	٢٣	٢٦٤
کەرکووک	٦٣	–	٢٤	٣٨١
دهۆک	٦٧٥	–	٧٦٤	١١٣٢
هەولێر	١٥٠٠	–	١٦٧٢	١١٢٥
سلێمانی	٧٢٦٣	–	٥٨٦٩	٨٠٨

هارەیی: هۆی ئەم نەخۆشییە بۆ کرمێکی ورد دەگەڕێتەوە، کە لە مانگی ئەپریلدا پەیدا دەبێ. نەخۆشییەکە تووشی هەندێ یا هەموو گەڵاکان دەبێ، بە شێوەی پەڵە پەڵە دەردەکەوێ. چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییەش، بە مادەی سایام، میسیل، پرۆمید... هتد دەکرێ. بۆ ئەوەی دەرمانەکان کاریگەرێتی خۆیان زیاتر نیشان بدەن، چاکتر وایە لە کاتی فێنکیدا بە ڕۆژ بەکار بهێنرێن، چونکە لەو کاتانەدا، کرمەکان دەجوڵێن و دەست بە چالاکی دەکەن.

سیسبوون: نەخۆشییەکی یەکجار بڵاوە، بە تایبەتی لەو زەوییانەی کە چەند ساڵ لەسەر یەک و بە بەردەوامی بە تووتن دەچێندرێن. نەخۆشییەکە زیاتر تووشی گەڵا ساواکان دەبێ، وەک لەوەی تووشی گەڵا گەورەکان ببێ. چارەسەرکردنی تەنیا بە ئاونەدانە، دەبێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئاو نەدرێ.

ئەنتراکتۆز: ئەم نەخۆشییە تووشی گەڵاکان دەبێ، ڕەنگەکەی لە سەوزەوە بۆ قاوەیی و مەیلە وسوور دەگۆڕێ، هۆیەکەشی کرمێکی کوارکییە کە تووشی بنە تووتنەکان دەبێ و دەبێتە هۆی سیسبوونیان. چارەسەرکردنیشی تەنیا بە ئاونەدانێتی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەر یەک.

گیروگرفتی مرۆیی:

لێرەدا پەنجە بۆ هەندێ لەو گیروگرفتە گرنگە مرۆییانە ڕادەکێشین، کە لە کاتی چاندن و پەرەسەندن و فرۆشتندا، تووشی تووتن دەبن:

– دیاریکردنی پانتایی: پانتایی ئەو زەوییانەی بۆ چاندنی تووتن تەرخان دەکرێن، لە ڕووی کەمی یا زۆری پانتاییەوە، لە لایەن دایرەی ئینحیساری تووتنەوە دەسنیشان دەکرێن. تووتنەوانەکان بە هیچ جۆرێ، مافی ئەوەیان نییە، پانتایی زەوییەکانی خۆیان زیاد بکەن. مەبەستی دەوڵەتیش لەم دیاریکردنە، تەنیا بۆ پارێزگاریکردنی نرخی تووتن دەگەڕێتەوە، تا لەو ئاستەی دەسنیشانیان کردووە، نەیەتە خوارەوە.

– دابەشکردنی بەرهەم: بەرهەمی ساڵانەی تووتن، لە نێوان تووتنەوانەکان و خاوەن موڵکەکاندا، بەم شێوەیە دابەش دەکرێ: ئەگەر موڵکدارەکان، ئاو و جووت و تۆو، بۆ تووتنەوانەکان دابین بکەن، ئەوا لە جیاتی ئەوانە، نیوەی بەرهەمەکە بۆ موڵکدارەکان دەبێ. بەڵام ئەگەر هاتوو، تەنیا ئاوەکە هی موڵکدارەکان بێ، ئەوا سێ یەکی بۆ ئەوان دەبێ و ئەوی مایەوە بۆ تووتنەوانەکان دەبێ.

– ڕابەری کشتوکاڵ: ژمارەی ڕابەرە کشتوکاڵییەکان لە کوردستاندا، وەکوو پێویست نییە و زۆر کەمە. ئەو کەمەکەشی کە هەیە، لەبری ئەوەی تووتنەوانەکان، فێری شێوازی نوێی چاندن و ئاودان و هەڵگرتنی تووتن بکەن، بە شێوەیەکی هاوچەرخانە، تەنیا کارەکانیان خۆی لە تووتن کڕین لە تووتنەوانەکاندا دەبینێ.

– شێوازی چاندن: تووتنەوانەکان، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، تاکوو ئێستا بە هەمان شێوازی سەد ساڵ لەمەوبەر، تووتن تۆو دەکەن و پاشان بۆ کێڵگەی دەگوزنەوە و دەیچاقێنن و ئاوی دەدەن و گەڵاکانی دەقرتێنن و وشکی دەکەنەوە و هەڵی دەگرن و پاشان بۆ فرۆشتن ئامادەی دەکەن. ئەم شێوازی خزمەتکردنە کۆنە، لە لایەکەوە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێژەی زیان و لەنێوچوونی زیاتر دەکات.

لۆکە

لۆکە، بە یەکێ لە هەرە بەرهەمە گرنگە بەروبوومەکانی پیشەسازی دادەنرێ، چونکە دەسکەوتی ساڵانەی جوتیارەکان لە یەک هێکتاردا، بە بەراوردکردن لەگەڵ دەسکەوتی ساڵانەی یەک هێکتار زەوی چاندراو، بۆ نموونە بە بەروبوومی دانەوێڵە، بەرزترە. پانتایی هەموو ئەو زەوییانەی بە لۆکە دەچێندرێن، خۆی لە ٦٥ هەزار هێکتار دەدات (١٩٨٦ – ٦٣ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەشی ئەگەر لەم ژمارەیە زیاتر نەبێ، کەمتر نییە (١٩٨٦ – ٥٦ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوتی ساڵانەشی لە یەک هێکتاردا، لە هەندێ شوێن دەگاتە یەک هەزار کگم (١٩٨٦ – ٨٩١ کگم).

بەناوبانگترین جۆرەکانی لۆکە لە کوردستاندا، ئەمانەن: موسڵی، ژەنگاری، سابوری، کۆکەروڵت. لۆکە لە ناوەڕاستی مانگی مارس و بە درێژایی مانگی ئەپریل دەچێندرێ، لە هاوینیشدا کۆ دەکرێتەوە.

فاکتەرە گرنگ و پێویستەکانی ڕواندن و گەشەسەندنی لۆکە، وەکوو پلەی گەرما و ئاو و خاکی بەپیت، لە گشت کوردستاندا وەکوو یەک نین، لەبەر ئەوە نێوچەکانی لۆکە چاندن، زۆر سنوور بۆ کێشراو و دیاری کراوە، تەماشای خشتەی ژمارە (٣٥) بکە.

زەوییەکانی پارێزگای ئورفە گەورەترین نێوچەی کوردستانە، کە بۆ چاندن و بەرهەمهێنانی لۆکە بەکار دەهێرێ، پاشان پارێزگای دیاربەکر دێ. تێکڕای دەسکەوتی ساڵانەی لە یەک هێکتاردا، لە پارێزگای کەرکووک (١٩٨٥ – ١٥٩٦ کگم) و لە موسڵ (١٩٨٥ – ١٥٤٤ کگم)، لە بەرهەمی هەموو پارێزگاکانی دیکە زیاتر بوو، هۆکەش زیاتر بۆ گونجاندنی باری ئاو و هەوای نێوچەکە دەگەڕێتەوە.

خشتەی ۳٥ زەوی تۆکراو و درویٚنەکراو و بەرهەمی ساڵانەی لۆکە، ساڵی ۱۹۸٥

پارێزگا	زەوی هەکتار چاندراو	دراو	بەرهەم تەن	کگم لە ۱ هەکتاردا
ئادیەمان	٤٢٢٨	٤٢٢٨	٣٠٢٧	٧٣٥
دیاربەکر	٢٤٢٨٠	٢٤٢٨٠	١٧٨٤٥	٧٣٥
ئەلازیغ	١٠١٥	١٠١٥	٦٣٠	٥٢٥
گازی ئانتەب	١١٦٩٠	١١٦٩٠	٦٥٥٠	٦١٢
مەلاتیە	٣٢	٣٢	١٧	٥٢٥
مەرعەش	٣٠٥٠٠	٣٠٥٠٠	١٧٢٩٣	٥٦٧
ماردین	١٤٩٥٥	١٤٩٥٥	١٠٩٩٢	٧٣٥
سیرت	٤٣٩٣	٤٣٩٣	٣٢٥٢	٧٤٠
دەرسیم	٢٥	٢٥	٢١	٥٢٥
ئۆرفە	٥٢١٣٠	٥٢١٣٠	٣٨٩٥٣	٧٣٥
کرماشان	٥١٠	–	٦٥٠	١٢٧٥
کەرکووک	٣١٥	–	٣٨٩٠	١٥٩٦
دهۆک	٢٧٥	–	٤٩٨	١٨١١
هەولێر	٣٥٥	–	٦٣٠	١٧٦٤
سلێمانی	٧١٥	–	٦٨٠	٩٥٢
نەینەوا	١١١٠	–	١٧١٠	١٥٤٤

چەوەندەری شەکر

چەوەندەری شـەکـر، لە زۆر نێـوچە لە کـوردسـتـاندا دەچێندرێ. تـوانای فـراوانـکـردنی پانتـایی ئـەو زەوییـانـەی بە چەوەندەر دەڕوێندرێ و زیادکـردنی بەرهـەمـهـێنان، کـەم نیـیـە، ئەگـەر بێـتو زیاتر بایەخ بە چاندنی بدرێ و هـەمـوو ئەو گـیـروگـرفـتـانـەی کـە دێنە پێشی، بە تایبەتی گیروگرفتە میکانییەکان چارەسەر بکرێن.

پانتـایی ئـەو زەوییـانـەی ئـەوڕۆ بە چەوەنـدەر دەچێنـدرێ، دەگـاتـە ٥٠ هـەزار هێکتـار (١٩٨٦ – ٤٧ هـەزار هـێکتـار). بـەرهـەمـی سـالانـەشـی لە دەوروبـەری ١٣ هـەزار تـەن دایە(١٩٨٦ – ١١ هەزار تـەن). تێکڕای دەسکەوتی سـالانەی لە یەک هێکتـار زەوی چاندراودا، نزیکەی ٢٣ هەزار کگم(١٩٨٦ – ٢٢ هەزار کگم)

لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستـاندا، توانای بەرهەمـهێنانی چەوەنـدەر هەیە، بەڵام لە هەموو نێوچەکان زیاتر، ئەو پارێزگایانەن، کە لە خشتەی ژمارە (٣٦) دا ناوەکانیان تۆمار کراوە.

گـەورەترین کـێڵگـەی چەوەندەری شـەکـر، ئـێسـتـا لە پارێزگـاکـانی ئەرزەڕۆم و مـوش و ئەرزنجـان و ئەلازیغ دایە. بەرهـەمی ئەم نێوچانە، لە بەرهەمی هـەموو پارێزگاکانی دیکەی کـوردسـتـان زیاترە. تێکڕای دەسکەوتی سـالانـە لە یەک هـێکتـار زەوی چاندراودا، لە نێـوچەکانی مـەلاتییـە، ئـەلازیغ، ئەرزنجاندا، بە بەراوردکـردن لەگـەڵ نێـوچەکـانی دیکەدا، هـاوتەی نەبوو، لـەم جیاوزییە گـەورەیەی بەرهـەمـهێناندا، فـاکتـەرەکـانی ئاو و هـەوا و گڵ، ڕۆڵی سەرەکی خۆیان وازی کردووە.

کەتان

مەبەست لە چاندنی کەتان، زیاتر بۆ دەرهێنانی دەزووە، کە بە سـەرچاوەیەکی سـەرکی دادەنرێ، بۆ دروسکردن و چنین و دروونی جلوبەرگ و ڕایەخ و بەکرە و کندر دروسکردن و بۆ بەرهەمهێنانی کاغەز... تاد.

پانتایی هەمـوو ئەو زەوییانەی سالانە بە کەتـان دەچێندرێ، دەیان هـەزار هێکتار دەبێ. بـەرهـەمـی سـالانـەشی خـۆی لە چـەند هـەزار تـەنێک دەدا. تێکڕای دەسکـەوتـی لە یـەک هێکتاردا، دەوروبەری چەند سەد کگم دەبێ.

خشتەی ٣٦ **زەوی تۆکراو و درووێنەکراو و بەرهەمی ساڵانەی چەوەندەری شەکر، ساڵی ١٩٨٨**

پارێزگا	زەوی هەکتار چاندراو	زەوی هەکتار درواو	بەرهەم تەن	کگم لە ١ هەکتاردا
ئادیەمان	١٤٥	١٣٣	٢٥٨٠	١٩٣٩٨
ئاگری	٤١٥٣	٤١٥٣	٨٦٤٤٥	٢٠٨١٥
بینگۆڵ	٣٦٥	٣٣٢	٨٣٠٠	٢٥٠٠٠
بدلیس	٨٦٧	٨١٨	١٦٥٩٢	٢٠٢٨٤
دیاربەکر	١٧	١٧	١٧٢	١٠١١٨
ئەلازیغ	٥٢١٨	٥٢١٥	١٩٢٠١٩	٣٦٨٢١
ئەزرنجان	٥٦٣٤	٥٦٣١	٢٠١٣٧٢	٣٥٧٦١
ئەرزەڕۆم	٥٨١١	٥٨١١	١٤٠١٦١	٢٤١٢٠
هەکاری	٨٤	٦٦	١٠٤٠	١٥٧٥٨
مەلاتیە	٣٤٣٣	٣٤٠١	١٢٨٦٨١	٣٧٨٣٦
موش	٥٩٧٨	٥٧٢٥	١٣١٨٦٥	٢٣٠٣٣
دەرسیم	١٤٧	١٤٧	٤٦٩٣	٣١٩٢٥
وان	١٩٩٠	١٩٩٠	٥٣١٢١	٢٦٦٩٤

بەروبوومی تۆوە ڕۆنییەکان

پشکی بەرهەمی تۆوە ڕۆنییـەکـان، لە زەوی چاندراودا، لە چاو بەرهەمـەکـانی دیکەی کشتوکاڵدا، لە ٢٪ زیاتر نابێ. بەرهەمی ساڵانەی تۆوە ڕۆنییەکان، کە لە چەند هەزار تەنێ پێک دێ، بەتەواوی بازاڕەکـانی کـوردسـتـان تێـر و پڕ ناکـات. لەبەر ئەو هۆیە، بۆ مسۆگەرکردنی ڕۆن، زەیت، کەرە، مارگرین، دبێ بەشی زۆری لە بازاڕەکانی دەرەوە پەیدا بکرێ و پارەیەکی زۆری پێ بدرێ.

چەشنی گڵ، ئاو و هەوا، لە فراوانبوونی پانتایی زەوی چاندراو و بەرهەمی ساڵانەدا، ڕۆڵی لەبەر چاویان گـێـڕاوە. پارێزگـاکـانی ئورفـە، دیاربەکـر، مـەرعـەش، لە ڕووی بەرهەمـهێنانی تۆوە ڕۆنییـەکانەوە، بە گـەورەترین نێـوچە دادەنرێن. بە پێچەوانـەشـەوە، پارێزگاکانی دەرسیم، ئاگری، هەکاری، بە کەمترین نێوچە لە قەڵەم دەدرێن. تەماشای خشتەی ژمارە (٣٧) بکە..

بەرهەمی تۆوە ڕۆنییـەکان، لەم ڕووەکانە پێک دێن: دەنکی لۆکە، کونجی، گوڵەبەڕۆژە، کەتـان، خەشـخـاش Poppy Seed، دەنکە قەنەفر، فستقی کێڵگە، فولی سۆیا... هتد. وا لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

کونجی:

مەبەست لە چاندنی کونجی، زیاتر بۆ خوادنی ڕۆژانەیە و توێکڵـەکەشی وەک ئالیک، بۆ خواردنی ئاژەڵ بەکار دەهێندرێ.

پانتـایی هەموو ئەو زەوییـانەی سـاڵانە بە کونجی دەچێندرێ، ئێسـتاکە دەوروبەری ٦٠ هەزار هێکتـار دەبێ (١٩٨٦ – ٥٨ هەزار هێکتـار). بەرهـەمی سـاڵانەشی نزیکەی ٢٢ هەزار تەن دەبێ (١٩٨٦ – ٢٠ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتـار زەویدا، لە ٤٠٠ کگم کـەمـترە (١٩٨٦ – ٣٣٠ کگم). بەناوبانگترین نێوچەکانی چاندنی کـونجی لە کوردستاندا:

پارێزگای ئورفە (١٩٨٦ – ٤٨ هەزار هێکتار)، دیاربەکر (١٩٨٦ – ٤ هەزار هێکتار)، ئادیەمـان (١٩٨٦ – ٤ هـەزار هێکتـار)، بەرهەمی سـاڵانەی ئورفـە (١٩٨٦ – ١٤ هەزار تەن)، دیاربەکـر (١٩٨٦ – ٢ هەزار تـەن)، ئادیەمـان (١٩٨٦ – یەک هەزار تـەن)، دوو تا سێ کـەڕەت لە بەرهەمی پارێزگـاکـانی دیکە زیاترن. تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتـار زەویدا دەگاتە ئەوپەڕی لە پارێزگاکانی ئەلازیغ (١٩٨٦ – ١٠٤٢ کگم)، سیرت (١٩٨٦ – ٩٥٨ کگم)، ماردین (١٩٨٦ – ٨٢٤ کگم) .

خشتەی ٣٧ زەوی تۆکراو و درویّنەکراو و بەرهەمی
سالانەی دەنکە ڕۆنییەکان، ساڵی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار		بەرهەم
	چاندراو	دراو	تەن
ئادیەمان	٣٠٠٧	٣٠٠٧	٥٥٠٣
ئاگری	٢١	٢١	٣٢
دیاربەکر	١١٤٤٠	١١٤٤٠	٣٩٤٦٣
ئەلازیغ	١٧٢	١٧٢	١١٤٠
ئەرزەڕۆم	١٨٤٨	١٨٤٨	٣٥٩١
گازی ئانتەب	١٧٤١	١٧٤١	١١٤١٨
هەکاری	٢٣	٢٣	٣٢
مەلاتیە	٢٦٠	٢٦٠	٢٩٥
مەرعەش	٦١٢٦	٦١٢٦	٣٨٩٣٧
ماردین	١٦٥	١٦٥	١٠٦٨٦
موش	٤٦٣٦	٤٦٣٦	٦٦٦٧
سیرت	١١٥	١١٥	٥٢٩٧
دەرسیم	–	–	٣٣
ئۆرفە	٥٠٢٨٠	٥٠٢٨٠	٨١٥٣٩

گوڵەبەڕۆژە

گوڵەبەڕۆژە، گەورەترین و زۆرترین بەرهەمی تۆوە ڕۆنییەکان، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، پێک دەهێنێ و بە شێوەیەکی بەرفراوان دەڕوێندرێ. ئەویش بە پلەی یەکەم، بۆ دەرهێنانی ڕۆن دەچێندرێ، پاشان وەک پەرژین، بۆ پاراستنی کێڵگەکانی توتن و لۆکە لە کارتێکردن بای بەهێز، بەکار دەهێنرێ.

لەو ساڵانەی دواییدا، فەرمانگاکانی کشتوکاڵ، زیاتر بایەخیان بە چاندنی گوڵەبەڕۆژە داوە، هەوڵی فراوانکردنی پانتایی زەوی چاندراو و زیادکردنی بەرهەمیان داوە. هانی جوتیارەکان دەدەن، تا بەرهەمی تۆوە ڕۆنییەکان زیاد بکەن، بۆ ئەوەی بازاڕەکانی نێوخۆ، بە ڕۆن و چەورییەکانی دیکە دەوڵەمەند بکەن.

پانتایی زەوی چاندراو بە تۆوە ڕۆنییەکان، ئەوڕۆ خۆی لە دەیان هەزار هێکتار دەدات. (١٩٨٦ – ٣١ هەزار هێکتار)، بەرهەمی ساڵانەش لە یەک هێکتاردا، چەند هەزار تەنێ دەبێ (١٩٨٦ – ٣٠ هەزار تەن). دەسکەوت لە یەک هێکتار زەویدا دەگاتە یەک هەزار کگم (١٩٨٦ – ٩٥٦ کگم).

فراوانترین و گەورەترین کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە، ئەوڕۆکە لە پارێزگاکانی موش (١٩٨٦ – ٥ هەزار هێکتار) و دیاربەکر (١٩٨٦ – ٦ هەزار هێکتار) و سلێمانی (١٨٨٦ – ٥ هەزار هێکتار) دان. بەرهەمی ساڵانەی پارێزگاکانی موش (١٩٨٦ – ٧ هەزار تەن) و مەرعەش (١٩٨٦ – ٦ هەزار تەن) و دیاربەکر (١٩٨٦ – ٦ هەزار تەن) و سلێمانی (١٩٨٦ – ٥ هەزار تەن) دەبێ. بەرهەمی ئەم چوار پارێزگایە، زیاتر لە دوو تا سێ بەشی، بەرهەمی هەموو نێوچەکانی کوردستان پێک دەهێنن. تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، لە مەرعەش (١٩٨٦ – ١,٥ هەزار کگم)، لە ئورفە (١٩٨٦ – ١,٤ هەزار کگم)، لە ئاگری (١٩٨٦ – ١,٤ هەزار کگم) دەبێ و لە تێکڕای دەسکەوت هەموو پارێزگاکانی دیکە زیاترن.

بەروبوومی بۆندار

بەرهەمی بۆندار، لە هەندێ ڕووەکی وەکوو پیاز و سیر و پەتاتە... تاد پێک هاتووە، نزیکەی لە ١٪ گشت زەوییە چاندراوە کشتوکاڵییەکان دەگرنەوە. (١٩٨٦ – ٤٩ هەزار هێکتار). بەرهەمەکانیان بەسەر یەکەوە خۆی لە ٨٠٠ هەزار تەن دەدات (١٩٨٦ – ٧٧٠ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوتی ساڵانەیان لە یەک هێکتار زەویدا، لە دەوروبەری ١٨ هەزار کگم دایە (١٩٨٦ – ١٦ هەزار کگم).

بەرهەمە بۆندارەکان، لە خواردنی ڕۆژانەی خەڵکیدا، بایەخێکی یەکجار زۆریان هەیە و بە شێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێن، لەبەر ئەوە دانیشتووانی زۆربەی زۆری نێوچەکانی کوردستان، کەم و زۆر، ئەم ڕووەکانە دەڕوێنن، بە تایبەتی لە نێوان دێراوی باخەکاندا، یا لە سوچێکی کێڵگەکاندا دەیانچێنن.

پارێزگاکانی ئازەربایجانی غەربی، ئەرزەڕۆم، لوڕستان، لە ڕووی پانتایی زەوی چاندراو و بەرهەمی بۆندارەوە، لە پێش هەموو پارێزگاکانی دیکەوە دێن. بەرهەمی ساڵانەی ئەم پارێزگایانە، نزیکەی دوو لەسەر سێی بەرهەمی گشتیی هەموو کوردستان پێک دەهێنن. تێکڕای دەسکەوتی ساڵانە لە یەک هێکتار زەویدا، لە نێوچەکانی سێرت و لوڕستان و مەرعەش، لەگەڵ بەرهەمی نێوچەکانی دیکەدا، بەراورد ناکرێ. تەماشای خشتەی ژمارە (٣٨) بکە.

•پیاز

پیاز بە زۆری بۆ چێشت لێنان بەکار دەهێنرێ و بە کاڵیش دەخورێ، بەکارهێنانی یەکجار باوە. لەبەر ئەوە، ساڵانە زەوییەکی زۆر بۆ چاندنی پیاز، تەرخان دەکرێ (١٩٨٦ – ١٠ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەشی دەگاتە ٢٠ هەزار تەن (١٩٨٦ – ١٧ هەزار تەن) تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، خۆی لە ١٨ هەزار کگم دەدات (١٩٨٦ – ١٩ هەزار کگم).

پیاز توانایەکی سەیری هەیە بۆ چەکەرەکردن و سەوزبوون و گەورەبوون. ئاو و هەوای جیاواز، چەشنی خاک و بێپێزی خاکەکەی، هیچ کۆسپێ لە ڕێی چاندن و نەشونماکردنی پیازدا، دروست ناکات. لەبەر ئەوە دەبینین، بە مەبەستی دابینکردنی خواردنی ڕۆژانە و بۆ فرۆشتن، لە هەموو نێوچە جیاجیاکاندا دەچێندرێ.

لە نێوچە بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنانی پیاز، پارێزگاکانی ئەرزنجان (١٩٨٦ – ١,٣ هەزار هێکتار)، گازی ئانتەب (١٩٨٦ – ١,٣ هەزرا هێکتار)، ئازەربایجانی غەربین

خشتەی ٣٨ زەوی تۆکراو و درویَنەکراو و بەرهەمی ساڵانەی بۆندار، ساڵی ١٩٨٨

پارێزگا	زەوی هەکتار		بەرهەم
	چاندراو	دروا و	تەن
ئادیەمان	١٠٩٢	١٠٩٢	٢٥٠٧٠
ئاگری	١٢٢٨	١٢٢٨	١٨٧٧٠
بینگۆڵ	٢٧٩	٢٧٤	٢٤١١
بدلیس	١٤٠٣	١٣٣٨	٢٨٤٤٦
دیاربەکر	٢٤٤٩	٢٤٤٩	٦٠٤٥٥
ئەلازیغ	٢٣٢٧	٢٣٢٧	٣٢١١١
ئەرزنجان	٣٠٥٨	٣٠٥٨	٦٠٣١٣
ئەرزەڕۆم	٧٤٨٥	٧٤٨٥	١٦٩٠٩٢
گازی ئانتەب	٣٣٩١	٣٣٩١	٧٦٣٦٤
هەکاری	٢٧٨	٢٦٣	٢٣٠٣
مەلاتیە	١٥٦٨	١٥٦٨	٢٢٣٥٩
مەرعەش	٢٠٩٩	٢٠٩٩	٣٣٥٧٩
ماردین	٧٢٢	٧٢٢	٧٨٨٩
موش	٤٩٠	٤٨٢	٥٧٢٧
سیرت	٤٧٣	٤٧٣	٨٦٠٢
دەرسیم	٤٠٦	٤٠٦	٥٨٨٢
ئۆرفە	٥٧٢	٥٧٢	٥٨٣٤
وان	١١٤٢	–١١٣٨	١٩٤٤٢
ئازەربایجانی غ	١٠٨٢٤	–	١٣٥٤٩٢
کوردستان	٢١٠٨	–	٢٥٠٥٧
بەختیاری	٥٧٨	–	٧٨٥١
ئیلام	٧٤٩٩	–	١٢٩٩٢٥
لورستان	٥١٠	–	٢٨٤٠

(١٩٨٩ – يەک هەزار هێکتار). بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ساڵانەی کوردستان، لە پارێزگاکانی گازی ئانتەب (١٩٨٦ – ٣٣ هەزار تەن)، ئەرزنجان (١٩٨٦ – ٢٨ هەزار تەن)، ئازەربایجانی غەربین (١٩٨٩ – ١٦ هەزار تەن)، دیاربەکر (١٩٨٦ – ١٣ هەزار تەن) دێتە بەرهەم. تێکڕای بەرهەم لە یەک هێکتار زەویدا، لە پارێزگاکانی گازی ئانتەب (١٩٨٦ – ٢٥ هەزار کگم)، ئەرزنجان (١٩٨٦ – ٢١ هەزار کگم)، سیرت (١٩٨٦ – ٢١ هەزار کگم)، بدلیس (١٩٨٦ – ٢١ هەزار کگم)، لە لوتکەیان تێپەڕاندووە.

سیر

پانتایی زەوی چاندراو بە بەرهەمی سیر، لە چاو پانتایی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکەدا، زۆر کەمترە. ئەوڕۆ نزیکەی پێنج هەزار هێکتار زەوی بە سیر دەچێندرێ. (١٩٨٦ – ٣ هەزار هێکتار). هەروەها بەرهەمی ساڵانەشی، دەوروبەری ١٧ هەزار تەن دەبێ (١٩٨٦ – ١٥ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، لە هەندێ ساڵدا دەگاتە ٨,٥ هەزار کگم. (١٩٨٦ – ٨ هەزار کگم).

سیر لە زۆربەی نێوچەکاندا دەچێندرێ. لە پارێزگا بەناوبانگەکان، کە بەزۆری سیری تێدا دەچێندرێ، گازی ئانتەب (١٩٨٦ – ٦ هەزار تەن)، ئەلازیغ (١٩٨٦ – ٥,٥ هەزار تەن)، ئادیەمان (١٩٨٦ – ٠,٥ هەزار تەن) و لە هەندێ شوێنی دیکەش دەچێندرێ.

پەتاتە

پەتاتە بە مەبەستی ناردنە دەرەوە دەچێندرێ. لەم ساڵانەی دوییشدا، پەتاتە لە خواردنی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵکدا، جێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی داگیر کرد. لەبەر ئەوە دەبینین، زەوییە چاندراوەکان لە چاو ساڵانی پێشوودا، زۆر فراوان بوون، بە شێوەیە کە ئەوڕۆ نزیکەی خۆی لە ٣٠ هەزار هێکتار دەدا، (١٩٨٦ – ٢٤ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەشی لە دەوروبەری ٣٧٠ هەزار تەن دایە، (١٩٨٦ – ٣٦٥ هەزار تەن). تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، دەگاتە ١٦ هەزار کگم.

گەورەترین نێوچەکانی چاندنی پەتاتە، خۆی لە پارێزگاکانی ئەرزەڕۆم (١٩٨٦ – ٩ هەزار هێکتار) و ئازەربایجانی غەربی (١٩٨٩ – ٤ هەزار هێکتار) و ئەلازیغ (١٩٨٦ – ٢ هەزار هێکتار) دا دەبینێ. بەرهەمی ساڵانە لە پارێزگاکانی ئەرزەڕۆم (١٩٨٦ – ١٧٧ هەزار تەن) و لە ئازەربایجانی غەربی (١٩٨٩ – ٣٩ هەزار تەن) و لە ئەلازیغ (١٩٨٦ –

٢٧ هەزار تەن) و لە ئاگری (١٩٨٦ – ٢٢ هەزار تەن) دەبێ، کە دوو لەسەر سێی، بەرهەمی گشت کوردستان پێک دەهێنن.

دووەم: میوە - Fruits

لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەموو فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی میوە لە کوردستاندا، زۆر لەبارن، کەچی هێشتا پشکی میوە لە پێکهێنانی بەرهەمی نیشتمانیدا، لە باشترین حاڵەتیدا، ناگاتە ١٠٪. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕۆڵی لە پێکهێنانی دەرامەتی جوتیارەکاندا، دیسانەوە زۆر کەمە. هۆیەکەشی زیاتر بۆ نەبوونی ڕێگەی هاتوچۆی چاک دەگەڕێتەوە، تا جوتیارەکان بتوانن، بەرهەمی ساڵانەی خۆیان، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و لە کاتی خۆیدا، بگەیەننە بازاڕ. هەروەها نەبوونی عەماری ساردای تایبەتی، بۆ هەڵگرتنی بەرهەمەکان و فرۆشتنی لە کاتێکی دیکەدا، بە یەکێ لە هەرە گیروگرفتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی میوە دادەنرێ. جگە لەوەی تاکوو ئێستا کارگەی تایبەتیمان نییە، تا هەموو ئەو بەرهەمانەی ساڵانە نافرۆشرێن و زیادن، لە قتودا هەڵبگیرێن و بخرێنە بازاڕەوە و لە کاتی زستاندا بفرۆشرێن، یاخود بۆ دەرەوەی وڵات بنێردرێن.

ژمارەی هەموو درەختە میوەدارەکان، ئێستا نزیکەی ١١٣ ملیۆن دەبێ. (١٩٨٨ – ١١٥ ملیۆن درەخت)، لەوانەش لە ٦٧٪ درەختی بەردار بوون و لە ٣٣٪ کەی دیکەشی، درەختی بێبەر بوون.

گەورەترین نێوچە، لە ڕووی ژمارەی درەختەوە، لە پارێزگای دهۆک دایە، پاشان پارێزگاکانی گازی ئانتەب و سلێمانی و هەولێر و ئورفە دێن. بەرهەمی ئەم نێوچانە هەموو پێکەوە، زیاتر لە ٥٠٪ بەرهەمی گشت کوردستان پێک دەهێنن، کە ئەوەش بۆ گونجاوی ئاو و هەوای باش و جۆری خاکەکەی دەگەڕێتەوە. تەماشای خشتەی ژمارە (٣٩) بکە.

درەختە میوەکان، بەپێی نەرمی و ڕەقی ناوکەکانیان، بەپێی ورد و درشتی و تامیان و ڕەگەزیان، بەسەر چوار دەستەی گەورەدا، دابەش دەکرێن:

١– میوەی ناوک وردی نەرم – Pome Fruits
٢– میوەی ناوک درشتی ڕەق – Stone Fruits
٣– میوەی ناوک – Nuts
٤– میوەی ترێ – Grape - like fruits

خشتەی ٣٩ ژمارەی درەخت و بەرهەمی ساڵانەی مێوە، ساڵی ١٩٨٨

پارێزگا	ژمارەی درەخت (هەزار)			بەرهەم هەزار تەن
	کۆ	بەبەر	بێبەر	
ئادیەمان	٥٩٣٤	٣٧٧٥	٢١٥٩	٨٨
ئاگری	٢٢	٦	١٦	٠,٥
بینگۆڵ	٤٠٥	٢٥٨	١٤٧	٧
بدلیس	٦٨٥	٣١٩	٣٥٦	٨
دیاربەکر	١٧٢٦	١٣٦٣	٣٦٣	١٣٠
ئەلازیغ	١٦٧٣	١١٦١	٥١٢	٨٠
ئەزرنجان	٢١٨٣	١٧٢٢	٤٦١	١٠١
ئەرزەڕۆم	٨٠٧	٦٦٤	١٤٣	٢١
گازی ئانتەب	١٦٣٥١	١١٧٨٨	٤٥٦٣	٣١٨
هەکاری	٣٩٠	٢٣١	١٥٩	٥
مەلاتیە	٥٧٣٢	٤٠٨٥	١٦٤٧	٢١٥
مەرعەش	٣٢٨٦	٢٠٨٩	١١٩٧	١٤٤
ماردین	١٣١٦	٧٨٢	٥٣٤	١٦١
موش	٤٦	٢٢	٢٤	١
سیرت	٢١٦٦	١٠٠٥	١١٦١	٣١
دەرسیم	٨٥٨	٥١٢	٣٤٦	٢١
ئۆرفە	١٠٠١٧	٥٩٠١	٤١١٧	٨٣
وان	٣٩٢	٢٦٠	١٣١	٩
نەینەوا	٢٢٩٤	١٥٣٥	٧٥٩	١٧٩
کەرکووک	٢٩١٠	١٩٤٧	٩٦٣	١٥٦
دهۆک	٢٧٣٤٤	١٨٢٩٣	٩٠٥١	٤٢٥
هەولێر	١٠٩٦٥	٧٣٣٥	٣٦٣٠	١٨٣
سلێمانی	١١٥٥٧	٧٧٣٢	٣٨٢٥	١٩٤

میوەی ناوک وردی نەرم

میوەی ناوک وردی نەرم، بریتییە لە هەرمێ، سێو، بەهێ، موش مەلا، یەنگی دونیا. ڕێژەیان نزیکەی ٢١٪ لە گشت درەخت و بەرهەمی میوە پێک دەهێنن.

هەرمێ – Pears

ئەوڕۆکە، نزیکەی ٢,٧ هەزار دار هەرمێ هەیە، (١٩٨٦ – ٢,٥ ملیۆن درەخت). بەرهەمی ساڵانەیان لە دەوروبەری ٨٣ هەزار تەندا دەبێ. (١٩٨٦ – ٨١ هەزار تەن). هەرمێ یەکێکە لەو دارمیوانەی، کە لە باخچەی زۆربەی خەڵکیدا دەڕوێندرێ. بە تایبەتی جوتیارەکانی نێوچە شاخاوییەکان، زۆری دەڕوێنن.. هەرمێ زۆر جۆری هەیە، بەڵام هەرە بەباوبانگەکانیان ئەمانەن: لاسوور، کرۆسی.

بەهێ – Quences

ژمارە و بەرهەمی ساڵانەی داربەهێ، لەچاو ژمارە و بەرهەمی دار هەرمێ و سێودا، زۆر کەمترە. لەبەر ئەوەی درەختی بەهێ، ئەرکی زۆرە و درەنگ پێدەگا و بارودۆخێکی تایبەتیشی بۆ ڕواندن دەوێ، لە هەموو باخەکاندا ناچێندرێ.

سێو – Apples

درەختی سێو، یەکێکە لە دارمیوە هەرە بڵاوەکان. ئەوڕۆ ژمارەی دارسێوەکان ، خۆی لە ٥,٥ ملیۆن دەدات، (١٩٨٦ – ٥ ملیۆن). بەرهەمی ساڵانەی دەگاتە ٢,٥ ملیۆن تەن (١٩٨٦ – ٢,٢ ملیۆن تەن).

لەبەر گونجانی ئاو و هەوا و جۆری گڵ، هەموو ئەو مەرجە سروشتییانە، بارودۆخێکیان ساز کردووە، کە دارسێو ، زۆر بە ئاسانی بروێندرێ و نەشونما بکا و گەورە ببێ و بەرێکی باش بدا و چەندین جۆری نوێش لە دەرەوە بهێندرێ و لە تەک جۆرە خۆماڵییەکاندا برۆێندرێ و هەندێ جوری نوێی دیکەش، بە سەرکەوتوویی بە بەرهەم بێ.

ئەو جۆرە دارسێوانەی لە کوردستاندا دەڕوێندرێن، وەکوو سێوە لاسوورە، سێوە ترشە، سێوە ڕۆک، گۆڵدن... هتد.

موش مەلا – Medlar

لە باخچەکاندا، ژمارەیەکی کەم لە دار میوەی موش مەلا دەڕوێندرێ، کە ژمارەیەن لە چەند هەزارێ تێپەڕ ناکات. بەرهەمی ساڵانەشی خۆی لە چەند هەزار تەنێ دەدات.

یەنگی دونیا – Loquats

لە باخچەکاندا لەگەڵ دار پرتەقاڵ و سێو... هتد دا دەڕوێندرێ. ژمارەیان چەند هەزارێ دەبێ. بەرهەمی ساڵانەی لە چەند هەزار تەن تێپەڕ ناکات.

میوەی ناوک درشتی ڕەق

ئەم دەستەیە بریتییە لە گوێژ، بەلاڵوک، قەیسی، هەڵوژە، قۆخ، گێلاس، ڤیشنی (گێلاسی ترش) زەیتوون، قەرەنی، ڕێژەیان نزیکەی ١٨٪ی گشت دار و بەرهەمەکانی میوە، پێک دەهێنێ.

گۆیژ – Plums

دار میوەیەکی ناسراوە، ژمارە و بەرهەمی ساڵانەی چەند هەزار دانەیەک دەبێ، بەرهەمی ساڵانەشی چەند سەد تەنێ دەبێ.

بەلاڵوک – Jujbe

ئەم دار میوەیە، بە ژمارە کەمە. بەرهەمی ساڵانەی لە چەند سەد تەنێ زیاتر نابێ. بەشی زۆری بەرهەمەکەی بۆ خواردنی نێوخۆ بەکاردەهێنرێ.

هەڵوژە – Wild Apricots

یەکێکە لە دار مێوە بڵاوەکان، بە دەیان هەزار داری هەڵوژە لە باخچەکاندا چاندراون. بەرهەمی ساڵانەی خۆی لە دەیان هەزار تەن دەدا. بەشێکی ئەو بەرهەمە دەنێردرێتە بازاڕ و دەفرۆشرێ.

قەیسی – Apricots

چەند هەزار دار قەیسییەک هەیە. بەرهەمی ساڵانەی چەند سەد تەن دەبێ، بەشێکی زۆریشی بۆ دەرەوە ڕەوانە دەکرێ. دەسکەوتی ساڵانەی کەم نییە.

گێلاس – Cherris

له باخچەکانی وولاتدا، چەند هەزار دار گێلاسێ دەڕوێ. بەرهەمی ساڵانەی چەند سەد تەنێ دەبێ.

قەرەنی – Cornel

دار قەرەنی، له لایەن ژمارەیەکی دیاریکراو له خەڵکی، له باخچەکانیاندا دەچێندرێ. ژمارە و بەرهەمی ئەم دار میوەیه زۆر نییه.

قۆخ – Peachs

ئەوڕۆ نزیکەی ٧٥٠ هەزار دار قۆخ هەیە، (١٩٨٦ – ٧٠٠ هەزار). بەرهەمی ساڵانەی نزیکەی ٢٥ هەزار تەن دەبێ،(١٩٨٦ – ٢٥ هەزار تەن). درەختی قۆخ له درەختە میوە بڵاوەکانە. بەرهەمەکەی نەک هەر بۆ خواردن بەکار دەهێنرێ، بەڵکوو جوتیارەکان دەشیفرۆشن.

ڤیشنی (گێلاسی ترش) – Sour Cherries

ڤیشنێ له هەندێ نێوچەدا، به مەبەستی خواردن و فرۆشتن، دەچێندرێ و دێتە بەرهەم. ژمارەی درەختەکان ، چەند هەزار دانەیک دەبێ. بەرهەمی ساڵانەشی چەند سەد تەنێ دەبێ.

زەیتون – Olive

مەبەست له ڕواندنی نەمامی زەیتون، بۆ خواردن و دەرهێنانی چەورییە. نزیکەی ١,٧ ملیۆن داری زەیتون هەیە، (١٩٨٦ – ١,٥ ملیۆن درەخت). بەرهەمی ساڵانەی ٥٨ هەزار تەن کەمتر نابێ. (١٩٨٦ – ٥,٥ هەزار تەن).

له پارێزگا بەناوبانگەکان، کە به زۆری زەیتونی تێدا ڕواوە، له ساڵی ١٩٨٦دا، ئەمانە بوون: گازی ئانتەب (٣٥٥ هەزار درەخت، بەرهەم – ٣٨ هەزار تەن)، مەرعەش (٥٥٠ هەزار درەخت، بەرهەم – ٦ هەزار تەن)، ماردین (١٣١ هەزار درەخت، بەرهەم – ٠,٨ هەزار تەن)، ئورفە (٦٠ هەزار درەخت، بەرهەم – ٠,٤ هەزار تەن)، ئادیەمان (٢٨ هەزار درەخت)، موسڵ.

میوەی ناوک

میوەی ناوک، بریتییە لە فستقی ئانتەبی، گوێز، بایەم، فندق، کەستانە. ڕێژەیان نزیکەی ٣٢٪ی گشت دارە میوە بەرهەمدارەکانی کوردستان پێک دەهێنێ.

فستقی ئانتەبی – Pistachios

میوەیەکی زۆر بڵاوە. ئەوڕۆ ژمارەی زیاد لە ٣١ ملیۆن دار فستق هەیە. بەردارەکانیان ٥٩٪ و بێبەرەکانیان ٣١٪ پێک دەهێنن. بەرهەمی ساڵانەشی زیاد لە ١٤ ملیۆن تەن دەبێ. بەناوبانگترین پارێزگاکان، کە فستقی ئانتەبییان لێ دەڕوێندرێ، لە ساڵی ١٩٨٨دا، بریتی بوون لە: گازی ئانتەب (١٢ ملیۆن درەخت، بەرهەم – ١١ ملیۆن تەن)، ئورفە (٩,٥ ملیۆن درەخت، بەرهەم – ٨ ملیۆن تەن)، ئادیەمان (٥,٤ ملیۆن درەخت، بەرهەم – ٢ ملیۆن تەن). هەروەها لە پارێزگاکانی سیرت و مەرعەشیش دەڕوێندرێ.

گوێز – Walnuts

زیاتر لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەڕوێ، ژمارەی درەختەکانی چەند هەزار دار گوێزێ دەبێ. بەرهەمی ساڵانەی خۆی لە چەند ملیۆن گوێز دەدات.

بایەم – Almonds

لە زۆربەی نێوچەکاندا دەڕوێ، بە تایبەتی لە نێوچە فێنکەکاندا، زۆر بە باشی دەڕوێ. ژمارەی درەختەکانی بە چەند هەزار دار بایەمێ دادەنرێ. بەرهەمی ساڵانەشی چەند سەد تەنێ دەبێ.

فندق – H azelnuts

ژمارەی درەختەکانی لە چەند هەزار دارێ تێپەڕ ناکات. بەرهەمی ساڵانەی بە دەیان هەزار تەن لە قەڵەم دەدرێ. زیاتر لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەڕوێندرێ.

کەستانە – Chestnuts

ژمارەیەکی زۆر کەم لە داری کەستانە هەیە، نزیکەی دوو هەزار یاخود کەمتر دەبێ. بەرهەمی ساڵانەی دەیان تەن دەبێ. لە ساڵی ١٩٨٨دا، بەناوبانگترین نێوچەی کەستانە، پارێزگای بدلیس بوو.

میوەی ترێ

ژمارەی دار مێوەکان، بەرهەمی ساڵانەی ئەم بەرهەمە، دوو تا سێ کەڕەت لە ژمارەی درەخت و بەرهەمی ساڵانەی، هەر سێ دەستەکەی پێشوو زیاترە. میوەکانی ئەم دەستەیە، لە هەنجیر و هەنار و ترێ و مۆز و خورمای تەرابزۆنی و Carobs و Mulberry و Strawberries پێک هاتووە. ڕێژەیان نزیکەی لە ٢٩٪ی گشت درەخت و بەرهەمی میوەی کوردستان دەبێ.

دارمێو – Grapes

بە بڵاوترین داری بەرهەمدار دادەنرێ. ژمارەی هەموو دارمێوەکان، زیاتر لە ١,٢ ملیۆن دەبێ. بەرهەمی ساڵانەی دەگاتە ٥٠٠ هەزار تەن. چەشنەکانی ترێ لە کوردستاندا ئەمانەن: تایەفی، گوار، زێڕین، شێخ نوورەدین، تولی، خۆشناو، پەسیرانی، سپی هاوینی، سپی پایزی، ڕەشۆکی، ئاویلکە، ڕەشمیریی، چومیلکە، حەوتبەر، کشمیشی، حوسێنی، خەلیلی، تولخی و گەلیکی دیکەش.

هەنار – Pome granates

دوای ترێ، لە ڕووی ژمارەی درەختی چێندراو و بەرهەمی ساڵانەوە، دار هەنار دێ. دار هەنار لە هەموو نێوچەکانی کوردستاندا دەچێندرێ و بەردەدات. هەنار زیاتر لە دار میوەکانی دیکە، بەرگەی سەرما دەگرێ و خۆی لەبەر گۆڕانی پلەی سەرما و گەرمادا ڕادەگرێ. بەهای خواردەمەنی زۆرە. گەڵاکانی بۆ پێستەخۆشکردن و ڕەنگکردن بەکار دەهێنرێ.

هەنجیر – Figs

ژمارەی دار هەنجیرەکان و بەرهەمی ساڵانەی، لە هەردوو دار میوەکانی پێشوو کەمترە. بەڵام بەهای خواردەمەنی لەوان کەمتر نییە. بەناوبانگترین پارێزگاکانی کوردستان، کە لە ساڵی ١٩٨٨دا بە هەنجیر چاندرا بوون، ئەمانەن: ماردین (٢٥ هەزان درەخت، بەرهەم – ١٤٨ هەزار تەن)، دیاربەکر (٢٢ هەزار درەخت، بەرهەم – ١١٦ هەزار تەن)، ئادیەمان (١٧ هەزار درەخت، بەرهەم – ٧٧ هەزار تەن)، ئورفە (٢٠ هەزار درەخت، بەرهەم – ٧٢ هەزار تەن).

سێیەم: ڕووەکی ئالیک Fodder Crops

ڕووەکی ئالیک وەکوو گەنمەشامی، وێنجە – Alfalfa، ساین فوین – Sainfoin. ئەم ڕووەکانە بە مەبەستی دابینکردنی ئالیک بۆ ئاژەڵە جۆربەجۆرەکانی بە لەش گەورە و شیردەری وەکوو چێڵ، گامێش دەڕوێندرێ. هەروەها بۆ دابەستن و قەڵەوکردنی مەڕ و مالاتیش، لە ڕۆژە ساردەکانی زستاندا بەکار دەهێنرێ.

پانتایی ئەو زەوییانەی بەم جۆرە بەرهەمانە دەچێندرێن، خۆی لە ٤٠٠ هەزار هێکتار دەدا، (١٩٨٦ – ٣٦٤ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەی دەگاتە ٢,٥ ملیۆن تەن، (١٩٨٦ – ٢ ملیۆن تەن). تێکڕای دەسکەوتی ساڵانەی لە یەک هێکتار زەویدا، دەوروبەری شەش هەزار کگم دەبێ، (١٩٨٦ – ٥,٥ هەزار کگم).

ڕووەکی ئالیکی لە زۆربەی نێوچەکان دەچێندرێ. پانتایی ئەو زەوییانەی بە بەروبوومی ئالیک، لە پارێزگاکاندا چێندراوە، وەکوو ئازەربایجانی غەربی (١٩٨٩ – ١٠٦ هەزار هێکتار)، کوردستان (١٩٨٩ – ٦١ هەزار هێکتار)، ئەرزەڕۆم (١٩٨٦ – ٤٧ هەزار هێکتار)، لە بەرهەمی پارێزگاکانی دیکە زۆرتر بوون.

بەرهەمی ساڵانەی پارێزگاکانی ئەرزەڕۆم (١٩٨٦ – ٦٨٥ هەزار تەن) و لورستان (١٩٨٩ – ١٣٨ هەزار تەن) و بەختیاری (١٩٨٩ – ١٣٤ هەزار تەن) و کوردستان (١٩٨٩ – ١٣٣ هەزار تەن) بوون، کە بەشی هەرە زۆری بەرهەم پێک دەهێنن.

تێکڕای دەسکەوتی ساڵانە لە یەک هێکتار زەویدا، لە گازی ئانتەب (١٩٨٦ – ٥٠ هەزار کگم) و لە مەلاتییە (١٩٨٦ – ٢٣ هەزار کگم) و لە ماردین (١٩٨٦ – ١٩ هەزار تەن) بوون، کە دوو تا سێ ئەوەندەی بەرهەمی پارێزگاکانی دیکە زیاتر بوون.

چوارەم: بەروبوومی سەوزە - Vegetables

بەروبوومی سەوزە لەو جۆرە ڕووەکانەیە، کە هەمیشە پێویستی بە ئاودان و بژارکردن و دەرمان پێوەکردن و پاککردنەوە و بڕین و ڕنین و قرتاندن هەیە. هەروەها پێویستی بەوە هەیە کە بەزوویی بگەیەندرێتە بازاڕ. هەتا ئەو کارانە هەمووی لە کاتی خۆیدا بکرێن، ئەوا دەسکەوتی جوتیارەکان زیاتر دەبێ.

سەوزە نرخی خواردەمەنی زۆر بەرزە و گەلێ دەوڵەمەندە. لە سەوزەدا چەندین جۆر ڤیتامین هەیە. مادەیەکی زۆری وەکوو: نەشە و شەکر و چەوری و پرۆتینێ تێدایە، کە بۆ لەش زۆر پێویستن، بۆ ئەوەی بەربەرەکانی ئەو میکرۆبانە بکات، کە تووشی دەبێ و کەمتر تووشی نەخۆشی ببێ.

خواردنی سەوزە بە کاڵی یا چێشتی لێ دروست بکرێ، لەبەر ئەوەی ئێستا بەهای سەوزە بە چاکی دەزانرێ، چ لە گوندەکان و چ لە نێو شارەکاندا، لەم ساڵانەی دواییدا، وەک شتێکی ڕۆژانەی لێ هاتووە. جگە لەوەی نرخی سەوزە، لە چاو بەرهەمەکانی دیکەدا هەرزانترە.

پانتایی هەموو ئەو زەوییانەی ئەوڕۆ، بە بەروبوومی سەوزە چاندراون، لە ١٥٠ هەزار هێکتار تێدەپەڕێ، (١٩٨٦ – ١٤٠ هەزار هێکتار). بەرهەمی ساڵانەی لە ٢,٥ ملیۆن تەن نزیک دەبێتەوە، (١٩٨٦ – ٢ ملیۆن تەن). تێکڕای دەسکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، دەگاتە ١٦ هەزار کگم. (١٩٨٦ – ١٥ هەزار کگم).

سەوزە لە ڕووی گەڵا و دەنک و بۆنەوە، بەسەر ٤ دەستەدا دابەش دەکرێن:

١) سەوزەی گەڵا – Leafy or sten vegetables

٢) سەوزەی پاقلە – Laguminous vegetables

٣) سەوزەی میوە – Fruit bearing vegetables

٤) سەوزەی سەلک – Root, buld and tuberous vegetables

سەوزەی گەڵا:

بەرهەمەکانی ئەم دەستەیە بریتییە لە: لەهانە، (سەلک و گەڵا)، سڵق، پیاز، کەرەوز، کەوەر، سپیناغ، Head lettuce, Purslan, Artichokes, Leaf lettuce, , Garden orach. پانتایی بەروبوومی هەموو زەوییە چێندراوەکان بەم بەرهەمانە، ئەوڕۆکە نزیکەی لە ٣٪ی گشت زەوییە چاندراوەکانی دیکە بە سەوزە دەبێ. بەرهەمی ساڵانەشی، خۆی لە چەند هەزار تەنێک دەدات.

سەوزەی پاقلە:

بریتییە لە فاسۆلیای تەڕ، بەزالیا، پاقلەی تەڕ، گاگۆز – Calavence. پانتایی زەوی چێندرا و و بەرهەمەی ساڵانەی زیاتر لە ٣٪ی گشت بەرهەمەکانی سەوزەی دیکە دەبێ.

سەوزەی میوە:

پانتایی زەوی چاندراو بە کاڵەک، شوتی، کولەکە، خەیار، بامێ، باینجان، تەماتە، بیبەر (Green pepper , Stuff pepper)، Pumpkins، زیاترە لە ٩٥٪ی گشت زەوییە چاندراوەکان بە بەروبوومی سەوزە. بەرهەمی ساڵانەی چەندین هەزار تەن دەبێ.

دەسکەوتی ساڵانەی جوتیارەکان لە یەک هێکتار زەویدا، لە بەروبوومی سەوزە دەگاتە سەدان دینار، بۆیە جوتیارەکان بە تایبەتی لە نزیکی شارەکاندا، بایەخێکی زۆر بە چاندنی سەوزە دەدەن و کاتێکی زۆریشی بۆ تەرخان دەکەن.

کاڵەک:

لە کوردستاندا سەوزە میوەیەکی زۆر بڵاوە، لە پانتایی زەوی و بەرهەمی ساڵانەدا، دوای شوتی دێ. بەناوباگگترین جۆرەکانی کاڵەک ئەمانەن: چەپ (قورسایی لە ٥ – ١٠ کگم)، کولاهیل (قورسایی لە ١٠ – ١٥ کگم)، ئاسمە (قورسایی لە ٤ – ٨ کگم)، مەلاکۆیی (قورسایی لە ٤ – ٨ کگم)، باجی (قورسایی لە ١ – ١٠ کگم). کاڵەک هەندێکیان بە دێم و هەندێکی دیکەشیان بە بەراو دەچێندرێ.

شوتی:

شوتی لە ڕووی پانتایی زەوی چێندراو و بەرهەمی ساڵانەوە، بە گەورەترین سەوزەی میوە دادەنرێ. بەناوبانگترین جۆرەکانی شوتی ئەمانەن: سورمە (قورسایی ٨کگم)، فەریق پاشا (قورسایی لە ٤ – ١٠ کگم)، یافا (قورسایی لە ٤ – ١٠ کگم)، ڕەش (قورسایی لە ١٠ – ١٥ کگم)، قەلاچە (قورسایی لە ٥ – ١٠ کگم)، حەمەدەمینی (قورسایی لە ٤ – ١٠ کگم)، گعێتلی.

تەماتە:

سەوزە میوەیەکی زۆر بڵاوە. لە هاویناندا خواردنێکی سەرەکییە. پانتایی زەوی چاندراو و بەرهەمی ساڵانەی، چەند هەزار تەنێ دەبێ.

سەوزەی سەلک:

بەرهەمەکانی ئەم دەستەیە لەمانە پێک هاتوون: سیر، پیاز، گوێزەر، توری سوور و سپی، Hors rahish ، Jerusalem artichoker. لە کوردستاندا، ساڵی سەدان هێکتار زەوی بە سەوزە دەچێندرێ. بە سەدان تەنیش دێتە بەرهەم.

٠٣ گیروگرفتەکانی کشتوکاڵ

یەکەم: گیروگرفتی سروشتی

- **کاتی پەڵەدان:** زۆربەی بەروبوومی کشتوکاڵی لە کوردستاندا، بە شێوەی دێم دەروێندرێ، لەبەر ئەوە پەڵەدان لە کاتی پێویستی خۆیدا، یەکێ لە گیروگرفتە سەرەکییەکان پێک دەهێنێ. جاری وا هەیە، باران پێش کاتی خۆی دەبارێ، دەغڵودان بە تەواوی سەوز دەبێ، لە دوییدا باران دەبڕێ، یاخود باران نابارێ هەتا کاتێکی درەنگ و لە پاشا دەبارێ، بەڵام کاتی گەشەکردن و نەشونماکردنی ڕووەکەکان بەسەرچووە، بۆیە دەغڵودانەکە بە تەواوی فریا ناکەوێ، شیر لە گوڵەکانیدا دروست بکا و تا لەپڕ کاتی دروێنەکردن دێ. یاخود بارانێکی زیاد لە پێویست دەبارێ و دەغڵودانەکە تووشی نەخۆشی ژەنگهەڵهێنان دەبێ، کە هێشتا کاتی گوڵکردنی نەهاتووە. ئەمانە هەموویان پێکەوە، کار لە کەم و زۆری بەرهەمی ساڵانەی بەروبوومی کشتوکاڵ دەکەن.

گیروگرفتی کاتی پەڵەدان و زۆر و کەمی باران، بە تەواوی سەرنجی دەوڵەتی ڕاکێشاوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە گەورەیەش، چەندین ئاوبەند لەسەر ڕووبارەکان دروست کراون. بەڵام هەندێکیان سوودێکی ئەوتۆیان نەبووە، لەبەر ئەوەی لە شوێنێکدا دروست کراوە، یا زەوی کشتوکاڵی لێ کەمە، یاخود لە نێوچە شاخاوییەکاندا دروست کراون. بۆ دابینکردنی ئاو بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، پێویستی بە پرۆژەی ئاوی پچوک هەیە، وەک لە هی گەورە.

- **کەمئاوی لە هاویندا:** لەبەر ئەوەی باران لە هاویندا لە کوردستاندا نابارێ، ئاو لە هاویندا لە چاو زستاندا کەمترە. کەمی ئاوبەند و پرۆژەی ئاو بە تایبەتی پرۆژەی گچکە و ڕۆچوونی ئاوی ژێر زەوی، ئەمانەش دیسانەوە بە هۆی سەرەکی کەمئاوی لە هاویندا دادەنرێن. کەمی ئاو بۆتە هۆی تەنگبوونەوەی پانتایی زەویی بەراو. ئێستا ڕێژەیان لە ١٥٪ی گشت زەوییە چاندراوەکان زیاتر نییە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، بۆتە هۆی کەمکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵە هاوینییەکان.

توانای زیادکردنی ڕێژەی پانتایی زەوی کشتوکاڵی بەراو و بەرهەمی کشتوکاڵی هاوینە لە کوردستاندا زۆرە، ئەگەر بێتو پرۆژەی ئاو، ئاوبەند، کەناڵی ئاو، بەکارهێنانی ئامرازی پرژاندن... زیاد بکرێ.

- **نەخۆشیی ڕووەک**: بەروبوومی کشتوکاڵ، تووشی چەندین نەخۆشی سروشتی دەبن، کە لە ئەنجامدا، بەشێ یا هەموو بەرهەمی ساڵەکە دەفەوتێ. ئەمەش لە لایەکەوە بە دەوری خۆی، کار لە ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی جوتیارەکان دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە، کار لە بۆدجەی ساڵانەی دەوڵەت دەکات. گرنگترین نەخۆشییەکانیش ئەمانن:

ژەنگ: ژەنگی دەریایی، مەراکیشی، مامەلی، بە سامناکترین نەخۆشی دەغڵودان دادەنرێن. بارانبارینی ناوەخت، بە گەورەترین هۆی پەیدابوونی ئەم نەخۆشیە زانراوە. نەخۆشی ژەنگ نەک هەر بە تەنیا تووشی دەغلودان دەبێ، بەڵکوو تووشی چەوەندەر و لۆکە و گەنمەشامی و میوەش دەبێ.

مێشومەگەزی زیانبەخش: زیانی ئەم جانەوەرانە لە بەرهەمی کشتوکاڵ، لە زیانی نەخۆشی ژەنگ کەمتر نییە. ئەم جانەوەرانەش دوو جۆرن:

١. ئافات: وەکوو ئەسپێی واوی سێو، ئەسپێی ئاسیایی هەڵوژە، گەنە (جاوەلۆکە)، کرمی سێو، مێشولەی گێلاس، مێشی بایەم خۆر، ترترە، گرم.

٢. بیماری: دۆکەی مێو، دۆکەی هەڵوژە، گەلاپێچە، قارچی (کوارک)، ڕەگ ڕزین، خاڵەڕەشەی سێو، خاڵە زەردەی بایەم.

٣. ئافاتی دیکە: کلۆی مەراکیشی و خۆولانی، مشکەکوێرە، سونەی گەنم، مڵە، ترترە، سیسکە، مێشەپیاز، مێشەشیناوەرد، کاردینای نۆک و ێنجە و چەوەندەر، کرمی بڕکبڕ، کرمی ڕیشەخۆر، شەیتانۆکە، ئەسپێی چەوەندەر، دۆکەی سپی توتن، گەلاڕزیوە، دۆکەی گوڵەبەڕۆژە، دۆکەی بێستان، دۆکەی پەتاتە. بڕکە مردە.

دەوڵەت لە ڕێی دەزگاکانی کشتوکاڵەوە، هەوڵی کەمکردنەوە و لەنێوبردنی نەخۆشییە جۆربەجۆرەکانی کشتوکاڵی داوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، بە دابەشکردن و فرۆشتنی دەرمانی قەلاچۆکردنی نەخۆشی و جانەوەرەکان هەستاوە. بە سەدان تەن دەرمانی کیمیاوی جۆراوجۆری، بەسەر جوتیارەکاندا دابەش کردووە.

- جوتیاری بێزەوی:

بەشێکی زۆر لە جوتیارەکان بێزەوین. ئەوڕۆ ڕێژەی ئەو جوتیارانەی کە خاوەنی زەوی تایبەتی خۆیان نین، لە ٤٠٪ هەموو ئەو جوتیارانە پێک دەهێنن، کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، پەیوەندییان بە کاری کشتوکاڵییەوە هەیە. ئەم بارودۆخەش، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی و ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیدا، هاتۆتە کایەوە.

بەرزترین ڕێژەی جوتیارە بێزەوییاکان، دەکەوێتە پارێزگاکانی بدلیس (١٩٨١ – ٥٨٪)، موش (١٩٨١ – ٥٤٪)، هەکاری (١٩٨١ – ٤٦٪)، دیاربەکر (١٩٨١ – ٤٥٪)... تاد.

هەروەکوو لەمەوپێش بە درێژی لێی دواین، دەوڵەت لە ساڵی ١٩٤٣دا، یەکەمین یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵی دەرکردووە، ئەویش بۆ دابەشکردنی زەوی بوو، بەسەر جوتیارەکاندا و تا لەو ڕێیەوە، بەرهەمی ساڵانەی خۆیان زیاد بکەن.

- بەکارهێنانی کەرەسەی کۆن:

بەکارهێنانی کەرەسەی کۆن، بە شێوەیەکی بەردەوام و بۆ ماوەیەکی دور و درێژ، وەکوو کەرەسەکانی هەوجاڕ، گاسن، داس، جەنجەر، لە کاروباری کشتوکاڵیدا، توانای بە ئەنجامدانی ئەم کەرەسانە، لەچاو کەرەسەی نوێ و مەکینەکانی سەردەمدا، زۆر زۆر کەمترە.بۆ نموونە، توانای جووتکردنی جووتە هێسترێک، بە درێژایی یەک ڕۆژ، بە بەراوردکردن لەگەڵ توانای یەک کاژمێر جووتکردنی تراکتۆرێکدا، زۆر کەمترە. هەروەها دروێنەکردنی پارچە زەوییەکی دیاریکراو، لە لایەن پێنج سەپانەوە بە داس، لە ماوەی دە کاتژێردا، لەچاو دروێنەکردنی هەمان پارچە زەویدا، ناگاتە ١٪ی دروێنەکردن بە کۆمباین، لە ماوەی دە چرکەدا و هەرگیز بەراوردیش ناکرێ. هەروەها خەرمان کوتاندنێ، ئەگەر بە جەنجەڕ و ولاخ پێویستی بە مانگێ هەبێ، ئەوا هەمان خەرمان، بە مەکینە لە ماوەی نیو کاتژێردا، دەکوترێ و تەواو دەبێ.

- کەمی مەکینەی کشتوکاڵی نوێ:

ئێستا لە کوردستاندا، نزیکەی ٦٨ جۆر مەکینەی جۆراوجۆری کشتوکاڵی، وەکوو مەکینەی کێلان و وردکردنی کەرسەک و نەرمکردنی خۆڵ، تۆو چاندن، ئاودان، دروێنەکردن، گواستنەوە، تەتەڵەکردن، داکردن، مەکینەی دەرمان پرژاندن... هتد بەکار

دەهێنرێ، کە ژمارەیان لە دەیان هەزار دانە تێپەڕ دەکات، (١٩٨٨ – ١٠٠ هەزار دانە). بەڵام بەگوێرەی پێویستی کێڵگەکانی کوردستان، ئەو ژمارەیە هێشتا هەر کەمە، نێوچەی واش هەیە، کە هێشتا دەستی مەکینەی نەگەیشتوتێ.

پارێزگاکانی ئەرزەڕۆم و ئورفە و مەرعەش، لە ڕووی ژمارەی کەرەسەی تازەی کشتوکاڵەوە، بە دەوڵەمەندترین پارێزگاکانی کوردستان دادەنرێن. بەڵام پارێزگاکانی ئیلام، کوردستان، ئازەربایجانی غەربی، بە هەژارترینیان لە قەڵەم دەدرێن. تەماشای خشتەی ژمارە (٤٠) بکە.

خشتەی ٤٠ ژمارەی کەرەستە کشتوکاڵییەکان، ساڵی ١٩٨٨

پارێزگا	کەرەستە	پارێزگا	کەرەستە
ئادیەمان	٣٨٣٦٠	مەرعەش	٦٠٦٥١
ئاگری	٤٣٩٢١	ماردین	٧٩٢٣٩
بینگۆڵ	٢٢٨٤٦	موش	٥٧٧٣٨
بدلیس	١٣١٨٢	سیرت	٢٤٤١٥
دیاربەکر	٥٠٦٢٩	دەرسیم	١٨٣٧٢
ئەلازیغ	٣٤٥٣٧	ئۆرفە	٦٣٣٣٢
ئەرزنجان	٦٠١٧٧	وان	٢٧٢٧٩
ئەرزەڕۆم	١٠٨٢١٠	ئازەربایجانی غ	١٧٦٤
گازی ئانتەب	٥٠٦٩٨	کوردستان	٤٠٦
هەکاری	٢٣١٤٠	لورستان	٢٦٣٠
مەلاتیە	٤٦٠٣٦	ئیلام	٥٥٦

- خراپی ڕێگەوبان:

ڕێگەوبان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێشخستنی کشتوکاڵ، چونکە، هەرچەندە ڕێگەوبان زۆر بن و خۆش بن، ئەوەندە زووتر و زیاتر دەتوانرێ، بەرهەمە کشتوکاڵ بگەیەندرێتە بازاڕ و نرخی گواستنەوەشی کەمتر ببێتەوە. بەڵام ڕێگەوبانی زۆر و چاک لە کوردستاندا زۆر کەمن. لەبەر ئەوە دەبینین، هەموو ساڵێ بەشێکی زۆر لە بەرهەمی کشتوکاڵی، بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی زوو تێک دەچن و خۆیان لە هەفتەیەک زیاتر ڕاناگرن و دەڕزێن، لە ئەنجامدا لە داهاتی ساڵانەی بەروبوومەکە کەم دەکاتەوە و کارێکی خراپ لە دەسکەوتی ساڵانەی جوتیارەکان دەکات. هەروەها کارێکی خراپیش لە بەرز و نزمی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەکا، کاتێ بەرهەمێکی کەم دەخەنە بازاڕەوە، داواکاری لەسەر زیاد دەبێ، بەو پێیە نرخ بەرز دەبێتەوە.

- گیروگرفتی هەڵگرتن و پاشەکەوتکردن:

زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بە تایبەتی میوە، سەوزە، بەشی هەرە زۆریان لە هاویناندا دەخورێن، ئەوەی کە دەشمێنێتەوە، یاخود ئەوەتا دەگوشرێ و هەڵدەگیرێ، وەکوو تەماتە و دۆشاوی تەماتەی لێ دروست دەکرێ، یاخود وشک دەکرێتەوە و هەڵدەگیرێ، وەکوو ترێ.بەڵام ناتواندرێ، زۆربەی بەروبوومەکانی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و زانستانە هەڵبگیرێ، تا لە کاتی پایز و زستاندا بەکار بهێندرێن، چونکە عەماری گەورە و ژووری سارد و یەخچاڵی گەورد، لە کوردستاندا زۆر کەمن.

- ئاڵوگۆڕکێ و گۆڕاندن:

ئەورۆ ڕێژەی هەموو ئەو کرێکارانەی لە بواری کشتوکاڵدا کار دەکەن، لە ڕێژەی هەموو ئەو کارگەرانەی لە بوارە جیاجیاکانی دیکەی بەشەکانی ئابووریدا کار دەکەن، زیاترە (١٩٨٦ – ٥٦٪). لە ڕاستیدا، ئەم ڕێژەیە گەلێکی لە پێویستییەکانی کاروباری بەرهەمهێنانی کێڵگە زیاترە. بۆیە جۆرێ لە کرێکاری بێکاری شاراوە، لە بەشی کشتوکاڵدا دروست دەکا، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە، بێکارییەکی زۆر لە نێو کرێکارە کشتوکاڵییە ڕاستەقینەکاندا دەخوڵقێنێ، بە شێوەیە وایان لێ دەکا، کە بۆ پاروویە نان، ڕوو لە شارەکان بکەن و بە دوای کاردا بگەڕێن، بە تایبەتی لە پایز و زستاندا. بەو شێوەیە ژمارەی بێکارەکان لە شارەکاندا زیاد دەکا. لە کاتێکیشدا کە ئەم کرێکارە بێکارانە، لە شارەکاندا کار دەدۆزنەوە، یەکەم لەسەر حیسابی کرێکاری بێکاری

شارەکان دەیدۆزنەوە، دووەم بە نرخێکی هەرزان کار دەکەن و نرخی کاتژێری کار دێتە خوارەوە، کە هەموو ئەمانەش بە شێوەیکی گشتی، زیانێکی گەورە لە ژیانی کرێکارانی شارەکان و ئابووری وولات دەدەن.

– بەکارهێنانی سیستەمی بەیار:

جوتیاران، سالآنە زەویی کشتوکاڵی دەکەنە دوو بەشەوە، بەشی هەرە زۆری (٩٧ ٪)، بە بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆر دەچێندرێ. بەشەکەی دیکەشی (٣ ٪)، بە چۆڵی بەجێ دەهێڵن، کە پێی دەوترێ زەوی بەیار. بە بڕوای جوتیارەکان، ئەم زەوییە بۆیە ناچێنن، تاکوو بەهێز و بەپیت ببێتەوە و لە ساڵی داهاتوودا، بە بە رهەمێکی دیکە تۆوی بکەن، تا بەرهەمێکی باش بەدەستەوە بدا. ئەوە جگە لەوەی جوتیارەکانی کوردستان، توانای مادی تەواویان نییە، هەتا هەموو ساڵێ، هەموو زەوییەکانی خۆیان بکێڵن و تۆوی کەن و دروێنەی کەن.

– بەکارنەهێنانی پەین:

بەکارنەهێنانی پەین، بەتایبەتی پەینی کیمیاوی لە کێڵگەکاندا، بە بەراوردکردن لەگەڵ پانتایی هەموو ئەو زەوییانەی، سالآنە بە بەرهەمی کشتوکاڵی جۆربەجۆر دەچێندرێ، یەکجار کەمە. لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری جوتیاران، نەخوێندەوار و نەزانن، زانیارییان دەربارەی زۆر شتی نوێ نییە، بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی، بەکارێکی زیاد و بە خەرجییەکی لاوەکی دادەنێن، جگە لەوەی ئەگەر کەڵکی بەکارهێنانی پەینی کیمیاویش بزانن و بیانەوێ بەکاری بهێنن، زۆربەیان دەستیان کورتە و ناتوانن پەینێکی زۆر بکڕن و لەگەڵ زەوییەکانیاندا تێکەڵی بکەن. هەروەها ناتوانن، زەوییەکانیان بە ڕیخی ئاژەڵ پەین بکەن، چونکە جوتیارەکان تەپاڵە، زیاتر بۆ ئاگرکردنەوە و چێشتلێنان و نان کردن بەکار دەهێنن. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، لە ئەنجامی فێربوون و بڵاوبوونەوەی زانیاریی کشتوکاڵیدا، بیر و بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوە و زۆربەیان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە، کە بەکارهێنانی پەین، کارێکی باش و پێویستە، بۆیە ئەوڕۆ پەینی کیمیاوی، لە لایەن چوتیارەکانەوە بەکاردەهێنرێ، بە تایبەتی ئەو جوتیارانەی زەوییەکانیان، بە بەروبوومی کێڵگەی پیشەسازی دەچێنن. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٨٩ جوتیارەکانی پارێزگای کوردستان نۆ هەزار تەن پەینی کیمیاویان کڕێ و کردیان بە زەوییەکانیانەوە. هەروەها لە بەختیاری – ١٤ هەزار تەن و لە لوڕستان – ٣٦ هەزار تەن و لە ئیلامیش ـ ٧ هەزار تەن.

- چەشنی تۆو:

جۆری ئەو تۆوانەی لە چاندنی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا بەکار دەهێنرێ، لە زیاد و کەمکردنی بەروبوومی کشتوکاڵ و دەسکەوتی ساڵانەی جوتیارەکاندا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ وازی دەکا. هەرچەندە تۆوەکە خاوێن بێ، شۆرابێتەوە، لە نەخۆشییەوە بە دوور بێ، نوێ بێ، ئەوەندە زیاتر بەرهەم دەدا و بە پێچەوانەشەوە.

جوتیاران، هەموو ساڵێ بەشێک لە بەرهەمەکانیان، بۆ تۆوکردن تەرخان دەکەن، تا لە ساڵی داهاتوودا، بۆ چاندن بەکاری بهێنن. لە کاتێکدا ئەوان بەو کارە هەڵدەستن، بەبێ ئەوەی گوێ بە چاکی و خراپی بەرهەمەکەیان بدەن، یاخود بزانن تۆوەکەیان پاکە یا نەخۆشە، تا بەرهەمەکانی ساڵی ئایندەیان، تووشی نەخۆشی نەبن. هەندێ جاریش یەکسەر لە بازاڕەکان دەیکڕن و زەوییەکەی خۆیانی پێ تۆو دەکەن.

لەو ساڵانەی دواییدا، دەزگاکانی کشتوکاڵ، تۆوی هەمەجۆرەی خاوێن و شۆراوەی، بە جوتیارەکان دەفرۆشت، هەندێ جارێش بۆ تاقیکردنەوە و هاندانی جوتیارەکان، بە خۆڕایی بەسەریاندا، دابەشیان دەکرد.

- چاندنی یەک بەرهەم:

زۆربەی زۆری جوتیارەکان، ساڵی یەک جار زەوییەکانیان دەچێنن و بەرهەمەکانیان هەڵدەگرن. ئەمەش زیاتر بۆ هەندێ هۆی وەکوو ڕاهاتن و فریانەکەوتن و کەمی زەویی و نەبوونی ئاوی پێویست و مەرجەکانی چاندن و گەورەبوونی ڕووەکەکان دەگەڕێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە دەسکەوت و دەرامەتی ساڵانەی جوتیارەکان، لە سنوورێکی دیاریکراودا چەق ببەستێ و زیاد نەکات. بۆ ئەوەی جوتیارەکان لە دەست ئەو گیروگرفتە ڕزگاریان بێ و واز لەو نەریتە بێنن، پێویستە پانتایی زەویی کشتوکاڵ زیاد بکرێ، چەند پرۆژەیەکی ئاو دابمەزرێندرێ، جوتیارەکان فێری چاندنی بەرهەمی هەمەچەشنە بکرێن، گرنگی بە بارودۆخی ئابوورییان بدرێ.

- دروێنەنەکردنی هەموو زەوییە چاندراوەکان:

هەموو ساڵێ، لەبەر خراپی، نەخۆشی، گەورە نەبوون، کەمی ئاو و بەکارنەهێنانی پەین، نزیکەی لە ١٠٪ی کۆی گشت زەوییە چاندراوەکان نادورێنەوە. بۆ نموونە پانتایی

زەوی چاندراوی نەدوراوە، لە ساڵی ١٩٨٦دا، لە پارێزگاکانی ماردین – ٣٣ هێکتار و لە مەلاتییە – ٢٠ هێکتار و لە سیرت – ١٦ هێکتار و لە وان – ٥ هێکتار و لە ئاگری ـ ١ هێکتار بوون.

– سوتاندن بە دەستی ئانقەست:

لە هەندێ نێوچەدا، لەبەر هەر هۆیەک بێ، سوتاندنی بەروبوومی کێڵگە بە دەستی ئانقەست، بووە بە کارێکی سروشتی و ئاسایی ڕۆژانەی هەندێ خەڵک، کە زیانی ساڵانەی لە سەدان تەن گەنم و جۆ تێپەڕ دەکا.

بەشی دووەم: سامانی ئاژەڵ

سامانی ئاژەڵ، نزیکەی ٢٠٪ی دارایی نیشتمانی پێک دەهێنێ. واتە بە پلەی سێیەم، لە دوای نەوت و بەروبوومی کشتوکاڵەوە دێ. ڕێژەی ئاژەڵدارەکان، لە ٥٪ی گشت دانیشتووانی چالاکی ئابووری کەرتی کشتوکاڵی تێپەڕ ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمی ساڵانەی لە دەیان ملیۆن دۆلار زیاترە، (١٩٨٥ – نزیکەی ٧٠ ملیۆن دۆلار). بەرهەمی ئاژەڵ لە کوردستاندا، لەچاو بەرهەمی ئاژەڵی وولاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا، زۆر کەمتر نییە.

٠١ جۆرەکانی ئاژەڵ

ئاژەڵ، کە تاکوو ئێستا ژمارەیان لە ٨٠ ملیۆن سەر زیاترە، (١٩٨٥ – ٨٨ ملیۆن سەر)، لە ڕووی کێش و قەبارەی لەشیان و کەڵک لێ وەرگرتنیانەوە، بەسەر سێ دەستەی گەورەدا، دابەش دەکرێن. تەماشای خشتەی ژمارە (٤١) بکە.

- ئاژەڵی بارکێش

ئەم جۆرە ئاژەڵانە، لە هێستر و بارگیر و ماین و ئەسپ و کەر پێک هاتوون. لە ساڵی ١٩٨٥دا، ژمارەیان نزیکەی یەک ملیۆن و ١٣٥ هەزار دانە بوو. واتە لە ٣٪ی کۆی گشتی هەموو ئاژەڵەکانی کوردستان بوو.

هێستر:

هێستر بۆ کاروباری جووتکردن، ئاژەڵێکی زۆر پێویستە، هەروەها بۆ بارکێشان و سواریش بەکار دەهێنرێ. ژمارەی هێستر لە کوردستاندا، دەوروبەری ٣٧٣ هەزار دانە دەبێ، واتە لە ٥٥٪ی هەموو ئاژەڵە بارکێشەکانی دیکە دەبێ. هێستر بە زۆری لە لایەن دانیشتووانی نێوچە شاخاوییەکانەوە بەخێو دەکرێ و ڕادەگیرێ، لەبەر ئەوەی لەو نێوچانەدا، زیاترلە ئاژەڵە بارکێشەکانی دیکە، خۆی لەبەر سەختی و دژواری ئەو نێوچانە پێ ڕادەگیرێ.

هێسترەکانی کوردستان دوو جۆرن: هێستری ئاسایی (ئەوانەی دایکیان ماینە و باوکیان کەرە)، گاویلکە (ئەوانەی دایکیان ماکەرە و باوکیان ئەسپە). ئەم جۆرەی دووەمیان، لە جۆری یەکەمیان، بە لەش کەمێ پچوکترن. نرخی هەر یەکێ لەم هێسترانە، بە سەدان دۆلار دادەنرێ.

خشتەی ٤١ ژمارەی ئاژەڵە جۆربەجۆرەکان، ساڵی ١٩٨٥

سەرناوچە	ئاژەڵ (هەزار)			کۆ
	بارکێش	ورد	درشت	
ئادیەمان	٤٤	٥٧٣	١١٥	٧٣٢
ئاگری	٣٤	٢١٣٦	٣٤٩	٢٥١٩
بینگۆڵ	١١	١٧٥	١١٢٢	١٣٠٨
بدلیس	١٢	٢١	٩٤٠	٩٧٣
دیاربەکر	٦٤	٤١٣	١٣٠٣	١٧٨٠
ئەلازیغ	٣٠	٢٩٢	٨٣١	١١٥٣
ئەزرنجان	٣٧	٢٣٨	٦٩٩	٩٧٤
ئەرزەڕۆم	٤٤	١٢٧٥	٢٦٨٧	٤٠٠٦
گازی ئانتەب	٣١	٤٩	٧٦٦	٨٤٦
هەکاری	٣١	٤٤	١٤٢٤	١٤٩٩
مەلاتیە	٢٩	١٨٨	٧٦٣	٩٨٠
مەرعەش	٤٢	٢٠٩	٩٤٦	١١٩٧
ماردین	٧٤	١٥١	١٨٥٦	٢٠٨١
موش	١٢	٥١٦	١٤٧١	١٩٩٩
سیرت	٦٢	١٠٣	١٤٠٥	١٥٧٠
دەرسیم	١٧	١٦١	٨٠٢	٩٨٠
ئۆرفە	٤٥	١٤١	٢٥٣١	٢٧١٧
وان	١٩	٣٩٣	٢٩٢٤	٣٣٣٦
ئازربایجانی غ	٦٨	٤٥٤٣	٥٩٧	٥٢٠٨
کرماشان	٥٩	١٦٨٠	٤٣٨	٢١٧٧
کوردستان	٦١	٢٨٨٣	٥٢٤	٣٤٦٨
بەختیاری	٣٢	١٧٠٦	١٢٦	١٨٦٤
ئیلام	٥٩	١٨٦	٣٣	٢٧٨
لورستان	٢٢	١١٤٥	٤١	١٢٠٨
کوهگیلویە	٣٢	٩٣٠	١٦	٩٧٨
نەینەوا	٦٣	٢٢٧٢	١١٤	٢٤٤٩
کەرکووک	١٧	٥٨٨	٥٠	٦٥٥
دهۆک	٩	٢٨٧	١٤	٣١٠
هەولێر	١٧	٥١٤	٣٦	٥٦٧
سلێمانی	١٢	٧٧٣	٨٤	٨٦٩
هیتر	٤٦	٣٦٦٣٤	٥٠٢	٣٧١٨٢
کۆ	١١٣٥	٦١٢١٩	٢٥٥٠٩	٨٧٨٦٣

باركری (باركێن)

كۆچەرییەكان زیاتر لە جوتیارەكان، بایەخ بە بەخێوكردنی باركیر دەدەن، چونكە زۆربەی بارەكانیان، لە گەرمیانەوە بۆ كوێستان و بە پێچەوانەشەوە، بە باركیر دەگوێزنەوە. لە هەندێ ناوچەش بۆ جووتكردن و ناعور گێڕان بەكار دەهێندرێ. ژمارەی باركیر لە ساڵی ١٩٨٥دا، نزیكەی ٢٧٥ هەزار دانە بوو. باركیر ئەسپی خەساوە و لە چاككردنی مایین و ئەسپ پەیدا دەبێ. نرخی یەك باركیر لە كوردستاندا، خۆی لە چەند سەد دۆلارێ دەدا.

مایین

لە ماڵە دەوڵەمەندەكاندا، لە هەندێ ناوچەدا، هەندێ كێڵگەی بەخێوكردنی مایین بەدی دەكرێ. ئەمەش زیاتر بە مەبەستی سواربوون و زاوزێكردنە. ساڵی ١٩٨٥ نزیكەی بیست هەزار مایین هەبوو، واتە لە ٣٪ی گشت ئاژەڵە باركێشـەكان دەكا. هەرە چەشنە بەناوبانگەكانی مایین لە كوردستاندا ئەمانەن: ئاسایی، كەحێل، عەرەبی... هتد. لە هەندێ شوێن، نرخی مایینێك دەگاتە یەك هەزار دۆلار.

ئەسپ

ساڵی ١٩٨٥، نزیكەی ١٤ هەزار ئەسپ هەبوو، واتە لە ٢٪ی گشت ئاژەڵە باركێشەكانی پێك دەهێنا. ئەسپ ، بە زۆری لە لایەن دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەكانەوە، بۆ سواریی و ڕاوكردن و لافوگەزاف لێدان، ڕادەگیرێ و بەخێو دەكرێ.

كەر

كەر بە زۆری بۆ باركێشان و سواربوون بەخێو دەكرێ. سەرەڕای ئەمانەش، لە هەندێ ناوچەدا، جوتیارە دەسكورتەكان، بۆ جووتكردنیش بەكاری دەهێنن. كەر زۆر زیاتر لە ئاژەڵە باركێشـەكانی دیكە، بەرگەی ماندووبوون و برسێتی دەگرێ. لە بەرچاوترین جۆرەكانی كەر ، ئەمانەن: ساباڵغی، مەندەلی، ئیلامی، ئاسایی. ساڵی ١٩٨٥، نزیكەی ٢٧٢ هەزار كەر هەبوو، واتە لە ٤٠٪ی هەموو ئاژەڵە باركێشەكانی وڵاتی دەگرتەوە. كەر بە هەرزانترین ئاژەڵی باركێشان دادەنرێ.

- **ئاژەڵی ورد**

ســاڵی ١٩٨٥ نزیکەی ٦١ ملیـۆن ســەر مــەڕ و بزن هەبوو، واتە لە ٧٠٪ی گــشت ئاژەڵەکـانی دیکـەی پێک دەهێنا. زۆری مـەڕومـاڵات، بۆ گـونجـاندنی ئاو و هـەوا و بوونی لەوەڕگای بەپیت و شێوازی بەخێوکردن و بایەخدان پێیان لە لایەن جوتیارەکان و بەرزی نرخ و بازاڕ گەرمییان دەگەڕێتەوە. گرنگترین ئاژەڵە وردەکان ئەمانەن:

مەڕ

ئاژەڵێکی زۆر بەکەڵکە، یەکێکە لە ئاژەڵە شیردەرەکان. لە شـیرەکەی کەرە و پەنیـر و ماست دروست دەکرێ. لە خورییەکەی جلوبەرگ و هەندێ پێویستی نێو ماڵ وەکوو: فەرش و جـاجم و دووگـرد، دروست دەکـرێ. پێسـتـەکـەی لە پیـشـەسـازیدا بەکـار دەهـێندرێ. بەزیندوویەتیش دەفرۆشرێ و خاوەن مەڕەکان پارەیەکی زۆریان لێ دەست دەکەوێ.

سـاڵی ١٩٨٥ نزیکەی ٤٤ ملیـۆن سـەر مـەڕ هەبوو، ئەم ڕێژەیە، لە ٧١٪ ی گشت ئاژەڵە وردەکانی پێک دەهێنا. ئەم ژمـارەیە کـەمێ لە ژمـارەی ئاژەڵە وردەکـانی عێـراق و سـووریا زیاتر بوو.

مـەڕی کـوردسـتــان بە زۆری لەو جـۆرە مـەڕانـەن کـە سـاڵی جـارێ زاووزێ دەکـەن. بەرخەکانیان لە ٤ - ١٠ ڕۆژ، لە دایکەکانیان جیا ناکەنەوە، بۆ ئەوەی بەتاقەت بێت. پاشتر ڕۆژی دوو جـار، دوای دۆشـینی بەیانیـان و چێشـتـەنگاوێکی درەنگ، بەرخـەکـان لە دایکە مەڕەکانیـان بەر دەدەن. دوای ئەوەی مـەڕ بەرە بەرە شیـرەکەی کـەم دەبێ، ئەو کـاتە ڕۆژی جارێ دەدۆشرێ، هەتا لە دواییدا بە تەواوی چۆڕبڕ دەبێ.

مەڕ ڕۆژانە لە ٣٠٠ تا ١١٠٠ گم شیر دەدات، واتە ساڵانە لە ڕۆژی زاووزێ کردنیانەوە، تا شیربڕانیان، کە ماوەی ٤ - ٦ مانگێ درێژە دەکێشێ، لە ٤٠ - ٥٠ لیتر شیر دەدات.

مەڕدارەکان، مـەڕەکـانیـان لە ڕووی تەمـەنەوە بەم شێـوەیە پۆلێن دەکەن: بەرخ (پەز کە تەمـەنی لە شەش مـانگ کـەمتر بێ)، کاوڕ (پەزی شـەش مـانگ)، شـەک (پەزی یەک سـاڵە)، شـەک مەڕ (پەز کە تەمـەنی لە نێوان ١,٥ - ٣ سـاڵ بێ)، خرت (پەزی سـێ ساڵە)، مـەڕی سەرە (پەزی ٤ - ٥ سـاڵە).

مـەڕ، لە سـەرەتای بەهارەوە تاکوو نیوەی هـاوین، لە لەوەڕگاکاندا دەلەوەڕێن، پاشـان هەتا سـەرەتای پایز، واتـە دوای دروێنەکـردنی دەغـڵـودان، خـواردنی ڕۆژانەی خـۆیان لە پەرێزەکـاندا دابین دەکـەن. لە دواییـدا، جـارێکی دیکە بەرەو لەوەڕگا سـروشـتـییـەکـان و دەشـتەکـان دەبرێنەوە. لە زسـتاندا، هەندێ جار کاو و جـۆیان دەدرێتێ، یاخـود خـواردنیان

لەسەر ئەو گژوگیایانەی لە بەهاردا کۆکراونەتەوە و وشک کراونەتەوە دەبێ. چەشنەکانی مەڕ لە کوردستاندا، ٣ جۆرن: خۆماڵێ و لە دەرەوە هێندراو و تێکەڵاو:

– نەژادی کوردی: نەژادی کوردی (پەل سوور)، لەشیان مامناوەندییە، ڕەنگیان سووری تۆخە، گەردنیان خورمایی کراوەیە، کەلەیان درێژە، لمۆزیان گەورە و باریکە، گوێچکەکانیان قیت و بەلادا هاتوون. مەڕ بەرانەکانیان بێ قۆچن، گەردنیان بڵندە، قیت بەڕێوە دەڕۆن، سەلکیان مامناوەندییە، ئەندامانی لەشیان ڕێکوپێکە، پشتیان ڕێکە.

نەژادی کوردی، هەموو چەورییەکانیان لە دوگەکانیاندا کۆ دەکەنەوە. دوگەکانیان لە سێ چینی جیاواز پێک هاتووە، چینی سێیەمیان بە کلک کۆتایی دێ. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم جۆرە مەڕە، شیری لە پێویستی ڕۆژانەی بەرخەکانی زیاترە. هەر سەر مەڕێ، لە ماوەی شیردانیدا، نزیکەی دوو کگم ڕۆن دەدا، کە لە سەرەتای بەهارەوە دەست پێ دەکا و لە سەرەتای پایزدا تەواو دەبێ. ڕێژەی چەوری لە شیری نەژادی کوردیدا، لە نێوان ٣٠٪ – ٥٠٪ دەبێ. هەر سەرە مەڕێ هەتا دوو کگم خوری دەدا، کە بۆ درسکردنی فەرشی جۆربەجۆر بەکار دەهێنرێ، بەڵام خوری ئەم جۆرە مەڕە، بۆ دروسکردنی جلوبەرگ، باش نییە.

– نەژادی عەواسی: دوگەکەی لە دوو چین پێک دێ. خورییەکەی لە خوری نەژادی کوردی نەرمترە. شیرەکەی لەچاو شیری نەژادی کوردیدا کەمترە، بەڵام چەورترە. ئێسکەکانی نەرمە. هەندێکیانساڵی دوو زاووزێ دەکەن. زۆربەی چەورییەکانی لەشی، لە ماسولکەکانیدا کۆ بۆتەوە. لەبەر هەندێ هۆ، گۆشتەکەی لە گۆشتی نەژادی کوردی خۆشترە.

– نەژادی حەمدانی: ئەم جۆرە لە کوردستاندا زۆر کەمە. جیاوازی لەگەڵ هەردوو جۆرەکەی پێشووشدا، لە بەرهەمی شیر و ڕێژەی چەوری و چەشنی خوری و گۆشتەکەی دایە.

– نەژادی ڕەنگی سوور و شین: ئەم جۆرە بەدەگمەن لە نێو مێگەلەکانی کوردستاندا دەبینرێ. ئەو مەڕدارانەی هەشیانە، هەوڵی بڵاوکردنەوەیان نادەن، بەڵکوو تەنیا بۆ خۆیان بەخێویان دەکەن.

– نەژادی لوڕی: ئەم جۆرە، زۆربەی خەسڵەتەکانی لە نەژادی کوردی دەچێ، تەنانەت هەندێ کەس، بە هەمان جۆری لە قەڵەم دەدەن. زیاتر لە نێوچەی لوڕستاندا بڵاوە.

– نەژادی بەختیاری: ئەم چەشنە بە زۆری لە نێوچەکانی بەختیاریدا بەخێو دەکرێ. جیاوازی لەگەڵ نەژادەکانی پێشوودا، بە پلەی یەکەم لە شێوەی لەشی دایە و توانای ڕۆیشتنیشی بۆ ماوەیەکی درێژ و بەبێ ماندووبوون، لەوانی دیکە زیاترە.

بزن

بزن لە سەرانسەری کوردستاندا بەخێو دەکرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی توانایەکی زۆری لە ڕۆیشتن و هەڵگەڕان بە چیاکاندا هەیە، دەتوانێ لەسەر گژوگیای کورت بلەوەڕێ، زیاتر لە نێوچە شاخاوییەکاندا ڕادەگیرێ و بەخێو دەکرێ. بزن ئەگەر تێر سکی خۆی خواردنیش نەخوا، شیری خۆی هەر دەدات، ئەمەش وای لە زۆربەی دانیشتووانی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان کردووە، تەنانەت شارەکانیش، کە بزن بەخێو بکەن.

ژمارەی بزن، لە ساڵێ ١٩٨٥دا، نزیکەی ١٨ ملیون سەر بوو، واتە لە ٢٩٪ی گشت ئاژەڵە وردەکانی پێک دەهێنا. بزن لە ماوەی ٥ – ٧ مانگدا، نزیکەی ٥٥ لیتر شیر دەدات، ساڵانە یەک کگم موو بەرهەمی هەیە. نەژادە بەناوبانگەکانی بزن ئەمانەن:

– بزنی ئاسایی: ئەم جۆرە بزنە، لە نێوچە دەشتاییەکاندا بەخێو دەکرێ. لاشەکەی بە مووی خورمایی سوور و سپی داپۆشراوە. بەرهەمی ساڵانەی لە ٥٠٠ – ١٠٠٠ گم موو دەبێ. گۆشتەکەی زۆر چەورە. هەرسکردنی خواردنەکەی گرانە، لەبەر ئەوە نرخی یەک کگم لە گۆشتەکەی، لەچاو نرخی یەک کگم گۆشتی مەڕدا، هەرزانترە.

– بزنی مەرغەزی: ڕەنگەکەی سپی مەیلەو خەنەیی تێکەڵاوە. هەر یەک سەر بزن، ساڵانە یەک هەتا ١,٥ کگم موو دەدات. مووەکەی تا ڕادەیەک نەرمە. هەندێ جار بۆ دروسکردنی ڕایەخ، لەگەڵ خوری تێکەڵ دەکرێ.

– بزنی مەرەز: جوانترین بزنە لە کوردستاندا. ساڵانە یەک هەتا دوو کگم موو دەدات. مووەکەی زۆر شل و نەرمە، هەرچەندە کەم تەمەن بێ، مووەکەی ئەوەندە نەرمتر دەبێ. کێشی بزنی نێر لە تەمەنی ١٨ مانگاندا، ٥٥ – ٧٠ کگم دەبێ، کێشی بزنی مێ لە هەمان تەمەندا، ٣٠ – ٤٠ کگم دەبێ. درێژی تاڵە مووەکانی بزنی شەش مانگانە، لە نێوان ١٠ – ١٨ سم دەبێ، بزنی ١٢ مانگان لە نێوان ١٥ – ٢٠ سم دایە.

– بزنی دوورە: ئەم جۆرە بزنە، لە بەرهەمی زاووزێی بزنی چەشنی ئاسایی و چەشنی مەرەز پەیدا بووە. لەشی گەورەیە. شیر زۆر دەدا. ماسولکەکانی نەرمە. لەبەر ئەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ بزنی ئاساییدا، زیاتر بۆ خواردن بەکار دەهێندرێت.

- **ئاژەڵی درشت**

وەکوو چێڵ، گامێش، حوشتر. ئەم جۆرە ئاژەڵانە، لە لایەکەوە بۆ شیر و گۆشت بەخێو دەکرێن، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ جووت و بارگواستنەوە ڕادەگیرێن. ساڵی ١٩٨٥ نزیکەی ٢٦ ملیۆن سەر ئاژەڵی درشت هەبوو، واتە ٢٥٪ی گشت ئاژەڵی خۆماڵی دەکرد.

چێڵ:

جوتیارەکان بایەخێکی تایبەتی بە بەخێوکردنی چێڵ دەدەن، چونکە لە لایەکەوە، بە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی شیر و ماست و گۆشت، بۆ خۆی و بۆ فرۆشتن دادەنرێ، لە لایەکی دیکەشەوە، لە کاتی گەرمێن و کوێستاندا، بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی بەکاریان دەهێنێ. جگە لەوەی لەچاو مەڕ و بزندا، ماندوو بوونی کەمترە و مەسروفاتیشی کەمترە.

ساڵی ١٩٨٥ ژمارەی چێڵەکان، لە ١٣ هەزار سەر زیاتر بوو، واتە لە ٥١٪ی گشت ئاژەڵە درشتەکانی دەکرد. ئێستا نرخی یەک چێڵ، سەدان دۆلار دەبێ، بۆیە خەڵکی توانای کڕینیان نییە.

لەبەر خراپی و ناتەواوی ئالیک، تەویلەی خراپ، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، ماندووبوونی زۆر، چێڵ بە گشتی شیرکەم دەدات. لە هەر ژەمە دۆشینێکیدا، نزیکەی چوار کگم شیر دەدات. ژمارەی ڕۆژە شیردەرەکانی چێڵ، لە نێوان ٨٠ – ٢٢٠ ڕۆژ دایە، لەو ماوەیەدا، دەوروبەری ٥٠٠ – ٨٠٠ لیتر شیر دەدات. ڕۆژی دوو جار (بەیانیان و چێشتەنگاوان) دەدۆشرێ. لە نەژادە بەناوبانگەکانی چێڵ ئەمانەن:

– نەژادی کوردی: بڵاوترین جۆرە. ڕەنگیان هەمەچەشنەیە، بەڵام ڕەنگی ڕەشیان. لە هەموو ڕەنگەکانی دیکەیان زیاتر بڵاوە. قەبارەی لەشیان وەکوو یەک نین، زۆربەیان مامناوەندین. قورساییان لە نێوان ٣٥٠ – ٤٠٠ کگم دەبێ. هەموویان وەکوو یەک شیر نادەن.

– نەژادی شەرابی: ڕەنگەکانیان سوورێکی تاریکە یاخود ڕەشێکی پەڵەدارن. پشتیان ڕێکە. لەشیان مامناوەندییە. قورساییان لە نێوان ٤٥٠ – ٥٠٠ کگم دەبێ. ئەم جۆرە زیاتر لە نێوچەکانی ژەنگار و تەلەعەفەر بەخێو دەکرێن.

– هەندێ نەژادی دیکە: لەو ساڵانەی دواییدا، دەزگاکانی کشتوکاڵ بە مەبەستی چاککردنی نەژادە خۆماڵییەکان، بە تایبەتی بۆ زیادکردنی شیر، چەند ژمارەیەکیان لە جۆرەکانی فریزیان، جێرسی، جۆنس، ڕۆستاکی... هتد بۆ کوردستان هێناوە.

گا

بۆ جووتکردن لە زەوی ڕەقەڵانی و بەردەلانی و هەورازدا، زیاتر گا بەکار دەهێنرێ، چونکە ئەم کارانە بەگا بە شێوەیەکی ئاسانتر دەکرێ، لەبەر ئەوە بەخێوکردنی ئەم ئاژەڵە بۆ جوتیارەکان، زۆر پێویستە، هەر بۆیە جوتیارەکان، بە زۆری هەوڵی کڕینی گا دەدەن. لەبەر ئەوە نرخی گا بەرزە، بۆ نموونە، جووتێ گا لە پارێزگای کوردستان، لە ساڵەکانی هەشتادا، نزیکەی بە دوو هەزار تمەن بوو. ساڵی ١٩٨٨ لە نزیکەی ١١ هەزار سەر گا هەبوو، واتە لە ٤٢٪ گشت ئاژەڵەکانی پێک دەهێنا.

گامێش

لە هەندێ نێوچەی گوند و شارەکاندا، بە مەبەستی شیر وەرگرتن بەخێو دەکرێ. گامیش لە نێوچە ئاوییدا باشتر دەژین، چونکە هەمیشە پێویستییان بە ئاو هەیە، بە تایبەتی لە هاویناندا، دەچنە نێو ئاوە و تێیدا پاڵ دەکەون و دەحەوێنەوە.

نەژادی گامێشەکانی کوردستان، بە زۆری خۆماڵین و لە ئەنجامی لەیەکدان و زاووزێکردنی، هەردوو نەژادی قەفقاسی و هیندی هاتونەتە کایەوە. لە ساڵی ١٩٨٥دا، ژمارەی گامێش، خۆی لە دەوروبەری ١٨ هەزار سەر دەدا، واتە لە ١٪ی گشت ئاژەڵە درشتەکان دەبوو.

حوشتر

لە هەندێ نێوچەدا، حوشتر بەخێو دەکرێ، وەکوو پارێزگاکانی ئورفە و گازی ئانتەب. حوشتر زیاتر بۆ بارگاستنەوە و شیر و گۆشتەکەی بەکار دەهێنرێ. ژمارەیان بە چەند هەزار سەرێ دەقەبڵێندرێ.

٠٢ پەلەوەر

بەخێوکردنی مریشک، کەڵەشێر، مراوی، سۆنە، قاز، قەل، چین و ماچین، کۆتر و هەندێ پەلەوەری دیکەش، لە گوند و شارەکان، بە کارێکی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکی دادەنرێ. کەم ماڵ هەیە، چەند دانەیە پەلەوەری بۆ هێلکە و گۆشت و فرۆشتن، ڕانەگرتبێ.

باری ژیان و پێشکەوتنی پەلەوەر لە کوردستاندا خراپە، چونکە خاوەنەکانیان زۆر گرنگی بە ژیانیان نادەن و خواردنیان بۆ ناکڕن، بەڵکوو زیاتر بەرەڵا دەکرێن و پەلەوەرەکان خۆیان، لە کۆڵان و سەرەنوێلکەکاندا، خواردنی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، لەبەر ئەوە دەبینین، ئاستی بەرهەمهێنان نزمە.

ژمارەی پەلەوەرەکان لە ساڵی ١٩٨٥دا، نزیکەی ١١ ملیۆن دەبوو. ئەم ژمارەیە، کەمی لە ژمارەی پەلەوەرەکانی تورکیا و ئێران کەمترە و هەندێکیش لە ژمارەی پەلەوەرەکانی عێراق و سووریا زیاترە.

پارێزگای دیاربەکر بە گەورەترین نێوچەی بەخێوکردنی پەلەوەر دادەنرێ، پاشان پارێزگاکانی مەرعەش، مەلاتیە، ئورفە، دێن. هەروەکوو لە خشتەی ژمارە (٤٢) دەردەکەوێ.

مریشک

مریشک و کەڵەشێر، زیاد لە ٩٥٪ی هەموو پەلەوەرەکان پێک دەهێنن. سەرەمر ساڵانە، نزیکەی ٢٥٠ هێلکە دەکا و دوو کیلۆ گۆشت دەدا، بارۆکەش ساڵانە ١٨٠ هێلکە دەکا و نزیکەی یەک کیلۆ گۆشت دەدات.

نەژادی مریشکی کوردستان، بە زۆری خۆماڵین. ڕەنگەکانیان تێکەڵاو وجۆراوجۆرە، لە نێو ئەو ڕەنگانەشدا، ڕەنگی زەرد و سوور لە هەموو ڕەنگەکانی دیکە زۆرترن. لەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆی زیادبوونی خواردنی هێلکە و گۆشتی مریشک و بەرزبونەوەی نرخی گۆشتی ئاژەڵ، چەند کێڵگەیەکی بەخێوکردنی مریشک، لە زۆربەی شارەکاندا دامەزراوە، کە بەرهەمی ساڵانەیان، خۆی لە چەند هەزار بارۆکەیەک و چەندین ملیۆن هێلکە دەدا. ژمارە و بەرهەمی پەلەوەرەکانی دیکە، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە لێرەدا پەنجەیان بۆ ڕاناکێشین.

خشتەی ٤٢ زمارەی پەلەوەر، ساڵی ١٩٨٥

پارێزگا	زمارە (هەزار)	پارێزگا	زمارە (هەزار)
ئادیەمان	١٣٥	دەرسیم	١٩٥
ئاگری	١١٧	ئۆرفە	٥٥٣
بینگۆڵ	١١٣	وان	١٧٧
بدلیس	١٠٧	ئازەربایجانی غ	٥٣١
دیاربەکر	٦٤٠	کرماشان	٤٧٥
ئەلازیغ	١٨٥	کوردستان	٢١٣
ئەزرنجان	٤٤٥	بەختیاری	٢٨٥
ئەرزەڕۆم	٥٢٦	ئیلام	٤٠٣
گازی ئانتەب	٤٢٥	لورستان	٢٥٠
هەکاری	١٣٣	کوهگیلویە	٢٩٥
مەلاتیە	٥٦٢	نەینەوا	٦٢٣
مەرعەش	٦٠٤	کەرکووک	١٩٢
ماردین	٤١٠	دهۆک	٢٤٨
موش	٢٤٣	هەولێر	٢٦٥
سیرت	١٧٤	سلێمانی	٥٠٢

٠٣ پەروەردەکردنی هەنگ

مەرجەکانی بەخێوکردنی هەنگ وەکوو ئاووهەوا، جەنگەڵ، لەوەڕگەی تەڕ، گوڵ و گیای جۆراوجۆر هەن. بەناوبانگترین نێوچەی پەروەردەکردنی هەنگ ئەمانەن: شەمزینان، کاغیزمان، سەردەشت، گوندەکانی دەوروبەری شاری ئەرزەڕۆم، ئوستانی ئیلام (تولاب میشخاس، چوار، مەلەک شاهی، شێروانی، میمەی زڕین ئاباد) ... هتد.

لە کوردستاندا بە دەیان هەزار شانەی هەنگ هەیە. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٨٠ لە پارێزگای کوردستان نزیکەی نۆ هەزار کەندو (مۆدێرن – ٤ هەزار و خۆماڵیش – ٥ هەزار)، لە نێوچەی خۆی ١٢٥ هەزار کەندو (مۆدرێن – ٩٠ هەزار و خۆماڵیش – ٣٥ هەزار) بوون. بەخێوکردنی هەنگ.

٠٤ گیروگرفتەکانی ئاژەڵ

بە شێوەیەکی گشتی، ئاژەڵ تووشی کۆمەڵی گیروگرفتی سروشتی و مرۆیی دەبێ. لێرەدا هەندێکیان پێش چاو دەخەین:

– نەخۆشی:

هەندێ لە نەخۆشییەکانی ئاژەڵ ئەمانەن: دانو (بە زۆری دەبێتە هۆی بەر هاویشتن)، سکچوون، لەرز، پژمە، کۆکە، گوان یەشە (ئاوەش)، تەپەک (سمەخۆرە)، زادیش (زمان یەشە)، وەرەم، تووشی هەندێ نەخۆشی پیسی جۆراوجۆری دیکەش دەبن. ئەو نەخۆشییانە، بە زۆری لە لایەن خاوەنەکانیانەوە، بە گژوگیای سرۆشتی چارەسەر دەکرێن، کە لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی ڕۆژگاردا، فێری بوون.

– کەمی دەرمان و خزمەتگوزاری بەیتاڵخانەکان:

ژمارەی بەیتاڵخانەکان لەچاو پێویستدا زۆر کەمە و هەموویان لە شارەکاندا دامەزراوون. بە تایبەتیش خزمەتی ئاژەڵی نێو شارەکان دەکەن، بەڵام ئاژەڵی گوندەکان، بە درێژایی ژیانیان لەو خزمەتەوە دوورن.

– دەسبڵاوی لە سەربڕیندا

بەو زانیارییانەی لە سەرژمێرە کشتوکاڵیەکاندا دەردەکەون، وامان نیشان دەدەن، کە

ژمارەی ئاژەڵە سەربڕاوەکان، زۆر لەو ژمارەیە زیاترە کە ساڵانە زیاد دەکەن.لە هەندێ شوێندا، ژمارەی ئاژەڵە سەربڕاوەکان، دوو ئەوەندەی زیادبوونی ساڵانەیە، دیارە لە ئەنجامی ئەم بەرنامە نازانستانەیەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ، ژمارەی ئاژەڵەکان لە کوردستاندا، بەرەو کەمی دەڕوات.

– کەمبوونی لەوەڕگە:

لەوەڕگاکان بە شێوەیەکی بەردەوام، لە لایەکەوە تووشی پاوانکردن و کێڵان دەبن، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر بارودۆخی نالەباری کوردستان، چوونەناویان و بەکارهێنانیان وەکوو لەوەڕگا، لە زۆربەی نێوچەکاندا، قەدەغە کراوە. ئەم هۆیانەش کارێکی کردووە، کە ئاژەڵەکان بە درێژایی وەرزی لەوەڕاندنیان، لەسەر یەک پارچە زەوی بلەوەڕێن، لەبەر کەمی خواردنیش لەو شوێنانەدا، ئاژەڵەکان گیاکە بە شێوەیە دەخۆن، کە جارێکی دیکە بە زەحمەت سەوز دەبێتەوە.

– بێ جێگایی

ئاژەڵەکان بە شەو لە تەویلە و هۆڵ دەکرێن، ئەم جێیانە زۆر تاریک و نزمن، هیچ جۆرە مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە، زۆر پیسن، هەوای پاکی بۆ ناچێ. بۆیە ئاژەڵەکان لە ئەنجامدا، تووشی چەندین جۆر نەخۆشی دەبن، کە لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری بەیتاڵی، چارەسەرکردنیان زۆر زەحمەت دەبێ.

– کەمئاوی

ئاژەڵ لە نێوچەکانی گەرمیان ڕۆژی دوو جار ئاو دەدرێن. لە ماوەی ئەو دوو جارەشدا، لەبەر تینوێتی زۆر ئاو دەخۆنەوە، کە پاشان تووشی نەخۆشی سک ئاوسان دەبن.

– کەمی ئالیک

لە هەندێ ڕۆژانی زستاندا نەبێ، مەڕوماڵات ئالیک نابینن. هەموو ڕۆژێ شوانەکان، ئاژەڵەکان بۆ لەوەڕاندن، چەند کیلۆمەترێ لە شوێنەکانی خۆیان دوور دەخەنەوە و بە تەواوی ماندوویان دەکەن، جگە لەوەی لە ئەنجامیشدا تێر نابن و بە برسێتی دەمێننەوە.

بەشی سێیەم: سامانی کانزا

دەزگا جیۆلۆجییە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپایی و وولاتانی دەوروبەری کوردستان، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تاکوو ئێستا، بەردەوام خەریکی هەڵکۆڵین و پشکنین و دیاریکردنی سنوور و شوێن و قولایی و جۆر و قەوارەی کانزاکانن. لەوکاتەوە گەلێ کاری گرنگ و مەزنیانی جیۆلۆجییان بە ئەنجام گەیاندووە و تاکوو ئەورۆش لەسەر کارەکانیان بەردەدام لە هەوڵدان دان. دوای هەوڵوتەقەلایەکی زۆر بۆیان دەرکەوتووە، کە خاکی کوردستان بە کانزا جۆراوجۆرەکان، زۆر دەوڵەمەندە.

لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییەکان کە تاکوو ئێستا لە کوردستان و وولاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا کراوە، شوێنی بیست کانزایان دیاری کردووە، هەرچەندە گومانی تێدا نییە، کە لەو ژمارەیە گەلێ زیاتر هەیە. تەماشای نەخشەی ژمارە (١٠) بکە.

سامانی کانزاکان جگە لە نەوت، لە پێکهێنانی بەرهەمی نیشتمانیدا، ڕۆڵێکی ئەوتۆی دیاریکراویان نییە. ئەمەش لە لایەکەوە بە کەمی ژمارەی کرێکاراندا دەردەکەوێ، کە لەساڵی ١٩٥٨ ی زایینیدا، تەنیا لە ٢٪ی ژمارەی دانیشتووانی چالاکی ئابوورییان پێک دەهێنا، لە لایەکی دیکەشەوە، بەرهەمی سالانەی کانزاکان، لە چەند تەنێکی خۆلاویی زیاتر نییە.


چەشنەکانی کانزا

بۆ پۆلێنکردنی کانزاکان، زاناکان شێوازی جیاجیایان گرتۆتە بەر. یەکێ لەوانە ئەوەیە، کە لێرەدا بۆ پۆلێنکردنی کانزاکانی کوردستان، بەکار هێنراوە.

٠١ سەرچاوەکانی وزە

یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی وزە و کەرەسەیەکی خاوی سەرەکییە، کە لە چەندین کاری پیشەسازی گەورە و گچکەدا بەکاردەهێنرێ. ئەم کەرەسەیە لە ڕووی ساڵی دەرهێنان و بەکارهێنان و ژمارەی کرێکاران و فرۆشتن و زۆری بەرهەم و دابەشبوونی جوگرافی و پاشەکەوتکردن و بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانە و پڕکردنی خەزێنەی دەوڵەتدا، بە گرنگترین و سەرکیترین کەرەسە دادەنرێ. بە شێوەیەکی گشتی، مەتیریاڵەکانی سووتەمەنی لە مانەی خوارەوە پێک دێ:

نەخشەی کانزاکان



نەوت

خەڵکی کوردستان هەر لە کۆنەوە، لەگەڵ نەوتدا ئاشنایەتییان هەیە. لە بابەگوڕگوڕ و کفری و مەندەلی و شوێنەکانی دیکەدا، نەوت بە شێوەیەکی سروشتی، لە ژێر زەوییەوە هەڵقولاوە و جۆگەی بەستووە و لە شوێنێکدا لەسەر زەوی وەک گۆمە نەوت کۆ بۆتەوە. خەڵکیش بە ئامرازی ئاوکێشان، وەکوو کوندە و مەشکە و گۆزە و تەنەکە، لەسەر پشتی ولاخەکانیان گواستویانەتەوە و بۆ پێویستییەکانی ژیان بەکاریان هێناوە، وەکوو ئەوەی لە شەوانی تاریکدا،ماڵەکانیان پێ ڕووناک کردۆتەوە، نەخۆشی پێستیان پێ چاک کردۆتەوە، هەندێ ئامرازی کشتوکاڵ و نێو ماڵیشیان پێ سواغ داوە، هەندێ جاریش بۆ بازاڕەکانیان بردووە و هەندێکیان لێ فرۆشتووە.

هەڵقولانی نەوت لە کوردستاندا بە شێوەیەکی سروشتی، سەرنجی زۆر لە گەشتگەرەکانی ئەوروپایی، پێش سەدەی بیستی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. ئەوانیش لە ڕاپۆرتەکانیان و لە نامەی تایبەتی ڕۆژانە و لە یاداشتەکانییاندا، لێپرسراوی دەوڵەتەکانی خۆیان، لەم سامانە گرنگە ئاگادار کردۆتەوە. لە هەمان کاتدا، پێشنیازی ناردنی کۆمەڵێ لە پسپۆڕان و زانایانیان کردووە، ڕێگەشیان لەکاربەدەستانی دەزگاکانی دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمانە، بۆ وەرگرتوون، تا کە هاتن، مافی گەڕان و پشکنینیان بە دوای نەوتدا هەبێ و هەوڵ بۆ دەرهێنان و دۆزینەوە و فرۆشتنی بدەن.


دابەشبوونی جوگرافی چاڵگە نەوتییەکان

چاڵگە نەوتییەکان لە ڕووی ستراتیژییەوە، گەلێ نالەبار هەڵکەوتوون. زۆربەیان یا ئەوەتا لە سنووری نێودەوڵەتی نزیکن، یا ئەوەتا سنوورەکە بە نێوانیاندا تێدەپەڕێ. چاڵگە نەوتییەکان لە ڕووی هەڵکەوتی جوگرافییانەوە، بەسەر ٣ نێوچەدا دابەش دەکرێن. تەماشای نەخشەی ژمارە (١١) بکە.

یەکەم: نێوچەی نەوتی باکوور

بە گچکەترین نێوچەی نەوتی کوردستان دادەنرێ. ئەم نێوچەیە لە پارێزگاکانی سیرت، باتمان، دیاربەکر، موسڵ و قەزای مالکییەدا هەڵکەوتووە. ئەم نێوچەیە نزیکەی ٣٪ی گشت بەرهەمی ساڵانەی هەموو نەوتی خاوی کوردستان پێک دەهێنێت. لە ساڵی ١٩٤٠ی زایینیدا، نەوت لە شوێنێ بە ناوی ڕامانشەلۆ، نزیکی شارۆچکەی باتمان دۆزراوەتەوە. نێوچەی نەوتی باکوور، لەم چاڵگە نەوتییانە پێک هاتووە:

نەخشەی چاڵگەی نەوتی



نەخشەی ١١ **چاڵگە نەوتییەکان**

سیرت ــ دیاربەکر

ئەم چاڵگەیە لە کۆمەڵە بیرێک پێک هاتووە، لە نێوان ڕامان شەلمۆ، بەشیری، گەرزان و گرمیکی هەڵکەوتووە. نەوتەکەی کەوتۆتە سەر ئەو چینە بەردە گێچانەی کە سەر بە قۆناغی سێیەمی جیۆلۆجین و لە قولایی ١٠٥٠ – ٢١٠٠ مەتر دایە. کۆمەڵە بیرێکی دیکەی ئەم چاڵگە نەوتییە، لە دەوروبەری شارۆچکەی کورتەلان و کەحاتە هەڵکەوتووە. یەدەکی نەوتی زانراو، ٥٠٠ ملیۆن تەن لە نەوتی خاو و نزیکەی یەک ملیارد مەتری سێگۆشە لە گازی سروشتی دەبێ.

قەرەشوک (قەرەچوغ)

دەکەوێتە قەزای مالکییەوە. درێژاییەکەی لە ٢٣ هەتا ٣٨ کێلۆمەتر دەبێ. نەوت لە قولایی ١٧٠٠ – ٢٠٠٠ مەتردا دەردەهێندرێ.

سوێدی

چاڵگەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت. درێژاییەکەی ١٨ کیلۆمەترە و پانایییەکەی ١٤ کیلۆمەتر. دەکەوێتە باشووری چاڵگەی نەوتی قەرەچوغەوە. لە ساڵی ١٩٦٨زایینییەوە، نەوت لەم چاڵگەیەدا دەردەهێندرێ. ژمارەی بیرە جۆراوجۆرەکانی، هەتا ساڵی ١٩٧٩ز، گەیشتە ٢٩٦ بیر. ساڵی نزیکەی نۆ ملیۆن تەن نەوتی لێ هەڵدەهێنجرێ. تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە، بە ٤١٤ بەرمیل نەوت لە ڕۆژکێکدا دادەنرێ. نەوتی یەدەک بە ٤١٠ ملیۆن تەن دەقەبلێندرێ.

ڕۆمێلان

ئەم چاڵگەیە لە درێژبوونەوەی چاڵگەی نەوتی سوێدی پێک هاتووە و دەکەوێتە ڕۆژئاوایەوە. درێژاییەکەی ١١,٥ کیلۆمەترە و پانایییەکەی ٣,٥ کیلۆمەترە. ژمارەی بیرە هەڵکەندراوە بەرهەمدارەکان، لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینیدا، گەیشتبووە ٣٥ بیر. تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی یەک بیر، بە ٢٢٨٣ بەرمیل نەوت دادەنرێ، نەوتی یەدەکیش خۆی لە بیست ملیۆن تەن دەدا.

عەینزالە

لە ساڵی ١٩٣٩ی زایینیدا، نەوت لە عەینزالە دۆزرایەوە. نەوتەکەی خڵتەی زۆرە، لەبەر

ئەوە پێویستی بە سەربار هەیە، تا تاوتوێ بکرێ. عەینزالە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری موسڵەوە و ٦٥ کیلۆمەتر لێوەی دوورە.

بێتمە

لە چاڵگەی عەینزالەوە نزیکە، لە ساڵی ١٩٥٢دا نەوتی لێ دۆزراوەتەوە، نەوتەکەی خڵتەی هەیە.

نەوت لە نێوچەی نەوتی باکوور، لە لایەن کۆمپانیاکانی شێڵ – Sell، موبیل پانۆیڵ – Mobil Panoil، ئەرسان – Ersan، کۆمپانیای تورکی – TPAO، کۆمپانیای عێراق بۆ کاروباری نەوت، دەزگای گشتی بۆ پیترۆڵی سووری،... هتد دەردەهێندرێ، لە ڕێی هەمان ئەو کۆمپانیانەوە، بۆ دەرەوە دەنێردرێ و بەبۆری و تەنکی نەوتی گەورە و بە شەمەندەفەر، بۆ پاڵێوگاکانی نیشتمانی و بیانی دەنێردرێ. بەرهەمی ساڵانەشی بە دەیان هەزار تەن نەوت دەبێ.

دووەم: نێوچەی نەوتی نێوەڕاست

نێوچەی نەوتی نێوەڕاست، نەک هەر بە یەکێ لە گەورەترین نێوچە نەوتییەکانی کوردستان دادەنرێ، بەڵکوو یەکێکە لە نێوچە گەورە و گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەموو جیهانیش. دۆزینەوەی نەوت لەم نێوچەیەدا، بۆ نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧ی زایینیدا، بۆ یەکەمین جار، لە یەکێ لە بیرە نەوتەکانی بابەگوڕگوڕ، نەوتیان دەرهێنا.ئەوڕۆ ئەم نێوچەیە، لە ٤٥٪ نەوتی گشت کوردستان پێک دەهێنێ. نەوتی یەدەکی نێوچەی نەوتی نێوەڕاست، لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکاندا، بە هەزاران ملیۆن تەن دەخەمڵێندرێ. ژمارەی بیرە نەوتەکانی ئەم نێوچەیە، لە ٣٥٠ دانە زیاترە، کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی نەبێ، ئەوڕۆکە لە کاردان و نەوتی لێ هەڵدەهێنجدرێ، ئەوانی دیکە بە تەواوی سەریان داپۆشراوە و هێشتا نەوتی لێ دەرنەهێندراوە. گرنگترین چاڵگە نەوتییەکانی ئەم نێوچەیە، ئەمانەی لای خوارەوەن:

بابەگوڕگوڕ

یەکەمین بیر بە مەبەستی دۆزینەوەی نەوت لەم چاڵگەیەدا، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٧ی زایینیدا لێ درا، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی عێراق، لە ١٤ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا، بیری دووەمیش لێ درا. لە سەرەتادا، نەوت بە شێوەیەکی سروشتی لە بیری

بابەگوڕگوڕەوە فیچقەی کردووە، بە شێوەیە کە ئەو نێوچەیەی دەوروپشتی خۆی، بە نەوت داپۆشی بوو، تەنانەت ماوەی دە ڕۆژێکی خایاند، تا کۆنترۆڵیان کرد و پاشتریش چەند ساڵێکی ویست، تا بە تەواوی گۆمە نەوتەکانیان وشک کردەوە. ژمارەی بیرەکانی دەگاتە ١٥٠ بیرە نەوت، (١٩٧٣ - ١٤١ بیر، لەوانە بیری بەرهەمدار - ٤٧ بیر و بیری چاوەڕوانکراو - ٨٤ بیر و بیری ئاو تێکردن - ١١ بیر). درێژاییەکەی بە دەیان کیلۆمەتر دەبێ، پانایییەکەشی لە هەندێ جێدا، لە سێ کیلۆمەتر زیاترە.

بای حەسەن

ئەم چاڵگەیە، ٣٢ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای شاری کەرکووکەوە دوورە. بۆ جاری یەکەم، لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینیدا،لە قوڵایی ١٥١٥ مەتردا نەوت لەم چاڵگەیەدا دۆزرایەوە. نەوتەکەی لە ڕووی پێکهاتن و ڕێژەی گۆگردەوە، لە نەوتی بابەگوڕگوڕ دەچێ. لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینیدا، ئەم چاڵگەیە ١٢ بیری نەوتی بەرهەمداری هەبوو. نەوتی ئەم چاڵگەیە، بە بۆری بۆ دەزگاکانی بابەگوڕگوڕ ڕاکێشراوە، لەوێشەوە بە هەمان شێوە، بۆ دەرەوە دەنێردرێ.

زەنبوور

ئەم چاڵگەیە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووکدا دایە و تەنیا ٤٥ کیلۆمەتر لێوەی دوورە. لە ساڵی ١٩٥٤ی زایینیدا، بۆ یەکەم جار نەوتی لێ دۆزراوەتەوە. قوڵاییەکەی ١٤٧٠ مەتر دەبێ. جۆری نەوتەکەی زۆر باشە. درێژایی ئەستێڵکەکەی ٢٠٠ کیلۆمەترە و پانایییەکەشی ٣ - ٣,٥ کیلۆمەترێ دەبێ. نەوتەکەی لە شاری کەرکووکەوە، بە بۆری بۆ دەرەوەی کوردستان دەنێردرێ.

نەوتخانە:

سەرەتای دۆزینەوەی نەوت لەم چاڵگەیەدا، بۆ ساڵی ١٩٢٧ی زایینی دەگەڕێتەوە. ئەم چاڵگەیە ٣٢ کیلۆمەتر، لە باشووری شارۆچکەی خانەقینەوە دوورە. بۆ بازاڕەکانی نێوخۆ، یەکەم سەرچاوەی نەوت بوو. تاکوو ئێستا، بە دەیان بیرە نەوت لەم چاڵگەیەدا لێ دراوە، کە هەندێکیان خاوەنی نەوتێکی زۆرن. درێژایی ئەستیلکەی چاڵگەی نەوتخانە، ١٥ کیلۆمەترە و پانایییەکەی دوو کیلۆمەترە و قوڵاییەکەشی ٢٢٠٠ مەترە.

شیوەشۆک

دەکەوێتە ناحیەی تەقتەقی سەر بە پارێزگای هەولیر. لە ساڵەکانی حەفتاوە، نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێ. بەرهەمی سالانەی بە دەیان ملیۆن بەرمیل نەوت دادەنرێ، کە لە نزیکەی پانزە بیری نەوتی بەرهەمدارەوە، دەردەهێندرێ. هەموو توانا و تاقەتی بەرهەمهێنانی ئەم چاڵگەیە، تاکوو ئێستا بە تەواوی بەکار نەهێندراوە. لەم چاڵگەیەدا، بیرە نەوتێکی زۆر هەیە، کە تاکوو ئەورۆ سەریان داپۆشراوە و بەکار نەهێندراون.

نەوتی ئەم چاڵگانەی لەسەرەوە باسمان کردن، هەتا سەرەتای حەفتاکان، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقەوە دەردەهێندران، کە لە کۆمەڵە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی و هۆڵەندی و هەندێ وولاتانی دیکە پێک هاتبوون. بەلام لە مانگی یونی ساڵی ١٩٧١ ی زایینییەوە، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق، دەستی بەسەر ئەم چاڵگانەدا گرت، بەرپرسیاری دەرهێنان و بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوتی، لە ئەستۆی خۆی گرت.

سێیەم: نێوچەی نەوتی باشوور

بە گەورەترین نێوچەی نەوتی کوردستان دادەنرێ. ئەورۆ نزیکەی لە ٤٩٪ ی گشت نەوتی وولات، لەم نێوچەیەدا دێتە بەرهەم. درێژاییەکەی زیاتر لە سی کیلۆمەتر و پانایییەکەشی لە دەوروبەری پێنج کیلۆمەتردا دەبێ. ئەم نێوچەیە، دەکەوێتە هەمان هێڵی نێوچەی باکوور و باشوور. بۆ یەکەمین جار لەم نێوچەیەدا، لە ساڵی ١٩٠٨ ی زایینیدا، نەوت دۆزرایەوە، تاکوو ئەورۆکە بە سەدان بیر نەوت، لەم نێوچەیەدا لێ دراوە، کە هەندێکیان لە رووی بەرهەمهێنانی نەوتەوە، لەسەر ئاستی جیهانی بەناوبانگن. گرنگترین چاڵگە نەوتییەکانی ئەم نێوچەیە، ئەمانەن:

ئاغاجاری

کۆمپانیا نەوتییەکان، بە مەبەستی دۆزینەوەی نەوت، لە ساڵی ١٩٢٦ ی زایینیدا، لەم چاڵگەیەدا دەستیان بە بیرهەڵکەندن کرد. لە ساڵی ١٩٣٦ ی زایینیدا و لە کاتی هەڵکەندنی بیری سێیەمدا، بۆ جاری یەکەم چاویان بە نەوت کەوت، پاشان درێژەیان بە بیرلێدان دا، بە شێوەیە تاکوو ئەورۆ، بە سەدان بیرە نەوتیان لێ داوە. (١٩٥١ - ٣٢ بیر). بیرەکانیش خاوەنی نەوتێکی یەکجار زۆرن. بۆ نموونە، بیری ژمارە ٥٣، بە گەورەترین بیری ئەو چاڵگەیە دادەنرێ و بەرهەمی رۆژانەشی پەنجا هەزار بەرمیلێک دەبێ.

نەوتی ئاغا جاری، لە ساڵی ١٩٤٤ی زایینییەوە، بە بۆری نەوتی گەورە، بۆ پاڵێوگەی نەوتی ئەبادانی ئێرانی دەبرێ. پێویستییەکانی ئاغا جاری، لە ڕووی وزەی کارەباوە. لە هەمان دەزگا دابین دەکرێ، ئاویشی لە ڕووباری (مارون)ەوە بۆ دەهێنرێ، کە ٣٢ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی ئاغاجاریەوە دوورە.

پازنان

پازنان لەسەر ڕێگەی نێوان شارۆچکەکانی بەهبەهان و ئاغاجاری دایە. لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینیدا، یەکەمین بیری نەوت لەم چاڵگەیەدا لێ دراوە. پاشان لەبەر نەبوونی نەوت، سەریان داپۆشییەوە. دواتر لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٥ – ١٩٣٧ی زایینیدا، سێ بیری دیکەیان لێ دا، کە لە هەرسێکیاندا، نەوت و گاز دۆزرایەوە. نەوتی پازنان، لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بە بۆری نەوت بۆ پاڵێوگەکانی نەوت ڕەوانە دەکرێ.

گەچساران

سەرەتای بیرهەڵکەندن و دۆزینەوەی نەوت، لە چاڵگەی گەچساراندا، بۆ ساڵی ١٩٢٨ دەگەڕێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی نەوتەکە، خڵتەیەکی زۆری هەبوو، لەو سەردەمەشدا توانای پالاوتنی نەبوو، ئەم کارە دواکەوت، تا لە ساڵی ١٩٣٦ز دا، دووبارە دەست بە چالاکی نواندن و قوڵکردنەوەی بیرەکانی پێشوو کرایەوە. لە ئەنجامدا لە بیری ژمارە سێدا، نەوتێکی زۆر دۆزرایەوە و تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەشی گەیشتە ٢٥ هەزار بەرمیل. دواتریش هەر لەم چاڵگەیەدا، لە ماوەی چوار ساڵی دواییدا، دە بیری دیکەش لێ دران. ئەوڕۆ ژمارەی بیرە نەوتەکانی ئەم چاڵگەیە، دەوروبەری چل دانە بیر دەبن، (١٩٥١ – ١٢ بیر). نەوتی گەچساران، بە بۆرییەکی سی سانتیمەتری، بۆ پاڵێوگەی ئەبادان دەنێردرێ.

لالی

دۆزینەوەی نەوت لە چاڵگەی لالیدا، بۆ ساڵی ١٩٤٨ز دەگەڕێتەوە. لەو ساڵەوە هەتاکوو ئەوڕۆ، بە دەیان بیری نەوت لەو چاڵگەیەدا لێ دراوە، (١٩٥١ – ١٥ بیر). هەندێ لەم بیرانە، بەرهەمدارن. تێکڕای ڕۆژانەی بەرهەمهێنانی نەوت، لە دەوروبەری هەشت هەزار بەرمیل دایە. لالی ٥٦ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای مەسجیدی سلێمانەوە دوورە.

مامۆتین

گەڕان بە دوای نەوتدا لە کوردستاندا و بۆ جاری یەکەم، لە ساڵی ١٩٠٧زدا، لەم نێوچەیەدا دەستی پێ کرد. دوای ئەوەی کۆمپانیاکانی نەوتی ئینگلیزی و فەڕەنسی زانییان، گەڕانەکەیان هیچ ئەنجامێکی باشی لێ چاوەڕوان ناکرێ، هیچیشیان دەست نەکەوت، ئیدی درێژەیان بە کارەکەیان نەدا و وازیان لێ هێنا و ڕوویان لە نێوچەی مەسجیدی سلێمان کرد.

مەسجیدی سلێمان


خەڵکی مەسجیدی سلێمان هەر لە کۆنەوە، وەکوو خەڵکی نێوچەکانی دیکەی کوردستان، بابەگوڕگوڕ و کفری و مەندەلی، ئاشنایەتییان لەگەڵ نەوتدا هەبووە و بۆ پێویستییەکانی ڕۆژانە بەکاریان هێناوە و بازرگانیشیان پێوە کردووە. ئەم کارە وای لە کۆمپانیا ئاورووپاییەکان کرد، بایەخی تایبەتی بەو نێوچەیە بدەن. ئەمەش بۆ جاری یەکەم، لە کوردستان و هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ی مانگی مای ساڵی ١٩٠٨ی زایینیدا، لە مەیدانی نەفتوون (دوایی ساڵی ١٩٢٦ز مەسجیدی سلێمان) نەوت دۆزرایەوە،. ئەم ڕووداوە، بە یەکێ لە ڕووداوە هەرە گرنگە مێژووییەکانی کوردستان دەژمێردرێ و بە تەواویش نەخشەی نێوچەکەی گۆڕی.

بەرزایی چاڵگەی نەوتی مەسجیدی سلێمان، (مەیدانی نەفتوون) لە سەر ئاستی ڕووی زەریا، لە نێوان ١٨٣ – ٣٠٥ مەتر دایە، پانتاییەکەشی ١١٧ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە،. ژمارەی بیرە نەوتەکانی لە سەرەتای دۆزینەوەی نەوت و هەتا ساڵی ١٩٥١ز، گەیشتبووە ٢٤٦ بیر. ئەوڕۆکە ژمارەیان ئەوەندە و نیو زیادی کردووە. لە هەمان کاتیشدا، بەرهەمی ڕۆژانەی ١٥٠ هەزار بەرمیل بوو، کە ئەوڕۆ دوو تا سێ هەزار بەرمیل زیادی کردووە.

نەوتی سەفید

پانتایی چاڵگەی نەوتی سەفید، ٤٨ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ٣٢ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای هەفت کل و ٧٢ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەسجیدی سلێمانەوە دوورە.

کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی و فارسی، لە ساڵی ١٩٣٤ز دا، دەستیان بە بیرهەڵکەندن کرد. لە ئەنجامدا گازی سروشتییان دۆزییەوە. بەڵام بەمەشەوە نەوەستان و وازیان نەهێنا، بەڵکوو لەسەر بیرلێدان بەردەوام بوون. لە دواییدا لە بیری ژمارە پێنج و لە ساڵی



یەکەم بیری نەوت لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا - مەسجدی سلێمان، ١٩٠٨

١٩٣٨ز دا، بۆ جاری یەکەم نەوتیان لەم چاڵگەیەدا دۆزییەوە. بەرە بەرە ژمارەی بیرەکانیان زیاد کرد و بە دەیان بیریان لێ دا، (١٩٥١ - ٢٥ بیر). نەوتی نەفت سەفید، بە بۆری بۆ پاڵێوگەی ئەبادانی ئێرانی دەنێردرێ.

نەوتی شاه

نەوت لە نەوتی شا و نەفتخانەدا، لە ساڵی ١٩٢٧ز دا دۆزرایەوە. ئەم چاڵگەیە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای دامێنی چیای زاگرۆسەوە. ژمارەی بیرەکانی هەتا ساڵی پەنجاکان، تەنیا شەش بیر بوون، کە زۆربەیان بەرهەمدار بوون، بیری دووەمیشیان لە هەموو بیرەکانی دیکەیان، زیاتر نەوتی تێدایە.و بە سەرچاوەیەکی گرنگی نەوت دادەنرێ و لە ٩٠٪ی نەوتی دەرهێندراوی ئەم چاڵگەیە پێک دەهێنێ.

هەفت کل

ئەم چاڵگەیە، ١٠٤ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەسجیدی سلێمانەوە دوورە. لە ساڵی ١٩٢٧ز دا، نەوتی لێ دۆزرایەوە و بە یەکێ لە دەوڵەمەنترین چاڵگە نەوتییەکانی کوردستان دادەنرێ. پانتاییەکەی دەوروبەری ٤٨ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێ. ژمارەی بیرەکانی لە دەیان بیر تێپەڕ دەکا، (١٩٥١ - ٤٤ بیر)، نەوتەکەشی بە بۆری بۆ پاڵێوگەی ئەبادان دەبرێ.

گازی سروشتی

دووەمین کەرەسەی مەتیریاڵی سووتەمەنییە لە کوردستاندا. بەشی هەرە زۆری لەگەڵ نەوتدا دێتە بەرهەم. ئەوڕۆ ئەو بیرانەی تەنیا گاز دێننە بەرهەم، لە وولاتدا زۆر کەمن. شوێنە گرنگەکانی دەرهێنانی گاز ئەمانەن:

- نێوچەی کەرکووک: بەناوبانگترین جێگای دەرهێنانی گازی سروشتییە لە کوردستاندا. بەرهەمی ساڵانەی خۆی لە سەدان هەزار مەتری سێگۆشە دەدات. یەدەکی دەست لێ نەدراوی دوو تا سێ جار زیاترە.

- تەنگەی بیجاڕ و بەبەقیر

دەکەوێتە ڕۆژئاوای کرماشانەوە. قەبارەی گازی سروشتی زانراوی تەنگەی بیجاڕ، نیو ترێلیۆن و هی مەیدانی بەبەقیریش دوو ترێلیۆن مەتری سێگۆشە دەبێ. قەبارەی گازی نەزاندراویشی، لە نێوچەی یەکەمدا، بە یانزە ترێلیۆن و لە دووەمیشدا بە ٢ - ٥ ترێلیۆن دەخەملێندرێ.

بەردەڕەژوو

تاکوو ئێستا، بەردەڕەژوو لە چەندین نێوچەی کوردستاندا دۆزراوەتەوە و دەردەهێندرێ، شوێنی هەندێکی دیکەش، بە تەواوی دەسنیشان کراوە. گەورەترین کانگای بەردەڕژوو، دەکەوێتە نزیک شارۆچکەکانی ئەلبیستان و جزیرە و سیلوان.لێکۆڵینەوە جیولۆجییەکان، لە لایەن کۆمپانیا ئەورووپاییەکانەوە، بە تایبەتی ئەڵەمانەکان، لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستی پێ کردووە و تاکوو ئەوڕۆش هەر بەردەوامە. پانتایی

ئەستێڵکی ڕەژووی ئەلبیستان و دەوروپشتی، نزیکەی یەک هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەستوورایی ڕینەکانی بەردەڕەژوو لە نێوان ٤٠ – ٨٠ مەتر دەبێ. یەدەکی زانداروی بەردەڕەژوو ٤,٦ ملیۆن تەن دەبێ. لەم نێوچەیەدا، گەلێ کانگای بەردەڕەژوو هەیە، لە هەموویان بەناوبانگتر، ئەوەی گوندی (کیفلی) یە، کە یەدەکی دەست لێ نەدراوی، بە ٣,٢ ملیۆن تەن دادەنرێ.

٠٢ کەرەسەی خانووبەرە

کەرەسەی خانووبەرە لە زۆربەی نێوچوکانی کوردستان هەن، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، بە زۆری دەست دەکەوێ. بەڵام تاکوو ئێستا، بە تەواوی سودیان لێ وەرنەگیراوە. لێرەدا هەندێ لە کەرەسەکانی خانووبەرە، باس دەکەین:

– مەڕمەڕ

لە کانەکانی دیکەی کەرەسەی خانووبەرە، زیاتر دەردەهێندرێ و بەکار دەهێندرێ. بەناوبانگترین جێگای دەرهێنانیشی، ئەمانەن: پێنجوین، چوارتا، قەڵادزێ، هەڵەبجە، ماوەت، گەڵاڵە، کێوی ئارتا، خۆشخان، ڕایات، دەربەند، مەمی خەلان، بێخمە، شەنگار، پردی چۆمان، کارونی، پرپیشە، سوورسوور، خان ئاباد، قەڵای شێخان، سرخە و زج، شترمل، ئەسفەند ئاباد.

– گەچ

گەچ ، کەرەسەیەکی خانووبەرەی گەلێ بڵاوە و لە دروسکردنی خانووبەرەدا، بە تایبەتی لە شارەکاندا، زۆر بەکار دەهێندرێ. ئەو شوێنە گرنگانەی گەچی لێ دەردەهێندرێ، ئەمانەن: سەری ئابلە، باباموورادی سەروو، ماربڕە، شیروان، بلێن جۆی زڕ، بانوشان، سەرتەنک، تاقتاری، شلم، ئابدانان. ئەم جێگایانە هەموویان، دەکەونە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان و بازاڕگەش لە پارێزگای هەولێر دایە.

– کەرەسەی دیکە

کەرەسەی خانووبەرەی دیکەش، لە خۆڵ و زیخ و چەو پێک هاتووە و لە زۆربەی نێوچەکاندا، دەست دەکەون.

٠٣ کانە بریسکەدار و نابریسکەدارەکان

کانە بریسکەدار و نابریسکەدارەکان، لە کوردستاندا زۆرن. بەڵام تاکوو ئەوڕۆ، شوێنی بوونیان و قەبارە و چەشن و هەندێ شتی دیکەیان، بە تەواوی نەزاندراوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش، بە شێوەیەکی کورت لە خوارەوە، باسیان دەکەین و بەپێی توانا، شوێنەکانیان دەسنیشان دەکەین:

ئاسن:

تاکوو ئێستا، کانی ئاسن لە زۆر شوێن دۆزراوەتەوە و بەکار دەهێندرێ. گرنگترین نێوچەکانی ئەمانەن: ئاسناوا، ڕانیە، دەربەند، ڕایات، قەسری شیرین، ئاسیاب (٨٠ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کرماشانەوە دوورە)، دیڤریکی، حەکیم خان، گوڵەمان، ڕاجۆ، کری، عەلەمدار، میرانلی و هەندێ شوێنی دیکەش.

لیگنیت:

نێوچەکانی وان و بینگۆڵ و ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و مەرعەش... هتد، لە نێوچە بەناوبانگەکانی دەرهێنانی لیگنێتن لە کوردستاندا.

زەڕنیخ:

تا ئەوڕۆ لە کوردستاندا، بەناوبانگترین شوێنی دەرهێنانی، لە نێوچەی زڕەشوراتی نزیک شارۆچکەی تکابە، کە دەکەوێتە پارێزگای ئازەربایجانی غەربی.

کرۆم:

شوێنە بەناوبانگ و زانراوەکانی ئەم کانە، بریتین لە پارێزگاکانی مەلاتیە، گازی ئانتەب، ئەلازیغ، ئەرزنجان و نێوچەکانی چیای کورد و گۆڵەمان.

مس: ئەم کانە، لە زۆر شوێن دۆزراوەتەوە، هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن: پالۆ، پێنجوین (کانی مانگا)، چوارتا (ڕۆشان، کوڕەداوێ، کانجڕین)، ماوەت (تیسالاوا، سفیک)، جیرا، شێخ ئەودالان و سەرگە.

مەنگەنیز:

لە نێوچەکانی سلێمانی و پێنجوین و ڕانیە و مەرعەش و ئەرزنجان و گازی ئانتەب و

گەلێ شوێنی دیکە دۆزراوەتەوە و بەکار دەهێندرێ.

گۆگرد:

ئەم کانە لە نێوچەکانی کەرکووک و ڕەئسولعەین و هەندێ جێگای دیکە، دۆزراوەتەوە و بەکار دەهێندرێ. دوور نیيە لە شوێنی دیکەش هەبێ.

ڕەساس:

نێوچەکانی ڕۆژهەلاتی زاخۆ، و باکووری ئامێدی و ڕۆژهەلاتی ڕانیە و ئەرغەنی، ئەم کانەیان لێ دۆزراوەتەوە.

فۆسفات:

مـاردین و گـازی ئانتـەب و چـیای کـورد، بە نێـوچە هەرە بەنـاوبانگەکـانی دەرهێنانی فۆسفات دادەنرێ لە کوردستاندا.

یۆرانیۆم:

ئەگەر پێکهاتەی جیۆلۆجی کوردستـان لەبەر چاو بگرین، ئەوا بـوونی یۆرانیۆم، بە دور نازاندرێ. دەڵێن لە چیای گارەی سەر بە پارێزگای دهۆک و هەندێ شوێنی دیکەش هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، دانیشتووانی کوردستان بەشێکی زۆر لە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، لە کەلوپەلی دروسکراو، بە هۆی ئاسنگەر و دارتاش و جۆلا و چەخماچی و زێڕینگەر و بەرگدروو و پێلاودروو و سەفارچییەوە، دابین دەکەن. بەشێکی دیکەش، بە تایبەتی کەرەسەی نێومالّ و کشتوکالّ، وەکوو بەرمالّ و دووگرد و جاجم و ڕایەخ و فەرش و جەوالّ و شەڵتە و هەگبە و تورەکە، ژنان لە مالّەوە بە تەون دەیانهێننە بەرهەم. ئەوانەشی کە توانای بەرهەمهێنانی لە کوردستاندا نییە، بە تایبەتی هۆیەکانی گواستنەوە (ئۆتۆمۆبێل، ماتۆڕ، پاسکیل)، چەک و ڕادیۆ و ئامرازی کشتوکالّی، لە دەرەوە دەهێندرێن.

پیشەسازی لە کوردستاندا، بە لقێکی ئابووری دواکەوتوو دادەنرێ، ئەمەش لە چەند خالّێکدا دەردەکەوێ، بە تایبەتی لە هاوبەشیکردنی سالانەی ئەم لقە ئابوورییەدا، لە پێکهێنانی بۆدجەی نیشتمانیدا، بە تەواوی دیارە، کە ڕێژەکەی لە ٥٪ کەمترە. هەروەها ژمارەی کرێکاران، کە ڕێژەکەیان لە ١٪ی گشت دانیشتووانی چالاکی ئابووریی زیاتر نییە. ئاستی هونەری کە لە کوردستاندا زۆر نزمە، لەبەر تەشەنەنەکردنی خوێندەواری و نەبوونی خوێندنگای زانستیە لە نێو کرێکاراندا. خالّێکی گرنگی دیکە ئەوەیە، کە دەولّەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەرنامەی هێشتنەوەی کوردستان، بە دواکەوتوویی پەیڕەو دەکەن. هەروەها بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، پارە و سەرمایە چ لە لایەن خەلّکییەوە و چ لە لایەن دەولّەتەوە، لە بواری پیشەسازیدا بەگەڕ ناخرێ، ئەویش لەبەر ئەوەی، لەوە دەترسن قازانج نەکەن و دەسمایەکانیان لە کیس بچێ. جگە لەو بارودۆخە نائاسایی و نائاسایش و جەنگەی، ئەوڕۆ لە سەرتاپای کوردستاندا، بە شێوەیەکی بەردەوام لە ئارا دایە. سەرەڕای ئەمانەش هەمووی، لە دەسچوونی سەربەخۆیی ڕامیاریی و نەبوونی دامودەزگایەکی ناوەندی و قەوارەیەکی کوردستانی، تا هەموو جۆرە پلانە پیشەسازییەکانی سالانە دابڕێژێ و لە چوارچێوەی کۆمەلّگەی کوردەوارێدا، وەگەڕی بخات. خەسلّەتە گرنگەکانی پیشەسازی کوردستان، کە لە ئاکامی ڕوونکردنەوەکانی پێشوودا هاتونەتە کایەوە، هەندێکیان ئەمانەن:

*بچوکی دەزگاکانی کار:

ژمارەی دەزگاکانی پیشەسازی لە سالّی ١٩٨٠دا، نزیکەی ٣٧ هەزار دەزگا بوو،

لەوانە ٩٦٪ (٣٥ هەزار) یان، لەو جۆرە دەزگایانە بوون، کە لە ١٠ کرێکار کەمتر، کاریان تێدا دەکردن، واتە دەزگای پچوک پچوک بووون. تەنیا لە ٤٪ (دوو هەزار) یان نەبێ، لەو دەزگایانە بوون کە دە کرێکار و زیاتر کاریان تێدا دەکردن، واتە دەزگای گەورە بوون.

+یەکجۆری بەرهەم:

زۆربەی زۆری دەزگاکانی پیشەسازی (٩٠٪)، بۆ بەرهەمهێنانی کەرەسە پێویستییەکانی خواردن تەرخان کراون، چونکە ئەم بەرهەمە، نە پێویستی بە سەرمایەیەکی گەورە هەیە و نە شارەزاییەکی زۆریشی دەوێ، لە هەمان کاتیشدا، بازاڕی ساغبوونەوەشی کەم نییە.

+ هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵ بازاڕی دەرەوەدا

بەرهەمی پیشەسازی کوردستان، بازاڕی پیشەسازی دەرەوەی زۆر کەمە، چونکە بەرهەمەکانی لە ڕووی چەندایەتییەوە، زۆر نزمن. لەبەر ئەوە دەبینین، بازاڕەکانی نێوخۆ بە یەکەمین سەرچاوەی سەرفبوونی بەرهەمە پیشەسازییەکانی کوردستان دادەنرێن.

+ کرێکارەکانی دەزگا جۆربەجۆرەکانی کوردستان، زۆربەیان لەو جۆرە کرێکارانەن، کە لە ڕووی خوێندەوارییەوە دواکەوتوون و پلەی شارەزاییان لە کاروباری پیشەسازیدا نزمە، یاخود هەر شارەزاییان نییە، جگە لەوەی پیشەسازییەکانی کوردستانیش، لەو جۆرە پیشەسازییانە نین، کە لەو جۆرە کرێکارانەیان زیاتر پێویست بێ.

+دواکەوتوویی ئامرازەکانی پیشەسازی

خاوەن پیشەکان هەتاکوو ئێستا، هەمان ئامراز لە دروسکردنی بەرهەمەکانی پیشەسازیدا بەکار دەهێنن، کە سەدان ساڵ لەمەوبەر، باووباپیرانمان لە پیشەسازیدا، بەکاریان هێناوە، وەکوو هەمووشمان دەزانین، توانای ئەم ئامرازانە، لە بەرهەمهێناندا زۆر کەمە.

+نزمی تێکڕای ژمارەی کرێکار

ئەوڕۆ تێکڕای ژمارەی کرێکار، لە دەزگا پیشەسازییەکاندا لە دە کرێکار کەمترە، (١٩٨٠ - ٦ کرێکار). ئەم ژمارەیە لە دەزگا گەورەکاندا، شەش جار زیاترە، (١٩٨٠ -

٥٤,٤ کرێکار) و لە دەزگا پچوکەکاندا سێ جار کەمترە، (١٩٨٠ - ٣,٢ کرێکار).
بچوکی شوێنی دەزگا پیشەسازییەکان

بەرهەمهێنانی شتومەکی پیشەسازی، زیاتر لە ماڵەکان و دوکانەکاندا دەکرێ، وەک لەوەی لە کارگەکاندا بهێندرێتە بەرهەم، ئەوەش هۆکەی بۆ پچوکی دەزگاکانی بەرهەمهێنان و کەمی ژمارەی کرێکاران و نزمی ئاستی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە.

+ خڕبوونەوەی دەزگا پیشەسازییەکان لە شارەکاندا

ئاماری گشتی پیشەسازی وا نیشان دەدات، کە بەشی هەرە زۆری دەزگا پیشەسازییەکان (گەورە و گچکە)، لە شارە گەورەکانی کوردستاندا کۆ کراونەتەوە. ئەمەش زیاتر بۆ بوونی کرێکاری شارەزا و بازاڕ و ڕێگەی هاتوچۆکردنی ئاسان و باجی کەم دەگەڕێتەوە. لە نێو هەموو شارەکانی کوردستانیشدا، شارەکانی گازی ئانتەب، ورمێ، ڕیزی پێشەوەیان بۆ خۆیان داگیر کردووە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٣).

گرنگترین پیشەسازییەکانی کوردستان و دابەشبوونی شوێنی جوگرافییان:

دابەشکردنی کەلوپەلە پیشەسازییەکان، لە نێوان جوگرافیزانەکان و پسپۆڕانی پیشەسازیدا، بە چەند ڕێگایەک بە ئەنجام دەدرێن، وەک قورسی و سوکی، دەسکرد و کارگەیی، کۆن و نوێ، دەرهێنان و گۆڕین... تاد. هەر یەکێ لەم جۆرە دیاریکردنانە، بۆ کۆمەڵگەیەکی تایبەت و بارێکی ئابووری دیاریکراو دەگونجێن و هەمووشیان بە تەواو و ڕێکوپێک دادەنرێن، ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی ڕاست بەکار بهێندرێن. نووسەر بە لەبەرچاوگرتنی باری ئابووری و کۆمەلایەتی و جۆری کەرەسە خاوەکان و ڕادەی بەکارهێنانیان، ئەم ڕێگەیە دەگرێتە بەر، کە پیشەسازی بەسەر دەرهێنان و گۆڕیندا، دابەش دەکات:

خشتەی ٤٣ دەزگای پیشەسازی و کرێکاران لە پارێزگاکاندا، ساڵی ١٩٨٠

سەر ناوچە	دەزگە		کرێکار	
	گچکە	گەورە	گچکە	گەورە
ئادیەمان	٥٧٨	–	–	–
ئاگری	–	–	–	–
بینگۆڵ	٢٠٦	–	–	–
بدلیس	٢٦١	٨	–	–
دیاربەکر	١٠٣٨	٢٨	–	–
ئەلازیغ	١١٥٥	٤٦	–	–
ئەزرنجان	٦٢٣	٤٧	–	–
ئەرزەڕۆم	١٠٦١	٧٠	–	–
گازی ئانتەب	٤٥٩٢	٥٥٥	–	–
هەکاری	٦٧	١	–	–
مەلاتیە	١٥٧٠	٥١	–	–
مەرعەش	١٨٤٠	٧٧	–	–
ماردین	٨٧٢	١١	–	–
موش	٢١٨	٣	–	–
سیرت	٥٦٤	١١	–	–
دەرسیم	١٣٧	–	–	–
ئۆرفە	١٦٤٤	٣٠	–	–
وان	٥١٨	٣٢	–	–
نەینەوا	٣٩٥٧	١٧	٨٨١٧	١٢٥٤٠
کەرکووک	١٦٨٥	٤٢	٣٢٦٦	٢٥٠٢
دهۆک	٢٧١	٧	٤٧٦	٦١٥
هەولێر	١٥٢٠	٥٢	٣٤٠٨	٧٥٢١
سلێمانی	١٤٩٧	٤١	٢٨٩٧	٣٢٩١
ئازربایجانی غ	–	١٣٠	–	٥٣٥٣
کرماشان	–	٥٥	–	٤٨٧٢
کوردستان	–	٤٩	–	١١٢٠
بەختیاری	–	٨٦	–	٩٥٥
ئیلام	–	٦١	–	٤٥٩٠
لورستان	–	٥	–	١٦٢
کوهگیلویە	–	٧	–	١٤٨

١. پیشەسازییەکانی دەرهێنان

بریتییە لە دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی و گۆگرد و ئاسن و گەلێ کانزای دیکە.

١/ پیشەسازی دەرهێنانی نەوت:

کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەوروپایی، وەکوو کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – فارسی (١٩٠٩ز)، کۆمپانیای نەوتی بەختیاری، کۆمپانیای نەوتی ئێرانی نیشتمانی (١٥ مارسی ١٩٥١)، کۆنسۆریم (ئۆگەستی ١٩٥٤ز)، کۆمپانیای نەوتی ئەڵەمانی (١٨٨٨ز)، کۆمپانیای مافەکانی ئەفەریقا و ڕۆژهەلات (١٩١٠ز)، کۆمپانیای نەوتی تورکی (١٩١٤ز)، کۆمپانیای نەوتی عێراق (١٩٢٩ز)، کۆمپانیای نەوتی خانەقین (١٩٢٧ز)، کۆمپانیای پالاوتنی نەوتی عێراق (١٩٥٢ز) کۆمپانیای تاووتوێکردنی نەوتی بەریتانیا (موسڵ ـ ١٩٢٥ز)، کۆمپانیای عێراق بۆ کارەکانی نەوت (١٩٧٢ز)، کۆمپانیای نەوتی کۆنکۆردیای ئەڵەمانی (١٩٥٦ز)، کۆمپانیای مونهیل لە کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکی، کۆمپانیای گشتی بۆ پترۆڵی سووری (١٩٥٨ز)، کۆمپانیای نەوتی تورکی، کۆمپانیای نەوتی ئەرسان، کۆمپانیای نەوتی مۆبیل ڕانت، کۆمپانیای شێل... هتد. ئەمانە هەموویان، هەریەکەیان لەسەردەمێکدا، بە دوای نەوتدا گەڕاون و دەریان هێناوە و پالاوتوویانە و بۆ دەرەوەشیان ناردووە.


نەوت لە ٢٦ مانگی مای ساڵی ١٩٠٨دا، بۆ جاری یەکەم لە کوردستاندا، ڕەنگە لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاشدا، لە قولایی ١٢٠٠ مەتر. لە نێوچەی مەیدانی نەفتون (دواتر مەسجیدی سلێمان) و لە شوێنێ بە ناوی خەروەسان، دوای زیاتر لە بیست ساڵ، بە واتەیەکی دیکە، لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧زدا، لە نێوچەی بابەگوڕ.گوڕی شاری کەرکووک، لە هاوینی ١٩٤٠زدا، لە ڕامانشەلۆی (باتمان) و لە ١٩٥٦ لە قەرەشۆک (قەرەچوغ) (قەزای مالکیە) دۆزراوەتەوە. لەو کاتەوە تا ئەوڕۆ، هەزاران ملیۆن تەن نەوت، لە خاکی کوردستان دەرهێنراوە، هەر هەمووشی بێگانەی داگیرکەر، زۆربەیان بۆ خۆیان بردووە و خێراتەکەشیان خواردووە، لەبری ئەوەی کوردستانی پێ ئاوەدان بکەنەوە، بە پێچەوانەوە، بە تەواوی لات و وێرانیان کردووە.

ئاماری نەوتی کوردستانمان (لە ساڵی دەرهێنانییەوە تاکوو ئەوڕۆ) لەبەر دەستدا نییە، چونکە ئاماری هەر نێوچەیەکی نەوت، بە تەنیا بلاو ناکرێتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی هەندێ ژمارە پێش چاو دەخەن. بە پشتبەستن بەم ژمارانە و ئەوانەی دەزگا نێونەتەوەییەکان بلاوی دەکەنەوە، لەگەڵ هەندێ ئاماری دیکەشدا، ژمارەکانی نێو خشتەی ژمارە (٤٤) پێشنیاز دەکەین لەگەڵ گرافی ژمارە ٨.

خشتەی ٤٤ بەرهەمهێنانی نەوت (ملیۆن بەرمیل)، ١٩٦٥-١٩٩٠ (خامڵاندن)

ساڵ	کۆ	چاڵگە باکوور	چاڵگە ڕۆژهەڵات	چاڵگە باشوور
١٩٦٥	٩٩١٩٥	١٥٣٤١	٤٥٤٧٧	٣٨٣٧٧
١٩٦٦	٨٩٥٥٦	٢٠٤١	٣٩٧٧٣	٤٧٧٤٢
١٩٦٧	٨٣١١٦	٢٧٢٥	٣٩٤٥٦	٤٠٩٣٥
١٩٦٨	٩٥٦٤٥	٣١٠٣	٤٥٩٥١	٤٦٥٩١
١٩٦٩	١١٧٣٦٩	٣٥٩١	٥٧١٩٥	٥٦٥٨٣
١٩٧٠	١٢٤٣٤٧	٧٧٨٧	٥٨٦٩٦	٥٧٨٦٥
١٩٧١	١٣٥١٦٢	٨٤٥٦	٦٣٤٥٢	٦٣٢٥٤
١٩٧٢	١٢٩٧٥٩	٩٢٥١	٦٣٨٢٥	٥٦٦٨٣
١٩٧٣	١٤٠١٣٦	٩٧٣٥	٦٧٦٢٢	٦٢٧٧٩
١٩٧٤	١٥١٨٥٢	١٢٥٦٧	٦٩٧٤٢	٦٩٥٤٣
١٩٧٥	١٤٥١٢٤	١٢٦٣٤	٦٦٧٢٤	٦٥٧٦٦
١٩٧٦	١٥٥٥٢٦	١١٨٣٠	٧٠٢٧١	٧٣٤٢٥
١٩٧٧	١٥٦١٧٩	١١٨٤٧	٧٠٣٩٦	٧٣٩٣٦
١٩٧٨	١٥٧٧٨٥	١١٤٩٧	٧٢٤٥٩	٧٣٨٢٩
١٩٧٩	١٦٢٦٩١	١١٩٢٤	٧٣٥٣٢	٧٧٢٣٥
١٩٨٠	١٥٧٣٧٤	١١٧٤٧	٧٢٨٩٩	٧٢٧٢٨
١٩٨١	١٤١٤١٢	١١٨٥٦	٦٦٩٣٥	٦٢٦٢١
١٩٨٢	١٣٥٠١٨	١١٣٤٣	٦٤٢٩١	٥٩٣٨٤
١٩٨٣	١٠٣٨٤٢	١١٥٦٢	٤٣٢٩٨	٤٨٩٨٢
١٩٨٤	١٠٠٣٠٩	١١٥٠١	٤٢٨٢٩	٤٥٩٧٩
١٩٨٥	١٧٦٥٦٦	٩٢٣٨٣	٤١٢٨٩	٤٢٨٩٤
١٩٨٦	١٠٩١١٦	١١٧٦١	٤١٣٣٣	٥٦٠٢٢
١٩٨٧	١٣٣٧٢٣	١٤٧٩٢	٥٠٩٠٨	٦٨٠٢٣
١٩٨٨	١٥٠٨٢٨	١٦٧٣٣	٦٥٠٧٠	٦٩٠٢٥
١٩٨٩	١٧٣٧٦٣	٢١٢٠٥	٦٨٣٠٢	٨٤٢٥٦
١٩٩٠	١٧٣٤٧٩	٢٠٤٨٥	٦٨٤٢٥	٨٤٥٦٩

گرافی ٨، نەوت



بەرهەمی نەوت لە کوردستاندا، وەکوو لە ژمارەکانی نێو خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، لەم چارەکە سەدەیەی دواییدا، لە١٩٥ ٩٩ ملیۆن تەنەوە بووە بە ٤٧٩ ١٧٣ ملیۆن تەن، واتە زیادەکە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ - ١٩٩٠زدا، ٢٨٤ ٧٤ ملیۆن تەن نەوت بووە، ئەگەر هەر تەنێکی بە ١٢ دۆلاریش فرۆشرابێ، ئەوا پارەکەی ٧٤٨ ٠٨١ ٢ ملیۆن دۆلار دەکات.

بەرهەمی ساڵانەی نەوت لە کوردستاندا، لە سێ نێوچەی سەرەکی نەوت پێک دێت، کە هەریەکەیان بە ئەندازەی توانای خۆیان، لە پێکهێنانی ئەو داراییەدا هاوبەشن. سەیری خشتەی ژمارە (٤٤) و گرافی ژمارە ٩ بکە.

- بەرهەمی نێوچەی نەوتی باکوور

بەرهەمی ئەم نێوچە نەوتییە، لە ١٢٪ی تێکڕای نەوتی کوردستان دەبێ. نەوت بەردەوام لە زیادبوون دایە و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ - ١٩٩٠زدا، لە ٣٤١ ١٥ ملیۆن تەنەوە زیادی کرد بۆ ٤٨٥ ٢٠ ملیۆن تەن، واتە زیادییەکەی زیاتر لە نزیکەی پێنج ملیۆن تەن بوو. کۆمپانیا نەوتییەکان، ئەم بەرهەمە بەو شێوەیە لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. کۆمپانیای شێل - ٤٤٪ و کۆمپانیای نەوتی تورکی - ٣٩٪ و کۆمپانیای نەوتی مۆبیل یانۆیل - ١٦٪ و کۆمپانیای نەوتی ئەرسان - ١٪ی گشت بەرهەمەکەیان بەردەکەوێ.


- بەرهەمی نێوچەی نەوتی ناوەڕاست

نێوچەی نەوتی نێوەڕاست، ساڵی لە ٣٩٪ی نەوتی گشت کوردستانی لێ بەرهەم دەهێنرێ، قەبارەی بەرهەمەکەشی هەر لە زیادبوون دایە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٥زدا، ٤٧٧ ٤٥ ملیۆن تەن بوو، لە ساڵی ١٩٩٠دا، گەیشتە٤٢٥ ٦٨ ملیۆن تەن، واتە لەو ٢٥ ساڵەی دواییدا، ٩٤٨ ٢٢ ملیۆن تەنی زیاد کردووە. هەموو نەوتەکە، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی عێراق بۆ کاروباری نەوت بەرهەم هێنراوە.

- بەرهەمی نێوچەی نەوتی باشوور

ڕێژەی بەرهەمی ئەم نێوچە نەوتییە، لە ٤٩٪ی هەموو بەرهەمی نەوتی ساڵانەی کوردستان پێک دەهێنێ. بەرهەمەکەی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ - ١٩٩٠ زز، لە٣٧٧ ٣٨ بەرمیل نەوتەوە بۆ ٥٦٩ ٨٤ ملیۆن بەرمیل زیادی کردووە، واتە لەو ماوەیەدا ١٩٢ ٤٦ ملیۆن تەن زیادی کردووە. نەوتی ئەم نێوچە نەوتییە، لە لایەن کۆمپانیای نیشتمانی ئێران و کۆنسۆریم (کۆمەڵەی کۆمپانیای نەوتی ئەوروپا) دێتە بەرهەم.

گرافی ٩



بەرهەمی نەوتی هەرێمەکان، ١٩٩٠

پیشەسازی دەرهێنانی گازی سروشتی

بەرهەمی ساڵانەی گازی سروشتی، لە نێوچە نەوتییەکانی کوردستان، باکوور و نێوەڕاست و باشوور، چەندین ملیۆن مەتری سێگۆشە دەبێ، بەڵام بە داخەوە بەشی هەرە زۆری، هەر لە شوێنی بەرهەمهێنانی بە خۆڕایی دەسوتێندرێ، بەشەکەی دیکەشی لە هەندێ شوێن، بۆ دروسکردنی گۆگرد بەکار دەهێنرێ، لەم ساڵانەی دواییشدا، لە سنوورێکی زۆر دیاریکراودا، بۆ پێویستی ڕۆژانەی خەڵکی بەکار هێنراوە. لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا، کەرەسەیەکی خاوی گازی سروشتی زۆر و زەبەندەی تێدایە، بازاڕیشی گەرمە، دیارە پیشەسازی گازی سروشتی، دواڕۆژێکی باشی دەبێ.

پیشەسازی دەرهێنانی مەتیریاڵە جۆربەجۆرەکانی دیکە

پیشەسازییەکی دواکەوتووە و بەرهەمی ساڵانەشی لە چەند هەزار تەنێ تێپەڕ ناکات. بۆ نموونە، لە نێوچەی دێڤریگی – ٩٠ هەزار تەن لە خۆڵی ئاسن، لە نێوچەی مەلاتیە – ٤٥ هەزار تەن لە خۆڵی کرۆم و ٤,٢ ملیۆن تەن بەردەخەڵوز، لە نێوچەی کەبان – ٢٠ هەزار تەن لە خۆڵی قوڕقوشم، لە نێوچەکانی مەعدەن و ئەرغەنی ـ٣٠ هەزار تەن لە خۆڵی مس، لە نێوچەی عەفرین – ٦٠ تەن گۆگرد.

٠٢ پیشەسازییەکانی گۆڕین

پیشەسازییەکانی گۆڕین، لە ڕووی بەرهەمی ساڵانە (٨٥٪) و ژمارەی کرێکار (٥٩٪) و دەزگاکانی بەرهەمهێنانەوە (٩٦٪)، لە ساڵی ١٩٨٥ی زایینیدا، گەورەترین سەرچاوەی بەرهەمی نیشتمانی پێک دەهێنا. پیشەسازییەکانی گۆڕین ئەمانەن:

- **پیشەسازییەکانی خۆراک**

بریتییە لە هەموو ئەو جۆرە پیشەسازیانەی کە لە ماڵەکاندا بە ئەنجام دەگەیەندرێ، وەکوو نانکردن، چێشتلێنان، خۆشاو دروسکردن، دۆ و ماست و پەنیر و کەرە دروسکردن، ڕۆنگرتن، دۆشاوگرتن و گەڵێ خواردنی دیکەش، کە تا کۆتایی پەنجاکان، بە زۆری لە ماڵەکان دروست دەکران، خەڵکی ئەو نێوچانەی کە خواردەمەنییەکانی لێ دروست دەکرا، پێویستییان بە بازرنە بوو. بەڵام دوای ماوەیە، لە ئەنجامی گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکاندا، خەڵکی وردە وردە بۆ دابینکردنی نەک هەر خواردنی ساڵانەیان، بەڵکوو بۆ

کڕینی خواردنی ڕۆژانەشیان، ڕوویان کردە بازاڕ و کڕین و فرۆشتن، لە ماڵەکاندا کەم بۆوە. ئەمانە هەموو پێکەوە، بوونە هۆی ئەوەی، بواری بخولقێنێ و کارێکی زۆر لەو بوارانەدا پەیدا ببێ، بە سەدان دەزگای بەرهەمهێنانی خواردەمەنی، لە دوکان و کارگە و فابریکەکاندا بەرهەم بهێندرێ. پیشەسازییەکانی خواردن گەلێکن، بەڵام ئێمە لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین:

– پیشەسازی هاڕین

هاڕین بە یەکێ لە کۆنترین پیشەسازییەکانی کوردستان دادەنرێ. دۆزینەوە و پەیدابوونی ئەم پیشەسازییە، بۆ سەرەتای چاندنی دەغڵودان لە گردی چەرمۆ و شوێنەکانی دیکەی وڵات دەگەڕێتەوە. لە سەرەتاوە خەڵکی گەنم و جۆیان، بە بەرد دەکوتا و دەهاڕی. لە دواییدا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، جۆنیان بەکار هێنا، دواتریش دەستاڕ و ئاشی ئاو هاتە کایەوە. لە چلەکانیشەوە خەڵکی ئاشی ئاگر و لە کۆتایی حەفتاکانیشەوە، مەکینەی هاڕینی ئاردی کۆلانان بەکار هێنرا. ئەم ئامرازانە، لە هەموو شارەکان و زۆربەی گوندەکانی کوردستان هەن.

ئارد بە پلەی یەکەم بۆ نانکردن بەکار دەهێندرێ، ئینجا بۆ ماکەرۆنی و هەڕشتە و پاقلاوە و هەندێ پیشەسازی خواردنی دیکەش دەبێ. پێویستی ساڵانەی کوردستان لە ئارد، دەگاتە چەند هەزار تەنێک، کە بەشێکی زۆری لە نێو وڵاتەکە خۆیدا، بەرهەم دەهێندرێ.

– پیشەسازی ڕۆنی ڕووەک

بەرهەمی کوردستان لە ڕۆنی ساغ، تا سەرەتای پەنجاکان، بەشێکی زۆری لە پێویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەم وڵاتە، دابین دەکرد. بەڵام دوای زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و کەمبوونەوەی ڕۆنی ساغ، لە ئەنجامی سەربڕینێکی زۆری بێسەروبەری ئاژەڵەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێویاندا و بەرزبوونەوەی پلەی مردنی ئاژەڵەکان و گەشەکردنی باری ئابووریی و گەرمبوونی بازاڕی کڕین و فرۆشتن و تەسکبوونەوەی پانتایی لەوەڕگاکان و ماندوبوونی بێ ڕادەی ئاژەڵدارەکان بە بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەوە، بەرهەمهێنانی ڕۆنی ساغ، بە شێوەیەکی لەبەرچاو کەمی کرد، بە ڕادەیەک خەڵکی ناچار بوون، لە خواردنی ڕۆژانەیاندا، ڕۆنی ڕووەک بەکار بهێنن. بەشی زۆری ئەو جۆرە ڕۆنە، لە ڕووەکەکانی گوڵەبەڕۆژە و کونجی و تۆوی لۆکە و کەتان... تاد دەردەهێندرێ. ئەوەی

دڵخۆشکەرە، ئەم جۆرە ڕووەکانە لە کوردستاندا دەڕوێن. ئەوڕۆ لە شارە گەورەکاندا، چەندین جۆر کارگەی بەرهەمهێنانی ڕۆنی ڕووەک دامەزراوە.

– پیشەسازی شەکر

توانای بەرهەمهێنانی کەرەسەی خاوی شەکر (چەوەندەر و قامیشی شەکر)، بە نرخێکی هەرزان و پەرەسەندنی بەکارهێنانی شەکر لە کوردستاندا، لە ئەنجامی نەشونماکردنی ژمارەی دانیشتووان و پەیدابوون و گەرمبوونی بازاڕەکانی نێوخۆ و گەشەکردنی بازرگانییەکنی دەرەوەی وڵات و پاراستنی پارەی قورس، ئەمانە هەمووی وای لە کاربەدەستانی دەوڵەت کردووە، لە هەندێ لە شارەکانی وڵاتدا، بیر لە دامەزراندنی کارگەی شەکر بکەنەوە. لێرەدا پەنجە بۆ هەندێ لەو کارگانە ڕادەکێشین:

– کارگەی شەکری ئیسلام ئابادی غەربی: ئەم کارگەیە لە ئیسلام ئابادی غەربی سەر بە پارێزگای کرماشان، لە ساڵی ١٩٣٤ی زایینیدا دروست کراوە. بەرهەمی ساڵانەی تەنیا ٦٥٠ تەن شەکرە. سەرچاوەی کەرەسەی خاوی، لە چەوەندەری کێڵگەکانی دەوروبەری هەمان پارێزگا پێک هاتووە. کارگەیەکی زۆر پچکۆلەیە و بەرهەمەکەشی، تەنیا بەشێکی کەم لە پێویستییەکانی دانیشتووانی ئەم بەشە ئیدارییە دابین دەکات.

– کارگەی شەکری کرماشان: ئەم کارخانەیە لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینیدا دروست کراوە، بەرهەمی ساڵانەی ٧٠٠ تەن شەکر و قەندە. بەرهەمەکەی گەلێ کەمترە، لە پێویستی پارێزگای کرماشان، بەڵام دەتواندرێ بەرهەمەکەی زیاد بکرێ، ئەگەر بەرهەمی چەوەندەر و قامیشی شەکر لە کێڵگەکان، زیاتر بچێندرێ.

– کارگەی کۆمپانیای گشتی شەکری موسڵ: یەکێکە لە کارخانە گەورەکانی شەکری کوردستان، لە ساڵی ١٩٥٧ی زایینیدا، لە باشووری شاری موسڵ، دەست بە دروسکردنی کراوە و لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٨دا تەواو بووە و لە مانگی دێسەمبەری هەمان ساڵدا، دەستی بە بەرهەمهێنانی شەکر کردووە. ئەم کارگەیە دوو ملیۆن و نیو دیناری عێراقی تێچووە.

توانای بەرهەمهێنانی ئەم کارگەیە، لە سەرەتای دامەزراندنیدا تەنیا ٨٠ تەن شەکری سپی بوو، کە لە ٨٠٠ تەن چەوەندەر دەردەهێنرا و زۆربەشی لە دەوروبەری شارۆچکەی

مـەخـمـور دەچێندرا. هەر بە تەواوبوونی چەوەندەری وولات، هەمـوو سـاڵێ کـارگـەکـە لە کارکردن و بەرهەمهێنان دەوەستێ، تا کەڕی ئایندەی کشتوکاڵ دەست پێ دەکاتەوە.

کـارگـەرانی کـارگـەکـە بیـر لـەوە دەکـەنەوە، کـە بە شـێـوەیەکی بـەردەوام کـار بکەن و کارگەکە لە کـارکردن و بەرهەمـهێنان ڕانەوەسـتێ، تا بەو شێوەیە بتـوانن، بەرهەم زیاد بکەن و قـازانجـێکی پتـر بە دەست بهـێنن، بۆیە پاش تەواوبوونی وەرزی چەوەندەر، هەمـوو سـاڵێ لە دەرەوەی وولات، ١٠٨ تەن شەکری خـاویان بۆ دەهێنا، لەو شـەکرە خـاوەش، ١٠٠ تەن شەکری سپییان دەردەهێنا. بەو شێوەیە توانای بەرهەمهێنانی کارگەکە زیادی کرد و بەرهەمی سـاڵانەی گـەیشـتـە ١٨٠ تەن. کـارگـەی شـەکری مـوسڵ، لەبـەر نەبوونی کـرێکاری شـارەزا و لێـزان، کـەمـی بەرهـەمـی سـاڵانەی وولات لە کـەرەسـەی خـاو - چەوەنـدەر، هەتا ئەوڕۆ هەموو تواناییەکی بەرهەمـهێنانی بەگەڕ نەخسـتووە. بەرهەمی ئێسـتـای ئەم کارگەیە، لـە دەوروبـەری ١٥٠٠ تـەن (١٩٧١ - ١٧٣٠ تـەن)، (١٩٧٢ - ٨٩٠ تـەن)، (١٩٧٣ - ٣٤١ تەن). لە شەکری سپی، کڵۆ، ئالیک، نورە، هەویربەترشە.

- کارگەی شەکری میاندواو: کەوتۆتە شارۆچکەی میاندواوی ئازەربایجانی غەربی، لە سـاڵی ١٩٣٤ی زاییـنیـدا دروست کـراوە. بەرهەمـی سـاڵانـەی لە سـەرەتای دروسکردنیـدا، تەنیا ٦٥٠ تەن بوو، لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا، دوو تا سێ جار بەرهەمی سـاڵانەی زیادی کرد و گەیشـتە ٢٠١ ٢٦ تەن. ئەم کارگەیە ساڵی تەنیا ٢٠٧ ڕۆژ کـار دەکا، ڕۆژەکانی دیکە لەبەر نەبوونی کەرەسەی خاو، لە کارکردن دەوەستێ.

- کـارگـەی شـەکری ورمـێ: ئەم کـارگـەیە لە سـاڵی ١٩٣٩ی زایینیـدا، لـە شـاری ورمـێ دامـەزراوە، بەرهەمـی سـاڵانەی لە سـەرەتادا، تەنیـا ٧٠٠ تەن شـەکر بوو، لە دواییدا زیادی کرد تا لە سـاڵی ١٩٨٩ی زایینـیدا، گـەیشـتـە ٢٥٤ تەن لە شـەکری ورد و کڵۆ. کـارخـانەی شـەکـری ورمێ، لەبەر نەبـوونی کـەرەسـەی پێـویست، هـەمـوو ڕۆژەکـانـی سـاڵ کـار نـاکـات، بەڵکوو کە چەوەندەری لێ بڕا، ئیدی لە کارکردن دەوەستێ.

- کـارگـەی شـەکری خـوڕەم ئـاباد: لەم سـاڵانەی دواییدا دامـەزراوە. تێکڕای بەرهـەمـی ڕۆژانەی ١٢٠٠تەنە لە شەکر و کڵۆ. بەرهەمـی سـاڵانەشی لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا ٨٣٠٠ تەن بوو. ساڵی تەنیا ٦٢ ڕۆژ کار دەکات، ڕۆژەکانی دیکە لەبەر نەبوونی کەرەسەی خاو، لە کار دەوەستێ.

- پیشەسازی سپیایی

مەڕدارەکان و خاوەن مانگا و گامێشەکان، لە شیری ئاژەڵەکانیان ماست و پەنیر و کەرە و دۆ و کەشک، بە هەموو جۆرەکانییانەوە، دروست دەکەن. ئەم کارانەش بە شێوەیەکی گشتی، لە لایەن ژنانەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێ و بە هەمان شێوەی دەیان ساڵی لەمەوبەر، تاکوو ئێستاش لە ماڵەکاندا، مەشکە و مەنجەڵی سفر و زنجیردار و پێستە و هەموو جۆرێ لە ئامرازە سەرەکییەکانی ئەم پیشەیە، نەوەک هەر لە نێو کۆچەرەکان، بەڵکوو لە نێو نیشتەجێکانیشدا بەکار دەهێندرێ. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، لە زۆر نێوچەی کوردستان، بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا، بۆ بەرهەمهێنانی سپیایی، گەلێ کارگە پەیدا بوون، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانەدا بوو، کە بەسەر شێوازی بەخێوکردنی مەڕومالاتدا هات و هەندێ کێڵگەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ کرایەوە، کە خۆی لە بەخێوکردنی مانگا و گامێشدا دەبینی. کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سپیایی لە شارەکانی ئەرزنجان و وان و هەولێر و کرماشان... هتد دامەزران، هەندێکاین وەکوو ئەمانەی لای خوارەوە، بایەخی تایبەتییان هەیە:

- کۆمپانیای سپیایی ورمێ

ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٨١ی زایینیدا، بۆ بەرهەمهێنانی ماست و پەنیر و کەرە و سەرتو و ڕۆنی خاو، لە شاری ورمێ دروست کراوە. بەرهەمی لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا، ٣٢١٦ تەن بوو، (١٩٨١ – ٤٢٥٥ تەن) و دەسکوتی ساڵانەشی ٢٠٦ ملیۆن ڕیاڵ بوو (١٩٨١ – ١٧٣ ملیۆن ڕیاڵ).

- کۆمپانیای سپیایی جەیلان پینار

کۆمپانیایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی سپیایی و بەخێوکردنی ئاژەڵە لە کوردستاندا. بەرهەمی ساڵانەی لە ماست و پەنیر دەگاتە سەدان تەن و لە گۆشت لە چەند هەزار تەنێ تێپەڕ دەکات. لەم کۆمپانیایەدا سێ هەزار کرێکار کار دەکەن.

- پیشەسازی لە قتوکردن

ئەگەرچی هەڵگرتنی گۆشت و پەنیر و دۆشاو و دۆشاوی تەماتە و هەندێ بەرهەمی دیکەش، لە گۆزەی شین و مەشکە و پێستە و مەنجەڵدا لە کوردستاندا باوە، لە قوتوکردن تاکوو ساڵەکانی شەستیش نەبوو، بەڵام لەو ساڵانە بە دواوە، لە هەندێ شوێن کارگەی

تایبەتی بۆ لە قوتوکردنی خواردەمەنی، بە تایبەتی بەرهەمی کشتوکاڵ، لە هەریر و دهۆک و دیاربەکر و کرماشان و هەندێ شوێنی دیکە، پەیدا بوون. پیشەسازی لە قوتوکردن لە لایەکەوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی کشتوکاڵ، لە نێوچە دوورەکان لە بازاڕەوە، لە ڕزین و لەنێوچوون ڕزگار دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە، خواردەمەنی جۆراوجۆر، لە وەرزەکانی بەرهەم نەهێناندا، بۆ خەڵکی دابین دەکات.

- پیشەسازییەکانی دیکە

پیشەسازی سرکە لە کوردستاندا زۆر بڵاوە، بە تایبەتی لەو نێوچانەدا کە میوەیەکی زۆری لێ دەڕوێ، وەکوو ترێ و هەرمێ و هەنار و هەنجیر. هەروەها وشککردنەوەی ناوکە کولەکە و دەنکە گوڵەبەڕۆژە و بایەم و فستق... تاد لە زۆربەی زۆری نێوچەکانی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێ.

٢/ پیشەسازییەکانی چنین و ڕستن

پیشەسازی چنین و ڕستن، بە یەکێ لە هەرە پیشەسازییە کۆنەکانی کوردستان دادەنرێت. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان، بە تایبەتی ژنان لە ماڵەکان و لە کارخانەکان، لەم بوارەدا چالاکی ئابووری خۆیان دەنوێنن. بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازی خۆماڵی، خۆی لە چەند هەزار تەنێ دەدات و بەشێکی گەورە لە پێویستییەکانی دانیشتووانی وڵات. دابین دەکات. ئەم پیشەسازییانەش بریتین لەم جۆرانەی خوارەوە:

- پیشەسازی لۆکە

مەبەست لە ڕستنی لۆکە بە تەشی و مەکینە، زیاتر بۆ ئەوەیە کە چەند کەرەسەیەکی پێویستی وەکوو قوماش و فانیلە و گۆرەوی و چارشێو و چەرچەف و هەندێ جاریش بۆ بەرماڵ و کڵاشی... تاد لێ دروست بکرێ. ئەوڕۆ ئەم جۆرە پیشەسازییە، زیاتر لە نیوەی پێویستییەکانی خەڵکی لەو کەلوپەلانەی لە لۆکە دروست دەکرێن، دابین دەکات. هەروەکوو لە کارگەکانی موسڵ و دیاربەکر و گازی ئانتەب و ئادیەماندا هەیە.

- پیشەسازی ڕستن و چنینی خوری

بەرهەمی ساڵانەی وڵات لە خوری، بە دەیان هەزار کگم دەبێ. بۆ دابینکردنی

پێویستییەکانی خەڵکی، لە قوماش و گۆرەوی و فەرش و جاجم و ڕایەخی جۆراوجۆر، چەند کارگەیەک لە شارەکانی کوردستاندا، دروست کراون. هەندێکیان لە سەرەتای سییەکاندا دامەزراون. جگە لەو کارخانانە، ڕستن و چنین کە بە دەست لە لایەن ژنانەوە ساز دەدرێ، بە تایبەتی لە گوندەکاندا.و بەرهەمەکانیان، زیاتر لە لایەن خۆیانەوە ساغ دەکرێتەوە.

– کۆمپانیای ڕستنی کرماشان

ئەم کۆمپانیایە لە شاری کرماشان، لە ساڵی ١٩٧١ی زایینیدا، بۆ ڕستنی خوری و لۆکە دامەزراوە. بەرهەمی ساڵانەی بریتییە لە ٦٠٠هەزار مەتر قوماشی جۆراوجۆر. ئەگەر بێتو کرێکاری لێزان و کەرەسەی خاو مسۆگەر بکرێ، ئەوا دەتواندرێ بەرهەمی ساڵانە زیاد بکرێ.

– کۆمپانیای چنین و ڕستن لە موسڵ

یەکێکە لە کۆنترین کارخانەکانی چنین و ڕستن لە کوردستاندا، ساڵی ١٩٥٣ی زایینی لە شاری موسڵ دروست کراوە، لە مانگی فێبروەری ١٩٥٧ی زایینیەو تاکوو ئەوڕۆ، چەندین ملیۆن مەتر قوماشی جۆراوجۆری هێناوەتە بەرهەم، (١٩٧٢ – ٣٣ ملیۆن مەتر). ئەم کارخانەیە تاکوو حەفتاکانیش، شەش ملیۆن و ٦٩٨ هەزار دیناری تێچووە. ژمارەی کرێکارەکانی لە ساڵی ١٩٧٢دا، ١٧٩ ٢ کەس بوون (کرێکار – ١٥٤ ٢، فەرمانبەر – ١٢، خزمەتکار – ١٢، پسپۆڕ – ١).

– پیشەسازی دورمان و جلوبەرگی ئامادەکراو

ئەم پیشەسازییە لە کوردستاندا، پیشەسازییەکی تازەیە. بەڵام لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و پێویستییەکانی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، لەبەر هەرزانی و تەواوبوونی خێرایی ئەو جۆرە جلوبەرگانە، لە شارەکاندا زۆر بە خێرایی بڵاو بۆوە. کارخانەکانی ئەم کەرتە چەندین جۆر گۆرەوی و فانیلە و بلوزی پیاوانە و ژنانە و جلوبەرگی منداڵانە دێننە بەرهەم. کارگەی چنینی دیاربەکر، گازی ئانتەب، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، موسڵ، ورمێ و گەلێ شوێنی دیکەش، بە گرنگترین کارخانەکانی جلوبەرگی ئامادەکراوی کوردستان دادەنرێت. بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە چەند هەزار تەن و ساڵی بە سەدان کرێکار کاری تێدا دەکات.

- پیشەسازی فەرش:

بەناوبانگترین و کۆنترین و بڵاوترین پیشەسازی لە کوردستاندا، پیشەسازی فەرش دروست کردنە، بە تایبەتی بە تەون، بە شێوەیە ماڵ نەبوو لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، تا کۆتایی پەنجاکان کەرەسەی تەونی لە ماڵدا نەبێ. لەم دەزگایانەدا، ساڵانە بە سەدان مەتری چوارگۆشە، لە فەرش دروست دەکرا. لەو ڕووەوە نێوچەی بەختیاری و سنە ناوبانگیان دەرکردووە. لەو ساڵانەی دواییشدا، بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەم و سودوەرگرتن لە تەونکردن و خوری ووڵات و لەنێوبردنی بێکاری لە نێو ژنان و پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بازاڕەکانی نێوخۆ و دەرەوە، چەندین کارخانەی فەرش دروسکردنیان دامەزراند. وەکوو:

کارخانەی فەرشی دەست لە هەولێر

ئەم کارخانەیە لە ساڵی ١٩٧١ی زایینیدا دانراوە و هەتا ساڵی ١٩٧٤، بەرهەمی سەرەکی فەرشی نەخشداری نۆگرێ بوو. بەرهەمی مانگانەی ٨٨٢ مەتر چوارگۆشە بوو، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا، نەوەک هەر بەرهەمی ٤ – ٥ جار زیادی کرد، (١٩٧٣ – ٧٥٨٦ مچگ، ١٩٧٤ – ٥٧٩ ١٠ مچگ)، بەڵکوو هەروەها بەرهەمی فەرشی جۆراوجۆریش زیادی کرد. ژمارەی کرێکارانیش لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینیدا، لە دەوروبەری ١٩٤ کەسدا بوو، (فەرشچن – ١٣٧ کەس، فەرمانبەر – ٥٧ کەس).

- پیشەسازی هۆنینەوە

بەن بۆ هۆنینەوەی گوریس و کەژی و سەرکەڵە و ڕەشمە و دەسرازە و لفکە و کڵاو و شەدە و هەوری و دوخێن و گول بەکار دەهێندرێ. لەو ساڵانەی دواییشدا، لە کارخانەکان کندریان لە داوی نایلۆن و ئەلیاف و گوش دروست دەکرد. بەرهەمی ساڵانەی چەند هەزار مەترێ دەبێ. ژمارەی کرێکارانیش، خۆی لە چەند سەد کەسی دەدات.

٣/ پیشەسازی چەرم

کەرەسەی خاوی ئەم پیشەسازییە لە کوردستاندا زۆرە و توانای پەرەپێدانیشی کەم نییە. بەرهەمی ساڵانەی بەشێکی کەم لە پێویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی دابین دەکات. مەبەست لە پیشەسازی چەرم، ئەمانەن:

- پیشەسازی پێستەخۆشکردن

خەڵکی پێویستییەکانی لە مەشکە بۆ دۆ ژەندن، دودانە بۆ دۆ هەڵگرتن، کوندە بۆ ئاوهێنان و ساردکردن و هەڵگرتن و خواردنەوە، فەرو و قاپوتی چەرم لە پێستەی خۆشکراو بە دەست دەهێنن.

- پیشەسازی پێڵاو

بازاڕەکانی کوردستان، ساڵانە پێویستی بە سەدان ملیۆن جووت پێڵاو هەیە. بۆ دابینکردنی ئەم پێویستییە، لە هەندێ شار کارخانەی دروسکردنی پێڵاو، لە قایش و پێستەی دروسکراو دامەزراوە. لە هەندێ شوێنی دیکەش، هەندێ لە دانیشتووان بە کاری پێڵاو دروسکردن و سۆل و قەڵتاغ و کڵاش درونەوە، بە دەست و بە مەکینەی پچوک خۆیان خەریک کردووە.

- پیشەسازی جامتا

بەشێک لەو پێستە خۆشکراوانە، بۆ دروسکردنی جامتای گەورەی بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ و جامتای دەستی پیاوانە و ژنان و جامتای منداڵانی قوتابخانەکان بەکار دەهێندرێت. ئەم پیشەسازییە لە شاری موسڵ و دیاربەکر و ورمێ و ئەرزەڕۆم... تاد زۆر گەرمە.

٤/ پیشەسازی کەرەسەی خانوو

پیشەسازی کەرەسەی خانوو، شوێنێکی دیاریکراو لە کەرتی پیشەسازی وولاتدا، بۆ خۆی دیاری دەکات. لەو ڕێیەوە کارێکی ڕاستەوخۆ، لە دروسکردنی خانوو و چالاکییە ئابوورییەکانی وولات دەکات. کەرەسەی خانووبەرە بریتییە لە مانەی خوارەوە:

- پیشەسازی خشتی سوور

لە ئەنجامی گەشەکردنی دانیشتووان و پێویستییەکانی زیادبوونی ژمارەی خانووی تازە، شارەکان بە شێوەیەکی بەردەوام، پێویستییان لە خشتی سوور، ساڵ لە دوای ساڵ بەرز دەبێتەوە و لە زیادبوون دایە. ژمارەی کارخانەکانی ئەم جۆرە پیشەسازییە لە کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٩ز دا، نزیکەی ٨٠٠ کورەخشت بوو، (ئازەربایجانی غەربی -

٥٢ کوره، بەختیاری - ١١ کوره، کرماشان - ٤٢ کوره، کوردستان - ٥ کوره، لوڕستان - ٢٣ کوره، هەندێ شوێنی دیکە ش - ٦٢٧ کوره). ژمارەی کرێکارانیش زیاتر لە پێنج هەزار کەس دەبوون. بەرهەمی ساڵانەشیان لە دە ملیۆن خشتی سوور تێدەپەڕی.

- پیشەسازی قسڵ و گەچ

قسڵ و گەچ، لە کوردستاندا دوو مەتریاڵی سەرەکی خانوو دروست کردنن، بە تایبەتی بۆ ئەوکەسانەی کە لە خشتی سوور خانوو دروست دەکەن. کارخانەی قسڵ و گەچ لە زۆر جێگەی کوردستان هەن، بۆ نموونە، لە ئازەربایجانی غەربی - ٤ کارخانە، لە کرماشان - ١٣ کارخانە، هەندێکی دیکەش لە شارەکانی دیکەدا هەن. ئەم دوو مەتریاڵە، لە سوتاندنی قسڵەبەرد و وردکردنی دێتە بەرهەم.

- پیشەسازی چیمەنتۆ

ئەم پیشەسازییە، بە بەراوردکردن لەگەڵ پیشەسازییەکانی دیکەی کەرەسەی خانوودا، بایەخێکی تایبەتی هەیە. بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە کوردستاندا، بۆ ساڵی پەنجاکان دەگەڕێتەوە. هەندێ لەو کارخانانەی ئەوڕۆ کاردەکەن، ئەمانەن:

کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار

ئەم کارگەیە لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینیدا، لە لایەن کۆمپانیایەکی فەڕەنسی دروست کرا. سەرەتا بە ناوی مەسڵەحەی چیمەنتۆی سەرچنارەوە دامەزرا، پاشان لە ساڵی ١٩٧٠دا، ناوەکەی گۆڕا و بوو بە کۆمپانیای گشتی چیمەنتۆی سەرچنار.

ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەم کارگەیە لە سەرچنار، لە سەرەتادا زیاتر بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی هەردوو ئاوبەندی (دوکان و دەربەندیخان) بوو لە چیمەنتۆ. هۆی دووەمیش ئەوە بوو، کە لە نێوچەکەدا کەرەسەیەکی خاوی زۆر بۆ دروسکردنی چیمەنتۆ هەیە، وەک بەردی کلس و خۆڵی سپی، کە یەکەمیان یەک کیلۆمەتر و دووەمیان سێ کیلۆمەتر، لە شوێنی کارگەکەوە دووره.

کارگەی سەرچنار لە ساڵی دامەزراندنییەوە تاکوو ئەوڕۆ، گەلێ گۆڕانی گرنگی بە خۆیەوە دیوە. لە هەموویان لەبەر چاوتر، زیادکردنی تەندورێکە، کە توانای بەرهەمهێنانی لە ڕۆژێکدا، ٤٠٠ تەنە، لەگەڵ دوو دەستاڕی گەورەدا، کە یەکەمیان توانای هاڕینی ٤٠ تەنە و دووەمیشیان توانای هاڕینی ٣٠ تەنە لە یەک کاژمێردا. بەرهەمی ساڵانەی کارگەی چیمەنتۆ ئەوڕۆ، سەدان هەزار تەن دەبێ، (١٩٧٣ - ١٠٥ هەزار تەن، ١٩٧٤ - ١٧١ هەزار

تەن). ئەگەر ژمارەی کرێکارەکان و کەرەسەی خاوی بۆ زیاد بکرێ، کارگەکە توانای زیادکردنی بەرهەمی هەیە.

- پیشەسازی بلۆک

ئەم کەرەسەیە، لە کوردستاندا کەرەسەیەکی خانوودروسکردنی تازەیە. سەرهەڵدانی ئەم پیشەسازییە بۆ سەرەتای حەفتاکان دەگەڕێتەوە. لەبەر هەرزانێ و گەورەیی و کەم ماندووبوون بە دروسکردنییەوە، بلۆک لە کوردستاندا و لە دروسکردنی خانوودا، بە تەواوی جێگەی خشتی سووری گرتۆتەوە.

٥/ پیشەسازییە کیمیاوییەکان

کەرەسەی خاوی پیشەسازییە کیمیاوییەکان لە کوردستاندا زۆرە. ئەگەر بێتو بایەخ بەو کەرەسە کیمیاوییانە بدرێ، وەکوو ئەوەی پارەی زیاتری بۆ تەرخان بکرێ، ژمارەی کرێکاران زیاد بکرێ، بازاڕ بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی بدۆزرێتەوە، ئەوا ئەو پیشەسازییە دوارۆژێکی باشی دەبێ و جێگایەکی تایبەتیش لە ڕیزی کەرتەکانی دیکەی پیشەسازییەکانی وولاتدا، بۆ خۆی داگیر دەکات. پیشەسازییەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

٠١ پیشەسازی نەوت

بە یەکێ لە هەرە پیشەسازییە گرنگە پیترۆکیمیاوییەکان دادەنرێ. لە دوارۆژدا بۆی هەیە، لە نێو پیشەسازییەکانی دیکەی وولاتدا، جێگایەکی تایبەتی و مەزن بۆ خۆی بگرێ. هەندێ لەم پیشەسازییانە لێرەدا باس دەکەین:

- پیشەسازی پالاوتن

ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە پیشەسازییە، پالاوتنی نەوت و جیاکردنەوەی بەرهەمەکانێتی، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی نەوت و دانیشتووان لە نێوخۆدا بەکاری بهێنن. زۆربەی پاڵێوگاکانی نەوت پچکۆلەن و توانای پالاوتنیان لە ساڵێکدا، لە چەند هەزار بەرمیلێ زیاتر نابێ، ئەگەرچی لە وولاتەکانی جیهانی سێیەمدا، ڕۆژانە لە سەروو نیو ملیۆن بەرمیلەوەیە. بۆ نموونە، توانای پاڵێوگەکانی کوێت، لە ساڵی ١٩٧٧ی زایینیدا، ڕۆژانە گەیشتە ٦٠٠ هەزار بەرمیل، لە عەرەبستانی سعوودییە - ٦٢٤ هەزار بەرمیل،

ئێران – ٩٤٠ هەزار بەرمیل، ئەندەنووسیا – ٥٣٤ هەزار بەرمیل، فەنزەوێلا – یەک ملیۆن و ٤٨٠ هەزار بەرمیل. گرنگترین پاڵێوگەکانی کوردستان ئەمانەن:

– پاڵێوگەی ئەڵوەند:

کۆنترین پاڵێوگەی نەوتی کوردستانە و لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینیدا، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – فارسییەوە دروست کراوە. لە ساڵی ١٩٧١ی زایینیدا، عێراق دەستی بەسەردا گرت و هەتا ئەورِۆکەش موڵکی عێراقە. ئەم پاڵێوگەیە حەوت کیلۆمەتر لە باشووری شارۆچکەی خانەقینەوە دوورە. نەوتی خاوی بە لولەیەکی ٣٧ کیلۆمەتر درێژیی و تیرەی دە ئینجی، لە چاڵگەی نەوتی نەفتخانەی باشووری رِۆژهەڵاتی خانەقینەوە بۆ دێ.

بەرهەمی رِۆژانەی پاڵێوگەی ئەڵوەند، لە ساڵی ١٩٧٨ز دا، ١١ هەزار بەرمیل بوو، (١٩٦٨ – ١٢ هەزار بەرمیل)، هەمووی بۆ بازارِەکانی نێوخۆ بوو. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، بەشێکیان بۆ زیاد کردووە، کە لە رِۆژێکدا پێنج هەزار تەنەکە نەوتی سەرمۆر بەرهەم دەهێنێ.

– پاڵێوگەی بابەگورِگورِ:

کۆمپانیای نەوتی عێراق، لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینیدا، لە نزیک شاری کەرکووکەوە، بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی نەوت، ئەم پاڵێوگایەی دروست کرد. ئەو بەرهەمانەی لەم پاڵێوگایەدا جیا دەکرێنەوە، بریتین لە گازۆیل و نەوتی سپی (کیرۆسین) و رِۆنی سووتەمەنی و نەوتی خاو. توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی بە ١٥٠ هەزار تەن دادەنرێ.

دەزگای پاڵێوگەی نەوت، لە ساڵی ١٩٧٣ز دا، دوو بەشی تازەی دیکەی دروست کرد. لە بابەگورِگورەوە بە بۆرییەکی دە ئینجی نەوتی بۆ دەهێنا، کە ١,٥ کیلۆمەتر لێوەی دوورە. توانای پالاوتنی پاڵێوگەی بابەگورِگورِ لە رِۆژێکدا، بریتییە لە ٤٢ هەزار گالۆن کیرۆسین و ٣٠ ملیۆن گالۆن گازۆیل و ١٠٧ ملیۆن گالۆن نەوتی رِەش.

– پالێوگەی باتمان

دۆزینەوەی نەوت لە دۆڵەکانی چیای مەیمون، لە ساڵی ١٩٤٠زدا، فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ دروسکردنی ئەم پاڵێوگایە. ئەم پاڵێوگایە لە ساڵی ١٩٤٤زدا، لە لایەن ئینستیتوتی جیۆلۆجی دەوڵەت، بۆ دۆزینەوەی نەوت دروست کرا. توانای پالاوتنی لە نەوتی خاو، لە سەرەتاوە تەنیا دوو ملیۆن تەن بوو لە ساڵێکدا. دوایی بە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانەوە، کۆمپانیای نەوتی تورکی، لە هەمان شوێندا و بە توانای پالاوتنی ٧٠٠ هەزار تەن لە ساڵێکدا، دەزگایەکی گەورەتری دروست کرد.

- پاڵێوگەی کرماشان

پاڵێوگەی کرماشان، بۆ مەبەستی پاڵاوتنی نەوتی چاڵگەی نەوتی شا و دابینکردنی پێویستی بازاڕەکانی نێوخۆ، لە بەرهەمەکانی نەوت، وەکوو کیرۆسین، بەنزین، گازۆیل، ڕۆنی ئۆتۆمۆبیل و گریس... هتد، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی - فارسی، لە ساڵی ١٩٣٥زدا، دروست کراوە.

توانای ڕۆژانەی پاڵاوتنی پاڵێوگەی نەوتی کرماشان، ئەوڕۆکە (١٩٩٣ز)٨٩٥٤ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، (١٩٧٦ - ٦٦٩٩ هەزار بەرمیل، ١٩٩٠ - ٩٧٩٢ هەزار بەرمیل).

- پاڵێوگەی نەوتی مەسجیدی سلێمان

لە نزیک شارۆچکەی مەسجیدی سلێمانەوە هەڵکەوتووە. لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزەوە دروست کراوە. لە سەرەتای دۆزینەوەی نەوت لەم نێوچەیەدا، توانای پاڵاوتنی ڕۆژانەی لە نەوت، لە ساڵی ١٩٩٣دا،٢٥٢٠ بەرمیل بوو (١٩٥٠ - ٢٥ هەزار، ١٩٧٧ - ٢٧ هەزار بەرمیل).

٠٢ پیشەسازی گازی شل

توانای گەشەکردنی ئەم پیشەسازییە لە کوردستاندا زۆرە، ئەگەر هاتوو کەرەسەی خاو بە تایبەتی گۆگرد، بە شێوەیەکی زۆر دابین بکرێ. بەڵام تاکوو ئێستا، نە دەوڵەت و نە کۆمپانیا نەوتییەکان، کارێکی ئەوتۆیان لەو بارەیەوە نەکردووە، بۆیە ئەوڕۆ، کوردستان بۆ کارگەکانی پیشەسازی گازی شلی دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق، بە تەنیا سەرچاوەیەک دادەنرێ، کە کەرەسەی خاو بۆ ئەو کارگانە دەنێرێ.

٠٣ پیشەسازییە پیترۆکیمیاوییەکان

کەرەسەی خاو لە بەرهەمەکانی نەوت، وەکوو بەنزین، نەوتی سپی ـ کیرۆسین، نەوتی ڕەش، هەروەها گازی سروشتی لە کوردستاندا، گەلێ زۆرە. بۆیە ئەگەر بێتو پسپۆڕ و کرێکاری شارەزا و ئامرازی تەکنیکی بۆ دابین بکرێت، دەبێتە پیشەسازییەکی گەشەدار لە وڵاتدا. بەڵام ئەم توانایانە تاکوو ئەوڕۆ، بێسوود ماوتەوە. لقە گرنگەکانی ئەم پیشەسازییە، کە ئەوڕۆ لە کوردستاندا لە کارکردن و بەرهەمهێنان دان، ئەمانەن:

- پیشەسازی پاککردنەوەی گۆگرد

گۆگرد لە گازی سروشتی پاقژ دەکرێت و توانای بەرهەمهێنانی لە زۆر نێوچەی

کوردستـانـدا هەیە، بە تایبـەتی لە چاڵگە گازەکـانی دەوروبەری کەرکووک و مەسـجیدی سلێمان و باتمان... تاد.

ئەورۆ پرۆژەی پاقـژکـردنـەوەی گـۆگـرد لە گـازی سـروشـتـی لە شـاری کـەرکـووکـدا، بەناوبانگترین و مەزنترین کارگەیە لە کوردستاندا. ئـەم دەزگایە لە شەستـەکاندا، لە لایەن کۆمپانیایەکی پۆڵۆنییەوە دروست کرا. بەرهـەمی سـالانەی بە سـەدان تەن دەبێ. ژمـارەی کارگەرانیشی لە پسپۆڕ و کرێکار و پاسەوان، زیاتر لە ٢٥٠ کەسێک دەبێ.

– پیشەسازی جگەرە

داگرتنەوەی جگەرە لە مالان و دوکانەکان، بە کۆنترین پیشەسازییەکانی کوردستان لە قەڵەم دەدرێ. لەم شوێنانەدا، ساڵی بە سـەدان هـەزار تەن جگەرە دێتە بەرهـەم و بە سـەدان کـەس کـاریان تێدا دەکات. کـارگـەی جگەرە لە شـارەکانی بدلیس و سلێمـانی و هـەولێر و کرمـاشـان، لە سـەرەتای شـەستـەکـان و بە دواوە دامەزراوە. هـەر یەکێ لەم کارگانە، سالانە بە هـەزاران گـڵۆز پاکەتی جگـەرەی جۆراوجـۆر، دەهێنێـتـە بەرهـەم و کاری ڕۆژانـەشیـان بۆ سەدان کرێکار لە ژن و پیاو مسۆگەر کردووە.

٠٤ پیشەسازی سابوون و بابەتی پاککردنەوە:

سـابوونی دەسـتـشـتن و جلشـتن و ڕیشـتـاشـین، تۆزەکـانی جلشـتن (تاید)....تاد، دەرمـانی دان خـاوێنکـردنـەوە، دەرمـانی قـاپوقـاچاغ شـتن، دەرمـانی شـوشـە پاککردنەوە، لە کـارگـەی دروسکردنی سابوونی شارەکانی گازی ئانتـەب و دیاربەکر و سنە و هەولێر و موسڵ.. هتد دروست دەکرێن. لەم کارگانەدا، ڕۆژانە بە سەدان کرێکار کاری تێدا دەکات.

٠٥ پیشەسازی خواردنەوە

دروسکردنی شـەربەتی هـەنار و مێوژ و کـاڵەک و بەرهـەمـێنانی خـواردنـەوە گـازییەکـانی وەکـوو سـیـفـۆن و بیـبـسی... تاد، لەگـەڵ هـەندێ خـۆشـاوی دیکەدا، لە مـالان و دوکـانی شـارەکان دروست دەکرێن. بەرهـەمی ئـەم جۆرە پیـشـەسـازییە، لـە هـاویناندا دوو ئەوەندەی بەرهـەمی زستانان دەبێ.

٠٦ پیشەسازییە بنچینەییەکانی کانزاکان

دواکەوتووترین کەرتی پیشەسازی لە کوردستاندا، چ لە ڕووی جۆراوجۆر و چەشن و چ

لە ڕووی بەرهەمی ساڵانە و چ لە ڕووی ژمارەی کرێکارەوە و چ لە ڕووی پێکهێنان و هاوبەشیکردن لە بۆدجەی ساڵانەی دەوڵەتدا، ئەم جۆرە پیشەسازییە. گرنگترین لقەکانی ئەمانەن:

- پیشەسازی کەلوپەل و ئامانی مەعدەنی نێو ماڵ

لە هەر شارێکی وڵاتدا، سێ تا چوار دوکان بۆ دروسکردنی دۆڵاب و قەرەوێڵە و کورسی و مێز و ڕەفەی ئاسن و پەردەی مەعدەنی و ئامانی مەعدەنی جۆراوجۆری نێو ماڵ، وەکوو مەنجەڵ، مقەڵی، کەوگیر، کەوچک، چەمچە، تەشت، مەسینە، دەسشۆر و کتری و ئاو، هەن.

- پیشەسازی چاککردنەوە

شارەکانی دیاربەکر، گازی ئانتەب، ئەرزەڕۆم، هەولێر، کرماشان، ورمێ، سنە، بە پیشەسازی چاککردنەوەی هۆیەکانی گواستنەوە - وەک کاری فیتەری قەمەرە، پاس، لۆری، پیکاب، جێپ و چاککردنەوەی مەکینە و ئامێرەکانی کشتوکاڵی وەکوو - تراکتۆر، کەمباین، تۆوچێن و پەمپی ئاو، ناویانگیان دەرکردووە.

- پیشەسازی تەنەکەسازی

پیشەسازییەکی زۆر بڵاوە، بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا، بۆ دروسکردن و ڕاسکردنەوەی بۆنیتی ئۆتۆمبیل و یەخچاڵ و زۆپای نەوت و گەلێ شتی دیکەش.

بەشی پێنجەم: ڕێگەوبان

ڕێگەوبان لە ژیانی هەرێم و دەوڵەتانی سەر ڕووی زەمیندا، ڕۆڵێکی یەکجار گەورە وازی دەکا، ئەو ڕۆڵە بە شێوەیەکی تایبەتی، کار لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی گەلان دەکا. بۆیە هەرچەندە ڕێگەوبان لە هەرێمێکدا یا لە وولاتێکدا، ڕێکوپێک و باش پێشکەوتوو بێ، ئەو هەرێمە یا ئەو وولاتە، ئەوەندە پێشکەوتوو دەبێ و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕێگەوبانی چاک لەو وولاتەدا نەبوو، باری وولاتەکە لە زۆر ڕووەوە خراپ دەبێ.

دەتوانین بڵێین، ڕێگەوبان کارێکی زۆر لە ژیانی ئابووری وولات دەکات،ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە، کە هەموو جۆرە گواستنەوە و کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردنێکی ڕۆژانەی بەرهەمەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی، لە شوێنی بەرهەمهێنانیانەوە و بارکردنیان بۆ شوێنی هەڵگرتن و ساغبوونەوەیان و بۆ بازاڕەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە بوونی یا نەبوونی سروشت و جۆری ئەو ڕێگا و بانانەوە بەستراوەتەوە، کە لەو وولاتەدا ڕاکێشراون. ئەگەر هاتوو ڕێگەوبانەکان خۆش بوون، ئەوا لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، توانای بارکردن و گواستنەوەی بەرهەمەکان، زیاتر دەبێ. واتە لە لایەکەوە جوتیارەکان سود لە بەرهەمەکانیان وەردەگرن، کە بە درێژایی ساڵ پێوەی ماندوو بوون، لە ئەنجامیشدا هەم دەبێتە هۆی باشکردنی باری ئابووری جوتیارەکان و هەم زیاتر هانی جوتیارەکان دەدا، بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و بەرهەمی زیاتر و باشتر لە ساڵەکانی داهاتوودا، بهێننە بەرهەم. لە لایەکی دیکەشەوە، بازاڕەکانی نێوخۆ بە بەرهەمە جۆراجۆرە خۆماڵییەکان پڕ دەکرێ و لە ڕووی کەلوپەلە پێویستییەکانی ژیانەوە، کەموکوڕی کەمتر دەبێتەوە و کۆمەلانی خەڵکیش دەتوانن، بە نرخێکی گونجاو پێویستییەکانی ڕۆژانەیان دەست بکەوێ. بەلام ئەگەر هاتوو، ڕێگەوبانەکان خراپ بوون، ئەوا بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا دەمێننەوە و زۆربەیان خراپ دەبن، بەبێ ئەوەی کەس کەڵکیان لێ وەربگرێ و هەموو ئەو ڕەنج و تەقەلایەی جوتیارەکانیش، لە ماوەی ئەو ساڵەدا داویانە، بە فیڕۆ دەچێ.

ژیانی کۆمەلایەتی لە ڕووی پلەی پێشکەوتن یا دواکەوتنەوە، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی، بە بوون و نەبوون و جۆری ڕێگەوبانەکانەوە هەیە. بوونی ڕێگەوبان لە هەر وولاتێکدا، زیاتر پەیوەندی لە نێوان خەڵکیدا دادەمەزرێنێ و تێکەلاوی لە نێوانیاندا دروست دەکا، بە تایبەتی ئەو تێکەلاوییە، لە نێوان دانیشتووانی شارەکان و گوندەکاندا، بە هۆی ڕێگەوبانەوە زیاتر ڕەنگ دەداتەوە و گوندنشینەکان زیاتر لە شارەزایی و توانای

شارنشینەکان، سود وەردەگرن، وەک لە شوێنە گشتییەکانی بازاڕ و نەخۆشخانە و قوتابخانە و پەیمانگاکان و زانکۆکان و لە کاروبارە ئیدارییەکاندا دەردەکەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی پەیوەندی بەردەوام و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لە گوندەکاندا، لایەنە خراپ و نێگێتیڤاکانی وەکوو شەڕکردن و ناکۆکی تیرەگەریی و کوشتن و بڕین... تاد، لە کۆمەڵگەی لادێدا کەم دەبێتەوە.

ڕۆڵی ڕێگەوبان لە ڕووی ڕامیاریی و بە تایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە، لە لایەنەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری کەمتر نییە. ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی ڕێگەوبانی باشن، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی ڕێگەوبانی خراپن، زۆر توانای داکۆکییان لە خاک و نەتەوەکەی خۆیان گەلێ زیاترە. لە هەمان کاتدا، توانای دامرکاندنەوەی هەموو هەرا و ئاژاوەیەکی نێوخۆشیان زیاترە. بە هەمان شێوەش، لەو نێوچانەدا کە خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی ناوەندی تێدا دەکرێ، ئەگەر ڕێگەوبانەکان باش بن، ئەوا لە ڕووی کۆکردنەوەی خەڵکی و دەسووەشاندن لە دوژمن، بۆ پارتیزانەکان گەلێ ئاسانتر دەبێ.ڕێگەوبانەکانی کوردستان، بەم شێوانەی لای خوارەوەن:

١- ڕێگاوبانی زەمینی

ڕێگاوبانی ئۆتۆمۆبیل

ئەم جۆرە ڕێیانە، بریتین لە ڕێگەوبانی خۆشکراو و بەردەڕێژ و قیرتاوکراو بە هەموو جۆرەکانییەوە. درێژایی ئەم چەشنە ڕێگا و بانانە لە کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٥ز دا، نزیکەی ١٨ هەزار کیلۆمەتر بوو، واتە هەر یەک کیلۆمەتر، بەرامبەر ١,٣ ملیۆن کەس بوو. بۆ زانین، درێژایی ڕێگەوبان لە تورکیادا ساڵی ١٩٧٢ز، ٢٢٧ هەزار کیلۆمەتر بوو. لە ئێران ساڵی ١٩٨٦ز – ١٥١ هەزار کیلۆمەتر بوو. لە عێراق ساڵی ١٩٨٦ز – ٢٩ هەزار کیلۆمەتر بوو. لە سووریا ساڵی ١٩٨٦ز – ٣٠ هەزار کیلۆمەتر بوو.

تۆڕی ڕێگەوبانەکانی ئەوڕۆی کوردستان، لە ئەنجامی فاکتەرەکانی سروشتی و مرۆیی یەوە پێک هاتوون. هەر ئەم دوو هۆیە پێکەوە، ئەم چەند خەسڵەتەیان، بۆ ڕێگەوبانەکانی وولاتەکە پەیدا کردووە:

– دروسکردنی ڕێگەوبان و ڕاکێشانی جادەکان بۆ هەر کون و قوژبنێکی کوردستان، هەر لەسەرەتاوە بۆ مەبەستی سەربازیی و کۆنترۆڵکردنی نێوچە جیاجیاکان و سەرکوتکردنی هەموو جوڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد و جەنگ بەرپاکردن بووە، بۆ ئەوەی

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بتوانن، زۆر بە زوویی و بە کەمترین کات و بە کورترین ڕێگە، مەکینە جەنگییەکانی خۆیان، بگەیەننە دوورترین شوێن، تا بتوانن دەسەلآتی دەوڵەتی ناوەندی، لە هەموو کوردستاندا بچەسپێندرێ و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی جەماوەری گەلیش سەرکووت بکەن.

– پانایی ڕێگەوبانەکانی کوردستان، زۆربەیان لە نۆ مەتر زیاتر نابن، واتە ڕێگا و بانەکان فراوان نین و باریک و تەسکن. بۆیە هاتوچۆکردن بەم جۆرە ڕێگەوبانانەدا، هەرگیز بەبێ مەترسی نییە و چەندین کارەساتی ناخۆشیشیان تێدا ڕوو دەدات.

– زۆربەی ڕێگەوبان لە کوردستاندا، قیرتاو نەکراون، بگرە لە وەرزی زستاندا، بە تایبەتی لەو ڕۆژانەی کە بەفر و بارانێکی زۆر دەبارێ، لەبەر پاک نەکردنەوەی ڕێگاکان و تێکچوونی لاڕێیەکان، لە هەندێ شوێن لەم جۆرە ڕێیانەدا، هاتوچۆ یا زۆر کەم دەبێتەوە،یا بە تەواوی دەبڕێ.

– کەمی یا نەبوونی دەزگای تایبەتی بۆ پاراستنی جادەکان، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە دوورن لە شارەوە، یا دەکەونە قەراغ شارەکان، ئەمەش وای کردووە، کە بەشێکی زۆر لە جادەکان، کەند و کۆسپیان تێبکەوێ و هاتوچۆ لەسەر ئەو ڕێگایانە، ئاسان نەبێ.

– ڕیگا و بانەکان، بە تایبەتی ئەو ڕێگایانەی لە نێوچە شاخاوییەکاندا هەڵکەوتوون، پێچاوپێچی زۆریان تێدایە و کاتێکی زۆریان دەوێ، تا ئۆتۆمۆبیلەکان لە شوێنێکەوە دەچن بۆ شوێنێکی دیکە. دیارە ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە، کە دەوڵەت ئەو ڕێگایانەی بۆیە لەو شوێنانەدا دروست کردووە، لەبەر ئەوەی کەمترین کاتی بۆ تەواوبوونی ویستووە و کەمترین پارەشی تێچووە.

– زۆربەی جادەکان یەک لایین. هاتوچۆ لەسەر ئەم چەشنە جادانە زۆر خۆش نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئۆتۆمۆبیلێ بیەوێ لە جادەیەکەوە بۆ جادەیەکی دیکە لا بدا، پێویستی بەوەیە کە مەودایەکی درێژ ببڕێ، تا شوێنێکی بۆ هەڵدەکەوێ و پێچی لێ دەکاتەوە و دەچێتەوە سەر جادەکەی دیکەی کە دەیەوێ پێیدا تێپەڕ ببێ.

– لەبەر ئەو هێڵە سەربازییانەی کە ئەوڕۆکە، لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە، لە نێو جەرگەی وولاتەکەدا ڕاکێشراون، جادەکان لە نێوان نێوچە جیاجیاکاندا تێکەڵ بە یەکدی نابن، لەبەر ئەوە لە کاتی هاتوچۆکردن بە ئۆتۆمۆبیل، مرۆڤ ناچار دەبێ، بە یەک شوێنی دیاریکراو و لە ژێر کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی ئەو دەوڵەتانەدا بڕوا و لا نەدات.

– گوندنشین زۆر کەم سود لە جادە قیرتاو دەبین، بە تایبەتی ئەوانەی لە گوندی دوورە

و لاچەپەدا دەژین، چونکە لەو نێوچانەدا، جادە قیرتاوەکان لقیان لێ نابێتەوە، تا بەو نێوچانە بگات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا، بارێکی کۆمەلایەتی دواکەوتووی، لە نێو دانیشتووانی ئەو نێوچانەدا خولقاندووە و بەو زووانەش، ئەو بارە ناهەموارە کۆمەلایەتی و ئابوورییەش، چارەسەر ناکرێ.

کوردستان ئێستاکە خاوەنی نزیکەی ١٧٥ هەزار مەکینەی جۆربەجۆرە، (١٩٨٥ – ١٥٠ هەزار). سەیری خشتەی ژمارە (٤٥) بکە. لەوانە لە ٥٠٪ یان بۆ سواری و لە ٣٥٪ یان بۆ گواستنەوە تەرخان کراون و لە ١٥٪ شیان، سەر بە دامودەزگا جیاوازەکانی دەولەتن.

خشتەی ٤٥ ژمارەی مەکینەکانی هاتوچۆ، ساڵی ١٩٨٠

پارێزگا	مەکینە	پارێزگا	مەکینە
ئادیەمان	٨٤٥	ماردین	١٧٦٩
ئاگری	٩٧٧	موش	٥٩٩
بینگۆڵ	٤٦٣	سیرت	١٥٣٦
بدلیس	٩٣٧	دەرسیم	٣٤٢
دیاربەکر	٤٠١٣	ئۆرفە	٣١٧٣
ئەلازیغ	٤١٣١	وان	٥٠٢٥
ئەزرنجان	١٧١٠	نەینەوا	٣٢٧٨٢
ئەرزەڕۆم	٣٦٥٧	کەرکووک	١٤٢٤١
گازی ئانتەب	٦٢٣٠	دهۆک	٢٠٥١
هەکاری	٢١٢	هەولێر	٩٧٣٣
مەلاتیە	٣٢٩١	سلێمانی	٥٩٥٧
مەرعەش	٣٤٥٥	–	–

وەکوو لەم خشتەیەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەکەوێ، گەورەترین پارێزگای کوردستان، لە ڕووی ژمارەی مەکینەی هاتوچۆوە، پارێزگای موسڵیە. پچوکترینیشیان پارێزگای دهۆکە.

ڕێگاوبانی ئۆتۆمۆنیل دوو جۆرن:

١) ڕێگای سەرەکی

مەبەست لە ڕێگای سەرەکی (جادە، ماگیستراڵ)، ئەو ڕێگەوبانە پانوبەرین و قیرتاوە درێژانەیە، کە سەرانسەری وولات بە یەکەوە دەبەستن و لەو ڕێیانەشەوە، وولاتەکە بە ڕێگاکانی دەرەوەی وڵاتەوە دەبەستنەوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٢).

ڕێگا سەرەکییەکانی باکوور و نێوەڕاست، لەچاو ڕێگاکانی باشووری وولاتدا درێژترن. ئەم ڕێگا سەرەکییانە، ساڵ دوازدەی مانگ هاتوچۆیان لەسەر نابڕێ. ڕۆژی بە دەیان ئۆتۆمۆبیل بە بار و بە خەڵکەوە، هاتوچۆیان بەسەردا دەکەن. درێژایی هەموو ئەو ڕێگا و بانە سەرەکییانە، یەک لەسەر سێی گشت ڕێگا و بانە قیرتاوکراوەکانی وولات پێک دەهێنن. گرنگترین ڕێگا و بانە سەرەکییەکانی کوردستان، ئەمانەن:

کرماشان – ئەرزنجان

درێژایی ئەم جادەیە سەدان کیلۆمەتر دەبێ. بە زۆربەی شارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ، وەکوو شارەکانی سنە، ورمێ، قەرەکۆسە، ئەرزەڕۆم. ئەم جادەیە بە نێو دۆڵەکاندا دەڕوا و لە زۆر شوێنیشدا، ناچار بوون پرد دروست بکەن، بۆ ئەوەی لە ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەکانەوە بپەڕنەوە.

ورمێ – مەلاتیە

بە یەکێ لە جادە درێژەکانی وولات دادەنرێ، چەندین شاری گەورەی وەکوو وان، موش، بینگۆڵ ئەلازیغ، لە نێوەڕاست وولاتدا پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم جادەیەش وەکوو جادەی پێشوو، بە نێو دۆڵەکاندا دەڕوا و گەلێ چیای سەخت دەبڕێ، یاخود لە گەلێ شوێندا، هەندێ چیایان بۆ داتاشیوە و لە زۆر شوێنیشدا، پردیان لە میانەی ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەکاندا دروست کردووە.

نەخشەی رێگا سەرەکییەکان



رێگەوبانی ئۆتۆمۆبیل **نەخشەی ١٢**

سلێمانی – گازی ئانتەب

ئەم جادەیە، درێژترین جادەیە لە کوردستاندا، بە گەلێ لە شارە گەورەکاندا تێپەڕ دبێ، وەکوو شارەکانی کەرکووک، هەولێر، موسڵ، دهۆک، ماردین، ئورفە. لەو جێگایانەی ئەم جادەیەی پێدا تێپەڕ دەبێ، زۆربەی زۆری لە دەشتاییەکی تەخت پێک هاتووە، یاخود تەپۆڵکەی پچوک پچوکە، بۆیە ئەو پارەیەی لە دروسکردنی ئەم جۆرە جادانەدا خەرج کراوە، لەچاو ئەو پارەیەی لە جادەکانی پێشوودا خەرج کراوە، زۆر کەمترە.

٢) ڕێگای ناسەرەکی (لاڕێ)

مەبەست لە لاڕێ، هەموو ئەو ڕێگا و بانانەن، کە دەکەونە نێوان سەنتەری پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکانی دیکەوە و بەردەڕێژ و قیرتاو و خۆش کراون. لاڕێ لەچاو ڕێگا سەرەکییەکاندا، تەسکترن و کەمتر هاتوچۆی پێدا دەکرێ. لەبەر تەسکی و خاوێن نەکردنەوە و بەفربارینێکی زۆر و بەردو خۆڵی قەراغ ڕێگاکان، لە هەندێ ڕۆژانی زستاندا، بە تەواوی هاتوچۆیان لەسەر دەبڕێ. درێژایی ئەم جۆرە ڕێگایانە لە کوردستاندا، لەچاو ڕێگا سەرەکییەکاندا، دوو جار زیاتر دەبێ.

پارێزگای ئادیەمان

ئەم پارێزگایە، ساڵی ١٩٨٠ی زایینی، خاوەنی ٣٦٢ کیلۆمەتری چواورگۆشە لە ڕێگەوبان بوو. درێژایی ڕێگای نێوان شاری ئادیەمان هەتا بەسنی – ٣٧ کم، هەتا چیلکخان – ٦٠ کم، گەرگەڕ – ١١٩ کم، هەتا کەحاتە – ٤٠ کم، هەتا سەمسات – ٣٨ کم دەبێ.

ئادیەمان بە ڕێگەی قیرتاو، بە هەندێ لە شارە گەورەکانی دیکەوە بەستراوە. درێژایی ڕێگای نێوان ئەم شارە و هەتا گازی ئانتەب – ١٥٣ کم، هەتا ئورفە – ١٦٠ کم، هەتا مەرعەش – ١٦٤ کم، هەتا مەلاتیە – ١٧٤ کم، هەتا دیاربەکر – ٢٠٧ کم، هەتا ئەلازیغ – ٢٧٩ کم، هەتا موش – ٢٩٣ کم دەبێ.

پارێزگای ئاگری

درێژایی ڕێگەوبانی ئەم پارێزگایە، لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینیدا، نزیکەی ٥٢٠ کم بوو. لە مانە قیرتاوکراو – ٢١٢ کم، بەردەڕێژکراو – ١١٦ کم، ڕێگەی دیکە – ١٩٢ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری قەرەکۆسە هەتا دیادین – ٦٢ کم، هەتا دۆغوبایەزید –

١٠٦ کم، هەتا ئەلەشکیرد – ٣٢ کم، هەتا خامور – ١٢ کم، هەتا پاتنۆس – ٦٨ کم، هەتا تاشلی چای – ٣٠ کم، هەتا توتاق – ٣٦ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری قەرەکۆسە و هەندێ لە شارە گەورەکانی دیکە، بەم چەشنەیە: قەرەکۆسە هەتا وان – ١٩٤ کم، هەتا ئەرزەڕۆم – ١٦٦ کم، هەتا ئیغدیر – ١٧٢ کم.

پارێزگای بینگۆڵ

درێژایی ڕێگەوبانەکانی ئەم پارێزگایە، لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا، نزیکەی ٢٩٦ کیلۆمەتر بوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری چەولیک هەتا ئەلازیغ – ١٤٣ کم، هەتا موش – ١١٨ کم، هەتا ئەرزەڕۆم – ١٩٦ کم، هەتا دیاربەکر – ١٥٩ کم.

پارێزگای بدلیس

ڕێگای هاتوچۆی نێوان شاری بدلیس و یەکە ئیدارییەکانی، لە ساڵی ١٩٨٠دا، بەسەر ٢٧٦ کم ڕێگادا دابەش کرا بوو.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری بدلیس هەتا دیاربەکر – ٢٢٥ کم، هەتا ئەلازیغ – ٣٥٨ کم، هەتا موش – ٨٥ کم، هەتا سیرت – ٩١ کم، هەتا وان – ١٦٢ کیلۆمەترە.

پارێزگای دیاربەکر

ئەم پارێزگایە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٩٤٠ کم ڕێگەوبان بوو. ئەمە بە درێژترین جۆری ڕێگای (لاڕێ) دادەنرێ.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری دیاربەکر هەتا بیسمیل – ٥٨ کم، هەتا چەرمیک – ٩٠٠ کم، هەتا چنار – ٣٠ کم، هەتا چونگوش – ١١٤ کم، هەتا دیجلە – ٨٨ کم، هەتا ئەرغانی – ٥٦ کم، هەتا هانی – ١١٩ کم، هەتا حازرۆ – ٧٦ کم، هەتا قوڵپ – ١٣٥ کم، هەتا لیجە – ٩٠ کم، هەتا سیلڤان – ٨٤ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری دیاربەکر هەتا ماردین – ٨٦ کم، هەتا بینگۆڵ (چەولیک) – ١٥٨ کم، هەتا ئەلازیغ – ١٦٥ کم، هەتا ئورفە – ١٨٥ کم، هەتا ئادیەمان – ٢٠٧ کم، هەتا بدلیس – ٢٢٥ کم، هەتا مەرعەش – ٣٧١ کم. هەتا وان – ٣٨٧ کم، هەتا گازی ئانتەب – ٦٨٦ کم.

پارێزگای ئەلازیغ

درێژایی هەموو لاڕێکانی پارێزگای ئەلازیغ، لە ساڵی ١٩٨٠دا، گەیشتۆتە ٤٦٥ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ئەلازیغ هەتا ئاغین – ٧٦ کم، هەتا باسقیل – ٣٨ کم، هەتا قەرەقۆچان – ١١٦ کم، هەتا کەبان – ٤٩ کم، هەتا مەعدەن – ٦٢ کم، هەتا پالو – ٩٤ کم، هەتا سیڤریجە – ٣٠ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ئەلازیغ هەتا دەرسیم – ١٥٣ کم، هەتا دیاربەکر – ١٦٥ کم، هەتا مەرعەش – ٢٧٥ کم، هەتا ئەرزنجان ـ ٢٨٢ کم، هەتا بدلیس – ٣٥٨ کم، هەتا ئەرزەڕۆم – ٣٩٨ کم.

پارێزگای ئەرزەڕۆم

ئەم پارێزگایە لە ساڵی ١٩٨٠دا، نزیکەی ٥١٦ کم لە لاڕێی هەبوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ئەرزەڕۆم هەتا ئاش قەلا – ٤٤ کم، هەتا چات – ٥٧ کم، هەتا خنس – ٩٦ کم، هەتا حەکیم خان – ٨٢ کم، هەتا پاسینلەر – ٣٨ کم، هەتا تەکمان – ٥٥ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ئەرزەڕۆم هەتا قەرەکۆسە (ئاگری) – ١٨٣ کم، هەتا ئەرزنجان – ١٩٢ کم، هەتا دەرسیم – ٢٤٥ کم، هەتا مەرعەش – ٢٥٧ کم، هەتا چەولیک (بینگۆل) – ٣٤٧ کم.

پارێزگای گازی ئانتەب

ئەم پارێزگایە لە ساڵی ١٩٨٠زدا، خاوەنی ٣١٣ کم لاڕێ بوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری گازی ئانتەب هەتا ئەرغانی – ٦٤ کم، هەتا ئیسلاحیە – ٨٩ کم، هەتا کیلیس – ٦٠ کم، هەتا نیزیب – ٤٥ کم، هەتا ئۆغوزەلی – ١٨ کم، هەتا یاوزئەلی – ٣٧ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری گازی ئانتەب هەتا مەرعەش – ٨٠ کم، هەتا ئورفە – ١٤٤ کم، هەتا ئادیەمان – ١٥٣ کم، هەتا ماردین – ٣٣٢ کم.

پارێزگای هەکاری

درێژایی هەموو لاڕێکانی پارێزگای هەکاری لە ساڵی ١٩٨٠دا، گەیشتۆتە ٥١١ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری جۆلەمێرگ هەتا ماردین – ٦٢٨ کم، هەتا سێرت – ٢٨٥ کم، هەتا وان – ٢٠٤ کم.

پارێزگای مەلاتیە

ڕێگای هاتوچۆی نێوان شاری مەلاتیە و یەکە ئیدارییەکانی، لە ساڵی ١٩٨٠دا، ٥٣٣ کم بوو.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری مەلاتیە هەتا عارەبکیر – ١١٥ کم، هەتا ئەرگوڤان – ٦٠ کم، هەتا دارەندە – ١١٠ کم، هەتا دۆغان شەهیر – ٥٧ کم، هەتا حەکیم خان – ٧٤ کم، هەتا پۆتورگە – ٧٤ کم، هەتا یەشیل یورت – ٩ کم،

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری مەلاتیە هەتا ئەلازیغ – ١٠٠ کم، هەتا ئادیەمان – ١٨٧ کم، هەتا مەرعەش – ٢٢٤ کم، هەتا گازی ئانتەب – ٢٤٨ کم، هەتا دیاربەکر – ٢٥٣ کم.

پارێزگای مەرعەش

درێژایی هەموو لاڕێکانی پارێزگای مەرعەش، لە ساڵی ١٩٨٠دا، گەیشتۆتە ٣٢١ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری مەرعەش هەتا ئەلبیستان – ١٤٨ کم، هەتا پازارچیک – ٤٨ کم، هەتا تورک ئۆغلۆ – ٢٥ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری مەرعەش هەتا گازی ئانتەب – ٨١ کم، هەتا ماردین – ١٦٨ کم، هەتا مەلاتیە – ٢٢٤ کم.

پارێزگای ماردین

ئەم پارێزگایە ساڵی ١٩٨٠، خاوەنی ٨٧٧ کم لە لاڕێ بوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ماردین هەتا جیزرە – ١٦٠ کم، هەتا دەریک – ٧٠ کم، هەتا گەرچوش – ٨١ کم، هەتا ئیدیل – ١٣٢ کم، هەتا قزل تەپە – ٢٢ کم، هەتا مازی داغی – ٤٣ کم، هەتا میدیات – ٥٨ کم، هەتا نوسەیبین – ٥٨ کم، هەتا ئۆمەرلی – ١٨ کم، هەتا ساڤور – ٤٤ کم، هەتا سیلۆپی – ١٩١ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ماردین هەتا دیاربەکر – ٩٤ کم، هەتا ئورفە – ١٨٣ کم، هەتا سیرت – ٢٨٠ کم، هەتا گازی ئانتەب – ٣٢٨ کم، هەتا هەکاری (جۆلەمێرگ) – ٦٢٨ کم.

پارێزگای موش

درێژایی لاڕێکانی ئەم پارێزگایە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، ٣٠٦ کم بوو. درێژایی ڕێگاکانی

نێوان شاری موش هەتا بولانیک – ١١٣ کم، هەتا مەلازگیرت – ١٤٠ کم، هەتا وارتۆ – ٥٣ کم بوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری موش هەتا بدلیس – ٨٥ کم، هەتا بینگۆڵ (چەولیک) – ١١٨ کم، هەتا سیرت – ١٨٥ کم، هەتا ئەلازیغ – ٢٧٥ کم، هەتا ئەرزەڕۆم – ٢٥٧ کم، هەتا دیاربەکر – ٢٧٢ کم.

پارێزگای سیرت

ئەم پارێزگایە ساڵی ١٩٨٠، نزیکەی ٧٣٥ کم لە لاڕێی جۆراوجۆری هەبوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری سیرت هەتا بایکان – ٤٨ کم، هەتا بەشیری – ٧٤ کم، هەتا ئەروه – ٥٤ کم، هەتا کۆزلوک – ٧٥ کم، هەتا کور تەلان – ٣٢ کم، هەتا شیرناق – ٩٤ کم، هەتا شیروان – ٢٦ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری سیرت هەتا بدلیس – ٩١ کم، هەتا موش – ١٧٤ کم، هەتا دیاربەکر – ٢١٦ کم، هەتا ماردین – ٢٤٤ کم، هەتا وان – ٢٥٣ کم، هەتا جۆلەمێرگ (هەکاری) – ٢٨٥ کم.

پارێزگای دەرسیم

درێژایی هەموو لاڕێیەکانی ئەم پارێزگایە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، بە سەدان کیلۆمەتر بوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری دەرسیم هەتا ئەرزەڕۆم – ٢٤٥ کم، هەتا ئەلازیغ – ١٥٣ کم بوو.

پارێزگای ئورفە

ڕێگای هاتوچۆی نێوان شاری ئورفە و یەکە ئیدارییەکانی، لە ساڵی ١٩٨٠دا، لە ٧١٨ کم لاڕێی جۆراوجۆر پێک هاتبوو. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ئورفە هەتا بیرەجیک – ٨٤ کم، هەتا بۆزۆڤا – ٣٨ کم، جەیلان پینار – ١٤٢ کم، هەتا خالفەتی – ١٢١ کم، هەتا حیلڤان – ٥٤ کم، هەتا سیڤەرەک – ٩٣ کم، هەتا سوروچ – ٤٤ کم، هەتا وێران شەهر – ٩٠ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ئورفە هەتا گازی ئانتەب – ١٤٤ کم، هەتا ئادیەمان – ١٦٠ کم، هەتا دیاربەکر – ١٨٥ کم، هەتا ماردین – ١٨٨ کم، هەتا ئەلازیغ – ٣٣٨ کم، هەتا مەلاتیە – ٣٣٩ کم، هەتا ئەرزەڕۆم – ٦٨١ کم.

پارێزگای وان

درێژایی هەموو لاڕێیەکانی ئەم پارێزگایە، لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی دیکەدا، لە ساڵی ١٩٨٠دا، گەیشتۆتە ٤٩٦ کم. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری وان هەتا باش قەڵا – ١١٢ کم، هەتا چاتاک – ٨٢ کم، هەتا ئەرجیش – ٩٥ کم، هەتا گەڤاش – ٤٠ کم، هەتا گورپینار – ٢١ کم، هەتا مورادیە – ٨٢ کم، هەتا ئوزالپ – ٦٤ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری وان هەتا بدلیس – ١٦٢ کم، هەتا هەکاری – ٢٠٤ کم، هەتا قەرەکوسە (ئاگری) – ٢٢٩ کم، هەتا سیرت – ٢٥٣ کم، هەتا دیاربەکر – ٣٨٧ کم، هەتا ئەرزەڕۆم – ٤١٢ کم.

پارێزگای ئازەربایجانی غەربی

ئەم پارێزگایە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ی زایینیدا، نزیکەی ١٤٧٤ کم ڕێگەوبانی هەبوو، لەوانە جادەی ئەسفەڵتکراو – ١٧٢ کم، بەردەڕێژ – ٣٥٨ کم، ڕێگای گوندەکان – ٤٤٢ کم. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری ورمێ هەتا خۆی – ١١٦ کم، هەتا مهاباد – ١١٠ کم، هەتا میاندواو – ١٥٢ کم، هەتا بۆکان – ١٧٢ کم، هەتا نەغەدە – ٨٥ کم، هەتا پیران شەهر – ١٢٤ کم، هەتا ماکۆ – ٢٣٨ کم، هەتا سەلماس – ٨٢ کم.

شاری ورمێ، بە جادەی ئەسفەلت بە شارەکانی دیکەوە بەستراوە. درێژایی ڕێگاکانی نێوان ورمێ و سنە – ٣٤٨ کم، هەتا کرماشان – ٥٠٠ کم، هەتا خوڕەم ئاباد – ٨٤٠ کم، هەتا ئیلام – ٨٠٤ کم.

پارێزگای کرماشان

درێژایی ڕێگەوبانەکانی ئەسفەڵت و بەردەڕێژ و ڕێگا گوندییەکان، هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە پێشنیاز کراون، لە ساڵی ١٩٨٤دا، نزیکەی ٤٤٩٠ کم بوو. درێژایی هەر جۆرێکیشیان بەم شێوەیە بوو: ئەسفەڵت (ڕێگای سەرەکی و لاڕێ) – ٩٢٩ کم، بەردەڕێژ – ١٠٨٣ کم، ڕێگای گوندی دروسکراو – ١٠٦٦ کم، ڕێگا پێشنیازکراوەکان – ١٤١٢ کم.

ماوەی نێوان شاری کرماشان هەتا سنە – ١٣٦ کم، هەتا ئیلام – ٢٠٨ کم، هەتا خوڕەم ئاباد – ١٩٧ کم، هەتا ئیسلام ئاباد– ٥٧ کم، هەتا پاوە – ١١٢ کم، هەتا جوانەڕۆ – ٨٠ کم، هەتا سونقوڕ – ٨٥ کم، هەتا سەحنە – ٥٤ کم، هەتا کرِیند – ٩٣ کم، هەتا کنگاوەر – ٨٥ کم، هەتا هەرسین – ٤٤ کم.

پارێزگای کوردستان

ئەم پارێزگـایە، لـە سـاڵی ١٩٨٩ی زایینیـدا، ٢٢٨٧کـیلۆمـەتر ڕێگا و بانی تێـدا بوو. لەوانە، ڕێگای سەرەکی – ٢٢٨ کم، لاڕێ – ٨٠٩ کم، ڕێگای گوندی – ١١٩٠ کم.

درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری سنە هەتا سەقز – ١٥٨ کم، هەتا مەریوان – ٩٤ کم، هەتا بانە – ٢٠٠ کم، هەتا قروە – ٨١ کم، هەتا بێجاڕ – ١٢٢ کم.

درێژایی جادەی نێوان سنە هەتا کرمانشان – ١٢٨ کم، هەتا ورمێ – ٣٧٨ کم، هەتا خوڕەم ئاباد – ٢٨٠ کم.

پارێزگای ئیلام

ئەم پارێزگـایە لە سـاڵی ١٩٩٣ی زایینیـدا، خـاوەنی چەند سـەد کیلۆمـەتر لـە ڕێگەی جۆراوجـۆر بوو. درێژایی ڕێگاکـانی نێوان شـاری ئیـلام هەتا دێهلۆ ران – ٢٣١ کم، هەتا دڕەشەهر (بەدرە) – ١٢٨ کم، هەتا میـهران – ٩٧ کم، هەتا شیـروان و چرداول (لومار) – ٥٤ کم، هەتا ئەبدانان – ١٦٤ کم، هەتا ئەرکەوازی (قەلادرە) – ٥٠ کم، هەتا ئەیوان – ٥٠ کم، هەتا زەرین ئاباد (میمە) – ٩٠ کم، هەتا چوار – ١٤ کیلۆمەترە.

درێژایی جادەی نێـوان شـاری ئیـلام هەتا کـرمـاشـان – ٢٠٨ کم، هـەتا خـوڕەم ئاباد – ٤٠٥ کم، هەتا یاسـوج – ٩٦٩ کم، هەتا شەهـری کورد – ٨٨٧ کم، هەتا سنە – ٣٤٤ کم، هەتا ورمـێ – ٨٠٤ کم.

پارێزگای لوڕستان

ئەم پارێزگـایە، سـاڵی ١٩٨٩ی زایینی، ١١٢٤ کم ڕێگا و بـانی هەبوو، لەوانـە: ڕێگای سـەرەکی – ٥٠٨ کم، لاڕێ – ٤٨٧ کم، ڕێگای دیکە – ١٢٩ کم. درێژایی ڕێگاکـانی نێوان شاری خوڕەم ئاباد هەتا بروجەرد – ٩٨ کم، هەتا ئەلیگودەرز – ١٣٦ کم، هەتا کرمانشان – ١٩٧ کم، هەتا دێزفول – ١٩٢ کم، هەتا ئیلام – ٤٠٥ کم.

پارێزگای بەختیاری

درێژایی ڕێگا و بانە سـەرەکییـەکان، لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا، ٧٠٣ کم بوو. درێژایی لاڕێیەکـان – ١٣٨٠ کم بوو. درێژایی ڕێگا گوندییـەکان – ٧٧٤ کم بوو. درێژایی جـادەکانی نێوان شـەهری کورد هەتا بروجەن – ٨٠ کم، هەتا فـارسـان – ٤٤ کم، هەتـا لوردیگان –

١٦٨ کم بوو.

پارێزگای کوهگیلویه

ئەم پارێزگـــایە، ســـاڵی ١٩٨٩ی زایینی، خـــاوەنی ١٥٦٢ کم ڕێگا و بان بوو. لەوانە: ڕێگای سەرەکی – ١٨٠ کم، لاڕێ – ٧٩٩ کم، ڕێگا گوندییەکان – ٥٨٣ کم بوون. درێژایی جادەی نێوان شاری یاسوچ هەتا دەهدەشت – ٢٢٨ کم، هەتا دۆگوبەندان – ١١٦ کم بوو.

پارێزگای هەولێر

درێژایی ڕێگاوبانە قیرتاوکراوەکانی پارێزگای هەولێر، لە سەدان کیلۆمەتر تێپەڕ دەکا. درێژایی ڕێگاکانی نێوان شاری هەولێر هەتا مەخمـوور – ٣٦ کم، هەتا بارزان – ٧٨ کم، درێژایی نێوان هەولێر و میراوە و هەریر و سپیلک – ٢٥ کم دەبێ.

پارێزگای کەرکووک

ئەم پارێزگایە، خاوەنی سەدان کیلۆمەتر لە ڕێگەی قیرتاوکراوی جۆربەجۆرە. درێژایی ڕێگاکـــانی نێـــوان شـــاری کـــەرکـــووک هەتا قـــادرکـــەرەم – ٦٥ کم. درێـژایی ڕێگای نـێـوان توزخـورمـاتوو هەتا کفری – ٣٥ کـیلۆمـەترە. درێژایی ڕێگـای نێوان شـوان هـەتا تەقـتـەق – ٤٥ کیلۆمەترە.

پارێزگای سلێمانی

درێژایی ڕێگاوبانە لاڕێکانی پارێزگای سلێـمانی، خـۆی لە سـەدان کیلۆمـەتر دەدات. درێژایی ڕێگای سلێمانی هـەتا قـەرەداغ – ٤٥ کم، نـێـوان پێنجوین و سـەید سـادق – ٥٢ کیلۆمەترە.

پارێزگای موسڵ

ئەم پارێزگـایە، خـاوەنی سـەدان کیلۆمـەتر لاڕێـی جـۆراوجـۆرە. درێژایی ڕێگای نـێـوان شاری موسڵ، هەتا ئاسکی کەڵەک – ٤٥ کیلۆمەترە.

٢/ ئاسنەڕێ

ســەرەتای وەرگـرتنی مـافی ڕاکـێـشـانی هێـڵی ئاسن لە کـوردســتـاندا، بۆ کـۆتایی ساڵەکانی نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. یەکـەم جار لە لایەن دەوڵەتەوە، لە

ساڵی ١٨٧٢ی زایینیدا، ئەو مافە بە سەرمایەدارەکانی ئینگلیز درا. لە ساڵی ١٨٨٠شدا، ڕێگە بە بانکی ئەڵمانی درا، بۆ ئەوەی هێڵی ئاسنی نێوان بەرلین و بەغدا ڕابکێشێ. بەڵام لەبەر گەلێ هۆی ڕامیاریی و ئابووریی، ئەم مافانە زۆر جار لە کۆمپانیاکان دەسێندرانەوە و جێبەجێ نەدەکران، لە دواییدا مافی ڕێگەدان، بە هەندێ کۆمپانیای دیکە دەدرا.

خەسڵەتەکانی ئاسنەڕێ

ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە کوردستاندا، لە سەرەتاوە بە زۆری بۆ گواستنەوەی نەوت و بەرهەمەکانی نەوت بووە، لە پاڵاوگەکانەوە بۆ بازاڕ. لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە، کرێی گواستنەوەی یەک تەن هەرزان بووە، لە لایەکی دیکەشەوە، بەرهەمی هەندێ لەو کێڵگە نەوتییانە، ئەوەند نەبووە تاکوو بۆ هەموویان، بۆری نەوت ڕابکێشرێ.

ئامانجی دروسکردنی هەندێ لەو هێڵە ئاسنیانە، بۆ گواستنەوەی هێزەکانی سو پا و چەک و تەقەمەنی بووە، بۆ مەیدانەکانی جەنگ. لە دواییدا کراون بە هێڵی گواستنەوەی ئاسایی، هەر لەبەر ئەوەش بووە، ئێسگەی شەمەندەفەرەکان بەرە بەرە ئاوەدان بونەتەوە و پەرەیان سەندووە و گەورە بوون.

خێرایی ئەو شەمەندەفەرانەی لە کوردستاندا هەن، زۆر کەمە. بۆ نموونە، ئەگەر ماوەی نێوان دوو شوێن، بە شەمەندەفەر ١٣ کاژمێر بێ، ئەوا هەمان ماوە ئۆتۆمۆبیل دەتوانێ، بە شەش کاتژێر بیبڕێ. هەموو ئەو هێڵە ئاسنیانەی لە کوردستاندا ڕاکێشراون، زیاتر بەو شوێنانەدا تێپەڕ دەبن، کە لە یەک کیلۆمەتر ڕێگای ئاسنیندا، کەمترین پارەی تێچوو بێ. واتە لایەنی ئابووری لە کاتی ڕاکێشانی ئەو هێڵە ئاسنیانەدا، زیاتر لە لایەنە ئابوورییەکانی دیکە ڕەچاو کراوە، بۆ نموونە، ئێسگەی شەمەندەفەرەکان لە شوێنی ژیانی خەڵکییەوە، ئەوەندە دوورن، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ، بە شەمەندەفەر سەفەر بکات، ماوەیەکی زۆری دەوێ، تا دەگاتە ئەو ئێسگانە و پێویستە قۆناغێ ببڕێ و پارەیەکی زۆریش بە ئۆتۆمۆبیل بدات.

ئاسنەڕێ، لە جۆرە هێڵێکی تەسک (یەک مەتری) و جۆرێکی پان (زیاتر لە یەک مەتر) پێک هاتووە. بەڵام درێژایی جۆری یەکەمیان، دوو تا سێ ئەوەندەی جۆری دووەمیان دەبێ.

درێژایی هێڵی ئاسن لە کوردستاندا بە هەردوو جۆرەکانییەوە، لە ساڵی ١٩٨٥زدا، لە دەوروبەری ١٨٠٠کم دا بوو. بۆ بەراوردکردن، ئەم درێژاییە لە ئێران ساڵی ١٩٧٢ – ٥٢٢٩ کم بوو، لە عێراق ساڵی ١٩٨٦ – ٢٠٢٩ کم بوو، لە سووریا ساڵی ١٩٨٦ – ٢٠٤٧ کم بوو.ئاسنەڕێیەکانی کوردستان ئەمانەن: تەماشای نەخشەی ژمارە (١٣) بکە.

ئەرزەڕۆم ــ دیڤریکی

یەکەمین هێڵی ئاسنی کوردستانە. لە دوا ساڵەکانی چەرخی نۆزدەیەم ڕاکێشراوە.لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، درێژاییەکەی بە سەدان کیلۆمەتر دەبێ. ساڵانە لە نێوان شارەکانی ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و هەندێ جێگەی دیکەدا، بە سەدان نەفەر و بە هەزاران تەن شتومەک دەگوێزێتەوە.

ئۆزالب ــ ئەلازیغ

درێژاییەکەی لە نێوان شاری ئۆزالب ــ ئەلازیغ، بە سەدان کیلۆمەتر دەبێ. ئەم هێڵە بە نێو گۆمی واندا تێپەڕ دەبێ. لە ڕۆشتنیدا بە شارە گەورەکاندا تێناپەڕێ. توانای گواستنەوەی ساڵانەی لە نەفەر و لە کەلوپەل. زۆر نییە.

کورتەلان – عوسمانیە

ئەم هێڵە، بە یەکێ لە درێژترین هێڵە ئاسنینەکانی کوردستان لە قەڵەم دەدرێ. درێژاییەکەی سەدان کیلۆمەتر دەبێ. لە شارۆچکەی کورتەلانەوە دەست پێ دەکات، بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، تاکوو دەگاتە شارۆچکەی عوسمانیە. ئەم هێڵە بە شارەکانی باتمان، دیاربەکر، مەلاتیە و مەرعەشدا تێپەڕ دەبێ. لە مەلاتییەوە هێڵێکی بەرەو باکوور درێژ دەبێتەوە و لەگەڵ هێڵی ئەرزەڕۆم – دیڤریکی، لێک دەدەنەوە، لە دواییدا لە خاکی کوردستان دەچێتە دەرەوە.


موسڵ – گازی ئانتەب

ئەم هێڵە، درێژترین هێڵی ئاسنە لە کوردستاندا. درێژاییەکەی بە سەدان کیلۆمەتر دەبێ. دوای ئەوەی ئەم هێڵە، لە شاری موسڵ دەردەچێ، بە چەند شارۆچکەیەکی وەکوو نوسەیبین، راسولعەین – جەیلان پینار، نیزیبدا تێپەڕ دەکا، هەتاکوو دەگاتە گازی ئانتەب، لەوێشەوە درێژ دەبێتەوە و بەرەو هێڵی کورتەلان – عوسمانیە دەڕوا و لێک دەدەن. ئەم هێڵە، ئەگەرچی بە هێڵی ڕۆژهەڵاتی خێرا ناسراوە، بەڵام هاتوچۆی زۆر لەسەر نییە.

مقدادیە – هەولێر

ئەم هێڵە بە دواکەوتووترین هێڵی ئاسن لە کوردستاندا دەژمێردرێ. لە سەرەتادا، بە

نەخشەی ئاسنەڕێ



مەبەستی گواستنەوەی نەوت، لە نێوان کەرکووک و هەولێردا دروست کرا، لە دواییدا و لە هەندێ شوێن و کاتدا، خەڵکیشی سوار دەکرد. بەڵام لەم سالانەی دواییدا، نەک هەر لە کارکردن کەوت، بەڵکوو هێڵە ئاسنینەکانیشیان هەڵگرت و بە تەواوی کۆتاییان پێ هێنا، تەنیا ئەو هێڵە نەبێ، کە لە جەلەولاوە بەرەو خانەقین درێژ بۆتەوە، لە کارکردندا بەردەوامە.


خوڕەم ئاباد – دێزفول
ئەم خەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵکەوتووە. درێژاییەکەی لە چەند کیلۆمەترێ زیاتر نابێ. بۆ گواستنەوەی خەڵک و هەندێ شتومەکی نێوان خوڕەم ئاباد و دێزفول بەکار دەهێندرێ.

شەرەفخانی – ڕازی
درێژایی ئەم هێڵە، لە شەرەفخانەوە هەتاکوو دەرەی قتوور، ٩٥ کیلۆمەتر دەبێ. لەم دەرەیەشەوە هەتاکوو ڕازی ٤٥ کیلۆمەترە. ئەم هێڵە، بەسەر یەکێ لە هەرە بەناوبانگترین پردەکانی ڕۆژهەڵاتدا تێدەپەڕێ، کە پێی دەگوترێ – پردی قەتوور. درێژایی ئەم پردە، ٤٤٨ مەترە، بەرزاییەکەی ١٢٧ مەترە و کەمەرەکەشی ٢٣٣ مەترە.

٣/ بۆری نەوت
بەرهەمی سالانەی کوردستان لە نەوت، بە سەدان ملیۆن تەن دەبێ. ئەم بەرهەمە بە هۆی بۆرییەکانی نەوتەوە، بە ڕێگای جیاواز و بە کەمەر و توانا و ئامانج و درێژایی جیاجیادا، بۆ گوێی دەریای نێوەڕاست و بەندەری ئەسکەندەروون و کەنداوی فارس دەگوێزرێتەوە. لەوێشەوە تانکەری لێ پڕ دەکرێ و بەرەو بازاڕەکانی جیهان ڕەوانە دەکرێ.
کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەندا، لە ڕووی درێژایی بۆرییە نەوتەکانییەوە، بە یەکێ لە گەورەترین وولات دادەنرێ. درێژایی بۆری نەوتوکانی، خۆیان لە سەدان هەزار کیلۆمەتر دەدەن. تەماشای خشتەی ژمارە (٤٦) و نەخشەی ژمارە (١٤) بکە.
بە چاوخشاندنێک بە نەخشەی ژمارە (١٤) دا، بۆمان دەردەکەوێ، کە تەنیا ئەو بۆریانەی لە سیرتەوە بۆ کەناری کەنداوی ئەسکەندەرون و بۆری کێڵگەی کەرکووک بۆ شارۆچکەی دۆرت یۆل، لەسەر هەمان کەنداو، بە تەواوی بە نێو خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبن. ئەگینا ئەوانی دیکە کە زۆربەن، بە خاکی وولاتەکانی دەوروبەردا دەڕۆن. بۆیە لە

لوولە	درێژی کم/میل	کەمەرە ئینج
بای حەسەن – کەرکووک، .... کم	٣٢	١٦
بێخمە – عین زالە K2 .... کم	٢١٦	١٢
K2 – دۆرە (عیراق) .... کم	١٧٧	١٢
کەرکووک – تەرابلس (لوبنان)........کم	٨٥٤	١٢
کەرکووک – تەرابلس (لوبنان)........کم	٨٩٤	٣٢/٣٠
کەرکووک – بانیاس (سووریە)........کم	٨٩٣	٣٢/٣٠/٢٦
جەمبور – کەرکووک .... کم	٥٨	٨/٦
نەفتخانە – دۆرە (عیراق) .... کم	١٣٠	١٢
کەرکووک – جەیهان (تورکیا)........ کم	١٠٤٩	٤٠
ناوشار–کرماشان، .... میل	١٤٦	٨
گەجساران– شیراز .... میل	١٤٣	١٠
مەسجدی سلێمان – ئەهواز .... میل	٣٤٠	٢٤/٨
لەبی سەفید – مەسجدی سلێمان، میل	٨٠	١٢/٨
هەفت گل – ئەهواز .... میل	٧٤	١٢/١٠
مارون – عەبادان .... میل	٢٢١	٢٤/١٢
ئاغای جاری – دورگەی خارک ... میل	٤٠١	٢٤/١٢
پازنان – دورگەی خارک .... میل	٧٠	٢٤/١٢
مارون – ڕەگ سەفید .... میل	٧٠	٢٤/١٢
مارون – دورگەی خارک................ میل	٨٥	٢٤/٢٢
ڕامشیر – ڕەگی سەفید................ میل	٧٧	١٢/٨
گەجساران – دورگەی خارک ....میل	٣٣٥	٥٢/١٢
مەسجدی سلێمان – ئەهواز........میل	٦٠	١٠
قەرەچوغ – تەرتوس .... میل	–	–
کورتەلان – دۆرت یۆل .... میل	–	–

نەخشەی بۆری نەوت



ڕووی ستراتیژییەوە خراپن، لە ڕووی ڕامیاریی و ئابوورییەوە، هەمیشە لە مەترسی دان. لەبەر ئەوە پێویستە، پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا، ببەسترێ.

وا لە خوارەوە، باسی بۆرییە نەوتەکان دەکەین:

– بۆری نەوتی جەمبور، بای حەسەن – بۆرییەکانی کەرکووک

کۆمپانیای نەوتی عێراق، لە ساڵەکانی ١٩٥٥ و ١٩٦١دا، بۆ بردنی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی جەمبور و بای حەسەنەوە، ئەم بۆرییانەی ڕاکێشاوە. کەمەرەی بۆرییەکان هەندێکیان ٦ – ٨ ئینج و هەندێکی دیکەشیان ١٦ ئینج دەبێ. درێژاییان لە ٣٢ – ٥٨ کم دەبێ. ئەم بۆرییانە نەوت دەگەیەننە بۆرییەکانی کەرکووک و لەوێشەوە دەنێردرێ بۆ شاری تەرابلوس، کە دەکەوێتە سەر دەریای نێوەڕاست.

– بۆری نەوتی عەینزالە – بێتمە – پەمپی کەرکووک K2

دوای دۆزینەوەی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی عەینزالە و بێتمە، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە، دەست بە ڕاکێشانی بۆری نەوت کرا، بۆ بۆرییەکانی نەوتی کەرکووک و لە ساڵی ١٩٥٥دا تەواو بوو. درێژایی ئەم بۆرییە ٢١٦ کیلۆمەترە. کۆمپانیای نەوتی موسڵ لەگەڵ بۆرییەکاندا، سێ مەنجەڵی گەورەی دروست کرد، کە فراوانی هەر یەکێکیان لە ٨٢٠٠ تەن زیاتر بوو.

– بۆری نەفتخانە – دەزگای پاڵێوگەی نەوتی ئەڵوەند

یەکێ لە هەرە کۆنترین بۆرییە نەوتییەکانە، کە لە لایەن کۆمپانیایەکی نەوتەوە لە کوردستاندا ڕاکێشراوە. ئەم بۆرییە، نەوتی کێڵگەی نەفتخانە لە ساڵی ١٩٢٧ەوە، دەگەیەنێتە دەزگای پاڵێوگەی نەوتی ئەڵوەند.

– بۆری نەوتی کەرکووک – تەرابلوس (لوبنان)

مێژووی ڕاکێشانی ئەم بۆرییە، بۆ ساڵی ١٩٣٢ دەگەڕێتەوە، واتە دوای نزیکەی سێ ساڵ، لە دۆزینەوەی نەوت لە کێڵگەی بابەگوڕگوڕدا، ئەم بۆرییانە دانران. لە سەرەتاوە، کۆمپانیای نەوتی عێراق دوو بۆری نەوتی لە K1 (کەرکووک ١) هوە، بەرەو باکووری ڕۆژئاوا ڕاکێشا، هەتا گەیاندییە پەمپی شارۆچکەی (حدیثە) ی عێراق، لەسەر ڕووباری

دیجلە. لە دوابیدا تاکوو پەمپی K2 درێژی کردەوە، کە لە نزیک شارۆچکەی بێجی عێراقەوە هەڵکەوتووە. لەوێشەوە بەرەو پەمپی K3 درێژ دەبێتەوە، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات. درێژایی بۆری نەوتی نێوان کێڵگەی نەوتی بابەگوڕگوڕ، هەتا K3 دەگاتە ۳۹٥ کم.

بۆری نەوتی کەرکووک لە دوای K3 دەبێ بە دوو بەشەوە، ئەوەی دەکەوێتە باکوورەوە،(٤٢٧ کم)ی بە نێو خاکی سووریادا و (٢٧ کم)ن بە نێو خاکی لوبناندا تێدەپەڕێ، هەتا بە پەمپی T1 (تەرابلوس ١) و بە پەمپی T4، لە شاری تەرابلوس کۆتایی پێ دێت. بۆرییەکەی باشووریان، بەرەو ئوردون (٣٢٨ کم)، فەلەستین (٦٤ کم) درێژ دەبێتەوە، دوای ئەوەی بە پەمپی H1 (حەیفا ١)، هەتا پەمپی H5 دەڕوات. درێژایی ئەم بۆرییە ١٠٠٨ کیلۆمەترە.

دوای ئەوەی بەرهەمی ساڵانەی نەوت زیادی کرد، دوای ئەوەی بازاڕی فرۆشتنی نەوت بە تەواوی گەرم بوو، لە ساڵی ١٩٤٥دا، کۆمپانیای نەوتی عێراق، لە کێڵگەی نەوتی بابەگوڕگوڕەوە بۆ شارەکانی تەرابلوس و حەیفا، تا سەر زەریای نێوەڕاست، دوو بۆری نەوتی دیکەی ڕاکێشا، کە کەمەرەی هەر یەکەیان ١٦ ئینجە. ئەم دوو بۆرییە، پەنجا کیلۆمەتریان مابوو تەواو بن، کە جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد، بۆیە لەبەر جەنگی نێوان وولاتە عەرەبییەکان و ئیسرایل، کارەکە وەستا و ئەو بۆرییەی کە بڕیار بوو، بۆ شاری حەیفا ڕابکێشرێ، ڕانەکێشرا و تەواو نەکرا. بەڵام بۆرییەکەی تەرابلوس بە بەردەوامی کاری تێدا کرا و لە ساڵی ١٩٤٩دا تەواو بوو، تواناکەشی زیادی کرد بۆ ٧,٥ ملیۆن تەن لە ساڵێکدا.

– بۆری نەوتی K1 – بانیاسی سووری

دوای ئەوەی بەرهەمی نەوت، لە نێوچەی نەوتی نێوەڕاستدا زیادی کرد، بازاڕەکانی نەوت بە تەواوی گەرم بوون، ژمارەی کرێکارە شارەزا و لێزانەکانی نەوت زیادی کرد، ناکۆکییەک لەسەر نەوت، لە نێوان کۆمپانیاکانی ئینگلیزی – ئێرانی لە ساڵی ١٩٥١دا، لەسەر نەوتی نێوچەی نەوتی باشوور دروست بوو. ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی، کە هەندێ بۆری نەوتی دیکە، لە کەرکووکەوە بۆ سەر زەریای نێوەڕاست ڕابکێشرێ.

لە ساڵی ١٩٥٢دا، بۆرییەکی نەوت لە کەرکووکەوە بەرەو شاری بانیاسی سووری ڕاکێشرا. درێژاییەکەی ٨٨٨ کم و کەمەرەکەی ٣٠ – ٣٢ ئینج و توانای ساڵانەشی ١٣ ملیۆن تەن بوو.

له ئۆگەستی ١٩٦١دا، بۆرییەکی دیکە لە K1 ەوە بەرەو تەرابلوسی سووری ڕاکێشرا. کەمەرەکەی ٣٠ – ٣٢ ئینج بوو. لە ئەنجامدا، بۆرییە نەوتەکان لە باشووری کوردستاندا زیادی کرد و توانای ناردنی نەوت زیادی کرد و لە ساڵی ١٩٧٠دا، گەیشتە ٥٤ ملیۆن تەن نەوت لە ساڵێکدا.

– بۆری نەوتی کەرکووک ـ دۆرت یۆل

یەکەمین بۆری نەوتە، کە هەمووی بە نێو خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ. ئەم بۆرییە، لە کێڵگەی نەوتی کەرکووکەوە دەست پێ دەکات و لە شارۆچکەی دۆرت یۆڵی سەر کەنداوی ئەسکەندەرون تەواو دەبێ. درێژاییەکەی ١٠٠٥ کیلۆمەترە. ١٥٠ ملیۆن دیناری عێراقی تێچووە. توانای ساڵانەی ٢٥ ملیۆن تەن نەوتە، کە لە داهاتوودا توانای زیادبوونی بۆ ٣٥ ملیۆن تەن هەیە.بەردی بناغەی ئەم بۆرییە، لە مانگی یولی ١٩٧٥دا دانرا. لە دێسەمبەری ١٩٧٦دا، لە ماوەی شەش مانگدا تەواو بوو. بۆری نەوتی کەرکووک – دۆرت یۆڵ، بە یەکێ لە درێژترین و پڕ لە بایەخترین بۆری نەوت، لە جیهاندا دادەنرێ.

– بۆری نەوتی کێڵگەی نەوتی کەرکوک – بەندەری فاو

نەوتی کێلگەی کەرکووک و دەوروبەری، بەم بۆرییە دەگەیەندرێتە شارۆچکەی فاوی عێراق، لەسەر کەنداوی بەسرە. ئامانجی عێراق لە ڕاکێشانی ئەم بۆریە نەوتییە لە حەفتاکاندا، بۆ ئەوە بوو کە بە سەربەستی نەوت بۆ دەرەوەی وولات بنێرێ.

– بۆری نەوتی باتمان – ئەسکەندەرون

ئەم بۆریە نەوتییە، لە ساڵی ١٩٦١دا، بۆ گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەی نەوتی باتمان و دەوروبەری، بۆ سەر کەنداوی ئەسکەندەرون، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی تورکیاوە (APAO) ڕاکێشراوە. لەوێشەوە تا پلاتفۆرمی دۆرت یۆل درێژ بۆتەوە. پاشان تەنکەرە نەوتییە گەورەکان، بۆ بازاڕەکانی نەوتی ئەوروپای دەگوێزنەوە. تونای ڕۆژانەی دەگاتە ٧٠ ملیۆن بەرمیل.

– بۆری نەوتی مەسجیدی سلێمان ـ عەبادان

دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار، نەوت لە کوردستاندا دۆزرایەوە، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – ئێرانی، ئەم بۆریە نەوتییە ڕاکێشرا. ئەم بۆرییە، یەکەمین بۆری نەوتە کە لە

سـاڵی ١٩١٢دا تەواو بووە. کـەمـەرەکـەی ١٠ – ١٥ سـانتـیـمـەترە. توانای سـاڵانەی ٤٠٠ هەزار تەنە. لەسـەر ئەم بۆرییە، چوار پەمـپی مـەزن کار دەکەن (تمبی، مـەلا سـانی، کوت عەبدوڵڵا و دارخوێن).

– بۆری نەوتی هەفت کل ـ عەبادان

نەوتی ئەم کـێڵگەیە، بە بۆرییـەکی چەند ئینجی دەگـەیەندرێتە پـەمپی کوت عـەبدوڵڵا، لەوێشـەوە بۆ عەبادان دەنێردرێ.

– بۆری نەوتی سـەفید ـ عەبادان

ئەم بۆرییە نەوتـی کێڵگەی سـەفـید، لە سـەرەتاوە دەگەیەنێـتە پـەمپی کوت عـەبدوڵڵا، لەوێشـەوە بۆ هێڵی سەرەکی مە سجیدی سلێمان و پاشان بۆ عەبادان دەڕوا. درێژایی ئەم بۆرییانە بە دەیان کم دەبێ.

– بۆری نەوتی ئاغاجاری ـ عەبادان

ئەم بۆریە نەوتییـە لە سـاڵی ١٩٤٤دا ڕاکـێشـراوە.بۆ ئەوەی نەوتی کـێڵگەی ئاغـاجـاڕی بگەیەنێتە پاڵێوگەی عـەبادان. لەوێشـەوە لە بەندەری ماه شـەهری ئێرانییـەوە، تانکەرەکانی نەوتی لێ پڕ دەکرێ. لە ڕاسـتـیدا ئەم بۆرییـانە، لە حـەوت بۆری پێک هاتوون و لە تەنیـشت یەکەوە ڕیز کراون، کە نەوتی کێڵگەی ئاغاجاڕی دەگەیەننە عەبادان و بەندەر ماه شـەهری ئێرانی.

– بۆری نەوتی گەچساران – عەبادان:

دوای دۆزینەوەی نـەوت لە کـێڵگەی نەوتی گـەچسـاران، ئەم بۆرییـە ڕاکـێـشـراوە، تا بەرهەمـەکەی بگەیەنێتە عـەبادان. کەمـەرەکـەی ٣٠ سانتیمـەترە و درێژاییەکەشی بە دەیان کیلۆمەتر دەبێ.

– بۆری نەوتی لالی – عەبادان:

درێژاییـەکەی سـەدان کم دەبێ. بەرهـەمی کێڵگەی لالی دەگەیەنێتە بەندەری عـەبادان و لەوێشـەوە بە تانکەری نەوت بۆ بازاڕەکانی ئەوروپای دەنێرن.

– بۆری نەوتی شاه ـ کرماشان

ئەم بۆریە بۆ گەیاندنی بەرهەمی کێڵگەی نەوتی شاه، بۆ پاڵێوگەی کرماشان تەرخان کراوە. درێژاییەکەی دەیان کم و کەمەرەکەی چەند سانتیمەترێ دەبێ.

٠٢ ڕێگاوبانی ئاسمانی

کوردستان پەیوەندی ئاسمانی، لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەوروبەری وەکوو تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا هەیە، لەو ڕێیانەشەوە، لەگەڵ وولاتەکانی دیکەی جیهانیشدا، ئەو پەیوەندییە دروست دەکات.

ڕۆڵی ڕێگەوبانی ئاسمانی، لەچاو ڕۆڵی ڕێگا و بانەکانی زەمینیدا، (ئۆتۆمۆنیل و شەمەندەفەر) بۆ گواستنەوەی بار و خەڵکی، زۆر کەمە، چونکە ئێستا کوردستان، وولاتێکی ژێردەست و دابەشکراوە، لەبەر ئەوە لە فڕۆکەخانەی جیهانی بێبەش کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ساڵی ١٩٨٩ نزیکەی ٤٤٩ هەزار کەس، هاتوچۆیان کرد،(هاتن – ٢١٩ هەزار، چوون – ٢٣٠ هەزار)، چەندین هەزار تەنیش لە کەلوپەلە جیاوازەکان گواسترایەوە. تەماشای خشتەی ژمارە (٤٧) بکە.

وەکوو بەو ژمارانەی نێو ئەو خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، فڕۆکەخانەی دیاربەکر، لە ڕووی نیشتنەوە و فرینەوە، چ لە ڕووی ژمارەی خەڵک و چ لە ڕووی گواستنەوەی بارەوە، بە قەرەباڵغترین فڕۆکەخانەی کوردستان دادەنرێت. هۆکەشی تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی شوێنی جوگرافی لە نێو نێوچەکانی دیکەی کوردستاندا، زۆر باش هەڵکەوتووە. کەمترین ژمارەی نیشتنەوە و فرینیش، لە فڕۆکەخانەی سنەیە، هۆکەشی بۆ بەردەوام نەبوونی کار دەگەڕێتەوە.

خشتەی ٤٧

زمارەی نیشتنەوە و فڕینی کەس و بار
لە فڕۆکەخانەکاندا، ساڵی ١٩٨٩

فڕۆکەخانە	زمارەی نیشتنەوە و فڕین	نەفەر، هەزار			بار، هەزار کگم		
		کۆ	هاتن	چوون	کۆ	هێنان	بردن
دیاربەکر	٩١٢	٩٤	٤٧	٤٧	١٢٣٦	٦٦٣	٥٧٣
ئەلازیغ	٧٦٣	٢	٠,٥	١,٥	٨	–	٨
ئەرزنجان	٢٠٥	٠,٣	٠,١	٠,٢	٤	١	٣
ئەرزەڕۆم	١٣٠٨	٥٦	٣٠	٢٦	٩٥٠	٦٤٣	٢٠٧
گازی ئانتەب	٧٩٢	٣٦	١٩	١٧	١٢٩	٨٧	٤٢
مەلاتیە	٣١٨	١٦	٨	٨	١٩٥	١١٤	٨١
ئۆرفە	١٦٨	٠,٤	٠,١	٠,٣	٢	١	١
وان	٦٠٤	٣٥	١٨	١٧	٣١١	٢٢٩	٨٢
ورمێ	–	١٠٧	٥٤	٥٣	–	–	–
کرماشان	–	٧٠	٣٦	٣٤	–	–	–
خورەم ئاباد	–	١٩	١٠	٩	–	–	–
سنە	–	١٣	٧	٦	–	–	–

٠٣ ڕێگاوبانی ئاوی

لە کوردستاندا، ڕووبار و ئاوێکی زۆر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی هاتوچۆی نێوخۆی ئاوی نییە. چونکە زۆربەی ڕووبارەکان بە دۆڵە قوڵ و زۆر تەسکەکاندا دەڕۆن. جگە لەوەی ئاستی ڕووبارەکان لە ئاستی زەوییەوە، زۆر نزم و دوورە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی، کە ئیدی ڕووبارەکانی کوردستان، بۆ هاتوچۆکردن بە کەڵک نایەن، بەڵکوو لە هەندێ شوێندا، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە ئاوی ڕووبارەکان هێور دەبنەوە، بە بەلەم و قەیاغ و چوپ و مەشکە... هتد توانای پەڕینەوە و هاتوچۆکردن هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەدا، کە سنووری کوردستان لە باشوور و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، دەگاتەوە سەر کەنداوی عەرەبی و کەنداوی ئەسکەندەرون، ئەو دوو شوێنە بۆ هاتوچۆی ئاوی دەست دەدەن و لەو ڕێیانەشەوە دەتواندرێ، پەیوەندی بە وڵاتەکانی دیکەی جیهانەوە بکرێ. لەسەر کەناری ئەو دوو ئاوە، چەند بەندەرێ هەڵکەوتوون، گرنگەکانیان ئەمانەن:

- بەندەری گناوە

ئەم بەندەرە، لەسەر ڕۆخی کەنداوی فارەسە و دەکەوێتە باشووری کوردستانەوە. تێکڕای بەرزایی لە ڕووی زەریاوە، نزیکەی پێنج کیلۆمەتر دەبێ. شوێنی سروشتی ئەم بەندەرە، زۆر باش هەڵنەکەوتووە، لەبەر ئەوە یەکسەر بە زەریاوە نەبەسراوەتەوە، بەڵکوو لە ڕێی کەنداوێکی پچوکترەوە، دەگاتە سەر زەریا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخی بازرگانی کەم نییە و ساڵانە لە ڕێی ئەم بەندەرەوە، چەندین تەن کەلوپەل دەهێندرێ و دەنێردرێت بۆ دەرەوە. لە هەمان کاتیشدا، ژمارەی ئەو پاپۆڕانەی لەسەر کەناری ئەم بەندەرە لەنگە دەگرن، کەمن و ژمارەی ئەو کرێکارەنەشی لەو بەندەرە کار دەکەن، لە چەند سەد کەسێ تێپەڕ ناکات.

- بەندەری ریگ

بە دەیان کیلۆمەتر لە باشووری بەندەر گناوەوە دوورە. ڕاستەوخۆ لەسەر کەنداوی فارسەوە هەڵکەوتووە. لە ساڵی ١٧٥٤ی زایینیدا، کۆمپانیای هیندی - ئینگلیزی ڕۆژهەڵات، کەرەسەیەکی زۆری لێ داگرت، بەو نیازەی لەوێدا و لەسەر قەراغی ئەم کەنداوە، بەندەرێکی گەورە دروست بکەن، تا بتوانن پێشوازی لە گشت کەشتییەکانی گواستنەوە و پاپۆڕە زەریاییەکان بکەن، کە کەلوپەل بۆ بەندەری پوشەهری ئێرانی دەبەن.

لەبەر هەندێ هۆی جوگرافی، هێشتا وەکوو پێویست، بایەخێکی زۆر بەم بەندەرە نەدراوە، بۆیە لە ڕووی ئابووریشەوە، بایەخێکی زۆری نییە.

- بەندەری دەیلەم

ئەم بەندەرە ٧٢ کم لە باشووری شارۆچکەی بەهبەهانەوە دوورە. هەروەکوو بەندەری گناوە، لەسەر کەنداو هەڵنەکەوتووە. لە ڕووی ژمارەی ئەو پاپۆڕانەی ڕۆژانە، لەم بەندەرەدا لەنگەر دەگرن و کەلوپەل هانین و ناردنە دەرەوە و خەڵک گواستنەوەوە، بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

- بەندەری ئەسکەندەرون

بایەخی ئەم بەندەرە بۆ کوردستان، لە بایەخی هەموو بەندەرەکانی دیکە زیاترە. لەم بەندەرەوە دەتواندرێ، ساڵانە چەندین هەزار ملیۆن تەن نەوت، بۆ بازاڕەکانی جیهان ڕەوانە بکرێت. مانگانە بە دەیان پاپۆڕ لەم بەندەرەدا، بەتاڵ و بار دەکرێن، بە سەدان کەسیش سەفەری پێ دەکەن.

چالاکی بازرگانی یەکێ لە دواکەوتووترین کەرتەکانی ئابووری کوردستانە. ئەمەش لە دوو ڕووەوە بەدیار دەکەوێ، لە لایەکەوە ڕێژەی ئەو کەسانەی بە بەردەوامی بە کاری بازرگانییەوە خەریکن، لە ١٪ی گشتی دانیشتووانی چالاکی ئابووریی پێک دێن. ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە لە وولاتەکانی دیکەی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا، دەگاتە ١٠٪. لە لایەکی دیکەوە، ڕێژەی سالآنەی داهاتی بازرگانی، لە پێکهێنانی بەرهەمی نیشتمانیدا، ئەگەر ئەو ساڵە کاری بازرگانی زۆر باش بێ، لە ١٠٪ زیاتر نابێ، ئەوە لە کاتێکدا، لە دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، هەتا ٢٠٪ دەڕوا.

لە خەسڵەتە گرنگەکانی بازرگانی کوردستان ئەوەیە، کە دوو لەسەر سێی نرخی سالآنەی بازرگانی، بۆ هێنانی (هێنان – Import) کەلوپەلی جیاواز تەرخان دەکرێ، واتە کوردستان بە پلەی سەرەکی، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ڕۆژانەی ژیان، پشتی بە وولآتانی دەرەوە بەستووە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، جولآنەوەی بازرگانی بە شێوەیەکی بەردەوام، لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ئابڵوقە دراوە، تا بە هیچ جۆرێ، نە لە ڕووی ئابووریی و نە لە ڕووی کۆمەلآیەتییەوە پێش نەکەوێ. یەکێ لە خەسڵەتەکانی دیکەی بازرگانی ئەوەیە، کە کوردستان هیچ کاتێ ئازاد نییە، لەوەی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کام دەوڵەتدا دەبەستێ، بەڵکوو ناچارە تەنیا، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا ببەستێ، کە بۆی دەسنیشان دەکرێ، با جۆری ئەو پەیوەندییەشی لا پەسەند نەبێ، یا لە بەرژەدەندیشی نەبێ، لەبەر دەردی ژێردەستی و بێدەوڵەتی، دەبێ هەر پەسەندی بکات.

١. بازرگانی دەرەوە

پێش ئەوەی دەست بە باسکردنی بازرگانی دەرەوە بکەین، ڕاستییەک هەیە، پێویستە پێش چاو بخرێ، ئەویش ئەوەیە، ئەم جۆرە بازرگانییە، کوردستان ناتوانێ خۆی بە ئەنجامی بگەیەنێت. هۆکەشی بۆ نەبوونی قەوارەیەکی ڕامیاری دەگەڕێتەوە، بۆیە هەموو جۆرە چالاکییەکانی بازرگانی دەرەوە، لە ڕێی دەوڵەتانی سەردەستەوە جێبەجێ دەکرێ.

گەلێ دەوڵەت لە جیهاندا هەن، دەیانەوێ پەیوەندی بازرگانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردستاندا دابمەزرێنن، لەبەر ئەوەی لەسەرێکەوە، کەرەسە خاوەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی و پەلەوەڕ و ئاژەڵ و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی، لەچاو وولآتەکانی دیکەدا،

به نرخێکی هەرزانتر لەیی دەست دەکەوێ. لەسەرێکی دیکەشەوە، بازاڕەکانی کوردستان، بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلە پیشەسازییەکانی ئەو وولاتانە، بەشوێنێکی باش لە قەڵەقم دەدرێ. بۆیە هەر لە کۆنەوە، دەوڵەتە جیاجیاکانی جیهان، هەوڵی زۆریان داوە، تا دەست بەسەر بازاڕەکانیدا بگرن، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەشیان، زۆر جار هەندێ لە نوێنەرەکانی خۆیانیان بۆ ناردووە.

بازرگانی دەرەوە، لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە تاکوو ئەورِۆ، وردە وردە گەشەی کردووە. بۆ ئەوەی زیاتر لەو گۆڕانکارییانە بگەین، پەرەسەندنی بازرگانی دەرەوە بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش دەکەین:

قۆناغی یەکەم: ١٩٠٠ – ١٩٢٥

نرخی سالانەی بازرگانی دەرەوەی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا، بە لەبەرچاوگرتنی بارە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکەی هەردوو لا، لە ٢٥ هەزار دۆلار کەمتر بووە. لەو ڕۆژگارانەدا، زۆربەی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، لە جلوبەرگ و پێلاو و کەلوپەلی نێو ماڵ و کەرەسەکانی کشتوکاڵ و هەندێ خواردەمەنی و دەرمان... تاد، جۆلا، بەرگدروو، کەوشدروو، تەونچن، دارتاش و ئاسنگەر، بە دەستی خۆیان دروستیان کردوون، خواردەمەنیش لە دانەوێڵە و گۆشت و سپیایی، لە لایەن جوتیارەکان و مەڕدارەکان بە بەرهەم هێندراوە. پێویستی گەورەی ئەو ڕۆژگارانە، تەنیا هەندێ قوماش و چا و شەکر و چەکی سووک بووە، ئەویش لە ڕێگەی بازرگانەکانی ڕۆژهەلات و دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە، لە بازاڕەکان دەست کەوتوون و فرۆشراون. لە هەمان کاتیشدا، بەرهەمەکانی کوردستانیشیان کڕیوە و بۆ دەرەوەیان ناردووە، بۆ نموونە، بازرگانە ئەڵەمانییەکان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، شاری شنۆیان کرد بوو بە ناوەندێکی گەورەی خوری کڕین، لەوێشەوە بۆ ئەو فابریکەیەیان دەنارد، کە لە تەورێز بۆ دروسکردنی ڕایەخ دایانمەزراند بوو. لەم جۆرە نموونانە، وێنەیان لە شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا، کەم نییە.

قۆناغی دووەم: ١٩٢٥ – ١٩٥٠

لەم قۆناغەدا، لە ئەنجامی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی وەکوو تراکتۆر و خەرماشە بۆ جووت کردن، کەمباین بۆ دروێنەکردن، پەمپی ئاو بۆ ئاودان، بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی، قەلاچۆکردنی نەخۆشییە جۆربەجۆرەکانی کشتوکاڵ، بەرهەمی کوردستان بە تایبەتی

بەرهەمی کشتوکاڵ، زۆری زیاد کرد. ئەم زیادبوونی بەرهەمە لێپرسراوانی بازرگانییان ناچار کرد، بە دوای بازاڕدا بگەڕێن، بۆ ئەوەی بەرهەمە زیادەکانی لە بازاڕەکانی دەرەوەدا ساغ بکەنەوە. یەکێ لەو بازاڕانەی لەم قۆناغەدا پەیدا بوو، یەکێتی سۆڤیەتی بوو. ئەم وولاتە لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینیدا، یەک ملیۆن و هەشت سەد و حەفتا و پێنج هەزار کیلۆ، توتنی لە نێوچەی مهاباد کڕی، کە پارەکەی نزیکەی هەشت هەزار دۆلار بوو.

بازاڕەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا، لە لایەکەوە بوژایەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، پێویستییەکانی لە شتومەکی دروسکراوزیادی کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی، کە بوارێ بۆ جولانەوەیەکی بازرگانی چالاک خۆش بکا و بازرگانە بیانییەکان بۆ ئەو مەبەستە، ڕوو لە بازاڕەکانی کوردستان بکەن، بە تایبەتی بازرگانە ئەوروپاییەکان، کە لەو ساڵانەدا و بۆ جاری یەکەم، گرام و ڕادیۆ و ئۆتۆمۆبیل و کارەبا و هەندێ شتی دیکە، کەوتنە بازاڕەکانەوە، بەو شێوەیش نرخی ساڵانەی بازرگانی، بۆ سەدان هەزار دۆلار بەرز بۆوە.

قۆناغی سێیەم: ١٩٥٠ – ١٩٧٥

تایبەتمەندی ئەم قۆناغە، لە زیادبوونی ژمارەی داواکارییەکانی کەلوپەلی دروسکراو دایە، بگرە لە ئۆتۆمۆبیلی جۆراوجۆر، ڕادیۆ، ڕیکۆردەر، تەلەفیزیۆن، ئامرازی کشتوکاڵی وەکوو تراکتۆر و کەمباین... تاد، داوودەرمان و کەرەسەی پزیشکی، جلوبەرگی دوراو، بگرە هەتا خواردنیش، کە زۆربەی ئەم پێویستییانە، لە نێوخۆدا نایەتە بەرهەم، بەڵکوو دەبێ هەمووی لە ڕێگەی بازرگانی دەرەوە پڕ بکرێتەوە. بۆ پڕکردنەوەی هەموو ئەم کەموکوڕییانەش، پێویستی بە سەدان ملیۆن دۆلار هەیە، کە ئەوڕۆ پەیداکردنی ئەو پارەیە، گەلێ دژوارە، چونکە کوردستان تاکوو ئێستا، مافی ئەوەی نییە، کە بە ویست و ئارەزووی خۆی، سامانی سروشتی وولاتەکەی بەکار بهێنێ، بە تایبەتی نەوت و پارەی قورس پاشەکەوت بکات.

بەرهەمی کوردستان بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی بۆ بازاڕەکانی دەرەوە دەنێردرێن، وەکوو دەغڵودان و گیانلەبەری زیندوو و بەرهەمەکانیان، نەک هەر لەو ئاستە کۆنەی قۆناغی پێشوودا نەماوە، بەڵکوو کەمتریش بۆتەوە، واتە بازاڕەکانی کوردستان، زیاتر پشتی بە بازرگانی دەرەوە بەستووە. گومانی تێدا نییە، کە ئەم جۆرە بەرنامە و پلانە لە بازرگانی دەرەوەدا، ئاکامەکەی بۆ ئابووریی نیشتمان باش نابێ. نرخی ساڵانەی بازرگانی (ناردن و هاوردن) زۆر زیادی کردووە و لە دەیان هەزار ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە.

قۆناغی چوارەم: ١٩٧٥ – ١٩٩٥

بازاڕەکانی کوردستان لەم ساڵانەی دوایییدا، زیاتر بە بازاڕەکانی جیهانەوە بەسرایەوە. چونکە کارەکە لەوە دەرچوو، کە تەنیا کەلوپەلە پێویستە کلاسیکییەکانی وەکوو هۆیەکانی گواستنەوە و ئامرازەکانی کشتوکاڵ و پێویستییەکانی نەخۆشخانەکان و قوماش و هەندێ خواردەمەنی تایبەتی دیکە، لە دەرەوەی وڵات بهێندرێ، بەڵکوو ئەو شتانەی ساڵانی ڕابوردووش، لە دوکان و بازاڕەکاندا دروست دەکران، وەکوو هەندێ ئامرازی ئاسایی کشتوکاڵ و کەرەسەی دارتاشی و ئاسنگەری و هەندێ بەرهەمی چنراو چ بە دەست و چ بە مەکینە، ئەمانە و گەلێکی دیکە هەموویان لە ڕێگەی بازرگانەکانەوە، لە دەرەوەی کوردستانەوە دابین دەکران.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەروبوومە باوەکانی کوردستانیش، نەک هەر لەسەر ئاستی ساڵانی پێشوویان نەمانەوە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ کەمتر بوون و ئاستی ناردنە دەرەوەشیان کەم بۆوە. لەم حاڵەتەدا، بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی بازرگانی دەرەوە، پێویستی بە تەرخانکردنی پارەیەکی زیاتر هەیە، لەمەشەوە گەورەترین کەموکوڕی لە پارسەنگی بازرگانی ساڵانەدا پەیدا دەبێ، بۆ وێنە ئەم کورتییە لە کۆتایی هەشتاکاندا، نزیکەی ٦٢ ملیۆن دۆلار بوو.

هاوردن و ناردن ـ Import and Export

بە پشتبەستن بە ئاماری جۆراجۆر دەتواندرێ، بابەتی هاوردن و ناردن، زیاتر باس بکرێ و پتر ڕوون بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا دەتوانرێ، لایەنە چاک و خراپەکانی زیاتر بخرێتە ڕوو، جگە لەوەی کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامارانەدا دەتوانرێ، هەندێ خاڵی بە کەڵک پێشنیاز بکرێ. بە داخەوە تاکوو ئێستا ئەم جۆرە مەتیریالانە لەبەر دەستی لێکۆڵەرەوەدا نین و بەو زووانەش ئەو پێشبینییە ناکرێ، کە بە دەست بهێنرێن. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، بە گوێرەی توانا لێرەدا هەوڵمان داوە، هەر هیچ نەبێ، لەبەر ڕووناکایی ئامارەکانی بازرگانی، دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا، خشتەیەکی خەملێندراو پێشکەش بکەین. تەماشای خشتەی ژمارە (٤٨) بکە.

خشتەی ٤٨ دینامیکی بازرگانی دەرەوە، ١٩٧٥-١٩٨٨ (خامڵاندن)

ساڵ	ناردە		هاوردە	
	چەندایەتی	نرخ	چەندایەتی	نرخ
١٩٧٥	١١٥٧٠	٣٣٥٥٣	١٧١٥١	٥٨٣١٣
١٩٧٦	١٢٢٨٠	٢٧٠١٦	٢١٠٣٢	٨٢٠٢٥
١٩٧٧	١٠٩٩٢	٢٦٣٨١	٢٥٣٧١	١٠٤٠٢١
١٩٧٨	١٣٠٦٨	٣٧٨٩٧	٢١٣١٨	٩٣٧٩٩
١٩٧٩	١١٨١٦	٢٤٨١٤	٢٣٣٥٤	٨٦٤٠٩
١٩٨٠	١١١٣٦	١٨٩٣١	٢٦١٧٤	٧٨٥٢٢
١٩٨١	١٤٧١٢	٢٩٤٢٤	٢٦٨٢١	٦٧٠٥٢
١٩٨٢	١٧٩٥٨	٣٩٥٠٨	٢٦٥٠٨	٦٨٩٢١
١٩٨٣	١٦٤٠٦	٣٢٨١٢	٢٧٨٨٤	٨٠٨٦٤
١٩٨٤	١٧٤٦١	٣٣١٧٦	٣٤٨٠٦	١٠٤٤١٨
١٩٨٥	١٧٧٣٢	٣٠١٤٤	٣٤٠٨٦	٩٨٨٤٩
١٩٨٦	١٦٩٣٤	٣٠٤٨١	٣٣٦١٦	١٠٧٥٧١
١٩٨٧	١٧٧٦٦	٢٤٨٧٢	٣١٣٠٢	١٠٠١٦٦
١٩٨٨	٢٣٨٥٨	٤٥٣٣٠	٣٢٤٦٩	١٠٧١٤٨

کەلوپەلی بۆ دەرەوە ناردراو (ناردن)

ئاسـتی چەندایەتیی و نرخی ناردنە دەرەوەی کـەلوپەلە جـیـاوازەکـان، وەکـوو لە ژمارەکانی نێو خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، بەردەوام لە زیادبوون دایە. لە ساڵی ١٩٧٥دا، ئاستی چەندایەتی ئەو کەلوپەلانەی بۆ دەرەوە نێردراون، ١٢ ملیۆن تەن بوو، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٨٨دا، ئەو چەندایەتییە زیادی کردووە و گەیشتۆتە ٢٤ ملیۆن تەن، واتە لە ماوەی ئەو ١٣ ساڵەی دواییدا، ١٢ ملیۆن تەن زیادی کردووە. بەو پێیە نرخی ناردنیش زیادی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٥دا، نرخی شتومەکە ناردراوەکان بۆ دەرەوەی وولات، ٣٤ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨دا، ئەو ژمارەیە بەرز بۆتەوە تا گەیشتۆتە ٤٥ ملیۆن دۆلار، بە واتایەکی دیکە، زیادەکە لە هەمان ماوەدا، بریتی بووە لە نۆ ملیۆن دۆلار.

چەشنەکانی شتومەکی ناردراو بۆ دەرەوەی وولات، لە لایەکەوە بە گەشەکردنی جۆری چالاکی ئابووری هەر وولاتێک دادەنرێ، لە لایەکی دیکەشەوە، نیشانەی پلەی پێشکەوتنی ئەو وولاتەیە لەو بوارەدا. ئەگەر لیستەی شتومەکی ناردراوی ساڵانەی وولات، بهێنینە پێش چاوی خۆمان، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستییە، کە کوردستان نەوەک هەر وولاتێکی کشتوکاڵییە، بەڵکوو وولاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتووشە و دەتوانین، لە ڕیزی دوایی دواوەی وولاتەکانی دیکەی، باشووری - ڕۆژئاوای ئاسیادا دایبنێین. ئەو شتومەکانەی لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە دەنێردرێ، لەسەر بناغەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانیان، بەسەر سێ دەستەدا دابەشیان دەکەین:

- بەروبوومی کشتوکاڵی

بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی، لە گەنم و جۆ و برنج و نیسک و نۆک و ماش و تووتن و لۆکە و ترێ و هەنجیر و قۆخ و هەرمێ و سێو و شوتی و کاڵەک و تەماتە و باینجان و کولەکە و گەلێ بەروبوومی کشتوکاڵی دیکەش، ساڵانە لە کێڵگە و باخچەکانی کوردستاندا، بە سەدان هەزار تەنیان لێ بە بەرهەم دەهێندرێ و دەدورێتەوە و دەڕندرێ و کۆ دەکرێتەوە. ئەم بەرهەمانە، گەلێ لەوە زیاترە، کە بازاڕەکانی نێوخۆ پێویستییان پێی هەبێ، یاخود بە واتایەکی دیکە، بە تەواوی لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساغ نابنەوە، لەبەر ئەوە، هەموو ئەو بەرهە زیادانە، بۆ بازاڕەکانی دەرەوە دەنێردرێ و بە پارەی قورس پێیان دەفرۆشرێ. ئەم پرۆسێسە لە لایەن دەزگا تایبەتییەکانی دەوڵەت و کۆمپانیا بازرگانییەکان و هەندێ بازرگانی نێوخۆوە، بە ئەنجام دەگەیەندرێ. بەروبوومەکانی کشتوکاڵ، نەک هەر

تەنیا دەگاتە بازاڕەکانی نێوخۆی، دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا و لەوێ بە باشی ساغ دەبنەوە، بەڵکوو بەشێکی زۆریشی، بۆ بازاڕەکانی چەندین وولاتی ئەورووپای وەکوو ئەڵەمانیا و ئیتالیا و ئینگلتەرە و فەڕەنسا و سوید و وولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا... تاد دەنێردرێ.

– بەرهەمی ئاژەڵ

بارودۆخی سروشتی و هەڵکەوتی جوگرافی و ئاو و هەوای کوردستان، زۆر لە بارن بۆ ئەوەی بەروبوومی ئاژەڵ، بە شێوەیکی باش و بە دەسکەوتێکی چاک بەرهەم بهێندرێ. جگە لە ئەزموونی قووڵی سەدان ساڵەی جوتیار و مەڕدار و شوانەکان، لە ڕووی بەخێوکردنی مەڕومالاتی وردەی وەکوو مەڕ و بزن و درشتەی وەکوو مانگا و گامێش و ولاخی بەرزەی وەکوو ئەسپ و ماین و بارگیر و هێستر و کەر و پەلەوەڕی وەکوو مریشک و کەڵەشێر و قاز و مراوی و عەلەشیش، کە گەرەنتی بەرهەمێکی باشی ساڵانە دەدا و بازاڕەکانی نێوخۆ، بەو جۆرە بەرهەمانە بە زیادەوە پڕ دەکات. ئەوانەی بەم جۆرە کارانە هەڵدەستن، بۆ ئەوەی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، لە شتومەکی دروسکرا و و شەکر و چا و... هتد دابین بکەن، بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیان، بە جامباز و گۆشتفرۆشەکان دەفرۆشن، ئەوانیش بەشێکی زۆر لەو بەرهەمانە، بۆ دەرەوە ڕەوانە دەکەن. شتێکی سەیر و کارێکی سەرسوڕهێنەر نییە، ئەگەر بڵێین، بەشێک لە سپیایی (بەروبوومی شیر) کوردستان، لە زۆربەی بازاڕەکانی ئەورویادا هەیە!

– بەرهەمی دارستان و ڕووەکی سروشتی

زۆربەی زۆری نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە دارستان و ڕووەکی سروشتی داپۆشراون و ڕازێندراونەتەوە. دارستانەکان سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی دار پێک دەهێنێن. لەم ساڵانەی دواییدا، لەبەر زیادبوونی پێویستییەکانی ژیان و داواکاری بەردەوام بۆ دروسکردنی کەلوپەلەکانی وەکوو تەختە و خانوو و موبێلە، هەروەها بۆ دروسکردنی کاغەز و کارتۆن... تاد، بازاڕی بازرگانیکردنی دار، گەلێ گەرم بووە. ئەوە جگە لە بەرهەمی هەندێ لەو درەختە بەردارانە، کە ئەوەندەی دیکە ڕەواجی زیاد کردوون، وەکوو قەزوان و جەفت و بنێشت و مێو و بەڕو و سیسی و کۆکردنەوەی هەندێ گژوگیای تایبەتی، کە بۆ دروسکردنی شتومەک و دەرمان گرتنەوە بەکار دەهێندرێن.

ئەو جۆرە بەروبوومانەی لە کوردستاندا دێنە بەرهەم و لەسەرەوە باسمان کردن، بۆ دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا دەبرێن و لەوێشەوە بە ڕێگەی ئاسمانی و شەمەندەفەر و ئاویی، بەرەو بازاڕەکانی ئەوروپا دەنێردرێن.

کەلوپەلی لە دەرەوە هێنراو (هاوردن)

ژمارەکانی نێو خشتەی دینامیکی بازرگانیی دەرەوە، نیشانمان دەدات، کە ئاستی چەندایەتی و نرخی شتومەکی لە دەرەوە هێنراو.بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیادبوون دان. لە ساڵی ١٩٧٥دا، بارستایی چەندایەتی شتومەکی لە دەرەوە هێنراو، ١٧ملێۆن تەن بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨دا، ئەو چەندایەتییە بۆ ٣٢ ملیۆن تەن زیادی کرد، واتە لە ماوەی ١٣ ساڵدا، نزیکەی دوو جار (١٥ ملیۆن) زیادی کردووە. نرخی کەلوپەلە هێندراوەکانیش لە هەمان ئەو ساڵانەدا، ٥٨ ملیۆن دۆلار بوو، بۆ ١٠٧ ملیۆن دۆلار زیادی کرد، بە واتایەکی دیکە، زیادەکە کەمێکی لە دوو جار (٤٩ ملیۆن دۆلار) کەمتر بوو.

کوردستان بەشی هەرە زۆری کەلوپەلە دروسکراوە پێویستەکانی خۆی، لە وولاتەکانی دەرەوە دەهێنێ. هۆکەشی بۆ دواکەوتوویی باری پیشەسازی دەگەڕێتەوە، کە تاکوو ئێستا، جگە لە هەندێ خواردەمەنی و جلوبەرگ، کە لە چەند دوکان و کارگەیەکی پچوکدا دەهێندرێتە بەرهەم، لەوە زیاتر هیچی دیکەی تێدا نییە. سەرەڕای ئەمانەش، هەموو ساڵێ هێنان، تازەی دێتە سەر. ئێمە لێرەدا شتومەکی هێنراو، بە گوێرەی شێوازی بەکارهێنانی، بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوەدا دابەش دەکەین:

– بەروبوومی خواردن و ئاژەڵی زیندوو

ناوی شتومەکە پێویستە لە دەرەوە هێندراوەکانی ئەم لیستەیە، لە دە جۆر زیاتر پێک دێ، وەکوو ئاژەڵی زیندوو، گۆشت، سپیایی، هێلکە، ماسی، دەغڵودان، میوە، سەوزە، شەکر، چا، قاوە، هەنگوین، بەهارات، ئالیک بۆ ئاژەڵ ... و هتد. لە نێو هەموو ئەم شتومەکانەدا، لە ڕووی چەندایەتی و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، شەکر و چا پێش هەموو شتومەکەکانی دیکەوە دێن. ئەم شتومەکانە، نزیکەی ٣٥٪ی گشت شتومەکە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنن. کوردستان توانای کەمکردنەوەی ئەم ڕێژەیەی هەیە، ئەگەر بێتو زیاتر بایەخ بە کەرتی کشتوکاڵ بدات و بەرهەم زیاد بکات.

- خواردنەوە و جگەرە

خواردنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە، تووتن و ئەو شتانەی لە تووتنیش دروست دەکرێن، بەشێکی پچوک لە ڕێژەی گشت شتومەکە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنێ. توانای بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە شتومەکانە لە کوردستاندا، خراپ نییە، بۆیە پێویستە بۆ داهاتوو، ئەم ڕاستییە پێش چاو بخرێ.

- کەرەسەی خاو

ئەم جۆرە کەلوپەلانە،بریتین لە پێستە و فەرووی خۆشنەکراو، دەنک و ناوک و تۆوی چەور، تەپەدۆری خاو، دار و فلین، هەویری کاغەز، داوی چنین، مادەکانی (دروسکراو و نەکراو)، پەین سروشتی و کیمیاوی، مەعدەنی خاو، جگە لە بەردەڕوژ و نەوت و بەردی بەنرخ و مادە خاوە مەعدەنییەکان. ڕێژەی ئەم شتومەکە هێندراوانە، نزیکەی لە ٣٪ی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنێ. ئەم شتومەکانە گەلێ پێویستن، چونکە لەو بەرهەمانەن، کە لە کوردستاندا بەرهەم ناهێندرێن، بۆیە پێویستە بە دوای سەرچاوەی هەرزاندا بگەڕێین و تەنیا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، لەو ڕووەوە پەیوندی بازرگانی ببەستین، کە ئەم شتومەکانەیان بە هەرزان لا دەست دەکەوێت.

- مەعدەن و کەرەسەی سوتەمەنی و مەتیریاڵی چەوری

ئەم شتومەکانە لە خەڵوزی بەردین و پیترۆڵ و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی و گازی سروشتی و دەسکرد. ئەم شتومەکانە هەموویان لە کوردستاندا، نەک هەر هەن، بەڵکوو جێگەیەکی دیاریکراویشیان بۆ خۆیان، لە بەرهەمی جیهانیدا (بە تایبەتی نەوت) داگیر کردووە، بەڵام بە داخەوە لەبەر نەبوونی قەوارەیەکی ڕامیاری کوردستانی، ئێمە ناتوانین، دەسکارییان بکەین و چۆنمان دەوێ، بەو چەشنە بەکاریان بهێنین، بەڵکوو هەموو ئەو کەلوپەلە خاوانە، لەبەر چاوی خۆمان بە تاڵان دەبرێ و بۆ دەرەوە دەنێردرێ، ئێمە خۆشمان بە نرخێکی گرانتر دەیکڕینەوە. ڕێژەی ئەم جۆرە شتومەکانە، لە دەوروبەری ٤٪ی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنێ.

– شتومەکی زەیتی و بەز و چەوری ئاژەڵ و ڕووەک

ڕێژەی ئەم چەشنەشتومەکە هێندراوانە، نزیکەی خۆی لە ١٠٪ی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان دەدات. ئەم ڕێژەیە بۆ وولاتێکی کشتوکاڵی وەکوو کوردستان زۆرە، بۆیە لە دوارِۆژدا، پێویستە بیرێ لە کەمکردنەوەی بکرێتەوە.

– شتومەکە کیمیایی و بەرهەمەکانی

ئەورِۆ پیشەسازی لە کوردستاندا، لەو ئاستەدا نییە، کە بتوانێ شتومەکە کیمیاوییەکان بەرهەم بهێنێ. ئەم بەرهەمانەش لە مادە کیمیاویە ئۆرگانیکەکان و نائۆرگانیکەکان، مەتیریاڵی ڕەنگکردن، مەتیریاڵی خۆشکردنی پێستە و ڕەنگکردنیان، بەرهەمەکانی پزیشکی و دەرمان، مەتیریاڵی دروسکردنی خواردنەوە گازییەکان، کەرەسەی ئارایشت (سووراو و سپیاو)، مەتیریاڵی شتن و خاوینکردنەوە، پەینی کیمیاوی، تەقەمەنی و بەرهەمی ئاگری و... تاد. بۆیە کوردستان ناچار دەبی، ئەم جۆرە شتومەکانە لە دەرەوە بهێنێ، تا پێویستییەکانی خەڵک پڕ بکاتەوە. ئەم جۆرە شتوکەمانە، نزیکەی ١٥٪ی بارستایی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنێن.

– هەندێ شتومەکی دروسکراوی دیکە

ئەم جۆرە شتومەکانە بریتین لە پێستەی خۆشکراو، شتومەکی دروسکراو لە تەپەدۆر، دار، کاغەز، کارتۆن، شتی ڕێسراو و چنراو، مەتیریاڵەکانی مەعدەن و ئاسن و پۆلا... تاد. ئەمانە هەموویان تێکڕا پێکەوە، نزیکەی لە ٣٢٪ی بارستایی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنن. ئەگەر سەرنجێکی ورد لە سامان و توانای کوردستان بدەین، لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و سامانە کانزاییە جۆراجۆرەکان ورد ببینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ و دەتوانین بڵێین، شانسی کەمکردنەوەی ئەم جۆرە شتومەکانە، لە کەرتی بازرگانی دەرەوەدا زۆرە.

– ئامێرەکانی گواستنەوە

ئەم جۆرە کەرەسانە بریتین لە ئامێرەکانی بە دەسهێنانی وزە و ئامێرەکانی ئامادەکردنی هەندێ پیشەسازی تایبەتی و ئامێرەکانی ڕادیۆ و بێتەلەکان و ئامێرەکانی کارەبا و پێویستییەکانی هۆی گواستنەوەی زەمینی. ئەمانە هەموویان بەسەریەکەوە، نزیکەی ٤٪ی بارستایی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنێن.

- شتومەکی دروسکراوی هەمەچەشنە

ئەم جۆرەیان بریتییە لە پێویستییەکانی گەرمکردنەوە و ڕووناکی و شتومەکەکانی دیکەی وەکوو ڕایەخ و پێویستییەکانی سەفەرکردنی وەکوو جامتا و کەرەسەی بەرگ و پێخەف و پیل و کامێرا و کاتژمێر... تاد. ڕێژەیان لە ١٪ی بارستایی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنن.

پەیوەندی بازرگانی کوردستان لەگەڵ وولاتانی دیکەدا

شتومەک هێنان لە دەرەوەی وولات، لە لایەکەوە بۆ زانینی ڕادەی پێشکەوتنی ئابووری و ئاستی پیشەسازی و کشتوکاڵی، بە بەڵگەیەکی سەرەکی دەژمێردرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، لە ڕووی پەیوەندی بەستنەوە، لە نێوان لقەکانی ئابووری نیشتمانی دەوڵەت، لەگەڵ بازاڕەکانی جیهانی دەرەوەدا، بە بزووتنەوەیەکی بازرگانی گەلێ گرنگ دادەنرێ. هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە، پاشکۆیی ئابووری وولات بە دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە، یان بە چەند دەوڵەتێکەوە، یان بە گروپێکی ئابووری مۆنۆپۆلی جیهانی، نیشان دەدات.

کوردستان وەکوو وولاتێکی بەرهەمهێنەر، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ زیاتر لە سەد دەوڵەتی جیهاندا هەیە. بەڵام ئەو پەیوەندییە ئابوورییە، لەگەڵ زۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا، لە بەرژەوەندیدا نییە، چونکە ژمارەیەکی کەمیان نەبێ، کە بەرهەمەکانی کوردستان دەکڕن، ئەوانی دیکەیان تەنیا بەرهەمەکانی خۆیانیان پێ دەفرۆشن. ئەو وولاتانەی پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵیدا هەیە، لە ڕووی پلەی پەیوەندییەکانی بازرگانی و چەندایەتی و نرخ و جۆری شتومەک و کارتێکردنیان لە ئابوورییەکەی، بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەش دەکەین:

- وولاتانی باشووری ـ ڕۆژئاوای ئاسیا

کوردستان پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەم دەستەیەدا هەیە، لە پێش هەمووشیانەوە، لەگەڵ دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا، ئەم پەیوەندییەی زیاد لە حەفتا ساڵە گرێ داوە. جۆری ئەم پەیوەندییە بە شێوەیەکە، کە زیاتر لە ٩٠٪ی گشت لقەکانی ئابووری بازرگانی دەرەوەی ، لەگەڵ ئەم چوار دەوڵەتە دایە، بە واتایەکی دیکە، کوردستان تەنیا لە ڕێگەی ئەم چوار دەوڵەتەوە، پەیوەندی بازرگانی دەرەوەی خۆی، لەگەڵ وولاتەکانی دیکەی جیهاندا، گرێ دەدات، لەبەر ئەوەی هەر یەکێ لەم

دەوڵەتانە، بە ویست و ئارەزووی خۆیان، پەیوەندی بازرگانی دەرەوە، لەگەڵ وولاتانی جیهاندا دەبەستن. کوردستان بە زۆری بەروبوومی کشتوکاڵ و بەرهەمی ئاژەڵ و ئاژەڵی زیندوو، دار و میوە و سەوزە و هەندێ بەرهەمی دیکەش، بۆ ئەو دەوڵەتانە دەنێرێ. لە بەرامبەر ئەمانەشدا، هەندێ شتومەکی پیشەسازی و جلوبەرگ و پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی دەهێنێ.

– وولاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا

وولاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، بە تایبەتی ئەڵەمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و پورتوغال و ئیتالیا و یۆنان... هتد، پەیوەندییەکی بازرگانی زۆر توندوتۆڵیان لەگەڵ کوردستاندا هەیە. ئەم دەوڵەتانە بە زۆری کەلوپەلی دروسکراوی بۆ دەنێرن، وەکوو ئۆتۆمۆبێل بە هەموو جۆرەکانییەوە، مەکینەی کشتوکاڵی هەر لە تراکتۆر و کەمباینەوە تا دەگات بە پەمپی ئاو، ئامێری کارەبایی و کەرەسەی پزیشکی و داو و دەرمان. کوردستانیش کەمێک لە بەرهەمی کشتوکاڵ نەبێ، ئەگینا جگە لە نەوت، هیچ شتێکی دیکە، بۆ ئەم دەوڵەتانە ڕەوانە ناکات. لەبەر ئەوە ئەو جۆرە پەیوەندییە بازرگانییەی، لە نێوان کوردستان و ئەو دەوڵەتانەدا هەیە، تەنیا لە قازانجی ئەوان دایە.

– وولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا

کوردستان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا هەیە، بە تایبەتی ڕووسیا و پۆڵۆنیا و... تاد. لە کوردستانەوە گەلێ بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و هەندێ بەرهەمی دیکەش، بۆ ئەم وولاتانە ڕەوانە دەکرێ. لە بەرامبەر ئەمانەشدا، هەندێ مەکینە و کەرەسەی کارەبایی... تاد دەهێنرێ. ئەگەرچی تەرازووی بازرگانی لەگەڵ ئەم وولاتانەدا، دیسانەوە لە بەرژەوەندیدا نییە، بەلام ٢ تا ٣ جار لەوەی نێوان کوردستان و وولاتانی ڕۆژئاوی ئەوروپادا کەمترە. .

– وولاتانی ئەمەریکای باکوور

وولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ڕووی پەیوەندی بازرگانییەوە لەگەڵ کوردستاندا، نەک هەر بە یەکێ لە وولاتە گرنگەکانی ئەمەریکای باکوور دادەنرێ، بەڵکوو بە یەکێ لە هەرە گەورەترین و گرنگترین وولاتەکانی جیهان دەژمێردرێ. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم وولاتە تازەترین بەرهەمی پیشەسازی و تەکنیکی بۆ کوردستان دەنێرێ، وەکوو ئۆتۆمۆبیل

و شتومەکی کارەبایی و هەندێ شتومەکی ورد وردی دیکەش. ئەو شتومەکانەی کوردستان بۆ ئەم وولاتەی دەنێرێ، لە هەموو ڕوویەکەوە، شتێکی ئەوتۆ نییە کە لە بازرگانی دەرەوەی وولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکادا، بایەخێکی گرنگی هەبێ و جێگەیەک بۆ خۆی داگیر بکات. جگە لە ئەمەریکا، ئەو وولاتانەی دیکەی لەم کیشوەرەدا، پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ کوردستاندا هەیە، مەکسیکە، هەرچەندە پێوەندییەکی کزە.

- هەندێ وولاتی دیکە

جگە لەو وولاتانەی لە سەرەوە باسمان کردن، کوردستان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هەندێ لە وولاتەکانی دیکەی جیهاندا هەیە.وەکوو بەرازیل، یابان، چین، هەندێ لە وولاتانی عەرەب لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفەریقا و چەند وولاتێکی ئەفەریقایی دیکەش.ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئەم وولاتانەدا بگرین، بە شێکی زۆر کەم لە بازرگانییەکانی دەرەوە پێک دەهێنن و بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، کە بە تایبەتی باس بکرێ، چونکە کار لە ئابووری کوردستان ناکەن.

٢. بازرگانی ترانسێت

کوردستان بۆ وولاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، هەروەها بۆ وولاتە پیشەسازییەکانی ئەوروپا و وولاتە کشتوکاڵییەکانی باشووری ئاسیا، بە ئەڵقەیەکی گرنگی پەیوەندی نێوان ئەو وولاتانە دادەنرێ. خەرجی گواستنەوەی سالانەی شتومەکە بازرگانییەکانی ئەم وولاتانە، ئەگەر بە نێو کوردستاندا تێپەڕن، هەروەها بۆ خەڵک ئەگەر هاتوچۆی پێدا بکەن، چ بە هۆی ڕێگەوبانە زەمینییەکانەوە بێ، چ لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بێ، بۆ ئەوان گەلێ هەرزان دەکەوێ. لە ڕاستیشدا هەر وایە و لە مێژە وولاتەکانی دەوروبەر و ئەوروپا، کەڵکیان لە تایبەتمەندی هەڵکەوتی جوگرافی کوردستان وەرگرتووە، خاکی کوردستانیان بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان، بە لۆری گەورە، وەک ڕێگایەکی سەرەکی بەکار هێناوە، سالانە بە دەیان هەزار تەن شتومەکی بازرگانی هەمەچەشنە بار دەکەن و لەم دەوڵەتەوە بۆ ئەو دەوڵەتی دەنێرن.

لەبەر نەبوونی ئاماری بازرگانی ترانسێت، لەبەر نەزانینی قەبارە و پێکهاتەی شتومکە بازرگانییەکانی نێوان ئەم وولاتانە، ناتوانرێ ڕووی ڕاستی بازرگانی ترانسێتی

کوردستـان، وەکوو هەیە بخرێتە پێش چاو. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئابووری و پلەی پێشکەوتن، دەتوانین ڕایبگەیەنین، کە شتومەکەکان بە زۆری بریتین، لە شتومەکی خواردن و هەندێ کەلوپەلی دروسکراو، ناوبەناویش بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی نەوت، وەک بەنزین و گازۆیل و ڕۆنی تێدەکەوێ.

گومرگی ترانسێت، لە لایەن کاربەدەستی دازگاکانی کوردستانەوە وەرناگیرێ و ناچێتە گەنجینەکەیەوە.ئەم پارەیە هەمووی لە لایەن دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریاوە وەردەگیرێن، بەشێکی زۆر کەمی نەبێ، ئەوی دیکەی هەمووی لە دەرەوەی کوردستان خەرج دەکرێ. لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییەش بدرکێنین، کە لە ساڵی ۱۹۹۱ەوە، گومرگی نێوچەی برایم خەلیل، لە ژێر دەستی حوکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان دایە، گومرگەکەشی ساڵانە خۆی لە سەدان هەزار دۆلار دەدات.

پێویستە دان بەو ڕاستییەشدا بنێین، کە هەر زۆر لە کۆنەوە، لە نێوان دانیشتووانی سەر سنوورەکان بزووتنەوەیەکی بازرگانی کڕین و فرۆشتنی گەرم هەیە، کە لە ڕووی یاساییەوە بە قاچاغچێتی نێو دەبرێ. ئەم جۆرە بازرگانییە، بایەخێکی ئابووری گەلێ گەورەی بۆ کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی لە هەندێ کات و سەردەمدا، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، تەنیا تاکە ڕێگەیەک بووە، کە خواردن و کەلوپەلەکانی دیکەی لێوە هاتووە.

۳. بازرگانی نێوخۆ

جیاوازی تۆپۆگرافی و ئاووهەوا، لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی دیکە، کارێکی ئەوتۆی کردووە، کە لە کوردستاندا گەلێ بەرهەمی جیاواز لە سەرتاسەری ساڵەکەدا، بهێندرێتە بەرهەم. بۆ نموونە، لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەتوانرێ، مەڕوماڵاتێکی زۆر بەخێو بکرێ، تووتن بڕوێندرێ، بێستان بکرێ و هەموو چەشنە سەوزەیەک بە بەرهەم بهێندرێ و هەندێ داری بەرهەمداریش بڕوێندرێ. لە هەمان کاتدا لە نێوچە دەشتاییەکان و نێوان گرد و سەر تەپۆڵکەکان دەتوانرێ، هەموو ئەو زەوییانە بۆ چاندنی دەغڵودان و گەلێ بەرهەمی کێڵگەیی دیکە تەرخان دەکرێ. لە شارەکانیشدا، بە تایبەتی لە گەورەکاندا، خەڵکی بە کاروباری پیشەسازییەوە خەریکن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر یەکێ لەو نێوچە جیاوازانە، جۆرە بەرهەمێکی تایبەتی دەچێنن و بەو پێیەش، دانیشتووانی هەر نێوچەیەک، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی هەرێمەکەی دیکە دەبێ، واتە بەگوێرەی ئەو پێویستییانەی کۆمەڵانی خەڵکی نێوچە

جیاجیاکانی کوردستان، جوڵانەوەیەکی بازرگانی نێوخۆ لە کڕین و فرۆشتن، لە نێوان هەرێمەکاندا دروست دەبێ، بەرهەمی نێوچەیەکی دیاریکراو بۆ نێوچەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە و بە پێچەوانەشەوە. بەو شێوەیە دەبینین، بازرگانی نێوخۆ لە نێوان نێوچەکاندا پەیدا دەبێ، کە تایبەتمەندییەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

– ژمارە هەموو ئەو بازرگان و دوکاندار و میوەفرۆش و وردەفرۆشانەی، کە دەوروبەری ٧٥٠ هەزار کەس دەبن، لە ساڵی ١٩٩٤زدا، تەنیا لە ٤٪ی گشت دانیشتووانی چالاکی ئابووری کوردستان پێک دەهێنن. ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی بەردەوام، لە کەم و زۆری دایە، هۆکەشی بۆ جیاوازی وەرزەکانی ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەم ڕێژەیە لە هاوین و پایزدا کەم دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی زیاتر بە کاروباری کشتوکاڵەوە خەریکن. لە هەردوو وەرزی زستان و بەهاریشدا زیاد دەکات، لەبەر ئەوەی لەم وەرزانەدا، لە گوندەکانی کوردستاندا بێکارییەکی زۆر بڵاو دەبێتەوە.

– ژمارەی هەموو دەزگا بازرگانییەکانی نێوخۆی وەکوو دوکان و عەمارەکان، دەوروبەری ٦٥٠ هەزار دانەیەک دەبێ. لەوانە ١٣٪ی بۆ کڕین و فرۆشتنی تێکڕایی و ٨٧٪ی بۆ کڕین و فرۆشتنی دانەدانە تەرخان کراون.

– ڕێژەی بازرگانی نێوخۆ، لە ساڵی ١٩٨٦دا، لەچاو ڕێژەی گشت دارایی نیشتمانی کوردستاندا، تەنیا لە ٧٪ی پێک هێنا بوو، (١٩٧٦ – ٩٪). ئەم ڕێژەیەش لەچاو ژمارەی بازرگانەکاندا کەمە و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە زۆربەی ئەوانەی خەریکی کڕین و فرۆشتنن، لە دوکاندارە پچوک و بێسەرمایە و عەرەبانچییەکانی سەر شەقامەکانی کوردستان پێک هاتوون.

– ئەو شتومەکانەی لە بازاڕەکانی نێوخۆدا ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ، هەمەچەشنەن. لە هەمووشیان زیاتر، ئەو کەلوپەلانەن کە ڕۆژانە بەکاردەهێندرێن و ڕێژەشیان دەگاتە ٥٦٪ (خواردن و خواردنەوە – ٢٩٪). پاشان ئەو شتوموکانە دێن، کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەکار دەهێندرێن، ڕێژەیان خۆی لە ١٩٪ دەدات. ئینجا ئەو شتومەکانەی پاش ماوەیەک، پێویستیان بە گۆڕین هەیە، ڕێژەیان لە ١٨٪ دەبێ. لە دوا پلەشدا، کەلوپەلەکانی بەرهەمهێنان دێ، کە ڕێژەیان نزیکەی ٧٪ی گشت شتومەکی بازرگانی نێوخۆ پێک دەهێنێ.

– شارەکان بە شێوەیەکی گشتی و شارە گەورەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، بە مەڵبەندی سەرەکی بازرگانی نێوخۆ دادەنرێن و لە ٧٠٪ی هەموو بازرگانی نێوخۆ پێک

دەهێنن. لەو شارە بەناوبانگانەش، شارەکانی گازی ئانتەب و موسڵ و هەولێر و ورمێ و دیاربەکرن، کە دەستیان بەسەر زیاد لە ٩٠٪ی بازرگانییەکانی نێوخۆدا گرتووە. گوندەکانیش تەنیا ٣٠٪ی بازرگانی نێوخۆیان، تێدا بە ئەنجام دەگەیەندرێ.

– دوکانەکان لە لایەکەوە شوێنی بەرهەمهێنانە و لە لایەکی دیکەشەوە جێگای کڕین و فرۆشتنە، بە تایبەتی ئەو دوکانانەی بە بەرهەمهێنانی شتومەکی خۆماڵییەوە خەریکن، وەک زێڕینگەری، دارتاشی، ئاسنگەری، کەوش و پێڵاودرووەکان... تاد،

– ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەی مەخزەنەکان زیادیان کردووە، بەڵام لەچاو ژمارەی دوکانەکاندا، زۆر کەمن. ئەمەش دواکەوتوویی باری ئابووریی کوردستان نیشان دەدا. لەوانەیە بەرامبەر هەر یەک مەخزەن، ١٥ دوکان هەبێ.

– هەندێ جار، پرۆسێسی کڕین و فرۆشتن، چ لە نێو شارەکاندا و چ لە گوندەکاندا بێ، کاش نییە، بەڵکوو خاوەن دوکانەکان دەتوانن، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو،شتومەکەکانی خۆیان بە خەڵکی بە قەرز بفرۆشن، تا ئەو کاتەی کڕیارەکان توانایان دەبێ و قەرزەکانیان دەدەنەوە. ئەم جۆرە کڕین و فرۆشتنەش، لەو کاتانەدا ڕوو دەدا، کە بڕوایەکی تەواو لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا هەبێ، یاخود جۆرە ناسیاوییەکیان لە نێواندا هەبێ.

– دەزگاکانی هەرەوەزی بەکارهێنان، تا سەرەتای حەفتاکانیش هێشتا دانەمەزرا بوون. کاربەدەستانی دەوڵەت، چەند دەزگایەکیان دامەزراند، ئەمەش بە مەبەستی فرۆشتنی شتومەکی بەکارهێنان بوو، کە بە نرخێکی کەمتر لە نرخی دوکاندارەکان، بە ئەندامانی کۆمەڵەکانی خۆیان دەفرۆشت.

– لە زۆربەی گوندەکاندا، بۆ فرۆشتنی پێویستییەکانی ڕۆژانە، بە تایبەتی شەکر و چا و هەندێ جلوبەرگی ئامادەکراو و پێڵاو و وردەواڵە و پێویستییەکانی کشتوکاڵ، هەندێ دوکان پەیدا بوون و کرانەوە.

– هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە دەرەوە دەهێنران، وەکوو شەکر و چا و جگەرە... هتد، لە لایەن وەزارەتی بازرگانییەوە، دەستی بەسەردا گیراوە، ئەوانیش لە ڕێگەی دەزگا تایبەتییەکانی خۆیانەوە، بەسەر وەکیل و دوکاندارەکانی شارەکاندا دابەشی دەکەن، دوکاندارەکانیش بە خەڵکی دەفرۆشن.

پێکهاتەی شتومەکی بازرگانیی نێوخۆ

شتومەکی بازاڕی نێوخۆ، لە ڕووی شێوەی بەکارهێنان و دروسکردنەوە، بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکەین:

– شتومەکی کشتوکاڵی: شتومەکی نێوخۆ، زیاتر لە ٧٠٪ی لە شتومەکی کشتوکاڵی، بە تایبەتی خواردن پێک هاتووە. شوێنەکانی بەرهەمهێنانی دەغڵودان، وەکوو گەنم و جۆ و برنج... تاد، لەو شوێنانەی بەرهەم دەهێندرێن، کە ساڵانە خۆی لە سەدان هەزار تەن دەدات، بۆ ئەو شوێنانە دەنێردرێن، کە بەرهەمی ساڵانەیان کەمە و بەشی تێرکردنی سکی دانیشتووانی ئەو نێوچانە ناکات. نرخی یەک تەن خواردن، بە تایبەتی گەنم، ئەگەرچی ساڵ بە ساڵ لە زیادبوون دایە، لە هاویندا لەچاو زستاندا کەمترە. ئەم جیاوازییە لە نێوان نرخی هاوین و زستاندا، وا لە خەڵکی دەکات، کە کاتێ نرخی دەغڵودان هەرزان بوو، بەپێی توانا هەندێ بکڕن و هەڵی بگرن.

– شتومەکی ئاژەڵ: بازرگانی ئاژەڵی زیندوو لەگەڵ بەروبوومەکانیان، نزیکەی لە ٢٠٪ی گشت بازرگانی نێوخۆ پێک دەهێنێ. نێوچە شاخاوییەکان بە گرنگترین نێوچەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی بەروبوومی ئاژەڵ دادەنرێ. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە نێوچە شاخاوییەکان، لە ڕووی ناردنی ئەو بەرهەمانەوە، بۆ شوێنی بەکارهێنانیان، (بە زۆری شارە گەورەکان دەگرێتەوە) بە نێوچەیەکی سەرەکی لە قەڵەم دەدرێ.

– شتومەکی پیشەسازی؛ شتومەکی پیشەسازی زیاتر لە شارەکاندا، لەچاو گوندەکاندا بە بەرهەم دەهێندرێ. لەبەر ئەوە شارەکان بە یەکەم مەڵبەندی سەرەکی ناردنی کەلوپەلە پیشەسازییەکان، بۆ گوندەکان دادەنرێ.

– بەروبوومی دارستان: نێوچە شاخاوییەکان، نەک هەر تەنیا مەڵبەندی سەرەکی دارستان و بەرهەمهێنانی دارە، بەڵکوو بە هەمان شێوەش، بە جێگایەکی گرنگی بەرهەمهێنانی هەموو چەشنە میوەیەک دادەنرێ. بۆیە دانیشتووانی نێوچە تەختاییەکان، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان لە میوە، پەنا بۆ بەر نێوچە شاخاوییەکان دەبەن.

* * *

سەرچاوەکان

کوردی

١- ئەمین هەورامانی، کاکەیی، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، ١٩٨٤ .
٢- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی مەنسوور، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣ .
٣- شرفخانی بدلیسی، شرفنامە، هەژار کردویە بە کوردەی ١٣٩١ - ١٩٧٢، لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە چاپ دراوە، چاپخانەی نەعمان - نەجەفی پیرۆز.
٤- شەریف پاشا، یاداشتنامە لە بارەی داخوازییەکانی گەلی کوردەوە، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: فەرهاد پیربال، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە دوو، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١
٥- عبدالقادر کوڕی ڕوستەمی بابان، ڕەوشی کوردان، مێژووی کوردستان. وەرگێڕانی کەریمی حیسامی، ستۆکهۆڵم - ١٩٩١
٦- عەبدوڵلا غەفور، ئەتنۆ - دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥ .
٧- عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای دانیشتووانی کوردستان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤ .
٨- عەبدوڵلا غەفور، بیبلۆگرافیای کوردستان، ١٩٠٣ - ١٩٩٥، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥ .
٩- عەبدوڵلا غەفور، دابەشبوونی ئیداری کوردستان، گۆڤاری ڕووناکبیری، ژمارە دوو، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢ .
١٠- عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی، جوگرافیای کوردستانی ئێران، عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین زەبێحی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠ .
١١- فەیسەڵ دەباغ ، کورد و کەمە نەتەوەییەکانی تر لە سەرژمێریساڵی ١٩٧٧دا، بەشی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٣ .
١٢- کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩
١٣- محەمەد ئەمین زەکی، خۆلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلد أول، چاپخانەی دار السلام، بغدا، ١٩٣١ .
١٤- مستەفا شێخ نیعمەتوڵلا، جوگرافیای کوردستانی عێراق، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ... ، بەغدا، ١٩٤٣ .

عەرەبی

١٥- أحمد حامد الصراف. الشبك، من فرق الغلاة في العراق. اصل الشبك، لغتهم، قراهم، عقائدهم، اوابدهم، عاداتهم. مطبعة المعارف، بغداد - ١٩٥٤

١٦- أحمد شريف المارديني، محافظة الحسكة، دراسة طبيعية تأريخية بشرية إقتصادية تحولات و أفاق مستقبلية، دمشق، ١٩٨٦
١٧- جاسم محمد الخلف (الدكتور) جغرافية العراق الطبيعية، الاقتصادية، البشرية، جامعة الدول العربية - معهد الدراسات العربية العالية، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٦٥ .
١٨- خطاب صكار العاني، نوري خليل البرازي جغرافية العراق، بغداد، ١٩٧٩
١٩- دولت احمد صادق و محمد السيد غلاب و جمال الدين الديناصوري. الجغرافية السياسية، الطبعة الرابعة، القاهرة، ١٩٧٠
٢٠- رجاء وحيد دويدري جغرافية سورية و الوطن العربي، دراسة في الوضع الطبيعي و الكيان البشري والبناء الاقتصادي، دمشق، ١٩٨٢ .
٢١- لجمهورية العربية السورية، رئاسة مجلس الوزراء، المكتب المركزي للاحصاء، دليل الترميز الجغرافي وفق التقسيمات الادارية في الجمهورية العربية السورية، ١٩٨٠، دمشق، ١٩٨٠ .
٢٢- الجمهورية العربية السورية رئاسة مجلس الوزراء، المكتب المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية لعام ١٩٨٧، دمشق، ١٩٨٧
٢٣- شاكر خصباك (الدكتور) الكر والمسألة الكردية، الطبعة الثانية، بيروت ١٩٨٩
٢٤- شاكر خصباك (الدكتور) العراق الشمالي، دراسة لنواحية الطبيعية و البشرية، مطبعة الشفيق، بغداد، ١٩٧٣ .
٢٥- صديق الدملوجي. امارة بهدينان الكردية، او امارة العمادية. مطبعة الاتحاد الجديدة، الموصل - ١٩٥٢
٢٦- عادل عبد السلام (الدكتور) جغرافية سورية، الجزء الاول، في الجغرافية الطبيعية و البشرية و الاقتصادية، دمشق، ١٩٧٣ . جغرافية سورية الاقليمية، القسم الثاني (الوحدات الجغرافية الطبيعية)، دمشق، ١٩٨٣ .
٢٧- عبدالرزاق الحسني، العراق قديما و حديثا، ط ٣، مطبعة العرفان، صيدا ١٩٥٨ .
٢٨- عبدالرحمن حميدة جغرافية سوريا البشرية، معهد البحوث و الدراسات الافريقية، قسم البحوث و الدراسات التأريخية و البشرية، مطبعة الجبلاوي، القاهرة، ١٩٧١
٢٩- عبدالله غفور، بيبلوغرافية كردستان، ستوكهولم، ١٩٩٤ .
٣٠- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية، ١٩٨٩، بغداد، ١٩٨٩ .
٣١- كوردن هستد، الاسس الطبيعية لجغرافية العراق، ترجمة جاسم محمد الخلف، المطبعة العربية، بغداد، ١٩٤٨ .
٣٢- محمد أزهر السماك، البترول العراقي بين السيطرة الاجنبية والسيادة الوطنية. الموصل ٨٠- ١٩٨١
٣٣- محمد أمين زكي، خلاصة تأريخ الكرد و كردستان من أقدم العصور التأريخية حتي الآن. ترجمة محمد علي عوني، الجزء الاول، الطبعة الثانية، ١٩٦١ .

فارسی

٣٤- أحمد حسين عدل، أب و هواى إيران، چاپخانه‌ى دانشگاه، تهران، ١٣٣٩ .

٣٥- إيرج أفشار سيستانى إيلام و تمدن ديرينه أن، تهران، ١٣٧٣

٣٦- إيرج أفشار سيستانى كرمانشاهان و تمدن ديرينه أن، جلد أول، تهران، ١٣٧١ . جله دوم، تهران، ١٣٧١

٣٧- إيرج أفشار سيستانى نكاهى به خوزستان، تهران، ١٣٦٦

٣٨- جمهورى إسلامى إيران، سازمان برنامه و بودجه، مركز أمار إيران، سالنامه أمارى كشور، ١٣٧٣، تهران، ١٣٧٣ .

٣٩- جمهورى إسلامى إيران سازمان برنامه و بودجه، مركز أمار إيران، سالنامه أمارى كشور، ١٣٦٨، تهران، ١٣٦٩ .

٤٠- جمهورى إسلامى إيران سازمان برنامه و بودجه، مركز أمار إيران، سرشمارى عمومى نفوس و مسكن مهرماه ١٣٦٥، نتايج نهائى كشور، ٨، تهران، ١٣٦٨ .

٤١- جمهورى إسلامى إيران سازمان برنامه و بودجه، مركز أمار إيران، سرشمارى عمومى نفوس و مسكن مهرماه ١٣٦٥، نتايج نهائى، شهرهاى كشور ٩، تهران، ١٣٦٨ .

٤٢- حبيب اله تابانى، بررسى أوضاع طبيعى أقتصادى و أنسانى كردستان، چاپ دوم، رضاييه، ١٣٥٨ .

٤٣- حبيب الله زنجانى - فريدون رحمانى راهنماى جمعيت شهرها إيران ١٣٣٥ - ١٣٧٠، تهران، ١٣٦٨ .

٤٤- حسن پيرنيا (مشير الدوله)، ايران، باستان، جلد سوم، تهران ١٣١١ .

٤٥- حمد الله مستوفى نزهه القلوب، بأهتمام و تصحيح: گاى لسترنج، تهران، ١٣٦٣

٤٦- دبيران گروههاى أموزشى ، جغرافياى استانها جغرافياى كامل إيران، جلد أول، تهران، ١٣٦٦ .

٤٧- ربيع وديعى (دكتر) جغرافياى مفصل إيران . جلد أول، جغرافياى طبيعى، جلد دوم، جغرافياى إنسانى. جلد سوم، جغرافياى إقتصادى. تهران، ١٣٦٧ .

٤٨- عباس جعفرى شناسنامه جغرافياى طبيعى إيران، تهران، گيتاشناسى، بهمن ماه، ١٣٦٨

٤٩- عباس جعفرى گيتا شناسى إيران، جلد أول، كوهها و كوهنامه إيران، تهران، گيتاشناسى، مهرماه، ١٣٦٨ .

٥٠- عزيزالله بيات، (دكتر). كليات جغرافياى طبيعى وتاريخى ايران. تهران ١٣٦٧ .

٥١- على أصغر نظرى (دكتر) جغرافياى جمعيت إيران، تهران، ١٣٦٨ .

٥٢- فتح الله سعادت جغرافياى إقتصادى نفت إيران، جلد أول، چاپخانه‌ى پارس، تهران، ١٣٦٦ جلد دوم، چاپخانه‌ى پارس، تهران.

٥٣- كاظم وديعى مقدمه اى بر جغرافياى إنسان إيران، طهران، ١٣٤٩ .

٥٤- مسعود كيهان جغرافياى مفصل إيران، ١ طبيعى، مطبعه مجلس، طهران، ١٣١٠ . جغرافياى مفصل إيران، ٢ سياسى، مطبعه مجلس، طهران، ١٣١١ . جغرافياى مفصل إيران، ٣

إقتصادی، مطبعه مجلس، تهران، ١٣١١
٥٥- نور محمد مجيدى تأريخ و جغرافياى كوهگيلويه و برير أحمدى، تهران، ١٣٧١ .
٥٦- نور محمد مجيدى تأريخ و جغرافياى ممسنى، تهران، ١٣٧١ .
٥٧- سيد يد الله نجفى جغرافياى عمومى أستان كردستان، تهران، ١٣٦٩ . .

ڕووسی

٥٨- بەسیم دارکوت جوگرافیای تورکیا، مۆسکۆ، ١٩٥٩
٥٩- ستار چنکۆف گ.ی. دانیشتووانی کۆماری تورکیا، لێدوانێکی دیمۆگرافی - ئابووری، مۆسکۆ، ١٩٩٠ .
٦٠- شپاژینکۆف گ. أ. ئایینی وولاتەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا، مۆسکۆ، ١٩٧٦ .
٦١- ڤاسیلۆڤ ب.ت. ترانسپۆرتی تورکیا لە سەردەمی نوێدا، مۆسکۆ، ١٩٦٣ .
٦٢- کتێبی مارکۆ پۆلۆ، وەرگێڕانی لە تێکستێکی کۆنی فەڕەنسییەوە، میناێڤای. ن.، مۆسکۆ، ١٩٥٥ .
٦٣- مەتڤێیف س، ن. تورکیا (بەشی ئاسیایی - ئەنادۆڵیا)، وەسفێکی جوگرافیای سروشتی، مۆسکۆ، ١٩٤٦

تورکی

64- Abdullah Gafur (Dr.) Kuzey Kurdistan'da Yerlsim yerleri 1980, Stockholm, 1994
65- T.C. Basbakanlık Devlet istatistik Enstitüsü Genel nüfus Sayımı nüfusun sosyal ve Ekonomik nitelikleri 20.10.1985.
Adıyaman, Agrı, Bingöl, Bitlis, Diyarbakır, Elazlg, Erzincan, Erzurum, Gaziantep, Hakkari, Hatay, Malatya, Kars, K.Maras, Mardin, Mus, Siirt, Tunceli, Urfa, Van.
66- T.C. Basbakanlik Devlet istatistik Enstitüsü, Tarımsal Yapi ve üretim 1988. Ankara, Ekim 1990.
67- T.C. Basbakanlik Devlet istatistik Enstitüsü, Turkiye istatistik yıllıgı 1989. Ankara, 1989.
68- Iktisadi Rapor, 1975, Ankara, 1975.
69- Iktisadi Rapor, 1978, Ankara, 1978.
70- Köy Envanter Etüdü 1981, Adıyaman, Agri, Bingöl, Bitlis, Diyarbakır, Elazlg,

Erzıncan, Erzurum, Gaziantep, Hakkari, Malatya, K.Maras, Mardin, Mus, Siirt, Tunceli, Urfa, Van.

71- Yurt Ansiklopedisi, cilt 1 -10, Istanbul, 1982 - 1984

به ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە

72- Arab oil and Gas, directory, 1987, Beirut-1987.

73- "Bulletin du Center, detudes Kurds" Paris, 1948, no 6.

74- Demographic yearbook, 1989, N.Y., 1990.

75- Edmons C.J., Kurds, Turks andArabs, London, 1957.

76- Ethnic Groups in the Republic of Turkey, wisbaden, 1989.

77- LeStrange Guy, The lands of the Eastern caliphate, Cambridge, 1905.

78- Turkey yearbook, 1983, Ankara, 1983.

نەخشە

٧٨- إدارة المساحة العسكرية بدمشق، التقسيمات الادارية، سوريا و لبنان، مقياس ١٧٥٠٠٠٠، أيلول، ١٩٦٩ .

٧٩- أطلس إيران و جهان. سياسي، طبيعي، چاپ هشتم، تهران، ١٣٦٩ .

٨٠- نقشة عمومي، جمهوري إسلامي إيران، مقياس ٠٠٠ ٠٠٠ ١ :١

81- Euro Atlas, Euro- Road Atlas 1:800 000, Turkey Geocenter International Turkey Berlin 1990.

82- Türkiye Haritasi Ölcek 1:600 000, (Yurt Ansiklopdisi), Ankara 1982 - 1984.

83- Türkei Öst, 1:800 000.

84- World Map, world country map. 1:2 million, Iran.

85- World Map, World country map. 1:2 million, Middle East.

* * *

پاشکۆ

نارەسمی	ڕەسمی
خەلات	ئاخلات
شیبوێ	ئاداق سو
ئازاک پەرت	ئاداقلی
سەمیسوور، حوسنی مەنسوور	ئادیەمان
قەلی بابا	ئاراس
میریڤان (میریڤان- قەرەبۆغان)	ئاری چاک
ئەزگەلە	ئازگەلە
بیرەستیک- دانیشمەنت	ئاش قەلا
قەلاسیتۆکە	ئاشجەلەر
جیکس	ئاغاچلی
ئیلیجالار	ئاغا چەلی
ئاقگەتی	ئافکنی
ئالاکلیسە	ئاقار سو (ئەرزنجان)
ئیستلیل	ئاقار سو (ماردین)
پەرێ	ئاق پەزار
ڤاسکۆڤان	ئاقچەپینار
شەڤاک (ئاب شەکرا)	ئاق دەمیر
خاکیڤ	ئاق شار
توکاریس	ئاقینجەلەر
قەسری قەلەندەران	ئاقینجی
کیداغ، قەرەکیسێ، ئارارات، کلیاغ	ئاگری
کامەریک (ئالپشۆ)	ئالپ قۆی
پیردێ	ئالتون کتیری
حەیران	ئالتین بەشاق
تیلێز	ئایدینلەر (سیرت)
ئەستیل	ئوج دام
روها، رها	ئورفا
ئەرەمێ	ئورنییە
میلیکان	ئوزون چایر
چیمەن	ئوزملو
خاسراس	ئوزپینار
شتێ	ئورشتویە
قەرەکولاک	ئوتلوک بەیلی

نۆچاغ باشی	سەلەپور
نۆرتەباغ	گەزور
نۆغوس (سیرت)	شبمیز
نۆغوس (ئەرزنجان)	هۆغوس
نۆڤاباغ	کیلڤان
نۆڤاجیق (ئورفا)	حاسانیک
نۆڤاقیشلە	پورخوس
نۆمجەلی	کیرانلیک
نۆمەرلی	مەحسەرتی، رەشمیل
نۆبەلی	دەلڤی قاسیر
ئەحمەدلی	گوزان، پیر ئەحمەد
ئەربیل	هەولێر
ئەرزنجان	ئەرزگان
ئەرغانی	عوسمانی
ئەروە	ئتروون، دهی
ئەغیل	گیل
ئەقچەسیر	هیلن
ئەسەندەرە	بازترکە
ئەشاغی کولوشاغی	موشار
ئەلازیغ	ئەلعەزیز، خەرپوت
ئەلبیستان	ئەلبستان
ئەلبەیراق	دەرکوێ
ئەل بەبلی	عەلی مەنتار
ئەلەشکیرد	ئەلەشکرد
ئیچ بنار	ئەهران
ئیدیل	هەزەخ، ئەزەخ
ئیغدیر	ئیدر
ئینزل	عەنزل
باباجانی	باوەجانی
باتمان	باتمانی، یلەح
باتونە	باتیفا
باخچە سەرای	موکوس
باشاری	نالوس
باش بنار (ئەرزنجان)	باش ڤارتەنسک
باش پینار (سیرت)	نارانس
باش یورت	لە هانی ژێری
باش یۆل	ساهان تیل

باغ پینار	چاڵکاو
باغ دەرە	باشێک
باغ کوێز	عەینی لوەی
باغ لیجە (سیرت)	خوسەیتی ~ سیجیان
باغ لیجە (مەلاتیە)	مەسنیکانی ژنی
باغی شلی	هۆزەکان، هۆزەکیان
بالابان	گەرهتەر
باڵ پەیام	دەشت
باسجابری	خارفاز
پاسکاز	خارتیل
بوغولو	جیهیک – تۆزشومەک
بولانیک	کزاف
بویوک بارموتلو	ئارموداناپەزن
بویورک تورت	هەلیس
بوزقلاک	ئیخشکی ژنی – تیعتبک – سوفلا.
بۆلوک بازی	کولتوک – هیقرس
بەرتلە	بەرتللی
بەسنی	بیتمنی
بەشیری	بشتیری، لرینتی
بەتشتە	باشبیکە
بەغدەتی	لەک
بەلزورەن	بەلقەرەن
بیتلیس	بەلیس – بتلیس، بتریس، بلیس
بنجار	گەزەس
بینگول	بنگول، چەپاقچور، چەولیک
بنباز	بتباز
بازار جیک	بازار جیج
پالو	پالو، پالی، پالەو
پەرتەک	پورتەک
پەرقاری	پەرواریا
پەیاملی	بەپسوی ژنری
پیرانشەهر	خانی
پیتارلەر	قاسگیرت (پاشافەنک)
تاتوان	ترختەوان
تاجرلی	داغیر مەنوچاغی
تاش دەلەن	سوکور
تاشلی چای	ئەف کەفیر

توتاق	تورتاغ
تورک نوغلو	کورد نوغلو
توزخورماتوو	دوز
توزلەکوێزە	مەلەفان
تونجەلی	دەرسیم، دێرسیم
تەپە	دراسکی
جوانرود	جوانرۆ
جەلەولا	تەوعان ، گولاڵە
جەبزلیک	بۆمیات
جەبلان پینار	رەسولعەین
جیزرە	بۆتان، جزیری
چاغلەرجە	پەیک ئامرتکە، پەیک ئامرتکان
چاغلەیان	جەنجیکە
چاکیر خوییوک	کەیسون
چالدران	بایەزید ئاغا
چاملی دەرە	مەرحیحان
چای بالی	قەرەجور، قەرەجور- جولور
چای بەپە	ئالیر
چای لەر	نوستوکران، نوستوکرانا مەزن
چای لەر باشی	هەرهەری
جزلانلی	حیباس
چومە چای	چەمی چەتۆ
جزلەمترک	جزلە مترک
چەتەل چەم	زەڤکەر
چەتەل نەرموت	نەسەسی
چەتەک کرپرو	مەلابادی
چەرمیک	چەرمک، چەرموک
چەمشکەزەک	چەمونشکەزەک
چیغلی	ئاشوبە
حازرو	نەرحیل
حەریر	هەریر
حەسەن کێف	حەسکێفێ
حەکیم خان	حەکیم خانی
حەلەبجە	هەڵەبجە
خان کەندی	خان کۆزی
حمر بابە	بالیبەی، دیشیدی
خنس	خەنوس

خیزان	قەزاخزان، خێزان، قەسان
خەبەرلی	باش پینار
خەرمانلی	بەرواریا مەزن
دارگەجیت	کەربوران، عەجیبێ
داریکەنت	موهوندو
داغ باشی	قەرەخان
داغ لیجە	ئۆرامار
داغ یۆلۆ	شەتەری
داملاجیک	تاقس- ئالوت
دبس	دوبز، دوبس
دوتلوجە	ئاشوتکە
دوملو	خنس
دۆرتای	تاش روس
دۆغان بەیلی	نەرمەلیک
دۆغان پینار	هارال
دۆغان جە	خاربور- کەزیل
دۆغان دەرە	نەسیرگاه
دۆغان سوو	سولتان موت
دۆغان یۆل	کەفەردز
دۆغو بایەزید	بازید
دەرباسیە	دەربیس
دەرە	رومیکغ
دەریک	دێریکا چیایێ مازێ
دەللی باخچە	نیردس
دەلی چای	کەرتیس
دەمیرجی	سەرگیرتی
دیاربەکر	ئامید، ئامد
دیجلە (دیاربەکر)	پیران
دیجلە (سیرت)	کۆسەپینار، ئۆمەرین
دیڤریکی	دویریکی
دیلەق تەپە	مینار- زدلیکار
دیهلۆزان	دیلۆزان
رەسولعەین	سەری کانی
ریدار	ریدەر
سارای	مەحمودی کازم پاشا
ساری سوو	ئاق تەپە
ساری قۆناغ	دوهان

سامزن	قبل جەوس
ساغبنلی	سیمۆس
ساکچ‌کوزە	کە فەردز
سانجاق	خونکار
ساوات	خەزان
سافور	سستەورتی
سنجار	شەنگار، تنگال، ژەنگار
سوتلوجە	سولوک
سورگوجو	عەوبنە
سولەمانلی	زدیتی
سولوجاە	موسور
سوغزنلو	چای- مەپە
سولخان	بورکیلان
سەریزنی زەهاب	سەرپێلی زەهاو، زەهاو
سەرفی	سیڤان
سەرمان- سوویو	ئەدرەمیت
سەرین	سەرمین
سەعدیە	تزل ردبات، گولالە
سەلاحەدین	سەربەن
سەمسات	سەمیساد
سەنەندج	سنە، سنەدژ
سیرت	سیرتی، ئەسعرد، سعرد، سعرت
سیفەرەک	سێورەگی، سیوزک
سیلفان	میافارقین، فارقین
سیلوپی	سیلوپیا
شان بوزت	دیر بێتسی، دەرباسیە
شەکەرلی	قەرەچەڤیران
شەمدینی	شەمدینان
شەهربازار	شاربازێر
شەهید نوسەردنیای	نوسەردتیە (خەرابە رەش مەنکوش)
شرناق	شێرنەخ، شرنەخ
شێخ حەدید	شنبخو
عادیلە جەوز	شاباز، ئەلجەواز
عاسی	ئاسبی، ئاسد
عەشابەر	ئاوکور
عەترە	ئاکری
عەمەدیە	ئامێدی

عەینکاوە	عەنکاوە
عەسولعەرەب	کۆبانی
ئوزی پاشا	کەلەر
قارتۆ	گوم گوم
قازیلەر پەرناقوت	پەرناقوت
قامشلی	قامشلۆ، قامشلۆک
قایابنار	ئەنکائق
قرمزی کۆپرو	دانزیک
قزل تەپە	قۆسار، تەل ئەرمەن، قەزق
قزل سوو	شێخەرەش
قوش سەرای	بەکر حوسێن
قولپ پاسوور	پاسوور
قوجە یسار	ئاغیال
قوجەبەب	مەشکنان
قوجە قوچ	باش
قوناغ کوران	دوغموک
قەحتانیە	تریاسپی
قەردنزغلان	کاک سیال
قەرەحەداغ	قیرژداغ، قابناک
قەرەقوچان	دەب
قەرەکاچی	سیوار
قەلعەدزە	قەلادزێ
کارلۆق	کانی رەش
کاغیرمەن	قاخمزەمن
کاهرمان مارش	مەرعەش، گورگوم
کابەک	سەردار
کرمەنشاه	کرماشان
کرند	کرێند
کرجوک سوو	کۆسۆ
کرجوک کەندیرجی	خورشید پینار
کورتەلان	ئسرج
کولی	گونلی
کیر	گونر
کزبسنجی	کۆزنە
کزپرو کزیو	چرپان دەدە
کزرکوت	سال
کزلوک	حەزۆ

کەندیللی	قەرەبویک- خانلەر
کەڤاک باشی	خویوت- تاپ
کەیاجیک	خەزان- ساڤات
کیغی	چیتغی
کیرک گەچیت	قەسریک
کیلیس	کلیس، کلز، کیلس
گازی ئانتەب	دیلۆک
گۆزرۆی ماک	چوقور
گوزەل سوو	خوشاب
گوزەلی	پرینگیل- مەرجومەک
گوڵ جوک	تیل فیتەس
گوڵ دوزو (بدلیس)	ئارین
گوڵ دوزو (گازی ئانتەب)	ئیسپاناک- ئونبوچ
گۆڵ یۆرت	تیللو
گوموش دەرە	ئەدرەمیت
گوینویک	ئۆغنوت
گوموشاکار	قۆچگیر، ئاسکی قۆچگیر
گۆک دەرە	ئەردیروک
گۆک سوو	قۆچان
کەچساران	دۆگۆیەندان
کەچیتلی	لیڤین - پیانیس، پیانیس
گەدیک بولاق	جانیک
کەدیکلەر	کەرمیلی
گەرجوش	کەرجەوس
گەرمەلی	گیرێ میرە
کەنج	داراهێنێ
کەییک پیناری	کۆلانیس
کەییک سوویو	سێن- دەشت، سێن
ماردین	میتردین
مازی داغی	شەمروخ
مالکیە	دیترک
مانگیش	مانگیشک
موورات	زیرۆ
موسابەیلی	موورات خویوغو
موتکی	مۆتکا
مەرجیمە قەلا	ئاکجان، ساڤاکی
مەزرەع	دانزیک

مەعدەن	پاخر مەعدەن
مەلاتیە	مەلەدی
مەلازگیرت	میلازگیر
مەهاباد	سابلاغ
میاندوئاب	میاندواو
میقدادیە	شارەبان
نارلی (وان)	گیرەسوور
نارلیدەرە	قاسریک
نوسەیبین	نیسێبین، میسێرێبین
نەقەدە	نەغەدە
ویرانشەهر	قەرەنشەهر
هانی	هێنێ، پالی مەعدەن
هەکاری	حەکاری
هەمزەلی	بەهمەندان، شێخ هەمزە
یاریوز	جەبەل
یاریوزلو	بیریشمە
یاردیمجی	سوومەتار (جابیرول ئەنسار-زیارەت)
یاشیل کەند	ئەرزین
یاشیل یازی	زەرەنیک
یاکاجیک	پاقاز- قەرەجامی
یالینجە	دیمکۆی
یاماج	موسون
یانارسوو	گارزان- زۆک
یایغین	زیارەت
یاییلاق	بۆزیکی
یاییلا	تاڤانال- حوسەینان
یاییلادەرە	چۆنەک (خولخول)
یاییلا کەند	گولەباغ
یوجە باغ	جاساس
یۆل بویۆ	پیرین جیک
یوکاری سەلات	سەلاتە ژووری
یەدی سوو	چەرمە
یەلکەنلی	رەشادیە
یەنی سوو	ئەدەردن- جانوت
یەنی باشاک	ئەردوشین
یەنی کۆی	یەنیجە قەلا
یۆنجەلی	بیریک